# ڕۆمانی کوردی

خوێندنەوە و پرسیار



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# ڕۆمانی کوردی

## خوێندنەوە و پرسیار

بەشی یەکەم

**سابیر ڕەشید**



کتێب: ڕۆمانی کوردی – خوێندنەوە و پرسیار – بەشی یەکەم
نووسینی: سابیر ڕەشید
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٥٢٩
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر– ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# چەند سەرنجێک دەربارەی ڕۆمانی کوردی

ڕۆمان ئاوێنەیەکی بێگەردی شارستانەیە.. هەر میللەتێک ئەگەر لێکۆڵینەوەی باری پێشکەوتن و شارستانیەتی بۆ بکرێ دەبێ لە ڕۆمانەکانیەوە تیشکی بخرێتە سەر. هەر بۆیەش ڕۆمان لەبەردەم ئامێر و تەکنەلۆژیا و چەرخی خێراییدا پاشەکشە ناکات، ئەگەرچی گەلێک جار ڕۆژئاواییەکان باسی ئەوە دەکەن کە ڤیدیۆ و سینەما و تەلەفزیۆن و سەتەلایت جێگەی گرتۆتەوە، ئێمەش بەبۆچوونی خۆمانەوە دەڵێین لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاو چەرخی خێراییشدا ئەوا ڕۆمان ماددەی خامی یان هەوێنی سینەماو درامای تەلەفزیۆنی و شانۆ و هونەرەکانی ترەو هیچ لێک دابڕانێک لە نێوان ئەم هونەرانەدا نییەو لەگەڵ چەرخی خێراییشدا ڕۆمانیش پێش دەکەوێ وەک ئەوەی جاران ڕۆمان بەچەند بەرگێک و لە قەوارەی زۆردا دەنووسرایەوە ئێستا ئەم قەوارەیە وەک جاران نییەو ئەو مەرجەی بەڕۆمانبوونی نەماوە، بگرە باوی کورتە یان کورتیلە ڕۆمانیشە.. بۆیە ناکرێ بۆ بەراوردکردن لەگەڵ ڕۆمانی ئەوروپا و دونیا ئێمە خەتێکی ڕاست و چەپ بەسەر ڕۆمانی کوردیدا بهێنین و بە بەراورد لەگەڵ زۆری و پێشکەوتنی ئەوان بڵێین ئێمە هیچ... ئەگەرچی ڕۆمانی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیەو هەڵقوڵاوی کەش و هەواو بار و زرووفی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستانە.. ڕاستە ئەو کەمە ڕۆمانەی کە هەمانە بەگوێرەی خواست و ئاواتەکانی ئێمە نین و لە چاو گەلانی خاوەن شارستانیەتی دونیادا لەپاشە ئەمەش لەچەند هۆیەکی زاتی و مەوزووعی بەدەرنین و پێویستی بە لێکۆڵینەوەی قووڵ و تایبەتی هەیە کە ڕەنگە بتوانم هەندێک هۆ دەستنیشان بکەم لەمانە:

١- چەکەرەنەکردنی هۆشمەندییەکی تەواو لەبارەی هونەری ڕۆمان و بایەخ پێدانی لای نووسەرانی کورد لەکۆنەوە. ڕەنگە ئەمەش لەبەرئەوە بێ کە ڕۆمان وەک هونەرێکی سەربەخۆ درەنگ ناسرابێ و ئەگەر ناسراشبێ بەم تێگەیشتنەی ئێستا نەبووەو بەم گەرم و گوڕیەی ئێستاش نەبووە.

٢- بایەخ پێدانی زیاتر بە شیعر دراوە، ئەگەر بیری ڕۆمانیش هەبووبێ ئەوا هەر بە شیعر داڕێژراوە نەک پەخشان داستانی مەم و زینی خانی باشترین بەڵگەی ئەم قسەیەمانە.



٣- چاپکردنی ڕۆمان لەڕووی داراییەوە، زۆر ئاستەمترە لە شیعر کە دەتوانرا لە حوجرەکاندا لەبەربکرێ و دەستاوو دەست بکا، چونکە چاپەمەنی کوردیش تا ئەم ساڵانەی دوایی هەر کزبوو.

٤- باری ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کورد تایبەتمەندییەکی تری هەبووە بۆیە وەک دونیا نەیتوانیوە بپرژێتە سەر ڕۆمان.

٥- تەلیسمی ڕۆماننووسین نەیتوانیوە خەڵکانێکی خەمخۆر بیر لە تەکاندنی ئەم بابەتە بکەنەوە بۆیە هەر شیعر و بابەتی ساکار واریقاتی خۆیان گێڕاوەتەوە. لێرەدا نامەوێ بڵێم کە کورد ڕۆمانی نییە، نەخێر تاک و تەرا هەمانبووە بەڵام بڕمان پێ نەشکاوە. بەڵام لەلای میللەتانی دونیادا تەمەنی لە سەدەیەک تێپەڕی کردووە. لای ئێمەش لە دەوروبەری ساڵانی شەستی سەدەی بیستەمدا سەرەتاتکێی کردووە. ڕەنگە گەلێک لە توێژەوەران یەکەم ڕۆمانی کوردی بگەڕێننەوە بۆ ڕۆمانەکەی د. ڕەحیمی قازی (پێشمەرگە) کە لە ساڵی ١٩٦١ چاپ کراوە. بەڵام پێش ئێمەش کوردەکانی شورەوی گەلێک ڕۆمانیان هەبووەو هەیە بەتایبەتی ڕۆمانەکانی عەرەبی شەمۆ و عەلی عەبدولڕەحمان (مەمیدۆف). بەهەر حاڵ تەمەنی ڕۆمانی کوردی لە چل ساڵ زیاتر نابێت و تا ئێستاش ئەو ڕۆمانانەی کە دەستنووسیشن دەتوانین بە بیبلۆگرافیایەکی ساکار هەموویان بژمێرین وەک ئەوەی عەبدولڕەحمان پاشا کاتی خۆی لە ڕۆژنامەی (العراق)دا کردی. بەڵام ئێستە خەمی ڕۆماننووسین چەکەرەی کردووە.. ڕەخنەی ڕۆمان زیاتر پەرەی سەندووە لەم ساڵانەدا لێکۆڵینەوەی باشی ئەکادیمی و وتاری لەسەر نووسراوە.

ئێستا کەخەمی نووسینی ڕۆمانی کوردی وەک پێویستییەکی ئەدەبی لای زۆربەی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسانمان دروست بووە. ئەمەش وا دەکات زیاتر بەرەو پێشەوە بچێت.

# ڕۆمانی کوردی و پرسیاری دامەزراندن

ئەگەر ڕۆژئاوا بکەینە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی قۆناغبەندی و دامەزراندنی ڕۆمانی کوردی ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکەین چونکە دیارە بارودۆخی میللەتی کورد لە هەموو ڕوویێکەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەراورد ناکرێ و زۆر لێکتر دوورن، ئەگەر ئەو ڕایەی کە هەندێک لێکۆڵەرەوە و پسپۆڕانی ڕۆژئاوا دەیڵێن وەرگرین کە دەڵێن ڕۆمان لە دایکبووی کۆمەڵگە پیشەسازییەکانە و شیعریش لەدایکبووی کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکانە ئەوا ئەو ڕایە بەسەر ئەدەبی کوردیشدا پەیڕەو دەکرێ چونکە کۆمەڵگەی ئێمە کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی بووە و دەقی شیعری بەرهەم هێناوە، کەچی ڕۆژئاوا دەقی ڕۆمانی بەرهەم هێناوە.. میللەتی ئێمە چۆن وەک ڕۆژئاوا دەبێت کە هەمیشە باری لەسەر وڵاخ بووە و بەردەوام لەگەڵ دەوروبەری خۆیدا جەنگاوە داکۆکی لە مانەوەی خۆی کردووە بۆیەش وەک کۆمەڵگەیەکی کشتوکاڵی ماوەتەوە و نەیتوانیوە لەڕووی ئەم ژانرە گرنگەی ئەدەب کە ڕۆمانە تۆماری خۆی بکات و شەمەندەفەری خۆی لەسەر هەمان سکەی دنیا بەڕێ بخات.. هەر لەبەر ئەمەش بووە ئەدەبی شیعر لەناو کورددا باڵا دەست بووە نەک ئەدەبی پەخشان چونکە دیارە ئەدەبی پەخشانیش پێوەندی بەتەکنەلۆژیاوە هەبووە بۆیەشە دەبینین کورد لە بواری چاپەمەنیشدا دواکەوتوو بووە و خوێندەواریش ئەوساکە هەر تەنیا لە حوجرەو مزگەوتەکان بووە و شیعریش لە ڕووی بڵاوبوونەوەدا بەشێوەی زارەکی و لە دەستنووسەکاندا نووسراوە و بۆ بڵاوبوونەوە و لەبەرکردنیش ئاسانتر بووە تا بەدیارکەوتن و پەیدابوونی ڕۆژنامەگەری کوردی کە بۆتە هۆی بڵاوبوونەوەی چاپ و سەرهەڵدانی ئەدەبی پەخشانی کوردیش کە بێ گومان ڕۆمان و چیرۆکیش بەشێکە لە ئەدەبی پەخشان و سەرەتای هەوڵەکانیش لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا تۆماری خۆیان کردووە.

ڕۆمانی کوردی لە هەوڵە بەراییەکانیدا چەند تۆمارێک بووە و نەیتوانیوە ببێت بە چەندایەتی و چۆنایەتی. ڕۆمانی کوردی وەک سەرەتاو تۆمار لە چاو ئەدەبی دنیادا درەنگ پەیدا بووە و بۆیە سەرەتا هەوڵەکانی بۆ ساڵانی بیستەکان دەگەڕێتەوە لەسەر ئاستی کوردستانی عێراقدا کە بێ گومان یەکەم تۆمارمان ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد



موختار جاف)ە کە لەساڵی (١٩٢٧-١٩٢٨ ی ز.) نووسراوە. ئەگەرچی هەندێک لە پسپۆڕانی چیرۆکی کوردی بە چیرۆکی درێژ و نۆڤلێت و ڕۆمانیشی دادەنێن، وەلێ من بەڕۆمانی دەزانم چونکە هەموو مەرجەکانی بوونی ڕۆمانی تێدایە.

ئینجا لە ساڵی **١٩٣٦** ڕۆمانە تەواو نەکراوەکەی (محەمەد عەلی کوردی) دێت بەناونیشانی (نازدار، یا کچی کورد لەلادێ) کە بە زنجیرە لە گۆڤاری (ڕووناکی) دا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام بەداخەوە تەنیا سێ ئەڵقەی لێ بڵاوکراوەتەوە.

ئەوەی گرنگە لەم بارەیەوە ئەوەیە کە وەکو بەرهەم یەکەم بەرهەمی چیرۆکەکە ناوی ڕۆمانی لەسەر نووسرابێت. بەپێی بیبلۆگرافیاکەی (حسێن عارف) کە بۆ چیرۆکی کوردی کردووە و وەک کتێب بڵاوکراوەتەوە، لەماوەی ساڵانی (١٩٢٥-١٩٨٣) دا لەم ماوەیە تەنها چوار ڕۆمان چاپ کراون کە ئەمانەن:

١- (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف.

٢- (پێشمەرگە)ی د. ڕەحیمی قازی.

٣- (ئاشتی کوردستان)ی محەمەد ساڵح سەعید. ٤- (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد[١].

مەبەستم لەم پێشەکییە ئەوەیە کە ڕۆمانی کوردی لە چاو ڕۆژئاوا درەنگ لەدایک بووە و تۆمارەکانیشی سست و لەسەرخۆن بۆیە ئەگەر قۆناغ بەندیشی بۆ بکرێت بەم شێوەیە دەبێت.

١- قۆناغی لەدایکبوون و هەوڵە بەراییسیەکان (١٩٢٧-١٩٧٠).

٢- قۆناغی دامەزراندن و گەشەکردن (١٩٨٥-١٩٩٠).

٣- قۆناغی پێشکەوتن و نوێبوونەوە (١٩٩١- تا ئێستاکە).

منیش وەک لێکۆڵەرەوە و پسپۆڕانی دیکەی ڕۆژنامەی کوردی نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان بەدەیەی گەشەکردن و دامەزراندنی ڕۆمانی کوردیدادەنێم و ئیتر لەم مێژووە بە دواوە ڕۆمانی کوردی تۆماری خۆی کردووە و لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە پێشکەوتووە لە چاو قۆناغی بەرایی خۆی کە پێشتر هەنگاوەکانی سست بووە، ئیتر لە ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکانەوە بووژانەوەی ڕۆمانی کوردی دەست پێ دەکات.

د. ئیبراهیم قادر محەمەد لە ماستەرنامەکەیدا کە ساڵی **١٩٩٠** بەناونیشانی (ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا) پێشکەشی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدینی کردووە، ئەو هیچ

قۆناغ بەندییەکی بۆ ڕۆمانی کوردیدانەناوە بەڵام بۆ مەسەلەی دامەزراندنەکە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان لە عێراقدا بە دەست پێکردنی بووژانەوەی ڕۆمانی کوردی لەقەڵەم دەدات[٢]. هەروەها لای د. عادل گەرمیانیش کە ماستەرنامەکەی لەبارەی ڕۆمانی کوردییەو بەناونیشانی (ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا)یەو ساڵی ١٩٩٦ پێشکەشی کۆلێجی پەروەردە- ئیبن ڕوشد-ی زانکۆی بەغدای کردووە. ئەویش ناوەڕاستی دەیەی هەشتاکان بە دەست پێکردنی سەردەمی زێڕینی ڕۆمانی کوردیدادەنێت لە کوردستانی عێراقد وەک کە دەڵێ (ئەم جۆرە هەنگاوە سست و کیسەڵانەی ڕۆمانی کوردی لە عیراقدا تا ساڵی ١٩٨٦ بەردەوام بوو پاشان سەردەمی زێڕینی دەست پێکردو لە ماوەی ساڵانی (١٩٨٦-١٩٩٥) دا شانزە ڕۆمان بەچاپ گەیەندراوە..[٣].

بێ گومان د. عادل گەرمیانی نەیتوانیوە باسی ڕۆمانەکانی شاخ بکات کە لەساڵی ١٩٨٥ دا بەشی یەکەمی ڕۆمانی (هەرەس) و هەر لەو ساڵەدا ڕۆمانی (تۆڵە) و بەشی (هەرەس)یش کە لەساڵی ١٩٨٧ بڵاوکرایەوە کە ئەم هەرسێ ڕۆمانە هی ڕۆماننووسی ناوداری کورد (محەمەد موکری) ن و جگە لەم سێ ڕۆمانەش هەر لەشاخدا ساڵی ١٩٨٩ ڕۆمانی (کۆچی سوور)ی (حەمە کەریم عارف) و کورتە ڕۆمانی (کێوی مەزن)ی (کاروان عەبدوڵڵا) بڵاوکرانەوە.

هەروەها باسی ڕۆمانی (سەگ وەڕ)ی (موکری) یش ناکرێ لەبیر بکرێت کە لەساڵی (١٩٨٢) دا لەشاخ چاپ بوو و هەرلەوێش مشتومڕێکی ئەدەبی زۆری لەسەر کراو بڕواناکەم هیچ ڕۆمانێکی کوردی بەلایەنی پۆزەتیڤی و نێگەتیڤیەوە ئەوەندەی لەسەر نووسرابێ ئەمەش بووە مایەی بایەخی زیاتر بەڕەخنەی ڕۆمان لەئەدەبی کوردیدا.

بێ گومان ئەگەر د. عادل بیتوانیبایە باسی ئەم ڕۆمانانەش بکات لەم ماوەی کە دیاری کردووە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٦-١٩٩٥ ئەوا ژمارەکەی لە شانزە زۆر زیاتری دەکرد.

بێ گومان وەک بەکارهێنانی زاراوەی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا دەگەڕێتەوە پێش بەرهەمەکەی (محەمەد عەلی کوردی) یش کە وەک وتمان یەکەم کەسە لەسەر بەرهەمەکەی نووسراوە (ڕۆمان) ئەویش بۆ حاجی قادری کۆیی دەگەڕێتەوە کە یەکەم کەسە زاراوەی ڕۆمانی لە ئەدەبی کوردیدا بەکارهێنابێت وەک لە شیعرێکیدا دەڵێت:

لەدەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە
ئەگەرچی مەقصەدە، زانینی باوە [٤]



ئەمەش ئەو قسەیەمان دەسەلمێنێ کە وەک چۆن حاجی قادری کۆیی هانی کوردیداوە بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاری و پێگەیاندنی میللەت هەردووکیان گرنگن و کوردی پێویستی پێ هەبووە، چونکە هەر حاجی قادر یەکەمین کەسیش بووە کە زاراوەی جەریدەی لەشیعری کوردی بەکارهێناوە و کوردی هان داوە بۆ بایەخ پێدانی و دیاریشە ڕۆژنامەگەری ڕۆڵی لە پێشکەوتنی ئەدەبی پەخشاندا ناشاردرێتەوە وەک لە تۆمارکردنی چیرۆک و ڕۆماندا هەیبووە. ئینجا دوای ئەمانە یەکەم بەرهەم وەک کتێب کە لەسەری نووسرابێت ڕۆمان ئەوا (نازە)ی ئیسماعیل ڕۆژبەیانی دێت کەلەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە (ڕۆمان). دوای ئەمە لەساڵی (١٩٨٢) دا لە شاخ یەکەم کتێب کە لەسەری بنووسرێ (ڕۆمان) ئەوا (سەگوەڕ)ی موکری دێت.

د.مارف خەزنەدار لەکاتی لێدوان لە ڕۆمانی کوردی تۆماری خۆی کردووە و بەدیار کەوتووە ئەگەرچی بە بەراود لەگەڵ ڕۆمانی جیهانی هەموو مەرجەکانی بەدی نەهێناوە وەک دەڵێ «زاراوەی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردی لە عیراقدا دەرکەوت بێ ئەوەی یەک چوونێکی تەواو لە هەموو مەرجەکانی ڕۆمانی جیهانی لەو بەرهەمانە بەدی بکرێت، کەوا دانەرەکانی بەڕۆمان دادەنێن. لێرەدا شتێکی سوودمەندە بڵێین ئەو بەرهەمە ئەدەبیانە کە لەلایەن نووسەرەکانی بە ڕۆمان دانراون سەرەتایەک و تاقیکردنەوەیەک بوون بۆ دەرکەوتنی ڕۆمان.. ئەم قسەیەش هەندێ بەرهەم ناگرێتەوە وەکو (ژانی گەل)، هەروەها ڕۆمانەکەی مارف بەرزنجیش ناگرێتەوە کە بزر بووە!»[٥].

ئینجا لێرەوە دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە کە هەمیشە لێمان دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە ڕۆمانی کوردی لە چاو ڕۆمانی دنیادا تا چەند پێگەیشتووە؟ یا ڕۆمانی کوردی لەکوێی ڕۆمانی دنیایە؟ بۆیە دوای ئەم پێشەکییەی کە باسم کرد دەکرێ بڵێم: ئێمە دەبێ ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و... تاد.لەبەر چاو بگرین چونکە ئاستی هزرو کولتووری ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات لێکڕا جیاواز بوونە بێ گومان ڕۆمانیشی وەک بەشێک و لقێکی ئەم کولتوورە ئەویش لەم جیاوارییە هزرییەدا بەشدارە، کۆمەڵگەی ڕۆژئاوای خاوەن ڕێنیسانس و شۆڕشی پیشەسازی و پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی و فەلسەفی و ڕۆشنبیری ئەمانە هەموو مرۆڤی ئەوروپاییان دروست کردو پێشخست کە بێ گومان ڕۆماننووسی گەورەش لەسەر ئاستی دنیادا پەیدابوون و خزمەتی ئەدەب و هزری مرۆڤایەتییان کردووە. بۆیە ناکرێ ئێمە لە دەلاقەی ئەوانەوە ڕۆمانی کوردی لەگەڵ ڕۆماننووسە بەناوبانگەکانی دنیادا بەراورد بکەین، بەڵکو دەبێ ئەوەش لەبەر چاو بگرین

که ڕۆماننووسی ئێمە لەڕووی هونەرییەوە سوودیان لە تەکنیکی ڕۆژئاوا وەرگرتووە و ئەم کاریگەرییەش ناشاردرێتەوە کە بێ گومان ئەو کاریگەرییەش بەسەر ڕۆمانی عەرەبی و فارسی و تورکیش هەبووە بۆیە پێویستە ڕۆمانی کوردی لە دەلاقەی مێژووی خۆیەوە هەڵبسەنگێنرێ و وەک بەرهەمی ڕۆژهەڵاتی و ئاستی خۆیەوە سەیری بکرێ و بە ئامرازو کەرەستەی ڕۆژئاواوە پێوانە نەکرێت و وەک ڕۆمانی کوردی سەیری بکرێت کە من دڵنیاشم ڕۆمانی کوردی هیچی لەئاستی میللەتانی دەوروبەر کەمتر نییە با نەگاتە ئاستی ڕۆمانی پێشکەوتووی دنیاش.

دامەزراندنی ڕۆمانی کوردی دەکەوێتە دەیەی هەشتاکان و بەدەیەی دامەزراندنی ڕۆمانی کوردیدادەندرێت، چونکە جگە لە چاپکردنی دەیان ڕۆمان و کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت چەندان ڕۆمانی بەناوبانگی جیهانیش بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدران و مشتومڕێکی چاکیش هەر لەم دەیەدا لەبارەی بوون و نەبوونی ڕۆمانی کوردی هاتە ئاراوە و زۆربەی نووسەرانی کورد بەشداربوون لە ڕا دەربڕین لەبارەی بوون و دەست پێکردنی ڕۆمانی کوردی بەتایبەتیش ڕاپرسییەکەی عەبدولڕەحمان پاشا کە بەچەند ئەڵقە بەزمانی عەرەبی بەناونیشانی (هل بدا عصر الروایة الکردیة؟!) لە ڕۆژنامەی (العراق) بڵاوکرایەوە[٦].

لەم ڕاپرسییەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆماننووس و چیرۆکنووس و نووسەر و ڕۆژنامەنووسان ڕای خۆیان دەربارەی بوون و نەبوونی ڕۆمانی کوردی و پێوانەی دەگەڵ ڕۆژئاواو سەرەتاو ئاستی ڕۆمانی کوردی دەربڕی. دواییش لەساڵی ١٩٩٤ دا لەئێران بەناونیشانی (الروایة الکردیة) لە شێوەی کتێب چاپی کردو لەساڵی (٢٠٠١) یش هەر هەمان کتێب و بەزمانی عەرەبی و بەهەندێک زیادەوە و پێشەکی د. مارف خەزنەدار جارێکی دیکە بە چاپێکی جوان لە دەزگای ئاراس لە چاپ درایەوە. کە بێ گومان ئەمەش سەرچاوەیەکی باشە بەتایبەتی ئەوانەی کە جگە لە زمانی کوردی دەیانەوێ زانیاری دەربارەی ڕۆمانی کوردی بزانن[٧].

ئەمەو زۆر نووسینی دیکەش لەبارەی ڕۆمانی کوردی نووسران، چ لە گۆڤارو ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانی شاخ و چ لە چاپەمەنییەکان واتە گۆڤار و ڕۆژنامەو کتێب و بڵاوکراوەکانی شارەکانی کوردستان و لەزۆر وڵاتانی هەندەرانیش بەتایبەتی لە سوێد گروتینێکی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی پەیدابوو لەوێش کەم تا زۆر لەبارەی ڕۆمانی کوردی و لێدوان لە ڕۆمانەکانی دەرچوو و ڕەخنەو گفتوگۆ لەسەر چەندان ڕۆمانی کوردی نووسران.

لەم دەیەدا ڕۆمانی کوردی گروتینێکی دیکەی تێکەوت بەتایبەتیش لەچاپدانی



ژمارەیەکی دیکەی ڕۆمانی کوردی کە جگە لە شارەکانی کوردستان لە شاخیش چاپ و بڵاوکرانەوە و هەر لەوێش گفتوگۆی ئەدەبییان لەسەر کراو ڕەخنەی ڕۆمانیش جوولەیەکی دیکەی تێکەوت بەتایبەتیش ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی موکری کە لە ساڵی ١٩٨١ چاپ کرا، بەکتێب و نووسین لە گۆڤار و ڕۆژنامەکانی شاخ نووسینی ڕەخنەیی زۆری لەسەر نووسرا. لە شاریش ڕەحمەتی محەمەد مەولوود مەم بە ڕۆمانێک بەناونیشانی (کاروان و سەگوەڕ) وەڵامی موکری دایەوە بەڵام تادوای ڕاپەڕین چاپ نەبوو[٨]. هەروەها لەناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان بەدواوە هەر لەشاخ چەند ڕۆمانێکی دیکە چاپ کران وەک: هەرەس- بەشی یەکەم- موکری- ١٩٨٥، تۆڵە- موکری- ١٩٨٥، هەرەس- بەشی دووەم- موکری- ١٩٨٧، کۆچی سوور- حەمەکەریم عارف-١٩٨٩، کێوی مەزن- کاروان عەبدوڵڵا- ١٩٨٩، کە ئەمەی کاروان عەبدوڵڵا لەسەری نووسراوە کورتە ڕۆمان.

لەشاریش ڕۆمانی کوردی بەرگی هەژاری فڕێ داو چەندان ڕۆمانی دیکە هاتنە چاپکردن لەوانە:

ڕۆمانی شار- بەرگی یەکەم- حسێن عارف- ١٩٨٦، کوێخا سێوێ- عەزیزی مەلای ڕەش- ١٩٨٦، کانگای بەڵا- حسام بەرزنجی- ١٩٨٨، توانەوە- غەفور ساڵح عەبدوڵڵا- ١٩٨٨ هەروەها لە ساڵی ١٩٨٨ کورتە ڕۆمانی (ماڵئاوا گوڵی خەم)ی هیمداد حسێن چاپ کرا کە دەبێتە یەکەم کتێب لەسەری بنوسرێ کورتە ڕۆمان.

ئەمەو چەندان ڕۆمانی وەرگێڕدراوی بێگانە بڵاوبوونەوە کە وردە وردە زەمینەکە بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی خۆماڵی و وەرگێڕدراو لەبار بوو دەزگاکانی چاپەمەنیش هانی لەچاپدانی ئەم ژانرەیان دەدا و ناوی ڕۆمان وەک پێویستییەکی سەردەم کەوتە سەر زاران. بێ گومان ساڵی (١٩٨٩)ش چەندان ڕۆمانی دیکە چاپ کران و ئەمەش گوڕ و تینێکی دیکەی بەڕۆمانی کوردی بەخشی بەتایبەتی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (کوردەرە)ی (خوسرەو جاف) و (هەڵکشان بەرەو لووتکە)ی عەبدوڵڵا سەراج و (بوهژین)ی دکتۆر نافیع ئاکرەیی و (عەزیزی مەلای ڕەش)یش ڕۆمانێکی تایبەتی بەزمانی گیانداران بۆ منداڵان نووسی بەناونیشانی (گورگ و بزن). ئەم ڕۆمانانەش مشتومڕێکی زۆریان لەسەر کرا و گۆڤارو ڕۆژنامەکانی ئەوسا بووە شوێنی بڵاوکردنەوەی ئەم نووسینانە وەک گۆڤاری ڕۆژی کوردستان، بەیان، کاروان، ڕۆشنبیری نوێ، هەروەها ڕۆژنامەکانی هاوکاری، پاشکۆی عێراق. لەشاخیش گۆڤاری (نووسەری کوردستان) و (بانگ) و (گزنگ) و هی دیکەیش. لە هەندەرانیش ئەم گۆڤارو ڕۆژنامە کوردییانەی دەردەچوون لە ناساندن و

نووسینی بابەت لەسەر ڕۆمانی کوردی درێخییان نەکردووە. ئەمانەو دەیان ڕۆمانی دەستنووسی دیکە کاتی خۆی نووسراون و بڵاوکرانەوە، بێ گومان ئەمەش کاری کردۆتە سەر کەمی ژمارەی ڕۆمانە چاپکراوەکان، چونکە ئەگەر لەکاتی خۆیدا بڵاوبکرابوونایەوە ئەوا هاوکێشەکانیان دەگۆڕی. بۆ نموونە کاتی خۆی لە ساڵی (١٩٧١)دا یەکێتی نووسەرانی کورد گرەوێکی ئەدەبی سازدا بۆ شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ.. لەم گرەوە (٦) ڕۆمان پێشکەش کراون و ناوی نووسەرو ڕۆمانەکانیشیان ئەمانەی بەرهەمیان ناردووە و ئەنجامی گرەوەکەش لە (١٤)ی تەمموزی (١٩٧١) ڕاگەیەندراوە و خەڵاتی یەکەم ڕۆمانی (ئاگری بن کا)ی سەعید ناکام وەری گرتووە و خەڵاتی دووەمیش ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولوود مەم بووە. ئەنجام و ناوەکانیش هەمووی لە ژمارە (٣)ی گۆڤاری (نووسەری کورد) بڵاوکرایەوە. مەبەست لەم باسکردنەدا ئەوەیە ئەگەر لەکاتی خۆیدا ئەم (٦) ڕۆمانە کە بەرهەمی ساڵانی حەفتاکانە و وەک ڕۆمان خراونەتە گرەوی ئەدەبی، ئەگەر ئەوسا بڵاوبکرابوونایەوە بۆ ساڵانی حەفتاکان دەبوو بە تۆمارێک و قات و قڕی ساڵانی حەفتاکانی ڕۆمانی کوردی نەدەهێشت و تۆمارەکە ڕەنگە لە ناوەڕاستی هەشتاکانەوە ببوایە ساڵانی حەفتاکان و بەدەیەی زێڕینیش لە قەڵەم دەدرا، چونکە هەر بۆ نموونە ئەو دوو ڕۆمانەی مامۆستا سەعید ناکام و محەمەد مەولوود مەم هەردووکیان لە ڕووی هونەرییەوە ڕۆمانی سەرکەوتوون و لە ڕووی داڕشتن و گێڕانەوەش وەک ڕۆمانی هونەری نووسراون، چوار ڕۆمانەکەی دیکەیش ڕەنگە ئاستی هونەرییان خراپ نەبووبێت بەڵام کە چاپ نەکراون ناتوانن هیچ حیسابێکیان بۆ بکەین.. ئەوەندە هەیە خەمی بڵاوکردنەوەیان بۆ دەخۆین!!. بەڵام چی دەکەی نووسەری کورد لەبەر گرانی چاپ هەمیشە بەرهەمەکانی لە دەلاقەکاندا تۆزی لێ نیشتووە، ئەم نموونەیە بۆ دەیەکانی دیکەیش هەر ڕاستە چونکە ڕەنگە جگە لەم تۆمارانەی کە لە دەیەی هەشتاکاندا چاپ کراون ڕۆمانی دیکەیش هەبوونە بەڵام بەداخەوە نەتوانراوە چاپ بکرێن، کەچی تێبینی دەکرێ زۆربەی ئەو ڕۆمانانەی کە لەدەیەی حەفتاکان و هەشتاکاندا ماونەتەوە لە دوای ڕاپەڕیندا چاپ کراون، بۆ نموونە ڕۆمانی (ڕێگا)ی مەم کە بەرهەمی حەفتاکانە لەگەڵ (ئاگری بن کا)ی ناکام دوای ڕاپەڕین چاپ کراون، ڕەنگە ئەگەر لە کاتی خۆیدا چاپ بکرابوونایە بۆ ساڵانی حەفتاکان حیسابێکی دیکە بوو بۆ ئەوان و بۆ ڕۆمانەکانی کوردی.. هەمان نموونەشم بۆ ڕۆمانەکەی (مەرگی تاقانەی دووەم)ی بەختیار عەلی هەیە کە من ئاگادارم ئەم ڕۆمانە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکان درایە (سەعدوڵڵا شێخانی) کە ئەوسا دەزگایەکی



چاپەمەنی کتێبی بۆ نووسەران لەچاپ دەدا و من خۆم ئەو ڕۆمانەم لە چاپخانەی (الحوادث) لای سەعدوڵڵا بینی، کەچی مخابن بزریان کرد!! بێ گومان ئەگەر ساڵانی هەشتاکان چاپ بکرایە ئێستاکە تەواو هاوکێشەکەی گۆڕیبوو چونکە ڕۆمانێکی هونەری وەها بۆ ئەو سەردەمە و ساڵانی هەشتاکان شتێکی ڕێگا خۆشکەر بوو بۆ بەرهەمی باشتر.

ئەوەی جێگای سەرنجە هەر لەم دەیەدا واتە دەیەی هەشتاکان جۆرێکی دیکەی ڕۆمان زۆر پەرەی سەندو بۆ یەکەم جار لەم دەیەدا ناوی (کورتە ڕۆمان) و (نۆڤلێت) وەک زاراوەیەکی نوێ لە ئەدەبی کوردی کەوتە سەر بەرگی ئەم ڕۆمانانەو لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتیشەوە گرو تینێکی دیکەی بەخۆوە بینی.. کورتە ڕۆمانەکانی (پایزە خەون- محەمەد مەولوود مەم) و (زەلیل- حسام بەرزنجی) و (ماڵئاوا گوڵی خەم- هیمداد حسێن) و (کێوی مەزن- کاروان عەبدوڵڵا) و دەیان کورتە ڕۆمانی دیکەش بوون بەتۆمارێکی زێڕین بۆ دەیەی هەشتاکان کە بوو بەدەیەی دامەزراندن و پێشکەوتنی ڕۆمانی کوردی.

سەرچاوەو پەراوێزەکان

(١) حسێن عارف، بیبلۆگرافیای چیرۆکی کوردی- ١٩٢٥- ١٩٨٣، چ/ ١، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ١٩٨٧و ل ١٥.

(٢) ئیبراهیم قادر محەمەد، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، نامەی ماجستێر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە پێشکەشی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، چاپی ڕۆنیۆ، ئەیلولی ١٩٩٠، ل ٢٠.

(٣) عادل گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخ لە عێراقدا، نامەی ماجستێر لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی کە پێشکەشی کۆلێجی پەروەردە- ئیبین ڕوشد- زانکۆی بەغدا کراوە، چاپی ڕۆنیۆ، ئاداری ١٩٩٦، ل ٢٨.

(٤) سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا، دیوانی حاجی قادری کۆیی- لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە، هەولێر ١٩٨٦، ل ١٠٦.

(٥) عادل گەرمیانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣.

(٦) عبدالرحمن الباشا، هل بدأ عصر الرواية الكردية؟!، ئەڵقەی یەکەمی لە ژمارە (٣٩٦٠)ی ڕۆژی (٢٤ / ١ / ١٩٨٩)ی ڕۆژنامەی (العراق) بڵاوکراوەتەوە.

(٧) عبدالرحمن الباشا، الرواية الكردية، منشورات ئاراس رقم (١٠٦)، مطبعة وزارة التربية، اربيل ٢٠٠١.

(٨) محەمەد مەولوود مەم، کاروان و سەگوەڕ، ڕۆمان، چ/ ١، وەزارەتی پەروەردە هەولێر ,٢٠٠٣

# ڕۆمانی کوردی و تایبەتمەندییەکانی

ئەگەرچی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی سەرچاوەکەی ئەوروپایە، بەڵام ئەوە مانای وانییە کە ڕۆماننووسی ئێمە بێن وەک ئەوان بنووسن و لاسایی ئەوان بکەنەوە لە هەردوو لایەنی فۆرم و ناوەرۆکەکەوە، ئەمە سەرکەوتنی ڕۆمانەکە نییە، بەڵکو سەرکەوتنی هەر ڕۆمانێک دەبێ لەگەڵ بارودۆخ و جیاوازی قۆناغ و لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی ئەم میللەتە لەبەر چاو بگیرێت. ئەگەر ڕۆماننووسی کورد لاسایی ئەم ڕۆمانە شاکارانەی دنیا بکاتەوە بێ گومان ئەوا تایبەتمەندی کولتووری کوردی لەدەست دەدات و ناشبێتە شاکار. هەموو میللەتانی دنیا ڕۆماننووسەکانیان بەهۆی پاراستنی تایبەتمەندی و پێداگرتن و پابەندبوونیان بەتایبەتمەندی کەلەپووری خۆیانەوە سەرکەوتنیان وەدەست هێناوە و تۆماری خۆیان کردووە بۆ نموونە (دەبینین فۆرستەر بە لەبەر چاوگرتنی تایبەتمەندی ناوخۆیی، بەشێوەیەکی هاوسەنگانە ڕۆمانی خۆیانی هەڵسەنگاندووە)[1]. زۆربەی نووسەرانی کورد لەکاتی باسکردن و لێدوانیان لە ڕۆمانی کوردیدا لەسەر ئەوە مکوڕ بووینە کە ڕۆمانی کوردی نابێ بەچاوی بەراوردکردن بخوێندرێتەوە و پلەی بۆ دابندرێت هەروا ناشبێ ڕۆماننووسانی کورد سروشت و بارودۆخی وڵاتەکەیان لەبەرچاو نەگرن و بەتایبەتمەندی خۆیان فەرامۆش بکەن وەک عەتا قەرەداغی نووسەر لەم بارەوە دەڵێت (ڕۆمانی کوردی لەسەر ئەم زەمینە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە سەری هەڵداوە، هەر بۆیە هەق وایە لە پێوانەو هەڵسەنگاندندا ئەو زەمینەیە حیسابی بۆ بکرێت، چونکە ناکرێت ئەوە لە نووسەرێکی کورد بخوازین کە بە عەقڵ و جیهانبینی نووسەرە دیارەکانی فەرەنساو بەریتانیا بنووسن)[2].

بەڵام دەبینین نووسینی ڕۆمان یا نووسینی دەق خۆی لە شەڕو تێکەڵاوبوونی دەقە جیاوازەکانی دیکەدا دەبینێتەوە وەک لای (بەختیار عەلی) نووسەر و ڕۆماننووس لەکاتی لێدوانی لە بارەی ڕۆمانی کوردیدا دەڵێ (ئەگەر دەقی کوردی توانی لە هەموو ئەو دەقانەی کە لەبەردەمیدا هەیە- دەقی تایبەتی خۆی- دروست بکا بە سەرلەنوێ هەڵوەشاندنەوەی گەردیلەکانی دەقە جیاوازەکان و بنیادنانەوەی بەگوێرەی هاوکێشەی



نوێوە، ئەوا ڕێگا لە بەردەم سەردەمی ڕۆماندا کراوەیە، واتە ئەگەر وەک ئەوەی (لوران جینی) ناوی ناوە بە (کردەی گۆڕین و نواندنی چەند دەقێک و دەقی سەرەکییەکە زیادکردنی مانا بۆ خۆی بهێڵێتەوە) بتوانێ بهێنێتە دی. کۆسپەکانی سۆسیۆ- ڕۆشنبیری بۆ هێنانەدی ئەم ئەرکەو چوونە ناو جەنگێکی پێوەندی و دابڕان لەگەڵ دەقە جیاوازەکاندا، زۆر لەوە گەورەترە کە ئێمە دەیخەینە بەرچاوی خۆمان. دەقی ڕۆمانی کوردی لەدایک نابێت تەنیا لەو کاتەدا نەبێ کە دەقە جیاجیاکان بەجەستەیدا ڕەت دەبن (کە پێویست بە کردەی ڕۆشنبیرکردنی سەرتاپا گیر دەکات) بۆ جەستەکەی کە لە دەقەکەیدا بەو دەقانە دەچێت کە پێیدا تێپەڕیون.. بەم جۆرە ڕۆمانی کوردی وەک پرسیارێک دەمێنێتەوە کە بەناو جەستەی ئەم تارماییە ترسناکەدا ڕەت بێت، تارمایی ژیان و ڕووداوەکان، هەروەها جەستەی دەقە بێ کۆتاییەکان)[3].

لێرە لای نووسەر تایبەتمەندی ڕۆمانی کوردی وەک دەقێکی بەرهەمهێنراوی هزری خۆی دەدۆزێتەوە کە چۆن بتوانێ لەنێو دنیای چوونە ناو یەکدی دەق یا ئاوێزانی دەقدا لە نێو هەموو زەخیرە فیکری و عەقڵییەکانی نووسەردا دەقێکی نوێ بەرهەم بهێنرێت و بایەخیش لە جۆری بەرهەم هێنراوی دەقەکەیە چونکە شوناسی دەقەکە خۆی لە داهێنانی یا بەرهەمهێنانی دەقێکی نوێدا دەدۆزرێتەوە کە دەبێتە ناساندن و گفتوگۆ و دەقێکی کۆچ کردوو بەرەو دنیا.

ڕۆمانی سۆڤێتی جاران و دەوڵەتە سۆشیالیستەکان تایبەتمەندییان لە بایەخدان بوو بەکار و دروستکردنی پاڵەوانی ئیجابی، هەروەها ڕۆمانی ئەمریکای لاتین تایبەتمەندی خۆی لە ڕیالیزمی سیحریدا دۆزییەوە، چونکە لەدوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر بە پێی ڕەوتێکی فەلسەفی- هزری و ئایدۆلۆژیای مارکسی تەماشای ئەدەبیان دەکرد بۆیە ڕۆماننووس و چیرۆک نووسەکانیشیان بەو ئاقارەدا دەبرد کە دەبوو کۆمەڵگەی سۆشیالیستی ئەوان پاڵەوانی ئیجابی تێدا بزوێنەری بەرەو پێشبردنی کۆمەڵ بێت و پاڵەوان و کەسایەتی دوورە پەرێزو گۆشەگیر و لەیاد کراو و بێزار لە ژیان لە ناو ئەواندا نەدەبوو باس بکرێت، یا بخرێتە ناو کردەی نووسینەوە، بەڵکو لای ئەوان لە ڕیالیزمی سۆشیالیستی زیاتر قەدەغە بوو، بەڵام لەگەڵ ئەمەش ئەگەر تەماشای ئەدەبەکەیان بکەین بەتایبەتیش ڕۆمانی ڕووسی هەست بەوە دەکەیت کە بۆخۆیان توانیبوویان جۆرە ئەدەبێکی تایبەتی و جیاواز دروست بکەن تا سەردەمانێکی درەنگیش لە دنیاو ئەدەبی ئێمەشدا کاریگەرییان هەبووە. ئەمەش تایبەتمەندییەکی بۆ دروست کردبوون کە لەگەڵ ئەدەب و ڕۆمانی ڕۆژئاوادا جیاواز

بوو بەڵکو نووسەرانیان نەیان دەتوانی وەک ئەوان بنووسن ئەوانەش کە ویستیان خۆیان لادەن لە یەکێتی سۆڤیێتی جاران لە وڵاتی خۆیان دوورکەوتنەوە و لە ئەوروپا شتی جیاوازیان نووسی وەک (باسترناک) و (سۆلجنستین)..

ڕۆمانی ئەمریکای لاتینیش بەتایبەتمەندی ڕیالیزمی سیحری خۆی توانی خۆی بەهەموو دنیا بناسێنێ و بۆ ئەمەش سوودیان لە کەلەپووری لەبن نەهاتووی خۆیان بینی و لاسایی ڕۆژئاواشیان نەکردەوە، بۆیەش ڕۆژئاوا ڕێزی لێ گرتن چونکە توانییان شتێکی جیا لەوان بنووسن و لاسایی ئەوان نەبێت و بە ئەدەبە جوانەکەشیان توانییان خۆیان بەسەر دنیادا بسەلمێنن. ئێمەی کوردیش گەنجینەیەکی لەبن نەهاتوو و نەنووسراومان هەیە لە کەلەپووری میللی و داستان و ئەفسانەکانمان ئەوەندە جوان و بەهێز و بەلەزەتن هیچیان لە هی دنیا کەمتر نییە، بۆیە دەتوانرێ ڕۆماننووسەکانی ئێمەش سوودی لێ وەرگرن بەڵام گواستنەوە نا بەڵکو مەزراندنی هونەری لەناو سیحر و فانتازیاو شیعریبیەتی زماندا.. بۆیەش دەبێ ڕۆماننووسەکانمان هان بدرێن کە واقیعی ئێمە چۆنە ئاوا ڕەفتار لەگەڵ ژانری ڕۆماندا بکەن و دەتوانن ئەوانیش لەگەڵ کەلەپووری خۆماندا دەستەملانێ بن و تێکەڵ بەخەیاڵ و جیهانبینی ڕۆماننووسەکانمان بکرێن و پێویستە ڕۆماننووسی کورد واز لە لاسایی کردنی ڕۆمانی ئەوروپا و ئەمریکای لاتین بێنێت و دەبێ لەژێر پاڵتۆی نووسەرانی ئەمریکای لاتین و فەڕەنسا بێنە دەرەوە دەبێ لە هەموو دنیادا ئەگەر ڕۆمانی کوردی وەرگێڕدرا بۆن و تام و ڕەنگی خۆی ببەخشێ نەک لاسایی، چونکە ئەوان ئەگەر هەر لاسایی خۆیان بۆ وەربگێڕیت بۆ چییانە.. خۆ ناشکرێ دۆنی خۆیان لە خۆیاندا هەڵبسوینەوە!! ئەوسا چیمان پێ دەڵێن! ئەی باشە پێمان ناڵێن کوا ئێوە باسی چی دەکەن؟ ئێمە میللەتێکین ژیانمان ئەوەندە تاڵە پڕیەتی لە ئەنفال- کیمیاباران- دەربەدەری- براکوژی- شەڕی دەستەویەخە- دەرکردن لە خاک- کۆڕەو- ماڵ وێرانی.. هەموو ژیانمان پڕیەتی لە کەرەستەی ڕۆمان بەڵام کێ دەیاننووسێتەوە و هونەرەکەیشی دەپارێزێ و وەک تایبەتمەندی خۆمان بە دنیامان دەناسێنێ!؟ بەڵام من وای دەبینم کە لەگەڵ ئەوەی کە پێویستە ڕۆماننووسی کورد تایبەتمەندی خۆمان نابێ فەرامۆش بکات و مۆرکی خۆمانە بپارێزێ پێویستیشە دەقی بەرهەمهێنراوی ڕۆمانی کوردی دەقەکانی ئەدەبی دیکەی وەک ژانرەکانی ئەدەبی دیکە و دەقی ڕۆشنبیری دنیای بەناو جەستەیدا بێت و نووسەر دەبێت لە شەڕێکی دەستەو یەخەدا بێت لەگەڵ دەقەکانی دیکەو دەربازکردنی جەستەی ئەو دەقەی کە دەنووسێ بۆ ئەوەی بتوانێ بەم دەقە جوانە پڕبووە و بارگاوی کراوە بە ڕۆشنبیری وەک داهێنانێکی نوێ یا



وەک بەرهەمێکی تاکە کەسی دەقەکە خۆی ببێتە شوناسی ئەم میللەتە و ببێتە سەفیری لە دنیادا.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) د. فوئاد ڕەشید، ڕەخنەی (ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی) **١٩٧٣- ١٩٩٩**، زنجیرەی بلاوکراوەکانی کتێب فرۆشی سۆران- هەولێر (٤٠)، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ١٢٠.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٢١.

(٣) بەختیار عەلی، لەنێو کتێبی، الرواية الكردية- عبدالرحمن الپاشا، منشورات ئاراس (١٠٦)، مطبعة وزارة التربية- اربيل ٢٠٠١، ل ٦٨

# ڕۆمانی کوردی و ڕەوتەکانی ڕۆمانی دنیا

ڕۆمانی کوردی لەسەرەتای نووسینیدا وەک خۆی فۆتۆکۆپی واقیعی میللەتی کورد بووە، بەڵکو زۆربەشیان دەربڕی ئەو ئێش و ئازار و بەرگری مانەوەی تۆمار کردووە و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک هەژاری و دواکەوتوویی و نەخوێندەواری و کێشەی ئاغاو جوتیارو مەسەلەی زەوی و زاری لادێ و کۆچی لە لادێ بۆ شارو وێناکردنی کێشە نەتەوەییەکەی بووە بەکۆچ و کۆڕەو و شەڕی بەرگری و کێشە سەخت و ئاڵۆزەکانی مرۆڤی کۆچکردووی لادێکان کە لەشار تووشی بوونەو چەندان کێشەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی و گیروگرفتی دیکە کە ڕۆماننووسی کورد نەیانتوانیوە لەم مێژووە پڕ ستەمە دەربازبن بۆیەش ڕۆمانی کوردی وەک لایەنگرێکی کێشەی ڕەوای میللەتی کورد تۆماری خۆی کردووە کە ئەمانەش دەربڕی ئازارەکانی مرۆڤی کوردن بۆ نموونە ڕۆمانی (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف لەم ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسییانە چنراوە کە لەسەردەمی خۆیدا ڕۆماننووس هەستی پێکردوون و دیویەتی و ئەمەش ڕەوتێکی ڕیالیزمی بە دەقەکە بەخشیوە و ڕۆمانەکە کێشەی نێوان میللەت و دەسەڵات بەدیار دەخات، باسی کێشە کێشی نێوان خوێندەوارو نەخوێندەوار دەکات.. ڕۆمانی (ژانی گەل)ی ئیبراهیم ئەحمەد باسی بەرگری میللەت دەکات بەدەست زۆردار و داگیرکەران، باسی سووتانی خاک دەکات، باسی کێشەی نێوان خوێندەوار و نەخوێندەوار دەکات، باسی دواکەوتنی کۆمەڵایەتی و هەژاری میللەت دەکات، باسی دەربەدەری و ماڵ وێرانی دەکات کە مرۆڤی کورد بەدەست جەنگەوە دەیچێژێ.. ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ی عەرەبی شەمۆ باسی ڕووخانی (قەڵای دمدم)ی سەختی کوردان دەکات کە خیانەت و غەدر دەیخاتە بەردەم دوژمنانی میللەتی کورد.. ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولوود مەم باسی هەژاری و کوڵەواری و دواکەوتوویی میللەت دەکات کە چۆن لەبەر دواکەوتوویی و هەژاری خۆی و دابەشکردنی دەستی لەبینە قاقای گیرکراوە.. ڕۆمانی (تۆڵە)ی موکری باسی بەرگری میللەت و پێشمەرگە دەکات لە شەڕی دەستەو یەخەی کورد لەگەڵ دوژمنانیدا.. بەکورتی ڕۆمانی کوردی تا ڕاپەڕین وەک ئاوێنەیەکی میللەت بوو و گوزارشتی لە خۆشی و ناخۆشییەکانی مرۆڤی کورد دەکرد.. گوزارشتی لە کێشە کێشی میللەت و دەسەڵات



دەکرد.. گوزارشتی لە ڕادەی تێگەیشتنی میللەت دەکرد.. گوزارشتی لە کێشەکانی شارو لادێ دەکرد.. گوزارشتی لە خەونەکانی میللەت دەرکرد.. ڕۆمانی کوردی تۆمارێکی ڕیالیزمی بووە و بۆنی خۆی لێهاتووە و وەک خۆی خوێندراوەتەوە ئەگەر کاریگەری بووشبێت بە ڕێبازی ڕیالیزمی سۆشیالیستی ئەدەب و ڕۆمانی یەکێتی سۆڤێتی جاران کاریگەر بووە، هەو بۆ نموونە هەندێک ڕۆمانی (عەرەبی شەمۆ) لە ژێر ئەو کاریگەرییە نووسراون و هی لای خۆشمان لە شێوەی ڕیالیزمی ڕەخنە گرانەو ڕیالیزمی سۆشیالیستی و ڕیالیزمی شۆڕشگێڕی نووسراون.. بەڵام لە دوای ڕاپەڕین ڕۆماننووسەکانمان بەتایبەتیش لاوەکان لەژێر کاریگەری ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتین و ڕۆمانی فەرەنسی نوێ ڕۆمانیان نووسیوە بگرە هەندێکیان کاریگەری مارکیزو بۆرخیس و جۆرج ئەمادۆ و خۆسێ سێللا و ئەستۆریاس و هی دیکەشیان بەسەرەوەیە و لاسایی ئەوان دەکەنەوە بە تێکەڵ کردن لەگەڵ شێوازی ڕۆمانی فەرەنسی نوێ وەک ئالان ڕۆب گرێ و کلۆد سیمۆن و میشیل بۆتور و هی دیکەش.. بەڵام لەگەڵ ئەمەش ڕۆماننووسی دیکەشمان هەن کە تا ئێستا بە شێوەی ئاسایی جاران دەنووسن و هەشمانە بە ڕەوتی ڕیالیزمی سیحری کاریگەرە بەڵام تەنیا وەک شێواز سوودی لێ وەرگرتووە و کەرەستەکانی خۆماڵین و هەشە ڕۆمانەکانی بە کەرەستەی خۆماڵی دەنووسێ بەڵام لەناو شیعریەتی نووووسیندا ڕۆمانسییەت و لەزەتێک بە خوێنەر دەبەخشێ، هەشە لەناو سیحری زماندا دەقی فانتازیا ئامێز دەنووسێ و تایبەتمەندی ڕۆمانی کوردیشی پاراستووە، بەهەر حاڵ ئەمانە هەموو پێویستییان بە باسکردنی دوورو درێژ هەیە و ناکرێ هەروا بە سانایی تەنیا ناوی ڕۆمانەکان بێنین و بەس، ئەمانە لە نووسینەکانماندا دەیانکەین بەباسی جیا جیا و نووسەر و خوێنەری زیرەک و بە سەلیقەو ئاگاداریش هەست بە کاریگەرییەکان دەکات، بەڵام دیارترین ڕەوت کە کاری لە ڕۆماننووسەکانمان کردبێت بەتایبەتیش ڕۆماننووسە لاوەکانی نەوەی دوای ڕاپەڕین ئەوا ڕەوتی ڕیالیزمی سیحری ئەمریکای لاتین و کاریگەری گەورە ڕۆماننووسەکانی وڵاتە جیا جیاکانی دنیایە بەتایبەتیش ڕۆماننووسە فەرەنسییەکان و ڕەوتی ڕۆمانی نوێی فەرەنسی.

بێ گومان ئەم کاریگەرییانە پێشتریش لای هەندێک ڕۆماننووس بە ئەزموونی کورد بەدی دەکرا بەڵام دوای ڕاپەڕین و بەتایبەتیش کە ڕۆمانی کوردی هەنگاوی باشتری هەڵێنا زیاتر وەدیارکەوت چونکە دیارە وەک پێشتر باسمان کرد هەوڵە بەراییەکان و ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت هەندێک ڕۆماننووسمان هەن تا ئێستاکەش هەر بە ڕەوتی ڕیالیزمی بە هەموو جۆرو ڕێچکەکانییەوە دەنووسن.

بۆیە دەکرێ لەدوای تەماشا کردنی نەخشەی ڕۆمانی کوردی بەسێ جۆر بیبینین کە یەکێک لەم ڕەوتانە ئەوا بە ڕەوتی نوێ دەنووسن لەوانەش: عەبدوڵڵا سەراج و کاکە مەم بۆتانی و بەختیار عەلی و ئەحمەدی مەلا و جەبار جەمال غەریب و سەلاح عومەر و فەرهاد پیرباڵ و سەلاح جەلال و کاروان عومەرکاکە سوور و ئیسماعیل حەمەدەمین و عەتا محەمەد و ئارام کاکەی فەلاح و شێرزاد حەسەن و هیوا قادر و جەزا چنگیانی و عەتا نەهایی و ئاکۆ کەریم مەعروف و ڕێبوار حەمە ڕەحیم و سەباح مەجید و نەجات نوری... تاد. هەشیانە هەر بە ڕەوتی ڕیالیزمی جاران دەنووسێ ئەگەرچی هەندێک لەم ڕۆماننووسانەشمان لە نەوەی نوێن وەک:

حسێن عارف و خوسرەو جاف و ئەنوەر محەمەد تاهیر و ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل و حەسەن جاف و حیسام بەرزنجی و ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی و محەمەد فەریق حەسەن و گەلاوێژ و حەمە کەریم هەورامی و حەکیم کاکە وەیس و سەلام مەنمی و محەمەد ڕەشید فەتاح و عەزیزی مەلای ڕەش و کاروان عەبدوڵڵا و تەها ئەحمەد ڕەسول و حەسەن سلێڤانی و هیمداد حسێن و ناجی تەها بەرواری و عیسمەت محەمەد بەدەل و... تاد. هەندێکی دیکەیش بە تێکەڵاو کردن و کاریگەری هەردوو ڕەوتی ڕیالیزمی و نوێ دەنووسن لەوانەش: محەمەد موکری و ڕەئوف حەسەن و غەفور ساڵح و مەولوود ئیبراهیم حەسەن و حسێن شێربەگی و فەروخی نیعمەتپوور و... تاد. بێ گومان ئێمە لەدەرەوە ئەم کاریگەرییانەمان دەستنیشان کردووە و لێمان جودا کردوونەتەوە دەنا ئەگەر لەناوەرۆکیشەوە تەماشای نەخشەی ڕۆمانی کوردی بکەین و هەڵیوەشێنینەوە هەست بەکاریگەری ڕۆژئاوا دەکرێ و بەتایبەتیش تەکنیکە هەرە دیارەکانی دنیا ئەمەش ئەگەر خوێنەری زیرەک بەدوای سەرچاوەکاندا بگەڕێ ئەم سەرە داوانەش دەدۆزرێنەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕۆمانی کوردی مۆرک و شوناس و تایبەتمەندی خۆی پاراستووە و تەنانەت دەقە نوێکانیش وەک دەقی کوردی خۆیان بە خوێنەری کورد زمان دەناسێنن و ئەگەر بشکرێن بە زمانی زیندووی دنیاو زمانی میللەتانی دەوروبەر ئەوا چ بەهۆی دەستنیشانکردنی کات و شوێن و ناوی پاڵەوانەکانیان و ناوی نووسەرەکانیشیان چیش وەک دەقی چنراو بە کەرەستەی ناو هەناوی میللەتی خۆمان ئەوا وەک دەقی کوردی خۆیان بە ئەدەبی زیندووی دنیا دەناسێنن و کاریگەرییەکانیش چ لەشێوەو چیش لەناوەرۆک و چیش پەیڕەوکردنی ڕەوتە دیارەکانی دنیاو کاریگەربوونی پێیانەوە نابێتە لە دەستدانی زیندوویێتی و ڕەسەنایەتی و هەڵگری شوناسی ڕۆمانی کوردی.



## ڕۆمانی کوردی و یەکەم تۆمارەکان

ڕۆمانی کوردی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تا ئێستاکەش قسەو گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆری لەبارەیەوە کراوە و ڕاکانیش زۆربەیان چ دەربارەی ناسنامەی دەقەکان و چیش دەربارەی شێوە و ناوەرۆکی دەقەکان هاوشێوە نەبووینە بەڵکو هەر نووسەرە و بەجیاوازی ئەوەی دیکەوە لە ناسنامەو جۆری دەقەکان دواون تەنانەت لەنامە ئەکادیمیاکانیشدا ئەوانەی دەربارەی ڕۆمانی کوردی نووسراون ئەم جیاوازییانە لە تێڕوانین و دەستنیشانکردنی ناسنامەی دەقەکەو شێوە و ناوەڕۆک و خوێندنەوەی دەقەکان لێکتر جیاوازن و ڕای چەسپاو نییە ئەمەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ دەقەکان خۆیان کە نووسەرەکانیان دەستنیشانی جۆری یا ناسنامەی ئەم دەقانەی خۆیان نەکردووە یانیش هەندێکیان ناسنامەو جۆری دەقەکانیش لەلایەن نووسەرانی دەقەوە لەسەر بەرگی ئەم دەقانە دەستنیشان کراون پەسند نییە بۆ نموونە ئەگەر دەقێک لەسەری نووسرابێت ڕۆمان ئەوا لەلای چەندان ڕەخنەگرو توێژەرەوە بە جیاوازی پۆلێنکردنی نووسەرەکەوە ناویان لە جۆری دەقەکە ناوە یا دەقێک لەوانەیە تەنیا لەسەری نووسرابێت چیرۆک کەچی لای ڕەخنەگر و نووسەرانەوە بە نۆڤلێت خوێندراوەتەوە. لەڕووی دەستنیشانکردن و ناو هێنانی هەوڵە بەراییەکانیش یا بۆ ناوهێنانی یەکەم تۆمارەکانەوە هەمدیس بیروڕاکان لێکتر جیاوازن و هەر نووسەرە بەپێی بۆچوون و تێڕوانینی خۆیەوە ناوی یەکەم تۆماری بۆ دەقێک داناوە، بێ گومان ئەمەش ناسەقامگیری دەخاتە ناو لێکۆڵینەوە و نامە ئەکادیمیاکانمان، خۆ هەر دەشێ ئەم بابەتانە ئەمڕۆ یا سبەی بەبەڵگەی دروست و زانستییەوە پشتڕاست بکرێنەوەو وەک میللەتانی دنیا تۆمارو مێژووی خۆمان بە دروستی بنووسینەوە و بیخەینە بەردەم نەوەی ئەمڕۆ و داهاتوومان، ئەمەش بەڕای من هێشتاکە پێویستی بە وردبوونەوە و لێکۆڵینەوەی بەردەوام هەیە. منیش لەلای خۆمەوە دوای خوێندنەوەو بەدواداچوونی بەردەوامم بەکاری ڕەخنەی ئەدەبی و لێکۆڵینەوە دەربارەی ڕۆمان و چیرۆکی کوردی لە میانی خەریکبوونم بەچەند باسێکی ڕۆمانی کوردی بۆ تۆمارو یەکەم تۆمارەکان، لەلای خۆمەوە گەیشتوومەتە ئەم ڕاستییانەو پێم باشە بیانخەمە

بەردەستی خوێنەران بۆ مەسەلەی ساغ کردنەوە و ڕاستییەکانیش ئەگەر بەڵگەی سەلمێنەر هەبێت منیش دێمە سەر ڕای ئەو کەسانەی تێبینی و ڕای جیاواز یا تۆمارو ناوهێنانی ڕاستتریان لایە، ئیتر تۆمارەکە یا یەکەم تۆمارەکان من بەم شێوەی خوارەوەیان دەبینم:

١- یەکەم ڕۆمانی نووسراوی کوردی لەسەر ئاستی هەموو کوردستاندا (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد موختار جاف)ە کە لە ساڵانی ١٩٢٧- ١٩٢٨ نووسراوە، بەڵام هەر بەدەستنووسی ماوەتەوەو ساڵی ١٩٧٠ بەهەوڵ و کۆشش و پێشەکی د. ئیحسان فوئاد چاپ کراوە. بێ گومان ئەم ڕۆمانە ئەگەر لەکاتی خۆیدا چاپ بکرابووایە هەموو هاوکێشەکانی بوون و نەبوونی ڕۆمانی کوردی دەگۆڕی و دەبوو بەیەکەم تۆمار نەک هەر لەڕووی نووسینەوە بەڵکو لەڕووی چاپکردنیشەوە و هەنگاوی تریشی بەدوادا دەهات.

٢- یەکەم ڕۆمانی کوردی چاپکراویش، واتە یەکەم لەڕووی چاپکردنەوە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان ڕۆمانی (شڤانێ کورمانجا)ی (عەرەبی شەمۆ) یە کە لە ساڵی ١٩٣٥ لە ئەرمینیا - ئێریڤان بەپیتی ڕووسی نووسراوە و چاپ کراوە.

٣- وەک زاراوە یەکەم بەکارهێنانی زاراوەی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا لە کوردستان حاجی قادری کۆییە کە لە شیعرێکدا زاراوەی ڕۆمانی بەکارهێناوە وەک د. فوئاد ڕەشید دەڵێ «لە ڕووی مێژووییەوە بەکارهێنانی زاراوەی (ڕۆمان) لە ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم و لە شیعرێکی شاعیر حاجی قادری کۆییدا (١٨١٥-١٨٩٧) بەرچاودەکەوێت:

زەمانە ڕەسمی جارانی نەماوە
چراغی ناظم و مونشی کوژاوە
لە دەوری ئێمە ڕۆمان و جەریدە
ئەگەرچی مەقصەدە، زانینی باوە» (١)

٤- یەکەم بەرهەمی بڵاوکراوەش کە زاراوەی ڕۆمانی لەسەر نووسرابێ لە کوردستانی عێراقدا ڕۆمانی (نازدار یا ژنی کورد لە لادێ)ی محەمەد عەلی کوردییە وەک د. فوئاد ڕەشید دەڵێ «لەسەدەی بیستەمیشدا بەپێی ئاگاداری ئێمە- کۆنترین سەرچاوەیەک کە زاراوەی (ڕۆمانی کوردی) تێدا بەکار هاتبێت بریتییە لە گ. (ڕووناکی) ژ (٧)ی ٢٨ / ئاداری / ١٩٣٦ ی کە لەلاپەڕە (٨)یدا نووسراوە،



نازدار یا ژنی کورد لە لادێ، ڕۆمانێکی کوردییە لە ١٠٠ لاپەڕەدا نووسراوە، بەقەڵەمی محەمەد عەلی کوردی..» (٢).

٥- یەکەم ڕۆمانی کوردی بڵاوکراوە لە کتێبی سەربەخۆ و لەسەر کتێبەکەش نووسرابێ ڕۆمان، ئەوا ڕۆمانی (نازە)ی (ئیسماعیل ڕۆژ بەیانی)یە کە لەساڵی (١٩٨١) لە بەغدا چاپخانەی دار العراق بە قەبارەی (١٣٣) لاپەڕە چاپ کراوە.

٦- یەکەم ڕۆمانی کوردیش کە لەشاخ چاپ کرابێت، ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی (محەمەد موکری)یە، کە لە ساڵی (١٩٨٢) لەناو زەنگ چاپ کراوە و، مشتومڕێکی ڕەخنەیی زۆریشی لەسەر کراوە.

٧- یەکەم بابەتی ڕەخنەیی لەبارەی ڕۆمانی کوردی ئەم زنجیرە وتارەیە کە (محەمەددەمین ئەحمەد) بە پێنج بەش لە ڕۆژنامەی (التاخي) بەزمانی عەرەبی بڵاوکردۆتەوە بەناونیشانی (غياب الرواية في الادب الكردي) کە زنجیرەی یەکەمی لە ژمارە (١٤٠٦)ی ٩ / ٨ / ١٩٧٣ بڵاوکراوەتەوە و زنجیرەی پێنجەمیشی لە ژمارە (١٤١٩)ی ٢٦ / ٨ / ١٩٧٣ دا بڵاوکراوەتەوە(٣).

٨- یەکەم نامەی ئەکادیمی (نامەی زانکۆ) ماجستێر دەربارەی نامەکەی (د. ئیبراهیم قادر محەمەد)ە کە بە ناونیشانی (ڕۆمانی کوردی لە عێراق دا) کە لەساڵی ١٩٩٠ پێشکەشی کۆلیجی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە(٤).

٩- یەکەم کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێتی بڵاوکراوە لە ئەدەبی کوردیدا نۆڤلێتی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب)ە کە لەساڵی (١٩٢٥) نووسراوە بەڵام تا ساڵی ١٩٧٥ لە شێوەی کتێب چاپ نەکراوە و ئەگەرچی ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوانیش ڕای جیاوازییان هەیە لە پۆلێنکردنی دا بەڵام من بەیەکەم تۆماری نۆڤلێت یا کورتە ڕۆمانی دادەنێم، چونکە ڕاستە لەسەر دەقەکەدا ناسنامەی دەستنیشان نەکراوە واتە پۆلێن نەکراوە بەڵام دەقەکە گەواهی ئەم بۆچوونە دەدات و لەسەردەمی خۆشی «بە ٢٣ ئەڵقەی تەواو نەکراو لە هەردوو ڕۆژنامەی (ژیانەوە) و (ژین) بڵاوکراوەتەوە، هەژدە ئەڵقە لەم چیرۆکە درێژە لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) بڵاوکراوە و پێنج ئەڵقەی تر لە ڕۆژنامەی (ژین) بڵاوکراوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٧٥ لەلایەن جەمال بابانەوە سەرجەمی دەسنووسی دەقەکە لەگەڵ پێشەکییەک بەشێوەی کتێب چاپ کراوە»(٥).

١٠- یەکەم بەرهەمی چاپکراو لە ئەدەبی کوردی کە نووسەرەکەی خۆی پۆلێنی کردبێت و

لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا نووسیبێتی (کورتە ڕۆمان) ئەوا (ماڵئاوا گوڵی خەم)ی (هیمداد حسین) ە کە لەساڵی (١٩٨٨) لە بەغدا چاپ کراوە.

بەڵام یەکەم تۆمار لە چاپ کراوەکانی (شاخ) دا کەلەسەر بەرگی کتێبەکە نووسرابێت کورتە ڕۆمان (نامەیەکی بەپەلە)ی کاروان عەبدوڵلایە کەلە ساڵی (١٩٨٧) لە چاپخانەی حیزبی شیوعی کوردستان چاپ و بڵاوی کردۆتەوە بەڵام تیراژەکەیان زۆر سنووردارو کەم بووە تەنانەت شێوەی تایپ و چاپەکەشیان ئەوەندە پێشکەوتوو و جوان نەبووە[٦].

ساڵی دواتریش واتە ساڵی (١٩٨٩) کاروان عەبدوڵلا هەر لە شاخ کورتە ڕۆمانی (کێوی مەزن)ی بڵاوکردەوە کە لەسەر بەرگەکەی نووسراوە کورتە ڕۆمان.

١١- یەکەم بەرهەم لە شێوەی کتێب کە نووسەرەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکە ناسنامەی دەقەکەی دیاری کردبێت و لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیبێتی (نۆڤلێت) ئەوا (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی (شێرزاد حەسەن) ە کە لەساڵی (١٩٩٦) چاپ کراوە.

هیوادارم ئەم زانیارییانە ببن بەسەرچاوە بۆ لێکۆڵەرەوەو خوێنەرو ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی بەگشتی و ڕۆمانی کوردی بەتایبەتی و ئەگەر زانیاری دیکەیش بخرێتە سەر ئەم نووسینە بابەتەکە دەوڵەمەندتر دەکات و دواجاریش بۆ خزمەتی ئەدەبی کوردی دەبێت.

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) د. فوئاد ڕەشید، ڕەخنەی (ڕەخنەی ڕۆمانی کوردی) ١٩٧٣-١٩٩٩، لە بڵاوکراوەکانی کتێبفرۆشی سۆران- هەولێر، چاپخانەی ڕوون، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل ١٢٨.

(٢) سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٨.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.

(٤) بڕوانە، ئیبراهیم قادر محەمەد، ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی د. عەبدوڵلا دەباغ، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، ١٩٩٠.

(٥) عادل مەجید گەرمیانی، ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردی هاوچەرخدا، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی د. ئیحسان فوئاد، کۆلیجی پەروەردە، زانکۆی بەغدا، ١٩٩٦، ل ٧٩.

(٦) حەیات عەبدولکەریم، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠-٢٠٠٠)، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی د. عەبدوڵلا حەداد، کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی زمانی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین، ٢٠٠٥-، ل ,١٣٤



# نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا

## • نۆڤلێت وەک زاراوە و پێناسە و قەوارە

بێ گومان هەموو چەشنەکانی ڕۆمان و کورتە ڕۆمان و چیرۆک، جۆری جیاجیان لە پەخشانی ئەدەبی، بەڵام لەڕووی قەوارەو سیماو تایبەتمەندییەوە جیاوازن و بەناوی جیاوازەوە ناودەبرێن «چیرۆک و ڕۆمان، وەکو دوو ژانری ئەدەبی لە ڕووی قەوارەی بچووکی و درێژییەوە چەند چەشنێکیان هەیە، وەکو ڕۆمانی کورت، ڕۆمانی درێژ، چیرۆکی کورت، چیرۆکی درێژ، کورتیلە چیرۆک، ئەو چەشنانە بەپەخشانی ئەدەبی دەژمێردرێن هەتا ئەگەر خەیاڵی، یا زانستی یا مێژوویی، یا ڕیالیزمی بن ڕستەیەکی چاکیش لە پەخشانی ئەدەبیدا..»[١].

ڕەئوف حەسەنی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس بۆ مەسەلەی ناونانی ڕۆمان یا کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت ڕای وایە کە «پەخشانی هونەریی لە چیرۆکی (پەنجا) وشەییەوە هەیە تا بەهەزاران لاپەڕەو.. خۆ نابێت بۆ هەریەکەیان ناوێک دابنێین.. تەنیا چوار پێنج ناومان هەیە بۆ ئەوەی کەمێک لە یەکدییان جودا بکەینەوە.. کورتیلە چیرۆک.. چیرۆکی کورت.. نۆڤلێت.. ڕۆمان..»[٢]

(شێرزاد حەسەن)ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسیش پێی وایە «ئەگەر لە ڕوانگەیەکی کلاسیکییەوە وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە دەڵێین: نۆڤلێت لە کورتە چیرۆک درێژترە و لە ڕۆمانیش کورتترە، یان ئەوەتا بە ژماردنی وشەکان (نۆڤلێت) لە (ڕۆمان) جیا دەکەنەوە، هەریەکەو ژمارەیەک جیا لەوی دیکەیان دەدا. لە ڕوووی مێژووییەوە ڕەخنەگران بڕوایان وایە کە (کورتە ڕۆمان) لە (ئەڵمانیا) سەرپێ کەوتووە و گەشەی کردووە، پتر لەهەر شوێنێکی دیکە، بەڵام دیارە کە ئەمڕۆ لەهەر چوار قوڕنەی دنیایە (کورتە ڕۆمان) بازاڕی گەرمی هەیەو بەملیۆنەها خوێنەری لەدەوری خۆی کۆکردۆتەوە.

هەڵبەتە وشەی یان زاراوەی (ڕۆمان) بە کوردی نزیکە لەوەی (romance) وەک ئاخافتن، نەک بەمانا، خۆ لەچەند زمانێکی تازەی ئەوروپیدا بەکاردەهێنرێ. وشەی (novel) کە هەر دەکا ڕۆمان بەشێوەیەکی کەمێک شێواو و ناجۆر لە وشەی

(novella)ی ئیتالّییەوە هاتووە کە دەکا (شتێکی بچووک و تازە)، هەڵبەتە ئەمڕۆکە ئێمە لە زمانی خۆماندا وشەی (نۆڤلێت) بەکاردەبەین کە دەکاتە کورتە ڕۆمان کە دیارە هەم تازەیەو هەم بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمان کورتتر و بچووکترە..»[٣]

(ئەنوەر محەممەد تاهیر)ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسیش دوای بەراورد کردن لەنێوان ئەو دوو ژانرە و لە وەڵامی تەوەری (ڕامان) دا هۆسا دبێژیّ «نزانم گەلەک جارا لە تێک دچێت بەراوردکردن لناڤ بەینا نۆڤلێت و رومانێ هندەک نۆڤلێتی ب دەم و ڕوویدا گرێدەن کۆ دبیت ماوەیێ ڕوویدانا ژ سالەکێ کێمتر نەبێت. بەلێ هەکە ئەم لدویڤ پێناسا ئنگلیزی بچین کو (Novel) چیرۆکا درێژە.

ئەلبەت گەلەک ڕۆمان نڤیس هەنە نۆڤلێت نڤیسینە وەک- گابریل گارسیا مارکیز- و نۆڤلێتا (کۆلۆنیلی کەس نینە ژێرا کاغەزا بشینیت) یان سەر هاتیا دەریا ڤانەکێ خندقی) یان نۆڤلێتا (سوورو) یا سومرست دی یان (باغچەی ئاژەلا) یا جۆرج ئۆریل گەلەک رومانا- پیرەمێرد و زەریا- یا همنگوای بەنۆڤلێت دان چونکی ماوەیێ وێ کێمە ئەوژی دەست پێ دکەت دەمێ سانتیاگۆ- دچیتە ناڤ دەریای تا دزڤریتەڤە ئەو ماسییا ڕاڤەکری- قرشا یا خاری هەر هۆسا گەلەک عەرەب و کورد هەنە چیرۆک یا نڤیسای و نۆڤلێت ژی نڤێسایە.»[٤]

بەلاّم ئەو ناونانەو لێکتر جیاکردنەوەیە بەلای (جەبار جەمال غەریب)ی ڕۆماننووس و چیرۆکنووس تەنیا زمانە ئەگەرچی ئەو پێی وایە کە ناونانەکەی ئەو بایەخەی نییە بەڵکو چڕکردنەوەی زمانەکە نۆڤلێت دروست دەکات وەک دەڵێ «هۆکاری هەرە سەرەکی سەرهەڵدانی نۆڤلێت زمانە، زمان و بەس، ئەو زمانەی نۆڤلێتی پێ دەنووسرێ هەمان زمانی شەفافی ڕۆمان نییە، هەرگیز مەودای ئەوە نییە ڕۆمانێکی دوو سەد یا سێ سەد لاپەڕەیی بەو زمانە پڕ سیحرو (ئاینەی) نۆڤلێت بنووسرێ. ئەو زمانەی نۆڤلێت کە لەچرکەی نووسیندا دەخولقێ ڕۆمانی پڕ کێشەو ڕووداوی پێ نانووسرێ. هەرچەندە ناونان لای من هیچ بایەخێکی نییە، بەلاّم کاتێک نۆڤلێت هەموو دەلالەتەکانی ڕۆمان لە مانایەکی دیکەدا هەڵدەگرێ ڕۆمانە، یان دەکرێ بڵێین هەر ناونانی نۆڤلێت هەڵەیەو نۆڤلێتیش ڕۆمانە بەزمانێکی چڕتر، کە ئەو چڕی و فرە مەوداییەی زمان بواری ئەوە نادات نووسەر هەر وا بە ئارەزوو سەدان ڕستەو وشە بۆ دەربڕینی حاڵەتێک بەکاربێنێ و لە ئەستوور بوونی کتێبەکەی بە خەرجیان دات. دەشێ نۆڤلێت ئەو ڕۆمانە شیکە بێت کە لەگەڵ دنیا خۆی نوێ دەکاتەوە.»[٥]



بەلاّم نۆڤلێت لای (ناسر وەحیدی) ڕۆماننووس و چیرۆکنووس دیاریکردنی قەوارەکەیەتی کە جێگای ڕۆمانی چەند بەرگی دوورو درێژی کلاسیکی گرتۆتەوە وەک دەڵێ «ئێستا چیرۆکیش لەباری قەوارەوە خەریکە بۆزو ناحەز دەبێ. زۆر دەمێکە چیرۆک (نۆڤلێت) جێی بۆشایی ڕۆمانگەلێکی چەند بەرگی چەشنی سێ تفەنگدار- ئەلکساندەر دۆماو، گەوجە- داستایوڤسکی، دۆنی ئارام- شۆلۆخۆف، گیانی شەیدا- ڕۆمەن ڕۆلان، کەلیدەر- دەوڵەت ئابادی، ئاگر بەبێ دوکەڵ- نادر ئیبراهیمی... پڕکردۆتەوە.. چیرۆک (نۆڤلێت) ئەگەر وەک نووسراوەیەکی ئەدەبی لە ڕۆمان کورتتر و لە کورتە چیرۆک درێژتر لەبەرچاو بگرین، هەروەک ئەوەی کەلە قامووسگەلی ناودێری جیهان ((وبیستر، کارڵ بیکسۆن و ئارتورگینز)) لەبەر چاو گیراو. هەرچەند کەلە زۆر زاراوە گەلی ئەدەبی جیهانی، بۆ ڕۆمان، چیرۆک و کورتە چیرۆک یەک مانا دانراوە. ئەوەی کە گرنگە لێرەدا باری ناوەرۆک و ناوئاخنی ئەم شێوە چیرۆکانەیە، کە دەبێ تایبەتمەندی ڕۆمان و کورتە چیرۆکیان هەبێ، بەلاّم ئەم تایبەتمەندییانە کامانەن؟..»[٦].

حەسەن سلێڤانی چیرۆکنووس و شاعیریش هەر لەو مێزگردەی گۆڤاری (ڕامان)دا کە تایبەتە بە نۆڤلێتی کوردی ڕای وایە کە ((نۆڤلێت نڤیسین، بیاڤێ وێ برفرەهترە، ڕەنگەکێ شارستانییێ هەڤچەرخە ژ ڕۆمانێ زایە، خوە ب چ تیتال و ڕەوشێن نەلڤ نا گرێدەت، نڤیسەرێ وێ خوە دبینیت ئازادو بەردایی، رویدان و کەس و پەهلەوان دێ ب تەمامی هێتە خواندن. ئیتر ڕوژا نۆڤلێتێ یە.»[٧].

مامۆستا (محەمەدەمین ئەحمەد)ی چیرۆکنووسیش بە چاوی گەردوونیی و پێشکەوتن و ئاستی ڕۆمانی پێشکەوتنی دنیاو سەردەمی جیهانگەرایی ئەمڕۆ سەیری نۆڤلێتی کوردی دەکات و دەڵێ «ڕۆمان و نۆڤلێت، حاڵەتێکی بەردەوامبوونی، بوونە، ڕۆمان بەهرەو قانوون و تەکنیک و بیروهۆش و واقیع و سەرووی واقیع و سەرووی دڵ و دەروون ڕووحیش دەگرێتەوەو کەی ئەو ڕۆمان نۆڤلێتە گەردوونییە، کەوتەوە، ئەوا دەبێ وەرگر و ڕەخنەگریشی لە ئاستی ئەو داهێنانە دابن..»[٨].

(د. عادل گەرمیانی)یش لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناونیشانی «چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب» دا داوای باسکردنی ڕۆمان و چیرۆک و پێوەندی و جیاوازی هەریەک لە ڕۆمان و ژانرەکانی دیکەی ئەدەب و بەتایبەتیش جۆرەکانی پەخشان و دوای نیشاندانی جیاوازییەکانی نێوان چەشنەکانی چیرۆک و چەشنەکانی ڕۆمان دەستنیشانی قەوارەی هەریەک لەم ژانرانەی کردووە و دەڵێ «قەوارەی (کورتیلە چیرۆک

(٥٠٠-١٥٠٠) وشەیەو، قەوارەی چیرۆکی کورت (٥-٦) هەزار وشەیەو، قەوارەی چیرۆکی درێژ (٢٠-٣٠) هەزار وشەیە، قەوارەی ڕۆمانی کورت (٤٠-٦٠) هەزار وشەیەو، قەوارەی ڕۆمانی درێژ لەوانەیە زیاتر لە (٢٠٠) هەزار وشەیە بۆ نموونە ڕۆمانی (شەڕ و ئاشتی) تۆلستۆی (١٨٢٨-١٩١٠) بریتییە لە زیاتر لە (٦٠٠) هەزار وشە..»[٩].

(چنار بێجان جندی)یش لەباسی دەرچوونیدا کە پێشکەشی کۆلێژی پەروەردە- بەشی زمانی کوردی کردووە بەسەرپەرشتی د. فەرهاد پیربالّ و بەناونیشانی (تەکنیکی گێڕانەوە لە نۆڤلێتی مەرگی بازنەیی دا) و لەم باسەیدا کە بەشێکی تەرخان کردووە بۆ باسکردنی نۆڤلێت لەئەدەبی کوردیدا بەم شێوەیە پێناسەی نۆڤلێت دەکات و دەڵێ «نۆڤلێت یا کورتە ڕۆمان جۆرێکە لە چیرۆک کە لەنێوان ڕۆمان و کورتە چیرۆکدایە، ئەگەرچی کورتی یا درێژی تاکە پێوەرە کە ئەم بابەتانە وەک ژانرێک لەیەکتر جیا دەکاتەوە بەڵام لەگەڵ ئەمەش بابەتەکە زیاتر دیاری دەخات کە ئەم تێکستە دەخرێتە ڕوو کامە جۆریانە، لەوانەشە نووسەریش ڕۆڵی هەبێت لە دەستنیشانکردنی و پۆلێنکردنی کە لەسەر تێکستەکەی دەنووسێ جا چ بە کتێب بڵاوی دەکاتەوە یا لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا..»[١٠].

(عەبدولڕەحمان پاشا)ش لە کتێبی (الرواية الكردية) دا لەگەڵ بڵاوکردنەوەی دوو بیبلۆگرافیا بۆ ڕۆمانی کوردی و کورتە ڕۆمان کە ئەو بەعەرەبی ناوی ناوە چیرۆکی مامناوەندی (القصة الوسطي) لەم کتێبەدا تەنیا ئەم بیبلیۆگرافیایەی بۆ کردووە و لە پەراوێزی بیبلیۆگرافیا کەشدا بەم شێوەیە پێناسەی کردووە و قەوارەی دەستنیشان کردووة کة دةڵێ «القصة الوسطي: قصة نثرية} طول من القصة القصيرة وأقصر من القصة الطويلة والرواية ويتراوح عدد كلماتها بين ١٥ و ٣٠ الف كلمة»[١١].

(حەیات سەعید عەبدولکەریم)یش لە ماستەرنامەکەیدا کە بەناونیشانی (نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا- ١٩٧٠-٢٠٠٠ پێشکەشی کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەددینی کردووە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەڵێ ((تیۆریستانی ئەدەب و ڕەخنەگران لە مشتومڕدان دەربارەی درێژی ڕۆمان (نۆڤڵ) و کورتە ڕۆمان (نۆڤلێت) چ دەقێک ڕۆمانەو چی تریش نۆڤلێتە یا کورتە چیرۆکە ئەمانە هەمووی جێی پرسیارن. وا دیارە یاساو دەستورێکی کەم لە ئارادایە بۆ جودا کردنەوەی ئەم ژانرە ئەدەبییانە. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لە پرۆسەی نووسیندا زۆربەی تیۆریستانی ئەدەب لەو ڕایەدان کە ڕۆمان واتە نۆڤلێتیش کە بە کورتە ڕۆمان یاخود چیرۆکێکی درێژ



وەسفی دەکەن لەڕووی درێژییەوە لەنێوان ڕۆمان و کورتە چیرۆک دایدەنێین یاخود بەواتایەکی تر نۆڤلێت درێژترە لە کورتە چیرۆک و کورتترە لە ڕۆمان»[١٢].

## • نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا

نۆڤلێت یا کورتە ڕۆمان وەک زاراوە لەکۆتایی ساڵانی هەشتاکان لەئەدەبی کردیدا بەکارهاتووە بەتایبەتیش بۆ جیاکردنەوەی ئەم چیرۆکە درێژەی کە بەقەوارە لە ڕۆمان کورتترە و لە کورتە چیرۆکیش درێژترە.. بابەتەکە خۆی دەستنیشانی خانە بەندییەکە یا پۆلێنکردنەکە دەکات، چونکە ئێستا کە نووسەران خۆیان دەستنیشانی بابەتەکانیان دەکەن و خۆیان پۆلێنییان دەکەن کاتێ کە لەگۆڤارو ڕۆژنامەکان بڵاویان دەکەنەوە یانیش کاتێ کە بەکتێبی سەربەخۆ چاپیان دەکەن و لەسەر بابەتەکە وا دەنووسرێ (ڕۆمان، کورتە ڕۆمان، نۆڤلێت، نۆڤڵ، داستان، ڕۆمانۆکە، چیرۆکی درێژ، چیرۆک، داستانی کوردەواری... تاد).

ئەمە ئەم دەستنیشانکردنە تا ساڵانی نەوەدەکان واتە قۆناغی ڕاپەڕین، هەر نووسەرە بۆ خۆی بەمیزاجی خۆی دایدەناو پۆلێنی دەکرد، بەڵام لە دوای ڕاپەڕین چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بەگشتی بەهەموو جۆرەکانییەوە بۆ چەند جۆرێک پۆلێن کران (ڕۆمان، کورتە ڕۆمان، نۆڤلێت، ڕۆمانۆکە، نۆڤڵ، چیرۆک، کورتیلە چیرۆک). لەگەڵ ئەمەش بەر لەم مێژووە و پێش ساڵانی دەستنیشانکردن و هەر لەساڵانی بیستەکان بەدواوە دەیان کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت چ بەشێوەی کتێب و چیش لەسەر لاپەڕەی گۆڤارەکان بڵاوکراونەتەوە بەڵام وەک زاراوە هیچیان لەسەر نەنووسراوە یا هەندێکیان تەنیا لەسەریان نووسراوە چیرۆک، بێ گومان ئەگەر(لە خەومای) (جەمیل سائیب) بەکورتە ڕۆمان دابنێین کە هەندێک لێکۆڵەرەوە و توێژەری بواری چیرۆک بەکورتە ڕۆمانی دادەنێن ئەوا سەرەتای نۆڤلێتی کوردی بەساڵی **١٩٢٥** وەک دەسپێک و یەکەم تۆمار دادەنرێ لەم بوارەدا.

ئینجا ئەم مشتومڕەی ڕۆمانە یا کورتە ڕۆمان (مەسەلەی ویژدان)ی (ئەحمەد موختار جاف)یش دەگرێتەوە کە هەندێک توێژەری چیرۆک بە ڕۆمان و هەندێکیش بە کورتە ڕۆمانی دادەنێن[١٣]، بێ گومان مێژووی نووسینی لەساڵی **١٩٢٧** بووە بەڵام چاپ نەکراوە. جا لەبەرئەوەی هیچ ڕایەکی چەسپاو لەبارەی ئەم دوو بەرهەمە نییە، من ڕای تایبەتی خۆم مەسەلەی ویژدان بە ڕۆمان دەزانم و (لەخەوما)ش بە کورتە ڕۆمان دەزانم بۆیە ناتوانین لە ساڵانی بیستەکان جگە لە (لەخەوما)ی جەمیل سائیب هیچ بەرهەمێکی دیکە بدۆزینەوە بۆیە لەدەیەی بیستەکاندا بە تاکە نۆڤلێت دەمێنێتەوە. لە ساڵانی

سییەکاندا دوو کورتە ڕۆمانی (ئەلهویێ کوردستان) و (قڕاڵی کوردستان)ی (کامیران بەدرخان) چاپ کراون. دوای ئەمەش کورتە ڕۆمانی (هەلاّتناسی)ی (نوری هیزانی) لە ساڵی (١٩٣٤) چاپ کراوە. کەواتە هەر لە سالاّنی بیست و سییەکاندا چەند هەوڵێک هەبووە و دوای ئەم مێژووەش بەتایبەتی لە دەیەی پەنجاکان و شەستەکاندا چەندان چیرۆکی درێژ چ لە شێوەی کتێب و چ لە گۆڤارەکان بلاّوکراونەتەوە و هەندێکیان لە ڕووی قەبارە و ناوەڕۆکەوە و لەڕووی هونەریشەوە دەکرێ وەک نۆڤلێت دابندرێن بەلاّم نووسەرەکانیان هیچ پۆلێنێکیان بۆ نەکردوون یا لەسەریان نووسراوە چیرۆک. بێ گومان هەندێک لەم چیرۆکانە ئەگەرچی لەسەریان نووسراوە چیرۆک و وەک کتێبی سەربەخۆش چاپ کراون بەلاّم لەڕووی قەبارەو شێوە و ناوەرۆکەوە ناچنە ناو خانەی نۆڤلێت و هەر بەشێوەی چیرۆک دەمێننەوە ئەگەرچی وەک کتێبی سەربەخۆش چاپ کراون لەمانەش دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانیان بکەین:

١- عیسا عەلی، کەڵەکۆک، ڕەواندز- چاپخانەی زاری کرمانجی، ١٣ ل، ساڵی ١٩٢٦.

٢- پیرەمێرد، مەم و زین، سلێمانی- چاپخانەی ژین، ٢٢ ل، ساڵی ١٩٣٤.

٣- پیرەمێرد، دوانزە سواری مەریوان، سلێمانی- چاپخانەی ژین، ٣٦ ل، ساڵی ,١٩٣٥

٤- محەرەم محەمەدەمین، مام هۆمەر، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ٢٧ ل، ساڵی ١٩٥٤.

٥- مستەفا ساڵح کەریم، زرەی زنجیر، سلێمانی چاپخانەی ژین، ٢٢ ل، ساڵی ,١٩٥٨

٦- خالد دلێر، کەوای نەکرای، بەغداد چاپخانەی المعارف، ١٦ ل، ساڵی ١٩٥٨.

٧- محەرەم محەمەدەمین، گردی شەهیدان، سلێمانی چاپخانەی کامەران، ٢٤ ل، ساڵی ١٩٥٨.

٨- محەمەد عەلی مەدهۆش، نەریمان چی لێهات، سلێمانی، چاپخانەی ژین، ٣٢ ل، ساڵی ١٩٦٨.

٩- عەزیز عەقراوی، تۆڵەسەندن، بێ شوێن و ناوی چاپخانە، ١٩ ل، ساڵی ١٩٦٨.

١٠- حەمە کەریم عارف، گۆرانی غەریبان، بێ شوێن و ناوی چاپخانە، ٢٤ ل، ساڵی ١٩٩٢.

١١- عەزیزی مەلای ڕەش، حزبی کەران، چاپی ڕۆنیۆ و فۆتۆکۆپی، ٣٦ ل، ساڵی ١٩٩٤.



بێ گومان ئەم بەرهەمانەی کە دەستنیشانمان کردن ناچنە ناو خانەی یا بیبلیۆگرافیای کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت بەهۆی قەبارەی لاپەڕەیان کە هەر لە قەبارەی چیرۆکە و چیش بەهۆی لایەنی هونەرییەوە کە لەکورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت جیا دەکرێنەوە، بەلاّم لەگەڵ ئەمەش چەندان بەرهەمی دیکەیش هەر لەدەیەی پەنجاو شەستەکانەوە لە شێوەی کتێب چاپ کراون، ئەگەرچیش هەیانە نووسەرانیان لەسەریان نووسیوە چیرۆک یا هیچیان لەسەر نەنووسیون، واتە لەژێر پۆلێنکردنی کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت بلاّوکراونەتەوە بەهۆی بلاّوبوونەوەی ئەم زاراوەیە لە ئەدەبی کوردیدا لەم سەردەمەی ئەوسا واتە دەیەی پەنجاو شەست و بەدواوە بەلاّم لەگەڵ ئەمەش دەکرێ بەگوێرەی قەبارە و شێوە و ناوەڕۆک و لایەنی هونەرییان کە نەچیرۆکن و نەرۆمانیش بۆیە لەشێوەی کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت دەخوێنرێنەوە، دڵنیاشم لەو سەردەمە ئەگەر خاوەنەکانیان واتە نووسەرانیان لەسەریان نووسیبا نۆڤلێت یا کورتە ڕۆمان ئەوا بێ شک دەبوون بە پێشەنگ لەم بوارەدا بەلاّم بەداخەوە ئەم پۆلێنەیان بۆ نەکراوە، یا لەژێر ناوی چیرۆک بلاّوکراونەتەوە بۆ نموونە لە دەیەی پەنجاکاندا چەند بەرهەمێک شایانی ئەوەبوو کە بەنۆڤلێت لەقەڵەم بدرێن چونکە وەک قەبارەو لایەنی هونەری دەچنە ناو ئەم خانەیەوە وەک (لالۆ کەریم)ی جەمال نەبەز کە لەساڵی (١٩٥٦) بەقەبارەی (٧٢) لاپەڕە چاپ کراوە. هەروەها (خانزاد)ی جەمال بابان کە بەقەبارەی (٥٦ ) لاپەڕە چاپ کراوە و هەمدیس (کاروانی) محەمەد ساڵح سەعید بەقەبارەی (٦٠) لاپەڕە چاپ کراوە. ئەمە تا ساڵانی هەشتاکانیش چەندان بەرهەمی بەقەبارە و ناوەرۆک دەبینرێن بەلاّم ناویان لێ نەنراوە نۆڤلێت یا کورتە ڕۆمان بەڵکو هەر چیرۆکیان لەسەر نووسراوە بۆ نموونە کۆ چیرۆکی (گەلەگورگ)ی مامۆستا حسێن عارف کە بریتییە لە چوار چیرۆک و لەسەر بەرگەکەشی نووسراوە چوار چیرۆک ڕاستییەکەشی ئەوەیە کە هەردوو نۆڤلێتی (گەلەگورگ) و (شالاّوی دڵ) بێ شک نۆڤلێتن بەڵکو دوو نۆڤلێتی جوان و سەرکەوتووشن چ لەبارەی شێوە و چیش لەبارەی ناوەرۆکەوە کە گەلەگورگەکەی (٥٥)ی لاپەڕەی قەوارەی کتێبەو (شالاّوی دڵ)یشی بەقەبارەی (٦٠) لاپەڕەی کتێبەکە کە قەبارەی کتێبی گەورەیە.

دوای ئەم دەقانەش چەندان هەوڵی دیکە دەبینین کە لێرە و لەوێ بەناوی چیرۆک یا هەر ناوێکی دیکە بێت تۆمار و بلاّوکراونەتەوە، بەلاّم داخەکەم تا کۆتایی دەیەی هەشتاکان ناچنە ناو پۆلێن و بیبلۆگرافیای کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێتی کوردی، ئەگەرچی زۆر لەم دەقانە ئەگەر حیسابی قەبارە و ناوەرۆک و تەکنیکیان بۆ بکەین بێ شک بەنۆڤلێت

حیساب دەکرێن بەڵام لەبەرئەوەی ئەو پێناسەی دەقە یا پۆلێنکردنەکەیان لەسەر نەنووسراوە ئەوا نۆڤلێت یا کورتە ڕۆمان تۆمارەکەی دەکەوێتە دەیەی هەشتاکان چونکە لەم دەیە بەدواوە ئەم ژانرە ئەدەبییە چ وەک بابەت و چ وەک دەستنیشانکردن و پۆلێنکردنیشی و چ وەک زاراوەش زیاتر پەرەی سەندو خۆی چەسپاند ئەگەرچی جگە لەو دوو بەرهەمەی حسێن عارف کە باسمان کرد هەر لە دەیەی هەشتاکان دەیان بەرهەمی هونەری دیکە بڵاوکراونەتەوە کە لەڕووی هونەری و قەبارەوە کورتە ڕۆمانن یا نۆڤلێت بەڵام نووسەرەکەی لەسەری نەنووسیوە کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت بۆ نموونە (زەلیل)ی (حیسام بەرزنجی) کەلەقەبارەی (١١٢) لاپەڕە و ساڵی (١٩٨٢) چاپ کراوە نووسەرەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیوە (چیرۆکی درێژ) یا (پایزە خەون)ی (محەمەد مەولوود مەم) کە لەساڵی (١٩٨٧) دا چاپ کراوە بەڕاستیش کە نۆڤلێتێکی هونەرییە بەڵام نووسەرەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیوە (داستانی کوردەواری) هەروەها لە ساڵی (١٩٩٦) عەبدوڵڵا سەڕاج لەسەر بەرگی (سۆناتای ڕۆح)ی نووسیوە (نۆڤڵ). (عەزیزی مەلای ڕەش) یش لەسەر بەرگی (کرمانج)دا نووسیویەتی (وتارە چیرۆک). هەر (عەبدوڵڵا سەڕاج) لەساڵی (٢٠٠١) دا کاتێ لە هەندەران (ونگە) چاپ دەکات لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسیویەتی (نۆڤلێت- ڕۆمانۆکە) بەڵام هەردوو بەرهەمەکەی لە چاپی دووەمدا کە لەساڵی (٢٠٠٥) دا چاپ کراوە لەسەریانی نووسیوە (نۆڤلێت). بەڵام یەکەمین تۆمارەکان لە ئەدەبی کوردیدا بەم شێوەیە دەکەوێتەوە: یەکەم بەرهەمی چاپکراو لە ئەدەبی کوردیدا کە نووسەرەکەی خۆی پۆلێنی کردبێت و لەسەر بەرگی کتێبەکەیدا نووسیبێتی (کورتە ڕۆمان)، لە (شار) دا (ماڵئاوا گوڵی خەم)ی (هیمداد حسێن) ە کەلە ساڵی (١٩٨٨) لە بەغدا چاپ کراوە.

بەڵام یەکەم تۆمار لە چاپ کراوەکانی (شاخ)دا کە لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسرابێت کورتە ڕۆمان (نامەیەکی بەپەلە)ی (کاروان عەبدوڵڵا)یە کە لەساڵی (١٩٨٧) لە چاپخانەی حیزبی شیوعی کوردستان چاپ و بڵاوکراوەتەوە بەڵام تیراژەکەیان زۆر سنووردار و کەم بووە تەنانەت شێوەی تایپ و چاپەکەشیان پێشکەوتوو و جوان نەبووە[١٤]. ساڵی دواتریش واتە ساڵی (١٩٨٩) هەر (کاروان عەبدوڵڵا) و هەمدیس لە شاخدا کورتە ڕۆمانی (کێوی مەزن)ی چاپ و بڵاوکردەوە کە ئەمیش لەسەر بەرگەکەی نووسراوە (کورتە ڕۆمان) و هەر لە شاخیشدا گفتوگۆیەکی زۆری لەسەر کراوە و بابەتی ڕەخنەیی باشی لەسەر نووسراوە.



یەکەم بەرهەمیش لە ئەدەبی کوردیدا کە نووسەرەکەی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیوە (نۆڤلێت) ئەوا وەک تۆمار (حەسار و سەگەکانی باوکم)ی (شێرزاد حەسەن)ە کە لە ساڵی (١٩٩٦) چاپ کراوە. لێرەش دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە وەک زاراوە و بەکارهێنانی کورتە ڕۆمان یەکەم تۆماری دەکەوێتە ساڵی (١٩٨٧) و نۆڤلێتیش یەکەم بەکارهێنان و تۆماری دەکەوێتە ساڵی ١٩٩٦. نۆڤلێت یا کورتە ڕۆمان چ وەک شێوە و ناوەرۆک و چ وەک ناوهێنان و پۆلێنکردنی لە ساڵانی دوای ڕاپەڕین بەدواوە پێشکەوتنی زیاتری بەخۆوە دیوە، چ بەشێوەی چاپکردنی کتێبی سەربەخۆ و چ وەک بڵاوکردنەوەی لە گۆڤارە ئەدەبییەکانداو وەک زاراوەش توانی خۆی لە ڕۆمان و کورتە چیرۆک جیابکاتەوە و خوێندنەوەی بۆ بکرێت و وەک جۆرێکی پەسندو پێویستی سەردەم خۆی بە خوێنەرانی کورد بناسێنێ و لێکۆڵەرەوەو ڕەخنەگرانی چیرۆکیش وەک جۆرێکی نوێ باسی بکەن، ئەمەش زیاتر بایەخی پێ دەدرێ و دەتوانێت سەربەخۆیی خۆی بپارێزێ و لەم سەردەمە جەنجاڵەی ئەم ڕۆژگارەشماندا نووسەرانمان کە ناتوانن بپەرژێنە سەر ڕۆمانی درێژ دەتوانن پەنای بۆ ببەن و ئەدەبی کوردی پێ دەوڵەمەند بکەن و ڕۆمانی درێژیش بۆ هێزو توانای دیکە جێهێڵن و ئەمانیش لەلای خۆیانەوە ببن بەتەواوکەری یەکتر بۆ پەرەپێدانی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بەگشتی پێم باشە هەر لەگەڵ ئەم نووسینەدا بەگوێرەی تواناو ئەوەندەی من ئاگادارم و بەدوایدا چووم دەمەوێ بیبلیۆگرافیایەکی نۆڤلێتی کوردی هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا ساڵی ٢٠٠١ تۆمار بکەم تا ببێتە سەرچاوەیەک بۆ زانیاری و ئەم لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگر و قوتابیانەی کە دەیانەوێ زیاتر بەدوایدا بچن و زیاتر لێی بکۆڵنەوە و بەڵکو ئەگەر لەم بیبلیۆگرافیایەدا ئەگەر من شتێکم لەبیر کردبێ یا تۆمارێکم نەکردبێ خەڵکی دیکەیش بێن تەواوی بکەن و بیخەنە سەر بەتایبەتیش ئەم تۆمارانەی دوای ئەم ساڵەی ٢٠٠١ کە من دەستنیشانم کردووە کە تۆمارەکە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان بەردەوامە و خەرمان بەرەکەت بەڵام من بۆ ئەوەی نۆڤلێت بۆ خوێنەران بخەمە ڕوو تا ئێرەم هێناوە.

لە بیبلیۆگرافیاکەدا(*) بەم شێوەیە هێماکان دادەنێم: ناوی نۆڤلێتەکە، ناوی نووسەرەکە، (چ) لەجیاتی چاپخانە، شوێنی چاپ تەنیا شارەکە دەنووسرێ، (ل) لەجیاتی ژمارەی لاپەڕەکانی نۆڤلێتەکەو (س)یش لەجیاتی ساڵی چاپکردنی دەنووسین.

١- لەخەوما، جەمیل سائیب، بەغدا، چ.کۆڕ، س ١٩٧٥، ٧٨ ل- ساڵی ١٩٢٥ نووسراوە.

٢- لالۆ کەریم، جەمال نەبەز، هەولێر، چ.کوردستان، ٧٢ ل، س. ١٩٥٦.

٣- خانزاد، جەمال بابان، بەغدا، چ.تمدن، ٥٦ ل، س. ١٩٥٧.

٤- کاروانی، محەمەد سالح سەعید، بەغدا، چ. سلمان ألاعظمی، ٦٠ ل، س. ١٩٥٧.

٥- پەڵە هەورێکی چڵکن، جەمال بابان، بەغدا، چ.المعارف، ٩٨ ل، س. ١٩٥٨.

٦- خولەو بلە، خالد دلێر، بەغدا، چ. اللواء، ٨٠ ل، س. ١٩٥٨.

٧- ئاوات، مستەفا قەرەداغی، بەغدا، چ. المعارف، ٧٠ ل، س. ١٩٥٨.

٨- شەهیدانی قەڵای دمدم، مستەفا سالح کەریم، سلێمانی، ٥٠ ل، س. ١٩٥٨.

٩- ڕێگای ئازادی، محەرەم محەمەددەمین، سلێمانی، چ. کامەران، ٦٤ ل، س. ١٩٥٩.

١٠- جوان، مەحمود ئەحمەد (ئازاد)، سلێمانی، چ. ژین، ٦٤ل، س. ١٩٦٠.

١١- سەرگوڵ، محەمەد عەلی مەدهۆش، سلێمانی، چ. کامەران، ٧٤ ل، س. ١٩٦٠.

١٢- گەردەلول، عەبدولمەجید ماوەتی، سلێمانی، چ. ژین، ٨٨ ل، س. ١٩٦١.

١٣- شمشاڵی شوان، محەمەد سالح سەعید، بەغدا، چ.سلمان ألاعظمی، ١٠٨ ل، س. ١٩٦٧.

١٤- داستانی دوو پاڵەوان، ڕەمزی قەزاز، بەغدا، چ. الجاحظ، ٩٦ ل، س. ١٩٦٨.

١٥- بووکە شووشە، د. مارف خەزنەدار، بەغدا، چ. ئەسعەد، ٥٨ ل، س. ١٩٦٩.

١٦- کولە مەرگی، عەبدوڵڵا ئاگرین، سلێمانی، چ. کامەران، ٨٨ ل، س. ١٩٦٩.

١٧- ئەنجامی تەماعکاری، سۆران مەحوی، سلێمانی، چ. کامەران، ٩٠ل، س. ١٩٧٠.

١٨- لەسەر زمانی گیانداران، صەلاح محەمەد بەهائەدین، سلێمانی، چ. ڕاپەڕین، ٥٣ ل، س. ١٩٧٠.

١٩- زێرینیای ئامێدی،محەمەد ئەمین مەنگوڕی، النجف، چ.الغری،٥٢ ل،س. ١٩٧١.

٢٠- فەیروز خانی پشکۆ، محەمەد ئەمین مەنگوڕی، النجف، چ. القضاء، ٨٤ ل، س. ١٩٧١.

٢١- ئایا گوناهبارە؟، یوسف دەربەدەر، بەغدا، چ. ألایمان، ٥٠ ل، س. ١٩٧١.

٢٢- خوێنی بەناهەق ڕژاو، سۆران مەحوی، سلێمانی، چ. کامەرانی، ٥٦ ل، س. ١٩٧١.

٢٣- جوتیارێکی کۆڵ نەدەر، سەلام مەنمی، سلێمانی، چ. کامەرانی، ٥٢ ل، س. ١٩٧١.



٢٤- ماهراکۆ، محەمەددەمین مەنگوڕی، سلێمانی، چ. ڕاپەین، ٧١ ل، س. ١٩٧١.

٢٥- کاسەی جەژن، سۆران مەحوی، سلێمانی، چ. کامەرانی، ٩٦ ل، س. ١٩٧٢.

٢٦- گلێنەی گۆڕیچەدراو، سەلام مەنمی، سلێمانی، چ. ڕاپەڕین، ٦٤ ل، س. ١٩٧٤.

٢٧- دەستی دایک، عەمریکی سەردار، ئیریڤان، چ. ڕەوان، ٩٨ ل، س. ١٩٧٤.

٢٨- چوزەرەی بن پەردوو، سەلام مەنمی، سلێمانی، چ. ڕاپەڕین، ١٠٠ ل، س. ١٩٧٩.

٢٩- زەلیل، حسام بەرزنجی، بەغدا، چ. الحوادث، ١١٢ ل، س. ١٩٨٢.

٣٠- گەلەگورگ، حسێن عارف، بەغدا، چ. ألادیب البغدادیة، کۆچیرۆکی گەلەگورگ، ٥٥ ل، س. ١٩٨٣.

٣١- شاڵاوی دڵ، حسێن عارف، بەغدا، چ. ألادیب البغدادیة، کۆچیرۆکی گەلەگورگ، ٦٠ ل، س. ١٩٨٣.

٣٢- ڕاوە ماسی، فازل کەریم ئەحمەد، ئەڵمانیا، چ. بنکەی هەنگاو، ٩٢ ل، س. ١٩٨٦.

٣٣- نامەیەکی بەپەلە، کاروان عەبدوڵڵا، چاپی شاخ، حیزبی شیوعی، س. ١٩٨٧.

٣٤- پایزە خەون، محەمەد مەولوود مەم، بەغدا، چ. دار الحریة، ٨٠ ل، س. ١٩٨٧.

٣٥- ماڵئاوا گوڵی خەم، هیمداد حسێن، بەغدا، چ. الحوادث، ٨٤ ل، س. ١٩٨٨.

٣٦- کێوی مەزن، کاروان عەبدوڵڵا، چاپی شاخ، بێ ناوی چاپخانە، ١١٢ل، س. ١٩٨٩.

٣٧- وێنە یەکتر بڕەکان، حیسام بەرزنجی، کۆمەڵەی نووسەرانی کوردستان، چ/١ و چ/٢، گ. (کاروان)، ژ (٤)، س. ١٩٩٢.

٣٨- چاوەڕوانی، ئارام کاکەی فەللاح، سوید، س. ١٩٩٢.

٣٩- تاریکی خۆر، حەمە عەلی و هاشم سەڕاج، گ. (کاروان)، خولی ڕاپەڕین، ژ (٤)، س. ١٩٩٣.

٤٠- پیری کێوان، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، گۆڤاری (کاروان)، ژ (١٠)، س. ١٩٩٤.

٤١- فیلەکەی نادر شا، موحسین ئەحمەد عومەر، پاریس، ٥١ ل، س. ١٩٩٥.

٤٢- حەسارو سەگەکانی باوکم، شێرزاد حەسەن، هەولێر، چ. وەزارەتی پەروەردە، ٨٠ ل، س. ١٩٩٦.

٤٣- سۆناتای ڕۆح، عەبدوڵڵا سەڕاج، هەولێر، چ. هایدلبیرگ، ٦٦ ل، س. ١٩٩٧.

٤٤- ژنانی ئاو، جەبار جەمال غەریب، گ. (ڕامان)، ژ (١٨)، س. ١٩٩٧.
٤٥- بەیداخ، حەمە کەریم عارف، گ٠ (ڕامان)، گ.(١٣)، س. ١٩٩٧.
٤٦- کۆلّووی پەنگ، محەمەد سالّح سەعید، گ. (ڕامان)، ژ (١٤)، س. ١٩٩٧.
٤٧- یاقووتی ئەلوەن، جەبار جەمال غەریب، گ. (ڕامان)، ژ (٢٥)، س. ١٩٩٨.
٤٨- گەمەی وردە ماسی، سەلاّح عومەر، گ. (ڕامان)، ژ (٢١)، س. ١٩٩٨.
٤٩- کرمانج، عەزیزی مەلای ڕەش، بلاّوکراوەکانی ڕۆژنامەی (میدیا)، بێ ناوی چاپخانە، هەولێر، ٥٦ ل، س. ١٩٩٨.
٥٠- مزگێنی، محەمەد ڕەمەزانی، گ. (ڕامان)، ژ (٢١)، س. ١٩٩٨.
٥١- کەمتیار، کەریم دەشتی، سلێمانی، چ. داناز، ٨٦ ل، س. ١٩٩٩.
٥٢- مەرگی بازنەیی، سابیر ڕەشید، هەولێر، چ. ڕۆشنبیری، ٤٨ ل، س. ١٩٩٩.
٥٣- قیامەت، کەریم دەشتی، گ. (نووسەری نوێ)، ژ (٨)، س. ١٩٩٩.
٥٤- کەپک، عەزیزی مەلای ڕەش، گ. (نووسەری نوێ)، ژ (٨)، س. ١٩٩٩.
٥٥- عەلەبەستێ، حەسەن جاف، سلێمانی، بێ ناوی چاپخانە، ١١٤ ل، س. ١٩٩٩.
٥٦- بورجی چاودێری گەردوونی ئەرارات- پاش سالّی (٢٠٠٠)، محەمەدەمین ئەحمەد، گ. (ڕامان)، ژ (٤٠)، س. ١٩٩٩.
٥٧- گولّستان و شەڤ، حەسەن سلێڤانی، دهۆک، چ. هاوار، ٩٨ ل، س. ٢٠٠٠.
٥٨- ڕمووزنات، ڕۆشنا ئەحمەد، گ (ڕامان)، ژ (٥٥)، س. ٢٠٠٠.
٥٩- ونگە، عەبدوللاّ سەڕاج، ئەلمانیا، چ.هاڤیبون لە بەرلین، سالّی ٢٠٠٠.
٦٠- مولازم تەحسین و شتی تریش، د.فەرهاد پیربالّ، سلێمانی، چ. دارناز، ١٣٦ ل، س. ٢٠٠١.
٦١- بەردە ژن، مەولوود ئیبراهیم حەسەن، هەولێر، بێ ناوی چاپخانە، ١١٦ ل، س. ٢٠٠١.

## • نۆڤلێت لە لێکۆلّینەوە و باسی ئەدەبی کوردیدا

ئەوەی تا ئێستا لەنێو بەشەکانی زمانی کوردی زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و زانکۆکانی بەغدا لە تێزو نامە ئەکادیمیاکاندا پێشکەش کراون وەک د. عادل گەرمیانی لە چاوپێکەوتنێکدا ئاماژەی پێ داوە تەنها (٢) نامەی دکتۆرا (٤) نامەی ماجستێر لەبارەی ڕۆمانی کوردی تا ئێستاکە پێشکەش کراون[١٥]. بەلاّم ئەم نامانە هیچیان



تایبەت نین یا بەشێکیان تەرخان نەکراوە بۆ لێدوان لە کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا، تا کۆتایی سالّی (٢٠٠٥) مامۆستا حەیات سەعید عەبدولکەریم نامەی ماجستێری لە ئەدەبی کوردیدا کە پێشکەش کۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی کرد و بەسەرپەرشتی د. عەبدوللاّ حەداد تایبەت بوو بە نۆڤلێتی کوردی و لەژێر ناونیشانی (نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا- ١٩٧٠-٢٠٠٠)، بێ گومان ئەمەش جێگای دلّخۆشییە کە ئەم بابەتە گرنگە و نوێیە بەشێوەی زانستی و وەک نامەی ماجستێر پێشکەش بە کتێبخانەی کوردی بکرێت، ئەگەرچی پێش ئەوەش من خۆم وەک باسێکی ئەدەبی گرنگ دەربارەی نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا بە زمانی کوردی و عارەبی لەسەرم نووسیوە و دیاریشە بۆ مامۆستا حەیات سەعید بووە سەرچاوە و ئەم بەرهەمە زانستییەی لێ هەلّێنجاوە و دەستخۆشی لێ دەکەم.. بەلاّم دیسان من خۆشم لێرەو لەوێ هەندێ هەلّەو کەموکوڕی و هەندێ سەرچاوەم لەبیر کردبوو یا هەندێکیانم نەدیبوو.. بەم دواییە دوای دووجار دەسکاری و پێداچوونەوە، ئێستا تا ڕادەیەکی باشی لێ دلّنیام بتوانم وەک سەرچاوەیەک باسەکەم بەزیادکردنی چەند بەشێک و دروستکردنی بیبلیۆگرافیاوە بیخەمە بەردەست قوتابیانی زانکۆ و خوێنەرە ئازیزەکان و دلّنیاشم دوای منیش کەسانی تر باشتر و تێرو تەسەلتر لێی دەدوێن بەتایبەتیش ئەو بیبلیۆگرافیایەی کە من تا سالّی ٢٠٠١ دروستم کردووە، تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان دەیهێنین.

لە نێو لێکۆلّینەوە و باسە ئەدەبییەکانی کوردیشدا کە تایبەت بە ڕۆمان و نۆڤلێتی کوردی، دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە عەبدولڕەحمان پاشا لەم کتێبەی کە بەناونیشانی (الرواية الكردية) و سالّی ٢٠٠١ لەلایەن دەزگای ئاراس چاپ و بلاّوکراوەتەوە. لەچەند شوێنێک ئاماژەی بە کورتە ڕۆمان داوەو لەژێر ناوی (القصة الوسطى) هەم پێناسەو قەوارەی دیاری کردووە و هەمیش بیبلیۆگرافیاشی بۆ چەند کورتە ڕۆمانێک کردووە، کە لە (لالۆ کەریم)ی جەمال نەبەز، سالّی ١٩٥٦ دەستی پێکردووە تا (نازە)ی ئیسماعیل ڕۆژبەیانی کەلە سالّی ١٩٨١ چاپ کراوە، ئەگەرچی ئەوەی دواییان لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسراوە (ڕۆمان) بەلاّم دیارە (ع.پاشا) بەکورتە ڕۆمانی داناوە.

بێ گومان لەنامەی ماجستێری د. ئیبراهیم قادر محەمەد و نامەی ماجستێری د. عادل گەرمیانیش کەم تا زۆر لە هەندێک باسی ڕۆمان و گفتوگۆدا موناقەشەی کورتە ڕۆمان کراوە وەک (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف کە د. ئیبراهیم بە ڕۆمانی داناوە بەلاّم د. عادل بەکورتە ڕۆمانی داناوە..

بەڵام وەک نامەو باس و لێکۆڵینەوە و تەوەر مێزگردی تایبەت بە نۆڤلێت لەئەدەبی کوردیدا ئەوەی کە تا ئێستا لەبارەیەوە نووسراوە بەم شێوەیە کە بەیەک بەدوای یەکی باسەکانەوە نووسیومانە:

**١- ناسر وەحیدی، جەبار جەمال غەریب، حەسەن سلێڤانی، ئەنوەر محەمەد تاهیر، شێرزاد حەسەن، ڕەئوف حەسەن، محەمەد ئەمین ئەحمەد، نۆڤلێت لە دیدی نۆڤلێتنووسانەوە، مێزگردی گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (٥٠) لە (٥)ی ئابی ٢٠٠٠.**

**٢- صابر رشيد، الرواية القصيرة- نوڤليت- في ألادب الكوردي، جريدة (خەبات)، العدد (١٠٥٠) في ٢ / ١١ / ٢٠٠١.**

**٣- چنار بێجان جندی، تەکنیکی گێڕانەوە لە نۆڤلێتی مەرگی بازنەییدا، بەسەرپەرشتی د. فەرهاد پیربال، باسی دەرچوون کە پێشکەشی بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، ساڵی ٢٠٠٤.**

**٤- سابیر ڕەشید، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا، ڕۆژنامەی ئەدەبی (ستایل)، ژمارە (١٩) لە ١٥ / ٣ / ٢٠٠٥.**

**٥- حەیات سەعید عەبدولکەریم، نۆڤلێت لەئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠-٢٠٠٠) نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی د. عەبدوڵلا حەداد، پێشکەش بەکۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوەو تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥.**

**سەرچاوە و پەراوێزەکان**

(١) د. عادل گەرمیانی، چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ٢٠٠١، ل ١١٦.

(٢) ڕەوف حەسەن، مێزگردی گۆڤاری (ڕامان)، نۆڤلێت لە دیدی نۆڤلێتنووسانەوە، ژمارە (٥٠)، ٥ ی ئابی ٢٠٠٠، ل ١٤٨.

(٣) شێرزاد حەسەن، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٦.

(٤) ئەنوەر محەمەد تاهیر، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.

(٥) جەبار جەمال غەریب، هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

(٦) ناسر وەحیدی، هەمان سەرچاوە، ل ١٤١.

(٧) حەسەن سلێڤانی، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٤.



(٨) محەمەددەمین ئەحمەد، چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ٢٠٠١، ل ١١٨.

(٩) د. عادل گەرمیانی، چەند جیاوازییەکی نێوان ڕۆمان و جۆرەکانی دیکەی ئەدەب، گۆڤاری کاروان، ژمارە (١٥٥)ی ساڵی ٢٠٠١، ل ١١٨.

(١٠) چنار بێجان جندی، تەکنیکی گێڕانەوە لە نۆڤلێتی مەرگی بازنەییدا، باسی دەرچوون، بەسەرپەرشتی د. فەرهاد پیربال، کۆلێجی پەروەردە، زانکۆی سەلاحەدین، ساڵی ٢٠٠٤، ل ٦.

(١١) عبدالرحمان پاشا، الروايه الكرديه، ط/ ١، دار ئاراس للطباعة و النشر، مطبعة وزارة التربية، اربيل، ٢٠٠١، ص ٩.

(١٢ ) حەیات سەعید عەبدولکەریم، نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا (١٩٧٠-٢٠٠٠)، نامەی ماجستێر، بەسەرپەرشتی، د. عەبدوڵلا حەداد، پێشکەش بەکۆلێژی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر کراوە، تشرینی یەکەمی ٢٠٠٥، ل ٣٠.

(١٣) د. عادل گەرمیانی لە ماجستێر نامەکەیدا (ڕیالیزم لە ڕۆمانی کوردیدا) پێی وایە کە (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف کورتە ڕۆمانەو پاساویشی بۆ هێناوەتەوە، بەڵام د. ئیبراهیم قادر محەمەد لە ماجستێر نامەکەیدا (ڕۆمانی کوردی لە عێراقدا) پێی وایە کە (مەسەلەی ویژدان) ڕۆمانە و بەیەکەم نۆبەرەی ڕۆمانی کوردیشی داناوە. هەروەها د. عیزەدین مستەفا ڕەسول و د. عەبدوڵلا دەباغ و هی دیکەیش لە نووسینی جیاجیادا ڕای جیاوازیان لەبارەی بە ڕۆمان بوون و نەبوونی مەسەلەی ویژدان و لەخەوما و بەرهەمی دیکە داناوە.

منیش لای خۆم (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف بەڕۆمان دادەنێم و (لە خەوما)ی (جەمیل سائیب)یش بەنۆڤلێت دەزانم بۆیەش بەسەرەتای نۆڤلێتی کوردیم داناوە. بەڵام د. عادل گەرمیانی لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ژمارە (٢٠٠)ی ساڵی (٢٠٠٥)ی گۆڤاری (کاروان)دا ڕاکەی خۆی لەمەڕ (مەسەلەی ویژدان) گۆڕیوە و لەم هەڤپەیڤینەدا بەسەرەتای ڕۆمانی کوردیداناوە.

(١٤) حەیات سەعید عەبدولکەریم، هەمان سەرچاوە، ل ١٣٤.

(١٥) د. عادل گەرمیانی، سەرەتاکانی ڕۆمانی کوردی و ئاسۆی واقیعی ئەمڕۆ، هەڤپەیڤین، ئا: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (٢٠٠)ی ساڵی ٢٠٠٥، ل ١٠٥.

(*) بۆ ئامادەکردنی بیبلیۆگرافیا سوودێکی زۆرم لە هەردوو کتێبی ڕەحمەتی مستەفا نەریمان وەرگرتووە:

١- مستەفا نەریمان، بیبلیۆگرافیای کتێبی کوردی- ١٧٨٧-١٩٧٥، چاپ کراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، چ. کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٧.

٢- مستەفا نەریمان، فەرهەنگی ئەدیب و نووسەرانی کورد، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا، ١٩٨٦.

# ڕۆمانی کوردی.. زمان.. شوناس

**لە بەشێکی کتێبەکەی د. کەمال مەعروف دەدوێم کە پەیوەندی بە ڕۆمانی کوردی و بۆچوونە جیاوازەکانەوە هەیە.**

ئەم کتێبەی د. کەمال مەعروف دەربارەی ئەو بابەتانە کۆکتێلێکی هەمەجۆرن و شوێنێک لە ئەدەبی خۆمانەو بێگانە داگیردەکەن و، هەر تەوەرەیەکیشیان پێویستییان بە باسکردن و وەستان و لێدوان دەکات، دکتۆر لە بابەتێکدا بەناونیشانی (ڕۆمانی کوردی و گرفتەکانی)دا بەچەندان پرسیاری زۆر زەحمەتەوە خۆی دەخاتە ناو باسێکەوە کە لەمێژە ئەم پرسیارانە دەکرێن و وەڵامەکانیش هەر نووسەرە و بەبۆچوونی خۆیەوە وەڵامی دەداتەوە، یانیش هەندێکیان تا ئێستاکەش وەڵام نەدراونەتەوە، پرسیارەکانیش ئەمانەن:

١- ئایا ئێمەی کورد ڕۆمانمان هەیە یان نیمانە؟

٢- ئەو ڕۆمانانەی بەزمانی دیکەی وەک عەرەبی، تورکی، فارسی نووسراون (بێ گومان نووسەر مەبەستی ڕۆماننووسە کوردەکانە- س.ر) ئاخۆ ئەمانە دەچنە خانەی ئەدەبیاتی کوردییەوە؟

٣- ئایا زمانی کوردی مەرجی سەرەکییە لە ڕۆماندا؟

٤- گیروگرفتەکانی ڕۆمانی کوردی کامانەن؟

٥- بۆچی ڕۆمان لەناو ئێمەی کورددا دواکەوتووە؟

٦- بۆچی ڕۆمانی کوردی درەنگ سەری هەڵداوە؟

٧- چۆن ڕۆمانی کوردی دەتوانێ لە ئاستی کێشەکانی کورددا بێت؟

٨- چۆن ڕۆمانی کوردی پێش دەکەوێ؟

ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە دکتۆر کەمال لە پێشەکی باسەکەیدا دەیانکات، ئەگەرچی دەیان پرسیاری گرنگتر هەبوو بیانکات، ئەمانەش هەموو هەر پرسیارەو پێویستی بەباسکردن و لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆ و وەستان هەیەو پێویستیشە بەوردی و زانستییەوە باسیان لێوە بکرێن و، بەچەند لاپەڕەیەک باسی یان وەڵامی چەند پرسیارێک بدرێتەوە، بەڕای من دەبوو دکتۆر وەڵامی هەموو پرسیارەکانی خۆی بداتەوە، بەڵام ئەو



لەدوای ئەو پرسیارانەی کە کردوویەتی لە پێشەکی باسەکەی ئەو دێ و، دوای ئەوە بەناونیشانی (وشەی ڕۆمان چی دەگەیەنێ) بەدوور و درێژی پێناسەی وشەی ڕۆمانمان بۆ دەکات، ئینجا دێ دەڵێ: (ئێمەی کوردیش لە ڕۆمان بێبەش نین، هەرچەندە ئەو هونەرە لەناو ئەدەبیاتی ئێمەدا هونەرێکی تازەیە، بەڵام ڕۆمانی کوردی لە قۆناغی لاویدایەو گەیشتۆتە پلەی پێگەیشتن و قووڵبوونەوە، بەڵام هێشتا ماویەتی بگاتە ڕۆمانی جیهانی، وەکو پێویست لە ئاست ئەندێشەی مرۆڤی کورددا نییە، هەندێک پێیان وایە کورد ڕۆمانی نییە، ئەوەی هەیە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە لە چاو دراوسێکانی دواکەوتووە،..هتد)، ئینجا دوای ئەم ڕاڤەکردنە دکترر ناوی چەندان ڕۆمانی کوردی لەهەموو پارچەکانی کوردستان و بەتایبەتیش ئەوانەی لە شۆرەوی (یەکێتی سۆڤیەتی جاران) چاپ کراوە، وەک ڕۆمانەکانی (عەرەبی شەمۆ) کە دکتۆر تەنیا ناوی (شڤانی کورد)ی هێناوە، کەچی ئەم نموونەی لای خۆمان کە لە بەردەستماندایە ڕۆمانی (قەڵای دمدم)ە کە مامۆستا (شوکر مستەفا) لە پیتی سلاڤی گواستۆتەوە و کردووشیە بەکرمانجی خواروو لەساڵی (١٩٧٥) لە کۆڕی زانیاری کورد چاپ کراوە، هەمدیس سەبارەت بە(عەلی عەبدولڕەحمان مامەدۆڤ) یش کە ڕۆماننووسێکی کوردی بەناوبانگی ئەرمینیایە، بێجگە لەم ڕۆمانەی کە دکتۆر ناوی هێناوە (گوندی مێرخاسان) کە چەندان ڕۆمانی دیکەشی هەیەو، لە هەمووشیان بەناوبانگتر ڕۆمانی (خاتێ خانم)ە کە دکتۆر باسی نەکردووە، ئەمەش هەر نموونەی لە کتێبخانەی لای خۆمان هەیە چونکە مامۆستا (حافز مستەفا قازی) لە ساڵی (١٩٨٩) هێناویەتە سەر ڕێنووسی عەرەبی و لە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا چاپ کراوە.

لە سوریاش نموونەمان هەیە وەک ڕۆمانی (ڕەشوی دارێ)کە لەساڵانی شەستەکان (جگەر خوێن) نووسیویەتی و چاپی کردووە، ئەمەو ئەم چەند نموونە کەمانەی کە دکتۆر ناوی هێناون هەریەکەیان چەندان ڕۆمانی دیکەی هەیە جگە لەم ڕۆمانانەی دکتۆر ناوی بردوون و بەم ڕۆمانانەش ناوبانگیان دەرکردووە، وەک (حوسێن عارف) کە دکتۆر ناوی (ئەندێشەی مرۆڤێک) و (هێلانە)ی هێناوە، پێش ئەو لەساڵی (١٩٨٦) ڕۆمانی (شار)ی بڵاوکردۆتەوە و مشتومڕێکی زۆریشی لەسەر کرا، هەمدیس سەبارەت (عەزیزی مەلای ڕەش) کە بێجگە لە (غەوارە) چەندان ڕۆمانی دیکەشی هەیە وەک دوو بەرگی سێیانەکەی کە (خاک و چەوسانەوە) لە ساڵی (١٩٩٩) چاپ کراوە و بەشی سێیەمیشی هێشتا چاپ نەکراوە، لەگەڵ ئەمەش مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش کاتی خۆی بەڕۆمانی

(کوێخا سێوێ) ناوبانگی دەرکردو لە ساڵی (١٩٨٦) بڵاوکرایەوە و ئەمیش وەک ڕۆمانەکەی حوسێن عارف مشتومڕێکی ڕەخنەیی زۆری لەسەر کرا، بەڕای من دکتۆر یان نەدەبوو ئەم چەند نموونەیە بهێنێتەوە، یانیش نیمچە بیبلیۆگرافیایەکی بکردبایە پاشبەندی نووسینەکەی، چونکە ناوەکانی دیکەش بەهەمان شێوە وەک (موکری) و (عەبدوڵڵا سەڕاج) و (محەمەد ڕەشید فەتاح) کە خاوەنی چەندان ڕۆمانی دیکەشن.

ئەمەو چەندان ڕۆماننووسی دیکەشی لەیادکردووە کە مادام هەر ناوی ڕۆمانەکانی ڕیزدەکردن نەدەبوو لەیاد بکرابووان وەک (محەمەد مەولوود مەم) کە ڕۆمانی (ڕێگا)ی شوێنێکی هەرە دیاری ڕۆمانی هونەری کوردییەو (حسام بەرزنجی) کە ڕۆمانی (کانگەی بەلا)ی لەساڵی (١٩٨٨) و پێش ئەوەش کورتە ڕۆمانی (زەلیل)ی نووسیوە، هەروەها ڕۆمانەکەی (ئاگری بن کا)ی مامۆستا (سەعید ناکام) کە لەساڵی (١٩٩٩) وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپی کرد و، هەردوو ڕۆمانی (ڕێگا) و (ئاگری بن کا)ش لە ساڵی حەفتاکان خەڵاتی یەکەم و دووەمی ڕۆمانی کوردییان پێبەخشراوە کە ڕۆمانەکەی (سەعید ناکام) یەکەم و هی (مەم)یش دووەم بوو، کاتی خۆشی لە ژمارە یەکی گۆڤاری (نووسەری کورد) ئەنجامەکەی بڵاوکراوەتەوە، ئەمەو ڕۆماننووسێکی فرە ڕۆمانیشی لەبیر کردووە کە ئەویش (خوسرەو جاف)ەو، بۆ نموونە ئەوەی من ئاگام لێ بێت ئەو ڕۆمانانەی چاپی کردووە وەک (کۆردەرەو، پاشایان کوشت، ڕاز، گەماڵ، دەڵە دێوەکەی سوڵتان، هیچ).

ئەمەو هەر هیچ نەبێ نموونەیەکی لە ڕۆمانی کوردستانی ئێرانیشی هێنابووایە کە لەم ساڵانەی دوایی چەندان ڕۆماننووسی لێ هەڵکەوتووە وەک (عەتای نەهایی، حوسێن شێربەگی) کە هەر تەنیا بۆ تاکە نموونەیەک، لەساڵی (١٩٨٨) حوسێن شێربەگی ڕۆمانێکی گەورەی بەناونیشانی (شاربەدەر) چاپ و بڵاوکردۆتەوە، باسی نموونەکانی دیکەش ناکەم کە ناوم نەهێناون، چونکە تەنیا مەبەستم بیرخستنەوەی د. کەماڵە وەک ئەو نموونەی کوردستانی شۆرەوی جاران و کوردستانی تورکیا و چاپ کراوەکانی کوردی هەندەران و لای خۆمانی هێناوەتەوە، بەڵام نەدەبوو ئەم چەند ڕۆمانە بکاتە نموونەی ناو هێنانەکەی، لەهەمان کاتیشدا وەک وتم دەکرا بیبلیۆگرافیایەکی بکردبووایە پاشبەندی باسەکەی، چونکە ناکرێ هەندێک ڕۆمانی گرنگ پشتگوێ بخرێ و هەندێکی دیکەش ناویان بهێنرێ، ئەمە ئەگەر باسەکە پێویستی بەنموونە هێنانەوە بێت دەکرێ ڕۆمانە هەرە دیارەکان دەستنیشان بکرێن، چونکە ئەگەر لە کتێبخانەی هەر یەکێکمان نەبن، ئەوا لە کتێبخانە گشتییەکاندا دەست دەکەون.



بەشێکی دیکەی تەوەری باسەکەی د.کەمال لەبارەی ئەم ڕۆمانانەیە کە ڕۆماننووسە کوردەکان بەزمانی دیکەی وەک عەرەبی و تورکی و فارسی نووسیوویانە، کە ئەو وەڵامی ئەو پرسیارەی پێداوەتەوە کە داخوا ئەم ڕۆمانانە دەچنە ناو خانەی ئەدەبیاتی کوردییەوە یان نا ؟ کە ئەو خۆی بەملایەدا شکاندۆتەوە گوایە ئەگەرچی فەڕەنسییەکان ئەم ڕۆمانانەی عەرەبەکان دەیاننووسن پێی دەڵێن ئەدەبی بێگانە بەزمانی فەرەنسی و، نموونەی (د. عمر الطالب)یشی هێناوەتەوە کە باسی ڕۆماننووسە کوردەکان دەکات وەک د. کەمال دەڵێ: (عەرەبەکانیش هەر بەو جۆرە مامەڵە لەگەڵ نووسەرانی کورد دەکەن کەبەزمانی عەرەبی دەنووسن)، د. عمر الطالب دەڵێ: (ڕۆمانەکانی فەلەکەدین کاکەیی، محی الدين زەنگەنە، عەبدولمەجید لطفی ڕۆمانی کوردین، بەڵام بەزمانی عەرەبین)[1].

لێرەدا من پێویستە هەڵوەستەیەک بکەم و داوای لێبوردنیش لە د.کەمالی هاوڕێم دەکەم کە یەکەم جار ناونیشانی کتێبەکەی وەک لە پەراوێزی باسەکە نووسراوە (الواقعية في القصة العراقية) نییە، بەڵکو (الاتجاه الواقعي في الرواية العراقية) یە و لە ساڵی (١٩٧٠)ش لە بەغدا چاپ نەکراوە، بەڵکو لەساڵی (١٩٧١) لە (دار العودە)ی بەیروت چاپ کراوە.

ئەو ناوانەش کە د. کەمال ناوی هێناون گوایە د. عمر الطالب لێیان دواوە ڕاستە باسی فەلەکەدین کاکەیی و عەبدولمەجید لوتفی دەکات و بەدوورو درێژی باسی ڕۆمانی (بطاقة يانصيب)ی کاک فەلەکەدین کاکەیی دەکات و باسی چیرۆک و ڕۆمانەکانی (عەیدولمەجید لوتفی)یش دەکات بەتایبەتی ڕۆمانی (عيد في البيت) و چیرۆکی (في الطريق)، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ناوی محیەدین زەنگەنەی نەهێناوە، بەڵکو باسی ڕۆمانەکەی (کامیل حەسەن ئەلبەسیر) دەکات لە میانی لێدوانی لە ڕۆمانی (طالب من كردستان)، ناونیشانی سەرباسەکەی د. عمر الطالب کە تەنیا باسی فەلەکەدین کاکەیی و عەبدولمەجید لوتفی و کامیل بەسیر دەکات، وەک سەرباسێک لە کتێبەکەی لەبارەی چیرۆک و ڕۆمانی عیراقی کە ناوی لەم سەرباسەی ناوە (الرواية العراقية والكتاب ألأكراد)[2]، ئینجا دێمەوە سەر ئەوەی کە گوایە د. عمر الطالب ناوی لەو ڕۆماننووسانە ناوە (ڕۆمانی کوردی بەڵام بەزمانی عەرەبی)[3] وەک د.کەمال باسی دەکات، بەڵام لەڕاستیدا ئەو لەمیانی ڕۆمانی عیراقیدا باسی ڕۆماننووس و چیرۆکنووسە کوردەکان دەکات و نموونەش بەو سێ نووسەرە دەهێنێتەوە، ئەگەرچی بەدرێژی باسی ئەدەبی کوردی و ئەدیبی کورد دەکات کە بەڕای ئەو توانای دەربڕین و بڵاوکردنەوەی تەواوی نییە وەک

ڕۆژنامەگەری و هۆیەکانی بڵاوکردنەوە و چاپخانەو کتێبخانە، کە ئەمەش بەلای ئەوەوە وای کردووە بەرهەمی هزری نووسەرانی کورد لە چوارچێوەیەکی تەسکدا بخرێتە ڕوو ئەوەی کە هەشە لە ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی بەشی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری و ئەدەب و ڕووناکبیری ناکات.

ئینجا ئەو لەبارەی چیرۆکنووسە کوردەکانەوە ڕای وایە کە توانای نووسینیان هەیە بەزمانی خۆیان، بەڵام هۆکاری ماددی دەبنە ڕێگر بۆ ئەوەی بەزمانی دیکە بنووسن وەک دەڵێ: (وهذا الحشد من الشباب الكورد الذي يتذوق القصة في مختلف اللغات و يؤثرها علي سائر ضروب ألآداب وبينهم عدد قليل ممن كتبوا القصة بالأنجليزية والعربية أو بعض اللغات ألأخري كالفارسية والتركية، يؤكد ويدل علي مقدرتهم في كتابة القصة بلغتهم ألأصلية، ولكن موانع مادية تحول دون اتمام ذلك كعدم وجود دور للنشر أو الطباعة و ندرة ألقراء لأنتشار ألأمية، ولأنهم صاروا يواجهون في القصة شيئا غير الحكايات القديمة و ألأساطير التي يحكيها ابناء ألشعب لطرافتها، فقد صار من الواضح ان القصصي يحكي أحداثا طريفة وقعت لأشخاص معينين، لكنه لا يحكي هذه ألأحداث لمجرد طرافتها)[٤].

ئینجا ئەو دان بەوەدا دەنێ کە نووسەرەکان کوردن، بەڵام دان بە نووسینەکانیان دانانێ کە کوردین، بەڵام بەڕای ئەو بەشێکە لە ئەدەبی نووسراوی عیراقی، بەڵام توانیویانە باسی کۆمەڵگەی یان ژینگەی کوردی خۆیان بکەن وەک د. عمر الطالب لەم بارەیەوە بەڕوونی دەڵێ: (وتتجة الرواية العراقية التي كتبها مؤلفون أكراد نحو البيئة المحلية الكوردية ويتخذونها منبعا يستمدون منه مادة رواياتهم وهدفا لا يبغون سواه، ومن ثم راحوا يستخدمون الوسائل لتحقيق غاياتهم، فكانوا صريحين في انتقاد عيوبهم و عرضها عرضا ادبيا..ألخ)[٥].

ئینجا دکتۆر بەلای ئەوەوە ڕۆمانەکانی (یەشار کەمال) کوردین، چونکە کەش و هەوایەکی کوردانەیان هەیەو خزمەتی زمانی تورکییان کردووە، بەڵام بەشێکن لە کەلتووری کوردی، بۆ ئەمەش پەرەگرافێکی کوردی بوونی یەشار کەمال دێنێتەوە کە چۆن کوردەو لەماڵەوە بەمنداڵی بەکوردی قسەیان کردووە و لە کوردیش دەگات، بەڵام ناتوانێ پیتێک بنووسێ.

بۆ (سەلیم بەرەکات)یش ڕایەکی خۆی دەهێنێتەوە کە دەڵێ: (من گیانی کوردی بۆ سەر



زمانی عەرەبی وەردەگێڕم، بۆیە لەسەر کوردان دەنووسم، چونکە کوردم، هاوسێکانم کوردن، خزمانم بەناوچە کوردییەکاندا پەرش و بڵاوبوونەتەوە، بەکوردی دپەیڤن)[٦]، هەمدیس قسەیەکی کوردبوونی (عەلی ئەشرەف دەروێشیان) دێنێتەوە، ئەگەرچی د. کەمال نموونەی دیکەی زۆریش هەبوون لەم بارەیەوە باسی نەکردوون، وەک ئەوەی کە (محیەدین زەنگەنە) نەک هەر لە ڕۆمانەکەیدا کەسایەتییەکانی کوردین و باسی کورد دەکات، بەڵکو ناوی ڕۆمانەکەشی کوردییە کە ناوی ناوە (ئاسۆس)، هەروەها ڕۆمانەکانی (دکتۆرە وەهبیە شەوکەت) و (حەلیمە سنجاری) و (یوسف حەیدەری) و (زوهدی الداودی) و زۆران نووسەرو ڕۆماننووسی دیکەش کە بەفارسی و تورکی و عەرەبی دەنووسن و ناوەرۆکەکەشیان کوردەوارییە، یان پاڵەوانەکانیان و شوێنەکانیان کوردین، بەکورتی ڕەنگە تەواو مۆرکی کوردەواری هەڵبگرن و خوێنەرانی ئەو زمانانەش بزانن کە ئەوانە نووسەری خۆیان نین، بەڵام بەزمانی ئەوان دەنووسن، لەگەڵ ئەمەش من لەگەڵ ڕایەکەی د. کەمال مەعروف نیم و ئەم ڕۆمانانەی کە بەزمانی کوردی نەنووسراون و بەکوردی بڵاونەکراونەتەوە لای خۆم نایانخەمە ناو خانەی ڕۆمانی کوردییەوە. لەبوارەکانی دیکەشدا هەر هەمان شتەو من خۆم ئەگەر بێم بیبلیۆگرافیایەک بۆ ڕۆمانی کوردی بنووسم یان لێکۆڵینەوەیەک لەسەر ڕۆمانی کوردی بنووسم، ئەوا دەیانخەمە ناو ئەو زمانانەی کە ڕۆمانەکانیان پێ نووسراوە و نووسین بەزمانی دایک بەمەرجێکی سەرەکی دەزانم، ئەگەرچی دەشزانم کە ڕەنگە هیچ ڕۆماننووسێکی کورد بەقەد سەلیم بەرەکات کوردایەتی نەکردبێ و، تەوزیفی دیرۆک و فۆلکلۆری کورد هەر لە داستان و هەقایەت و سەربردەو ڕووداوی ڕۆژانەی لە ڕۆمانەکانیدا تەوزیف کردووەو ناوی پاڵەوان و شوێنەکانیشی کوردین و دەشزانم ژمارەیەک لە نووسەرانی ڕەگەزپەرستی عەرەب خۆشیان ناوێ، لەبەرئەوەی کە کوردەو کاتی خۆشی لە پێشبڕکێی ڕۆمانی عەرەبیدا بانگهێشتیان نەکردووە و، دەشزانم هەموو ئەوانەی وەک یەشار کەمال و دەروێشیان و زەنگەنەو هی دیکەش هەموویان کوردن و، داکۆکییان لە مرۆڤی کورد کردووە و، ڕۆمانەکانیان مۆرکی کوردەوارییان بەخۆوە هەڵگرتووە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش سەلیم بەرەکات و ئەو ڕۆماننووسانەی دیکەی خۆشناوێن بەتایبەتیش سەلیم بەرەکات کە تا سەر ئێسقان بەهونەرەکەی و کوردایەتییەکەی سەرسامم، وەلێ من لەناو خانەی ڕۆمانی کوردیدا نایانخوێنمەوە، بەڵکو لە خانەی ئەم زمانەی کە ئەدەبەکەی پێ نووسراوە، ئیتر ئێوە هەر ناوێکی دیکەی لێ دەنێن کەیفی خۆتانە من بۆ دەستنیشانکردنی ڕۆمانی کوردی مەرجی

سەرەکی بەوە دەزانم کە دەبێ ڕۆمانەکە بەکوردی نووسرابێت، نەک ڕۆمانەکە دەربارەی کورد نووسرابێ یان کورد نووسیبێتی، هەر بەوەندەش واز دێنم، چونکە پێشتر لەباسی دیکەدا بەدرێژی لەبارەی ڕۆمانی کوردی دواوم و ڕای خۆشم دەربڕیوە.(٧)

حەزیش دەکەم جارێکی دیکەش ئەگەر دەرفەتم هەبوو لێیەوە بدوێم و شان بەشانی ڕۆمانیش باسی نۆڤلێتی کوردی دەکەم کە ڕەنگێکی نوێیە لەبواری چیرۆک و ڕۆمانی کوردی و، ئەم گفتوگۆیەشم لەگەڵ د. کەمال مەعروف و زیاتر ورووژاندنی باسکردنی بواری ڕۆمان و چیرۆکی کوردییە و، هیوادارم بەبرایانە و ئەکادیمییانە لێم وەرگرێ و دەستخۆشیشی لێدەکەم، چونکە بەڕاستی لەناو بواری زانکۆ و سەرقاڵی وانە گوتنەوەدا عەشقی ئەدەب و ڕۆشنبیری کوردی بەردەوام لە بزاوتندایەو، توانیویەتی جووڵانەوەیەک بە بزاڤی ڕەخنەو لێکۆڵینەوە و وتاری ئەدەبی کوردی بدات و، بەردەوامیش لە خۆنوێ کردنەوەدایە و پشتگیریشە بۆ هەموو نوێخوازانی ئەدەبی کوردی بەتایبەتی ڕەخنەی شیعری نوێی کوردی کە ئەم نووسینانەی شایەدی قسەکانمانن.

پەراوێزەکان:

١- د. کەمال مەعروف، ئەدەبی کوردی و ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ئەدەبی ڕووناکبیری گەلاوێژ، سلێمانی، چاپخانەی داناز، ساڵی ٢٠٠٠، ل ٨٩.

٢- الدكتور عمر الطالب، الاتجاه الاقعي في الرواية العراقية، دار العودة، بيروت، ط/ ١، ١٩٧١، ص ١٠١.

٣- د.کەمال مەعروف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

٤- الدكتور عمر الطالب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٤.

٥- الدكتور عمر الطالب، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

٦- د.کەمال مەعروف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٩.

٧- صابررشيد، ملاحظات اولية حول الرواية الكوردية، مجلة نووسەری نوێ، الكتاب الجديد، العدد (١١)، تشرين الثاني ١٩٩٩.

٨- سابیر ڕەشید، چەند سەرنجێک دەربارەی ڕۆمانی کوردی، ڕۆژنامەی میدیا، ژمارە (١٢)، ١ / ٢ / ١٩٩٧.



# ڕۆمان و ژیاننامە

## چەند نموونەیەک لە ئەدەبی کوردیدا

ئەدەب بەشێکە لە ژیان یا تەواوکەری ژیانە، ڕۆمانیش دڵە زیندووەکەی ئەدەبە و لەم ژیانەدا ڕێچکە دەگرێ، چونکە ڕۆمان و چیرۆک زیاتر تێکەڵاویان بەناخی مرۆڤەوە هەیەو لێی دانابڕێن. لەبەرئەوەی ڕۆمان بەشێکی گرنگی پانتایی شتە بینراو و نەبینراو و، هەست پێکراو و هەست پێنەکراوەکان بەخۆوە دەگرێ، ناکرێ ئەو ڕۆماننووسە بتوانێ بەئاسانی لە جوغزی سیحراوی کاریگەری ژیانی ڕۆژانەی خۆی و یادگاری منداڵی و تێکەڵاویی هەمیشەیی خەڵک و هەموو ئەم شتانەی لە دەوروبەری خۆی هەستیان پێدەکات و ناخی دەورووژێنن و، خۆیان لێ دەرباز بکات.

ڕۆماننووس پێش ئەوەی نووسەر بێت، مرۆڤێکە وەک هەموو مرۆڤێکی زیندووی سەر ئەم زەمینە جەنجاڵە، بەڵام لە مرۆڤی ئاسایی زووتر هەست بەشتەکان دەکات و هیچ مرۆڤێک نەیتوانیوە خودی خۆی فەرامۆش بکات چ جای ڕۆماننووسێک کە وەسفی پاڵەوانی ڕۆمانێکی دەکات یا بەناخیدا ڕوو دەچێتە خوارەوە و لە نهێنییەکانی ژیانی دەکۆڵێتەوە، ئەوا بێ گومان شتەکانی دەوروبەری خۆی یا ناخی خۆی لەناویدا ئاوێتەی ئەمدیوی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی دەبێت، کە وەسفی یا باسی شوێنەکانی ڕۆمانەکەی دەکات، ئەوا بێ گومان بەشوێنی سەردەمی منداڵیی خۆی یا هەر شوێنێکی تۆمارکراوی مێشکی کاریگەری دەبێت و دێنەوە بەرچاوی و لە نووسیندا لەناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیدا دووبارە دەبنەوە.

یانیش کە باسی کاتەکانی ناو ڕۆمانەکەی دەکات، ڕەنگە ئەم کاتانەش هەر لەگەڵ کاتەکانی ڕابردووی ژیانی نووسەرەکە ئاوێتە دەبنەوە بەتایبەتیش کاتەکانی سەردەمی منداڵی لەناویدا دووبارە دەبێتەوە، بێ ئەوەی ئاگای لێبێت لە ڕووداوەکانی کەڵەکەبووی نائاگاییەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت، جا ئەگەر ڕۆماننووسەکە پاڵەوانەکەی کەسێکی پۆزەتیڤ و ئەکتیڤی کۆمەڵ بێت، کە دروستی کردووە یا کەسێکی نێگەتیڤ و

دوورەپەرێزی کۆمەڵ، ئەوا خۆی و کەسانی نزیک خۆی لەناویدا دەتوێنێتەوە. ڕەنگە گەورەترین ڕۆماننووسی دنیا، ڕۆژێکی ژیانی خۆی یا ڕووداوێکی ژیانی خۆی بکات بەکەرەستەی هەوێنی چاکترین ڕۆمان بە تێکەڵبوون و ئاوێتەبوون لەگەڵ دەوروپشتی خۆی و خەیاڵ و زیادەکردنی خۆشی دەخاتە سەرو کاریگەریی ڕۆشنبیری و زەخیری مێشکی خۆشی لە بەرهەمەکانی دنیاو کەسانی نووسەری دیکە کە لەمێشکیدا ماونەتەوە، ئەوا هەموو دەبن بەکەرەستەیەک یا پڕۆژەی ڕۆمانێک کە ڕەنگە دەقێکی سەرکەوتووشی لێ دەربچێت یا جاری وا هەیە بەرهەمی ئەو ڕۆماننووسە دەبێت بە دیارترین داهێنانی سەردەمی خۆی، ئەوەتانێ لە خوێندنەوەی بەرهەمە ناسراوەکانی ڕۆماننووسانی دنیا، ئەم ڕاستییەمان بۆ بەدیاردەکەوێ، هەر بۆ نموونەش ڕۆماننووسانی وەک دیستۆیڤسکی و جێمس جۆیس و هێرمان هیسەو هەمەنگوای و مارکیز و کۆنرادو د.هـ. لۆرەنس و مۆپاسان و فۆکنەرو مارسیل و برۆست و ستاندال و ئەندرێ و مالرۆ و ئەندرێ جیدو فێرجینیا وۆلف و ساراماگۆو کۆیلۆ پاولۆ و نەجیب مەحفوز و تاهیر بن جەللون و بزورگی عەلەوی و سادقی هیدایەت و یەشار کەمال و سەلیم بەرەکات و...تاد. زۆربەی هەرەزۆری ڕۆماننووسی دنیا و لای خۆشمان بڕواناکەم هیچ نووسەرێک توانیبێتی یا بتوانێ لە سیحری ئاوێتە بوون و کارتێکردنی ژیاننامەی خۆی ڕزگار بێت، ئەم کاریگەرییەش بەسەر ڕۆماننووس لە کاریگەریی هەموو لایەنەکانی دیکە زیاترە، چونکە ڕۆمان لە خودی مرۆڤەوە هەڵدەقوڵێ.

ژیاننامە یا سەربردە کە بەعەرەبی (أدب السیرة) یە ئەگەرچی ژانرێکی تایبەتە، بەڵام لەهەمان کاتدا پێوەندیی دۆستانەو بەندیوارییەکان لەگەڵ ڕۆماندا هەیەو لێک دانابڕێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ئەدەبێکی تایبەت بەخۆیەتی و پێی دەگوترێ ئەدەبی سیرە، جا لەبەرئەمەش ڕۆمان ژیاننامەی تێدایە بۆیە هەردووکیان لەیەکتر وەردەگرن. ژیاننامە نووسینیش تا ڕادەیەک هەستی ڕۆماننووسین و تواناییەکی ڕۆماننووسینی تێدایە تا ڕووداوەکان جوان بچنرێن و نووسینی ژیاننامەش پێویستی بەڕەگەزەکانی ڕۆمان هەیە وەک گێڕانەوە و ڕووداو و سەربردەو تەشویق و دەستنیشانکردنی کات و شوێن و..تاد.

بایەخی ژیاننامە لە ڕۆمان کەمتر نییە. چونکە هەم تۆماری مێژووەو دەکرێ بکرێت بەسەرچاوەی مێژوونوسان هەمیش ڕووداو و بەسەرهات و گێڕانەوەی سەرنجڕاکێشی تێدایە، بەڵام جیاوارییەکەی ئەوەیە کە خوێنەر وادەزانێ ئەوە کارەسات و سەربردەو ژیاننامەی نووسەرەکەن و لە کاتی پۆلێنکردندا بەڕۆمان دادەندرێت، ئەگەرچی ڕەگەزەکانی



ڕۆمانیشی تێدایە، وەلێ لەڕۆماندا ئەگەرچی نووسەرەکەی ژیاننامەی خۆشی و کەسانی دەوروبەریشی بنووسێتەوە، ئەوا لەناو کەسایەتی ناو ڕۆمانەکەیدا دەیانتوێنێتەوە و تێکەڵ خەیاڵ و فانتازیاو هەڵسوکەوتی کەسانی ناو ڕۆمانەکە دەبن.

خوێنەرانی ژیاننامەش لە خوێنەرانی ڕۆمان کەمتر نین و لە کتێبخانەدا بەڕەواجن، بۆنموونە دوو بەرگەکەی ژیاننامەی (کازانزاکی) بەقەد ڕۆمانەکانی بەچێژن و پڕن لە ڕووداوی سیحر ئامێز و سەرنجڕاکێش.

یاداشتەکانی (ئەندرێ مالرۆ) لەگەڵ ئەوەی تام و چێژی تایبەتیان هەیە، لەهەمان کاتیشدا، تۆمارێکی مێژوویی فەرەنسییەکانە، (ئەندرێ مۆرۆ)ش کە نووسەرێکی دیکەی فەرەنسایە و ڕۆماننووس و مێژوونووسیشە و بەنووسەری ژیاننامە ناسراوە، ژیاننامەی (شیلی، بایرۆن، ڤۆڵتێر، جۆرج ساند)ی نووسیوە. لە ساڵی **١٩٥٢** کاتێ کە ژیاننامەی جۆرج ساندی نووسی، دوای ئەوە خەڵک پێیان گوتووە (تۆ وات لە جۆرج ساند کردووە کە زۆر سەرنجڕاکێش بێت) ئەویش پێیانی گوتووە «جۆرج ساند خۆی سەرنجڕاکێشە، هەر بۆیەشە، کە مۆسێ و شۆپان و فلۆبێر و بەلزاک و تۆرگنێف و دیستۆیفسکی ئاشنای ئەون، من هیچی وام نەکردووە تەنیا بەدیارخستنی جۆرج ساند نەبێت، وەک چۆن دیومە و کەسانی دیکەیش دیویانە..»[١].

لای خۆشمان خەریکە ژیاننامە وەک ژانرێکی سەربەخۆ خۆی بەکتێبخانەی کوردی ئاشنا دەکات، خوێنەرانیشی زۆرن و بەدوایدا دەگەڕێن. کەواتە پێوەندیی ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە بەردەوام و نەپساوەیە و هیچ نووسەرێکی دنیاش نەیتوانیوە خۆی لەم هاوکێشەیە دەرباز بکات، چونکە بەردەوام کار لێکتر دەکەن و تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتر دەبن و دەبن بەسەرچاوەی یەکتر.

بەڵام ژیاننامە لەگەڵ یاداشتنامە لەوەوە جیا دەبێتەوە، کە ئەگەرچی هەردووکیش لێکتر نزیکن، وەک ڕۆمان و ژیاننامە چۆن پێوەندییان هەیە، ئەم دوو ژانرەش جیا لە بەندیوارییەکەیان لەوەدا لێکتر جیادەبنەوە کە لەژیاننامەدا نووسەرەکە دەتوانێ ژیانی هەر کەسێکی دیکە بنووسێتەوە، جگە لە ژیانی خۆی، بەڵام لە یاداشتنامەدا نووسەرەکە تەنیا دەتوانێ ژیانی خۆی بنووسێتەوە، واتە تایبەتە بەنووسەرەکە خۆی و ڕەنگە جاری واش هەیە یاداشتنامە نووسینەوەی گەشتێکی یا ڕووداوێکی ژیانی نووسەرەکە بێت.

ئینجا لێرە ڕۆماننووسێک کە ڕۆمانێک دەنووسێت، هەندێک جار بەئاگاییەوە

حاڵەتەکانی کەڵەکەبووی نەستی خۆی دەڕژێنێتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی و هەندێک جاریش بەبێ ئاگاییەوە وێنەکانی تۆماربوونی ناخی یا کەڵەکەبووی نەستی یا کەسایەتی خۆی دەخاتە ناو کەسایەتی پاڵەوانێکی ڕۆمانەکەی.. یا ڕۆماننووس کەسایەتییەک دروست دەکات، کە ڕەنگە ئەم کەسەو پاڵەوانە چی شاکەس بێت یا کەسایەتی دیکەی لاوەکی، ڕەنگرێژی کەسێکی دیکەی واقیع بێت یا هاوشێوەی بێت، ئەو حاڵە بەم جۆرە ڕۆمانە ناڵێن ڕۆمانی ژیاننامە، بەڵکو هەر ڕۆمانە، ڕەنگە ڕۆماننووس کەسایەتی خۆشی یا کەسێکی دیکە لە پاڵەوانێکی ڕۆمانەکەیدا بەرجەستە بکات و دەمامکی دەدات، ئەمەش هەر ڕۆمانەو لای گەورە ڕەخنەگرو لێکۆڵەرەوانی دنیا بەڕۆمانی دەمامکدار (الروایة المقنعة) ناونراوە، وەک (جێرمی هۆسۆرۆن) لە کتێبی (دەروازەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆمان)دا لەکاتی پۆلێنکردنی جۆرەکانی ڕۆمان لەبارەی ئەم جۆرە ڕۆمانەوە دەڵێ: «ئەم جۆرە ڕۆمانە ئاماژە بەکەسانی ڕاستەقینەو ڕووداوی واقیعی دەکات، بەڵام بەشێوەی داپۆشراو یا دەمامکدراو.. وەک کەسایەتیی (پۆل مۆرێل) لە ڕۆمانی (وەچەو ئەویندااران)ی (د.هـ.لۆرەنس) کە سیفاتی پێکچووی دەگەڵ لۆرەنس – دا هەیە، هەروەها کەسایەتیی (نەفتا) لە ڕۆمانی (چیای سیحری)ی (تۆماس مان) کە زۆر نزیکە لە کەسایەتیی نووسەرو ڕەخنگری مارکسی (جۆرج لۆکاش).. »[٢].

بێ گومان سوود وەرگرتن و تێکەڵکردنی ژیاننامە لە ڕۆماندا لە ڕۆماننووسێکەوە بۆ ڕۆماننووسێکی دیکە جیاوازە، بەڵکو ڕۆماننووس هەیە دەیکات بەجۆرێک لە تەکنیکی نوێ و نوێکاریشی تێدا دەکات، لەمەشدا وەک هەندێک ڕەخنەگرانیش وای دەبینن کە ئەم سوود وەرگرتنە لە ژیاننامە لە ڕۆمانی ئاساییدا دیارترە، بەڵکو لە ڕۆمانی نوێدا پەردەپۆش دەکرێت و بەئاشکرا دیار نابێت و لە ڕێگای هەندێک تەکنیک و نوێکارییەوە بەشێوەی نائاسایی تێکەڵ گێڕانەوەی ڕۆمان دەبێت، ئەمەش لەبەرهەمی زۆر لە نوێکارانی ڕۆمانی دنیا دەرکەوتووە، وەک (أ.م. فۆستەر) لەم باوەڕەدایە کە ژیاننامە بەرهەمی باو دروست ناکات، بەڵکو جۆری چارەسەرکردنەکە هونەرمەند دەگرێتەوەو ئەوەشە هونەرەکە دروست دەکات «گەڕان بەدوای کاتی ونبوو)ی مارسێل پروست بەم شێوەیە بوو، هەروەها (ناڕەوشتی) ئەندرێ جیدو (وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا)ی جێمس جۆیس ئەمیش بەم شێوەیە..»[٣].

لێرەوە (أ.م.فۆستەر) پێیوایە کە دەکرێ ڕۆماننووسی داهێنەر لە یادەوەرییەکانی خۆی و کەڵەکەبووی نەستی خۆی بگەڕێتەوە بۆ کات و شوێنی ڕابردوو و ژیاننامەی خۆی و



خەڵکی دیکە بکات بەکەرەستەیەک یا سەرچاوەیەک بۆ نوێکاری، لێرەدا چۆنیەتی گێڕانەوەو دامەزراندنە هونەرییەکە گرنگە و، نووسەرەکەی واتە ڕۆماننووسی ڕێچکە شکێن دەتوانێ شێوازو تەکنیکی گێڕانەوەش بگۆڕێت و ژیاننامە بکات بەهونەرو داهێنان و لە مەسەلەی کەسایەتی بەدەریان بخات، لەمەشدا توانایی ڕۆماننووسەکە ئەم گۆڕانە ئەنجام دەدات.

کەواتە ژیاننامەو هەقایەتەکانی خەڵک و شتەکانی دیکەیش شانبەشانی هونەرکاری و شارەزایی و توانای دەربڕین واتە شیعرییەتی نووسین و خەیاڵ و جیهانبینینی ڕۆماننووسەکە هەموو پێکەوە دەقێک بەرهەم دێنن پێی دەڵێن ڕۆمان، ئەگەرچی لەسەر هەموو ئەم شتانەش بنیادنراوە کە دەکرێ شتێکی جیابێت و خوێنەر کە دەیخوێنێتەوە هەست بەوە بکات ئەوەی، کە خوێندوویەتییەوە لەواقیعدا هەیەو کەسەکانیش لەواقیعدا هەن، بەڵام ئەوەی کە ڕۆماننووسەکە دەیگێڕێتەوە شتێکی دیکەیە، هەموو کەسێک ناتوانێ وەک ئەو بیانبینێ، بۆیەش بەم شێوە دەیگێڕێتەوە و هونەرەکەشی لەوەدایە کە وەک خەڵک و بەشێوەی ئاسایی نایانگێڕێتەوەو وەک ڕەخنەگری ناوداری ڕۆمان (دیان دوات فایر) لە کتێبە بەنرخەکەیدا (هونەری نووسینی ڕۆمان)دا دەڵێ: «بابەتی چیرۆکەکەت چییە؟ دەتەوێ چی بڵێیت؟ ڕۆمان یەک بەدوای یەکی ڕووداوەکان نییە، هەرچەندیش سەرنجڕاکێش بن، هەروەها ژیاننامەش نییە، چیرۆکی ڕاستەقینەش نییە ئەگەرچی لەسەر ڕاستیش بنیادنراوە..»[٤].

هەندێک نووسەر لەو باوەڕەدان کە ئەم ڕۆمانانەی ژیاننامەیان تێدا بەرجەستە بووە یا لەسەر ژیاننامە بنیادنراون یا کەسایەتییەکی ڕاستەقینەیان کردووە بە پاڵەوانی ئەم ڕۆمانانە کێشە دروست دەکەن، بەڵگەشیان لای خۆمان لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆمانی (سەگوەڕ)ی محەمەد موکری و نۆڤڵێتی (مولازم تەحسین و شتی تریش)ی (د. فەرهاد پیرباڵ)ە کە هەردووکیان کەسان و ڕووداوەکانیان لە واقیعدا هەیەو لە ناوەڕۆکیشدا، ڕەخنە لە واقیعی سیاسی و کەسانی کۆمەڵایەتیی کورد دەگرن و ناڕاستەوخۆ کەسانی ناو واقیعی کۆمەڵگەی کوردەوارین، بەڵام ناوەکانیان گۆڕاوە.. لای ئەو نووسەرانە ئەگەر ئەم جۆرە ڕۆمانە یا نۆڤڵێتە زادەی خەیاڵی نووسەران بووان، ئەوا لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە کێشەیان دروست نەدەکرد، بەڵکو وەک بەرهەمی ئەدەبی دیکە تۆمار دەبوون و گفتوگۆی ئەدەبییان لە بارەوە دەکرا یا وەک بەرهەمی ئاسایی تۆماری خۆیان دەکردو دەڕۆیشتن، بەڵام هەندێک نووسەری دیکە کە خۆشم یەکێکم لەو کەسانە، لەو باوەڕەن کە مەرج نییە

ڕۆمانی ژیاننامە یا ئەو ڕۆمانەی ژیاننامە دەکات بەسەرچاوە کێشە بنێتەوە بەڵکو ئەوان وای دەبینن کە ئەوە جۆری چارەسەرکردنی ڕۆماننووسە بۆ بابەت و کەسەکان کە دەبنە هۆی ورووژاندنی هەستی هەندێک کەس و لایەن. نموونەی زیندووشمان ڕۆمانی (مەدام بۆڤاری)ی فلۆبێرە کە لەبەر ئەوە نییە دراوەتە دادگا. چونکە ژیاننامەی تێدایەو کەسەکان خۆیان تێیدا دۆزیوەتەوە، نەخێر، بەڵکو لەبەر چۆنیەتی چارەسەرکردن و خستنەڕووی بابەتی ڕۆمانەکەیە، کە وەک کێشەیەکی کۆمەڵایەتی قبووڵ ناکرێت، ئەگەرچی ڕۆمانەکە ژیاننامەشی تێدایە و کەسایەتیی ڕۆماننووس لەناویدا دەدۆزرێتەوە، بەبەڵگەی ئەوەی کە فلۆبێر خۆی کاتێ باسی ڕۆمانەکەی دەکات کەسایەتیی مەدام بۆڤاری بۆ خۆی دەگەڕێنێتەوە و دەڵێ (مەدام بۆڤاری منم)..

یا ڕۆمانی (دۆستی لیدی چاترلی)ی ڕۆماننووسی ناودار (د.ه.لۆرەنس) کە دادگایی کردنی و قەدەغەکردنی لەبەر ئەوە نییە کە ژیاننامەی تێدایەو چەندان کەسی باڵادەست خۆیان لەناویدا بدۆزنەوە کە ڕەخنەیان لێ گیراوە و لۆرەنس هێرش دەکاتە سەر چینی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتدارو لۆردەکان و بۆرژواکان، بەڵکو لەبەر لایەنە کۆمەڵایەتییەکە و وروژاندنی ئەم بابەتانەیە کە لۆرەنس ڕەخنەی لێ گرتووەو ئەوانیش پێیان قبووڵ ناکرێ. ئەگەرچی لە ڕووکەشیشدا بڕوایان بەسەربەستیی بیروڕا دەربڕین هەیەو لێرەش چۆنیەتیی چارەسەرکردنی نووسەرە لە کەسانی ڕۆمانەکەیداو بەتایبەتیش ئەم وروژاندنە سێکسییە و ڕەخنە گرتنەکەی و خۆ دۆزینەوەی ئەم چینە دەسەڵاتدارەیە، کە لای ئەوان قبووڵ نەکراوە، بۆیەش کێشەی کۆمەڵایەتی ناوەتەوە و قەدەغەکراوەو دراوەتە دادگا، ئەگەرچی ناوی کەسانی ڕۆمانەکەش خواستراون و دەمامکدراون، بەڵام دیارە هاوشێوەیان لە واقیعدا زۆرەو زۆر کەس هەن خۆیان لەناویدا دەدۆزنەوە.

ڕۆمانی (داوەتێک بۆ گژوگیای دەریا)ی حەیدەر حەیدەر لەبەرئەوە نییە، کە پاڵەوانەکانی دوو کۆمۆنیستی عیراقین و ڕۆماننووس وێنەی ڕاستەقینەی کێشاون، بەڵکو لەبەر چۆنیەتی تەفسیرکردنی کەسانی دیکەو چۆنیەتی تێگەیشتنیان بووە لەبارەی ناوەرۆکی ڕۆمانەکە بەگشتی و بیرو باوەڕی نووسەرەکەی.

دیارە نموونەی دیکەیش لە ڕۆمانی دنیادا زۆرن و لەبەرچاون. لای خۆشمان وەک چۆن باسی ڕۆمانەکەی (موکری و د. فەرهاد پیربال)مان کرد، بەهەمان شێوە ڕۆمانەکەی کەمال سەعدی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) کە لەلایەن کەسێکەوە لە دادگا شکایەتی لێ کراو



کابرایەک ژیاننامەی خۆی لەناویدا دۆزیبووەوە و لای ئەو تەنیا ناوەکەی گۆڕابوو.. ئەمەش هەر لەبەر ئەوە نییە کە ئەو کابرایە کەسایەتیی ڕۆمانەکە لە خۆیدا دەدۆزێتەوە و ژیاننامەی تێدایە یا سوود لە ژیاننامە وەرگیراوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو کابرایە، ڕەنگە کەسایەتییەکەی لە شێوەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا دەدۆزرێتەوە و دەشزانێ هەڵگری هەمان بیروبۆچوون و هەڵسوکەوتە لەنێو کۆمەڵداو ڕەخنەو سەرکۆنەکردنی نووسەرەکەشی بەدڵ نییە، ڕەنگە شکایەتکردنەکەشی بۆ مەبەستی دیکەیش بێت، بەدەر لەلایەنە ئەدەبییەکە.

کەواتە نەڕۆمان ژیاننامەیە نە ژیاننامەش ڕۆمانە، بەڵکو هەردووکیان دوو ژانری سەربەخۆن، بەڵام سوود لەیەکتر وەردەگرن و ڕەگەزەکانی یەکتر بەخۆوە دەگرن و تەواوکەری یەکترین، وەک گوتیشمان هیچ ڕۆماننووسێک ناتوانێ خۆی لە هاوکێشە و کاریگەری کارلێکی ئەو دوو ژانرە بەدوور بگرێت و لای خۆشمان لەنێو ڕۆماننووسانی کورددا نموونەمان زۆرن.. هەندێک لەو نووسەرانە کە ژیاننامەیان نووسیوە چ هی خۆیان و چ هی کەسانی دیکە، وەک بیرەوەریو یاداشتنامە، یا بێ هیچ ناونیشانێک تۆماری کردووە، هەندێکی دیکەشیان ناویان ناوە چیرۆک یا ڕۆمان یا ڕۆمانی مێژوویی..

ئەوەی دەقاو دەق پێی دەگوترێ ژیاننامە یا وەک عەرەب پێی دەڵێن (أدب السيرة) نموونەمان هەن لەئەدەبی کوردیدا، ئەگەرچی ئەو زاتانە دەشیان توانی لەسەر بەرگی کتێبەکە ناوی ڕۆمانیشیان لێ بنایە، وەلێ وەک ژیاننامە دەخوێنرێنەوە.. دیارترین بەرهەممان لەم بارەیەوە، تۆمارەکەی (دلشاد مەریوانی)ی شەهیدە کە دوای خۆی لە ساڵی ١٩٩٩ چاپ کراوەو ناوی کتێبەکەی (یاداشتەکانی هاوڕێکەم)ەو هیچ پۆلێنێکیشی نەکردووە چ بنووسێ ڕۆمان چ بنووسێ یاداشتنامە، بۆیە بەئەدەبی ژیاننامە دەخوێنرێتەوە، وەک خۆشی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: «خوێنەری ئازیز..هەر هێندەت پێ دەڵێم: گەوهەری ئەم یاداشتانە، ڕووداوی ڕاست و مەیدانین لە مێژووی ١٧ حەڤدە ساڵەی تۆمار کردنیاندا بە ئەزموونێکی مێژوویی و وەسیقەی سەردەمم زانین، بۆیە خستمە سەر خوانی چاپ و خوێندنەوەی گشتی. واتە: بە موڵکی تایبەتی خۆمم نەزانین. لەوە زیاتر هیچ لێدوانێکی تریشم نییە دەربارەیان»[٥].

ئەگەرچی من خۆم لەو بڕوایەدام ئەگەر نووسەر ناوی ڕۆمانی لێ بنایە، ئەوا دەبوو بەبەکارهێنانی تەکنیکێکی نوێ لە نووسینی ڕۆمانی کوردی بە تەکنیکی یاداشت یا سوود

وەرگرتن لە یاداشتنامەو مەزراندنی لە ڕۆمانی کوردیدا، بەڵام دیارە مەریوانیی شەهید مەبەستی بووە ژیاننامەی خۆی بەناونیشانی هاوڕێکەیەوە بنووسێتەوە کە ڕاستەوخۆ ناوی خۆی نەهێنێ، کەچی لە ڕاستیدا بەشێکە لە ژیاننامەی (زاکیرەی با)ی (ئەحمەدی مەلا)یە کە لەساڵی ٢٠٠١ لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم چاپ کراوەو لەسەر بەرگی نووسراوە (بیرەوەری) و باسی ئەو پێنج ڕۆژە دەکات کە لەساڵی ١٩٩٢ بە قاچاغ بۆ زێدی خۆی کەرکووک گەڕاوەتەوە.. ئەم بەرهەمەش دەکرا نووسەر ناوی بنێت ڕۆمان، بەڵکو وەک ڕۆمانێکی سەرکەوتووش دەخوێنرێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش نووسەر ناوی ناوە بیرەوەری. لە پێشەکی کتێبەکەشدا بەم شێوەیە باسی دەکات و دەڵێ: «ساڵی سێیەمم بوو لە فەرەنسا کاتێ شەڕی دووەمی کەنداو دەستی پێکرد، یانزە ساڵ بوو کەرکووکم جێهێشتبوو، لە هاوینی ١٩٩٢ بۆ یەکەم جار گەڕامەوە وڵات و بەقاچاغ گەڕامەوە کەرکووک و پێنج ڕۆژی تیا ژیام، کە جارێکی تر گەڕامەوە فەرەنسا، چەند مانگێکی بەسەردا تێپەڕی، لە پۆلی سێیەمی دانشگا بووم کاتێ دەستم بە نووسینەوەی ئەم چەند لاپەڕانە کردو پاش حەوت ساڵ، لە ئیسپانیا جارێکی دی سەرلەنوێ نووسیمەوە..»[٦].

(سەرۆ قادر)یش لە چاپی یەکەمی (تێشکان)دا هیچ پۆلێنێکی بۆ کتێبەکەی نەکردووە و نەیزانیوە چییە، هەر هێندەی زانیوە بەشێک لە ژیاننامەی خۆی بنووسێتەوە، وەک خۆشی لەبەرگی ناوەوەی کتێبەکەدا بەم جۆرە دانی پێدا دەنێ و دەڵێ: «نازانم ناوی چییە، داستانە یان گێڕانەوەی نۆشینی تاڵاوە. بەهەر حاڵ دارشتنەوەیەکە بۆ ئەو ڕووداوانەی لەگەڵیدا ژیام، فرمێسکم ڕژاند، لە بەرەنگاریشیدا بەشدار بووم. هێندەی ئەو تاڵاوەی لەم سەفەرە دە ڕۆژییەدا نۆشیومە، ژان دەمگرێ ئەگەر یەکێک ئەو هەوڵە بە هەڵسەنگان یا دژایەتیکردنی هەر لایەنێک وەربگرێ. قەیدی چی دەکات، با دڵی خۆمان بکەینەوە...»[٧].

نووسەر لەچاپی دووەمی کتێبەکەیدا ناوی ناوە (نۆڤلێت). «شێرزاد هەینی»ش لەتۆمارکردنی ژیاننامەی چەند خێزانێکدا کە سێ ساڵی گوزەرانی نامۆیانە، لە خوارووی عێراقی شەستەکان کە ژیاننامەی خۆشی لەناو ئەو یادەوەرییانەدا دەخوێنرێتەوە بەشێوەیەکی چیرۆک ئامێز چەشنی ڕۆمانێک نووسیویەتی و هیچ ناوێکیشی لە بەرهەمەکەی نەناوە، واتە بۆ هیچ ژانرێک پۆلینی نەکردووەو ناونیشانی کتێبەکەش (کاکە، ئەبو ئیسماعیل)ە کە بەپێشەکییەک دەست پێدەکات و دانیش بەوە دادەنێت کە



نەیتوانیوە هیچ ناوێک بەباڵای تۆمارکردنی ئەم ئەدەبەیدا ببڕێت، کەچی ئەدەبی ژیاننامەیە وەک خۆی لە پێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێ: «کۆششی یەکەم، لەلای من بۆ نووسین، ناونانی بابەتەکەیە. ناونان زۆرم ماندوو دەکات، کە ناوم لێنا سەرەتایەکی باشە، هەست دەکەم نیوەی کارەکەم تەواو بووە. من لە ناوەکەوە دەچمە ناو ناوەڕۆکەکەی. من لەناوەکە، پاڵەوانەکان دەخەمە کارو بە ئیشیان دەخەم. ناوی نووسین واتە سەرچاوەی کارەکە. ناونان دەروازەی چوونە ژوورەوەیە.. تا لەکۆتاییدا دەڵێ: ئەوەش وەک نووسینەکانی ترم، نازانم ڕۆمانە، یان ڕێپۆرتاژە، گێڕانەوە و تۆمارە، یان بیرەوەرییە، هەرچی ناوێ بێت. ڕۆژانەیەکی ڕاست و تاڵی، دوێنێی چەند خێزانێکە. سێ ساڵی گوزەرانی تازە و نامۆیانە، لە خوارووی عێراقی سنەکان..»[٨].

بەڵام بەرهەمی دیکەشمان هەن کە ئەگەرچی بابەتی ڕۆمانەکانیان ژیاننامەیە، بەڵام کردوویانە بە ڕۆمان و ناوی (ڕۆمان)یان لەسەر کتێبەکە نووسیوە، بۆ نموونە (سەرهەد تۆفیق مەعروف) لە ڕۆمانی (تەونی مێژووە سووتاوەکە)دا تا ئێستا دوو بەرگی لێ بڵاوکردۆتەوە و بەرگی یەکەمی لە ساڵی ٢٠٠٤ دا چاپ کراوە، ئەوا ژیاننامەی خێزان و کەسوکار و بنەماڵە ئەنفالکراوەکەی دەنووسێتەوە، کە لە کۆتایی بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکەدا ناوی (٦٠) کەسی بنەماڵەکەی نووسیوە لەگەڵ وێنەی هەندێکیان وەک نووسەر لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێ: «زۆر دەمێکە خولیای ئەوە بووم نووسینێک لەسەر ئەنفال بنووسم، ئەو کاتەی لە شاخ بووین دەستم بەنووسین کرد، کاتێک لێدەبوومەوە دەمزانی ئەوەی نووسیومە لە چاو ئەو کارەساتەوە کرچ و کاڵە بۆیە زوو زوو نووسینەکانم دەنووسییەوەو دەمدڕاند.. کاتێک گەڕاینەوە شار ئەم جارە بەگوڕو تینێکی ترەوە دەستم بە نووسین کرد، ئەگەرچی دەزانم ئەوەی من نووسیومە بێ کەم و کورتی نییە زۆر برادەر ڕایان وابوو ئەوەی لە شەڕی ئەنفال دیومە و بیستوومە وەک مێژوو بینووسم، بەڵام من مێژوونووس نیم، بۆیە لە چوارچێوەی ئەدەبدا کردم بە ڕۆمان..»[٩].

(ڕێبوار ڕەشید)یش لە ڕۆمانی (تارمایی هەڵەبجە) ژیاننامەی خۆی و خێزانەکەی و خەڵکی شارەکەی وەک سەربردەی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە دوای مێژووی ٣ / ٤ / ١٩٩١ کە مێژووی کۆڕەو و ئاوارەبوونی خەڵکی شارەکەیەتی بەرەو سنوورەکانی ئێران تا مێژووی ٣ / ٦ / ١٩٩١ لە سنە. کە ڕۆمانەکەش دەخوێنیتەوە هەست دەکەیت ئەوە ڕۆماننووس ژیانی خۆی و خێزانەکەی و دەوروبەری خۆی دەنووسێتەوە، بەتایبەتی کەسایەتی ئازادو فریشتە بەتایبەتیش لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا سوپاسی ئەو کەسانەی کردووە کە چاویان لە

فریشتە خافڵ نەکردووە ئەگەر ڕۆمانەکە ناوی ڕۆمانی بەسەرەوە نەبووایە، دەبوو بە بابەتێکی سەرکەوتووی ئەدەبی ژیاننامە، چونکە زۆر بەوردی لە کەسایەتییەکانی دواوەو کات و شوێنەکانیش لەبەرچاو دیارن و ڕاستەقینەن و کەسەکانیش ڕاستەقینەن، بەڵام ڕۆماننووس هونەرییانە بەرگی ڕۆمانی لەبەر کردووە. بەڵکو ناو و نازناوەکانیشی گۆڕیون تا لە ژیاننامەوە ببێت بە ڕۆمان، وەک خۆشی لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێ: «ئەو ناو و نازناوانە لەم ڕۆمانەدا ناویان براوە دروست کراون و هیچ پەیوەندییەکیان بەناوی دروست و ڕاستەقینەی کەسەوە نییە..»(١٠).

(ئەحمەد شادی)یش لە ڕۆمانی (کۆڵە پشت)دا، ژیاننامەی خۆی لە شارەکەی خۆی قەڵادزێدا لەکاتی ڕاپەڕین و کۆڕەوو کارەساتە مێژووییەکانی ئەم شارە تۆمار کردووە، بەڵام لەناو چوارچێوەی ڕۆماندا دەیانگێڕێتەوە وەک خۆشی لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێ: «خوێنەری ئازیز: ئەم کتێبەی لەبەر دەستتان دایە.. پڕە لە ئازارو ئەشکەنجەو، ڕۆژگاری سەخت و دەیجووری گەلی کورد.. هەگبەیەکە خەلەو خەرمانی نەهامەتییەکانی وەخۆ هاویشتووە.. تۆمارێکی ڕاست و دروستی ڕاپەڕینە بێ وێنەکەو، کۆچڕەوە کەم وێنەکەو، شارێکی پڕ سینگ و پڕ لە زامی خەڵکی شاری قەڵادزێیە.. ڕووداوەکان مێژوویەکی پڕشنگدار و سەرفرازیان وەخۆ گرتووە..تاد»(١١).

(سەلام عەبدوڵڵا ئیبراهیم) یش کە نووسەرێکی خانەقینییەو ئێستاکە لە سوید دەژی، لە ڕۆمانی (ئەڵوەن و ئەم بەرو ئەو بەر)دا(١٢)، ئەگەرچی ناوی ناوە (ڕۆمان)، بەڵام من دڵنیام ئەوە گێڕانەوەی سەربردە یا ژیاننامەی خۆی و خەڵکی دەوروبەر و شارەکەی خۆیەتی (خانەقین) وەک چۆنیش ڕۆمانەکەی پێشکەش بە (کەمال حەسەن)ی برادەری کردووە کە مردووە.. نووسەر ناوی کەسانی ڕۆمانەکەشی نەگۆڕیوە هەست دەکەی کە ژیاننامەی نووسەرەکە خۆیەتی. بەڵام ئەو ناوی ناوە ڕۆمان.

لە ڕۆمانی (تەونی جاڵجاڵۆکە)ی (حەکیم کاکە وەیس) یشدا کە چاپی یەکەمی لەساڵی ١٩٩٨ لە سوید چاپ کراوە و چاپەمەنیی (ڕابوون)ە، بە ئاشکرا هەست بە نووسینەوەی سەربوردە یا ژیاننامەی نووسەر دەکرێت کە لەدوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول باس دەکات، بەڵکو کەسایەتیی نووسەر لە چیرۆکبێژەکەدا تەواو دیارە وەک خۆشی لە پێشەکیدا ئاماژەی پێ داوە.

(مەولوود ئیبراهیم حەسەن)یش لە کورتە ڕۆمانی (بەردەژن)دا، سەربوردەی ژیانی خەڵکی گوندەکەی (عاڵڵا) دەنووسێتەوەو لە پێشەکی کتێبەکەشدا کە بەناونیشانی



(بەندە و تاقەت!!) نووسیویەتی دانی بەوەدا ناوە کە بەسەرهاتەکان ڕاستین وەک دەڵێ: «ئەو (ڕاستی و واقیع)ەی کە باس کراوە، بەشێکە لەو یادگارییەی کە لەیادەوەری نووسەر ماوەتەوە، ئەو (نووسەر!!)ەی زۆر بەمنداڵی دەتوانم بڵێم: لە پێش هەمووان ئاوارە بوو..تاد»(١٣).

(عەبدوڵڵا سەڕاج)یش لە ڕۆمانی (کۆچڕەو.. کۆچڕەو) دا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس چاپ بووە، ئەگەرچی لەسەر کتێبەکەی نووسیوە (ڕۆمان)، بەڵام ڕاستییەکەی نووسینەوەی سەربوردە یا ژیاننامەی نووسەرەکەیە لەگەڵ خێزانەکەی لەکاتی کۆچڕەوەکەدا لە ناو گێڕانەوەی ئەم کارەساتانەشدا دەگەڕێتەوە بۆ شاری کەرکووک و چۆنیەتی ئاوارە بوونی و هاتنیان بۆ هەولێرو گێڕانەوەی ڕابردوو و سەردەمی منداڵی و قۆناغەکانی تەمەنی لە کەرکووک و هەولێرو ناوچەکانی دەوروبەری ئەم دوو شارەو تەنانەت ناوی منداڵەکانی خۆشی وەک خۆی نووسیوەتەوە تەنیا ناوی خۆی لەم ڕۆمانەدا مامۆستا میرزایە ئەویش هەر ناوی خۆیەتی و بەم ناوەش ناسراوە.. لەم ڕۆمانەدا لە پاڵ ئەوەی کە بایەخ بەتەکنیک و گێڕانەوەی هونەری دراوە، خوێنەر هەست بەوە دەکات کە ئەدەبێک دەخوێنێتەوە بریتییە لە ژیاننامەی نووسەر.

(عەبدوڵڵا سەڕاج) لە ڕۆمانی ( ونگە)شدا کە لەساڵی ٢٠٠١ لەلایەن دەزگای هاڤیبوون لە بەرلین چاپ کراوە، ڕۆماننووس سەرلەبەری ڕۆمانەکەی، ژیاننامەی خۆی لە وڵاتی (فینلەندا)دا دەگێڕێتەوە هەر لەو کاتەوە، کە وڵاتی خۆی جێهێشتووە تا چوونی خێزانەکەی بۆ لای و لەناو ڕۆمانەکەشدا یادەوەرییەکانی لە کەرکووک و هەولێر تێهەڵکێش کردووە.

ئەگەرچی ڕۆماننووس زۆر هونەرییانە مامەڵەی دەگەڵ ئەم ڕۆمانە کردووەو سەرکەوتووە، لەپاڵ ئەوەش خوێنەر ژیاننامەی نووسەر بەئاشکرا بەدی دەکات، ئەمەش خەسڵەتێکی نووسینی (سەڕاج)ە.

لەنێو ئەم دەقانەشدا کە باسمان کردن و هەندێکیان بێ هیچ ناوێک ئەدەبی ژیاننامەیان نووسیوە یا نۆڤلێت و کورتە ڕۆمان، بەڵام لە ناوەڕۆکدا ئەدەبی ژیاننامەیان بەرجەستە کردووە یانیش تێکەڵاوییەکە لەنێوان ڕۆمان و ژیاننامەدا، لەوانەشە هەندێکیشیان نەیانتوانیبێ خۆیان بەهیچ کام لەم دوو لایەدا ساغ بکەنەوە.. بەڵام ئەوەی کە بەڕای من تەواو توانیویەتی ئەدەبی ژیاننامە بنووسێ و بەزمانێکی ڕۆمان ئامێزی پڕ لە چیرۆک و ڕووداو ژیاننامەی خۆی لە منداڵییەوە قۆناغ بە قۆناغ، سەربردەو بەسەرهاتە ڕاستەقینە و

ئەفسانەییەکانی دەوروبەری خۆی بنووسێتەوە و لە کتێبێکدا سێ بەشی بەناونیشانی (منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد) و بەشی دیکەیشی ئامادەی نووسینە ئەوا برای ڕۆماننووس و چیرۆکنووسی بەتوانا (کاروان عومەر کاکە سوور)ە کە چاپی یەکەمی دوو بەشەکەی بووەو لە ساڵی ٢٠٠٠ چاپ و بڵاوکرایەوە، بەڵام جاری دووەم بەزیادەوە و تێکەڵکردنی بەشی سێیەمی جارێکی دیکە لە ساڵی ٢٠٠٣ لە دەزگای ئاراس چاپ کراوە و دیارە نووسەریش بۆ ئەوەی بەدیاری بخات و خوێنەران بزانن ئەدەبی ژیاننامەی نووسیوە، لە پێشەکی کتێبەکەدا کە بەناونیشانی یەک دوو وشە نووسیویەتی لە درێژەی باسکردن و چۆنیەتی چاپکردنەوەو زیادکردنی دەڵێ: «بەهۆی گۆڕانی ناوەرۆک و فۆڕمی بەرهەمەکە، بەپێویستم زانی ڕستەی (سەربردەی ژیانی خەیاڵ و واقیعی منداڵیی نووسەر و ئەوانی تر) لەسەر بەرگ بنووسم. ڕوونتر بڵێم مەبەستم لە هەردوو ڕووی ژیانی منداڵی خۆم و ژیانی خەڵکانێکە، کە من بەڕاستی و بەخەیاڵ پەیوەندیم پێیانەوە هەبووە، هەر بۆیەش کات و شوێن لە سنووری سروشتی خۆیان دەردەچن و پەل بۆ زۆر لای تریش داوێن..»[١٤].

ئەم بەرهەمەی کاروان ئەوەندە جوان و شیرین نووسراوە و پڕن لە بەسەرهات و ڕووداو و چیرۆک و هەر چیرۆکێکیش ئەگەر درێژەی پێ بدرێ دەبێت بە بابەتی ڕۆمانێک، بەڵام لەگەڵ ئەمەش نووسەر بەمەبەستەوە ناوی ئەدەبی سەربردە یا ژیاننامەی بەباڵا بڕیوەو لەمەشدا وەک شاکارێکی ئەم ئەدەبە دەخوێنرێتەوەو بەرهەمێکی سەرکەوتووی ئەم ئەدەبەیە.

بڕواناکەم هیچ ڕۆماننووسێکی کورد لە پشت کەسایەتیی ڕۆمانەکانیانەوە ژیاننامەی خۆیان تێکەڵ ڕۆمانەکانیان نەکردبێت، بەڵام هەیانە خۆی دانی پێداناوە، وەک ڕۆماننووس (خوسرەو جاف) جیا لەوەی کە ڕۆمانەکانی وەک (ڕاز ١٩٩٤) لە کەسایەتیی (پیران)دا کە شاعیریشە نووسەر دەبینرێتەوە، هەروەها لە ڕۆمانی کۆردەرەوەو ئەوانی دیکەشیدا دیارە، بەڵام لە ڕۆمانی (پاشایان کوشت) ڕۆماننووس ژیاننامەی بنەماڵەکەی بەڕۆمان نووسیوەتەوە، وەک خۆشی لە پێشەکی ڕۆمانەکەدا دەڵێ: «هەڵبژاردنی ئەم سەردەمە مێژووییەی نەتەوەکەمان، تەنها لەبەر ئەوەی نییە پاشای کوژراو باپیرمەو زۆربەی ڕووداوەکانی لە دیارو تەباری تیرەو تایفەمدا ڕووی دابێت، بەڵکو هەڵدانەوەی پەردەیەکی ئەستووری یەک دوو سەدەی شاراوە لە ڕووی ژیان و ژانی نەتەوەکەمانە..»[١٥].



(فەرهاد پیربال)یش لە ڕۆمانی (پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین)دا کە لەساڵی ٢٠٠٣ چاپ کراوە لە دوو پەراوێزدا باسی ئەوە دەکات کە لەم ڕۆمانەدا ژیاننامەی (ڕۆژیار) دەنووسێتەوە و زانیاریەکانیشی لە ئیبراهیم شەمزینی ئامۆزای ڕۆژیار و هاوڕێی خۆی وەرگرتووە. لە پەراوێزی یەکەمدا دەڵێ: «من هەندێک لەم زانیارییانەم لە کتێبە مێژووییەکانەوە کە لەبارەی کورد نووسراون خوێندۆتەوە. ئەو زانیارییانەش کە لەبارەی خودی کەسایەتیی ڕۆژیارەوە دەیانزانم، پێشتر پێش ئەوەی بچمە لای ڕۆژیار، لە هاوڕێیەکی خۆمم وەرگرتبوو بەناوی ئیبراهیم شەمزینی کوڕی مامی ڕۆژیار خۆی بوو، باش دەیناسی»[١٦]، لە پەراوێزی دووەمیشدا لەسەر زاری ئیبراهیم شەمزینی وردەکاری ژیاننامەی ڕۆژیار و بنەماڵەکەیان باس دەکات. لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکەشدا پشت بە یاداشتنامە و نامەکانی ڕۆژیار دەبەستێت و لەنێو ڕۆمانەکەشدا ڕۆماننووس کەسایەتییەکەی دەناسرێتەوە کە هەردووکیان واتە ئەو کەسەی کە ژیاننامەی نووسیوەتەوە و خۆشی خەڵکی یەک شارن کە هەولێرە.

ئەم ڕۆمانە ئەگەر بۆ مەبەستی تەکنیکیش بەم شێوازە نووسرابێت بەرجەستەی ئەدەبێک دەکات پێی دەگوترێ ژیاننامە، بەڵام لێرە ئێمە وەک لەسەر بەرگی نووسراوە ڕۆمان و هەو مامەڵەی ڕۆمانیشی دەگەڵدا دەکەین، بەڵام ئەم ڕۆمانە بەتەکنیکی ژیاننامە نووسراوە و ڕۆماننووس زۆر بەجوانی بەرجەستەی کردووە.

د. فەرهاد پیربال لە ڕۆمانی (سانتیاگۆ دی کۆپۆسیتێلا)ش کە لە ساڵی ٢٠٠٢ چاپ کراوە لە کەسایەتیی (دارا)ی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەدا ژیاننامەی خۆی تێدا بەڕوونی دیارەو بەهۆی کات و شوێن و کەسایەتییەکانی دیکەشەوە دەناسرێتەوە.

لە پشت پەردەی کەسایەتییەکانی زۆربەی ڕۆماننووسانی کورددا کەسایەتی یا ژیاننامەی نووسەرەکە خۆی ڕەنگی داوەتەوە، چی ئاشکراو چیش پەردەپۆش کراوە، بەڵام تارماییەکەی هەست پێ دەکرێت و خوێنەری زیرەک دەیناسێتەوە یا بە هۆی کات و شوێن و کەسایەتییەکانی دیکەوە دەناسرێتەوە، هەشە بەمەبەستی تەکنیک وای کردووە. (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار جاف کە کۆنترین ڕۆمانی کوردییە لە کوردستانی عیراق باشترین نموونەی ناسینەوە یا ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی نووسەرە لە کەسایەتی زۆرابدا کە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەیە وەک (د.عادل گەرمیانی) لە لێکۆڵینەوەکەی خۆیدا دەربارەی ڕۆمانی کوردی بەم جۆرە بەراوردی کردووە کە دەڵێ: «لەنێوان سروشتی

کەسێتی زۆراب و ژیانەکەی سروشتی کەسێتی ئەحمەد موختار جافی ڕۆماننووس، بەڕای ئێمە هەندێ لێکچوون هەیە، بۆ نموونە هەردووکیان لە قەزای هەڵەبجە لە دایک بوونە، هەردووکیان دەبنە ڕەئیسی قەزا، کەوا ئێستا قایمقامی پێ دەگوترێ، هەروەها هەردووکیان دەبنە ئەندامی پەرلەمانی ئەو سەردەمەی پاشایەتی»(١٧).

ئینجا نموونەی دیکەشمان زۆرن جگە لەو ڕۆمانانەی کە لەسەریان وەستاین، چونکە ڕەنگدانەوەکە ڕاستەوخۆ و دیارە ژیاننامەی نووسەر و کەسانی دیکە تەواو بەرجەستە کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەش لەزۆربەی ڕۆمانی کوردیدا کەم تا زۆر تارمایی نووسەرەکە لە شاکەس یا کەسایەتیی دیکەی ڕۆمانەکانی کوردیدا هەستی پێدەکری، بەتایبەتیش گەڕانەوەی سەردەمی منداڵی و کەسایەتیی پاڵەوانە ڕۆشنبیرەکانی ناو ڕۆمانەکان.. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئەگەر وەک ئاماژەیەکی خێراش بێت، هەندێک نموونە بخەمە بەرچاو کە ئێمە سەردەم و مێژووی نووسینی ناکەین بە پێوەر بۆ پاشەوپێش کردنی ناوەکان، بەڵکو مەبەستمان سەلماندنی ڕاکەمانە بەنموونەو خوێنەرانیش دەتوانن بۆ وردەکاری دیکە بگەڕێنەوە بۆ ئەم ڕۆمانە..

ئیبراهیم ئەحمەد لە ڕۆمانی (ژانی گەل ١٩٧٢)دا لە کەسایەتیی جوامێردا تارمایی نووسەر دەدۆزینەوە. محەمەد مەولود مەم لە ڕۆمانی (ڕێگا- چ/ ٢-٢٠٠١)دا لە کەسایەتیی شێرکۆی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەدا منداڵیی نووسەر دەخوێنرێتەوە.

حسێن عارف لە ڕۆمانی (شار- بەرگی یەکەم-١٩٨٦)دا، ژیاننامەی لە کەسایەتیی خورشیدی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەو لە بەرگی دووەمیش ٢٠٠١ دا لە کەسایەتیی هاوڕێی ئەحمەد دا کە بەهاوڕێی مریەم ناسراوە بەرجەستە بووە.

لە ڕۆمانی سەعید ناکامیشدا (ئاگری بن کا - ١٩٩٩) لە کەسایەتیی نامکادا. هەروەها لە ڕۆمانی (کەوشەنی پەیکەرتاشێکی تر- ٢٠٠٣)ی کاکە مەم بۆتانیدا لە کەسایەتیی قارەمان حەمە سووردا تارمایی نووسەر هەستی پێدەکرێ. (محەمەد موکری)یش لە ڕۆمانی (ئەژدیها- ١٩٩٨) لە کەسایەتیی کەریم و لە ڕۆمانی (هەرەس ١٩٨٥) دا لە کەسایەتیی حەمەی حاجی زادە و نەریمان و ئەحمەد دا تارمایی ژیاننامەی نووسەر دەخوێنرێتەوە، لای عەزیزی مەلای ڕەش ئەم ڕۆمانەی کە ژیاننامەی خۆی تێدا خستۆتە ناو کەسایەتیی ڕۆمانەکانی سەرکەوتنی زیاتری بەدەست هێناوەو نووسەر تەواو بەرجەستەی کەسایەتییەکانی ئەم ڕۆمانانەی کردووە، وەک دەبینین لە ڕۆمانی (خاک و



چەوسانەوە- بەرگی یەکەم-١٩٩٨) داو لە (خاک و کێشەی مان- بەرگی دووەم-١٩٩٩) دا، تارمایی ژیاننامەی نووسەر لە کەسایەتیی سەرەکی ڕۆمانەکەدا کە مامۆستا عومەر حەمە ڕەحیم دەبینرێ و لە ڕۆمانی (غەوارە-١٩٩١) یشدا، لاسارییەکانی چەتۆ کە لەسەردەمی منداڵیی خۆی دەدوێ کت و مت ژیاننامە یا بەشێکی ژیانی نووسەرە.

ئەحمەد محەمەد ئسماعیل لە ڕۆمانی (بەهاری ڕەش-١٩٩٨) کە سەربردەی ئەنفالکراوەکانی کەرکووک و گەرمیان دەنووسێتەوە، کەسایەتیی نووسەر لە شاکەسی ڕۆمانەکە سابیر حاجی جومعەدا دەردەکەوێ.

لای حەسەن جافیش، لە ڕۆمانی (عەلەبەستێ- ١٩٩٩) لە سەربردەی ژان و ئازارەکانی کەرکووکییەکاندا لەناو کەسایەتیی ڕۆمانەکە وەک لە ناونیشانەکەیدا دیارە دەدۆزرێتەوەو لە ڕۆمانی (گۆڕستانی لم-٢٠٠١)یشدا لە سەربردەی ئەنفالکراوەکانی کەرکووک و گەرمیان ژیاننامەو کەسایەتیی نووسەر لە تەیمووری کولەجۆدا بەرجەستە بووە، محەمەد ڕەشید فەتاح لە ڕۆمانی (دیوەخان ١٩٩٥) دا، لەکەسایەتیی سوارەداو لای حەمە کەریم هەورامی لە ڕۆمانی (بەرمیلی قۆپاو ٢٠٠٢) دا لە کەسایەتیی بارام ئەفەنی نووسەر و لەلای حەمە کەریم عارف لە ڕۆمانی (کۆچی سوور-١٩٩٩) لە کەسایەتیی فەرەجی پێشمەرگەداو لای سەلام مەنمی لە ڕۆمانی (زمناکۆ ١٩٩٨) لە کەسایەتیی زمانکۆدا لای حیسام بەرزنجی لە ڕۆمانی (کانگای بەڵا-١٩٨٨) لە کەسایەتیی دارادا و لای ڕەزا سەید گوڵ بەرزنجی لە ڕۆمانی (بەفر یا ئەشکەوتی مراز ٢٠٠٣) لە کەسایەتیی دڵگەش- داو لای غەفوور ساڵح عەبدوڵڵا لە ڕۆمانی (توانەوە-١٩٩٨) لە کەسایەتیی قارەمان قارەمان حەمە سوور لای ڕەئووف حەسەن لە ڕۆمانی (خۆری تار ١٩٩٩)دا لە کەسایەتیی فەرهادی چیرۆکنووس و لای ئیسماعیل ڕۆژبەیانی لە ڕۆمانی (نازە-١٩٨١) لە کەسایەتیی مامۆستا ئازاد کە نووسەر و ڕۆشنبیرەو لای عەتا نەهایی لە ڕۆمانی (باڵندەکانی دەم با-٢٠٠٢) دا لە کەسایەتیی چیرۆکبێژ کە خۆی چیرۆکنووسەکەیەو (جەلال)ی چیرۆکنووس و فەرهادی نەقاش و لای شێرزاد حەسەن لە ڕۆمانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان- ٢٠٠١) لە کەسایەتیی بایز و لە ڕۆمانی (تەرمی سەرخەرەند-٢٠٠٣) یش لەکەسایەتیی فەرهاد و لای بەختیار عەلی لە ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم-١٩٩٨) لە کەسایەتیی ئەشرەف و لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دنیا-٢٠٠٢)ش لە کەسایەتیی موزەفەری سوبحدەم و سەریاسی سوبحدەم- دا و لای ئەنوەر محەمەد تاهیر لە ڕۆمانی (گەڕیان لە بابی بەرزە-٢٠٠١) لەکەسایەتیی هۆستا حوسێن و لەلای

سەلاح عومەر لە ڕۆمانی (جەنگ ٢٠٠٣) سەربردەی باپیری نووسەرەکە لەسەردەمی تورکەکاندا بەدەستی سوپای تورک کوژراوە، لە ڕۆمانی (ئەلوەن)دا ئەحلام مەنسوور سەربردەی ژیانی خەڵکی شارەکەی خۆی خانەقین دەنووسێتەوە، هەروەها لای کاروان عەبدوڵڵا لە ڕۆمانی (سەفەری مردووەکان- ٢٠٠٢) لە کەسایەتیی باویل و سەرکێشییەکانی سەردەمی منداڵیداو لای کامەران مەنتک لە ڕۆمانی (بێوار-٢٠٠٤) لە کەسایەتیی هۆمەر کە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە ئینجاش لای هیوا قادر لە ڕۆمانی (ئاوێنە سەرابییەکان- ١٩٩٦) لەکەسایەتیی جەعفەر- داو لای حەسەن سلێڤانی لە کورتە ڕۆمانی (گوڵستان و شەڤ - ٢٠٠٠) لە کەسایەتیی دلشاد دا کە چووە بۆ گەڕەکێکی شاری موسڵ، لای جەبار جەمال غەریب لە ڕۆمانی (چناری شیر- ١٩٩٩) لەکەسایەتیی پیری داموس و ڕۆمانی (دنیا لە کتێبێک دا- ٢٠٠٢) لەکەسی چیرۆکبێژداو لای سەلاح جەلال لە ڕۆمانی (مۆسیقای مەرگی ناوەختە-١٩٩٧) لە کەسایەتیی شاڵ سپی و شاڵ سەوز- دا و لە ڕۆمانی (ڕێبەندان- ١٩٩٠)ی تەها ئەحمەد ڕەسووڵ لە کەسایەتیی مەحموودو لە ڕۆمانی (کەوتنە خوارەوەی گورگێک- ٢٠٠٢)ی ئیسماعیل حەمەدەمین لە کەسایەتیی شێرزاد و عەزیزی سەربڕاوی گەورەو لای کەریم دەشتی لە کورتە ڕۆمانی (کەمتیار-١٩٩٩) لە کەسایەتیی مامەند.. ئیتر نموونە زۆرن، بەڵام ئێمە بۆ بەرجەستە بوونی یا سوود وەرگرتن یا ڕەنگدانەوەی ژیاننامەو کەسایەتیی ڕۆماننووسەکان ئەوەندە نموونەیەمان بەپەسند زانی، دەنا هێشتا نموونەی دیکە هەن و ڕەنگە هەندێک ڕۆمانیشمان لەیاد کردبێت یا لای ئێمە نەبووبێت یا هەر نەشمان دیوە بێ گومان ئەوانیش کەم تا زۆر ئەم ڕەنگدانەوەیان تێدا دەبینرێ.. لەمەوەش دەگەینە ئەم ڕاستییەی کە ڕۆمان ئەگەر لە ژیاننامەی جیا بکەینەوە، ئەوا بێ گومان دەقێکی بێ گیان دەمێنێتەوە، بۆیەش کەم ڕۆمانی کوردیمان هەیە، مەگەر بەدەگمەن دەنا هەموویان ژیاننامەی نووسەرەکان یا کەسانی دیکەیان تێدا بەرجەستە کراوە، بەڵام جۆری مەزراندن و چۆنیەتی سوود وەرگرتن لێیەوە لە ڕۆمانێکەوە بۆ ڕۆمانێکی دیکە دەگۆڕێت..

لەئەدەبی کوردیماندا دەیان نموونەی بەرچاومان هەیە، کە نووسەرەکانیان ژیاننامەی خۆیان نووسیوەتەوە، یانیش کەسانی دیکە بۆیان نووسیوە، لەمانەش:

(چێشتی مجێور)ی هەژار موکریانی کە جێگای بایەخی نووسەر و خوێنەرانە، هەروەها ژیاننامەی عومەر دەبابە، کە کاکە مەم بۆتانی برای نووسیویەتییەوە، هەروەها (ساڵێک لە تەمەن)ی حوسێن عارف و (سەفەرنامە)ی هیوا قادر و ژیاننامەی کەریم حیسامی، کە



بەچەند بەرگ نووسیویە و ئینجاش ژیننامەی ئەحمەد دڵزار و ژیننامەی شاکر فەتاح و ژیننامەی مەلا عەبدوڵڵا و ژیننامەی عەلی عەسکەری و دەیان تۆماری دیکە، کە ئێمە ناتوانین هەموویان تۆمار بکەین، بەڵام ئەگەر بکرێت بە بیبلیۆگرافیا ژمارەکانی زۆر زیاترن، ئەمانەش بەڵگەی ئەوەن کە ئەم تەرزە نووسینە لە ئەدەبی کوردیدا جێگای بایەخی نووسەرو خوێنەرانە، وەک ڕۆمان جێگای خۆی کردۆتەوە لە ئەدەبی کوردیدا.

بۆیە دوای ئەم هەموو نموونەو باسکردن و پشکنین و لێکۆڵینەوەیە، دەگەینە ئەم ڕاستییەی کە ئەدەبی ژیاننامە لە ئەدەبی کوردیدا تۆماری بەرچاوی هەیە چ وەک ژانرێکی سەربەخۆو چیش وەک بەکارهێنانی و ڕەنگدانەوەی لەنێو ڕۆمانداو چیش وەک ژیاننامە، بەڵام کراوە بە ڕۆمان، واتە ژیاننامەیەو ناوی ڕۆمانی لەسەر نووسراوە. ڕەنگە هەندێک نموونەمان هەبێت کە تەنیا ناوی پاڵەوانەکانی گۆڕاوە، هەشیانە تەنانەت ناوە ڕاستنەقینەکانیش نەگۆڕاون و، بەڵکو وێنەی کەسەکانیش بڵاوکراونەتەوە، ئەمانەش هەموو بەنموونە باس کران، بۆیە لێرە پێویست ناکات بۆ گەیشتن بەم ئەنجامە نموونەکان بخەینەوە بەرچاو. ئەوەندە هەیە لەکۆتایی باسەکەماندا، دەگەینە ئەو سەلماندنەی کە ژیاننامەو ڕۆمان وەک دوو ژانری نزیکی یەکتر وەک لە ئەدەبی هەموو دنیادا هەیەو تۆماری خۆی کردووە، ئەوا لەئەدەبی کوردیشدا، چ وەک دوو ژانری سەربەخۆ هەردووکیان هەن و بەئاوێتە بوونی یەکتریش چ ژیاننامە لەناو ڕۆمانداو چیش ڕۆمان لەنێو ژیاننامەدا تۆماری بەرچاومان هەیەو هەشمانە لەم کتێبانە کە هیچیان لەسەر نەنووسراوە، بەڵام خوێنەر لێکیان جیادەکاتەوە.. تا ڕۆمان و چیرۆکیش بمێنێ ژیاننامە ڕەنگدانەوەیەکی زیندووی ئەم ئەدەبەیەو تا ژیانیش بمێنێ، ڕۆمان و چیرۆک ئەرکێکی مرۆڤن و دەستبەرداریان نابین، بەڵام لە ڕووی هونەرییەوە گۆڕانیان بەسەردا دێت.

***

سەرچاوە و پەراوێزەکان:


١- كاظم سعدالدين، كبار الكتاب كيف يكتبون، كتاب الطليعة الادبية (٨)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص ١٨٤.

٢- جيرمي هوثورن، مدخل لدراسة الرواية، ترجمة غازي درويش عطية، سلسلة المائة كتاب، طباعة ونشر دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٦، ص ٣٠١.

٣- د.محسن جاسم الموسوى، عصر الروايه- مقال فى النوع الادبى، منشورات مكتبه التحرير، مطبعة الديوانى، بغداد، ط/ ١، ١٩٨٥، ص ١٧٤.

٤- دیان دوات فایر، فن کتابة الروایة، ترجمة د. عبدالستار جواد، سلسلة المائة کتاب، طباعة ونشر دار الشؤون الثقافیة العامة، ط/ ١، بغداد، ١٩٩٨، ص ١٥.
٥- دڵشاد مەریوانی، یاداشتەکانی هاوڕێکەم، چاپەمەنی زامـوا، ژمارە (٢٢)، چ/ ١، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٣.
٦- ئەحمەدی مەلا، زاکیرەی با، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٤٨)، چاپخانەی پەخشی سەردەم، چ/ ١، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢.
٧- سەرۆ قادر، تێشکان، کتێبی گوڵان (٣)، چاپخانەی ڕۆشنبیری، چ/ ١، هەولێر ١٩٩٧، ناوەوەی دوا بەرگ.
٨- شێرزاد هەینی، کاکە، ئەبو ئیسماعیل، سوید، ئابی ٢٠٠١، بێ ناوی چاپخانە، ل٤.
٩- سەرهەد تۆفیق مەعروف، تەونی مێژووە سووتاوەکە، بەرگی یەکەم، چاپخانەی هەمیشە، چ/ ١، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٥.
١٠- ڕێبوار ڕەشید، تارمایی هەڵەبجە، چ/ ١، سوید، ١٩٩٨، ل٨.
١١- ئەحمەد شادی، کۆڵە پشت، چ/ ١، قەڵادزێ، ٢٠٠٣، بێ ناوی چاپخانە، ل٤.
١٢- سەلام عەبدوڵلا ئیبراهیم، ئەڵوەن و ئەمبەر و ئەوبەر، بڵاوکراوەکانی ئینتیشاراتی هانا، چ/١ سوید، ١٩٩٨، ل٤-
١٣- مەولوود ئیبراهیم حەسەن، بەردەژن، چ/ ١، هەولێر، بێ ناوی چاپخانە، ٢٠٠١.
١٤- کاروان عومەر کاکە سوور، منداڵیم ئاسکێک بوو بەسەر پەلکە زێڕینەکاندا بازبازێنی دەکرد، زنجیرەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (٢١٢)، چ/ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣، ل٦.
١٥- خوسرەو جاف، پاشایان کوشت، چاپخانەی دار الرسالة، چ/ ١، بەغداد، ١٩٩٣، ل٥.
١٦- فەرهاد پیرباڵ، پیاوێکی شەپقە ڕەشی پاڵتۆ ڕەشی پێڵاو شین، زنجیرەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس (١٨٦)، چ/ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٣.
١٧- د. عادل گەرمیانی، ڕەنگدانەوەی ڕیالیزمی ڕەخنەیی لە ڕۆمانی کوردیی هاوچەرخدا، گۆڤاری نەوشەفەق، ژ (٣٠)ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٤، ل ٢٤.



# مەسەلەی ویژدان و پرسیارێک لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە

ئێمە نامانەوێ باسی ئەوە بکەین کە ئاخۆ ئەم (مەسەلەی ویژدان)ەی ئەحمەد موختار جاف ڕۆمانە یان نۆڤلێتە یاخود چیرۆکی درێژەو بەوردو درشتی باسی پۆلێنکردنی بکەین چونکە لەپێش ئێمەدا گەلێک لەم هەوڵانە دراون[١] و بەلای ئێمەوە ئەمەش نامانگەیەنێتە مەبەستی نووسینەکەی ئێمە کە ئەویش لە شێوەی پرسیارێکدا خۆی ئەخاتە ڕوو ئەویش ئەوەیە کە لەو سەردەمەی ئەحمەد موختار کە وەک دکتۆر ئیحسان دەڵێ: «ئەحمەد موختار بەگی جاف ئەم سەرگوزشتەیەی لە دەوروبەری ساڵانی (١٩٢٧-١٩٢٨) دا نووسیوە..»[٢]. هەروەها دکتۆر ڕوونیشی دەکاتەوە کە وەک شاعیرێک شارەزایی لە هونەری چیرۆک نووسیندا هەبووە[٣].

پرسیارەکەش ئەوەیە کە دەڵێ داخوا لەو سەردەمەدا ئەحمەد موختار شارەزایی لە هونەری ڕۆماندا هەبووە یا ڕۆشنبیری کوردی لەم سەردەمەدا ئاگاداری ڕۆمان بووینە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ بەچەند بەڵگەیەکەوە ڕوونی بکەینەوە کە لەم سەردەمەدا هونەری چیرۆک ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا ناسراو بووە وەک: نووسینی (لەخەوما)ی (جەمیل سائیب) کە پێش (مەسەلەی ویژدان) نووسراوە و بڵاویش کراوەتەوە بە دوو ساڵ واتە لەساڵی (١٩٢٥)دا بەزنجیرە بڵاوکراوەتەوە ئەمە ئەگەرچی مشتومڕ زۆر کراوە لەسەر ئەوەی داخوا ئەم دوو بەرهەمە هەردووکیان چیرۆکی درێژن یا ڕۆمان.. بەڕای من هەردووکیان دەتوانرێن بنێ بە ڕۆمان چونکە بەگوێرەی پۆلێن و پێوەری ئێستا دوورو درێژی تاکە پێوەری جیاکردنەوەی ئەم پۆلێنە نییە بەقەد ئەوەی کارەساتەکانی ناو چیرۆکەکە دەتوانن وەک ڕۆمان خۆیان بخوێننەوە یان نا.. هەردوو بەرهەمەکەی جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار دەچنە خانەی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە کە لەو سەردەمەدا باو بووە و هەردووکیان ڕەخنە لە دواکەوتوویی کۆمەڵگەی کوردی دەکەن و بەگژ فەسادی ئیداری ئەو سەردەمەدا دێنەوە کە بووەتە هۆی تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵگەو درۆو دەلەسەو فەرامۆش کردنی پیاوچاکان لە دەستەڵات و خۆ ڕەپێشکردنی بێ ویژدان و لێبان لێس و ماستاوچییەکان و نەخوێندەوار و حوکمڕانی و ساویلکەیی کۆمەڵگەش بەرامبەر ئەوانە و دوورە پەرێزی و پشتگوێ خستنی پیاوانی بە ویژدان و ئاقڵ و نیشتمان پەروەرانیش

بەرامبەر ئەوە کە ئەم سەلە دەتوانرێ لەهەموو کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا بەخاڵی سەرەکی ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ئەم میللەتانە بزانین و بەتایبەتیش میللەتەکەی خۆمان کە تا ئێستاش نەیتوانیوە خۆی لە دواکەوتوویی ڕزگار بکات، بۆیەش بیری سەرەکی ڕۆمانەکان ئەگەرچی بۆ ئەم سەردەمەیش کە ساڵانی بیستەکان بوو نووسرابن ئەوا هەمان شت بۆ ئەم سەردەمەش دەست دەدەن. یەکەم بەڵگەمان بۆ ڕۆشنبیری ئەحمەد موختار جاف ئەوەیە کە (مێجەر سۆن) وەک ئەوەی پیاوێکی سیاسی و کەمۆی ئینگلیز بووەو مامۆستا عەزیز گەردی لە کتێبی (پەخشانی کوردی)[٤] دەری دەخات کە دەوری زۆری هەبووە لە ڕۆژنامەگەری و پەخشانی کوردی و ئەم کابرایە پێش شەڕی یەکەمی جیهانی بە ئیش هاتوەتە ڕۆژهەڵات، چووە ئێران و فێری فارسی و کوردییەکی باش بوو و ناوی لەخۆی نا (میرزا غولام حسین)... هەر لەبارەی ئەم (مێجەرسۆن)ە عەزیز گەردی دەڵێ (هەر بەم ناوەوە ماوەیەک لە خزمەت تاهر بەگی جافدا مایەوە بەڵام تاهر بەگ بەزیرەکی خۆی زانی ئەمە نە فارسە و نە کوردە، بەڵکو ئینگلیزە و بەئیش هاتووەتە ئەو ناوچەیە.. لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە مادام (مێجەرسۆن) لە ماڵی تاهیر بەگدا مابێتەوە گومانی تێدانیە کە ئەحمەد موختار بەگی برای تاهیر بەگیش بەردەوام چاوی پێکەوتووەو هانی دابێ بۆ زیاتر خوێندنەوە جا لە ڕێگەی زمانی ئینگلیزی بووبێت یا لە ڕێگەی زمانی فارسییەوە، بۆیە ئەحمەد موختار کاریگەری ڕۆمانی ئەوروپای بەسەرەوە هەبووە بەڵگەشم بۆ ئەو ڕایەی خودی ڕۆمانەکەی ئەحمەد موختار جافە کە باس لە غەرب واتە ڕۆژئاواو باسی قاعیدەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و یاسایی و عورفی ئەوێ دەکات کە لەو باوەڕەم ئەگەر لە ڕێگای خوێندنەوە نەبێت نەیزانیوە بەتایبەتیش کە باسی فەرەنسا دەکات و ئەو خۆی سەردانی نەکردووە و لێی نەژیاوە ئەگەر لە ڕێگای خوێندنەوەدا نەبێت ئەم زانیارییە بزانێت وەک دەڵێ «لەو موددەتەدا کە لەسەر ئەو وەزیفەیە بووم، کابرایەک دوو سێ قەتعە موڵکی بوو لە خارجی مەرکەزەکەدا، وەبەمەسافەی دوو سەعات ڕێگا دوور. زۆرم حەز لێ کردبوون وە ئارەزووم ئەکرد ڕێگایەک پەیدا بکەم ئەو موڵکانەی لێ بستێنم، چونکە هەروەکو لە غەربدا ئەوسا قاعیدە بوو، هەرکەس ئەرازییەک یا موڵکێکی نەبوایە ناوی (کۆنت)ی نەئەدرایە، با خصوص لە خاکی فەرەنسادا، کە بەبێ ئەرازی قابیل نەبوو ئینسان ببێ بە (کۆنت). منیش هەرچەندە ئەوەندە لە قاعیدەی غەرب شارەزا نەبووم وە ئەوەندە مەعلوماتی تاریخیشم نەبوو، ئەمما وەها حاڵی بووم کە ئەگەر موڵکم نەبێ، بەو مەسلەکانەی کە خۆم ئەمەوێت قایل نابم».[٦]



ئینجا بێ گومانم لەوەی کە ئەحمەد موختار جاف وەک شاعیرێکی ڕووناکبیر و شان بەشانی شاعیرانی سەردەمی خۆی و بگرە بەسوود وەرگرتنیش لە شاعیرانی پێش خۆی وەک (ئەحمەدی خانی) و (حاجی قادری کۆیی) و (مەلای جزیری) و... هتد. هێڵی ڕیالیزمی ڕەخنەگرانەیان بەرنەداوە وەک لە شیعرەکانیشی دا هەست بەهەمان ڕەخنەگرتن دەکرێ لە کۆمەڵ و دەوروبەرو دواکەوتوویی و کێشەکانی مرۆڤی کوردو نیشتمان پەروەری و هەوڵدان بۆ کۆمەڵگەیەکی ڕۆشنبیرو ئاسوودە و پەیڕەوکردنی سیستەمی وڵاتانی پێشکەوتوو، لەم ڕۆمانە تەواو نەکراوەشیدا هەست بەهەمان هێڵی بیرکردنەوە دەکەین کە مرۆڤێکی خاوەن ویژدان چۆن لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوودا دەگۆڕێ یا باشتر وایە نەزانی و ساویلکەیی و نەخوێندەواری ئەم کۆمەڵە دواکەوتووە دەیکەن بە مرۆڤێکی داماڵراو لە ویژدان و بەدوای حەزێکی گەورەیی و خەتادانی و خاوەن سامان دەگەڕێت و چۆن وەدەستی دێنێ و کۆمەڵەکەش لە ئاستێکی بیرکردنەوەی وادا چۆن دەبن بە پردێک بۆ ئەو جۆرە کەسانە.. ئەمەش شێوازێکی ئەدەبی سەردەمی خۆی بوو چ لە شیعر چ لە چیرۆک و ڕۆمان کە ئەگەر سەیری ئەم سەردەمەی چیرۆکی عێراقی بکەین هەست ئەکەین بەهەمان ڕێچکە و قۆناغ تێپەڕبووەو لەم سەردەمەدا شێوازی ڕیالیزمی ڕەخنەگری لەوێشدا پەیڕەو کراوە و چیرۆکنووسانی عێراقی عەرەب و کوردی خۆشمان کاریگەری ئەدەبی ئەوروپایی و بەتایبەتیش ئەدەبی ڕوسییان بەسەر بووە وەک تۆلستۆی و چیخۆف و دیستۆیفسکی و شۆلۆخۆف و پۆشکین و... هتد، نموونەشمان بۆ کاریگەری ئەحمەد موختار جاف بە ئەدەبی هەندەران ئەم پێکچواندنەی د. ئیحسان فوئادە لە ڕۆمانەکەی مەسەلەی ویژدان بە چیرۆک و ڕۆمانێکی بێگانە، ئەمەش بەڵگەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە ئەحمەد موختار جاف ڕۆشنبیرییەکی ڕۆمانی هەبووەو لەسەردەمی ئەودا ڕۆمان لەلای شاعیر و نووسەرانی کورد ناسراو بووە، وەلێ باری چاپەمەنی و بڵاوکراوەی کوردیش و باری ڕۆژنامە نووسیش ئەوەندە پێش نەکەوتووە کە زیاتر بایەخ بە ڕۆمان بدرێت وەک ئەو بایەخەی بە شیعر دەدرا و تەنانەت نووسەرانی کورد ئەگەر بیری ڕۆمان یا چیرۆکیشیان هەبووبێت هەر بە شیعر نووسیویانە ئەمەش لەبەر ئەوە بووە کە شیعر زووتر لەبەردەکرا و دەستاو دەستی دەکردو ئاسانتر بڵاودەبووەوە و لە حوجرەی مزگەوتەکاندا زیاتر لەلای مەلاو فەقێکان بڵاودەبووەوە و ئەو کاتەش میللەتی کورد خوێندەوارییەکەی لەمزگەوت بووەو ڕەنگە باری ڕۆشنبیری و خوێندەواریش ئەوەندە نەبووبێت کە ڕۆمان بە کتێب چاپ بکرێت و بڵاوبکرێتەوە و وەک ئەحمەد موختار خۆی دان بەنەخوێندەواری و دواکەوتوویی کۆمەڵی

کوردەواریدا دەنێت و بە هۆیەکی دواکەوتووی دەزانێت کە زۆر بەجوانی لە وەسفی پاڵەوانەکەی ڕەجەب کە تاکە خوێندەواری ناو ڕۆمانەکەیە و کەچی خۆی لەهەموو کەس پێ نەخوێندەوارترە بۆیەش یەکێکی وەک (جەمیل سائیب) بەزنجیرە لە خەوما کەی خۆی بڵاوکردۆتەوە کەچی ئەحمەد موختار نەیتوانیوە بە زنجیرەش بڵاوی بکاتەوە تا ساڵی ١٩٧٠ بڵاوکرایەوە ئەمەش هۆیەکی دیکەیە کە نەتوانراوە لە قۆناغ و سەردەمی خۆی حیسابی بۆ بکرێت و تەواو لێی بکۆڵرێتەوەو لەسەر نووسینەکانی کەوتنە دوای ساڵانی حەفتاکان کە ڕەنگە ئەم نووسین و هەڵسەنگاندنانەش وەک ئەو کاریگەرییە نەبن ئەوەی کە دەتوانرا لە ساڵی خۆیدا بڵاو بکرێتەوە بۆ زیاتر زانیاری خوێنەرانیش ڕایەکەی (د.ئیحسان فوئاد) دەگوازینەوە کە بەڵگەی باسەکەمان لەمەڕ ڕۆشنبیری ڕۆمان نووسی ئەحمەد موختار جاف و دەبێژێ «ئەم سەرگوزشتەیەی (ئەحمەد بەگ) دوو چیرۆکی ئەدەبی بێگانەی هێنامەوە یاد.. یەکەمیان چیرۆکی - کچەکەی کاپیتان - ی شاعیری بەناوبانگی ڕووسی (ئەلیکساندەر پۆشکین) (١٧٩٩-١٨٣٧) کە سەر گوزشتەی ئەفسەرێکی ئەو سەردەمەیە بەڵام تێکەڵ کراوە بە ڕووداوی وا کە ژیانی میللی و ناتەواوی دەرەبەگایەتی تا ڕادەیەک تێدا دەرخراوە. لام وایە ئەم هاتنەوە یادەم لەبەر ئەوەبێ کە لەنێوان هەردوو سەرگوزشتەکەدا لەیەکچوونێک هەیە - بابەشێوەیەکی گشتی و درشتیش - لە بابەت و شێوەی گێڕانەوەدا.

دووەم بەرهەمی ڕۆمانێکی (ولیەم گۆدوین)ی ئینگلیزییە (١٧٥٦-١٨٣٨) کەناوی (They Are Things As)- هەموو شتێک وەکو خۆی - ولیەم گۆدوین بەم ڕۆمانە ویستوویەتی هێندێ ڕووی کرداری چینە بەرزەکانی وڵاتەکەی ئەوسای بخاتە ڕوو، وە ناوەرۆکی چیرۆکەکەی شەڕێکی سەختە لە پێناوی دەرخستنی ڕاستیدا لەکۆمەڵێکدا کە جڵەوی ژیان بەدەست ئەو چینانەوەیە کە ئەم هێرشیان ئەباتە سەر و ڕووی ڕاستەقینەیان دەرئەخات. سەرگوزشتەکەی ئەحمەد موختار جافیش هەر لەبارێکی وا سەختدا نووسراوە، دواکەوتنی کۆمەڵی ئێمەشی بچێتە سەر کە لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوای ئەوساشدا جیاوازییان ئاسمان و ڕێسمانە»[7].

دەکەواتە مادام ڕۆشنبیری ڕۆماننووسین لەلای ئەحمەد موختار جاف و پێشتریش لەلای جەمیل سائیب و ڕەنگە لەلای حوسێن حوزنیش هەبووبێت بەڵام بۆچی لەم سەردەمەی خۆیاندا ئەو چالاکییە بەرچاوە نەبووە لە چاو ئەدەبی عێراقی و عەرەبی ئەو سەردەمەو لە چاو کوردەکانی دەرەوەی کوردستانی عێراق بەتایبەتیش لە چاو کوردەکانی شورەوی وەک



عەرەبی شامیلۆف و عەلی عەبدولڕەحمان مەمیدۆف و.. هتد. کە مێژووی نووسینی ڕۆمانیان بۆ پێش ئێمە دەگەڕێتەوە ئەمەش وەک لە ناوەرۆکی نووسینەکەمدا وەڵامێکم داوەتەوە ڕەنگە هۆیەکەی جیاوازی باری ڕۆشنبیری ئەوێ بێت لەگەڵ لای خۆمان و ڕۆشنبیری کوردی هەر لە حوجرەی مزگەوتەکاندا بووەو لەبەر ئاسانی بڵاوبوونەوەو باری خراپی چاپەمەنی و دواکەوتوویی لە تەکنیکی ڕۆژنامەنووسی و باری نەخوێندەواری کۆمەڵی کوردەواری و نەبوونی قوتابخانەو یانەی ڕۆشنبیری و بەگشتیش دواکەوتوویی میللەت لە ڕووی ڕۆشنبیری گشتی و زاڵبوونی نووسراو بەتایبەتی چیرۆک و داستانیش هەر بەشیعر نوسراوە ئەمانە هەموویان هۆکارێک بوون بۆ دواکەوتنی ئەدەبی پەخشان بەگشتی و ڕۆمانیش بەتایبەتی. بگرە لەم قۆناغەدا کورد لە چیرۆکیشدا لە قۆناغی پێکوڕەو پێگەیشتندا بووەو دوای ئەوە وردە و ردە هەنگاوی هونەری هەڵهێناوە بەڵام ئێمە مەبەستمان لەم لێکۆڵینەوەیە ئەوە بوو کە لەگەڵ باری سستی ڕۆشنبیری ئەو سەردەمانەی کە ساڵانی سییەکانەو لەگەڵ باری سستی چیرۆکیش بۆچی ڕۆشنبیری نووسراوی کورد هەر بە شیعر بووەو لەگەڵ ئەوەشدا ئەو پرسیارەمان بەمێشکدا هات داخوا لەگەڵ ئەو هەموو ئاستەنگانەش و لەگەڵ کزی چیرۆک و ڕۆمان لەم سەردەمەدا داخوا ڕۆشنبیرییەکی ڕۆماننووسین هەبووەو بەچاکیشمان زانی کە (ئەحمەد موختار جاف) بکەین بەتاقیکردنەوەی ئەم پرسیارەمان و لە وەڵامەکاندا بە بەڵگەوە سەلماندمان بەڵێ ئەحمەد موختار بەگی جاف ئەگەرچی شاعیرێکی چاکی سەردەمی خۆشی بووە شان بەشانی تاهیر بەگی برای بەڵام لەم ڕۆمانەی کە بەڕای من هێشتا تەواوە و نەکراو دەتوانراو پێیەوە دیارە کە دەکرێ تەواو بکرێ و ماوەیەتی دەتوانرا لەسەردەمی خۆی بڵاو بکرابوایەوە و لەوەختی خۆیدا هاوکێشەکانی هەموو ئاوەژوو دەکردەوە ئەوجا بەدەرمان خست کە ئەحمەد موختار جاف بەڵێ ڕۆشنبیرییەکی چاکی هەبووەو ئاگاداری ڕۆمانی بێگانەش بووەو لە ڕێگەی کەناڵی جیاجیاوە سوودی لە ئەدەب و تاقیکردنەوەی بێگانە وەرگرتووەو بۆیەش لە ساڵی (١٩٢٧-١٩٢٨) دا توانیویەتی ڕۆمانێک یا پرۆژەی ڕۆمانێک بنووسێت، لەکاتێکدا کە ڕۆشنبیری کوردی هەر بەشیعرەوە دیار بووەو هەموو دەربڕینێکی پێ نووسراوە و نووسراوی پەخشانیش لەهەموو بوارەکاندا کە ڕۆمانیش لقێکیەتی یا هەر نووسراوە یانیش وەک هەوڵەکەی ئەحمەد موختار جاف لە دەلاقە تاریکەکاندا ماونەتەوە ڕەنگە هەوڵی دیکەیش هەبووبن بەڵام بەهۆی ئەم هۆکارانەی کە بوونە ئاستەنگ لەبەردەم تەشەنە نەکردن و گەشەسەندنی پەخشان بەگشتی و چیرۆک و ڕۆمانیش بەتایبەتی بەدیارنەکەوتن

یا ئەم چەند هەوڵە تۆمارکران بەڵام ئێمە مەبەستمان ئەوە بوو کە ڕوونی بکەینەوە و وەک دەریشمان خست کە ڕۆشنبیرییەکی جگە لە شیعر لەلای نووسەرانی کورد هەبووەو وەک ئەم ڕۆشنبیرییەی کە لەلای ئەحمەد موختار جاف لە هەوڵی ڕۆمان و چیرۆک و ئاگاداری ئەدەبیاتی بێگانە دەبینرێت و ڕوونمان کردەوە.

***

سەرچاوەو پەراوێزەکان:

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە پێشەکییەکەی دکتۆر ئیحسان فوئاد لە مەسەلەی ویژدانەکەی ئەحمەد موختار جاف کە خۆشی پۆلێنی چیرۆک و ڕۆمان و نۆڤلێتی کردووە لەئەدەبی جیهانیداو بۆیە مەسەلەی ویژدانیش ئەو خۆی لەسەر بەرگی کتێبەکەی نووسیوە چیرۆکێکی کوردییە.
هەروەها بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی پۆلێنکردنی پسپۆڕان و ڕای جیاوازیان لەمەڕ مەسەلەی ویژدان بڕوانە کتێبەکەی عادل گەرمیانی کە ڕای بەڕێزان (دکتۆر عیزەدین مستەفاو دکتۆر عەبدوڵڵا دەباغ) و هەموو ئەم باسانەی کەلەسەر مەسەلەی ویژدان نووسراون کردوویەتی بەعەرەبی و لەگەڵ وەرگێڕانی ڕۆمانەکە بڵاوی کردووەتەوە بڕوانە: أحمد مختار الجاف - مسألة الضمير - ترجمة - عادل گرمياني - مطبعة الفنون - ط/ ١- بغداد، ١٩٨٩.

(٢) ئەحمەد موختار جاف - مەسەلەی ویژدان - پێشەکی و لێکۆڵینەوەی دکتۆر ئیحسان فوئاد - چاپخانەی ئیرشاد - بەغدا - ١٩٧٠ / ل٦١.

(٣) ئەحمەد موختار جاف، هەمان سەرچاوە - ل٦.

(٤) عەزیز گەردی - پەخشانی کوردی - لە بڵاوکراوەکانی زانکۆی سەلاحەددین - کۆلێژی ئەدەبیات - بەشی کوردی - چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر - ١٩٨٧ - ل٢٨.

(٥) عەزیز گەردی - هەمان سەرچاوە - ل٢٨.

(٦) ئەحمەد موختار جاف - هەمان سەرچاوە - پێشەکییەکەی، دکتۆر ئیحسان فوئاد- ل١٠.



## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی «ئاگری بن کا»

ئەو ڕۆمانەی مامۆستا (سەعید ناکام) لەو کاتەوە کە نووسیویەتی تا ئێستاکە (١٩٦٦-١٩٩٩) دەکاتە سی و سێ ساڵ، ئەمەش مێژوویەکی درێژەو ئەگەر ڕۆمانەکە نەیتوانیبایە بنەمای هونەری خۆی بپارێزێ دوای ئەم ماوە دوورو درێژە، وەک بابەتێکی ماوە بەسەرچوو سەیری دەکراو بەخوێندنەوەیەکی ساکارانە دەخرایە ناو دەلاقەو کتێبخانەکانەوە، بەڵام لەبەرئەوەی ڕۆمانەکە ڕۆمانێکی مێژووییە بۆ هەموو سەردەمێک دەست دەدات، ئەگەرچی لەکاتی خۆیدا بڵاوبکرابوایەوە حیسابێکی دیکە بوو و تای تەرازووی هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی کوردی دەگۆڕی، چونکە ئەم ڕۆمانە بۆ سەردەمی خۆی کە ڕۆمانی کوردی لە سەرەتاتکێ دابوو و تا بۆ ساڵانی حەفتاکانیش کە ئەم ڕۆمانە لە پێشبڕکێی یەکێتی نووسەرانی کورد لە بواری ڕۆماننووسیدا خەڵاتی یەکەمی پێبەخشراو ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)یش خەڵاتی دووەمی وەدەست هێنا، جا ئەگەرچی ئەو کاتەش کە ساڵی (١٩٧١) بوو، پێشبڕکێیەکە بڵاوکرایەوەو هەواڵەکەش لە ژمارە یەکی گۆڤاری (نووسەری کورد) بڵاوکرایەوە، ئەوا شان بەشانی بوارەکانی دیکەی داهێنان، ڕۆمانەکەش بە چاپ گەیشتبووایە، بێ گومان بۆ ئەو سەردەمەش هەر خەڵاتێکی زێڕین بوو، چونکە خەڵاتی (بارزانی)یشی پێ بەخشراوە، کەواتە ڕۆمانەکە بۆ ئەمڕۆ تەنیا وەک ڕۆمانێکی مێژوویی و هەڵدانەوەی لاپەڕەی یادگاری و بیرەوەرییەکان و مێژووی و هەڵدانەوەی لاپەڕەی یادگاری و بیرەوەرییەکان و مێژووی میللەتەکەمان خوێندنەوەی بۆ دەکرێ، بەڵام ئەوەش لەبەرچاو دەگیرێ کە بۆ سەردەمی خۆی و ساڵانی شەست و حەفتاکان، لە ڕووی داڕشتن و تەکنیکەوە گەلێک کەرەستەو تەکنیک و شێوازی تازەی دەربڕین و بەزمانێکی ڕەوان و جوان نووسراوە، بۆیە ئەم ڕۆمانە لە ڕووی داڕشتن و شێوازەوە بە ڕۆمانێکی ڕیالیزمی دادەنرێت و لەڕووی پۆلێن کردنیشەوە بە ڕۆمانێکی مێژوویی لەقەڵەم دەدرێت، چونکە ڕۆمانی مێژوویی، مێژوو دەکاتە کەرەستەو هەوێنی خۆی و بابەتەکە لەوێوە هەڵدێنجێ، بەڵام مەرج نییە دەقاو دەق مێژوو بگوازێتەوەو کەرەستەکە مێژوویی بێت، بەڵکو خەیاڵ و بیرۆکە و کەسایەتییەکان و ثیمەی ڕۆمانەکە

بۆی هەیە تێکەڵ بەبینینی ڕۆماننووسەکە بکرێ و لە دیدی خۆیەوە ڕووداوەکان تاوتوێ بکرێ، بەڵام ئەوەندە هەیە ڕووداوەکان یا کەرەستە مێژووییەکان لەناو ڕۆمانەکەدا دەناسرێنەوەو مامۆستا (ناکام)یش لەم ڕۆمانەیدا وای کردووە. ئەو ئەگەرچی کەرەستە مێژووییەکەی بەخەیاڵی خۆی داڕشتۆتەوەو بەرگێکی دیکەی هونەری لەبەرکردووەو خەیاڵی خۆی تێیدا زۆر فراوانەو دەسەڵاتیشی بەسەر شێوازو تەکنیکی نوێدا شکاوە. بۆ سەردەمی خۆی، بەڵام ئەو ناو و شوێنەکانی کوردستانی وەک خۆی نەنووسیوە یان مەبەستی نەبووە، بەم شێوە ڕاستەوخۆییە بناسرێتەوە، بۆیەش شوێن و ناوەکانی بە (کشمیر) خواستووە، ئەو وڵاتەی کە لە هەڵبژاردنی ناو و شوێنی جوگرافی شاخاوی و هەڵسوکەوتی میللەتەکەی و لەتبوونی جوگرافی وەک کوردستانەو خواستنەکەی لەم بارەیەوە ئاسانکاری پێ بەخشیوە، تەنانەت لە هەندێک ناویشی، هەست بەوە ناکەی کە ناوی کشمیری بن وەک هاجی و نامکاو... تاد. بەهەر حاڵ خوێنەری زیرەک و بەسەلیقە یا ئەو کەسایەتییە زیرەکانەی یادەوەرییان بەهێزەو ڕووداوەکان لەبیر ناکەن و بەتایبەتیش ئەوانەی کە لەساڵانی پەنجاو شەستەکان لەناو ڕووداوەکانی کوردستاندا ژیابن زۆر بە ئاسانی دەتوانن یەکە یەکە هێماو جەفەنگەکان و دەلالەتەکانی ناو ڕۆمانەکە شی بکەنەوە و یەکە یەکە کەسایەتییەکانیش وەک هەقیقەتی خۆی دەستنیشان بکەن و بیانناسنەوە و باسی ڕووداوی دیکەشیان بکەن. ئەم ڕۆمانە بەگوێرەی کاتی نووسینی لە ڕووی تەکنیکەوە نوێ بووەو هەندێک تەکنیکی بەکارهێناوە بۆ ئەم سەردەمی نوێ بووە، وەک، شەپۆلی هۆش، فرە دەنگی، گۆڕینی ڕاناوەکان لەکەسی یەکەمی تاکەوە بۆ کەسی دووەم و کەسی سێیەم و سوود وەرگرتن لە شێوازی هەڤایەتخوانی و بەکارهێنانی دایەلۆگ و بەکارهێنانی مۆنتاجی کات و شوێن و گەلێک تەکنیکی دیکە گێڕانەوەی خۆی پێ ئەنجام داوە، بەڵام زۆربەی گێڕانەوەکانی بە شێوازی بگێڕەوەی ئاگادار بەهەموو شتێ ئەنجام داوە، لەمەشدا دیارە مامۆستا (سەعید ناکام) کە ئەوسا ڕۆمانی کوردی بەم شێوەیە پێشکەوتوو نەبووەو سوودی لە نووسینی ڕۆمانی دنیاو دەوروبەر وەرگرتووەو ئاگاداری هونەری ڕۆماننووسین بووە.



## کاراکتەرەکان یان کەسایەتییەکان لە پانتایی ڕۆمانەکەدا

١- بابۆ.. ئەو پیاوەی کە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە پێشوازی لە نامکا دەکاو هەردووکیان لەیەک کۆمەڵن و پاشان دەینێرێتە لای پرەنس.

٢- نامکا... کە ڕەنگە مامۆستا (ناکام) خۆی بێت و وەرگێڕدراوی ناوەکەی خۆی بێت لەپایتەختەوە دەگاتە ناوچە ئازادکراوەکان و دەگاتە لای بابۆو ڕۆمانەکەش بەدیالۆگی ئەو بابۆ دەست پێدەکاو کۆتاییەکەشی بەناردنی نامەی ئەوەوەیە بۆ کۆمەڵەی (پاکۆئی) و پێوەندی پێیانەوە نامێنێ و خۆی بەیەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕش دادەنێ و حەزدەکات کۆمەڵەش ئەو وابناسن.

٣- شێخ عەبدوڵلا.. سەرکردەی گشتی شۆڕش و سەرۆکی کۆمەڵەی (پادی کو).

٤- بیلا هارجی... سکرتێری کۆمەڵەی (پاکۆئی).

٥- پرەنس... کوڕە بچکۆلەکەی مەهراجا هودی نەمرە کە دامەزرێنەری یەکەم حکومەتی کشمیر بووە. دۆستی شێخ عەبدوڵلایەو خەڵک خۆشیان دەوێ و شۆڕش ڕێزی دەگرێ.

٦- پهالا... دەسگیران و پاشانیش خێزانی پرەنس، لە ڕۆمانەکەدا چیرۆکی پهالاو خۆشەویستی و ڕاکردن و هێنانی پانتاییەکی زۆری وەبەرکەوتووە.

٧- مهاگار... هاودەم و دۆستی دێرین و ڕازگری نهێنییەکانی پرەنسە.

٨- ئومری... هاوڕێی ڕێگای نامکایە بۆ لای پرەنس.

٩- مام هاردیجی... یەکێکە لە ڕیش سپی و پیاو ماقووڵانی گوندو باوکی پهالایە.

١٠- مەهراجا هودی... فەرمانڕەواو باوکی سەربەخۆیی کشمیر بوو، شەڕی خوێناوی لەگەڵ سوپای ئینگلیزدا کردووە، ئەو ناوە هێمایە بۆ کەسایەتی (شێخ مەحمود)ی نەمر.

١١- شانکا... پیاوی تایبەتی پرەنسە کە ئاگای لە کەلێن و قوژبنی خێزان و بنەماڵە هەیەو ئەو ڕووداوانەی دەقەومێن بۆ پرەنسی دەگێڕێتەوە و هەواڵەکان پێش هەموو کەس دەزانێ.

١٢- مهاچاری و میرمادو... دوو کەسایەتین لە بنەماڵەی مەهراجا.

١٣- ئاسی خاتوون... لە کۆشکەکانی مەهراجا دادەنیشێ و پووری پرەنسە.

١٤- مهاگار... یەکێکە لە بنەماڵەی مەهراجا و برای پرەنسە.

## چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە

لەناو یەکەی سەرەکی ڕۆمانەکە کە گێڕانەوەی ماوەیەکی مێژووییە و لە ڕاکردنی نامکاو و پێوەندی کردنیەوە بە شۆڕشەوە دەست پێدەکا تا ئەو دەمەی نامە بۆ کۆمەڵەی (پاکوئی) دەنێرێ و وەک یەکێک لە پێشمەرگەکانی شۆڕش خۆی دەناسێنێ. لەناو یەکەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا چەندان چیرۆکی بەلەزەت خۆیان بەخوێنەر ئاشنا دەکەن کە ئەوەی زیاترین پانتایی چیرۆکەکانی داگیرکردووە، چیرۆکی (پهالایە) هەر لەو کاتەوە ک بەزۆری بەشووی دەدەن و دەیدەن بە پیرەمێردێک و دوای ئەوە ڕازی نابێ و بۆ گوندێکی دیکە ڕادەکاو لەماڵی شێخ دەگیرسێتەوە، بەڵام خزم و کەسوکاری دەیدۆزنەوە و دەیهێننەوە و پاشان پێش گواستنەوەی جارێکی دیکە لە گوندەکەیان ڕادەکاو بەگەڵ کاروانچییان دەکەوێ و تا کۆشکەکانی مهاجار ناوەستێ و پاشانیش دەبێتە دەسگیرانی پرەنس و لەدواییدا دەبێت بەخێزانی و لەناو ئەو چیرۆکەشدا چەندان چیرۆکی دیکەو بەسەرهاتەکانی دیکەی پهالا لەناو کۆشکەکانی دەگێڕدرێنەوە. بەکورتی ئەم چیرۆکە یان کەسایەتی (پهالا) پانتاییەکی زۆری لە ڕۆمانەکەی مامۆستا (سەعید ناکام) داگیرکردووە. ئینجا چیرۆکی یەکەم پێش ئەو چیرۆکە لەگەڵ کەسایەتی نامکاوە دێنە ناو ڕۆمانەکە ئەویش چیرۆکی چۆنیەتی ڕاکردنی (نامکایە) لە پایتەختەوە بۆ ناوچە ئازادکراوەکان و چۆنیەتی پێوەندی کردنیەتی بەشۆڕشەوە. هەروەها لەم چیرۆکانەشدا چیرۆکی کێشمەکێشی سیاسی نێوان کۆمەڵەی (پەدی کو) و کۆمەڵەی (پاکونی) و ئینجا کێشمەکێشمی نێوان بیلا هارجی و شێخ عەبدوڵلا، ئینجا دانانی پیلانێک لەلایەن مەهراجاوە کە دەیەوێ دژی شێخ بوەستێ و دەیانەوێ پرەنس بکەن بەسەرۆکی شۆڕش، بەڵام پرەنس دەزانێ خیانەتەو نایکا، بۆیە پرەنس لەکۆمەڵەی (پاکۆئی) نزیک دەبێتەوە و پرسیان پێ دەکا، ئینجا بیلاهارجییەکان دژی پرەنس دەوەستن و خەڵک دژی پرەنس هان دەدەن. ئینجا چۆن بابۆو نامکاش خۆیان و برادەرانیان لەسەر خوانی هەڵەکانی کۆمەڵەی (پادی کو) دەژین و خۆیان بۆ لە بۆسە ناوە... یان کە یەکەی چیرۆک و سەرگوزشتەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکەو تا لەدواییدا کە خوێنەر ڕۆمانەکە تەواو دەکات بەشێوەیەکی ساکارو بەدوای یەکچوونی ڕووداوەکان کە ئەوەندە بەوەستاییانە لێکتر گرێدراون و شێوەیەکی ئاسانیش لە هەقایەتخوانییەکەی ڕۆماننووس نەیهێشتووە ڕووداوەکان لەسەر شانی خوێنەر قورس بکات، بەڵکو لەکۆتاییدا هەموو سەرەداوەکان و گرێکان دەکرێنەوە و



دەشزانی پاڵەوانەکان بە چ ئەنجامێک دەگەن و ئەوسا دەزانرێ کە (ئاگری بن کا) ش ڕۆڵی لەناو پانتایی ڕۆمانەکەدا چی بووە و تەواو لە مەغزای ڕۆماننووس دەگەین و تەواو دەزاندرێ کە هێماو دەلالەتەکان لە کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵقوڵاون و دەناسرێنەوە، بەڵام بە بەرگێکی کشمیرییەوە داپۆشراون.

# تەكنیك لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولوود مەم- دا

## پێشەكی

بێ گومان هەموو لێكۆڵینەوەیەک لەهەر بوارێكی ئەدەبی بێت پشت بەدەقی نووسراو دەبەستێ و وەک بیبلیۆگرافیاش لە كتێبخانەكاندا جێگای خۆی دەكاتەوە، ئێمە باسی ئەو دەقە دەستنووسانە ناكەین كە دەكرێ پێش چاپكردنیش لێكۆڵینەوەیان لەسەر بكرێ، بەڵكو لێرە مەبەستمان ژانرێكی گرنگی ئەدەبە كە ئەمیش ڕۆمانە، كە هەر خۆشی درەنگ لە ئەدەبی كوردیدا نووسراوە و بایەخی پێدراوە لە چاو میللەتانی دیكەی دنیا.. گرنگترین نموونەی بەردەستیشمان ئەم ڕۆمانەی (مەمە) كە خۆی وەک دەق لە ساڵانی حەفتاكاندا نووسراوە و بەشداری ئەم گرەوە ئەدەبییە بووە كە لە ساڵی (١٩٧١) بۆ شیعر و چیرۆک و ڕۆمان و چیرۆكی شانۆ لەلایەن یەكێتی نووسەرانی كورد ڕێكخراوە لە ژمارە (٢)ی گۆڤاری نووسەری كورد ناوی لێژنەكان دەستنیشان كراون بۆ هەڵبژاردنی یەكەم و دووەم و سێیەم لەهەر بابەتێكدا[١].. دوای ئەوە لەژمارە (٣)ی هەمان گۆڤاردا[٢] ئەنجامی گرەوەكە و ناوی نووسەرو بەرهەمەكان ڕاگەیەنراوە كە لەبواری ڕۆماندا خەڵاتی یەكەم كە مەدالیایەكی زێڕ بووە دراوە بەمامۆستا (سەعید ناكام) لەسەر ڕۆمانی (ئاگری بن كا) و خەڵاتی دووەمیش كە سەعاتێكی دەست بووە دراوە بەخاوەنی ئەم ڕۆمانە (محەمەد مەولوود مەم) لەسەر ڕۆمانی (كاروانی گەنم) كە بەشی یەكەمی ئەم ڕۆمانەیەو ئەوسا مەم وەک لەسەرەتای ڕۆمانەكەشدا لەدوای پێشەكی ناوی لەم بەشە ناوە (قۆناخی یەكەم – كاروانی... گەنم)[٣]... بەڵام لێژنەكە خەڵاتی سێیەمی ڕۆمانی ڕاگەیاندووە.

بەهەر حاڵ لێرەدا بایەخی ڕۆمانەكە لەوەدا دەبێت كە وەک تۆمارێک دەخرێتە ناو كتێبخانەی كوردی و خەرمانی ڕۆمانی نووسراوی كوردی پێ دەوڵەمەندتر دەبێت بەڵام ئەگەر ڕۆمانەكە وەک لەساڵانی حەفتاكان نووسراوە و بەشداری گرەوی كردووە و خەڵاتیشی وەرگرتووەو زۆر زیاتر دەبوو كە لە سەردەمی خۆیدا چاپ بكرابوایە ئەگەرچی ڕۆمانەكانی تریش هەر بەم دەردەوە چوون چونكە (ئاگری بن كاش) هەر دوای ڕاپەڕین چاپ كراوە و لەكاتی خۆیدا چاپ نەكراوە و ئەم ڕۆمانانەی دیكەیش كە بەشداربووینە لە



گرەوەكە هیچ ئاسەوارێكیان نەماوە دەنا بۆ تۆماری ڕۆمانی كوردی نووسراو چەند خشتێكی تریان دەنایە سەر ماڵی ڕۆمانی كوردی، هەر بۆیەش دەبینین لەم لێكۆڵینەوانەی كە لەبارەی ڕۆمانی كوردی نووسراون و بەتایبەتیش نامەكانی ماستەرو تێزەكانی دكتۆرا كە هەموویان خۆیان لەشەش نامەدا دەنوێنن و وەک نامەی خوێندنی باڵا لە ئەدەبی كوردیدا پێشكەش كراون... دەبینین لەم نامانەدا هیچیان باسی (ڕێگا)ی محەمەد مەولوود مەم و (ئاگری بن كا)ی سەعید ناكامیان نەكردووە وەک دوو نموونەی هونەری ڕۆمانی كوردی ساڵانی حەفتاكان، هۆی ئەمەش ئەوەیە كە ئەم دوو ڕۆمانە كە ئێمە لێرە باسی ڕۆمانەكەی (مەم) دەكەین دوای ڕاپەڕین چاپ كراون، بەڵكو چاپی تەواو و دروستی ڕۆمانەكەی (مەم) چاپی دووەمیەتی كە لە ساڵی (٢٠٠١) دا زنجیرەی ژمارە (٤٣)ی چاپ كراوەكانی دەزگای (ئاراس)ی بەركەوتووە... بێ گومان نامەی ئەكادیمیش پشت بەبەرهەمی چاپكراو دەبەستێ نەک نووسراو بۆیە دەبینین لە شەش نامەكانی خوێندنی باڵای كوردیدا (١٨) دەقی ڕۆمانی كوردی خراونەتە بەر تیشكی لێكدانەوەی ئەكادیمی خاوەن ئەو نامانە[٤].. بێ گومان ئەگەر ئەم ڕۆمانە لەكاتی خۆی چاپ بكرابوایە ئەوا لەم بڕوایەدام لە زۆربەی ئەم نامانەدا تیشكی لێكۆڵینەوەیان دەخرایە سەر.

هەربۆیەشە من لەلای خۆمەوە دەمەوێ لایەنی هونەری ئەم ڕۆمانە باس بكەم ئەگەرچی درەنگ وەختیشە بەڵام دڵنیام بایەخی خۆی دەبێت، چونكە بۆ سەردەمی خۆیدا كە ساڵانی حەفتاكان نووسراوە زۆر شتی نوێی كردووە و بەزمانێكی كوردی جوان و ڕەوان نووسراوە، بەڵام چی بكەین ئێستاكەش دەتوانین گەلێک لایەنی هونەركاری لەم ڕۆمانەدا بدۆزینەوە كە ئێستاشی لەگەڵدا بێت لە ڕۆمانی كوردیدا نوێن هەر بۆ نموونە ئەم ڕۆمانە یەكەم ڕۆمانی كوردییە لە كوردستانی عیراقدا كە بەتەكنیكی چیرۆک لەناو چیرۆک نووسراوە جیا لە گەلێک لایەنی دیكەی هونەری كە لە ڕێڕەوی باسكردنی ڕۆمانەكەدا باسیان لێوە دەكەین.. ئەمەش بۆ (مەم)ی ڕۆشنبیر و ئاگادارو نوێكار شتێكی چاوەڕوانكراوە، چونكە خۆشی لە چاوپێكەوتنەكانیدا و ئەو برادەرانەشی كە لەگەڵیدا ژیاون باسی ئەوە دەكەن كە (مەم) كاریگەرییەكی زۆری ئەدەبی ڕۆژئاوای لەسەر بووە، بەتایبەتی ئەدەبیاتی فەرەنسی و عەرەبی و هی دیكەیش.

## هونەرکاریی ڕۆمانی ڕێگا

بۆ یەکەم جار لە ڕۆمانی کوردیدا ڕۆماننووس (پێشەکی) بۆ ڕۆمانەکە نووسیوە ئەمەش وای کردووە کە خوێنەر بەشێوەیەکی ئاسایی بخزێنێتە ناو ڕۆمانەکە و لە هەمان کاتیشدا لەناو پێشەکییەکەدا هونەری چیرۆک لەناو چیرۆک دادەمەزرێنێ.

بەکارهێنانی تەکنیکی چیرۆک لەناو چیرۆک کە ئەمەش هەر دەستپێشخەرییە لە ڕۆمانی کوردیدا بەتایبەتی لە کوردستانی عیراقدا.. پاڵەوانی ڕۆمانەکە ڕۆماننووس خۆیەتی کە لەم پێشەکییەدا ڕۆڵی فەرمانبەرێکی باج وەرگر دەبینێ و ڕوو دەکاتە ئاشەکەی مام بریندار لەوێ دوای ئەوەی مام بریندار چیرۆکی مام حەمەدی بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان بۆ ئەم دیوە هاتووە و دواییش چۆن شەوێک خوا حافیزی لە مام بریندار دەکات و بزر دەبێ بۆ بەیانی خەڵکی گوند بەدوایدا دەگەڕێن کەچی نایدۆزنەوە و لەناو ئەم بارودۆخە فانتازیا ئامێزەدا دوای ئەوەی لێی بێ ئومێد دەبن و تا ساتی گێڕانەوەی ڕووداوەکەش لێی دەگەڕێن بەم جۆرە لەوێوە مەم دروستکردنی چیرۆک لەناو چیرۆکدا جوان دەچنێ.. با وەک خۆی بینووسینەوە بزانین چۆن دەمانخاتە ناو لاپەڕە نووسراوەکانی ئەم ئاشەوانە و دواییش ڕۆمانەکە لەسەر زمانی ئەو دەگێڕدرێتەوەو بەناوی (کاروانی گەنم) دەست بەگێڕانەوە دەکات و (من)ی پاڵەوانی چیرۆکەکە و چیرۆکبێژی ئاگادار بەهەموو شتێ لە وەرگری باجەوە دەگوازێتەوە بۆ حەمەدی ئاشەوان.. بەڵام لەناو چیرۆکبێژیشدا دەنگی مەم دەناسرێتەوە و هەست دەکرێ کە ڕۆمان نووس بۆ مەبەستی هونەری ڕۆمانەکە ئەم کارەی کردووە.. مەم زۆر هونەرییانە چیرۆک لەناو چیرۆک لەناو پێشەکی ڕۆمانەکەدا دروست دەکات و لەلاپەڕە (٦) دا دەڵێ «کە گەڕاینەوە گوندی.. مام بریندار سندووقێکی تەنەکەی ڕەنگکراوی لە بنەبانی ژوورەکەی دەرهێناو پێی گوتم:

– ئەمەش ئەمانەتێکە.. ئاشەوانەکە لەلای من بۆتۆی داناوە. لەگەڵ سەرسووڕییێکی تەواو سەری سندووقەکەم هەڵدایەوە، ئەم چەند لاپەڕە نووسراوانەی کە تێیدا بوون.. ئەوەندەی هەڵگێڕو وەرگێڕم کردن.. چ نیشانەێک.. یا ناوێکم نەدۆزییەوە کە ئەو کاک حەمەدی ئاشەوانەم پێ بناسێنێ. چونکە ئەمانە پیرۆزە.. دەبێ مرۆ ڕێزی لێ بنێ، ئەوا لێرەدا بەدواوە.. لاپەڕە نووسراوەکانی ئەو ئاشەوانە دەخەمە پێش چاوتان، وەکو بۆی دەچم دەبێ ئەو لاپەڕانە نوێشکی بیروباوەڕ و بەشێک لە ژیانی ئەو ئاشەوانە وێڵ و... بێ سەرو شوێنە بێ.



دەفەرموون بۆ خوێندنەوەی لاپەڕە نووسراوەکان».

بایەخ پێدانی لە ڕادەبەدەر بە شوێن بەتایبەتی کە بۆ مرۆڤی کورد دەبێتە قەدەر و چارەنووسی دەخاتە دەست ئەمبەرو ئەوبەری نێوان دەوڵەتانی سەر سنوور بەمەش (مەم) ئاشەکەی کردووە بە هێمایەک بۆ قەدەری مرۆڤی کورد کە هەمیشە بەدەست سروشتەوە ناڵاندوویەتی، ئەم سروشتەی کە سنووره دەستکردەکان دەبەزێنێ وەک لەم ڕۆمانەدا ڕووبارەکەیە کە شوێنی ئاشەکە دەگۆڕێ و دواییش هەر دەبێ خۆی خاوەن ئاشەکە کە مرۆڤی کوردە باجەکەی بدات.. (مەم) دیارە زۆر شەیدای ئەم سروشتە جوانەی کوردستانە بۆیەش کە وەسفی ئەم سێکوچکەی سنوور دەکات جوانی ئەم ناوچانەت بۆ وەسف دەکات و لە هەمان کاتیشدا هەست بەچەوساندنەوەی مرۆڤی کورد دەکەیت کە سروشتیش لەگەڵیدا سەختە.

دروستکردنی دیمەنی فانتازیا ئامێزو تەشقی خورافی ئەمەش پشت بە خەیاڵێکی قووڵ و بەرزەفڕ دەبەستێ و ڕۆماننووس خوێنەر تووشی ئەندێشەیەکی خۆش دەکات و بگرە هەست بەوەش دەکات ئەوەی کە بۆی دەگێڕدرێتەوە بەشێکە لە واقیع و بەڕاستی ڕوودەدەن من خۆم وەک خوێنەرێک هەرگیز ئەم دیمەنە فانتازیاییەم لەیاد ناچێ ئەو کاتەی کە لەلاپەڕە (٨٠)ی ڕۆمانەکە بەدواوە کاتێ کە ڕۆماننووس لەگەڵ قەشە ئیستیفانی پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە دەمانباتە ناو دێرێ بۆ ئەوەی لەبرسان عەلەشیشێک بکاتە نێچیر کەچی کە دەبینێ جەندرمەکانی عوسمانلی ئەم قەلانەیان خواردووە و قەشەش ڕوودەکاتە ئەشکەوتی سووڕەحمان ئەم ئەشکەوتەی کە لەلای موسڵمانەکان سووڕەحمانە و لای مەسیحییەکانیش ڕەبەن بویایە و لای هەردوو لاش پیرۆزە، ئینجا قەشە لەم ئەشکەوتە لەبەر خوا دەپاڕێتەوە تا خوای گەورە دوعاکەی قبوڵ دەکات و جەندرمەکان دەکاتە عەلەشیش و دواییش قەشە بەدوایان دەکەوێ تا یەکێکیان بگرێ، بەڵام بێ سوودە و بەرەو چیای سەفین هەڵدەفڕن و قەشەش هەر بەدوایانەوەیە تا لەبەرچاوی ون دەبن و دەبن بەنوقتەی ڕەش لە ئاسمان.. یان کاتێ لەلاپەڕە (٣١)ی ڕۆمانەکەدا ئەم دیمەنە ئەفسانەییە دروست دەکات کە خەلیفە سەرسۆر لە ڕقی شەماشە سوولاقە و بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە دینی ئیسلام لەسەر حەقە خۆی داوێتە ناو کوورەی ئاگرو دەتوێتەوە.. ئیتر شەماشە سوولاقە موعجیزەکە دەبینێ کە بەدرێژاییدا دەڕواو بزر دەبێ و بەچیای سەفیندا دەڕوات و کەسیش نازانێ چی لێهات؟ یان دروستکردنی ئەم دیمەنە ئەفسانەییانە کە لەسەر شێوەی گیاندارا دەیخاتە ڕوو بۆ نموونە لەلاپەڕە (٩٨)ی ڕۆمانەکەدا دەعبایەک

دێنێتە ناو گوندەکەیان کە پێیان دەگوت (سەر هەڵقەنە) یان وەک لاپەڕە (١٠٠)ی ڕۆمانەکە کە زەلامە گورگەکانی سەید ڕەسووڵ پەیدا دەکات.. ئەم ڕووداوانەش لە کوردەواریدا هەنەو بیستراون، بەڵام ڕۆماننووس بەدەربڕینی خۆی و بیرۆکەی خۆیەوە دەگەڵ سیاقی ڕۆمانەکەدا دەیانگونجێنێ ئەمانەو دەیان دیمەنی فانتازیایی کە ڕۆماننووس لەگەڵ ڕووداوە مێژوویی و واقیعییەکاندا تێکەڵ و ئاوێتەی یەکتریان دەکات، هەم بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەرو دەربازبوون لە گێڕانەوەی ڕووداوە ڕاستەقینەکان و هەمیش بەمەبەستی هونەری جوانییەکی دیکە بەگێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەدات و خوێنەر لە بێزاری ڕزگار دەکات.

بەکارهێنانی دیالۆگ کە شان بە شانی گێڕانەوەی بەردەوامی ڕۆمانەکە ناوە ناوەش ڕۆماننووس پشت بە دیالۆگ دەبەستێ هەر بۆ نموونە دیالۆگی بەردەوامی نێو پاسەکەی تۆماس کە سەرنشینەکانی هەر لە شەقلاوەوە تا دەگەنە هەولێر لە گفتوگۆدان لەگەڵ یەکتر و چیرۆکبێژیش بۆ هەر یەکێکیان چیرۆکی جیا جیا دروست دەکات کە زۆربەشیان چیرۆکی هەژاری و برسیەتی و چەوسانەوەن و ئێش و ئازاری میللەتی کورد بەدەردەخەن و تێکەڵ بە گێڕانەوەی سەرەکی ڕۆمانەکە دەبنەوە.

سوود وەرگرتن لە تەکنیکی سینەمایی ئەمیش بەهۆی مۆنتاژی کات و شوێنەوە یا بەهۆی ئەم وەسفە جوانانەوە کە ڕۆماننووس چەندان دیمەنی سەرنجڕاکێش دەگێڕێتەوە وەک ئەوەی کامێرایەکی پێ بێت و لەقتەکان بەجوانی لە شێوەی سینەما نیشانی خوێنەر بدات، هەر بۆ نموونە ڕۆماننووس لەوەسفی پاسەکەی تۆماسدا کامێراکەی بەجوانی وێنەی ئەم دیمەنانە نیشان دەدات کە چۆن پاسەکە بەسەر لۆفەکانی پیرمەمدا هەڵدەگەڕێ و دواییش چۆن گرتەکان بۆ ناو پاسەکە و دیالۆگی سەرنشینەکان دەگوازێتەوە.. یانیش کاتێ کە ڕۆماننووس لە باسکردنی ڕێگای دوورو درێژی شێرکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکە و ئەو کەسانەی کە لەگەڵیدان وەک دایکی و مەلا حەمید و خەڵکانی دیکەی گوندەکەی کاتێ بەدەم ڕۆشتنەوە یەکەیەکە دیمەنی ئەو شوێنانە وەسف دەکات و وەک چاوی کامێرا چیاو ڕێگاوبانی کە پێیدا دەڕۆن و ئەو شوێنانەی کە دەیانبینین و شوێنی ڕووداوەکانن لەگەڵ گێڕانەوەدا وەک گرتەی سینەمایی و مۆنتاژی کات و شوێن ڕۆماننووس بەهەموو وردەکارییەکەوە ئەو دیمەنانە وێنە دەکێشێ و دەیخاتە پێش چاوی خوێنەری ڕۆمانەکە.

بەکارهێنانی تەکنیکی شەپۆلی هۆش کەئەمەش لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس لەزۆر شوێندا



لەناو گێڕانەوەی شێرکۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا پەنای بۆ بردراوە بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە بەفلاش باک بۆ ڕابردوو و سەردەمی منداڵی خۆی دەگەڕێتەوە یان ئەو کاتانەی کە یادگارییەکانی وەبیردێنەوە هەر بۆ نموونە دەبینین ڕۆماننووس لەلاپەڕە (١٧٦)ی ڕۆمانەکەدا خۆشی سەری لەوە سوڕماوە کە چۆن لە ساتێکی کەمدا ئەم هەموو ڕووداوانەی بەمێشکدا گوزەر دەکەن وەک بەم شێوەیە دەست پێدەکات و دەڵێ: «سەرم لەوە سوڕمابوو.. کە چۆن بەو ساتە کەمە.. کە لە چەند چرکەییێک پتر نەبوو.. ئەو هەموو ڕووداوانە... ئەم عالەمە پڕ جۆش و جەنجاڵەم هاتەوە بیرو خەیاڵ و مێشک، وجوودم گەڕایەوە ناویان، گۆڕانێکی وایان هێنایە سەرم کە لەبارێکەوە بۆ بارێکی زۆر زۆر جیاواز.. ڕەکێشم بکەن:

– لە ئایشە گوڵەوە.. تا نەخشین!

– لە منداڵییەوە... تا هەرزەکاری!

– لە ئاوایی شیرەوە.. هەتا ویستی لەش!

– لە باوەشی دایکەوە... تا سێکسی.. !

– لە مەمکەوە... بۆ مەمک... !

وە بەڕەنگێک ڕژانە ناوەوەم و کێشامیان و کێشامیان... بەسەر هەزار قەوماوی جەرگبڕ و پڕ کۆست و ئازار.. هەزار هەڵوێستی تاڵ و سوێر و پڕ مەترسی و ژان، لە ئەنجام.. لە ڕۆخ یاخیبوونەکەی عەمەری سلێمان و.. هاوڕێیەکانی.. لەنگەریان پێگرتم..».

زۆر جاری تریش بەهۆی چەند گوزارشتێکی وەک (ئەوساکە منداڵ بووین، جاران حەزم دەکرد، بەبیرم دێ، کە منداڵ بووم... تاد) بە فلاش باک و مۆنتاژی کات و شوێن و تەداعی شەپۆلی هۆش گێڕانەوەکە لە گێڕانەوەی ئاساییەوە بۆ ئاستەکانی دیکەی گێڕانەوە دەگۆڕێ.

ئامادەیی مێژوو وەک کەرەستە و تۆمار و مەزراندن و سوود لێوەرگرتنی لە دروستکردنی و ڕەوایی و پیشاندانی ڕووداوەکان و تێکەڵکردنی لەگەڵ خەیاڵی ڕۆماننووس کە بێ گومان ئەم دیمەنە تراژیدیانەش ناکرێ لە یاد بکرێن بەڵکو ڕووداوی وەهای تێدایە دەکرێ بکرێن بەڕۆمان و چیرۆک و فیلم و شانۆش.. جا چونکە مرۆڤی کورد ئێش و ئازاری زۆری دیوە بۆیە ئەم ڕووداوانە هەرگیز لێی دانابڕێن و ڕۆماننووسیش چونکە وەک مەم

خۆی گوتەنی «چیرۆكنووس شایەدی چەرخی خۆیەتی» بۆیە لێرەدا ناتوانێ ڕۆڵی مێژوونووس ببینێ، بەڵام دەتوانێ بیانكات بەكەرەستەی نووسینەكانی خۆی و بەڵكو دەشتوانێ لەبەرهەمەكانیدا بشیانڕزرێنێ.. بەهەر حاڵ لەم ڕۆمانەدا ڕووداوە مێژووییەكان پێكهاتەی سەرەكی گێڕانەوەی چیرۆكبێژن، بەڵكو سیمەی سەرەكی ڕۆمانەكە باسكردنی ساڵانی گرانییە كە خەڵكی چۆن بەدەم برسیەتییەوە كاروانی گەنم دەگرنەبەر یانیش تۆماركردنی ئەم دیمەنە تراژیدیا ئامێزانە كە باب و باپیرانمان لە ساڵانی گرانیدا بینیویانە و دەماودەم بۆمانیان گێڕاوەتەوە وەك منداڵ فرۆشتن لە برسان و دابڕان لە كەس و كارو خواردنی سەگ و پشیلە لە برسان وەك لە لاپەڕە (٢٤٢)ی ڕۆمانەكە ڕۆماننووس ئەم دیمەنانەی جوان كێشاوە.. ئەمانەش هەموو پەیوەستن بەهۆكاری ترەوە واتە برسیەتییەكە بەبوونی شەڕەوە دەبەستێتەوە بەتایبەتیش هاتنی سوپای داگیركەری ڕووس و عوسمانلی و دواییش هاتنی سوپای ئینگلیز بەبیانووی ڕزگاركردنی خەڵك لە دەست ئەڵمانیای نازی ئەمەش لەزۆر شوێنی ڕۆمانەكەدا باس كراوە بەتایبەتی لاپەڕە (٢٣٨)ی ڕۆمانەكە.. هەمدیس نیشاندانی ململانێی هەردوو داگیركەری ڕووس و عوسمانلی و هەردووكیان بەردەبوونە كورد و بەلایەنگری لاكەی تریان دادەنان و خۆشیان بەڕزگاركەر حیساب دەكرد و ئەنجامەكەیشی مرۆڤی كوردی بەستەزمان زەرەرمەند و چەوساوە دەبوو.. ئا ئەم دیمەنانە مێشك و هزری مەمیان هەراسان كردووە بۆیە (مەم) بەچەند تاقە دیمەنێك ناوەستێ بەڵكو باسی شێخ مەحموود و كۆماری كوردستان و ڕووخانی كۆمار و قازی محەمەد و دامەزراندنی كۆمەڵەی گەنجان و ڕێكخستنە نهێنییەكانی قوتابیان دژی داگیركەرو سەردەمی شانشینی عیراق و تا یاخیبوون و دروستبوونی شانە چەكدارەكانی پێشمەرگە و ڕووكردنە چیاكان دەكات.

تێكەڵكردنی میسۆلۆژیاو بیروباوەڕی خەڵك كە هەندێكیان وەك چیرۆك و ڕووداو تێكەڵ گێڕانەوەی سەرەكی دەكرێن و هەندێكیشیان وەك ئاماژەیەك تەنیا وەك بیروباوەڕی خەڵكی ئەم سەردەمەی كە ڕووداوەكانیان تێدا دەگێڕدرێتەوە و ئەمانیش دەماودەم گێڕدراونەتەوە و بووینەتە بەشێك لە بیرو باوەڕی خەڵك وەك ئەوەی هەندێك كات و شت هەن نەگبەتن و هەندێك كات و شتیش هەن كە پیرۆزن.. بۆ نموونە سێشەممە شوومە كەچی چوارشەممە پیرۆزە بۆیەش سێشەممان لای كورد سەرتاشین باش نییە، بۆ نموونە لە لاپەڕە (١٢٦) دا چیرۆكێكی دیكە لەسەر شوومی سێشەممە دەخاتە ناو بونیادی گێڕانەوەی سەرەكی یانیش لەو باوەڕەی پاڵەوانێكی ڕۆمانەكە وەك لە لاپەڕە (٤٦) دا



ڕۆماننووس باسی كردووە كە لای وایە ئەوەی حەوت كوڕی هەبێت ئەوا لە ڕۆژی قیامەت هەر حەوت دەرگای بەهەشتی بۆ دەكرێتەوە.. یا گێڕانەوەی ئەو چیرۆكەی كە شەیتان كوێرە و پاشان وەك لە لاپەڕە (٤١) دا بەچیرۆكی ململانێی نێوان ئیمامی عەلی و شەیتانی كوێرە دەگێڕێتەوە.. یانیش وەك لەلاپەڕە (٣٧) دا باوكی شێركۆ كە نەخۆش دەكەوێ مەلا سەعیدی خاوەن جنۆكە دەهێننە لای و ئینجا ڕۆماننووس دەمانباتە ناو باسكردنی جنۆكەی ڕەش و جنۆكەی سپی و باوەڕپێهێنانی لای خەڵكی جاران و چۆنیەتی چاكبوونەوەی نەخۆشی.. ئەمانەو چەندان نموونەی دیكە. مەزراندنی فۆلكلۆری كوردی بەهەموو لقەكانییەوە هەر لە تێهەڵكێشكردنی هەقایەتەكانی داپیرە یا گێڕانەوە و دروستكردنی چیرۆكی هەقایەت ئامێزی چەشنی هەقایەت و بەسەرهاتی ئەفسانەیی و خوڕافی و تێكەڵكردنی بەیت و بەسەرهاتی كوردەواری و لاوك و حەیران و بەستە و پەند و مەتەڵ و گۆرانی فۆلكلۆری و دیاری منداڵان و دروستكردنی دیمەنی ئەفسانەیی كە لەنووسینێكی دیكە بەدرێژی ئەم مەزراندنەمان باس كردووە و لە وردەكاری هونەریشی دواوین.

خۆ ئاشكراكردنی ڕۆماننووس لە خوێنەر، ئەمەش لەتەكنیكی چیرۆك لەناو چیرۆكدا تەواو چیرۆكنووس یا ڕۆماننووس خۆی ئاشكرا دەكات، هەروەها لە بەكارهێنانی تەكنیكی (میتا ڕۆمانیش)دا چیرۆكنووس یا ڕۆماننووس باسی هونەری ڕۆمان دەكات و خۆی لە خوێنەر ئاشكرا دەكات و قسەی لەگەڵدا دەكات و پرسیاریشی لێ دەكات و هەر خۆشی وەڵامی پرسیارەكەی دەداتەوە، بەڵام لێرەدا ڕۆماننووس وەك چۆن لەسەرەتای ڕۆمانەكەدا تەكنیكی چیرۆك لەناو چیرۆكی بەكارهێناوە، لێرەش جارێكی تر خۆی لەخوێنەر ئاشكرا دەكات و هەست دەكرێ كە چیرۆكنووسێك هەیە ئەو ڕووداوانەی لەم ڕۆمانەدا دەگێڕدرێنەوە ئەو دەیاننووسێ و دواییش بەهۆی باسكردنی ئێسترەكەی شێخ ڕەزا دەزانرێ كە ئەوە ڕۆشنبیری ڕۆماننووسە بەدیاردەكەوێ، ئەگەرچی لە چیرۆك و ڕۆمانی ئاساییدا زۆر جاران هەستی پێدەكرێت وەلێ لە ژێر تارمایی یا بەناوی كەسانی ناو چیرۆك یا ڕۆمانەكەوە قسەكانی خۆی یا یادەوەرییەكانی یا تێڕوانینی خۆی یا جیهانبینی خۆی دەخاتە ناو دەقەكەوە، بۆ بەڵگەی زیاتریش ئەگەر تەماشای لاپەڕە (١٢٧)ی ڕۆمانەكە بكەین دەبینین خۆ ئاشكراكردنەكەی دیارە وەك دەڵێ «پاسەكەی... (تۆماس)... شتێكی یا بابڵێم... دەعباییێكی.. سەیر بوو، ئەگەر بێتو كەمێك باسی نەكەم پێم وایە ستەم دەكەم و لایەنێكی گرنگ لە تابلۆی ڕووداوەكانی ئەو ڕۆژە دەشێوێنم و ڕەشی دەكەمەوە. ئەوەی ئەو پاسەی دیبوایە.. یەكسەر ئێسترەكەی شێخ ڕەزای خوالێخۆشبووی دەهاتەوە یاد!!.. ئەو

ئێستەرەی.. میر.. بەدیاری و بەسەد منەتەوە بۆی هەناردبوو، لەگەڵ جیاوازێک کپێوەندی بەلایەنی بایۆلۆجی و تەکنیکەوە دەبێ!!.. پاسەکە ئەگەرچی منەتێکی بەسەر تۆماس شوفێر نەڕشتبوو ئەمیش وەک ئێسترەکە... بەپاڵدان و ڕاکێشان نەبوایە.. هەڵنەدەستا،.. تاد».

## ئەنجام

ئەم خاڵانە دەستنیشانکردنی تەکنیکە بەرچاوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، بێ گومانیش لە تەکنیک و هونەرکاری دیکەیش بەدەر نییە، بەڵام ئێمە مەبەستمان بوو لایەنە دیارەکانی بخەینە بەر دیدی خوێنەران ئەگەرنا دەکرێ باسی شێوازی نووسین و فەلسەفە و مەغزا و جیهانبینی ڕۆمانەکەش بکرێت یا وەک خوێندنەوەی نوێ جارێکی دیکە بخرێتە بەر نەشتەرگەری و بونیادەکانی شاراوەی بەدەربخرێت و هەڵبوەشێنرێتەوە، بەڵام دیارە ئەم هەوڵانەش بۆ خوێنەر و توێژەری دی لێدەگەڕێین، چونکە دڵنیام ئەم ڕۆمانە شایەدی هەوڵ و شەونخوونی و ڕۆشنبیری و ئاگاداری (مەم) نیشان دەدات و هەرچەندیشی لەسەر بنووسرێت هێشتا هەر کەمە، خۆ ئەگەر حیسابی سەردەمی نووسینەکەیشی بکرێت کە ساڵانی حەفتاکان نووسراوە و پێشکەشی گرەوی ئەدەبیشی کردووە و خەڵاتیشی لێ وەدەست هێناوە ئەوا زۆر تەکنیک و هونەرکاری دیکەی ناو ڕۆمانەکە دەبوو بە دەستپێشخەر لە ڕۆمانی کوردیدا، زمانی نووسینەکەشی بۆ ئەم سەردەمە و هونەرکاری ڕۆمانەکە گەلێک لە هەڵسەنگاندنەکان دەگۆڕن، بەڵام دیارە وەک لە سەرەتا باسمان کرد لەبەر درەنگ چاپکردنی وەک پێویست ئاوی لێ نەدراوەتەوە و لەنامە ئەکادیمییەکانیش باسی نەکراوە.. بەڵام دڵنیام چەندان ساڵی تریش بێ ناز بمێنێتەوە ئەوا ڕۆژگار دەیسەلمێنێ کە ڕۆمانەکە شاکارێکی ئەدەبی کوردییە و نووسەرەکەشی هەم داهێنەر و هەمیش وەک چیرۆکنووسێکی بەرەی میللەت شاهێدی چەرخی خۆی بووە و عاشقی میللەتەکەی و ئەدەبیاتی میللەتەکەی بووە، بێ گومان خوێنەرانیش کە ئەم ڕۆمانە دەخوێننەوە سەرنج و ڕا و تێبینی دیکەیان هەیە ڕەنگە هەندێک بیرو ڕا و خوێندنەوە و تێگەیشتنی جیاشیان لەگەڵ مندا هەبێت زیندوویی و سەرکەوتنی دەق نیشان دەدات، چونکە دەقی مردوو خوێنەر تاقەتی نییە نەک هەر بیخوێنێتەوە، بەڵکو تەماشاشی بکات.



پەراوێزەکان:

١- بڕوانە ژمارە (٢)ی گۆڤاری نووسەری کورد، نیسانی (١٩٧١)، ل٧٦.

٢- بڕوانە ژمارە (٣)ی گۆڤاری نووسەری کورد، ئابی (١٩٧١)، ل٨٤.

٣- ئەم ڕۆمانە تەنیا ئەم بەشەی نووسراوە کە (مەم) ناوی ناوە (کاروانی گەنم) و وەک لە سەرەتای ڕۆمانەکەش ئاماژەی پێ داوە و هەر بەم ناوەش کاتی خۆی بەشداری گرەوی ڕۆمانی کردووە.. (مەم) خۆی باسی ئەوەی دەکرد کە (ڕێگا) بکات بە سێیانەو حەزی دەکرد دوو بەشی دیکەشی بۆ بنووسێ، بەڵام داخەکەم ئەو خەونەی بردە ژێر گڵەوە.

٤- بڕوانە د. عادل گەرمیانی، هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی کوردی لە خوێندنی باڵای کوردیدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٨٨-١٨٩)، ل١٢.

سەرچاوەکان:


١- د. عادل گەرمیانی، هەڵسەنگاندنی ڕۆمانی کوردی لە خوێندنی باڵای کوردیدا، گۆڤاری (کاروان)، ژمارە (١٨٨-١٨٩)ی تشرینی دووەم و کانوونی یەکەمی ساڵی (٢٠٠٤).

٢- گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٢)ی نیسانی (١٩٧١)، بەغداد، چاپخانەی دار الزمان.

٣- گۆڤاری نووسەری کورد، ژمارە (٣)ی ئابی (١٩٧١)، بەغداد، چاپخانەی دار الزمان.

٤- محەمەد مەواود (مەم)، ڕۆمانی ڕێگا، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی (ئاراس) زنجیرە (٤٣)، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی (٢٠٠١).

# مەزراندنی فۆلكلۆر

## لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)دا

بێ گومان فۆلكلۆر سامانی لەبن نەهاتووی هەموو مرۆڤایەتییە، دیارە هەر كۆمەڵگەیەكیش كە توانی سوود لە گەوهەرە لەبن نەهاتووەكانی خۆیەوە وەربگرێت بێ شك دەتوانێ شان بە شانی دنیا لە نوێبوونەوەو بەرەو پێشەوە چوونیشدا خۆی تۆكمە بكات و ڕەگی توندی خۆی دەبن خاكە جوانەكەیدا دابكوتێت و ئەوجا بەهێزەوە سوود لە دەوروپشتی خۆشی ببینێ.. دیارە لەهەموو دنیاشدا فۆلكلۆر وزەو توانای داهێنەران قایمتر دەكات و بەها جوانەكانی ڕابردوو بەنەوەی نوێ دەسپێرێ و پەیڤە سیحر ئامێزو تەشقە ئەفسانەیی و خورافییەكانیش دەبن بە هەوێنی داهێنانی جوان و دانسقە و لەبەر دڵان خۆش.. دیاریشە ئەو میللەتە سامانی نەتەوەیی خۆی خۆش بوێت دەیپارێزێ و داهێنەرانیش دەیكەن بە گیای نەمری بەرهەمەكانیان بەتایبەتی هونەری ڕۆماننووسین كە پێویستی بە وزەو داهێنان و زمان و زانیاری و هەموو جۆرە زانیارییەكانی دیكە هەیە... پێویستی بە ئەفسانە و خەیاڵ و ئەندێشەی قووڵ هەیە... پێویستی بە سیحرو فەزاو جیهانبینی فراوان هەیە دیارە ئەم هەموو سەرچاوانەش لە دنیای فۆلكلۆردا هەر لە مرۆڤی بەراییدا هەبووە و هەتا مرۆڤیش بمێنێ خەیاڵ و واقیع دوو جمكەی یەكترن و بێ یەكتر هەڵناكەن.. ئەو میللەتەش كە ئەم سامانە نەتەوەییەی خۆی دەكاتە سەرچاوە لە دنیادا پەسند و ناسراوە توانیویەتی تایبەتمەندی خۆشی بە دنیا بناسێنێ، ئەوەتانێ هەموو میللەتانی ئەمریكای لاتین ئەو سەرچاوەی فۆلكلۆرە دەبێتە كانگای داهێنان و ناسینەوەو تایبەتمەندی و پێناسەو بەڵكو لەسەر ئەم بونیادەشەوە هزرو خەیاڵی پڕ لە سیحری فانتازیا ئامێز و ئەندێشەی ئایندە خوازی و ئەفراندنیان لەم چۆنیەتیەوە وەردەگرن ئەوەتانێ نموونە وەرگێڕدراوەكانی ڕۆماننووسی وەك (ماركیز، بۆرخیس، ساراماگۆ، ئەلیخۆ كاربنتیە، جۆرج ئەمادۆ، ماریۆ فارگاس یۆسا، كارلۆس فۆینتس، و دەیان ناوی دیكەیش) شاهێدی ئەم بۆچوونەن.. دیارە ئێمەی كوردیش خاوەن سامانێكی زۆرو لەبن نەهاتووی فۆلكلۆرین.. تۆمارەكانی فۆلكلۆرمان پڕن لە سیحرو فانتازیاو جوانی و تژین لە پەندو



حیكمەت و فەلسەفە، ئاوێزانن لە خەیاڵی بەرزەفڕو پرسیاری نهێنییەكانی مرۆڤ و گەردوون كە لەوەتەی مرۆڤ هەیە پرسیاری بوونی خۆی كردووە... بەڵام تا ڕادەی پێویست ئەم سامانە نە تۆماركراوەو بۆتە سەرچاوەی بیرو هزری داهێنەرانە بەتایبەتی لە بواری ڕۆماننووسیندا، ڕاستە سەرچاوەی چیرۆكێكی كوردی لە هەقایەت ئامێزی گوێ ئاگردانی كوردییەوە پەیدا بووە و سەرەتاتكێی كردووە و دواییش چیرۆكنووسانی كورد لە قۆناغەكان دواتری چیرۆكی كوردیدا سوودیان لە دەیان تەكنیك و مۆتیڤی فۆلكلۆری كوردی وەرگرتووە، كە ئێمە لەباسی دیكەماندا بەدرێژی لێیەوە دواوین و دەدوێین. مەزراندنی فۆلكلۆر هەر وا بەئاسانی و سەر پێییەوە نییە، هەر تەنیا گواستنەوەی بیرۆكەو كەش و هەوای فۆلكلۆری بەس نییە، بەهەر حاڵ چیرۆكنووسانی حەفتاكان هەندێكیان توانییان بەشێوەی جۆراوجۆر فۆلكلۆر بمەزرێنن و سوود لە هێزی ئەندێشەی هەقایەتی ئەفسانەیی و خورافی كوردەواری وەربگرن و وەكو هێماش بیكەن بە هێمای خێرو شەڕ وەك بەكارهێنانی دێوی ڕەش و سپی و لەهەمان كاتیشدا مەبەستەكانی خۆیانی پێ پەردەپۆش بكەن، ئەمەش لەدوو سەرەوە قازانجی بۆ چیرۆكی كوردی هەبوو یەكێكیان بۆ مەبەستی هێماو ڕەمز ئەوەی دیكەیشیان بەمەبەستی نوێكردنەوە كە وەك تەكنیك و جوانكاری بەبەر چیرۆكدا دەكرا. دیارە ئێمە لە چیرۆكی كوردیدا نموونەی بەرچاومان زۆرن كە دوای ئەم قۆناغەش لە هەشتاكاندا زیاتر برەوی پێ دراو بە چەندان تەكنیكی جیاجیاو هۆكاری جیاوازەوە سوود لە فۆلكلۆری كوردی بینراوە.. دیارە دوای ڕاپەڕینیش نەوەی نوێی چیرۆكی كوردی لەجاران زیاتر سوودیان لە سەرچاوەی فۆلكلۆری كوردی وەرگرتووە، تەنانەت وەكو بنیادیش لە شێوەی گۆڕانەوەشدا لەسەر شێوەی فۆلكلۆر خەیاڵ و ئەندێشە و گێڕانەوەی چیرۆكی كوردی بەدەرخستەیەكی ترەوە، بەبەرگ و ڕوخسارێكی ترەوە چ بۆ مەبەستی جوانكاری و تەكنیك و چیش وەك ڕەنگدانەوەی خەم و ناسۆری و نائومێدییەكانی مرۆڤی كوردی دوای جەنگەكان لە شێوەی ئەفسانەو خەیاڵ و فانتازیادا چیرۆكنووسی كورد ویستوویەتی پەیامی خۆی بەڕووی جیهاندا بناسێنێ.

ئێمە لە بواری ڕۆماننووسیندا ئەگەرچی تاقیكردنەوەی نووسین هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەم تۆمارە كەمتر بووە لە چیرۆك وەك پێویست ئەم فۆلكلۆرە سوودی لێ وەرنەگیراوە، ڕاستە ڕۆماننووسانی پارچەكانی دیكەی كوردستان سوودیان وەرگرتووە وەك (قەڵای دمدم)ی (عەرەبی شەمۆ) یان (ئەفسانەی چیای ئاگر)ی یەشار كەمال یان ڕۆمانەكانی (سەلیم بەرەكات) و ڕۆمانی (ئاسۆس)ی محیەدین زەنگەنە كە بەعەرەبی نووسراوەو

ڕۆمانەکانی عەلی ئەشرەف دەروێشییان و ئەو کوردانەی دیکە کە بەفارسی دەنووسن و هی دیکەیش بەلام ئەو ڕۆمانانە بەتایبەتیش ئەوانەی بەزمانی دیکەی جگە لە زمانی کوردی نووسراون ناچنە ناو خانەی ڕۆمانی کودییەوە، ئەگەرچی ئەمەش بۆخۆی مشتومڕی زۆری لەسەرە و ئێرە جێگای نییە لەوە زیاتر لێی بدوێین.

بەهەر حاڵ یەکەم تۆمارمان لەم بارەیەوە لە کوردستانی عیراقدا کە ڕاستەوخۆ دەقی فۆلکلۆری کوردی مەزراندبێت ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم) کە لەسالانی حەفتاکاندا نووسراوەو بەشداری پێشبڕکێی ڕۆمانی کردووە و خەلاتی دووەمی ڕۆمانیشی وەرگرتووە.. (مەم) لە چیرۆکەکانیشیدا پشتی بە فۆلکلۆری کوردی بەستووە و وەک تەکنیکیش شێوەی تەکنیکی نوێی لەسەر بیاد ناوە بۆ نموونە چیرۆکی (عاجباتی هەشتەم) لە تۆماری چیرۆکی ئەودا دیارە.. کە ئەفسانەو خورافاتی فۆلکلۆری کوردی کردووە بەکەرەستەی نوێخوازی بۆ ئەوەی لە پەنای ئەم ڕەمزو هێمایانەدا ڕەخنە لە دەسەلاتی ئەو کاتەدا بگرێت..

(مەم) لە ڕێگادا زۆر زیرەک و هونەرمەندانە فۆلکلۆری کوردی بەهەموو بەشەکانییەوە: هەقایەت، پەند، سەربردەی مێژوویی، هەڵسوکەوتی ژیانی خەڵک، ئامۆژگاری، قسەی نەستەق، کەش و هەوای ئەفسانەیی، خورافە، کەسایەتی فۆلکلۆری، مۆتیڤی داستان، لاوک، حەیران، گۆرانی فۆلکلۆری، شایی، بووک گواستنەوە، بیرو باوەڕی ئایینی، پێکەوە ژیانی ئایینی کوردستان، دەروێشایەتی، کوچک و دیوەخان و مزگەوت و ژیانی گوند، حیکایەتخوانی، ژیانی کۆمەلایەتی جاران و ئێستا، لاواندنەوە واتە سەردوولکە، یاری منداڵان و گەوران، تێکەڵکردنی بەیتی فۆلکلۆری، مەتەڵ.. تاد. ئەم هەموو بابەتە فۆلکلۆریانە بۆ ڕۆشنبیرێکی ئاگاداری وەک (مەم) زەحمەت نەبووە چونکە هەم لە هونەریی ڕۆماننووسین ئاگادارەو هەمیش لە سامانی نەتەوەیی خۆی، بۆیە وویستوویەتی پێکەوەیان بگونجێنێ چ بەمەستی هێماو دەربڕین کە جاری وا هەبووە لەپەنای بەسەرهاتێکەوە مەغزایەکی خۆی دەربڕیوە کە ڕەنگە ڕاستەوخۆ نەیتوانیبێ بیدرکێنێ و لەهەمان کاتیشدا وەک تەکنیک دەولەمەندییەک بەبالای گێڕانەوەکەی دەبڕێت. مەم لەم ڕۆمانەیدا جگە لە گێڕانەوەی دەیان هەقایەت و سەربردە و داستان کە لە کوردەواری باو بووینە و خستووینەتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئەوا دەیان دیمەنی فانتازی و سیحریشی دروست کردووە کە بیرۆکەکانی هەندێکیان خوازراوی فۆلکلۆرن و هەندێکیشیان لەسەر شێوە فۆلکلۆرییەکە دیمەنی ئەفسانەیی و خورافی لێ دروست کردوون و لەگەڵ سەمتی



گێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا گونجاندوویەتی بۆ نموونە: کاتێ کە لەکەسایەتی خەلیفە سەرسۆردا پالەوانێکی ئەفسانەیی دروست دەکات بەتواناییەکی لە ڕادەبەدەر ئەو کاتەی کە لەڕقی شەماشە سولاقە خۆی داوێتە ناو ئاگرێکەوە، دوایی جەستەکەی لەبەردەم شەماشە بەدرێژاییدا دەڕواو بزر دەبێ و بەناخی چیای سەفیندا دەڕوات و کەس نازانێ چی لێدێت؟!

یا دروستکردنی ئەم دیمەنە ئەفسانەییە سەرنج ڕاکێشە کە لەسەر شێوەی ئەفسانە داڕێژراوە کاتێ کە قەشە ئیستیڤان لە برسان پەنا بۆ عەلەشیشەکانی دێرێ دەبات و دەگەڕێتەوە دێرێ دەبینی جەندرمەکانی عوسمانلی عەلەشیشەکانی دێرێ سەر دەبڕن، ئەویش ڕوودەکاتە ئەشکەوتی وسوو ڕەحمان و لەخوا دەپاڕێتەوە تا تۆڵەی عەلەشیشەکان بکاتەوە، خواش ئەم داوایەی قبوڵ دەکات و جەندرمەکان دەکاتە عەلەشیش و قەشەش پەلاماریان دەدات و لەدەستی ڕادەکەن و بەرەو چیای سەفین بەدوایان دەکەوێ تا لە دواییدا بۆی ناگیرێن و هەڵدەفڕن و دەبن بەنوقتەی ڕەش لە ئاسمان.. ئەمانەو چەندان دیمەنی ئەفسانەیی دیکە ڕۆمانەکەیان خستۆتە ناو تەشقێکی تێکەڵکردنی ئەفسانە و واقیع، جیا لە تێکەڵکردنی دەیان داستان و هەقایەتی کوردەواری لەشێوەی دێو و درنج و هێمای دێوی ڕەش و دێوی سپی و شێوەی هەقایەتی منداڵان وەک سەر هەڵقەنەو زەلامە گورگەکان و گێڕانەوەی هەقایەتەکانی داپیرە بۆ شێرکۆی پالەوانی ڕۆمانەکە لەوکاتەی کە منداڵ بوو.. جیا لە سوود وەرگرتن لە بیروباوەڕی کۆنی کوردەواری و داب و نەریتی میللی لەگەڵ ئەمانەش ڕاستەوخۆ گۆرانی و بەستەو لاوک و بەیت و داستانی میللی بەدەقە میللییەکەی خۆی واتە وەک فۆلکلۆر وەرگرتووە و تێکەڵ بە بونیادی گێڕانەوەی کردووە... بۆ نموونە کاتێ کە لەلاپەڕە (٥٦)ی ڕۆمانەکەدا پالەوانەکەی شێرکۆ یادەوەری منداڵی خۆی دەگێڕێتەوە ئەو کاتەی کە (دایکی جەمال)ی گۆرانیبێژ دەچێتە شەقلاوە و دەبێتە میوانی مودیر بەگ و دواییش گوێ لە گۆرانی گوتنەکە ڕادەگرن و لەبەر خۆیان دەیلێنەوە و گۆرانییەکەش فۆلکلۆرییە کە لەسەر زاری (دایکی جەمال)ی گۆرانیبێژ دەڵێ:

هەی ئاغەو... ئاغەو ئاغە
بۆم تێکە جەرگم داغە
چاوت پیالەی قۆنیاغە
مانگ لە ئاسمان ڕاوەستاوە

ئەستێران دەوریان لێداوە
یاری خۆمە و لێم تۆراوە
بۆم تێکە و جەرگم داغە

دواییش لەسەر زاری شێرکۆ و ئایشە گوڵ کە گۆرانییەکەی دایکی جەماڵ دەڵێنەوە تەواو دەکات کە دەڵێ:

مانگ لە ئاسمان بیست و سێیە
لەسەر سینگت ئەلف و بێیە
هەتا دەمرم تەمام پێیە
بۆم تێکە جەرگم داغە
هەی ئاغەو... ئاغەو ئاغە

یانیش کاتێ باسی یاری منداڵان دەکات و بووکە بەبارانێ تێهەڵکێش دەکات و وەک لەلاپەڕە (١٣٦)ی ڕۆمانەکە دەڵێ:

بووکی مە.. بارانی دەوێ
شێری.. کچۆڵانی دەوێ
هێلکەی.. بارۆکانی دەوێ

یانیش کە دەڵێ:

هەیاران و نەیاران
یاخوا بباریێ باران بۆ فەقیرو هەژاران

یانیش لەناو زیکرو سۆفیگەری دەروێشانەدا بەیتی فۆلکلۆری شەهیدکردنی شێخ سەعیدی پیران بە گۆرانی دەگوترێ بۆ نموونە لەلاپەڕە (٢١٣)ی ڕۆمانەکەدا لەسەر زاری دەروێشانی دەڵێ:

هەی گوڵ هەی گوڵ.. گوڵی من کوانی
ئاغام شێخ سەعید.. قوتبی سلێمانی
شاخی هەورەمان چەند بەرزو کۆمە
شێخ سەعید.. هەیرۆ یەخسیری ڕۆمە
هەی گوڵ هەی گوڵ بەری بەیانی
قورعان دەخوێنێ شێخ لەسەر ڕانی



فرمێسک دەباری وەکو بارانی
شێخیان شەهید کرد جەژنی قوربانی

ئینجا هەر لەناو ئەم تەشقە ڕۆحییەداو لەناو هەڵسوکەوت و گێڕانەوەی دەروێشانەدا لەسەر زاری دەروێش گۆرانییەکە تەواو دەکات و دەڵێ:

هەی گوڵ... هەی گوڵ... گوڵی من کوانێ!
لەمابەینی هەولێرو پرد
ماڵی ویرانم شێخ سەعیدیان برد
لە مابەینی هەولێرو موسڵ
ڕێگا دەچێنم بەدارو بەگوڵ
شێخ پێیدا بڕوا بۆ شاری موسڵ
هەی گوڵ هەی گوڵ گوڵی من کوانێ
شێخ سەعیدیان کوشت جەژنی قوربانێ
ئاغام شێخ مەحموود.. شێخ سەعید کوانێ

ئەم بەیت و بەسەرهاتانە لە کوردەواریدا هەندێکیان بەگێڕانەوە دەگوتران و هەندێکیشیان وەک گۆرانی دەگوتران هەمووشیان بەسەرهاتی سەرنج ڕاکێش و ڕووداوی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی خەڵکی ڕەشو ڕووتی کوردەواری بوون، بەڵام (مەم) هونەرمەندانە ئەم بەیت و بەسەرهاتە فۆلکلۆرییانە لەگەڵ گیانی سەردەم تێکەڵ دەکات بەمەبەستی دەربڕینی سیاسی و هەم هونەرییانە و هەمیش وەک ڕەمزو هێما گێڕانەوەکەی خۆی پێ ئەنجام دەدات بۆ نموونە لە لاپەڕە (٢٧٦) دا بەم شێوەیە خەم و پەژارەکانی کوێستان و گەرمیانی کوردستان بەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە دەردەبڕێ و دەڵێ:

هۆ خاڵۆی ڕێبوار
خاڵۆ ڕێگاکەم دوورە
مەنزڵ نادیارە و خاڵۆ
تۆیشوو زەروورە
هۆ خاڵۆ ڕێبوار
ڕێگا نازانم

بۆ گەرمیان دەڕۆم

خەڵکی کوێستانم

دەترسم بمرم.. خاڵۆ.. لە دوور وڵاتا

دڵ پڕ لە خۆزگە و هاوار.. ئۆف و ئاواتا

هۆ خاڵۆی ڕێبوار.. خاڵەی خوانەناس

بۆ چ ڕوحمێ ناکەی.. بەمنی کەساس

ئینجا بەدەم وەسفی پاڵەوانەکەو چۆنیەتی گۆرانی گوتنەکەی کە مام زانەوێر بەدەم ڕێگای دوورەوە لە کاروانی گەنم و ماندوویێتی و برسێتیدا گۆرانییەکەی پێ تەواو دەکات و دەڵێ:

هۆ.. خاڵۆی ڕێبوار.. خاڵۆ

ڕێگام هەورازە

کەسی دوور وڵات.. چاوەکەم

خاڵۆ.. دیل و بێ نازە

بەڵام گۆرانییەکە هێشتا تەواو نەبووە بۆیە ڕۆماننووس ئەم جارە بەدەم یادگارەکانی باوکی لە دەمی ئەوەوە بەردەوامی بە تێکەڵکردنی ئەم گۆرانییە فۆلکلۆرییە دەدات کە لە ڕاستیشدا ڕۆماننووس خۆیەتی ئەم زارو ئەو زاری پێدەکات و دەیخاتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و لەناو بەسەرهاتەکاندا وردە وردە دەیانگێڕێتەوەو تۆماریان دەکات ئەوەتا ئەو جارە وەک گوتمان لەسەر زاری باوکی پاڵەوانی ڕۆمانەکەو لە لاپەڕە (٢٧٩) دا دەڵێ:

هۆ خاڵۆی ڕێبوار.. خاڵۆ

ڕێگا.. نازانم

بۆ گەرمیان دەڕۆم.. خەڵکی کوێستانم

کوێستانان خاڵ خاڵ.. بەفری ناچێتۆ

گیانم تۆراوە... هەی هاوار

چی بکەم ئاشتی نابێتۆ

دیارە ئەم بەیت و گۆرانییە میللییانە مولکی میللەتن و بۆیەش وێردی سەر زاری خەڵکی جیاوازیشن.. ئەوەتانێ جارێکی دیکەیش لەلاپەڕە (٢٨٢) دا ئەمجارە ئەو



خەڵکەی لە کاروانەکەدا بەڕێوەن بەدەم ڕۆیشتنەوە پێکەوە ئەم گۆرانییە دەڵێنەوە وەک دەڵێ:

فەلەک وەرگەڕێ چەرخی دەورانت

برووخێ.. تەخت و.. تاج و ئەیوانت

هۆ خاڵۆ.. خاڵۆ

ڕێگام هەورازە

بارم بێ نازە

ژینم ناسازە

دەست لەباری خۆم هەڵناگرم تازە

هۆ.. خاڵۆی ڕێبوار

دواییش برگەیەکی تر دەداتە دەم چیرۆکبێژ خۆی کە بۆ ئایشە گوڵی خۆشەویستی لەناو ڕەزان دەیگێڕایەوە وەک لە لاپەڕە (٢٨٣) دا هاتووە.. دوای ئەمەش دیسان هەر لەهەمان لاپەڕە بەهاوبەشی نێوان شێرکۆی چیرۆکبێژ و ئایشە گوڵ پێکەوە برگەیەکی دیکەی ئەم گۆرانییە دەگێڕدرێتەوە تۆمار دەکرێت.

شەوانی زستانی جاران لە کوردەواریدا بە هەقایەت و گێڕانەوەی داستان و سەربردە بەسەر دەبرا.. (مەم) یش لەم ڕۆمانەدا کاتێ بەسەرهاتی منداڵی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە (شێرکۆ) لەسەر زاری چیرۆکبێژی ئاگادار بەهەموو شت دەگێڕێتەوە دەگەڕێتەوە بۆ بیرهاتنەوەی هەقایەتەکانی داپیرەی.. هەبوو.. نەبوو.. چەندان داستان و بەیت و هەقایەتی ئەفسانەیی و چیرۆکی گیانداران دەخاتە ناو بیرەوەرییەکانی و تێکەڵ گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی دەکات وەک لە لاپەڕە (٧٥) دا ئاشکرای دەکات و دەڵێ: «بەدرێژایی شەوانی زستان.. پلکە مێرێ بە گێڕانەوەی بەیتی مەم و زین و سیامەندو خەجێ.. شێخ فەرەخ.. برایمۆک و نێچیروان.. ئەسپا ڕەش.. و بەیتی دیکە.. مێشک و گیانی ئاو دەدام، بە حیکایاتی سێ براالەو... کوڕە کەچەڵ و گەنج خەلیل... بەیتی ئازایی و خۆشەویستی و دڵداری.. ڕابواردن.. گیانی خۆشەویستی و مێردایەتی بەهێز دەکردم:

کەچەڵەک بووم لە کاروانی

لامدا گوندەک لە بۆتانی

دیتم زەرییەک لەبەر نانی

بە حیکایەتی ئەفسانەیی دێو.. و درنج.. ترسی لە گیان دەچاندم.. لەگەڵ مریشکە قوندە.. مام هەیدەری شاوریم خۆشتر دەویست:

مام هەیدەری شاوری
مریشکۆڵەت لەبەر نەمری
بگە ڕێویێ خازری
مام هەیدەر هات لە هەردا
توولەو تاژی لەگەردا
مام دێویان لە خۆڵێ وەردا

کە مام هەیدەر، ڕێوی زۆرداری لە خۆڵێ وەردەدا.. مریشکە قوندە و جووجکەکانی ڕزگاریان دەبوو.. ئێمە منداڵەکان هەموومان گەش دەبووینەوە، پێکەوە دەستمان لەیێک دەدا.. لە ڕۆخ ئاگردانەکە.. هاوارمان دەکرد:

ها..ها..ها..ها

کە باسی دێو.. و ئەژدیها و درنجیش دەهات.. باسی مێردەزمە و نێرە عەلیشیشی قەشەش دەکرا.. ترسمان لێ دەنیشت، لەشمان دەلەرزی... لێک نزیک دەکەوتینەوە، لەڕۆخ ئاگردانەکە.. قوونە تووتکەمان دەکرد..!..تاد».

(مەم) لە فۆلکلۆری لاوانەوەشدا بڕگەیەک تێکەڵ گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکات بۆ نموونە لە کاتی مردنی گولیزاری کەسایەتییەکی ڕۆمانەکە لەسەر زاری دایکی چیرۆکبێژ بەم جۆرە کچەکە دەلاوێنێتەوە وەک لە لاپەڕە (٨٨) دا دەڵێ:

هەی.. مەکە.. ڕۆڵە مەکە
بابان وێرانم مەکە
خەڵکی.. بەتاڵانی دەچوو
مەڕە.. بەرانە.. یەختەیە، شەکە
ئەمنی بێکەس.. بێدەر.. ئەمنی مل
بەکوێن
بەتاڵانم دەچو
گەردەنێ زەرد.. بەژنی باریک
ڕووی بەخاڵ و.. دوو چاوی ڕەش بەڵەکە



هەی.. مەکە..
ڕۆڵە مەکە
بابان وێرانم
دەتوخوا مەکە.

بەردەوام لەناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا دەبێتە باسکردنی بەیتە کوردییەکان و تێکەڵ بە بونیادی بەسەرهاتەکانی دەکات وەک دەبینین لە لاپەڕە (٢٠٦) دا ئەمجارە داپیرەی هەقایەتخوان بەم شێوەیە بە قارەمانانی پارێزەرانی (قەڵای دمدم) دا هەڵدەڵێ:

دێ لرفە لرفی بەیداغان
دێ دەنگی زرێ و قولچاغان
مەنزل لە بناو و مەراغان
قۆشەن دێ ڕێ بەرێیە
دەڵێ خانی موکری لە کوێیە
سەلاح شۆران دەستدا چەکان
دەگەڵ سەفێ دەمەلەکان

ئینجا بەیتی (مەم و زین) دەکاتە سەر باسی هەوێنی عەشقە پاکەکەی خۆی لەگەڵ خۆشەویستەکەی و نموونەی پاکی و جوامێری لێ دروست دەکات و داپیرە وای بۆ دەگێڕێتەوە وەک لە لاپەڕە (٢٠٧) دا هاتووە کە دەڵێ:

سێ پەری.. لە ئاسمانی حەوتەمین
بەستوویانە لەنگەرە
لەسەر کۆشکی کاکە مەمی هەڵدەنیشتن
ئەو بەر.. ئەو بەرە
خوشکی گەورە.. بەرەو ڕووی خوشکان
گۆتییە
ڕوومەتی.. کاکە مەمی جوانە.. یان
چراو فەنەرە
خوشکی نێونجیش.. وای گۆتییە

هەر لە عەرشی.. تا کورسییە
هەر لە گای تا ئەسپییە
هەموو دنیام پشکنییە
کەسم لە کاکە مەمی جوانتر.. چاو پێ نەکەوتییە!

بەڵام (مەم) لەناو پانتایی ڕۆمانەکە و لە گەرمەو کێشەی ڕووداو و بەسەرهاتە تراژیدیاکاندا لەهەموو بەیتەکان زیاتر داستانی خانزادە خاتوون و میر سلێمان بەگی میران بەتەواوی دەخاتە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە چ بە ڕاڤەو قسەکردن و گێڕانەوە و چیش بە گۆرانی و دەنگە بەسۆزەکەی داپیرە بۆیە ڕۆماننووس خۆشی ئەم بایەخدانەی دەرخستووە وەک لە لاپەڕە (٢٠٧) دا دەڵێ:

«پوور بنەوش – لەهەموو بەیت و هەقایەتەکانی... پتر بەبەیتی خانزادە خاتوون و لەشکری و سەربوردەی میر سلێمان بەگی میران.. گەرم دەبوو.. و دڵی دەهاتە جۆش و سۆز دەیگرتە خۆی!.. تاد»

لەلایێک.. تەسکەرەو..
عەرزو حاڵ... نووسین بوو
لەلایێکی دیکە... قۆڵ بە قۆڵ
تەتەر.. ڕەوانە دەکرانە..
بەخۆم لێی دەبوومە سەرکردە
قۆڵێکم هەڵدەدا.. لە بۆ قامچۆغەی موبارەک
قۆڵی دیکەیان.. لەبۆ شەناغەو گەزوەشانە
قۆڵی دیکەم.. هەڵدەدا لەبۆ.. زێی زەهاوی
هی دیکەیان لەبۆ.. سەقزو.. بانە
قۆڵێک لەبۆ شارەزووری.. ڕەنگین
ئەوی دیبیان.. لەبۆ دەشتی لاجانە
سەد.. حەیف و.. سەد.. مخابنی دونیایێ
لەپاش.. سلێمان بەگی میران
وەڵات مایەوە..
بەبێ خودانە



ئینجا چیرۆکبێژ لە شوێنی جیاجیاو لەدوای هەر ڕاڤەیەکی بەیتەکەو باسکردنی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم سەردەمە و بەبەستنەوەی لەگەڵ بارودۆخی ئەم سەردەمەی ڕۆمانەکەی لێ گێڕدراوەتەوە هەر جارەو برگەیەک لە بەیتەکە دەخاتە ناو ڕاڤەکردنی بەسەرهاتەکانی ئەم بەیتەو هۆکارەکانی دروستبوونی ڕووداوەکان کە لەلایەن ڕۆماننووسەوە بە ئاگادارییەوە خراونەتە سەر زمانی گێڕانەوەی پوور بنەوش و دەتوانن قەناعەت و گونجانی ڕووداوەکان لەگەڵ سەرجەم ئازارەکانی میللەتی کوردو سەردەمی ڕابردوو و ئێستای گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بیگونجێنن و خوێنەریش بخەنە ناو سەمتی ڕووداوە دراماییە سەرنج ڕاکێشەکان.

میر سلێمان بەگی میران.. گازی دەکرد..
دەیگۆ.. لەشکری!
هۆ لەشکری.. دەستێ خۆ.. وەدە
وەرە.. لەو قۆشەنەی لێ ببە سەرکردە
کورەی موحەکان.. چریکەی ڕکێفان
دەنگی تەپڵی بازان
سەدای لاوژە بێژان
لە دونیایێ دەنگیەوە دەدا
هاوارتە.. لەمن.. سەد هاوارە
لەپاش... سلێمان بەگی میران
کوو بەفنجانەکی قاوەی
دەست لە دونیایێ بەردەدا..!

ڕۆماننووس لە گەرمەی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەکانەوە کاتێ دێتە سەر ڕووداوە مێژووییەکانەوە کاتێ دێتە سەر باسی شێخ مەحموود و شۆڕشەکەی و دوای ئەوەی باسی ڕێکخستنی نهێنی ئەوساو سەردەمی منداڵی خۆی دەکا کەسایەتی (کاوێس ئاغا) و لاوکەکەی شێخ مەحموود تێکەڵ ڕووداوەکان دەکات و لە هەمان کاتیش باسی کەسایەتی و وەسفی کاوێس ئاغاو ئەو چایخانەیە دەکات کە لێی دادەنیشت چونکە دیارە هەردووکیان مەم و کاوێس ئاغا خەڵکی شەقڵاوەن و بۆیەش ڕۆماننووس وەک چۆنی دیوە وەسفی کردووە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا زیرەکانە ئەو لاوکەی کاوێس ئاغای کە لەسەر شێخ

مەحموودی گوتووە مەزراندوویەتی و خسوویەتییە ناو گێڕانەوەو بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەو لەگەڵ تێهەڵکێش کردنی سەردەمی شێخدا ئاوێتەی یەکتری کردوون.. بزانە لە لاپەڕە (٣٠٢)ی ڕۆمانەکە چۆن دەمانخاتە ناو بەسەرهاتەکان و بە کاوێس ئاغا دەمانناسێنێ و دەڵێ «کە منداڵ بووم.. لەگەڵ منداڵەکانی گەڕەک.. هەموو هێوارەیەکی هاوین لەناو ڕەزانەوە بۆ ناو بازاڕی گوند سەردەکەوتین، کاتێک دەگەیشتینە (تەم تەم)ان.. دەنگە زوڵاڵەکەی کاوێس ئاغا تێکەڵ بەدەنگی شەپۆلی ڕووبارەکە دەبوو... دەڕژایە ناو گیان و گوێمان، کاوێس ئاغا.. لە چایخانەکەی خدرەسۆر لاوکی دەگوتن:

دەلایلۆ.. دەلایلۆ

شەڕەکا دقەومی.. لە چیایێ

سووورداشێ».

ئینجا وەسفی چایخانەکە دەکات و چۆنیەتی گوێڕاگرتنیان وەک منداڵ کە بەسەر داردا هەڵدەگەڕان بۆ ئەوەی کاوێس ئاغا ببینن و گوێیان لێی بێت. ئینجا دێتە سەر کاوێس ئاغا و دەڵێ «گرامافۆنەکە ئەو هێوارەیە بێ دەنگ بوو کاوێس ئاغا لەتەنیشت گرامافۆنەکەوە ئەویش لەسەر تەختێک لێی پاڵ دابووەوە، سەرو شەدەو گەردەن و هەردوو لامل و نیوەی تەختەی سینگی لە ئێمە.. منداڵەکان دیاربوو، ئێمە چاومان بەسەرو شەدەی کاوێس ئاغاوە گیر ببوو، کاوێس ئاغا سەرو شەدەکەی لێ لار کردبووەوە، دەستێکی خستبووە بناگوێی و لاوکی دەگوتن:

دەلایلۆ.. دەلایلۆ

بەهارە.. بەسەرێ سلێمانیدا کەتم

محەلی شەڕان و.. دیلا

لە ئاسمانا خۆشدێ گڕیلێ تەیارا

شرخێلێ مەترەلۆسا

ڕنگێلی بۆمبا.. برا.. گازەگازێ توبەدارا

شادو شوودێ شێخ مەحموود.. کاکی شێخ قادر

بابێ لەتیف.. بەسێ دەنگان گازی دکا

کەریمێ فەتاح بەگ.. گەلی عەگیدا

ئیمرۆ دەست هەلینانەکی بکەن



بەڵام لە بڕگەیەکی دیکە لەلاپەڕە (٣٠٣) دا لەسەر زمانی عەولای پاڵەوانێکی ڕۆمانەکە درێژە بە تۆمارکردنی لاوکەکە دەدات کە ئەو ئەوەندەی گوێ لێ بووە و هەمووی لەبەر بووەو دوای کاوێس ئاغا دەیلێتەوە بەڵام لێرە مەبەست بەهونەر کردنی گێڕانەوەیە کە ڕۆماننووس نایەوێ هەمووی ڕاستەوخۆ بگوازێتەوە، بۆیە لێرە لەسەر زمانی عەولا دەڵێ:

دەلایلۆ.. دەلایلۆ

شەڕەکا دقەومی لچیایێ سورداشێ.. وابەرا

بەرێ سبەیێ.. عەسکەرێ هیندۆک و قەلەڕەشکان دکەنە قیڕەو هەرا..

ئینجا لەم وەسفانەدا دەگاتە کۆتایی و هەموو دانیشتوانی چایخانەکە هەستیان لێ دەبڕێ.. بۆیە لە لاپەڕە (٣٠٣) دا بەم جۆرە کۆتایی پێدێنێ کە دەڵێ «کە لاوکەکەش.. تەواو دەبوو:

چ گاوێ دەستێ خۆ دەمە جامبێزارێ

دگرم شارێ کەرکووکێ.. شارێ بەغدایێ

ئەورۆ سێ ڕۆژە ئەمن عاسێ بوویمە لە چیایێ سورداشێ

چ بکەم هاواری تورکان دوورە براینە...

کورد خاینە».

ئینجا دێتە سەر وەسفی کاوێس ئاغاو دەوروبەری دوای تەواوکردنی لاوکەکە وەک لەلاپەڕە (٣٠٤) دا دەڵێ «ناوە.. ناوە کاوێس ئاغا ئاوڕێکی لە وەستا سەعیدو فەیزۆ و برادەرەکانی دەدایەوە.. چاوێکی بەدانیشتوانی چایخانەکەدا دەگێڕا.. سەری بۆ دەهەژاندن، بۆیان دەگرژییەوە.. ئەمانیش بەدەنگ بانگیان دەکرد..!

– هەللا.. هەللا... کاوێس ئاغا.. بلبلی کوردستان..».

تا دەگاتە ئەو ڕادەیەی منداڵێک بتوانێ هەموو لاوک و بەستەکانی کاوێس ئاغا لەبەر بکات و تەنانەت کاریشی لێ بکات ئەمەش هەم بۆ نیشاندان و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە کە تەشویقێک بە گێڕانەوەکە بدات هەمیش تۆمارکردن و مەزراندنی ئەو لاوک و بەستانەیە بەشێوەیەکی هونەری کە تەنیا گواستنەوە نەبێت بەڵکو ببێت بەبەشێک لە بونیادی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئەوەتا کە پاڵەوانە منداڵەکە واتە شێرکۆی چیرۆکبێژ لەکاتی بیرهاتنەوەی سەردەمی منداڵیدا بەم شێوە لاسایی کاوێس ئاغا دەکاتەوە و کە لەگەڵ ئەمەش بەستەی هەی نار.. هەی نارەکە تۆمار دەکات وەک لە لاپەڕە (٣٠٤) دا دەڵێ:

«وە لەپێش دەمی دایکم.. لەناو پەڵە سێوە کەسکەکەدا دەستم بە لەرزین کردو دەنگم هەڵبڕی:

هەی نار.. هەی نار.. هەی نارەللۆ

سینگت.. سێنیە ساوارەللۆ

هەڵگرە.. بۆ فتارەللۆ

لە پاشان بەستەکەم دەگۆڕی وەک کاوێس ئاغا دەستم خستە بناگوێم و لاوکەکەم دەگوتەوە:

دەلایلۆ

شەڕەکا دقەومێ لچیایێ سورداشێ..

لەدەرێ دۆلێ

ئەسپێ شێخ مەحموود.. بابێ لەتیف..

کەوتە پێ کۆلێ

دایکیشم بەکزی گوێی لێ ڕادەگرتم.. ئاهێکی درێژی هەڵدەکێشا و بەدەنگێکی پڕ سۆز دەیگوت:

– کوڕم.. ئەوە لاوکی شێخ مەحموودی مەلیکە.. کاوێس ئاغا بەسەر شێخ مەحموود هەڵدەڵێ، باسی شەڕی ئەو نازدارەو کافرەکان دەکا!! وە لەبەر خۆیەوە دەیگوت:

– ئەو شێخە نازدارە چی کردووە چۆن ئیسلامەکان پشتیان بەردا هەتا ئینگلیزی کافر و قەلەڕەشکەو هیندۆکە خوانەناسەکان.. ئەوەی بەسەربێنن کە بەسەریان هێنا... ...تاد».

ئەمانە هەموو ئەوە دەردەخەن کە خەڵکی سادەو ساکاریش چۆن ئاگاداری هەموو ڕووداوەکانی مێژووی میللەتی کورد بووینە بۆیە ئەو داستان و سەربردەو کارەساتە مێژووییانە زۆریان کراون بەبەیت و هەقایەت و سەربردەو شەوانە بەدەم چیرۆکەکانی گوێ ئاگردانەوە گێڕدراونەتەوە و بەشێکیان تۆمارکراون و بوونەتە وێردی سەر زاران و هونەرمەندانیش کردوویانە بە تۆماری نەمری خۆیان.. بەشێکی دیکەشیان ڕۆژگار پێیچاونەتەوەو دەگەڵ هەقایەتخوان و چیرۆکبێژەکان چوونەتە بن ئەم خاکە.. بەڵام ئەم سامانە هەمیشە وزەو گوڕ و تینە بۆ داهێنەران و هەمیشە بە چرای ڕووناکی میللەت دەمێنێتەوە.. ئافەرین بۆ ئەو داهێنەرەی چۆن دەتوانێ وەک (مەم) هونەرمەندانە بیخاتە ناو ئەم هونەرە جوانەی ڕۆمان و هونەرمەندانەش تۆمارو مەزراندنیان بکات.. دیارە لەم



ڕۆمانەی (مەم)دا ئەم داستان و بەیت و پەندو ئامۆژگاری و گۆرانی و لاوک و حەیران و لاواندنەوە و زۆربەی بەشەکان و سەرچاوەکانی دیکەی فۆلکلۆری کوردی وەک هونەر و تۆمار لەگەڵ بارودۆخ و کات و شوێنی ڕۆمانەکەو سەرجەم گێڕانەوەی هونەری ڕۆمانەکەدا ئاوێتەی یەکتر دەبن و دەبن بە ڕێبواری کاروانی ڕۆمانەکە.

ژێدەر:

محەمەد مەولوود مەم – مەم –

ڕۆمانی ڕێگا – چاپی دووەم – زنجیرە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس – ژمارە (٤٣) – چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە – هەولێر – ساڵی ٢٠٠١.

# ڕۆمانی شار لە شاری ڕەخنەدا

بێ گومان نووسینی ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیماندا کارێکی زۆر بەجێ و پێویستە چونکە تا ئێستا پەرتووکخانەی کوردی لەلایەنی ڕۆمانەوە زۆر هەژارە بەڵێ (چونکە ئەم هەولانەی دراوە بۆ نووسینی ڕۆمان خۆیان وا نیشان دەدەن کەوا ڕۆمانی کوردی ڕاستەقینە هێشتا لە دایک نەبووە)[١].. جا ئەوەی خۆی لەم بوارە بدا دیارە دەتوانێ دەلاقەیەک لە ئەدەبی کوردیدا بکاتەوەو ترووسکەی خۆری ئاواتی بخاتە سەر، بەڵێ ڕۆمانی کوردیمان بە پەنجەی دەست دەژمێردرێ ئەگەر لەگەڵ ئەدەبیاتی گەلانی ترا بەراورد بکرێ، هەرچەندە پێش ئەم ڕۆمانەی (حسێن عارف)ە ئەم هەولانەی دراون بۆ نووسینی ڕۆمانی کوردی هێشتاکە لێکۆڵینەوەو پشکنینێکی وایان لەسەر نەکراوە بەچەشنی ئەدەبیاتی گەلانی تر ژمارەی تایبەتییان لە گۆڤارێکا یا لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بۆ تەرخان بکرێ هەروەک گەلێک جار بۆ لێکۆڵینەوەو شانۆو چیرۆک تەرخان کراون ئەمەش هۆیەکە دەگەڕێتەوە سەر دەگمەنی ڕۆمانی ڕاستەقینەی کوردی[٢].

بەهەر حاڵ لەکاتی خوێندنەوەی شاردا چەند سەرنج و تێبینییەک لەلام گەڵاڵە بوون و حەزم کرد بیانخەمە بەرچاوی خوێنەران چونکە هەر بابەتێکی ئەدەبی ئەگەر ڕەخنەی مەوزووعییانەی لەتەکا نەبێ ئەوا بەکاڵی و کرچی دەمێنێتەوە، جا بوونی ڕەخنەی ئەدەبی لەتەک هەر بابەتێکا گەشەی پێ دەداو زیاتر بەخوێنەرانی ئاشنا دەکا نەخوازەڵا ئەو بابەتەی ڕەخنەگرێک دەیخاتە ڕوو و لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانا دەمەتەقێیەکی باشی لەسەر دەڕەخسێ و بەچەندان کۆڕی ئەدەبیش قسەی لێوە دەکرێ[٣].. (ڕاستە ڕەخنەی ڕاستەقینە کردەوەیەکی قووڵ و ورد و ڕێ نیشاندەرە، هیچ بزووتنەوەیەکی ئەدەبی و هونەری ناتوانێ بەگوڕ سنگ بنێ بۆ پێشەوە و بەپەیژەی ئەدەبێکی نەمری جیهانییەدا سەر بکەوێ، ئەگەر بزووتنەوەیەکی ڕەخنەگرانەی تێگەیشتوو و پێگەیشتووی لەگەڵدا شان بەشان نەڕوا کە لەناخی ئەم بزووتنەوە ئەدەبییەوە بەزەبری پێویستییەوە هەڵقوڵابێت و لەگەڵیا تێکەڵ ببێ و تێیدا بتاوێتەوە بۆ ئەوەی بتوانێ باڵی پێ بگرێ تەمی سەر ڕێگای بەتیشکی تیژی ئومێدی پێشکەوتن بڕەوێنێتەوە و لە هەڵەو تێکەوتن و تەپ و کۆ هۆشیار کەرەوەی بێت)[٤].



## • لێکۆڵینەوەی ڕۆمانەکە بەگشتی:

شار کتێبێکە لە دوو تویی کتێبێکی قەوارە گەورەی **٣٩٠** لاپەڕە و بەرگێکی جواندا نەخشاوە هونەرکارییەکەی بەخامەی هونەرمەند ئازا حەسیب قەرەداغی و سەرپەرشتی چاپکردنی لەلایەن کاک عەبدولقادر عەلی مەردانەوەیە. شار لە سێ بەشی سەرەکی پێک هاتووە کە بەشی یەکەم و دووەمیان پانزە دیمەن و بەشی سێیەمیشی بیست دیمەنە، ڕۆمانەکە بەچاپێکی جوانەوە کەوتۆتە بەردەست خوێنەران، تابلۆکانی ناوەوەش ئەوەندەی تر گرنگیان بە ڕۆمانەکە داوەو ڕەنگینیان کردووە.

ڕۆمانەکە بریتییە لەکاتێکی مێژوویی شاری سولەیمانی خۆشەویست لە ماوەی شانزە ساڵدا نووسەر توانیویە یادداشتەکانی خۆی لەماوەی ئەم شانزە ساڵەدا لە قاڵبێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و مێژووییدا دابڕێژێ کە سەرەتاکەی لە ساڵی **١٩٤٢**ز وە دەست پێ دەکا تاوەکو ساڵی **١٩٥٨**ز. و ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە عیراق و دامەزراندنی یەکەم کۆماری عیراق.

نووسەر لە بەشی یەکەمی ڕۆژنامەکەدا خانووەکەی میمکە حەلیمی بەمەملەکەت لەقەڵەم دەداو پاشانیش بە پوورە هەنگ ئینجا میمکەی کردووە بەژنە شای پوورە هەنگەکە، وابزانم ئەم پێداچوونە هەرگیز یەکتر ناگرنەوە چونکە شاژنی پێ دەوترێ جا مەملەکەت و پوورەهەنگ هەردووکیان تەشبیهی خانووەکەن و دوو زاراوەی (المملکة المتحدة) کە بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی بەریتانیا بەکاردێ بەڵام پوورە هەنگ مەملەکەتی هەنگەو هیچی تر ئەوسا کە نووسەر دەیکا بەمەملەکەت خانووەکە زۆر گەورە خۆی نیشان دەداو تەشبیهی مەملەکەتێکی گەورە دەکا بەڵام کە دەیکاتەوە بەپوورە هەنگ ئەوا مەملەکەتەکە زۆر بچووکتر دەبێتەوەو دەبن بەدوو زاراوەی زۆر لەیەکتر دوور کە نەدەبوو نووسەر لەهەمان کاتدا ئەم دوو زاراوەیە بۆ خانووەکەی میمکە حەلیم دابنێ.

لەلاپەڕە (١٠)ی ڕۆمانەکەدا کاتێ نووسەر بەفلاش باک دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ڕابردووی میمکە کە چۆن خانووەکەی تیایەتی کڕیوەتی بەم پارەیەی پیرەمێردی مێردی کە دوای مردنی بۆی جێ هێشتبوو بەڵام ئەوەمان پێ ڕاناگەیەنێ چۆن دوای مردنی میمکە ئەم کابرایەی هات بەهۆی پارێزەرێکەوە توانی خانووەکە داگیر بکاو بەپێی شەرع و قانوون ببێ بە هی ئەو و خەڵکی ناو مەملەکەتەکە پەڕەوازە بکاو دەربەدەر ببن هەروەک لەلاپەڕە (٤٥) دا بەدیار دەکەوێ نووسەر نیشانی نەداوە چۆن و بەچ مافێک توانرا ئەم خانووە ببێ

بەهی کابرا لەکاتێکا میمکە کاتی خۆی کڕیبێتی، باشە بۆچی تا میمکە لە ژیاندابوو کابرا نەیدەتوانی داگیری بکاو دەری بکا بەتایبەتی کەوا بەهۆی پارێزەرو قانوونەوە کردی بەهی خۆی خۆ ئەوساش وەک دوایی دەیتوانی بیکا بە هی جا نووسە لەلاپەڕە (٤٤) دا کاتێ حەمە عەلی مۆر بەخەڵکی دانیشتووانەکەی دەکا و بەووایدا دەچێ و مشووری مانەوەیان دەخواو دەبێ بەموڵکی میری و مەملەکەت دەگەڕێتەوە سەر ڕەوتی جارانی لێرەدا کە خانووەکە دەبێ بەموڵکی میری تەنها ڕێگایەک هەیە کابرا بتوانێ خانووەکە بەهۆی پارێزەرەوە بکا بە هی خۆی ئەمیش کڕینی کابرا لە میرییەوە چ بەهۆی مەزاتکردنی میری یاخود کابرا توانیویە بەهۆی پارێزەرەکەوە بێ مەزاتکردن خانووەکە لە میری بکڕێ و خانووەکە لەسەر خۆی تاپۆ بکا ئەوسا ڕاستە بەپێی قانوون دەبێ بەموڵکی کابرا بەڵام نووسەر ئەم کڕینەی کابرای بەدیار نەخستووە چۆن خانووەکە بووە بە موڵکی کابرا بەپێی شەرع و قانوون ئەمەش ڕەنگە کاک حوسێن عارف و ئێمەی چەند ڕۆشنبیرێکی یاسازان ئەم وردە تەفسیراتە بزانین بەڵام خوێنەرانی تر ڕەنگە چۆنیەتی داگیرکردنی کابرا لە خانووەکەی میمکەدا وەک پرسیارێک لە مێشکیانا خولابێتەوە دەبوایە نووسەر بەچەند دێرێکیش بووایە ئەم خاڵەی ڕوون بکردایەوە و لەدڵی خوێنەرانی ڕۆمانەکەی نەکردبایە مەراق.

لە لاپەڕە (١٩) دا نووسەر دەڵێ: میمکە ڕێگای خۆش کرد بەماوەیەکی کەم سابیرو خاوەر ببنە هاوسەری یەک بەڵام لەلاپەڕە (٢٢) دا هەروەک تازە ئاشکرای بکا نیازی خواستنی خاوەری هەیە بۆ سابیرو بە سابیر دەڵێ چەند پارەت هەیە و پێی دەڵێ بووکم بۆ دەستنیشان کردوویت. لێرەدا بەدیار دەکەوێ کە تازە میمکە نیازی خواستنی خاوەری هەیە بۆ سابیر و باسەکەی لەلادا دەکاتەوە بەڵام نازانم بۆچی جاری پێشوو بەماوەیەکی کەم ڕێگای خۆش کردو کردنی بەهاوسەر.

لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا خورشیدو ئاورەحمان پاڵەوانی سەرەکین لە زنجیرەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەدا کە هەردووکیان کرێکارن و شوێنی دانیشتنی سەرەکییان چاپخانەکەی وەستا تایەرە، پاڵەوانە ناسەرەکییەکانی تریش گەلێک جار دەوریان دەدرێتێ و دێنە پێش کامێرای نووسەر هەروەک وەستا تایەر و زۆراب و حەمە شین و زایەری تایەر و مەجیدی برای ئەختەر و گوڵنازی ژنی زایەر خەجێ و دەروێش و مام ئەمین، سابیری حەماڵیش هەروەک لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا دەوری سەرەکی پێ درابوو بەڵام لەم بەشەدا لەچەند دیمەنێکا دێنە ناو ڕووداوی یەک لەدوای یەکی ڕۆمانەکە چەند جارێک



ناوی مریەم دێتەوە یادو بەبیرمان دێنێتەوە ئەگینا خورشیدو ئاورەحمان لەهەموو دیمەنێکا ڕۆڵیان پێ دراوە جا ئەختەر و ئاسکۆڵیش بەهۆی ئاوڕەحمان و خورشیدی دەسگیرانیانەوە لەگەڵێک دیمەنا دەخرێتە پێش چاومان و لەمەشدا نووسەر سەربەستەو (دەتوانێ بارستایی گرنگ پێدانی بخاتە سەر کۆمەڵێک لە کەسان و زنجیرەیەک لە ڕووداو، کۆمەڵێک کەسانی تر بەلاوەبنێ و زیاتر گرنگی ڕووداوەکە جموجۆڵی بخاتە بەرو لە ڕێگای ئاڵۆزکردنی چیرۆکەکەی، هەستکردن بەجۆراوجۆری ژیان و ئاڵۆزی و دژگەییمان بۆ دەگوازێتەوە.. مەترسی ئەم ئسلوبەش لەمەدایە کەوا کۆمەڵێکی دیاریکراو لە کەسان زیاتر تیشکیان دەخرێتە سەر لەوانی تر)[٥].

هەروەها یادداشتەکانی نووسەر خۆی بەجوانی لەم بەشەدا بەدیار دەکەون کاتێ ڕووداوە مێژووییەکان و یادداشتەکانی نووسەر لەبارەیانەوە دەخزێتە ناو ڕۆمانەکەوە و لەگەڵ ڕووداوەکانا تێکەڵیان دەکاو وەک تۆمارکەرێکی مێژوویی یاخود وەک مێژوونووسێک مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکان دەکاو دەیانکا بە پاڵپشتێک لە بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکەیدا بۆیە (دەبینین زۆر بۆ ڕووداوی مێژوویی پەل دەهاوێ چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ، یاخود بەڕاگەیاندنی خوێنەر بەوەی ڕووی داوە کارێکە لە مێژوودا ڕووی داوە وە ئەو کەسانەی وێنەی کێشاون لە ڕاستیدا ئەو کەسانەن هەبوونەو ژیاون، ئەمەش هەروەک چۆن پاڵی (بەلزاک)ەوە ناوە ڕۆمان بە پاڵپشتی مێژوو دابنێ)[٦] وەهایە.

من بەش بەحاڵی خۆم خورشید بەنووسەر خۆی دادەنێم و دەوری خورشیدیش بەشێکن لە یادداشتەکانی نووسەر چونکە (زۆر جار خوێنەر ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە حیسابی ئەوەی بۆ دەکا کە یادداشت-نامەی نووسەرەکەیە و بەڵام پەردەی پێ دادراوە، یانێ دەبێ بەیاداشت -نامەیەکی دێو جامە لەبەر، ئەمەشیان تا ڕادەیەک ڕاستە.. گەربۆ نموونە سەیرێکی ڕۆمانەکانی (ئیرنست هەمەنگوای) و (دی ئێچ لۆرانس) و (دیستویفسکی) و (جێمس جویس) و کۆمەڵێ نووسەری دیکە بکەین دەگەینە ئەو قەناعەتەی بڵێین زۆربەی ڕۆماننووسەکان زیرەکانە کەڵکیان لە بەسەرهات و تاقیکردنەوە زاتییەکانی خۆیان دیوە توانیویانە هونەرمەندانە خۆیان لە پشت ئەو شاکارانەوە بشارنەوە. گرنگ ئەوەش نییە نووسەرێک بێ ژیانی خۆی بخاتە سەر کاغەزو ئیتر تەواو.. لەوە گرنگتر ئەوەیە: ئایا توانیویەتی چەندەها کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی و فیکری و فەلسەفی لە ڕۆمانەکەیدا بتوێنێتەوە)[٧]. جا دەتوانین بڵێین کاک حسێن عارف تا ڕادەیەک لەم بارەیەوە سەرکەوتنی وەدەست هێناوە، لێرەدا پرسیارێک دێتەوە ئاراوە ئەویش لەبارەی پەیوەندی

ڕۆمانەوەیە بە یادداشتەوە چونکە (ڕەنگە بپرسین پەیوەندی ڕۆمان چییە بە یادداشتەوە؟ بەڵێ. پاراستنی یادداشت زۆر نزیکە لە نووسینی ڕۆمانەوە. لە یادداشتا دەتوانێ چیرۆکی ژیانی تایبەتیت بنووسی)[٨]. بەڵام لێرەدا هەروەک وتمان زیاتر گرنگی بە خورشیدو ئەوڕەحمان دراوە حەشامەتی خەڵکەکەش وەک بوونێکی پێویست لە پێشوازی کردنی تەرمی شێخ مەحمودی حەفیددا دەوری خۆیان دەبینن و خۆپیشاندان دژی ڕژێمی پاشایەتی بەرپا دەکەن و قوربانی دەدەن کە هەرگیز نووسەر نەیتوانیوە دەوری جەماوەر بخاتە پشت گوێ، بەڵام ئەوەی پشت گوێ خرابێ دەوری چەند کەسانێکی گرنگ و دیارن و لەسەر حیسابی دەوری کۆمەڵێک کەسانی دیاریکراو و پاڵەوانە سەرەکییەکانی ناو ڕۆمانەکە، ئەی دەوری شاعیرانی بلیمەتی سولەیمانی ئەوسا کە هەریەکەیان چەندەها شیعری بەرزی بۆ شێخ مەحمودی حەفید نووسیوە هەموو دەم هاتوچۆی شێخیان کردووە و خۆشیان ویستووە و بەسەر ئازایەتی ئەویاندا هەڵداوە، یاخود نووسەرانی ئەوسای سولەیمانی کە لەسەردەمی شێخ مەحموددا ئەرکی گرنگیان پی سپێردراوە و دوای مردنی شێخیش یاداشت و نووسینەکانیان بڵاوکردۆتەوە، ئەی ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی ئەوسا کە دژی ڕژێمی پاشایەتی وەستاون ئاخۆ ئەمانە لە پێشوازی تەرمی شێخ و ناشتنیدا هیچ هەڵوێستێکی وایان نەبووە وەک کۆمپارسێکیش یاخود هەر لەدووریشەوە ئەرکێکیان نیشان بدرێ خۆ ئەگەر سەیری دیوانی شاعیرەکانی ئەوسامان بکەین و سەیری یاداشت و بەڵگەنامە مێژووییەکانی ئەوسا بکەین ڕاستی ئەم قسەیەمان بۆ دەسەلمێنن.

بۆ ئەوەی کاکڵی چیرۆکەکەمان لەیاد نەچێتەوە نووسەر کاتێ دێتە سەر باسی حەمەشین پێمان دەڵێ حەمەشین ئارەق خۆرە و بێ کارەیەو کار ناکاو ڕۆژنامەیەکی دەنگ و باسی ناو شارە بەڵام لەگەڵ ئەوەشا دایکەکەی بەخێوی دەکا هەروەک دەڵێ:

– دایکە ڕۆحەکە.. چووم خۆم لێ خستە قالبێکەوە، ها ئێستا ها ساتێکی تر، لە داخ و خەفەتدا شەق دەبەم و لێک دەبمەوە. ئیتر هەر خێرا، گرێی فەقیانەکەی کردەوە. چارەکە دینارێکی دامێ و چووم عارەقەکەم پێ نۆش کرد[٩].

بەڕای من لە کۆمەڵی کوردەوارییماندا بەتایبەتی لە ژیانی ڕابردوودا زیاتر گرنگیان بە پیرۆزی ئایین و خواپەرستی داوە نەخوازەڵا دایکێکیش کە پیر بێت چۆن باوەڕی بەوە هێناوە پارەبدا بە کوڕەکەی بچێت عارەقی پێ بخواتەوە خۆ ئەوسا هەر کوفر کردنێک بووە بۆ خۆی جا لەوانەیە بڵێین قەی چی ئەکا شتی وا بووە دایکی وا هەبووە کوڕەکەی خۆی



خۆش ویستووە بەڕەنجی شانی کوڕەکەی بەخێو کردووە بەڵێ منیش دەڵێم هەزاران دایکی قارەمان هەبووە و هەن بەڵام ئەو شتە دەبێ بە شتێکی شاز و کەم ڕوو دەدا.

لە دیمەنێکی تری هەر بەشی دووەما نووسەر ژن خواستن و هێنان بەبۆمبا تەقینەوە دادەنێ کاتێ دەڵێ:

– زایەر بەقسەی کاکی نەکردو قەوماندی. ناردییە خوازبێنی ئاسکۆڵ و بەدوایدا زنجیرەیەک بۆمبا تەقییەوە[١٠].

یاخود دەڵێ: هەر دوای سێ ڕۆژ، بۆمبای هەرە گەورە، لەبن دەستی زایەر خۆیدا تەقییەوە. هەواڵ دەماودەم پێچە بەدەوری خۆی کرد، تا گەیشتە بەر گوێی گوڵنازی ژنی[١١].

جا ئایا ژن هێنان، یا بابڵێین پیاوێکی خاوەن ژن و مناڵ بیەوێ ژنێکی تر بینێ ئەبێ بۆمبا تەقینەوە بێ؟ خۆ گەلێک ڕووداوی وا لە کۆمەڵی کوردەوارییماندا ڕووی داوەو ڕوودەدەن جا کەسانی وا هەن لەیەک ژن زیاتریان هێناوە ونەوەی ئەو ژنانەش لەیەک ماڵدا پێکەوە دەژین و بەشێوەیەکی زۆر سروشتیش هەتا وەکو لە قورئانی پیرۆزیشا ڕێگا بەمرۆ دراوە لەژنێک زیاتر بهێنێ، جا بۆ دەبێ ئەم کارەی زایەر بۆمبا تەقینەوە بێ نەخوازەڵا بۆمبای هەرە گەورەش بتەقێنێتەوە.

نووسەر لە هەندێک شوێنی ترا بەچەند قسەیەکی ڕووتی ڕامیاری یا چەند شیعارێکی ڕامیاری بیری خوێنەر بۆ چەند ساتێک لە ڕۆمانەکە دەپچڕێنێ کە شێوەی ڕاپۆرتانەی پێوە دیارە هەر بۆ نموونە بڕواننە لاپەڕە (٢٠٧ و ٢١٦)ی ڕۆمانەکە.

لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا هەروەک بەشی دووەم یادداشتەکانی نووسەر لەگەڵ کێشە کۆمەڵایەتییەکان یەک دەگرنەوەو دەبن بە بەڵگەیەکی مێژوو و ڕۆمانێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی ڕامیاریمان بۆ دەڕەخسێنن جا لەم بەشەدا یادداشتەکانی نووسەر لەبارەی لافاوەکەیساڵی ١٩٥٧ز.ی شاری سولەیمانی داو پەرەسەندنی جموجۆڵ و خەباتکردن لەپێناوی ڕووخاندنی ڕژێمی پاشایەتی و پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی و گەلێک لە یادگارەکانی تری کە کارەساتی ناو ڕۆمانەکەن تێکەڵ یەک دەبن و دەبن بەبەشێک لە زنجیرەی ڕووداوەکان. و درێژ بوونەوەیەکی مێژوویی ڕۆمانەکەو بەدیارخستنی ڕۆڵی کۆمەڵە کەسانێک لە یارمەتی دانی خەڵکی ناو شارو لێقەومانی هەر ئەم کەسانەو دیارخستنی لێقەومانیان و هەر دەوری هەرە گرنگی ئەم کەسانەش لە خەبات کردن لە

پێناوی ڕوخاندنی ڕژێمی پاشایەتی پێش شۆڕشی ١٤ ی گەلاوێژدا هەرچەندە نووسەر پێکهاتنی بەرەی نیشتمانی ئەوسا بەدیار دەخا بەڵام چاو لێ پۆشین ئەم دەستەو کۆمەڵە جەماوەرییانەی ئەوسا لە هەوڵدان بۆ هەمان مەبەست و دیار خستنی کاری ئەم پاڵەوانانەی کە هەڵی بژاردوون و فەرامۆشکردنی چین و تاقمەکانی تری ناو کۆمەڵ لەبارەی ئەم ڕووداوە مێژووییانەوە، جا با ئەوا نووسەر تیشکی نووسین بخاتە سەر کۆمەڵێک کەسان و کۆمەڵانێکی خەڵک و چینێکی دیاریکراوەوە و شاردنەوەی ڕۆڵی کەسانی تر ئەی ئاخۆ مێژوو چۆن ون دەبێ خۆ مێژووی ڕووداوەکانیش ئەوەندە دوور نین و گەلێک مێژوو نووسانمان بەچاوی خۆیان بینیویانە و لەم لایەنانەیان نووسیوە بۆ نموونە دکتۆر کەمال مەزهەر لەبارەی شۆڕشی چواردەی تەمموزەوە دەڵێ (هەمووی بەسەر یەکەوە دە ساڵ و چەند مانگێکیشی نەخایاند کاتێک شۆڕشی بورجوازی - دیموکراتی گەلی عیراق تەختو تاراجی ڕژێمی پاشایەتی بەجارێک هەڵتەکاند)[١٢]. جا بناغەی ئەم شۆڕشە کە ڕژێمی پاشایەتی ڕووخاند هەموو چینەکانی کۆمەڵ بوون شان بەشانی یەک خەباتیان کرد نەوەک چینێکی دیاریکراو و کۆمەڵە کەسانێکی دیاریکراوی ناو ڕۆمانەکە جا (هەر ڕۆماننووسێک هەوڵی دابێ وێنەی کاتێک بکێشێ لە مێژوو، هەر کەسێک لەکەسانی مێژوو، یاخود نیازی وابێ شوێنەوارێک لە شوێنەوارەکان زیندوو بکاتەوە، هاتبێ ڕاستی گۆڕیبێ، تەنها تەعبیری لە ئایدۆلۆژیایەک کردبێ یاخود ڕاکانی خۆی بێ ئەوەی بایەخ بەمە بدا تەعبیر لەم کاتە یاخود لەم شوێنەوارە بکاتەوە تەنها لە چوارچێوەیەکی ئەدەبی ڕووتەوە نەبێ، واتە تەنها لە ڕووی هونەرییەوە. ئەگەر دامان نا لە هەندێک ڕۆمانا کەوا بەمێژووی خۆیان لەقەڵەم دەدەن، دوور بکەونەوە لە هونەری و مێژوویی بەگشتی)[١٣].

لە لاپەڕە (٢٨٧)دا کاتێ نووسەر دێتە سەر دەمەتەقێی فەرهادو وەهاب فەرهاد لە وەهاب دەپرسێ: (ئەرێ بەڕاست، مریەم چی تۆ دەبێ؟!).. ئەوسا ئەو حیکایەتەی بەدوورو درێژی بۆ گێڕایەوە. کە لێ بووەوە ئەم وتی: (قسەی خۆمان بێ، من لە هەوەڵەوە وامزانی کچتە)[١٤]. بەڵام نووسەر پێش ئەوەی ئەم جارە حیکایەتەکەی مریەم بۆ فەرهاد بگێڕێتەوە هەر لەلاپەڕەی پێشوو حیکایەتی مریەمی بۆ فەرهاد گێڕاوەتەوە هەروەک لەلاپەڕە (٢٨٦)دا دەڵێ: (بەڵام لە جاری سێیەمدا، وەهاب نەک هەر نهێنییەکەی لەلا ئاشکرا کرد، بەڵکو داستانەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕایەوە)[١٥]. جا کە وەهاب داستانەکەی پێشتر بۆ فەرهاد گێڕابێتەوە چ پێویست دەکا فەرهاد جارێکی تر لە وەهاب بپرسێ مریەم چی تۆ دەبێ و جارێکی تریش حیکایەتی مریەمی بۆ بگێڕێتەوە.



لە دیمەنی (٧) و لاپەڕە (٢٩٥) دا نووسەر کاتێ دێتە سەر وەسفی مریەم دەڵێ: (مریەمی ئێستا، کچۆڵە لەڕو لاوازو ڕەنگ زەردەکەی جاران نەبوو، بەڵکو بوو بووە کیژێکی خڕو خەپانی نەرم و نیانی ڕەنگ و ڕوو گەشی گەلێ نەشمیلە و جوان)[١٦].

بەڵام لەڕاستیدا مریەم ئێستا ڕاستە مریەمی جاران نییە و خڕو خەپانی نەرم و نیانی ڕەنگ و ڕووگەشە ئەم وەسفانەی هەمووی ڕاستە تەنها مریەم ئەوە نییە کە نەبووە بەکچێک ئاوا کە نووسەر باسی دەکا بەڵکو هەر لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا کاتێ دایان بەدەروێش و گواستیەوە و لەخڵتانی خوێنی وەردا بوو بە ژن و کچێتی جارانی نەما جا نووسەر ئێستاش هەر بەکچی لەقەڵەم دەدا بەڵام لە ڕاستیدا کچ دوای مێردکردنی دەبێ بە ژن و ئەوسا کەسی تر بە کچ ناوی نابەن.

لە لاپەڕە (٣١٣) و دیمەنی (٩) دا نووسەر لەوەسفی لافاوەکەی ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٧دا کەلەشاری سولەیمانی ئازیزا قەوما دەڵێ (شار ئەو شەوە خەو نەچووە چاوی)[١٧]. جا لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئایا ڕاستە شار کە دەکا هەموو خەڵکی ناو شار بەگەورەو بچووکەوە بەدەوڵەمەندو هەژارەوە خەو نەچووە چاویانەوە بەڵام ئاخۆ دەوڵەمەندەکانی شار کە لەخانووی بەرزو دوو چیندا دەژین و شوێنێکی نووستنی گەرم و خۆشیان هەبێت ئەگەر بیر لە حیسابی قازانجی ڕۆژانەی خۆیان نەکەنەوە داخوا دەتوانن بە درەنگە شەوا بێدار بن و خەمی لێقەوماوانیان لەبەر بێ و بیر لە خانووە ڕووخاوەکانی هەژاران بکەنەوە.

## • تەکنیک لە ڕۆمانی شاردا:

أ- کات و شوێن:

کات بەگشتی لە ڕۆمانی شاردا لەئێوارەی ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساڵی ١٩٢٤ ز. وە دەست پێ دەکا تاکو یەکەم بەیاننامەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ز. کە دەکاتە ١٦ ساڵ. نووسەر توانیویە ماوەی ١٦ ساڵی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی ئەوسای شاری سولەیمانی تۆمار بکا و زۆر بەووردی تێبینی ئەم ڕووداوە یەک بەدوای یەکانە بکا کە دێنە پێش نووسینەکەی بەتایبەتی لەبەشی دووەم و سێیەمی ڕۆمانەکەدا چونکە بەشی یەکەمی بە پێشەکییەکی کۆمەڵایەتی دەست پێ دەکاو لەبەشی دووەم و سێیەمدا بە ڕووداوە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و مێژووییەکان زنجیرەی یاداشتەکانی خۆی لەبۆتەی کێشە کۆمەڵایەتییەکاندا تێکەڵ دەکاو هەروەک چەندان ڕۆماننووسە جیهانییەکان مێژوو دەکا بە

بنچـینەی ڕۆمـانەکـەی بۆ نموونە (ڕۆمـانی - گەڕان بەدوای کاتی ون بوو - لای هەندێک کەس لووتکەیە، قوڵاییەکی کاتی و بیرکەوتنەوەیی بەخشیوە بە گێڕانەوەی بنچینەیی بە ڕێگایەک زۆر لەم ڕێگایە دەچێ کە تۆلستۆی لەسەری ڕۆیشتووە بەزیادکردنی مێژوو (یاخود بەلای کەمەوە کە بەمێژووی داناوە). جا بڕۆست وێنەی کۆمەڵگای فەرەنسی دەکێشێ لەکاتی هەشتاکانەوە ١٨٨٠ز. تا دوای جەنگی یەکەمی جیهانی)[١٨].

هەروەها تۆلستۆی لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا قوڵایی کات (١٥ساڵ) دەخایەنێت (کات بەم شێوەیە ئامادەیە لە ڕۆمانی شەڕو ئاشتی پڕشنگدارتر دەبینرێ لەهەر ڕۆمانێکی تردا. لەبەر ئەوەی باسەکە درێژی پانزە ساڵە ئەم ساڵانە ئامادەن لە چیرۆکەکەدا بەهەموو کار لێکردنێکەوە)[١٩]. دەبینین لای جیمس جویس لە ڕۆمانی یولیسیسدا (کات یەک ڕۆژە - ١٦ی یۆنیۆ، ١٩٠٤ز. شوێن یەک شارە - دوبلن، گرێ دارێکە - گەیشتن ستیڤن بەبلۆم)[٢٠]. جا دەبینین کاتێ ڕۆمان لای حسێن عارف ١٦ ساڵە واتە لە ساڵی **١٩٤٢** ز وە تاوەکو ساڵی **١٩٥٨** ز. و یەکەم بەیاننامەی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژ. شوێنیش شاری سولەیمانییە- گرێی ڕۆمانەکە تێک هەڵکێشانی چەند ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و مێژوویی و گرێ کردنەوەی چەند کێشەیەکی پاڵەوانانی ناو ڕۆمانەکەیە هەرچەندە نووسەر لە بەدیارخستنی کاتەکاندا هیچ مێژوویەکی بۆ دانەناوە تەنها سەرەتای ڕۆمانەکە نەبێ کە بەئێوارەیەک لە ڕۆژانی ساڵی **١٩٤٢** ڕۆمانەکەی دەست پێ دەکا بەڵام بۆ بەدیارخستنی کاتەکانی تری ناو ڕۆمانەکە ئەوا توانیمان بەهۆی پێداچوونەوەی سەرچاوە مێژووییەکانەوە بەدیاری بخەین بۆ نموونە هەواڵی کۆچکردنی شێخ مەحمودی حەفید لە ١٠ ی تشرینی یەکەمی ساڵی **١٩٥٦**ز. دا بووە هەروەها کارەساتی لافاوەکەی سولەیمانی لە ١٨ی تشرینی یەکەمی ساڵی **١٩٥٧**ز. دابووە واتە کاتی نێوان دیمەنی یانزە لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکە تا دیمەنی هەشت لەبەشی سێیەم کە دەگاتە (١٣) دیمەن یەک ساڵ و هەشت ڕۆژ دەخایەنێت. جا دەبینین لە دیمەنەکانی تریشا لەیەک دیمەنا گۆڕانی کات بەدی دەکرێ واتە کات لە گۆڕاندایە و وەستاو نییە و لە هەندێک دیمەنیشدا کات هەمان کاتەو شوێنیش هەمان شوێنە وەک چایخانەکەی وەستا تایەر لەکاتێکی ئێوارانا یا لەهەر کاتێکی ترا لەهەندێک دیمەنی تریشدا کات هەمان کاتەو شوێنەکان دەگۆڕێن واتە لەیەک کاتا نووسەر مۆنتاجی شوێن بەکار دەهێنێ جا لەمەدا لەگەڵ شێوەی نووسینی شەپۆلی هۆش یەک دەگرنەوە (کەواتە لێرەدا بەکارهێنانی پێکچوو هەیە بۆ بەکارهێنانی چیرۆکی شەپۆلی هۆش و هەمان زاراوەشیان پێ دەوترێت. دافید داتشیز وەسفی ئەم بەکارهێنانەی



بەشێوەیەکی زۆر جوان کردووە هەروەک لە ڕۆمانەکانی فرجینیا وولفدا بەکارهاتووە ئەگەرچی ئەم زاراوانەش بەکار نەهاتووە. جا جگە لەوە دەبینین بەزۆری جیمس جویس نوێنەری زیرەکی ئەم بەکارهێنانەیە. هەروەها جیمس، وولف و نووسەرانی تری شەپۆلی هۆش بەکاریان هێناوە. چونکە شێوەی هۆش خۆی پێویست بە جۆرێک لە جووڵانەوە دەکا کە پێش ئەکەوێ بە پێشکەوتنی میکانیکی بۆ کاتژمێر. پێویستی بەوەیە. لەجیاتی ئەوە جووڵانەوەی گۆڕانکاری بۆ دواوەو بۆ پێشەوە. سەربەستی تێکەڵ کردنی ڕابردوو ئێستا، هەروەها داهاتووی بیر لێ کراوە داتشیز ئیشارەتی بۆ دوو ڕێگا کردووە لە پێشکەشکردنی ئەم مۆنتاجە لە چیرۆکدا. یەکەمیان ئەمەیە کە کەسێک دەتوانێ لە جێگای خۆی بەچەسپاوی بمێنێتەوە لە کاتێکا بیری بجووڵێتەوە لە کاتدا. ئەنجامی ئەمەش مۆنتاجی کاتە، واتە دانانی وێنەو فیکرە لە کاتێکی دیاریکراودا لەسەر وێنەی فیکری کاتێکی تر. ڕێگاکەی تریش مانەوەی کاتی نەگۆڕاوە ڕەگەزی جێگا دەگۆڕێ ئەوەی دێتە کایەوەش مۆنتاجی شوێنە گرنگ نییە لەم ڕێگایەی دووەمدا پێشکەوتنی هۆش هەبێت لەگەڵ ئەوەشدا بە زۆری دەهێنرێ بەوەی کە تەکنیکی یاریدەدەرە لە چیرۆکی هۆشدا کە بەزۆری بەڕێگای (چاوی کامێرا) یاخود بەڕێگای (دیمەنی زیاد کراو) ناو دەبرێ کە چەند، ناوێکن بەتوانایی کۆکردنەوەی کۆمەڵێک وێنە لەیەک خاڵی کاتی دا دەنرێ)[٢١].

جا وەک دەبینین لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا[٢٢].. مۆنتاجی کاتی بەدی دەکرێ کاتێ سابیری حەماڵ لەسەر جێگاکەیەوە ڕابردووی خۆی بیر دەکەوێتەوە کە چۆن کاتی خۆی لەگەڵ نەجمی هاوڕێیدا لادێیەکەی خۆیان جێ هێشتووە و هاتوونەتە شار بەمەنەلۆجی ناوەوە نووسەر لە جێگایەکی دیاریکراوەوە کە ڕاکشاوە لەسەر جێگاکەی دەمان گوازێتەوە بۆ کاتێکی پێش هاتنی سابیر بۆ مەملەکەتی میمکە حەلیم. یاخود نموونەیەکی تر لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا[٢٣]..

کاتێک وەستا تایەر باسی حیکایەتی چۆنیەتی هاتنی لە بانەوە بۆ سولەیمانی کە بۆ ئاوڕەحمانی دەگێڕێتەوە دەبینین کات و شوێن ئێوارەیەکی درەنگی چایخانەکەیە کە نەگۆڕاوە دەمان گەڕێنێتەوە بۆ کاتێکی ڕابردوو کە مۆنتاجی کاتەکەیە. نموونە بۆ مۆنتاجی شوێنیش دەبینین هەر لەبەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا[٢٤].. لە چایخانەکەی وەستا تایەردا حەمەشین باسی گێڕانەوەی چوونی خۆی دەکا بۆ بەغدا کە چووە بۆ ئیش کردن دواییش دەگەڕێتەوەو ئیشی چنگ ناکەوێ. جا لێرەدا پێویست ناکا هەموو نموونەکان لەم بارەیەوە دەستنیشان بکەین چونکە هەویرەکە پێویست بەزۆر ئاو دەکا تەنها دەتوانم ئەوەندە بڵێم

کارامەیی کاک حسێن عارف لە تەکنیک و شارەزا بوونی لەم بوارەدا شوێن پێیان لە ڕۆمانەکەدا دیارە.

ب - چەند هونەرێکی تر:

دەبینین ڕۆمانی شار کە بەشێوەی گێڕانەوە (السرد) نووسراوە پشت بە بنەمای دەمەتەقێ یاخود دیالۆگ دەبەستێ بەشێوەیەکی زۆر کەسانی ناو ڕۆمانەکە لە دەمەتەقێدان لەگەڵ جیهانی دەرەوەیان و لەگەڵ خۆیان هەندێک جاریش بەهۆی تەداعیەوە و جارجارەش مەنەلۆجی ناوەوە بەدی دەکەین، کە چیرۆکەکە دەخوێنێتەوە هەست بەوە ناکەی کە گرێیەک هەبێ چیرۆکەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە واتە هەست بەبوونی یەک گرێ ناکەی لە چیرۆکەکەدا بەڵکو نووسەر بۆ چەند پاڵەوانێکی ناو چیرۆکەکە چەند گرێ یەک دەبەستێتەوە و ئەمەش لەزۆر ڕۆمانی نوێی جیهانی بەدی دەکرێ بۆ نموونە لە ڕۆمانەکانی جیمس جویسدا بەتایبەتی لە ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (یولیسیس)دا کە (چیرۆکەکە واخۆی نیشان دەدا کەوا هیچ گرێیەک و هیچ چوارچێوەیەکی دیاری کراوی نەبێت)[25]. جا نووسەر بۆ هەر پاڵەوانێک چیرۆکێک دەخوڵقێنێ و لەمەشدا گەلێک جار پشت بەبەکارهێنانی شەپۆلی هۆش دەبەستێ کاتێ دەمان گەڕێنێتەوە بۆ ژیانی ڕابردووی پاڵەوانەکانی بۆ نموونە لەبەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا لاپەڕە (١٨) کاتێک میمکە قسە لەگەڵ خاوەر دەکا نووسەر بەشێوەی مەنەلۆجی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ لەناو بیرکردنەوەی خاوەر نووسەر بەسەرهاتەکەی کەریمی مێردی دەگێڕێتەوە کە پێشتر قسەی لێوە نەکراوە و پێشکەشمان دەکا هەروەک دەبینین (لە بەکارهێنانی مەنەلۆجی ناوەوەی ناڕاستەوخۆ نووسەر شتێک دەگێڕێتەوە کە قسەی لێوە نەکرابێ، و پێشکەشی دەکا هەروەک لە هۆشی کەسێکی ترا هاتبێ بەمەش جیاوازی هەیە لەگەڵ مەنەلۆجی ناوەوەی ڕاستەوخۆ بەبەشداركردنی نووسەر لەنێوان بیری کەسەکەو خوێنەرا...)[26].

جا دەبینین جارجارەش نووسەر مەنەلۆجی ناوەوەی ڕاستەوخۆ بەکاردەهێنێ بۆ نموونە لە بەشی یەکەمدا لاپەڕە (٦) کاتێ سابیری حەماڵ لەسەر جێگاکەی خۆیەوە خەیاڵ بۆ ڕابردووی دەباتەوە و(هەست بە بەشداربوونی نووسەر ناکرێت و داناندرێت کەوا گوێگرێک هەبێت ئەم جۆرەش «دوجاردی» لە پێناسەکردنیدا گرنگی پێ داوە. جا بەڕێ نیشاندەریەکانی بەدیار دەکەوێ کە خۆی بە بەکارهێنانی (وای وت)و (بەم جۆرە بیری کردەوە) هەروەک چۆن بە قسە لێکردنە ڕونکردنەوەکانیدا دەبینرێ)[27].. جا حسێن



عارفیش لەوێدا پێمان دەڵێ لە دڵی خۆیدا وتی. جا دەبینین بەکارهێنانی مەنەلۆجی ناوەوەش لە ڕۆمانی شاردا دەبینرێ بۆ نموونە لە لاپەڕە (٣٥٥)ی ڕۆمانەکەدا کاتێ گەلاوێژ لەگەڵ خۆیا دەدوێ لە ڕێگایدا بەرەو ماڵی وەهابی خاڵی یاخود لە لاپەڕە (٣٥٧)دا کاتێ مریەم لەگەڵ خۆیا دەدوێ. هەروەها دەبینین هەر لە بەشی یەکەمدا نووسەر ئێستا و ڕابردوو تێکەڵ یەک دەکاو دەڵێ: (تا ئێستاش وەک دوێنێ ڕووی دابێ، لەبەر چاوێتی کە چۆن بەپیریەوە هات و باوەشی پێدا کرد. چۆن ئەم لاو ئەولای ماچ کرد و بەڕوویەکی گەش و خۆشەوە بەرەو ژوورو هەیوانەکەیان بردی...)[28]. جا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر گێڕانەوەکە یاخود چیرۆکەکە و بەکارهێنانی چەندیەتی ئسلوب کە سیفەتێکی ڕۆمانەکەیە، گەڕانی «ڕاوی» کە نووسەر خۆی تیادا دەبینێ لەیەک جێگاو یەک کەسدا بۆ جێگای تر و کەسانی جیاواز ئەم ئسلوبە کە بەمۆنتاجی شوێن ناو دەبرێ (کە پێشتر باسمان لێوە کرد) کەوا سارتەر لە (بەئەنجام نەگەیاندن - وقف التنفیذدا) بەکاری هێناوە کەوا لە گواستنەوەی جێگا پێک دێ، لەگەڵ مانەوەی کات بە نەگۆڕاوی)[29].

لەمەشدا ئاگاداری و هونەرمەندی کاک (حسێن عارف)مان بۆ بەدیاردەکەوێ لە بەکارهێنانی تەکنیک لە چیرۆکدا. جا پێویست ناکا لە بارەی تەکنیکەوە زیاتری لەسەر برۆین و بۆ هەر بەکارهێنانێک چەند نموونەیەک بهێنینەوە ئەوسا خۆی لە خۆیدا پێویست بە کتێبێک دەکا تا بتوانین هەرچیمان بوێ بتوانین و ماوەمان هەبێ دەری بڕین نەخوازەڵا ڕۆمانەکە هێشتا پڕیەتی لە وردەکاری بەخۆیەوە هەڵدەگرێ زیاتری لەسەر برۆین.

ج - زمان:

زمان ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە هەر داڕشتنێکی ئەدەبیدا چونکە زمان یەکێکە لە بناغە گرنگەکانی هەموو چەشنە نووسینێک بەگشتی و ڕۆمانیش بەتایبەتی چونکە ئەو خوێنەرەی ڕۆمانێک دەخوێنێتەوە بێ گومان کاتێکی زۆری دەوێ بۆ خوێندنەوەی جا ئەگەر ئەو نووسەرە زمانەکەی پاراو و بێ گرێ و سادە و چڕ بێ ئەوا زیاتر وا لە خوێنەر دەکا خولیای خوێندەنەوەی کارەکە بێ، کێ هەیە لەئێمە مانان حەز لە ڕۆمانە وەرگێڕدراوەکانی یەشار کەمال نەکات کاتێ مەلا شوکور مستەفا دەیانکا بەکوردی (بەڵام کە ئەکرێن بە کوردی، هەستێکی وا ناکەیت ئەمە لە زمانێکی ترەوە وەرگێڕابن، کە بێ گومان ئەمەش مایەی سەرنجدانێکی قووڵە، لە مەسەلەی ڕاستگۆیی و ڕەسەنایەتی لە ئەدەبدا)[30]. بەهەر حاڵ زمان کلیلی دەرگای هەموو نووسراوێکی ئەدەبییە، دکتۆر عبدالرحمن یاغی لەم

بارەیەوە دەڵێت (ئەدەب دووبارەکردنەوەی دارشتنی ژیانەو خاسیەتەکانی ژیان هەڵدەگرێ، بەڵام قووڵاییەکی ژیانی نوێی بەبەرا هەڵدەبڕێ) ئەم دووبارە کردنەوەی ژیانەش پێویستی بە مامەڵەکردنە لەگەڵ دار دەستەی نووسراوی ئەدەبیدا کە زمانە)[٣١]. جا بابزانین حسێن عارف لە ڕۆمانی شاردا چۆن مامەڵە لەگەڵ زماندا دەکات؟

شار بناغەیەکی زمانەوانی وای هەیە کە پشت بە ڕستەی ساکاری بنیات نراودا دەبەستێ کە خوێنەر بە ئاسانی تێی دەگات هەرچەندە جار جارە دەگەڕێتەوە سەر کۆمەڵێک وشەی ناوچەگەری و لە زمانی ئەدەبی یەکگرتوی کوردیدا دوور دەکەوێتەوە کە بێ گومان گەلێک وشە تا ئێستا بەداخەوە بەهەڵە بەکاردەهێنرێن لە کۆمەڵی کوردەواریماندا ئەمیش کاریگەری زمانی گەلانی دراوسێمانن ئەگەر چی گەلێک جار باسی ئەم کێشەو گرفتانە کراون لەلایەن گەلێک نووسەرو ڕۆشنبیرانمان جا دەبوایە نووسەر خۆی لێیان ڕزگار بکردایە چونکە ئێستا نووسینی کوردی هەنگاوێکی چاکی ناوە بۆ ڕزگار بوون لە وشەی بێگانە بۆ نموونە نووسەر دەیتوانی لەجیاتی ئەم وشانەی خوارەوە وشەیەکی تری کوردی پڕ بەپێستی خۆی دابنایە هەروەک: (ساکن، وەزع، فەزیعەت، حکوومەت، مەسرەف، بەحیرسەوە، مەغزا، سنفی شەش، بەخارجی ئیمتحان دەدەیت، ئیرمی، قەسر، فولکە، جەراعەت کردن، تاقیب کردن، لە حزووری، تەهلووکە، سەددە).

دەبینین لە هەندێک شوێندا پاشەو پێش کەوتنی وشە لەڕستەدا بەدی دەکرێ بۆ نموونە:

* نازانم کوێ کەوتووەو چی بەسەر هاتووە (لاپەڕە ١٥٦) ڕاستییەکەی: نازانم کەوتۆتە کوێ و چی بەسەر هاتووە.
* لە پۆلیسخانەش ئەفسەرێکی لاوی ڕۆشنبیری بوو بەتووشەوە (لاپەڕە ١٠٩) ڕاستییەکەی: لە پۆلیسخانەشدا تووشی ئەفسەرێکی لاوی ڕۆشنبیر بوو.
* باوەشی کرد بە ملی دا و... (لاپەڕە ١١١) ڕاستیەکەی: باوەشی بە ملی دا کردو...

جا ئەم پاشەو پێش کردنی وشەیە کاری جیمس جویمان بیردەخاتەوە کە ڕەخنەگرەکانی لە ڕاستی ڕۆمانە بەناوبانگەکەیدا (یولسیس) بوون بە دوو بەشەوە (هەندێکیان هێرشیان دەبردە سەر بەوەی کە (گێژاوێکی زمانەوانی یە) و لێکچڕاوە لە شێوەداو (کورتی هەیە لە دارشتنی ئەدەبیدا)و هەندێکیانیش پیایاندا هەڵدەدا بەوەی (گەنجینەی سەدەی بیستەمە)و شۆڕشێکە بەسەر (وشە)دا[٣٢]... جا دەبینین جیمس جویس هەوڵ دەدا بۆ دووبارەکردنەوەی دارشتنی وشەی تەنها بۆ خستنەوە بەری ئەو گیانەی کە ونی کردووە، هەوڵ بۆ وشەی فەرامۆش کراو دەدا لە چەرخی ئەلیزابێسی کەوا بە دەوڵەمەندی و ئیحا



ناسراوە، هیچ دوودڵیش لەتێکدانی یاساکانی شیکردنەوە (الاعراب)دا، دەبینین ئاوەڵناو دەگۆڕێ بە فرمان وە ناو دەگۆڕێ بە فرمان وە ئاوەڵکار دەگۆڕێ بە فرمان، وە ناچار بووە بە گۆڕینی پێکهێنانی زمانەوانی بەرچاو (المألوف) بەتایبەتی لە (فینیجانزوک)دا کاتێ ڕووی کردە ڕێگای داتاشینی هەڵێنجراو)[٣٣].. جا ڕەنگە ئەم پاشەو پێش کردنی ڕستە لەشاردا و لادانی نووسەر لە زمانی نووسین بەکارهێنراو و گۆڕینی وشە لە ڕۆمانەکەیدا شوێن پێ هەڵگرتنی چیرۆک نووسمان بێت بۆ ڕۆماننووسێکی وەک جیمس جویس و شۆڕش و بەرپاکردنی نووسەر بێت بۆ سەر وشەش کوردیمان و بەکارهێنانی وشەی نوێ بێت لە ڕێزماندا بۆ نموونە دەبینین لە کوردەواریماندا باش چاوەش بەکاردەهێنرێ کەچی نووسەر کردوویە بە (بارچاوەش) وە وشەی (ناهەموار) کردوویە بە (ناهوار)و(دیوەخان) بووە بە(دیواخان) و... تاد. بەڕای من ئەم گۆڕینەی وشەی (نووسەر) کاتێک ڕاست دەبوو کە بیتوانیبایە گۆڕانێک بەسەر ئەم وشانەدا بهێنێ کە تا ئێستا بە هەڵە لای ئێمە بەکاردەهێنرێ و تا ئێستا بە هەڵە کەووتوینەتە دوای وشەی جوانی پڕ بەپێستی خۆی لەجیاتی بەکارهێنابان جا ڕەنگە ئەم وشانە لە لەهجەکانی تری کوردیماندا دەست بکەون و وشەی جوانیان تیا هەبێ بۆ نموونە دەیتوانی وشەی تولف کە لە کوردەواری بەهەڵە بە مناڵ دەوترێ نووسەر ڕاستی بکردایەتەوە و بەکاری نەهێنابایە و بەزمانی پاڵەوانەکانی دووبارەی نەکردبایەوە لەجیاتی ئەم وشەیە مناڵی بەکارهێنابایە یاخود وشەی زارۆک یاخود لەجیاتی وشەی عەزێتە وشەی ئەزیەتەی بەکارهێنابایە کە وشەیەکی لەو جوانتر یاخود ئەم وشە عەرەبییانەی کە پێشتر باسمان کردن دەیتوانی گەلێ وشەی زمانی خۆمان هەن بیتوانیایە بیان دۆزێتەوە و لەجیاتی ئەوان دایبنانایە خۆ فۆلکلۆری کوردیمان پڕن لەم وشە جوان و ڕەسەنانە بۆ نموونە لەجیاتی وشەی (سەددە) دەیتوانی وشەی (بەربەست)ی دابنایە یا لەجیاتی وشەی (مەسرەف) دەیتوانی بڵێ (خەرجی)... تاد.

دەبینین نووسەر هەندێک جار وشەی ناوچەی سولەیمانی بەکاردەهێنێ کە چۆن وشەکە دەردەبڕێ ئاوەهاش دەینووسێتەوە بێ ئەوەی ڕەچاوی چۆنیەتی نووسینی ئەم وشانە بکا لە ڕێزمانی کوردیدا هەروەک وشەی (مەجی، قاراغا، مەیانی، ...تاد). کە دەبوایە لەکاتی نووسینا شێوە نووسینی تەواوی بنووسیبایە وەک (مەجید، قادر ئاغا، مەیدانی...تاد)، (بێ گومان ڕێگە لەکەس ناگیرێ بەپێی ئارەزووی خۆی ئەو ڕەنگانە بگۆڕێ، بەڵام هیچ یەکەێک لەو چەشنە شێواندنە نابێ لە نووسین و زمانی ئەدەبیدا، ڕەنگ بداتەوە و ڕاست وایە شێوەی ڕەسەنیان بنووسرێ)[٣٤]..

## • دوا وته:

له کۆتاییدا دەبێ بڵێم دوای خوێندنەوەی ڕۆمانی شاری حسێن عارف کۆمەڵە پرسیارێک خۆیان هێنایە پێش بۆیە هەروەک مەحمود زامدار دەڵێم (چونکە ڕۆمان و مرۆڤ یەک شتن.. مرۆڤیش بەم هەموو ڕازو سکاڵا و نهێنییانەی و بەهەموو خەون و تاسەو ژان و هەژانەی.. بەم هەموو سەودا سەری و نامۆیی و نیگەرانییەی... نیگەرانی گەردوونی و فیکری و فەلسەفی و دەروونی خۆیەوە..! هێشتا کەڵە نووسەرانی ئەم هونەرە بەرزە، ڕێزیان لە ڕێزی کەڵەپێشەواکاندایە...! ئەم ڕاستییە و گەلێ ڕاستی تریش لەم بارەیەوە هەیەو هەموو ئەیزانن!! ئێ ئەی کەواتە! ڕۆمانی ئێمە لە کوێ و لەچی دایە؟ ئایا کۆمەڵی کوردەواری و ژانی هەڵچووی مرۆڤی سەر بە شارستانیەتی ڕاچەنیوی کورد لەچی دایە؟ ئایا ئێستا وەختی سەرهەڵدانی ڕۆماننووسێن هاتووە یا دەمێکە سەرەتاتکێ ئەکا..؟ ئەو ڕۆمانانە چێن؟ نووسەرەکانیان کێن؟ سەر بە چ فیکر و ئایدۆلۆژیایەکن؟ هونەرمەندی تەواون یا هونەرمەندۆکەو یا کەفوکوڵی هونەرمەندانەو بەس؟... ئایا ئێمە هەر بەقسە ڕۆمانمان هەیە.. یا بەڕاستی هەمانەو گەلێ هۆی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ لە سەرەڕێیدا بووە بە مۆتەکەو شمڵی شەڕ..؟ ئایا ئەو دوو سێ ڕۆمانۆکە یا چیرۆکە درێژەی هەمانە ئەتوانێن ناوی ڕۆمانی ڕاستەقینەیان لێ بنێین و خۆمانیان پێوە ڕانێن..؟[٣٥]..

جا دەتوانم بڵێم حسێن عارف لەم ڕۆمانەیدا توانیویە سوود لە یادداشتەکانی خۆی وەربگرێ و لە چوارچێوەیەکی هونەری و تێکەڵ کردنی چەند کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و مێژووییدا تێک هەڵکێشان بکاو ئەم بەرهەمەی لێ بێنێتە کایەوە کە دەتوانێن بە ڕۆمانێکی مێژوویی لەقەڵەمی بدەین ئەگەر بەشی یەکەمی لێ دابڕین کە خوێنەر وا هەست دەکا بۆ خۆی چیرۆکێکی تایبەتییە بەهەر حاڵ نووسەر توانیویە ئەسپی خۆی لە بواری نووسینی ڕۆمانی کوردیدا تاو بداو ڕێ بۆ نووسەرانی تریشمان خۆش بکات خەریکی نووسینی ڕۆمان بن ڕەنگە گەلێک لە چیرۆکنووسەکانیشمان پێش حسێن عارف خەریکی نووسینی ڕۆمان بوونەو ڕۆمانیان نووسیبێ بەڵام ئەوە ڕێگای ئەوەمان لێ ناگرێ داخوازی بەرفرەوانی و گەشکردنی ئاسۆی ڕۆماننووسینی کوردی بکەین چونکە وەک دکتۆر ئیحسان وتەنی (دەمانەوێ چیرۆکنووسەکانمان سوود لە میراتی دێرینەمان وەربگرن. ڕووداوەکانی سەردەم نیگارگێش بکەن. لە چوارچێوەی شێوازێکی ڕەسەن و زمانێکی ڕەوان و هەنگاوی پێشکەوتوو و شارەزایانەدا. دەمانەوێ چیرۆکنووسەکانمان سەوداسەری



ئەندێشەکانیان بن، خۆیان بخۆنەوە و عارەق بڕێژن و ڕۆشنبیری سەردەم بچنن و سوود لە میراتی جیهانی وەربگرن)[٣٦].

له کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم لەم باسەدا لە چوارچێوەی ڕەخنەی ئەکادیمییانەو سوودبەخش نەچووبمە دەرەوە بێ گومان ڕەخنەش شان بەشانی هەر نووسینێکی ئەدەبی ئەوا کارێکی سوود بەخش و لە ڕاژەی دەوڵەمەند کردنی ڕەخنەی ئەدەبی کوردیمانە، نەخوازەڵا کەسانی تریش هەریەکە لە ڕاستی خۆیەوە باری سەرنجی خۆی بخاتە ڕوو ودەمەتەقێی چاکیشی بۆ بڕەخسێ ئەوە دەها زیاتر نووسەرو نووسینەکەشی بە خوێنەرانی ئازیز ئاشناتر دەبن و ئەدەبی کوردیشمان هەنگاوێک زیاتر بەرەو پێشەوە دەنێ و گەشەدارتر دەبێ.

پەراوێزەکان:

١- دکتور عزالدين مصطفى رسول، الواقعية فی الادب الكردي، ل٢٩٧.

٢- گەلێک جار ڕۆژنامەو گۆڤارە کوردیەکان ژمارەی تایبەتیان لەسەر چیرۆک و شانۆو شیعر تەرخان کردووە هەروەک ڕۆژنامەی هاوکاری و گۆڤاری بەیان، بەڵام لەبەر دەگمەنی ڕۆمانی کوردی هیچ ژمارەیەک لەم بارەیەوە تەرخان نەکراوە هەروەک گۆڤارەکانی بێگانەو عەرەبییەکانی وەک (الاقلام)و(الثقافة الاجنبية)...تاد.

٣- بێ گومان دەمەتەقێی ئەدەبی لەسەر هەر بابەتێکا کارێکی بەنرخ و پێویستە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکانا کێ هەیە نکۆڵی لەم دەمەتەقێیەی کاتی خۆی بکا کە دڵشاد مەریوانی لەسەر هێمنی شاعیری نووسی لە ڕۆژنامەی (هاوکاری)دا، یاخود ئەو دەمەتەقێیەی لەسەر هەڵمەتی شاعیر نووسرا لە گۆڤاری (بەیان) لەلایەن ئازاد عەبدولواحید و دەمەتەقێی ساڵانی حەفتاکان لەنێوان کەمال غەمبار و پەشێو لە گۆڤاری (الثقافة)، کە کۆمەڵێک لە ڕەخنەگرو نووسەرانمان باری سەرنجی خۆیان دەربڕی و هەنگاوێکی باشیان برکرد لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی و دەیەها جۆرە نووسینی تری لەم بابەتانە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکانا هەریەکە بەش بەحاڵی خۆی شوێنێکی دیاریکراوی هەبووە.

٤- عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، ل٢٨.

٥- فؤاد دوارە، الفنان فی عصر العلم ومقالات اخرى، ل٢٢.

٦- د. عبدالملک مرتاض، مقال - الرواية ادبياً - مجلة الاقلام عدد خاص بالرواية - ژمارە ١٢،١١ تشرینی دوەم - کانونی یەکەم ساڵی ١٩٨٦، ل١٢٨.

٧- شێرزاد حەسەن، ڕۆژنامەی (العراق) - ژمارە ٣٣٠٩، ل٦.

٨- سامي محمد، الرواية وصنعة كتابة الرواية، موسوعة صغيرة، ل٤٢.

٩- شار، ل ١٤٩.

١٠- شار، ل١٩٧.
١١- شار، ل١٩٩.
١٢- دكتۆر كەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ل٢٢٥، دكتۆر لە پەراوێزی کتێبەکەیا دەستنیشانی ئەمەی کردووە، مەبەست لەم شۆڕشە شۆڕشی چواردەی تەمموزە.
١٣- د. عبدالملک مرتاض، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٨.
١٤- شار، ل٢٨٧.
١٥- شار، ل٢٨٦.
١٦- شار، ل٢٩٥.
١٧- شار، ل٣١٣.
١٨- عبدالواحد محمد، الرواية الحديثة، ل٢٩.
١٩- عبالستار جواد، صنعة الرواية، ل٥٦.
٢٠- دكتور طه محمود طه، موسوعة جيمس جويس، ل٢٤٤.
٢١- الدكتور محمد الربيعي، تيار الوعي في الرواية الحديثة، ل٧٣.
٢٢- شار، ل٦.
٢٣- شار، ل١٣٦.
٢٤- شار، ل١٨٠.
٢٥- دكتور طه محمود طه، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٣.
٢٦- الدكتور محمد الربيعي، نفس المصدر السابق، ل٤٩.
٢٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.
٢٨- شار، ل١٧.
٢٩- شجاع العاني، مجله الاقلام نفس العدد السابق، ل١٨، مقال - تطور البناء وادواتة في الرواية العراقية.
٣٠- محمود زامدار، گۆڤاری (بەیان) ژمارە ٨٩ - ل٢٦ وتاری سەرجەمی بەرهەمەکانی یەشار کەمال.
٣١- عبداللّه رضوان، مجلة الاقلام، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٤- مقال/ العاشق: البطل النموذج.
٣٢- دكتور طه محمود طه، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٩.
٣٣- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٤٢.
٣٤- دكتۆر ئاوڕەحمانی حاجی مارف، گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق (دەستەی کورد) ل٥٣.



٣٥- محمود زامدار، گۆڤاری (بەیان) ژمارە ٩٠ ل٧٠- وتاری- چرپەیەک.
٣٦- دکتۆر ئیحسان فوئاد، پاشکۆی عیراق، ژمارە ٤٩، ل١٤.

سەرچاوەکان:

١- الدكتور عزالدين مصطفى رسول، الواقعية فى الادب الكردي، دار المكتبة المصرية- صيدا- بيروت.
٢- عەزیز گەردی، ئەدەب و ڕەخنە، چاپی یەکەم، بەغدا، ١٩٧٤- چاپخانەی (الحوادث).
٣- فؤاد دوارة، الفنان في عصر العلم ومقالات اخرى، وزارة الاعلام، زنجیرەی ٤١، دار الحرية للطباعة ١٩٧٧.
٤ - مجلة الاقلام، دوو ژمارەی ١١ -١٢، تشرینی دووەم - کانونی یەکەم - ١٩٨٦ ژمارەی تایبەتی، الرواية دراسات و نصوص.
٥- شێرزاد حەسەن، ڕۆمان و ڕەگەزەکانی، جريدة العراق - الثقافة الكردية، چوارشەممە ١٠ک ١، ١٩٨٦ ژمارە ٣٣٠٩.
٦- سامي محمد، ترجمة، الرواية وصنعة كتابة الرواية موسوعة صغيرة، ژمارة ٩٩، دار الجاحظ للنشر ايلول ١٩٨١ دار الحرية للطباعة.
٧- دکتور کەمال مەزهەر، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، بەشی یەکەم، چاپخانەی (الاديب البغدادية) بەغدا ١٩٨٥.
٨- پول ویست، گۆڕینی عەبدولواحید محمد، الرواية الحديثة، دار الرشيد للنشر، زنجیرەی (١٠٣) بەرگی یەکەم ١٩٨١.
٩- بیرسی لوبوک، گۆڕینی، عبدالستار جواد، صنعه الروايه، دار الرشيد للنشر زنجیرەی (١٠١)، ١٩٨١.
١٠- دكتور طه محمود طه، موسوعة جيمس جويس،الطباعة الاولي، دار القلم بيروت، ١٩٧٥، الناشر وكالة المطبوعات الكويت.
١١- روبرت همفري، گۆڕینی، الدكتور محمود الربيعي، تيار الوعي في الرواية الحديثة، دار المعارف بمصر ١٩٧٥.
١٢- محمود زامدار، گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٨٩)ی ئابی ١٩٨٣ ژمارە (٩٠)ی ئەیلولی ١٩٨٣.
١٣- دکتۆر ئیحسان فوئاد، پاشکۆی عیراق ژمارە (٤٩)ی ئاداری ١٩٨٣.

# میتا ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا
# (کاولاش)ی عەبدوڵڵا سەڕاج وەک نموونە

## پێشەکی

بێ گومان چیرۆکی کوردی لە دەیەی حەفتاکاندا خۆی لە شێوەو ناوەرۆکی ئاسایی جاران ڕزگار کردووەو وەک دەقی نوێ لە ئەدەبی کوردیدا تۆماری خۆی کردووە. بەڵام ڕۆمانی کوردی نەیتوانی شان بەشانی چیرۆک لە نوێبوونەوە بەشدار بێت. بەڵکو هەوڵی نووسینی ڕۆمانیش لەو ماوەیەدا تەنها تۆماری چەند ڕۆمانێکن و بەس.

بەڵام دوای ڕاپەڕین ڕۆماننووسانی کوردیش کەوتنە خۆو هەوڵی نوێکاری و بەکارهێنانی چەندان تکنیک و شێوازی نوێ و ئەزموونگەری و شکاندنی قاوغی کۆن و سوودوەرگرتن لە جۆرەها ڕەوتی نوێی دنیا بوو بەتۆمارو چاپکردنی چەندان دەقی هونەری و نوێ و جوان. بێ شک کاریگەرانی ڕۆمانی دنیا بوو بە هاندەرو ڕێگا خۆشکەرێک بۆ تۆماری نوێ و نوێتر، بەتایبەتیش ڕەنگدانەوە و کاریگەریی قوتابخانەی فەرەنسی نوێ (ئالان رۆب گرێ و کلۆدسیمون و میشێل بۆتۆر و هی تریش) هەروەها ڕۆماننووسانی ئەمریکای لاتین کە ڕیالیزمی سیحری و خەیاڵ و فانتازیا تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی ئەم ڕەوتەیەو لەوانەشە کاریگەریی (مارکیز بۆرخیس و ئەلیخوکاربنتێ و ئەستۆریاس و فۆینتس و خۆسێ سێلاو جۆرج ئەمادۆ و ماریۆ فارگاس لۆساو ئەلفانتی و ئەلفارۆ سامودیو و خۆلیۆ کورتاسارو...تاد). هەروەها کاریگەریی چەندان ڕۆماننووسی ڕێچکەشکێنی نوێی ئەوروپا وەک (کۆنتەرگراس)ی ئەڵمانی و (ئیتالۆ کالڤینۆ)ی ئیتاڵی و (فرجینا وولف) و (دیڤد لۆج)ی ئینگلیزی و (فۆنکەر)ی ئەمریکی و (ئەندرێ جید)و(یان کیفلیک)ی فەرەنسی و (میگڵ دلیبس)ی ئیسپانی و...تاد.

یا ڕەوتی ڕۆمانی میتافیزیکی وەک نووسەرانی (ئیرالڤین و ولیەم بیتەر بلانی)و هی تریش ڕابەرایەتی دەکەن.. یانیش کاریگەریی ڕەوتی ئەنتی ڕۆمان کە میلان کۆندێراو چەندان ڕۆماننووسی دیکە شێوەی نووسینی ڕۆمانیان گۆڕیوەو لەشێوەی بەلزاکی جاران تەواو دایانبڕیوە.. ئەمانە هەموو وایان کرد ڕۆماننووسی کوردیش بیر لە گۆڕان و تەکان و



خۆنوێکردنەوە بکەنەوە و زۆربەی ئەم شێوازو تەکنیکە نوێیانەی دنیا بۆ ناو ئەدەبی کوردی بگوازنەوە و شێوەی حیکایەتخوانی جێبهێڵن.

بەکارهێنانی خەیاڵ و فانتازیاش کە لەهەموو دنیادا پەسەندەو ڕۆماننووسی کوردیش وەک لایەنێکی نوێکردنەوە و فرێدانی بەرگی ڕیالیزمی و ڕزگار بوون لە فۆتۆکۆپی واقیع زیاتر پەسەندیان کردووە تێکەڵ بەتەکنیکە نوێکانی تری دنیایان کردو بوو بەبەشێک لە دەربڕین و گێڕانەوەی نوێ و نزیکبوونەوە لە خوێنەر.

یەکێک لەم شێوە نوێیانەش لەڕۆماندا (میتا ڕۆمان)ە کە شێوەیەکی نوێی گێڕانەوەیە بەخۆ ئاشکرا کردنی ڕۆماننووس لە خوێنەرو بەشداری کردنی لەدەقداو لە هەمان کاتیشدا ڕزگار بوونی ڕۆمانە لەهەموو سنوور و کۆت و بەندەکانی ئاسایی جاران، دوای ئەم هەموو کاریگەرییەو نوێبوونەوە و هەوڵە جیاجیاکان و حەزو خەمی نوێبوونەوە ئەم جۆرە ڕۆمانەش گەیشتۆتە ناو ئەدەبی کوردی و کەم تا زۆر تۆماری خۆی کردووە و بۆتە بەشێک لە نوێکاری لە تۆماری ڕۆمانی کوردیدا و ئێمەش لەم باسەماندا بایەخمان پێی داوە و بەبایەخەوە لێی دەدوێین، نموونەشمان ڕۆمانی (کاولاش)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)ە کە لەساڵی **١٩٩٧** چاپ و بڵاوکراوەتەوە.

لەم باسەماندا جگە لە پێشەکی بۆ چوار باس و ئەنجام دابەش کردووە. لەباسی یەکەمدا باسی (میتا ڕۆمان)مان کردووە وەک زاراوە و پێناسە ئەمەش بۆ ناساندنی زیاتری خوێنەرە بەتایبەتیش کە میتا ڕۆمان چ وەک زاراوەو چ وەک بابەت لە ئەدەبی کوردیدا باسکردنی نوێیە.

لەباسی دووەمدا باسی چەند نموونە و تاقیکردنەوەیەکمان کردووە لە ئەدەبی دنیادا.

لەباسی سێیەمدا باسی لایەنی هونەری (میتا ڕۆمان)مان کردووە، ئەمەش بۆ زانیاری و چوونە نێو باسەکەیە لەبارەی لایەنی هونەری و تەکنیک و شێوەو ناوەڕۆک و چۆنیەتی نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانانە، بە نموونەش باسی چەندان ڕۆمانی بەناوبانگی دنیامان کردووە کە بەم تەکنیکە نووسراون وێنەیان دیارو بەر چاوە. لەباسی چوارەمیشدا وەک لایەنی پراکتیکی لەبارەی ئەم جۆرە ڕۆمانەو ڕەنگدانەوەی لە ئەدەبی کوردیدا ڕۆمانی (کاولاش)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)مان کردووە بە نموونە و بەڵگەی بوونی ئەم جۆرە ڕۆمانە وەک یەکەم تۆماری (میتا ڕۆمان) لە ئەدەبی کوردیدا. لە کۆتاییشدا ئەنجامی باسەکەمان ڕوون کردۆتەوە و گەیشتووینەتە ئەم ئەنجامەی کە میتا ڕۆمان وەک تەکنیکێکی نوێی دنیا لە ئەدەبی کوردیدا نموونەی هەیەو ئەمەش هەنگاوێکی باشە بۆ بەدیارخستنی هەموو

لایەنەکانی هونەری ڕۆمانی کوردی و پەردە هەڵدانەوە لەسەر هەموو شێوازو تەکنیک و ڕەوتە نوێکانی ڕۆمانی کوردی و بەمەش ڕۆمانی کوردی زیاتر دەکەوێتە ژێر بلاژکتۆری ڕەخنەو لێکۆڵینەوە و هەموو دەقە نوێیاوەکان دەکەونە ناو تۆماری ئەدەبی زیندووی کوردی.

## • میتا ڕۆمان وەک زاراوە و پێناسە:

میتا ڕۆمان کە بەرامبەرەکەی بە زمانی عەرەبی (ما وراء الروایة)ی پێدەڵێین لە دنیادا هونەرێکی نوێیە، لە بواری ڕۆماننووسیندا کە وەک لە ناوەکەشیەوە دیارە ڕەتدانێکە لە ڕۆمانی ئاسایی و جۆرێکی دیکەی نووسینی ڕۆمانە، بەڵام لەوانەیە خوێنەر بەمانای ئەم دیوی ڕۆمان وەری بگرێت، بەتایبەتیش کە زاراوەکە بە عارەبی وا لە خوێنەر دەگەیەنێ و سەرنجی بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە مانای جێهێشتن شتێکەو ئەوەی پێشتر بوونی نامێنێ و بوار بۆ جێگرەوەیەکی تر جێدەهێڵێ، یا مانای شتێکی دیکە بگەیەنێت کە ڕۆمان نەبێت، بەڵکو نووسینی دەقێکی تر بێت، بەتایبەتیش لەم ساڵانەی دواییدا لە چەندان نووسینی ڕەخنەیی گەورەدا نووسەرانی دنیا باسی مردنی یان نەمانی ڕۆمان دەکەن، بەم مانایەی کە ئیتر بەلای ئەوان سەردەمی ڕۆمان بەسەرچووە و پێویستە بیر لە هونەرێکی تر یان جۆرە نووسینێکی تر بکرێتەوە «وەک ئەو لێکۆڵینەوە بەچێژەی (مالکۆم برادبری) ڕەخنەگر لەژێر ناونیشانی (نووسەر و ڕەخنەگر) نووسیویەتی و دەگاتە ئەو ڕایەی کە ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی لە حاڵەتی سەرەمەرگدایە. هەروەها ئەم لێتوێژینەوەی کە شایانی باسکردنە لەلایەن (لیزلی میندلر) بەناونیشانی (مردنی ڕۆمان چی دەگەیەنێ؟ نووسراوە بەڵگەکانی هاتنەدی ئەم پێشینەیەی نووسەریش بۆ حاڵەتی لێکهەڵوەشانەوەو ڕزینی جەستەی ڕۆمانەکەدا دەخورێت یان جۆرەکانی دیکەی وەک (چیرۆکی خەیاڵی زانستی) و(چیرۆکی منداڵان)و (کورتە چیرۆک)و (ڕۆمان ڕەواجەکان)و (ڕۆمانە هەرزان بەهاکان) ڕوو بەڕووی دەبنەوە».[١]

(جیرمی هۆرسۆن) لەکتێبی (دەروازەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆمان) لەکاتی پۆلێنکردنی جۆرەکانی ڕۆماندا کە دێتە سەر باسی (میتا ڕۆمان) بەم جۆرە باسی دەکات و دەڵێ: «مەبەست لە میتا ڕۆمان لەڕوی مانای وشەوە ئەوا (ڕۆمان لەبارەی ڕۆمانە) یا (ڕۆمانێک بەشێوەی ڕاڤەکردنی هونەری ڕۆمان) ئەمەش بەجۆرێک لە ڕۆمان یا کورتە چیرۆک دەگوترێ کە بەشێوەیەکی مەبەستدار خەیاڵی گێڕانەوە ناهێڵێ تا بەشێوەیەکی



ڕاستەوخۆ پەیوەست بێت بە سروشتە خەیاڵییە تایبەتییەکەی یا بەپرۆسەی داڕشتنی ڕۆماننووسینەکەی. (لۆرانس ستێرن)یش بەباوکی ئەم جۆرە ڕۆمانە دادەنرێت لە بەریتانیادا، چونکە دەبینین لەڕۆمانی (تریسترام شاندی ١٧٦٠-١٧٦٧)دا چیرۆک بێژ گاڵتە لەگەڵ خوێنەردا دەکاو بەشێوەی جیا جیا دەیدوێنێ، وەک ئەوەی پێی بڵێ: چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆمانەکە هەڵبدەرەوە تا جارێکی تر بڕگەیەک بخوێنیتەوە، وەک نیشاندانیش باشترین نموونەی هاوچەرخ بۆ ئەم جۆرە ڕۆمانە بێ شک ڕۆمانی (دۆستی ئەفسەری فەرەنسی)ی (جۆن فاولز)ە کە لە ساڵی (١٩٦٩)دا نووسراوە».[٢]

ئەگەرچی ئەم جۆرە ڕۆمانە لەلای زۆرینەی نووسەران یا ڕەخنەگرانەوە بە میتاڕۆمان ناوزەد کراوە، بەڵام دەبینین ناولێنانی دیکەش بەخۆیەوە دەبینێ وەک «جۆن بارت ئەم جۆرە نووسینانە بە (ئەدەبی تەواو بوون) ناودەبات بەسەرنجڕاکێشانی بۆ هەڵوەشاوەیی پێچەوانە کرداری، بەڵام ڕیمۆند فیدرمان ناوی لێناوە (ڕۆمانی سریالی) بەگرێدانیەوە بەم بیرۆکە سریالییە کە دەبێژێ ژیان خۆی بریتییە لە ڕۆمانێک. لەکاتێکدا ڕۆبرت شولز زاراوەی (بەخورافی بوون) بەپەسەندتر دەزانێ بەتەئکیدکردنی تێکەڵاوبوونی لەگەڵ فێرکاری خورافەکاریدا، بەڵام ولیەم.هـ.گاس ئەرکی ئەم قوتابخانەیە لە لادان لە بێزاری گێڕانەوەدا کەمتر دەکاتەوە بۆیە بە (میتا ڕۆمان) ناوی هێناوە».[٣]

(میتا ڕۆمان) وەک زاراوەو نووسین ئەگەرچی لەئەدەبی دنیادا مێژوویەکی کۆنی نییە، بەڵام بەم زاراوەیە ناسراوە. بەڵام لە ئەدەبی کوردیدا وەک زاراوە نوێیە، خاوەنی ئەم باسە لە نووسینێکی بەناونیشانی (باڵندەکانی دەم باو هونەری میتا ڕۆمان)دا بەکوردی میتاڕۆمانی بەکارهێناوە، وەک یەکەم لێدوان لەبارەی ئەم جۆرە ڕۆمانەو ئەم ڕۆمانەی (عەتا نەهایی) بەیەکەمین تۆماری ئەم جۆرە نووسینە داناوە لەکوردستانی ئێران داو (کاولاش)ی عەبدوڵڵا سەراجیش کە لەساڵی (١٩٩٧)دا نووسراوە و زۆر پێش ڕۆمانەکەی عەتا نەهایی نووسراوەو بڵاوکراوەتەوە لەم باسەدا لێی دەدوێین بەیەکەمین تۆماری میتاڕۆمان لەکوردستانی عێراق داناوە.[٤]

وەرگرتنی زاراوەی (میتاڕۆمان)یش لەبری (ماوراء الروایة)ی عارەبی وەرگرتنی (میتا)ی ئینگلیزییەوە لەبری (ماوراء)ی عارەبی چونکە کە (ماوراء الروایة) بکرێتە کوردی دەبێ بنووسرێ دوای ڕۆمان یا ئەم دیوی ڕۆمان ئەمەش بەڕای من پڕبەپێستی خۆی مانای تەواو دەلالەت و مەبەستی خۆی ناپێکێ، بۆیە دانانی (میتاڕۆمان) زیاتر مانای هونەری خۆی بەدیار دەخات.

## • میتاڕۆمان لە ئەدەبی جیهانیدا:

ئەگەرچی ئەم جۆرە ڕۆمانە مێژوویەکی درێژی نییە بەڵام لەگەڵ ئەمەش نووسەرانی لە هەموو دنیادا هەن و تەواو بڵاوبۆتەوەو (ڕۆماننووسەکانی بەچەندان کەسایەتی دیار دەناسرێتەوە وەک (جۆن هۆکس)و (ولیام گادس)و (فلادمیر نابوکۆف). بەڵام کاتێ کە (جۆن بارت)و (ولیەم گادس)و (تۆماس بینشتۆن) یەکتریان گرتەوە، بزووتنەوەیەک دروست بوو کەئەمەش یەکێک بوو لەم بزووتنەوە بایەخدارانەی دنیای هاوچەرخ. دوای ئەمەش ڕۆماننووسانی پلە سێ هاتنە ناو بزووتنەوەکە وەک: دۆناڵد بارسیلم و کێرت فونگت و ڕتشارد بروتیگان و تۆماس ماکوین و کلبرت سورنتینو و هەروەها ڕۆناڵد سوکینک و هی تریشش». (٥) نموونەی هەرە دیاریش لەم بوارەدا زۆرن لەبارەی سروشتی گێڕانەوەو گۆڕان و بەکارهێنانی چیرۆک لەناو چیرۆک ئەمەش بۆ نموونە لەلای (ئەندرێ جید)دا لە ڕۆمانی (ساختەکارانی پارە)دا دەیدۆزینەوە کە «بەباشترین ڕۆمان دادەنرێت کە لەبارەی ڕۆماننووسینەوە نووسرابێت هەر لەوکاتەدا کە ڕۆمانی (ترسترام شاندی)ی (ستێرن) بەدیارکەوتووە. کە بەرهەم هێنانێکی چاکە بەڵام لەگەڵ ئەمەش ساردییەکی پێوە دیارە، چونکە زیاتر تەئکید و پێ لەسەر لایەنی هونەری داگیراوە لەگەڵ هەموو توانایەکی (جید) لەتەواو ڕەنگدانەوەی ئاستە جیاوازەکانی واقیعدا..». (٦)

ئەندرێ جید لەگەڵ ئەمەش کە مەبەستی بووە لە ڕۆژگاری خۆیدا ڕۆمانێکی نوێی هونەری بەرهەم بهێنێت کە پێش خۆی نەنووسرابێ بەتایبەتیش لەڕووی شێوە خوازییەوە توانی هونەری چیرۆک لەناو چیرۆک بەرهەم بێنێ کە ئەمیش ڕێگایەکە لەلادان لەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی و شێوازی هونەری میتاڕۆمان کە دەنگی ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا دەناسرێتەوە، بۆیە «کتابێکی بەچێژ و بایەخدار و ڕووناکبەخشمان پێ دەبەخشێ، چونکە ڕۆمانێکی ڕەخنەیی یا ڕەخنەیەکی ڕۆمانمان دەخاتە بەردەست کە لەگەڵ (ڕۆژانەی ساختەکارانەی پارە)دایە کە نووسەر کێشەو گومان و چارەسەرییەکانی کە لێشی تەئکید نییە دەخاتە ناو ڕۆمانەکەوەو لەکاتی داڕشتنی ئەوکاتەی بە ڕۆمانەکەیەوە خەریک بووە توانیویەتی بیاننووسێ..». (٧) ڕۆماننووس لەم جۆرە ڕۆمانەدا چیرۆکبێژەکە هەر خۆیەتی کە جارجارە خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و باسی جۆری تەکنیکەکەی یا بیرۆکەکەی لەگەڵدا دەکات و پرسی پێدەکات وادەکات خوێنەریش بەشدارێکی دیکەی دەقەکە بێت و ئەمەش وادەکات ڕەزامەندی خوێنەرەکە لەدەقەکەدا دەستەبەر بکات جیا لە خەیاڵی



ڕۆماننووسینەکەی کە دەیدات بە خوێنەرەکە، بەڵام هێندێک جار بەقسەی ناکات و بێ ویستی ئەو چیرۆکەکەی دەگێڕێتەوە «هەندێک جاریش چیرۆک بێژەکە بەشێوەیەکی دوورو درێژ باسی باسەکانی خۆی دەکات لەبارەی تەکنیک یانیش دەپرسێ ئاخۆ گونجاوە ئەم ڕێگا یائەوەی دیکەیان بەکاربێنێت، وەک چۆن (کلۆد مورپاک) لە ڕۆمانەکەیدا (گەورەکردن) بەکاری هێناوە کاتێ کە لەبارەی مۆنۆلۆژی ناوەوە و کەسایەتییەکانی پرسیار لە خوێنەر دەکات.. بۆچی ئەم تەکنیکە بۆ ڕۆمانەکەم هەڵنەبژێرم: تەکنیکی خۆ دواندن؟ ئەوەیان مۆنۆلۆژی ناوەوەیە بەگشت مانایەکەوە، ئەمەش دۆزینەوەیەکی خراپ نییە. لە قەراغە دوورەکانی دەریاوە دەست پێدەکەم لەگەڵ مۆنۆلۆژی ناوەوەدا، چی ڕوودەدات ئەگەر کەسایەتیە لاوەکییەکان لابدەم وەک چۆن پیرەکانم لادان؟...تاد.». (٨)

هونەری میتاڕۆمان لە ڕۆمانی نوێی دنیادا پانتاییەکی چاکی وەبەردەکەوێ بەتایبەتیش لای نووسەرانی ڕێبازی نوێی ڕۆمانی فەڕەنسی وەک ئالان ڕۆب گری و کلۆد سیمۆن و ڕۆبێر بنجێ و کلۆد ئۆلییە و میشێل بۆتۆرو ناتالی ساروت و هی تریش کە لەڕێگای یاریی نووسین و تەکنیکەوە هزر لە نموونەی وەرگیراو یا سواو و چەقبەستوو ڕزگار بکەن و بۆ ئەمەش سەربەستی نووسین و ئامانجی سەرەکییانە بۆ گەیشتن بە دروستکردنی خەیاڵ و فەزاو سەربەستی بیرو پچڕاندنی کۆتی ئاسایی جاران و دروستکردنی هونەری ڕۆمان.

«هەروەک (کلۆد سیمۆن) لەڕۆمانی (چیرۆک) دا لەناو گێڕانەوەدا پرسیارە گومانا وییەکانی ئاڕاستەی خوێنەر دەکات. یا (ڕوبیر بنجێ) لە ڕۆمانی (کەسێک)دا لەناو خۆدواندنەکانیدا پرسیار لە خۆی دەکات و وەڵامی خۆی دەداتەوە و باسی جۆرە نووسین و تەکنیکی ڕۆمانەکەی دەکات و خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات». (٩)

ئەم تەکنیکە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی (ئالان ڕۆب گرێ)دا بەکار هاتووە «بۆ نموونە لە ڕۆمانی (خانووی سەرەڕێی جێی ژوان)دا ئەم داڕێژانە زیاتر دووبارە دەبێتەوە کە لەگێڕانەوەدا بەهەموو ئاڵۆزییەکەوە خۆی ئاشکرا دەکات: (ئەم ڕووداوە پێشتر بەشێوەیەکی درێژتر وەسفی کراوە..)یا (ئەم بڕگەیە پێشتر باس کراوە، بۆیە دەتوانین بەخێرایی باسی بکەین و جێی بهێڵین..) یان هەندێ جار ئەرکی ئەو وەسفەی کە دەستی پێکردووە بۆ خوێنەری جێدەهێڵێت..تاد». (١٠) میتا ڕۆمان لە ئەدەبی دنیادا نموونەی زۆرەو ڕۆماننووسەکانیشی زۆرن، ڕەخنەگر و نووسەرانی ناوداریش باسیان لێی کردووەو

لێی دواون. بێ شک ئەم جۆرە نووسینەش بۆتە جۆرێک لە جۆرەکانی ڕۆمان، وەک هەموو جۆرەکانی دیکەش لایەنگرو نەیارانی هەیەو ناشتوانرێ وەک گێڕانەوەو باسێکی مێژوویی باسی سەرجەم نموونەکانی بکەین، بەڵام باسکردنی بەم کورتییە تەنیا لەڕووی ناساندنی بایەخیەوە بووە، کە بێ گومان بۆ خوێنەری کوردیش وەک بابەت نوێ و پێویستە.

## هۆنەری میتاڕۆمان:

بێ گومان هونەری میتاڕۆمان بەهەموو شێوازو جۆرەکانییەوە لە ئەوروپاو ئەمریکا و ئەمریکای لاتین و گەلێک شوێنی تریش دەمێکە بەرگی ئاسایی جارانی فڕێ داوە و بیر لە جێگرەوەشی کراوەتەوە چونکە جگە لە قوتابخانەی نوێی فەرەنسی، قوتابخانەی ئەنتی ڕۆمان ر میتاڕۆمانیش شان بەشانی چەندان جۆرە ڕۆمانی نوێی دیکەیش ڕۆمانیان بەرەو ئاقارێکی تر بردووە کە زۆر جیاوازە لە شێوەی گێڕانەوەی جاران چ لە ڕووی شێوەو چ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە. بۆیە بەلای نوێکارەکانەوە پێویست بووە ڕۆمان لە یاسای چەسپاو و دیاریکراوی (بەلزاکی) بگوازرێتەوە و تێکەڵ بەهونەر بکرێت و بۆ ئەمەش بەلای ئەوانەوە جۆری ئەدەبی هیچ سنوور و بەربەستێکی لەبەر دمدانییە هەروەک «ئالان ڕۆب گرێ لەم بارەیەوە ڕای وایە کە - ڕۆمانی نوێ - تەنیا بایەخ بە مرۆڤ و پێگەی دەدات لە دنیادا.. ئەمەش مانای وایە کە کەسایەتییەکانیش لە ڕۆماندا دەبێ شوێنی خۆیان بگرن. هەروەها خوێندنەوەش کە پێویستە خوێنەریش شوێنی دیاریکراو بێت... تاد (ڕۆب گرێ) دژی هەموو چەمکە چەسپاوەکان دەوەستێ بۆیە پێی وایە کە: ئەم شێوانەی یا ئەم جۆرانەی کە مرۆڤ دروستی دەکات دەتوانێ مانایەک بەدنیا ببەخشێ..».[١١]

ڕۆمان شان بەشانی مرۆڤ هەنگاو دەهاوێژێ و لێی جیانابێتەوە، لەبەرئەوەی ژیان لە نوێبوونەوەو بەردوەوامیدایە، بۆیە مرۆڤیش پێش دەکەوێ و ناوەستێ و پێویستە بەردەوام خۆی نوێبکاتەوە.. ئەم نوێبوونەوە وای کردووە قوتابخانەی ئەنتی یا دژە ڕۆمان دروست بێت و میتاڕۆمانیش هەر بەردەوامی ڕۆمان و ژیانە و نیشانەی ئەوپەڕی پەرەسەندنی هونەری ڕۆمانە چجای ئەوەی مەرگی ڕۆمانیش قوتابخانەیەکی دیکەیەو ڕێبازو لایەنگرانی خۆی هەیە هەروەک چۆن نووسەر و ڕەخنەگرانی خۆیشی هەیە کە ئەمە یاخیبوونێکی تەواوە لە سەرجەم بونیادی ڕۆمان وەک ژانرێکی ئەدەبی بۆ ئەوەی شتێکی تر جێگای بگرێتەوە وەک (میلان کۆندێرا) لە نووسینێکیدا بەناونیشانی (ئاخۆ ڕۆمان وازمان لێ دێنێ؟) دەڵێ: ماوەیەکی درێژە باسی کۆتایی ڕۆمان دەکەین،



ئایندەخوازییەکان و سریالییەکان و زۆربەی بزووتنەوە پێشڕەوەکان وای دەبینن کە ڕۆمان بەهۆی پێشکەوتن و پەرەسەندن ون دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی سوودمەندبوونی ئایندەیەکی نوێی تەواو بۆ مەبەستی هونەرێک کە وەک پێش خۆی نییە.. هەروەها ئەمەش دەبینین کە ڕۆمان بەناوی دادپەروەری مێژووییەوە لەگۆڕ دەنرێت بەتەواوی هەروەک کلۆڵی و چینە دەسەڵاتدارەکان و نموونەی کۆنی ئۆتۆمبیلەکان...».[١٢]

ڕۆمانی جاران بەهیچ شێوەیەک نەیدەتوانی لە کلێشە سواوەکان دەربازی بێت، لەگەڵ ئەمەش تۆماری خۆی کردووە، نوێبوونەوە بەردەوام بووە تا ڕۆمانی نوێ ئەم کلێشە سواوانە تێکدەشکێنێ و خۆی لە شێوەی ناوەڕۆکی جاران جیادەکاتەوە و لەگەڵ سەردەم نوێ دەبێتەوەو پێویستی ڕۆژگارو ئەقلیەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە داخوازی نوێبوونەوە دەکات، بەتایبەتی کە لەڕۆمانی نوێدا خوێنەریش بەشێکە لە بونیادی ڕۆمانەکەو بێ ئەو ناتەواو و ناجۆرە بۆیە «جۆری نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانەش وەک ڕۆمانی ئاسایی نییە، چونکە بەپێچەوانەی ڕۆمانی ئاسایی و ڕۆمانی شەپۆلی هۆش خوێنەری نووسینەکانی میتاڕۆمان لە بەرامبەر ئیشکالیەتێکی نوێ دادەنرێن، چونکە ڕۆماننووس بەمەبەستەوە بەشداری سەرسوڕمان و کەمی بێتوانایی دەکات، بەڵکو باری نووسەر تا ڕادەیەکی زۆر بەم ئەکتەرەی شانۆ دەچێ کە دەگەڵ دانیشتوان دەدوێ دەربارەی هەموو ئەم کاروبارانەی کە ناتوانێ درکیان پێ بکات. ئەوەی لەم بابەتەوەش گرنگە ئەوەیە کە میتاڕۆمان وا لە خوێنەر دەکات ئاگاداری هەموو ئەم شتانە بێت کە دەبن بە کێشە یا تەنگوچەڵەمە لای ڕۆماننووس..»[١٣]. خوێنەر کە ئەم جۆرە ڕۆمانە دەخوێنێتەوە هەست بەجیاوازی نووسین دەکات و لەگەڵ ڕۆمانی ئاسایی لێکیان جیا دەکاتەوە، بێ گومان هەست بەکەسایەتی نووسەریش دەکات. «ئەم جۆرە ڕۆمانە (ویلز) ناوی ناوە (چوارچێوەی تێکشکاوی دیارکەوتوو لە وێنەدا) بەشێوەیەک کە کردەی تەئلیفکردن دەخرێتە ناو ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە، هەروەها لەڕێگای تێکەڵکردنی ئاستەکانی واقیع و پشت بەستن بەکۆلاژو گێڕانەوە. ئەم نووسەرانەش ئاماژە بە پێناسەی گریمانەکراو بۆ ڕۆمان بەم جۆرە دەگێڕنەوە کە جیاوازییەکان لەسەرەوە و هەموو جۆرەکانی تری نووسین بسڕێتەوە. بەڵام هەموو ئەم ڕۆمانانە لە کاریگەرییەکەیدا مەبەستدارە بەلادان لەم پرەنسیپانەی کە دەبن بە بنچینەی باوی چیرۆک»[١٤].

دیارە نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانەش وەک شێوەی ئاسایی نییە، بەڵکو پێویستی بە نووسەری بەتواناو توانای هونەری هەیە کە بزانێ چۆن و لە چ کاتێکدا لەگەڵ خوێنەردا

دەدویَ و شــارەزای لایەنی هونەریش بیَت، ئەگــەرچی ئەم جــۆرە ڕۆمــانە لە هەمــوو بنچینەکانی چەسپاوی ڕۆمان دەترازیَ «وەک چۆن (جۆن هۆکس) وادەبینیَ کە نووسینی ڕۆمان بەم گریمانەیە کە دوژمنی ڕاستەقینەکانی: گریَچن و کەسایەتی و شویَن و بابەت و مرۆش لە ڕیَگای بیرکردنەوەی مەئلوف دوور دەکەویَتەوە بۆ ڕۆمانەکە، بەلاّم بەتەواوی دەمیَنیَتەوە بیَ شک سەرتاپاگیری ڕوانین و بنەمایەتی...»[١٥].

## • میتاڕۆمان لە ڕۆمانی (کاولاش)ی عەبدوڵلا سەراج دا:

بیَ گومان نووسەر لەم ڕۆمانەیدا لەڕووی شیَوەو ناوەڕۆکەوە لەشیَوەی ئاسایی جاران دوور کەوتۆتەوەو نویَکاری ئەنجام داوە، وەلیَ لەم باسەماندا تەنها مەبەستمانە باسی هونەری میتاڕۆمان بکەین، دەنا ڕۆمانەکە لەڕووی هونەرییەوە دەتوانریَ لە هەموو لایەنیَکەوە باسی لیَوە بکریَت، بەتایبەتی لەڕووی تەکنیک و شیَوازی نووسینی (عەبدوڵلا سەڕاج) خۆی کە زۆر حەزی لە نویَکاری و وردەکاری هونەرییەوە لە تەکنیک و شیَوازداو لە نووسینەکانیشیدا شیَوازیَکی تایبەتی خۆی هەیەو دەناسریَتەوە.. لەم ڕۆمانەیدا هونەری میتاڕۆمان لایەنیَکی گرنگی هونەری لەڕۆمانەکەدا داگیرکردووە، بۆنموونە هەر لەسەرەتای ڕۆمانەکەدا کە ڕۆماننووس وەک بەشیَکی ڕۆمانەکە بە (دەسپیَک) ناوی ناوەو بەشەکانیشی بەسەر پیتی جیاجیا دابەش کردووە، کە ئەمەش مەبەستدارەو مەدلوولاتی خۆی هەیە.. بیَ گومان هەر لەسەرەتای دەسپیَکردنی ڕۆمانەکەوە ڕۆماننووس خۆی لە خویَنەر ئاشکرا دەکات و دەیدویَنیَ و ئاگاداری دەکاتەوەو دوو جەمسەری هەڵبژاردنی بۆ جیَدەهیَلیَ و ئاگادارکردنەوەکەشی بەئاماژەی (ئالە گەڵ تۆمە، ئەی چی! تۆی خویَنەر و ئەز (هیوا)...) تەواو خویَنەر ئاگادار دەکاتەوە وەک زەنگلیَدانیَک دەیخاتە ناو ڕۆمانەکە و ناویَکیش بۆخۆی هەڵدەبژیَریَ کە دەیکاتە پاڵەوانی سەرەکی و چیرۆکبیَژی ڕۆمانەکە... وەک دەڵیَ ((لەگەڵ مردوودا وتوویَژ دەکریَ؟! بڕوام پیَ بکەی یان نا، من هەمیشە دەچمە سەر گڵکۆی دایکم و... دەیدویَنم، نیگەرانی و پەژارەی دەروونمی لەلا هەڵدەڕیَژم، ئەگەر شتیَکم لەمەڕ ڕووداوەکانی چیمەنەوە لەبیر چوبیَتەوە، ئەوا دەیخاتەوە یادم. ڕاویَژی لەتەکدا دەکەم. تەنانەت، ڕیَنماییشم دەکات، منیش وەکو گوڵ دەگەشیَمەوە، وەکو ڕیَبواریَک تینویەتی بشکیَنیَ لەڕوحی کانییەکی چاو قرژاڵدا، وەکو گومبوویەک تروسکەی هیوا بەدی بکات. وەکو میَژووناسیَک لەتی پەیکەریَکی شکاوی پیَشینە بدۆزیَتەوە.. ئیتر خۆت سەرپشک بە و.. یەک لەو چووانەنانە بۆخۆت هەڵبژیَرە، یان خۆت



لیَک چواندنیَکی کاریگەرتر بدۆزەرەوە.. ئا.. لەگەڵ تۆمە ئەی چی! تۆی خویَنەرو.. ئەز (هیوا). جا لەکاتی ناسکی ئاوهادا، کەڵەزەنگیَک لەناخمدا لیَدەدات. زززززنگ گ گ زرگ گ گ...»[١٦].

بەلاّم هەر دوای ئەو پەرەگرافە ڕۆماننووس نووسەریَکی دیکە دەکاتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەو خۆیشی دەکاتە پەناهەندە تا لەدەولەتی تیکستەکەی ئەودا جیَگای ببیَتەوە، بەمەش نووسەر خۆی ناکاتە خاوەنی ڕۆمانەکەو بۆ پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەی جیَدەهیَلیَ کە ئەو نووسەرەیە هەڵبژیَردراوەی ڕۆماننووسە لەخویَنەریشی ئاشکرا دەکات و لە هەمان کاتیش قسە لەگەڵ (تۆ)ی خویَنەردا دەکات و هەروەهاش بەکارهیَنانی تەکنیکی چیرۆک لەناو چیرۆک و ڕاڤەکاریشی تیَدا بەکارهیَناوە، چونکە نووسەرەکە بەشیَوازیَکی نوێیاوی داناوەو هەمدیس ڕاڤەکاری بەشداریکردنی پەیوەندی نیَوان خویَنەرو نووسەر، یا هاوکیَشەی نیَوان (نووسەر- دەق- خویَنەر) بەدیار دەخات و هونەری نویَکارییەکەش دەخاتە دەم نووسەری گریمانەکراوی ڕۆماننووس.. بەلایەنی تریشەوە بەگژدا چوونەوەی گیَڕانەوەی ئاسایی جارانەو ڕەخنەگرتنە لە شیَوازی حیکایەتخوانی جاران و بەمەش ڕۆماننووس تەواو پەیڕەوی هونەری میتاڕۆمانی کردووە وەک نموومەی ڕۆمانەکانی تری دنیا شارەزایانە ئەم هونەرەی لە ڕۆمانەکەیدا بەکارهیَناوە وەک دەڵیَ «بەر لەهەموو شتیَک، داوای پەناهەندەیم لە نووسەر کرد، کە لە (دەوڵەتی تیَکستەکەی)دا، جیَگام بکاتەوە، ئەوەی بەنەنگی نەزانی، بەڵکو بەشیَوازیَکی نوێیاوی زانی و.. منی بەتۆی خویَنەر ئاشنا کرد، بۆ ئەوەی پەیوەندی نیَوان نووسین و خویَندنەوە پتەوتر دایلیکتربی، چونکە خویَنەری چاک بەبەشیَک لە نووسەر دەزانیَ. خۆی لەکاتی ئەفراندن و نووسیندا دەخویَنیَتەوە. لەکاتی خویَندنەوەشدا دەنووسی و کەسانی وەکو من و تۆ دەخولقیَنی، بۆیە لەو بڕوایەدایە کە نووسین سەرکیَشی داڕتنی چامەیە نەک هەقایەتی سەرکیَشیک بی لەپاڵ گیَڕانەوە لۆژی و هەبوو نەبووەکاندا..[٦٧].

ڕۆماننووس چونکە لەلای نووسەر بۆتە پەناهەندە و جیَگای نووسەرەکە دەگریَتەوەو دەبیَتە چیرۆکبیَژی ڕۆمانەکەی، خۆی بۆیە لەناو گیَڕانەوەشدا باسی لایەنی هونەری وەک سەرەتاو کۆتایی و ڕستەسازی و داڕشتن و زمان و هەڵبژاردنی کەسایەتیەکان و کات و شویَن و هەموو وردەکاریەکی دیکەی زۆر لایەنی دیکەی نووسینی ڕۆمان دەکات وەک دەڵیَ «... گرینگ بەلامەوە سەرەتایەو چونکە سەرەتای بەهیَز دەستیَکی باڵا دەگیَڕیَ و.. ئای! خۆ خەریکم باس لە سەرەتاو کۆتایی ڕۆمانەکەم دەکەم! پیَشەکی نووسیم: (ڕووی

ئاسمان مۆن و گرژ بوو). پێنووسەکەم کێشایەوە... ئیستێکم کرد (مۆن و گرژ.. گرژو مۆن... ڕووی ئاسمان.. ئاسمان ڕووی..) گوێچکەکەم بۆ ڕەزمی وشەو دەستەواژەکان شل کرد. چەند جارێکیش ئەو ڕستە سەرەتاییەم لەگەڵ خۆمدا گوتەوە (ڕووی ئاسمان مۆن و گرژ بوو. مۆن و گرژبوو ڕووی ئاسمان. ئاسمان ڕووی گرژ و مۆن بوو. مۆن بوو ڕووی ئاسمان) بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، خزامە ناو تەونی لینجی وشەکانەوە. دەی چار چییە. تەلبەندی داڕشتن و دەربڕین... هەڵبژاردنەکەیە، ئەی هیچی دی شک دەبەی؟ ئا.. زمانی هونەرەکان، ڕەنگ، هێڵکاری، رەزم و... ئاوازو... هەردەبێ پەنای بۆ بەریت؟! پەنایان بۆ دەبەم. کەسێک لە ناوەوەمدا، بەکەسە سەرسامەکەی دیکەی گۆت، بۆیە کتوپڕ، دێڕێکی نائاساییم هەڵبژاردو پەسەندم کرد (مۆن و گرژ ڕووی ئاسمان)... (چاکە) هەڵوەستەیەکی ترم کردەوە. زەنگ و زایەڵەی وشەکان بەناسکی و لەنجەولارەوە، پەردەی گوێمیان لەراندەوە. ئای چ زەنگێکی تەلیسماوییە! (پەسەندە) بەخۆم گوتەوە پەپوولەیەکی خەندەی ناکاوی لەسەر لێوم نیشتەوە (چاک وایە شێوەی ڕوخساری دێوەرەکە، ئاوێتەی نیگارکێشانی سروشتی گوندەکە بکەی) هەرخۆم وەڵامم دایەوە (کەواتە ئەم چیمەنە دەستکردو هەم بڕشتی پێنووسەکەمە، تێڕوانینی خودی خۆمی لەسەرەو... داوای جووڵاندنی کەسەکان بە ئەنگوستی منەوەن. چیم بوێ ئەوەیان پێ دەسپێرم و.. شاهانە ژیانێکی نوێ دروست دەکەم. بێ پەروام ئەگەر، لەژیاندا نموونەیان هەبێ یا نەبێ)... ماوە بڵێم چیمەنی نەشمیلانەو چیمەنی گوند، جێگا ئاڵوگۆڕ دەکەن. هێمای خاکی پیرۆز وەردەگرن. چیمەن کوردستانە... تاد»[١٨].

ڕۆماننووس کە ڕۆمانەکەی بۆ (پێنج) پار دابەش کردووە پاری یەکەم (پاییزستان)، پاری دووەم (زستان)، پاری سێیەم (بەهارستان) و پاری چوارەم (تاوستان)، پێنجەمیش (چیمەنستان) ئەمەش هەموو بۆ مەبەستی جوانکاری و هەمیش وەک تەکنیک بەکاری هێناوە، دیاریشە کە پارەکانیش کە دەلالەتی کەژەکانی ساڵن و هی چوارەمین هۆی جوانی و شادی و بەختەوەرییە کە تاوستان، ئەمەش هەریەکەیان بەشێکی ڕۆمانەکەن کە لەهەمان کاتیشدا وێستگەیەکی وەستان و پشوودانی گێڕانەوەیە هەم بۆ چیرۆکبێژو ڕۆماننووس و هەمیشە بۆ خوێنەر جیا لەبەکارهێنانی چاپتەر کردنی دیکە وک دانانی ئەستێرە *** و بەکارهێنانی ژمارەو پیتەکان کە هێماو دەلالەتی دیکە بەڕۆمانەکە دەبەخشن وەک (پێنج) پارەکە هێماو دەلالەت و دابەشکردنی کوردستانەو کەژەکانیش هێماو خۆش و ناخۆشی باری سیاسی و چیمەنستانیش هێمای کوردستانە وەک چۆن



ڕۆماننووسیش لە نموونەی ئەم بڕگەیەی پێشتری ڕۆمانەکەدا بەدیار دەکەوێ کە نووسەر خۆی ئاماژەی پێداوە. ڕۆماننووس لەکۆتایی ئەم بەشەی ڕۆمانەکەی کە پێش ئەوەی دەست بەپاری یا بەشی زستان بکات خۆی ئاماژە بەکۆتایی ئەم بەشەی ڕۆمانەکە دەکات و کات و شوێن و هێماکان ئاشکرا دەکات و باسی ڕابردوو و ئاییندە ئەکات و ناوی پاڵەوانەکەشی (هیوا) وەک هێمای دواڕۆژی ڕووناکی کورد لەم ڕۆمانەدا دەردەخا، بۆیە ڕوو لە خوێنەر دەکات و دەڵێ «.. ئێرە کۆتایی پایزەکەم، ئەوا زۆربەی کەسەکانت ناسی، هەندێکیان دەگۆڕێن، واتا نەڕەشن هەتاکو سەر و نە سپین هەتا کۆتایی، بەڵکو لە گۆشت و ئێسکن، کاتی ڕۆمانەکەم دوازدە ڕۆژە. لە سێی مانگی دەوە بۆ چواردەی مانگی ساڵی هەزارو نۆ سەد و نەوەد و پێنج. یازدە جار سەر لە گۆڕی خونچەی دایکم دەدەم و وتووێژی لەگەڵدا ئەکەم.

مام ڕەحمان ڕوحی گوندی چیمەنە، منیش دایکم گوتەنی، کە لەباپیری باوکمەوە گێڕایەوە، دەبێ (هیوا)ی دواڕۆژم پێ بێ، جێکاتەکان جێگۆڕکێ دەکەن. کۆتایی ڕۆمانەکە، سەرەتای خۆناسین و دەست پێکردنمە. جێکاتەکان یەکتری دەبڕن. ڕابردوو هەڵدەکولم بۆ ئەوەی چیمەنستانێک سەر لەنوێ بنیاد بنێمەوە..»[١٩].

ڕۆماننووس لە بەشێکی تری ڕۆمانەکەدا تەواو خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات وەک نووسەرێک خۆی پێ دەناسێنێ و باسی پەیامی نووسین و ڕۆماننووسینی دنیاشی بۆ دەکات و ڕۆشنبیری خۆیشی بەدیار دەخات وەک لە سەرەتای ڕۆمانەکەشدا ئاماژەی پێداوە کە داوای پەناهەندەی لە دەقەکەدا کردووە تا جێگای نووسەر بگرێتەوە و ئەمەش پێچەوانەی ڕۆمانی ئاسایی جارانە کە ڕۆماننووس پاڵەوانێکی سەرەکی هەڵبژاردە یان خۆی بەڕاناوی کەسی یەکەمی تاک ڕۆڵی چیرۆک بێژی ئاگادار بەهەموو شتێکی دەبینی و ئەرکی گێڕانەوەی پێ دەسپێردرا، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا وانییە خوێنەریش لایەنێکی هاوکێشەی (دەق- نووسەر- خوێنەر)ە بەڵکو نەک هەر خۆی لێ ئاشکرا دەکات تەنانەت پرس و ڕاشی وەردەگرێ و بەمەش ڤالایی ڕۆمانەکە و ئاستەکانی گێڕانەوەی فراوانتر دەکات.. لەم نموونەیەدا (عەبدوڵڵا سەڕاج)ی ڕۆماننووسی نوێبەخش باسی پەیامی نووسین بۆ خوێنەر دەهێنێتەوە و دوایش لەگەڵ گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا ئاوێتەی دەکاتەوەو خۆی لەخوێنەر دەشارێتەوە، دەبێتەوە گێڕانەوەی ئاسایی تا جارێکی دیکە و لەشوێنێکی دیکە دیسان سەرەتاتکێ لەگەڵ خوێنەر دەکاتەوەو بەم هۆیەشەوە دەتوانێ ئەوەی بەگێڕانەوەی ئاسایی ناتوانێ دەریان ببڕێت ئەوا بەم تەکنیکە دەتوانێ دەریان ببڕێت و

هەڵوێستی خۆیشی بنوێنێنت وەک نووسەری دەقەکەو لەم بڕگەیشدا ڕۆماننووس جیا لەوەی کەباسی هونەری ڕۆماننووسینی خۆی دەکات بەم شێوەیە پەیامی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێ «ئای نووسین! کارێکی چەند قورس و بەمەسئولیەت و ئێجگار پیرۆز و مەزنیت.

تۆ هەناسەدانی منیت. بەهۆی وشەوە. کەسەکانم هەڵدەسووڕێنم. بەگژ یەکیاندا دەدەم. یان گومانێک لەدڵدا دەچێنم. هیواو خۆشەویستی خاک و چەم و چیایان لەناخدا دەڕوێنم بڵندیان دەکەمەوە هەتا دەگەنە ترۆپکی هەرە بەرز، بە پێچەوانەوەیش سەرەونخونیان دەکەمەوە ڕووەو خەرەند و دۆڵ و تونان، ڕووبەڕووی مەترسییان ڕادەگرم، هەروەکو هەمنگوای چۆن (سانتیاگۆ)ی پیرو سەرسەختی بەرەو دەریا ڕەوانەکرد، یان (ملڤیل) و (کۆنراد) ئەهاب و لۆرد جیمیان بەرامبەر هەڵوێست داناو بەتەنیایی، بۆ دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان تێکۆشان تا گەیشتنە ئەنجامێ، ئەویش تەبایی ڕوحە... تاد»[٢٠].

ڕۆماننووس لەکۆتایی ڕۆمانەکەیدا بۆ دواجار خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات بەڵام ئەمجارە بەڕاشکاوانە خوێنەر بەشداری پێدەکات لەهاوکێشەی سێیانەی ڕۆمانەکە (خوێنەر و نووسەر و چیمەنی ئەڤین) و بە وشەش دەلالەتی ڕۆمانەکە بەخوێنەر دەبەخشێ وەک دوا وشە دەکاتە کۆتاییەکی کراوەی ئایندەیەکی پڕشنگداری چیمەنستان کە لەگەڵ دوا وشەی ڕۆمانەکە پەلکە ڕەنگینەیەکی گەورە و پڕ لە هیوا باوەش لە چیمەنستان وەردێنێ.

بەم کۆتاییەش ڕۆماننووس هونەری میتاڕۆمان لەم ڕۆمانەیدا پراکتیک دەکات و لەکۆتاییشدا باسی هونەری ڕۆمان و داڕشتنی کۆتایی ڕۆمان دەکات بۆ خوێنەر، ئەمەش مەرجێکی بەکارهێنانی میتاڕۆمانە وەک دەڵێ «بۆ ناپرسیت: ئەمە چۆن کۆتاییەک بوو؟! دیارە بەباڵی خەیاڵی بەرزە فڕدەکەی! هەروا بەئەفسانەیی زامەکانمان سارێژ دەبێ! بەنووسین و... بەس؟! وایە بیری تۆم لەمێشک دایە. ئەز توانای خۆهەڵخەڵەتاندنم نییە ئەمە نهێنییەو گشت شتێک ناگوترێ. گوێتم بدەرێ وەرە پێشەوە. دەزانی یەکەم شانەمان دروست کردووە لەپێناوی گۆڕانە مەزنەکەدا! ئەو شانە پیرۆزە. لەتۆ و چیمەن و من، پێکهاتووە. بەڵێ لەتۆی خوێنەرو.. منی نووسەرو.. چیمەنی ئەڤین. ئامادەی کارمان لەتەکدا بکەیت؟ یان.. ئەگەر بە «ئا» وەڵام دەدەیتەوە، تکایە دووبارە بە لاپەڕەکانم دابچۆرەوە. وردە وردە وشەکانم بنرخێنە، پاشان خۆت تەیار کەبۆ... هەنگاوی.. یەکەم. ئامادەی.. گاریباڵدیانە، باوەش لەچوار بەشە دابڕاوەکەی چیمەنستان بدەین و لێکیان توند بکەین، ئافەرین.. فەرموو: یەک... دوو... سێ. تۆش بفڕەو مەترسە. ئۆخەی ئەمێستا



خاوەنی چیمەنستانی گەورەین. ئۆخەی دەشبینە خاوەنی، دەشبینە خاوەنی کۆستارەکان.

لەگەڵ دوا وشەمدا، پەلکە ڕەنگینەیەکی زۆر زۆر گەورە باوەشی لە چیمەنستانەکەمان داوە.. پەیتا پەیتا. گولۆکەی چاو زەرد و سپی پشکوت... ڕەنگین کەوان واهاتین ن ن ن..»[٢١].

ئەمانە چەند نموونەیەک بوون لە بەکارهێنانی میتاڕۆمان لە ڕۆمانی کاولاشدا کە بەیەکەم ڕۆمان دادەنرێت لە بەکارهێنانی ئەم جۆرە ڕۆمانە، ئەگەرچی نموونەی دیکەیش زۆرن بەڵام ئێمە تەنیا ئەوەندە نموونەمان هەڵبژارد کە نیشانی خوێنەری بدەین و مەبەستیش بەدیارخستنی ئەم لایەنەیە لە ڕۆمانەکەدا.. ئەمەو دەکرێ لە چەندان دەلاقەی دیکەوە لێی بکۆڵینەوە، چونکە ڕۆمانەکە تەژییە لەتەکنیکی جیاجیا و بەکارهێنانی ڕۆماننووس لە هەردوولایەنی شێوەو ناوەرۆکەوە بەبایەخ و وردەکارییەوە کاری هونەری و نوێکاری خۆی کردووە، بەڵام ئەمە بۆ دواڕۆژو خەڵکانی تری جێدەهێڵین. چونکە مەبەستی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە تەنیا باسکردنی لایەنی هونەری میتاڕۆمانە لە ئەدەبی کوردیدا کە ئەم ڕۆمانەی (عەبدوڵڵا سەڕاجیشمان) بەتاکە ڕۆمان و یەکەم تۆمار لە کوردستانی عێراقدا لە تۆمارگەی ڕۆماندا کرد بە نموونە و هیواداریشین لەدواڕۆژدا زیاتر بایەخ بەم تەکنیکە و هەموو تەکنیکە نوێکانی دیکەی دنیا بدرێت و شێوەی حیکایەتخوانی جاران تەنیا وەک تۆمارو مێژوو بمێنێتەوەو تاقیکردنەوەو ئەزموونی جیاجیاو نوێتریش ئەدەبەکەمان زیاتر بەرەو ئاستی ئەدەبی پێشکەووتوی دنیا ببەن کە بێ گومان ڕۆمان ڕووی گرنگ و پێشکەوتووی هەموو میللەتێکە، لای ئێمەش پێویستی بەتەکان و بایەخی زیاتر هەیە لە ڕووی بیردۆز و پراکتیکەوە.

**• ئەنجام:**

ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی عیراقدا تا ساڵانی هەشتاکان بە پەنجەی دەست دەژمێردرا، بەڵام لە نیوەی دووەمی دەیەی هەشتاکان جموجۆڵی تێ کەوت و لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە تۆماری خۆی دەستپێکرد، بۆیەش ئەم دەیە واتە ساڵانی هەشتاکان بەدەیەی گەشەکردن و دامەزراندنی ڕۆمانی کوردیدادەنێم، ئەمەش ڕای زۆربەی پسپۆڕ و ڕەخنەگر و لێکۆڵەرەوانی چیرۆک و ڕۆمانی کوردییە.. دوای ئەمەش لەساڵی **١٩٩١** بەدواوە تا ئێستاکە قۆناغێکی دیکەی ڕۆمانی کوردی دەست پێدەکا، کە من بەقۆناغی پێشکەوتن و نوێبوونەوە ناوم بردووە[٢٢].

بێ گومان ئەگەر ڕۆمانی کوردی لەدەیەی نەوەدەکان لەڕووی هونەرییەوە بەرگێکی نوێتری لەبەر خۆی کردبێ، ئەمەش بەهۆی کاریگەری ڕۆمانی وڵاتانی دەورووبەر و دنیا بووە بەتایبەتیش ڕۆمانی ئەمریکای لاتینی و ڕۆمانی نوێی فەڕەنسی و ئەورووپاو، دیارە ئەدەبی فارسی و عارەبی و تورکیش زیاتر ئەم کاریگەریەی بەئێمە گەیاندووە، چجای ئەمەش کە نووسەرانی کورد دوای ئەوەی لەزۆربەی وڵاتانی دنیابوون، ئەوانیش لەنزیکەوە ئەم کاریگەرییە کاری لە نووسینیان کرد و توانرا لێرەو لەوێ چەندان تاقیکردنەوەو ئەزموونی نوێ تۆمار بکرێن، بیگومان ئەم هەنگاوانەش ئەگەر لەگەڵ ئەدەبیاتی پێشکەوتووی دنیاو بەتایبەتیش ڕۆمانی پێشکەوتووی دنیا بەراورد بکرێن ئەوانە بەراورد دەکرێن نەپێویستیشمان بەم بەراورد کردنە هەیە، چونکە دیارە کە ڕۆمانی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە و زروفی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری وایکردووە کە لە چاو وڵاتانی دنیا نەتوانێ پەیامی ڕۆشنبیری خۆی بگەیەنێت، جا چونکە ڕۆمانیش هونەرێکی ژیارییە لە دنیای ئارام و سەقامگیردا دروست دەبێت و پێویستی بە زروفێکی گونجاوو لەبار هەیە، چونکە میللەتی کوردیش بارودۆخی ناسەقامگیر بووە، نەیتوانیوە بگاتە ئەدەبی پێشکەوتووی دنیا.. بەڵام دەبینین دوای ڕاپەڕین و هاتنەدی ئەم نیمچە ئازادییەی لەبەشێکی کوردستان جێگیربوو کەش و هەوایەکی لەبار هاتەدی بۆ پێشکەوتن و داهێنان و نووسەرانی کورد توانییان لە هەموو ڕوێکەوە تۆماری خۆیان بکەن.. ئەگەرچیش نەتوانراوە لەهەموو ڕێبازو ڕێچکەو تەکنیکە جیاجیاکانی دنیادا ئەزموون و تاقیکردنەوە ئەنجام بدرێت، بەڵام خەمی نوێکاری و فرێدانی قاوغی کۆن و ڕەتکردنی شێوازی ئاسایی جاران لە چیرۆک و ڕۆمان و بەجێهێشتنی شێوەی حیکایەتخوانی و بەلزاکی چەندان هەوڵی نوێی خستە ناو تۆماری ڕۆمانی کوردی. بێ گومان یەکێک لەم جۆرە نوێیانەی ڕۆمان میتاڕۆمانە کە ئەگەرچی تاکە دیاردەش بۆ نووسینی ڕۆمان ئەم جۆرە نوێیەی ڕۆمان (عەبدوڵڵا سەڕاج)ی نوێبەخشە کە لەڕۆمانی (کاولاش)دا بەم تەکنیکە نوسیوە ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕۆمانی کوردیش ئەگەرچی تاک و تەراش تەکنیکی نوێ و جیاجیای دنیایان بەکارهێنابێ نوێکاری خۆیان کردبێ، بەڵام ئەم هەوڵانە لەگەڵ قۆناغی پێشکەوتن و نوێبوونەوە چەندان تەکنیک و شێوازی جیا ڕۆمانی هونەری کوردییان بەرەو ئاقارێکی ڕووناکتر و جوانتر بردووە، چەندان نموونەشمان لە ڕۆمانەکەی عەبدوڵڵا سەڕاج هێنایەوە وەک بەکارهێنانی میتاڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا بەمەش باسەکەمان دەگاتە ئەم ئەنجامەی کە ڕۆمانی (کاولاش)ی عەبدوڵڵا سەڕاج یەکەم هەوڵ و تاکە هەوڵە لە بەکارهێنانی



میتاڕۆمان بۆیەش دەکرێ وەک تەکنیکی نوێ و تۆمارێک باسی بکەین.

پەراوێزەکان:

(١) حسونة المصباحي- صبار السعدون، مدخل الي ما وراء الرواية، فكرة أولي، ملف ماوراء الرواية، مجلة (افاق عربية)، العدد- الخامس- ايار- ١٩٩١، ص٨٤.

(٢) جيرميي هورثون، مدخل لدراسة الرواية، ترجمة غازي درويش عطية، الطبعة الاولي، بغداد، دار الشؤون الثقافية العامة، ١٩٩٦، ص٣٤.

(٣) روبرت ف-كيرنان، ماوراء الرواية، ت.صالح مهدي حميد، مجلة (الثقافة الاجنبية)، العدد- الثاني-السنة الثامنة، ١٩٨٨، ص٦٥.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سابیر ڕەشید، باڵندەکانی دەم باو هونەری میتاڕۆمان، گۆڤاری (ڕاسان)، ژمارە (٨١)ی (١)ی ئاداری ٢٠٠٣.

(٥) روبرت - ف -كيرنان، نفس المصدر السابق، ص٦٥.

(٦) برناد برغونزي، ماوراء الرواية، ترجمة حسونة المصباحي - صبار السعدون، ملف ماوراء الرواية، مجلة (أفاق عربية)، العدد - الخامس - أيار١٩٩١، ص٩٢.

(٧) كارلوس لاينز، اندرية جيد ومشكلة الشكل في الرواية، ضمن كتاب أشكال الرواية الحديثة - مجموعة مقالات، تحرير وليام ڤان اوكونور، ترجمه نجيب المانع، بغداد، ١٩٨٠، ص٢٣٣.

(٨) نهاد االتكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الثاني، الموسوعة الصغيرة ١٦٧، بغداد، ١٩٨٥، ص٧٤.

(٩) نهاد التكرلي، المصدر سابق، ص٦٨.

(١٠) نهاد التكرلي، االمصدر السابق، ص٧٨.

(١١) پول ويست، الرواية الحديثة، ترجمة عبدالواحد محمد، الجزء الاول، دار الرشيد للنشر، بغداد، ١٩٨١، ص٢٧٥.

(١٢) ميلان كونديرا، هل تتخلي الرواية عنا؟، ترجمة حسونة المصباحي - صبار السعدون، ملف ماوراء الرواية، مجلة (أفاق عربية) العدد - الخامس - أيار ١٩٩١ و ص٨٩.

(١٣) سابیر ڕەشید، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥.

(١٤) برنارد برغونزی، المصدر السابق، ص٩٤.

(١٥) روبرت ف - كيرنان، المصدر السابق، ص٩٤.

(١٦) عەبدوڵڵا سەڕاج، کاولاش، چاپی یەکەم، هەولێر١٩٩٧، ل٤.

(١٧) عەبدوڵڵا سەڕاج، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٤.

(١٨) عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرچاوەی پێشوو، ل١١.

(١٩) عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٤.

(٢٠) عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

(٢١) عەبدوڵڵا سەڕاج، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٤.

(٢٢) سابیر ڕەشید لە تەوەرێک بەناونیشانی (پرسیاری دامەزراندن و تایبەتمەندی ڕۆمانی کوردی) بەم جۆرە قۆناغبەندی بۆ ڕۆمانی کوردی کردووە:

١. قۆناغی لەدایکبوون و هەوڵە بەراییەکان (١٩٢٧-١٩٧٠).

٢. قۆناغی دامەزراندن و گەشەکردن (١٩٨٥-١٩٩٠).

٣. قۆناغی پێشکەوتن و نوێبوونەوە (١٩٩١-تا ئێستاکە).

بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە:

سابیر ڕەشید، تەوەری (پرسیاری دامەزراندن وتایبەتمەندیی ڕۆمانی کوردی)، گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)، ژمارە (٣١)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣، ل٥٤.

## سەرچاوەکان


١) جيرمى هوثرون مدخل لدراسة الرواية، ترجمة غازي درويش عطية، دار الشؤون الثقافية العامة، سلسلة المائة كتاب، الطبعة الاولي، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٦.

٢) ثول ويست، الرواية الحديثة، الجزء الاول، ترجمة عبدالواحد محمد، دار الرشيد للنشر، سلسلة الكتب المترجمة (١٠٣)، الطبعة الاولي، طبع مؤسسة أيڤ الطباعة و التصوير، بيروت - لبنان، ١٩٨١.

٣) نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الثاني، دار الشؤون الثقافية العامة، سلسلة الموسوعة الصغيرة (١٦٧)، دار الحرية للطباعة، بغداد، ١٩٩٥.

٤) وليم ڤان اوكونور، اشكال الرواية الحديثة، ترجمة نجيب المانع، دار الرشيد للنشر، سلسلة الكتب المترجمة (٨٠)، الطبعة الاولى، دار الحرية للطباعه، بغداد، ١٩٨٠.

٥) عەبدوڵڵا سەڕاج، کاولاش، لە چاپ کراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان - عیراق، ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٧، چاپخانەی ڕۆشنبیری - هەولێر، چاپی یەکەم، ١٩٩٧.

٦) روبرت - كيرنان، ماوراء الرواية، ترجمة صالح مهدي حميد، مجلة (الثقافة الاجنبية)، السنة الثامنة - العدد الثاني - ١٩٨٨.

٧) حسونة المصباحي - صبار السعدون، مدخل الى ماوراء الرواية: فكرة اولي، مقدمة ملف حول (ماوراء الرواية)، مجلة (أفاق العربية)، العدد الخامس - ايار - ١٩٩١.

٨) ميلان كونديرا، هل تتخلى الروايه عنا؟، ترجمة حسونة المصباحي - صبار السعدون، ضمن ملف





(ماوراء الرواية) مجلة (أفاق العربية) العدد الخامس - ايار- ١٩٩١.

٩) برنارد برغونزي، ماوراء الرواية، ترجمة حسونة المصباحي - صبار السعدون، ضمن ملف (ماوراء الرواية) مجلة (افاق عربية)، العدد الخامس - ايار - ١٩٩١.

١٠) سابیر ڕەشید، باڵندەکانی دەم با و هونەری میتا ڕۆمان، گۆڤاری ڕامان، ژمارە (٨١)، (١)ی ئاداری ٢٠٠٣.

١١) سابیر ڕەشید، پرسیاری دامەزراندن و تایبەتمەندی ڕۆمانی کوردی، تەوەرەی گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)، بەشداربوون (سابیر ڕەشید. سەلاح عومەر) گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ) ژمارە (٣١)ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٣.

# باڵندەکانی دەم با و هونەری میتارۆمان

## دەسپێک

ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێران وەک بەشێک لە ڕۆمانی کوردی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا، ئێستاکە لە قۆناغی بنیادناندایە، چونکە لە چاو هەنگاوە بەراییەکاندا پێگەیشتووە، لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکیشەوە گۆڕانی بەسەردا هاتووە، ئەگەرچی ژمارەیەکی زۆری نووسەرانی کوری ئێران هێشتاکە بەزمانی فارسی دەنووسن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هەوڵە بەردەوامانەی کە بەکوردی دەنووسرێن لە زیادبووندان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە بزاڤێکی چیرۆک و ڕۆماننووسین بەرچاو دەکەوێ و ئاستی هونەری ڕۆماننووسینیش گۆڕانی بەسەردا هاتووە، چونکە بێ شک ڕۆمانی (پێشمەرگە)ی د.ڕەحیمی قازی کە لە ساڵی (١٩٦٠)دا چاپ کراوە وەک سەرەتای سەرهەڵدانی ڕۆمانی کوردی لە کوردستانی ئێراندا دەگەڵ ئێستای ڕۆمانی کوردی بەراورد ناکرێت، بۆ نموونە ئەم ڕۆمانەی (عەتا نەهایی) کە ساڵی (٢٠٠٢) بەناونیشانی (باندەکانی دەم با) چاپ کراوە، لە ڕووی تەکنیک و زمانەوە لە چاو هەوڵەکانی پێش خۆی، پێگەیشتووە و لە ئاستێکی هونەری پێشکەوتوودایە و خۆی لە ڕۆمانی ئاسایی جیاکردۆتەوە و بە شێوازێکی نوێ تۆماری خۆی کردووە کە دەخرێتە ناو خانەی میتارۆمان و ئەمەش بۆ کوردستانی ئێران تۆمارێکی نوێیە، بەڵام لە کوردستانی عێراقدا ئەم تۆمارە بۆ ڕۆماننووسی بە توانا (عەبدوڵڵا سەڕاج) دەگەڕێتەوە کە لە ساڵی (١٩٩٧)دا ڕۆمانی (کاولاش)ی بەم جۆرە تەکنیکە نوێیە نووسیوە، ئەگەرچی مامۆستا (عەبدوڵڵا سەڕاج) پێش ئەم ڕۆمانەش لە چەند چیرۆکێکدا هەر دەستپێشخەر بووەو وەک چیرۆکنووس خۆی لە خوێنەر ئاشکرا کردووە و قسەی لەگەڵدا کردوون و باسی پاڵەوانی چیرۆکەکانی خۆی کردووە و یا قسەی لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکانی کردووە. ئەم جۆرە تەکنیکە لە ڕۆماننووسین بەشداری کردنی خوێنەرە یا باسکردنی چیرۆک و ڕۆمانە لە نووسینی چیرۆک و ڕۆماندا. (جیرمی هورسون) لە کتێبی (دەروازەیەک بۆ لێکۆڵینەوەی ڕۆمان)، ئەم جۆرە ڕۆمانە وا پێناسە دەکات و دەڵێ «مەبەست لە میتارۆمان ئەوا (ڕۆمان لەبارەی ڕۆمانە)



یا (ڕۆمانێکی ڕاڤەکاری هونەری ڕۆمانە) ئەمەش بەجۆرێک لە ڕۆمان یا کورتە چیرۆک دەگوترێ کە بەشێوەیەکی مەبەستدار خەیاتی گێڕانەوە ناهێڵێ تا بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیوەست بێت بە سروشتە خەیاڵییە تایبەتییەکەی یا بەپرۆسەی داڕشتنی ڕۆماننووسینەکەی، (لۆرانس ستێرن) یش بەباوکی ئەم جۆرە ڕۆمانە دادەندرێت لە بەریتانیادا، چونکە دەبینین لە ڕۆمانی (تریسترام شاندی)، (١٧٦٠-١٧٦٧)دا چیرۆکبێژ گاڵتە لەگەڵ خوێنەردا دەکات و بەشێوەی جیاجیاوە دەیدوێنێ، وەک ئەوەی پێی بڵێ: چەند لاپەڕەیەک لە ڕۆمانەکە هەڵبدەوە تا جارێکی دیکە بڕگەیەک بخوێنیتەوە، وەک نموونەش باشترین نموونەی هاوچەرخ بۆ ئەم جۆرە ڕۆمانە ئەوا ڕۆمانی (دۆستی ئەفسەری فەڕەنسی)، (جۆن فاولز)ە کە ساڵی (١٩٦٩) نووسراوە».[1]

بێ گومان هونەری ڕۆمان لە ئەوروپا، هەموو قۆناغەکانی بڕیوە و دەمێکیشە ئەم جۆرە ڕۆمانە تۆماری خۆی داناوە و درەنگ گەیشتۆتە ئێمە، تەنانەت ئێستاکە بیر لەوە دەکرێتەوە کە لەگەڵ پێشکەوتندا مەرگی ڕۆمانیش ڕادەگەیەندرێ، چجای شێوەی نووسینی کە ئەوانەی پێشەخۆی دەبێتە مێژوو، وەک (میلان کوندیرا) لە نووسینێکدا بەناونیشانی (ئاخۆ ڕۆمان وازمان لێ دێنێ؟) دەبێژێ «ماوەیەکی درێژە باسی کۆتایی ڕۆمان دەکەین، ئایینده خوازەکان و سورياليیەکان و زۆربەی بزووتنەوە پێشڕەوەکان وای دەبینن کە ڕۆمان بەهۆی پێشکەوتن و بەرەو پێشچوون ون دەبێت و ئەمەش دەبێتە هۆی سوودمەندبوونی ئاییندەیەکی نوێی تەواو بۆ مەبەستی هونەرێک کە وەک پێش خۆی نییە...».[2]

بێ گومان جۆری نووسینی ئەم شێوە ڕۆمانەش وەک ڕۆمانی ئاسایی نییە، چونکە «بە پێچەوانەی ڕۆمانی ئاسایی و ڕۆمانی شەپۆلی هۆش خوێنەری نووسینەکانی میتا ڕۆمان لە بەرامبەر ئیشکالیەتێکی نوێ دادەندرێن، چونکە ڕۆماننووس بە مەبەستەوە بەشداری سەرسوڕمان و کەمی بێتوانایی دەکات، بەڵکو باری نووسەر تاڕادەیەکی زۆر بەو ئەکتەرەی شانۆ دەچێ کە دەگەڵ دانیشتووان دەدوێ دەربارەی هەموو ئەو کاروبارانەی کە ناتوانێ درکیان پێ بکات. ئەوەی لەم بابەتەوەش گرنگە ئەوەیە کە میتارۆمان وا لە خوێنەر دەکات ئاگاداری هەموو ئەم شتانە بێت کە دەبن بەکێشە یا تەنگوچەڵەمە لای ڕۆماننووس..».[3]

دیارە نووسینی ئەم جۆرە ڕۆمانە وەک ڕۆمانی ئاسایی نییە، بەڵکو پێویستی بە نووسەری بەتواناو داڕشتنی هونەری هەیە تا بتوانێ چۆن و لە چ کاتێکدا لەگەڵ خوێنەر بەشدار دەبێت و ئامرازە هونەرییەکانی خۆی چۆن دەگەیەنێت «لەمەشدا بەدیار دەکەوێ کە

لەو بوارەدا هەوڵدانی هۆشمەندانە هەیە بۆ فراوانکردنی ئاسۆی دەقی ڕۆمان و وەرگرتنی ڕوانینەکانی دانەر. لە ڕاستیشدا «میتاڕۆمان» پێش هەموو شتێک تەئکید لەسەر کەرەستەی هونەری و کێشەو ئاستەنگەکانی ڕۆماننووس دەکات کە لەکاتی خستنەڕوو بەدیارخستنی واقیعدا ڕووبەڕووی دەبنەوە، ئەمەش بەم شێوەیە دەبێت کە پشت بەوکەسایەتییانە دەبەستێ کە لەنێو چیرۆکەکە خۆی دەنووسن..».[٤]

یا وەک (جۆن هوکس) وایدەبینێ کە «نووسینی ڕۆمان بەو گریمانەیە کە دوژمنی ڕاستەقینەکانی: گرێچن و کەسایەتی و شوێن و بابەتەو مرۆش لە ڕێگای بیرکردنەوەی مەئلووف دوور دەکەوێتەوە بۆ ڕۆمانەکە، بەڵام ئەوەی بەتەواوی دەمێنێتەوە ئەوا سەرتاپا گیریی ڕوانین و بنەمایەتی..».[٥]

بەهەر حاڵ ئەم جۆرە ڕۆمانە، ئەگەرچی دەمێکە لەنێو ئەدەبیاتی دنیادا نووسراوە، بەڵام لەنێو ئەدەبی کوردیدا، بەتایبەتیش ڕۆمان لە سەرەتاتکێدایە، ئەمەش مانای وایە ڕۆمانی کوردیش خەریکە بەرگی نوێبوونەوە دەکاتە بەرەخۆی و خۆی لەبەرگی ئاسایی جاران دادەماڵێ و خۆی بەرەو ئاقاری جیهانی دەبات.

## میتاڕۆمان لە باڵندەکانی دەم بادا

لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس چەندان چیرۆک دەنووسێتەوە کە چیرۆکی سەرەکی (فەرهاد و کاڵێ)یە وەک چۆن لە پێشەکی ڕۆمانەکەش نووسەر ڕۆمانەکەی پێشکەش کاڵێ کردووە و نووسیویە (بۆ کاڵێ کەسی چیرۆکی دوا خەونی فەرهاد). ئەم چیرۆکەش چیرۆکی کەسی چیرۆکنووسی ناوی ڕۆمانەکەیە کە ناوی جەلالی-یەو ئەویش وەک کەسایەتییەکی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە چیرۆکی خۆی هەیە، بەڵام چیرۆکی ئەو، ڕۆماننووس خۆی دەبێتە چیرۆکبێژ و دەیگێڕێتەوە، کەچی هی فەرهادو کاڵێ و ناسری و ئەفسانە و کەسانی دیکەیش بەشێوەی چیرۆک لەناو چیرۆک دەبن بەبەشێک لە نووسینی چیرۆکی جەلالی وەکی دیکەیش چیرۆکبێژەکە هەر خۆی چیرۆکنووسە کە جەلالی-یە. ئەو جۆرە نووسینە لە ڕۆمانی دنیادا نموونەی زۆرە وەک «لە فەڕەنسادا کۆنترین نووسەر کە پرەنسیپی چیرۆک لەناو چیرۆکی پەیڕەو کردبێ (ئەندرێ جید)ە کە کەسایەتی میحوەری ڕۆمانەکەی (ساختەکارانی پارە)ی ڕۆماننووسێکە، کەرەستەی ڕۆمانەکەی لە دەوروبەری خۆی کۆدەکاتەوە و لەگەڵ کەسانی کتێبە ئەسڵییەکەدا دەژی بۆ ئەوەی ڕۆمانێک بنووسێ هەمان ناونیشانی (ساختەکارانی پارە)ی هەبێت..».[٦]



لای (عەتا نەهایی)یش کەسایەتی میحوەری ڕۆمانەکە جەلالی چیرۆکنووسە کە بەهۆی ئەوەوە چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ کە چیرۆکی سەرەکی ڕۆمانەکەیە دەنووسرێتەوە وەک چۆن ڕۆمانەکەش بەشێوەی گێڕانەوەی بازنەیی نووسراوە و بەدیمەنی خۆسووتاندنی کاڵێ و بەدەم گڕەو قیژەی بەرز دەبێتەوە و کۆتایی چیرۆکەکەش هەر بەم دیمەنە تراژیدیاوە کۆتایی دێت و بەمەش لای چیرۆکنووس چیرۆکی لەدوا ڕۆژەکانی زستاندا تەواو دەبێت و ئەوسا ڕۆماننووس کە لەم ڕۆمانەدا چیرۆکبێژی سەرەکییە ئەویش بڕیار دەدات دوای ئەو چیرۆکەی جەلالی، چیرۆکنووس چیرۆکی خۆی کە چیرۆکی (میهرەبان)ە تەواو دەکات، واتە کۆتاییبیەکەی، ڕۆمانەکە دەبێتە سەرەتای چیرۆکێکی دیکە.

هەندێک جار ڕۆماننووس خۆی وەک چیرۆکبێژ چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە کە یەکێک لەو کەسایەتییانەی دروستی دەکات کەسایەتی جەلالی چیرۆکنووسە کە دەچێتە ناو ماڵەکەیان و یەکەیەکە کەسانی ناو خێزانەکەی باس دەکات و ڕووداوەکانیش ئەوانەی تایبەتن بە کەسایەتی و ناو خێزانی ئەو، دەگێڕێتەوە ئەگەرچی کەسانی دیکەیش هەر هی ئەون، بەڵام دەیانخاتە ناو چیرۆکەکانی چیرۆکنووسەوە، واتە بەدەم گێڕانەوەی جەلالی دەیانگێڕێتەوە و دەیانکات بە چیرۆک لەناو چیرۆکدا، بۆ نموونە ڕۆماننووس وەک لە لاپەڕە (٢٧)دا لە کەسایەتی جەلالی چیرۆکنووس دەدوێ و کەسایەتی (لەیلا تلووعی)یش کە شاعیرێکی ئافرەتە و ئاشنای چیرۆکنووسی دەکات، ئەمەیان بەدەم گێڕانەوەی خۆی بەم شێوەی دەنووسێ بۆ نموونە کاتێ دێتە سەر خۆناساندنی لەیلا، بە چیرۆکنووس بەم شێوەیە دەنووسێ خۆی گوتبووی: من لەیلام، لەیلا تلووعی، ساڵێکە لەگەڵ چیرۆکەکانتدا ئاشنام و، بۆ ئەم ئاشنایەتییەش سوپاسی نەشمیلی خوشکەزات دەکەم..تاد».

ڕۆماننووس وای دەگێڕێتەوە کە دوای گەڕانەوەی جەلالی چیرۆکنووس لە هەندەران دووەم جارە وتووێژێکی تێرو تەسەلی لەگەڵ بکرێ و لەوێ باسی ئەوەی کردووە کە چیرۆکێکی تازەی بەدەستەوەیە و ئەمەش هەر بەکارهێنانی یا باسکردنی چیرۆکە لەناو ڕۆماندا کە جۆری نووسینی میتا ڕۆمان پشتی پێ دەبەستێ «لەیلا گوتی: هەروەها خۆشحاڵم کارێکی تازەشت بەدەستەوەیە چیرۆکی تازە..» ئەو داچڵەکی. سەیری سەر مێزەکەی کرد. بەر لەوە میوانەکانی بێن دەستنووسەکانی کۆکردبووەوەو، هەڵی گرتبوون. لەیلا چۆنی زانیبوو کاری تازەی بەدەستەوەیە؟ لە وتووێژەکەدا گوتبووی؟ چیتریشی گوتبوو؟..». ل٤٨، بەڵام ڕۆماننووس بەزمانی چیرۆکنووس خۆی ئاشکرای دەکات کە مەبەستی ئەوەیە یا مەبەستی لە نووسینی ئەو چیرۆکە نوێیە چیرۆکی فەرهادەو لە

دركاندنەکەی پەژیوان دەبێتەوە، چونکە بەلای خۆیەوە دەترسا لە تەواونەکردنی وەک دەڵێ «چەند ڕۆژ لەمەوبەر گوتبووی جارێکە لای کەس باسی فەرهاد و چیرۆکەکەی ناکات. دەترسا لە نووسینی پەژیوان ببێتەوە. دەترسا پێی تەواو نەکرێ. گوتی: «نابێ هیچم گوتبێ. نابێ درکاندبێتم..» .ل٤٩.

لەیلا کە هاتە ناو حەسارەکەو ماڵی چیرۆکنووسی دی، پێی وابوو ئەو شوێنەی دیوەو خوێندۆتەوە و لە چیرۆکێکی جەلالی-دا خوێندبوویەوە و دیبووی، ئەمەش دیسان بەکارهێنانی جۆرێکی ترە لە چیرۆک لەناو چیرۆکدا «لەیلا بۆ جارێکی تر سەیری ئەملاو ئەولای کردبوو، گوتبووی: «ئێستا بیرم دەکەوێتەوە، من پێشتر ئەم باخچە و حەسارەم دیوە. حەوزێکی گەورەی پڕ لە ئاوی ڕوون، ڕیزی گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکان و، ئەم دارو درەختەش.. پێموابوو ئەو دارتووە گەورەش کە هێلانەی لەقلەقەکانی لەسەرە، دەبێ لەم حەسارەدا بێ.» لە چیرۆکێکدا دیبووی. خوێندبوویەوە. ئەو نەیپرسیبوو کامە چیرۆک؟..تاد». ل٥٠

ڕۆماننووس خۆی خاوەنی هەموو چیرۆکەکانە، چونکە چیرۆکی فەرهاد و چیرۆکنووسەکەش هەر ئەو دایدەڕێژێ وەک دەبینین لە بەشی هەشتەمی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس قسە لەگەڵ چیرۆکنووس دەکات و باسی چیرۆکی فەرهادو خۆی لەگەڵدا دەکات وەک دەڵێ «گوتم: «لەیلا خەونێکە مونیرەی خوشکت و نەشمیلی خوشکەزات بۆیان دیوی» . سەری هەڵبڕی. لە پشت هەوری دووکەڵی جگەرەکەیەوە من پێدەکەنیم. ڕەنگە پێکەنینێکی گاڵتەجارییانەو.. قەڵس نەبوو. گوتی: «وشیار نەبی چیرۆکەکە لە گێژنە دەردەچێ» . گوتم: «کامە چیرۆک؟ چیرۆکی تۆ یان چیرۆکی فەرهاد؟» . تێفکری. نەیدەزانی لە ماڵ و ژووری خۆیەتی یان لە ماڵ و ژووری فەرهاد. ساتەکانی خۆی دەژی یان ساتە فەرامۆش بووەکانی فەرهاد. ڕەنگە هیچیان.. «یان هەردووکیان»..» . ل٥١.

ڕۆماننووس لەناو ئەو کەش و هەوای گێڕانەوەدا، جارجارەش دێتەوە سەر چیرۆکی جەلالی و چێرۆکنووس و لەبیری ناکات، جارجارەش گێڕانەوەکە بەهۆی چیرۆک لەناو چیرۆکدا بەو دەسپێرێ و لەپاڵ چیرۆکی ئەویشدا دیسان جارێکی دیکە بەهۆی وشەی (نووسی) دەمانخاتەوە ناو چیرۆکەکەی چیرۆکنووس، بەڵام لەگەڵ ئەمەش سات بە سات لەو پاڵەوانە سەرەکییەی ڕۆمانەکەی خۆی دانابڕێت کە جەلالی-یەو تەنانەت جارجارە بەبیریشی دێنێتەوە و هانیشی دەدات کە چیرۆکەکەی خۆی بنووسێ، کە بەڵێنی داوە بینووسێ و هەربۆیەش لە هەندەرانەوە گەڕاوەتەوە تا ئەو چیرۆکە بنووسێ، جارجارەش کە



سستی لە نووسینی چیرۆکەکەیدا دەکات و وەک پاڵەوانێکی خۆی قسەی لەگەڵدا دەکات و پێی دەڵێ: «گوتم: «تۆ بەڵێنت داوە. بەڵێنت داوە لە نووسینی چیرۆکەکە بەردەوام بی و..» . نەیدەنووسی. چەند ڕۆژ بوو هیچی نەنووسیبوو. نەیەندەهێشت. نەیاندەهێشت بچێتە پشت مێزەکەی و کە دەچوو کە دەستی بۆ قەڵەمەکەی دەبرد، لەدەرکەیان دەدا...تاد» . ل٥٩.

ڕۆماننووس ئامۆژگاری چیرۆکنووس دەکات کە دەبێ پاڵەوانی چیرۆکەکانی بناسێ، ئەوسا دەتوانێ چیرۆکیان لەبارەوە بنووسێ، چونکە لێرە چیرۆکنووس پاڵەوانێکی ڕۆمانەکەیەو ئەرکی ئەوەی پێ سپێردراوە کە چیرۆکی فەرهاد کاڵێ و چیرۆکی خۆی و پاڵەوانەکانی دیکەی ڕۆمانەکە بنووسێ وەک ڕۆماننووس دەڵێ «گوتم: «بۆ ئەوەی کەسێکت خۆش بوێ پێویست ناکا، بیناسی، بەڵام بۆ ئەوەی چیرۆکی کەسێک بنووسی دەبێ حەتمەن بیناسی. ناسینێکی هەمەلایەنە و تێرو تەسەل.» . ل٨٦.

لە بەشی چواردەی ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس دەرهێنەرێکی سینەمایی ئێرانی کە لە ئەڵمانیا دەژی و خەڵکی تارانەو دەیەوێ یەکەم تەجرەبەی سینەمایی، کارێکی کوردی بێت و لە کوردستان بێت، بۆیە چیرۆکێکی چیرۆکنووس کە لەو ژن و پیاوەی لەگەڵدا بوون بیستبووی، بڕیار دەدات بیکات بە فیلم، ڕۆماننووس لەسەر زمانی چیرۆکنووس چیرۆکێکی دیکە دەخاتە ناو گێڕانەوەی خۆی، دەیکات بەشێوەیەکی دیکە لە چیرۆک وەک دەڵێ «چیرۆکەکە چیرۆکی پیاوێکی گوندی بوو، برایمۆک ساڵانێک بەر لەو ڕووداوە، حەز لە پەریخان ناوێک دەکا، ئەو ناوەکانی لە جووتە دڵداری بەیتێک وەرگرتبوو. لە بێ بەختی برایمۆک کەسوکاری پەریخان لەگەڵیدا نەیارن. چەند جار مەلاو ڕیش سپی دەنێرێتە خوازبێنی و، نایدەنێ. گریانی پەریخانیش سوودی نابێ. بەزۆر و بەپەلە بە شووی دەدەن. بەپیاوێکی.. برایمۆک لەداخ و مەراقدا سەری خۆی هەڵدەگرێ. ساڵانێک بێ سەر و شوێن گوندا و گوند شارە و شار دەکا، پاشان پەککەوتەو لێقەوماو دەگەڕێتەوە. ناچێتەوە بۆ ئاوایی، لە قۆخە چۆڵێکی ئەو ناوە بەتەنها دەژی.. دەرهێنەر گوتبووی: «فیلمەکە لێرەوە دەست پێدەکا. برایمۆک سەری بەکاری خۆیەوە قاڵە. کە هاڕەو نرکەی تەیارەکان دەبیستێ، سەر هەڵدەبڕێ، ئاسمان تاووساوە. لەپڕ نرکەی تەقینەوەیەک دایدەچڵەکێنێ. نیگای، کە هەمان نیگای دوورنییە، لە ئاسمانەوە بۆ گوندەکە شۆڕدەبێتەوە.. تاد.چیرۆکەکە» . ل١١

ڕۆماننووس وەک لەسەر زمانی چیرۆکنووس دەگێڕێتەوە خۆی باسی ئەوە دەکا کە ئەم چیرۆکە ناوی پاڵەوانەکانی لە بەیتێکی کوردی وەرگرتووە، بەیتەکەش بەیتی (برایمۆک)ە

که لەکتێبی (تحفه مظریه)ی (ئۆسکارمان)یش دا هەیەو مامۆستا (هێمن) وەری گێڕاوە، بەڵام چیرۆکەکە هیچ پێوەندییەکی بە بەیتەکانەوە نییە، ئەمەش ئاماژەو بیر هێنانەوە و ڕەسەنایەتی دەگەیەنێت، لە هەمان کاتیش مەزراندنی بەیتێکی فۆلکلۆری کوردییە، ئەگەرچی سوود وەرگرتنەکە تەنیا لە هەڵبژاردنی ناوی پاڵەوانەکانیشی بێت، بەڵام ڕۆمانووس هەر خۆشی لە ناو ڕۆمانەکەدا لەجیاتی خوێنەر پرسیار لە بوونی پێوەندی نێوان بەیتەکەو چیرۆکەکە دەکات، بەڵام چیرۆکنووس وەڵامی پرسیاری ڕۆماننووس ناداتەوە وەک دەڵێ «من بیرم کردەوە، ئایا چیرۆکی برایمۆک و یەریخان پێوەندی بە چیرۆکی ئەوەوە، کە من خەریکی نووسینی بووم، نییە؟ پرسیارەکەم دووبارە کردووەوە، گوتم: «بەڕاست قەرارە کەسێک بێت بۆ لات؟ لەیلا؟» ئەو داچڵەکی گوتی: «بۆ ئیمڕۆ چەند شەنبەیە؟»..». ل١١٣.

لە کۆتایی چیرۆکەکەشدا کە گێڕانەوە بازنەییەکە دەگاتە کاڵێ و بەدەم گڕو خۆ سووتاندنەوە خۆی دەکا بە کۆڵانەکەو بەدوا قیژەی ئەو، چیرۆکەکە تەواو دەبێ، ئەوسا ڕۆماننووس دێتە قسەو ڕۆڵی چیرۆکنووس لێرەدا تەواو دەکات و باسی چیرۆکی (میهرەبان)ی خۆی دەکات کە دەبێ تەواوی بکات و دواییش تەنیا خۆی لە ژوورەکەدا دەبینێتەوە وەک دەڵێ «هەروا کە پێشبینیم دەکرد ئەو چیرۆکەکەی تەواو کردبوو. چیرۆکی فەرهاد لە دوارۆژەکانی زستاندا تەواو بوو بوو. دوا ڕۆژەکانی زستانی چ ساڵێک؟ گوتم: «منیش چیرۆکەکەم تەواو دەکەم. چیرۆکی میهرەبان». ئەوسا سەرم بەرز کردەوە. ئەو لە ژوورەکەدا نەبوو، من تەنیا بووم. تەنیا لەبەر ڕۆشنایی کزی پەنجەرەکە دانیشتبووم و، دەستە باریک و ئێسکنەکانم لە دەوری ئەژنۆم ئاڵاندبوو».

ڕۆماننووس بەمە کۆتایی بە ڕۆمانەکەی دێنێ کە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەی ئەویش جەلالی چیرۆکنووسە لە ژوورەکەیدا نامێنێ و بەمەش خۆی دەبێتە خاوەنی هەموو چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە کە لە ڕاستیدا چیرۆکی چیرۆکنووسی و ئەم و ئەو و ڕەنگە هی خۆشی بێت وەک نووسەری ڕۆمانەکە و وەک خۆشی ڕۆماننووس لەناو ڕۆمانەکەداو لە بەرگی پشتەوەی ڕۆمانەکەش بەم شێوەیە دەینووسێ «دەترسم ئەو چیرۆکە، چیرۆکی ئەو بێ. دەترسم چیرۆکی خۆم بێ.. چیرۆکی تۆ.. یان هەر کەسێکی تر..».. چونکە ڕۆمانووس ئەگەرچی لەناو چیرۆکدا و میتاڕۆمانیش چیرۆکەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام دیسان کۆکردنەوەی ئەم هەموو چیرۆکە فەرامۆشکراوانەی ناو ژیان چۆن لە چوارچێوەی ڕۆمانێکدا نووسراونەتەوە وەک خۆی لەناو ڕۆمانەکەو کە لەبەرگی پشتەوەی ڕۆمانەکەش کە لەهەمان



کاتیشدا گوزارشتە لە ناوی ڕۆمانەکەو وەک دەبێژێ «ئەم باڵندە کوێر و سەر لێشێواوانە، ئەم ڕەسمە کۆن و هەڵپڕووکاوانە، ئەم ساتانەی دەم با و گەردەلوول چۆن کۆدەبنەوە؟ ئەم ڕووداوە قەوماو و نەقەوماوانە چۆن یەک دەگرنەوە؟ ئەم جەستە پارچەپارچە بووانە چۆن دەبنەوە بەیەک جەستە؟ ئەم زەمەنە پرژو بڵاوانە چۆن دێنە سەر هێڵێکی ڕاست؟ ئەم هەموو چیرۆکی فەرامۆش بووانە چۆن وەبیر دێنەوە، چۆن لە چوارچێوەی چیرۆکێکدا دەنووسرێنەوە؟..».

بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ڕۆماننووس توانی بەم شێوازە نوێیە کە میتاڕۆمانەو شێوەیەکی نوێی نووسینی ڕۆمانە لە دنیادا ئەو هەموو چیرۆکە پەرژو بڵاوانە، ئەو هەموو خەونە خۆش و ناخۆش و کارەساتە جەرگبڕانە، ئەو هەموو دیمەنە واقیعییانەی ناو کۆمەڵگەی کوردەواریمان بە زمانێکی شیعری و ڕەوان بخاتە ناو گێڕانەوەی خۆی و لە هەمان کاتیشدا وەک یەک جەستەی گێڕانەوە چەشەی خوێندنەوە لای خوێنەر بەجێ بهێڵن. ئەو ڕووداوانەش ڕەنگە هەندێکیان لەناو ڕۆمانەکەدا یا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ئەنجامێکیان بۆ دیاری کرابێت، بەڵام هێشتا کە زۆربەی زۆری ڕووداوی دیکەیش ماون پێویستیان بە بەردەوامی هەیە.

## چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا چەندان چیرۆکی جیاجیای دروست کردووە کە هەموویان بەهۆی چیرۆک لەناو چیرۆکدا بەدەم چیرۆکی چیرۆکنووسەکە کە جەلالی-یە و ئەویش بۆ ئەوە هاتۆتەوە کە چیرۆکی سەرەکی فەرهاد و کاڵێ بنووسێ، بەڵام لەپاڵ ئەو چیرۆکەدا چەندان چیرۆکی دیکە تێکەڵ دەکات کە یەکێک لەو چیرۆکانە چیرۆکی چیرۆکنووس خۆیەتی، بە ئاشنایەتی لەگەڵ ئەفسانەو پاشانیش لەگەڵ لەیلا تلووعی کە هەردووکیان شاعیر بووینە و دواییش شووکردنی ئەفسانە بە ناسری دەوڵەمەند، بێ گومان ئەم چیرۆکانەش ڕۆماننووس خۆی دەیاننووسێ کە هەندێکیان خۆی چیرۆکبێژ و گێڕەرەوەیە و هەندێکیشیان ئەرکی گێڕانەوە دەداتە دەم چیرۆکنووس و دەیخاتە ناو چیرۆکەکەی ئەو دەشتوانین چیرۆکەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بەم شێوەیە بخوێنینەوە:

١- چیرۆکی سەرەکی ڕۆمانەکە، چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ-یە کە چیرۆکنووس دەینووسێ و وەک سەرەتاو کۆتایی ڕۆمانەکەش بەم چیرۆکە دەست پێدەکات و هەر بەئەنجامی ئەم چیرۆکەش کۆتایی پێدێ.

٢- چیرۆکنووس لەگەڵ ئەفسانەو پاشان باسکردنی کەسایەتی ناسری و دواییش شووکردنی بە ناسری و حەزی چیرۆکنووس، کە دوایی دەبێتە بەشێک لە چیرۆکی جەلالی چیرۆکنووس.

٣- چیرۆکی بارام کە برای چیرۆکنووسە لەگەڵ مونیرە و رووناکی خوشکی و نەشمیلی کچی مونیرە کە دەبن بەکەسایەتی ناو چیرۆکەکەی چیرۆکنووس و کێشەی سەرەکی چیرۆکی ئەو خێزانەش فرۆشتنی حەسارەکەی شوێنی دانیشتنی جەلالی چیرۆکنووسە کە لەباوکی کیرزا سەعید بۆیان جێماوە و کێشەی دووەمیش لە چیرۆکی ئەم خێزانەدا مەسەلەی ژنهێنانی جەلالی-یە.

٤- چیرۆکی چیرۆکنووس خۆی لەگەڵ ئەفسانە و پاشان لەگەڵ لەیلا تلووعی.

٥- چیرۆکی برایمۆک و پەریخان کە چیرۆکێکی جەلالی چیرۆکنووسە و دەرهێنەر ئێرانییەکە کە لەئەڵمانیا هاتۆتەوە دەیەوێ بیکات بە فیلمێکی کوردی.

٦- چیرۆکی پیرەژنەکەی ماڵی فەرهاد کە لەگەڵ ئەوەش دوو کچی بەشووی هەبووە، کەچی لە حەسارەکەی لای فەرهاد بەتەنیا دەژیا.

٧- چیرۆکی ڕەعنا حەوت دەرپێ و چیرۆک و سەربردەی ئەم ناوە.

٨- چیرۆکی خێزانی کاڵێ کە بریتییە لە ڕەحیم کۆترباز و دوو برای کوێری و شەڕی بەردەوامی کاڵێ و ڕەحیم.

٩- چیرۆکی تایبەتی هەریەک لە ناسر و ئەفسانە.

١٠- چیرۆکی کوورش برادەری جەلالی چیرۆکنووس کە یەکتر دەبیننەوە و کوورش ژیانی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و لەهەمان کاتیشدا چەند چیرۆکێکی دیکە بۆ چیرۆکنووس دەگێڕێتەوە، وەک گێڕانەوەی بەشێکی ژیانی ناسری کە لە چاپخانەدا بۆ جەلالی چیرۆکنووس دەگێڕێتەوە.

١١- چەند کورتیلە چیرۆکێکی جیاجیای دیکەی دەورووپشتی حەسارەکەی ماڵی فەرهاد وەک، دەرویش فەتاح، ماشەڵا پۆستچی، خات پەریزاد، حاجی شەلە، وەستا تورکەی دەلاک.. کە ئەمانە هەموو لەناو چیرۆکی فەرهاد و کاڵێ-دا چیرۆکەکانیان دەگێڕدرێتەوە.



## کەسایەتی لەم ڕۆمانەدا

لەم ڕۆمانەدا کەسایەتی سەرەکی جەلالی چیرۆکنووسە کە چیرۆکی سەرەکی فەرهاد و کاڵێ دەنووسێ و چەندان چیرۆکی دیکەیش دەخاتە ناو ئەو چیرۆکەوەو لە چیرۆکەکەی خۆشی کەسایەتی سەرەکی فەرهاد و کاڵێ-یە، ئینجا کەسایەتییەکانی دیکە دەخاتە ناو چیرۆکەکەی و هەموویان لە گێڕانەوەی ڕۆماننووسدا بەشدارن بە گوێرەی ڕادەی بەشداری پێکردنیان و ئەو ڕۆڵەی کە ڕۆماننووس پێی داون و دەتوانین کەسایەتییەکانیش بەم شێوەیە لە ڕۆمانەکەدا دەستنیشان بکەین:

* جەلالی چیرۆکنووس لەگەڵ خێزانەکەی کە پێکهاتوون لە بارام/ برای مونیرە و رووناکی/ خوشکی و نەشمیلی کچی مونیرەی خوشکی.
* کەسایەتی فەرهاد و کاڵێ لەپاڵ ئەوانیش پیرەژنەکە و خێزانی کاڵێ کە پێکهاتووە لە ڕەحیمی قومارچی و کۆترباز و دوو برا کوێرەکەی.
* ئەفسانە و لەیلا خۆشەویستی جەلالی چیرۆکنووس.
* ناسری سێتارژەن ئەو پیاوە دەوڵەمەندەی بوو بە مێردی ئەفسانەو پاشان شێت بوو.
* کوورش برادەری جەلالی چیرۆکنووس.
* میرزا سەعید باوکی سەعید جەلالی چیرۆکنووس لەگەڵ ڕەعنا خانمی دایکی جەلالی.
* ئەنوەر و نەسرین دۆست و دراوسێی ماڵی جەلالی چیرۆکنووس.
* کەسایەتی دەرهێنەرە ئێرانییەکە کە خەڵکی تارانە و لەئەڵمانیا گەڕاوەتەوە تا چیرۆکێکی جەلالی بکات بە فیلم.

ئەمانەو چەندان کەسایەتی دیکە کە لە پەراوێزی گێڕانەوەی ڕۆماننووسدا لابەلا ناویان هاتووە و ڕۆڵێکی بچووکی ناسەرەکییان لەم ڕۆمانەدا پێدراوە، وەک کەسایەتی هەر یەکێک لە: دەروێش فەتاح، ڕەعنا حەوت دەرپێ، ماشەڵا پۆستچی، خات پەریزاد، حاجی شەلە، وەستا تورکەی دەلاک، جووتە برا کوێرەکەی کاڵێ، مێردەکەی مونیرە، کەسایەتی ژەنەڕاڵ، گەنجە ڕۆژنامە فرۆشەکە، چایەچییەک، دوکاندارێک، خانم مونشی برادەرەکانی ڕەحیم، خێزانی بارام، ئەو ژن و پیاوەی لەگەڵ دەرهێنەرەکەن..تاد.

لە ڕاستیشدا ڕۆمانەکە سەربردەی کەسە ئاشقەکانە دەتوانن بەم هاوکێشەیە دەربیرین:

فەرهاد ———— کاڵێ

جەلالی چیرۆکنووس ┬── ئەفسانە
                 └── لەیلا تلووعی

## کات و شوێن لەم ڕۆمانەدا

١- کات

کاتی دیاریکراوی سەرەکی ڕۆمانەکە، چەند ساتێکی دەستنیشان کراوە وەک لەسەرەتای دەستپێکردنی ڕۆمانەکەوە بەخۆسووتاندنی کاڵێ دەست پێدەکات کە وەک گلۆڵە گرێک خۆی لە دەرکەی حەسارەکە دەخاتە ناو کۆڵان و بێدەنگی کۆڵان دەشکێنێ.. کۆتایی ڕۆمانەکەش هەمان دیمەن دەبێت ئەو کاتەی کە چیرۆکنووس چیرۆکەکەی تەواو دەبێت و چیرۆکێکی دیکەی ڕۆماننووس دەست پێدەکات، بەڵام لە پاڵ ئەو کاتە دەستنیشان کراوە و سەرەکی ڕۆمانەکەوە ڕۆماننووس لەم کاتە دەچێتە دەرەوە و کاتی دیکەمان بۆ دیار دەخات کە ماوەکەشی فراوانتر دەبێت، بەهۆی گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکەو بەتایبەتیش چیرۆکی فەهاد و کاڵێ کە چیرۆکنووسی وەک چیرۆک لە ناو چیرۆکدا دەینووسێ و لەپاڵ ئەم چیرۆکانەشدا چیرۆکنووس لەناو ئەو چیرۆکەدا بۆ چیرۆکەکانی دیکەیش کە هی کەسانی دیکەیە و بەهۆی گەڕانەوە بۆ دواوە واتە بۆ ڕابردوو وات بەهۆی فلاش باک یا بەهۆی شەپۆلی هۆش چیرۆکنووس کاتی جیاجیامان بۆ دەستنیشان دەکات کە هەندێکیان ماوەکەی درێژ و هەندێک کاتیش ماوەکەی کورتە، کەواتە ڕۆماننووس بە دوو زەمەنی جیاواز دەقەکەی دەنووسێ وەک (جاران ڕیکاردۆ) لە کتێبی (کێشەکانی ڕۆمانی نوێ)دا ئەم کاتەی کردووە بە دوو ئاستی جیاواز یەکێکیان کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە و ئەوەی دیکەش کاتی چیرۆکە بیرلێکراوەکەیە وەک دەڵێ «ئەگەر هەر کارێکی ئەدەبی ڕۆمان سەربەخۆ نەبوو لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کە بنیاد دەنێت، پێویستە ئەوکاتە تێبینی بەکاتبوونەکەی لەسەر دوو ئاستی جیاوازەوە بکەین کە هەردوولا دەستنیشانی هەریەک لە کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەو کاتی چیرۆکە بیرلێکراوەکە دەکەن..»(٧).. لەم ڕۆمانەدا وەک وتمان کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە ئەم کاتانەیە کە کاڵێ خۆی تێدا دەسووتێنێ و وەک لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە باسی لێوەکراوە و لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا لەوێ کۆتایی پێدێ، بەڵام کاتی چیرۆکە بیرلێکراوەکە ئەو کاتانەن کە لە ناو چیرۆکەکەدا بەهۆی گەڕانەوە بۆ کاتی دیکەو بۆ ڕابردوو بیری لێ کراوەتەوە و دەتوانین نموونەی چەند کاتێکی جیاجیا لەم ڕۆمانەدا بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

* بارام دەڵێ «تۆ ساڵەهایە لێرە نەبووی.. ل٢٢».
* هەشت ساڵ شەڕ.. ل٢٢».



* دە ساڵە حەسارەکەیان چۆڵ کردووە.. ل٢٢.
* چەندان کاتی دیکە وەک، چێشتانێکی درەنگ، دوو ڕۆژی ڕابردوو، دوێنێ، ئیمشەو، تا بەیانی، دوای چەند ساڵ، ئەم ڕۆژە ساردانە وەرزی سەرما.
* ڕابردوو و ئێستای کاڵێ.. «لای کاڵێ هەموو شتێک لە ئێستاوە دەست پێدەکا، لەو ساتەوە کە فەرهادی تێدا دەبینێ.. ل٨٧.
* کاتەکانی ڕابردووی فەرهاد، کاڵێ، جەلالی چیرۆکنووس، بارام ئەفسانە، ناسری سێتارژەن، لەیلا تلووعی... تاد. هەموو پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە.

بێ گومان پێکهاتەی کاتیش لە دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی پێکدێت کە لە ڕۆماندا دەتوانرێ تێکەڵ یەکتریش بکرێن، بەڵام ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا تێڕوانینی بۆ کات بەم شێوەیە کە لە لاپەڕە (٣٤)ی ڕۆمانەکەدا دەڵێ «ئیمڕۆ سبەینێی دوێنێیە»، بەڵام لەم ڕۆمانەدا نووسەر کاتەکانی دوێنێ و ئەمڕۆ و سبەی بە ڕوونی لێکتر جیاکردۆتەوەو هەموو کاتەکانیش بەجوانی بەرجەستە کراون.

٢- شوێن

لە ڕۆماندا شوێن ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، چونکە هەموو ڕووداو و کێشمەکێشیان لەسەر ئەو ڕووبەرەدا جووڵە و ئاڕاستە دەکرێن هەروەک (غالب هلسا)ش لە بارەی ڕۆڵی شوێن لە ڕۆماندا ئەوا «ئەو بڕبڕەی پشتەیە کە بەشەکانی ڕۆمان پێکەوە دەبەستێتەوە..»(٨)، هەروەها لەگەڵ کاتدا تەواوکەری یەکترن، ئەگەرچی بەلای هەندێک لێکۆڵەرەوە لێکتر جیان. لەم ڕۆمانەدا نووسەر بایەخێکی تەواوی بە شوێن داوەو شان بەشانی گێڕانەوەکەی دەتوانین هەموو شوێنەکان بناسینەوە وەک: حەسارە بچووکەکەی شوێنی ماڵی کاڵێ، کۆڵانی ماڵی کاڵێ، حەسارە گەورەکەی ماڵی میرزا سەعیدی باوکی جەلالی چیرۆکنووس، حەوزی ئاوی ناو حەسارەکە، دیوەخان و ئاشپەزخانە و حەمام و پلیکانە و ژووری بارام، ژووری کچەکانی، ژوورێکی ژێرخان، هۆڵ، هەیوان.. تاد. ئەمانە هەموو هی حەسارەکەی ماڵی چیرۆکنووسن..، ژووری فەرهاد، هەیوان بەشێکی شار، گەڕەکەکانی، شەقامەکانی، کانییەکانی، ماڵی پیرەژنی لای فەرهاد، ژووری سەرکۆڵانەکە، چایخانە، خانوویەکی بچووکی ناو شار، زیندان، مۆزەخانە، سەربان، پارک، مزگەوت، قەیسەری، هۆڵی مەحکەمە، نەخۆشخانە، چوار ڕێیانێک، کۆڵانێکی تەنگەبەر، دالانێکی تاریک..تاد.

ڕۆماننووس لە وەسفی شوێنەکاندا ئەوەندە جوان دەینووسێ، خوێنەر وادەزانێ

شوێنەکانی لە پێش چاویدان و دەیانبینێ وەک: «لە ژوورێکی تەنگ و تاریکدا بەهۆش خۆی دێتەوە فەرهاد. ژوورێک بەقەدەر مەبالێک. بەبێ هیچ دەلاقەو ڕۆچنەیەک. لا دیوارێکی ژوورەکە ئاسنە..تاد». ل٥١.

یا لە شوێنێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا، ڕۆماننووس زۆر بەجوانی شوێنەکانی کۆڵانەکەی ماڵی فەرهاد وەسف دەکات کە دەتوانین چەند نموونەیەکی لێ وەرگرین:

«فەرهاد نانەکەی وەرگرت و ڕێ کەوتەوە، ئەمیش شوێنی کەوت، ئێستا ئەویش ماڵ بەماڵی کۆڵانەکەی دەناسی. یەکەم ماڵ ماڵی دەروێش فەتاح بوو، سێ ماڵی تووناوتوون لەسەر حەسارێکی درێژ و باریک.. چەند ماڵ بەولاوەتر ماڵی ڕەعنا حەوت دەرپێ بوو.. بەولاوەتر ماڵی ماشەڵا پۆستچی بوو... بەرامبەر ماڵی ماشەڵا، ماڵی خات پەریزاد بوو.. دیسان بەولاوەتر، لە پشت دووهەم پێچی کۆڵانەوە ماڵی حاجی شەلە بوو.. وەستا تورکەی دەلاکیش درراوسێی ماڵی کاڵێ بوو..تاد». ل١٢.

لێرەدا ڕۆماننووس، وێنەکانی شوێن ئەوەندە بە جوانی بەرجەستە دەکات کە شوێنێک لە یادەوەری خوێنەر داگیر دەکەن وا دەکات لە بیری نەچێتەوە بە هۆی ئەم شوێنانەوە شوێنی دیکەی بیر بکەوێتەوە وەک «باشلار» لە کتێبی (جوانکاری شوێن)دا دەڵێ «شوێن تەنیا لە شێوەی وێنەدا ناژێیت، بەڵکو لەنێو مێشکماندا وەک کۆمەڵێک لە کاردانەوە دەژێیت. جا ئەگەر تەنانەت لە شەوانیشدا بۆی بگەڕێینەوە ئەوا ڕێگای خۆمان لە ناویدا دەدۆزینەوە. ئەم شوێنەش دەگاتە ڕادەیەک لە هێز وا لە خوێنەر دەکات لە خوێندنەوەی بوەستێ بۆ ئەوەی یادەوەری شوێنی تایبەتی خۆی بیر بکەوێتەوە..».(٩)

کاک (عەتا نەهایی)ش لەم ڕۆمانەدا شوێنەکاری ڕۆمانەکەی ئەوەندە بەشێوەی هونەرییانە وەسف کردووە، خوێنەر لەکاتی خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا وا هەست دەکات لە بەرامبەر شاشەیەکی سینەمادایە و بەجوانی شوێنەکان دەبینێ، بەڵام کە دەشیان بینێ شوێنی دیکەی هاوشێوەی ئەم شوێنانەی بیر دەکەوێتەوە، ئەمەش جوانکارییەکی دیکەی بە ڕۆمانەکەی داوە.

## ناونیشان لە گوتاری مانادا

ناونیشانی هەر بابەتێک وەک سەری جەستەیەک وایە، چۆن ئەم جەستەیە ناتوانێ بێ سەر بژیێ، ئاواش هیچ دەقێک ناتوانێ بێ ناونیشان بوونی خۆی بسەلمێنێ، ناونیشانیش گوزارشت لە بونیاد و ناوەرۆکی دەقەکە دەکات..



لەم ڕۆمانەدا ناونیشانەکەی (باڵندەکانی دەم با) گوزارشت لە ساتە دۆڕاوەکانی ژیانی پاڵەوانی چیرۆکەکانی دەکات کە وەک باڵندە سەر بڕاوەکان بەدەم باوە ڕۆیشتوون و توانای فڕینیان لێ سەندراوەتەوە و وەک باڵندە کوێر و سەرلێشێواوانە بەدەم باوە پڕ چەرمەسەری تاڵی ڕۆژگاریان پێچاوەتەوە و گەردەلوولی ڕۆژگاری تاڵ و دەستی ڕەشی چەوسێنەر ڕایماڵیون و هیچ هێز و توانایەکیشیان نەبووە جگە لە هەڵفڕین بەدەم باوە کە بەباڵ شکاوییەوە ژیانی خۆیان لە زەمەنێکەوە بۆ زەمەنێکی دیکە گوێزراوەتەوە و ڕۆماننووسیش بۆتە تۆمارکەری چیرۆکی دەم ئەو ڕۆژگارە تاڵانە، کە نەک تەنیا ئەو ڕۆمانە بگرە ڕووداو و کارەساتەکانی ئەم میللەتە سەدان تۆماری هاوشێوەی لێ دەگێڕدرێتەوە و کارەساتی ئەم باڵندانەش نەک هەر ڕۆمان، بگرە تۆماری داهێنانی هەموو ژانرەکانی دیکەو مادەی خامی دەیان داهێنانی دیکەن.. ئەوەتانێ خۆی لە ناو ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە گوزارشت لە ناونیشانەکەی دەکات «ئەم با و گەردەلوولە بۆ دوایی نەدەهات؟ لەودیو پەنجەرەی ژوورەکەی فەرهادو لەو فەزا تاڵ و خۆڵەمێشییەدا، گەڵای درەختەکانی ئەو حەسارە کە پێشتر گرتبووی بەلامەوە غەریب نییە، بە دەم باو گەردەلوولەکەوە بوون. وەک پۆلە باڵندەیەکی کوێر و سەرلێشێواو، هەریەکە بەلایەکدا دەفڕین و لە شوێنێک– لە کوێ؟ دەگیرسانەوە.

ئەم باڵندە کوێر و سەرلێشێواوانە، ئەم ڕەسمە کۆن و هەڵپرووکاوانە، ئەم یادە کاڵ و بێ ڕەنگانە، ئەم ڕۆژە دوور و فەرامۆش کراوانە، ئەم ساتانەی دەم با و گەردەلوول چۆن کۆدەبنەوە؟ ئەم ڕووداوە قەوماو نەقەوماوانە چۆن یەک دەگرنەوە؟

ئەم جەستە پارچە پارچە بووانە چۆن دەبنەوە بە یەک جەستە؟ ئەم زەمەنە پرژوبڵاوانە چۆن دێنە سەر هێڵێکی ڕاست؟ ئەم هەموو چیرۆکە فەرامۆش بووانە چۆن وەبیردێنەوەو، چۆن لە چوارچێوەی چیرۆکدا دەنووسرێتەوە؟..». ل١١٥.

## ئەنجام

لە کاتی لێکۆڵینەوە لە زۆر لایەنی ئەم ڕۆمانە بۆمان دەرکەوت کە نووسەرەکەی (عەتا نەهایی)، بە زمانێکی شیعری جوان و کوردییەکی پاراو نووسیویەتی، ئەمەش هێزێکی دیکەی بە ڕۆمانەکە داوە و لە هەمان کاتیشدا هەست بە ناسنامەی کوردی دەقەکە دەکرێ کە لە ڕووی ناوەرۆکەوە کەرەستەکانی گێڕانەوە و ڕووداو و دیمەنەکان شێوەیەکی ڕیالیزمی هاوچەرخی بەخۆیەوە گرتووە و گوزارشت لە کۆمەڵگەی کوردەواری دەکات و هیچ

لاسایییەکی ڕۆژئاوایی و ئەمریکایی لاتینی و ئەدەبی میللەتانی دەوروبەری پێوە دیار نییە، ئەگەر خەیاڵ و باکگراوەند و خەیاڵیش بەکارهاتبێت، ئەوا هەمدیس خۆماڵییانە مامەڵەی هونەری دەگەڵدا کراوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ کە دەقی جوان ئەگەر ڕیالیزمییش بێت دەکرێ وەک داهێنان و تۆمارو دەقی چاک بخوێنرێتەوە لە سەردەمێکدا کە لای گەلێک لە ڕەخنەگر و نووسەرانی کوردی خۆمان باو باوی دەقی فانتازیا ئامێزو خەیاڵی و واقیعی سیحریین و کەرەستە نامەئلووفەکان ڕەواجیان پێدراوە، بەڵام لەم دەقەدا یا لەو ڕۆمانە هونەرییە جوانەدا، (عەتا نەهایی) ئەوەی سەلماندووە کە دەکرێ لە دەقی ڕیالیزمیشدا داهێنان و تۆماری هونەری خۆیان بکەن و خۆیان بەخوێنەری ئەمرۆ بناسێنن، بەڵام لەگەڵ ئەوەش ڕۆماننووس وەک لە ناونیشانی باسەکەماندا ئاماژەمان پێ داوە لە ڕووی شێوەی نووسینی ڕۆمانەکەوە پەیڕەوی هونەری میتاڕۆمانی کردووە کە جۆرە نووسینێکی ڕۆمانە بایەخ بە بەکارهێنانی چیرۆک لەناو چیرۆکدا دەدات و نووسەر خۆی لە خوێنەر ئاشکرا دەکات و ئاگاداری دەکاتەوە و قسەشی لەگەڵدا دەکات، لە هەمان کاتیشدا نووسەر چەندان تەکنیکی دیکەی بەکارهێناوە وەک فلاش باک و خۆدواندن و بەکارهێنانی مۆنتاژی سینەمایی و سوود وەرگرتن لە مۆسیقا و تابلۆو بەکارهێنانی دیمەنی فانتازیا و خەون و خەیاڵ و تێکەڵکردنی واقیع و ئەندێشە و گێڕانەوەی بازنەیی و تێهەڵکێش کردنی شیعرو سوود وەرگرتن لە فۆلکلۆرو بەکارهێنانی شێوازی فرە دەنگی لە گێڕانەوە و تێکەڵکردنی کاتەکان و دەیان تەکنیکی دیکە، ئەمانەش هەموو لە ناو زمانێکی شیعری و کوردییانەی ڕەسەن بەرهەم هێنراون کە تەشویقێک و چێژێک بەخوێنەر دەدات تا واز لە خێندنەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە نەهێنێ، بەمەش دەتوانین بڵێین ڕۆمانی کوردیش هیجی لە ڕۆمانی جیهانی کەمتر نییە، شێوەی چاپ و دەرهێنانی هونەری ڕۆمانەکەشی ئەوەندەی دیکە ڕۆمانەکە شیرنتر و جوانتر دەخەنە بەردەم خوێنەر، بۆیە خۆزگەی بەرهەمی زیاتر بۆ نووسەرانی کوردستانی ئێران دەخوازین، بەتایبەتیش لە نووسینی ڕۆماندا، سەرکەوتنی زیاتریش بۆ برای ڕۆماننووس دەخوازین.



**کارتی ڕۆمانەکە**

عەتا نەهایی: باڵندەکانی دەم با – ڕۆمان.
بڵاوکەرەوە: نەشری ژیار – سنە.
لەسەر ئەرکی ئەنستیتووی کوردی تاران چاپ کراوە.
چاپخانە: نقش ایران.
تیراژ: ٢٠٠٠
قەوارە: مامناوەندی
ژمارەی لاپەڕە: ٢١٩
چاپی یەکەم
ساڵی چاپ: ٢٠٠٢

**پەراوێزەکان**

(١) جيرمي هورثون، مدخل لدراسة الرواية، ت: غازي درويش عطية، ص٣٤.
(٢) ميلان كونديرا، هل تتخلي الرواية عنا؟ ملف ماوراء الرواية/ مجلة آفاق عربية، العدد (٥)، السنة السادسة عشره، ١٩٩١، ص٨٩.
(٣) حسونة المصباحي و صبار االسعدون، ملف ماوراء الرواية– المقدمة/ مجلة آفاق عربية، العدد (٥)، السنة السەدسە عشره، ١٩٩١، ص٨٥
(٤) هەمان سەرچاوە، ل٨٥.
(٥) روبرت ف – كيرنان، ماوراء الرواية، ت: صالح مهدي حميد، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد الثاني، السنة الثامنة ١٩٩٨، ص٦٥.
(٦) حسونة المصباحي و صبار السعدون، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥.
(٧) جان ريكاردو – قضايا الرواية الحديثة، ت: صياح الجهيم، ص٢٤٩.
(٨) غالب هلسا، المكان في الرواية العربية – في كتاب الرواية العربية واقع وآفاق، تأليف جماعي، ص٢١٠.
(٩) غالب هلسا، هةمان سةرچاوةي پيشوو، ل٢٢٤.

سەرچاوەکان

(١) جيرمي هورثون، مدخل لدراسة الرواية، ت: غازي درويش عطية، سلسلة المائة كتاب، دار الشؤون الثقافية العامة، مطابع دار الشؤون االثقافية العامة، بغداد، (١٩٩٦).
(٢) جان ريكاردو – قضايا الرواية الحديثة، ت: صياح الجهيم، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد

القومي، مطبعة بوزارة الثقافة، دمشق (١٩٧٧).

(٣) غالب هلسا، المكان في الرواية العربية - في ضمن كتاب الرواية العربية واقع وآفاق، تأليف جماعي، دار ابن رشد للطباعة و النشر، بيروت، ط/ ١، (١٩٨١).

(٤) ميلان كونديرا، هل تتخلي الرواية عنا؟، ضمن ملف ماوراء الرواية، ت: حسونة المصباحي وصبار السعدون، مجلة آفاق عربية، العدد (٥)، السنة السادسة عشرة، (١٩٩١).

(٥) حسونة المصباحي و صبار السعدون، مدخل الي ماوراء الرواية: فكرة أولي - ضمن ملف ماوراء الرواية، مجلة آفاق عربية، العدد (٥)، السنة السادسة عشرة، (١٩٩١).

(٦) دروبرت ف - كونان، ماوراء الرواية، ت: صالح مهدي حميد، مجلة الثقافة الاجنبية، العدد (٢)، السنة الثامنة، (١٩٩٨).



# مێژوو وەک هونەر
# لە مەرگی تاقانەی دووەمدا

دەقی زیندوو هەمیشە ئەم دەقانەیە کە زوو خۆ بەدەستەوە نادەن و ڕاڤەی زۆر هەڵدەگرن و خوێنەر بۆ ناو دەلالەتە شاراوەکان یان بۆ مانای شاراوەی دەق شۆڕدەکەنەوە و ماندووی دەکەن و لە کۆتاییشدا خۆراکێکی وا بەتام و چێژی دەداتێ کە مێشکی هەراسان و ماندووی ناو ئەم توولە ڕێیانە دادەمرکێتەوە.. لە ڕۆمانی نوێدا هیچ شتێک وەک ڕۆمانی لاسایی جاران ئەم پیرۆزییەی نییە بگرە هەموو سنوورەکان لەبەردەم ڕۆماننووسدا کراوەو ئاوەڵان بەتایبەتیش سێیانەی مۆباسانی یان چیخۆفی سەرەتاو گرێ چن و کۆتایی... ڕووداویش هەروەک تەکنیک دەتوانرێ لە ساتەوەختێکی کەم و شوێنێکی بێ بایەخ، کەسایەتییەکی نادیار تیمەکانی بچنرێن و ئێستاش بایەخ بە گێڕانەوەی فرە دەنگی دەدرێ وەک (فۆکنەر) لە ڕۆمانی (هەراو زنا و توند و تیژی)دا کردوویەتی.. ڕۆمانی نوێ بایەخ بە گێڕانەوەی ئاسایی نادا کە چیرۆکنووس وەک هەقایەتخوانی جاران دیمەنەکانی ناو ڕۆمانەکەی بە زمانێکی سادە و ساکار بگێڕێتەوە، بەڵکو بە هۆی هێماو گێڕانەوەی ڕووداوی مێژوویی یان کۆمەڵایەتی کە ڕەنگە لە کاتێکی زۆر کورتی ماوەی دیاریکراوی ڕۆمانەکەدا بە وێنە کێشانێکی هونەری وێنەکانی یەک بەدوای یەکی ناو ڕۆمانەکە کە پشت بە تێهەڵکێش کردنی فانتازیا ئامێز دەبەستێ لە بەکارهێنانی مۆتیڤی ئەفسانەیی یان خورافی بە دەربڕینی زمانێکی شیعری هێما ئامێز.. دەکرێ ڕۆمانێکی نوێ باس لە کارەساتێکی مێژوویی بکات، بەڵام لێرەدا ڕۆمانەکە بە شێوەیەکی ئەوەندە هارمۆنی و هونەری دەچنرێت کە ئێستاتیکەی دەقەکە ڕووداوە مێژووییەکە بکاتە بەشێک لە دەربڕینی هونەری دەقەکە، گەلێک جاریش ڕۆماننووس مۆتیڤی هونەری لە شێوەی سەرەداو یان لوغز دەداتە خوێنەر کە لەگەڵ سەمتی (نەسق)ی ناو ڕووداوەکان چینێکی هونەری دەستەبەر دەکات، یانیش بۆ خۆی مێژووی میللەتێک دەگێڕێتەوە یان دەربڕینی کات و شوێنێکی ئەم مێژووەیە، بەڵام ڕۆمانەکە ئەوەندە فانتازیا ئامێزە ئەگەر خوێنەری زیرەک نەبێ ئەم سەرەداوە مێژووییانە کە بەشێوەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ نەنووسراون بزر

دەکەن، ئەمەش شێوەیەکە لە دەربڕینی نوێی ئێستا لە ڕۆماننووسیندا برەوی هەیەو بۆتە بەشێک لە نوێخوازی، دەربڕین بەڕستەی وەسفی ناباو دیمەنی ئەفسانەیی ناو ڕۆمانەکە دەخاتە قالبێکی سیحر ئامێزی دەقەکەو جوانکارییەک دەداتە خوێنەر کە جاری وا هەیە لە دالێکدا دوو مەدلوول بەدەستەوە دەدرێ ئەمەش لە مەدلوولی دووەمدا بەدەستەوە دەدرێ لە مانای شاراوەی ناو دەقەکەدا دەخوێنرێتەوە.

هەروەک (جان کۆهین) لە کتێبی (بنەمای زمانی شیعری)دا ناوی دەنێ مەدلوولی یەکەم و مەدلوولی دووەم.. ئەوجا بە ئەفسانە کردنی مێژوو لە ڕۆماندا لای ڕۆماننووسی بە توانا زمانێکی شیعر ئامێزی پێ دەبەخشرێ کە دەتوانێ لە چینی هونەریدا جوانکارییەک بە دەقەکە بدات و شێوازێکی دەربڕینی نوێ بۆ ڕۆماننووس تۆمار بکات بە شێوەیەک لەگەڵ ڕۆماننووسی ئاساییدا جیا دەکرێتەوە وەک لای (سەلیم بەرەکات)ی خۆماندا دەبینرێ. ئەوەی ڕۆمانی ئێستای پێ دەناسرێتەوە لەم ساڵانەی دواییدا ئەمەیە کە ڕۆماننووسی نوێ هەوڵی خۆ دەرباز بوون لە قۆناغی پێش خۆی دەدات، بەنیسبەت ڕۆمانی کوردییەوە دەتوانین چەند هەوڵێکی مژدە بەخشی وەک (کاولاش)ی (عەبدوڵڵا سەڕاج)و (درز)ی (کاکە مەم بۆتانی)و (ئاوێنە سەرابییەکان)ی (هیوا قاد)و (مۆسیقای مەرگی ناوەختە)ی (سەلاح جەلال)و (وڵاتی تارمایی)ی (سەلاح عومەر) و (ئەژدیها)ی محەمەد موکری و....تاد. ئەمانە نموونەی ئەم ڕۆمانانەن کە بەم دواییانە بە شێوازێکی جیا لە شێوازی پێش خۆیان نووسراون، ئەگەرچی ئێمە باسی هەموو ئەم ڕۆمانە نوێیانەش ناکەین کە ڕەنگە هەر ئەوەندەمان لەبەر دەست یان لە بیر بن و لەگەڵ ئەوەشدا باسی هەوڵەکانی پێش خۆیان ناکەین تەنانەت لە نوێترین ڕۆمانی پێش کاتی ئێستاشمان و دوا هەوڵی نوێی ئەم بوارەش وەک ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولوود مەم)، چونکە ئەم هەوڵانە پێش ساڵانی نەوەدەکانن.

ئەوەندە هەیە ئەم تەکانەی ئەمڕۆ نووسینی ڕۆمان بەخۆیەوە دەبینێ تۆمارێکی پڕ شانازی بۆ گوتاری ڕۆمانی کوردی دەنەخشێنن کە زۆر نالەبارە ئێستا کە بوترێ ئێمە ڕۆمانمان نییە.. ئەم ڕۆمانەی شاعیر و ڕۆماننووس (بەختیار عەلی) کە ئەمساڵ لە سوید بەناوی (مەرگی تاقانەی دووەم) چاپ کراوە هەوڵێکی ترێ نوێیە و مژدە بەخشە لە کەرنەڤاڵی ئەمڕۆی گوتاری ڕۆمانی کوردیدا..

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە وەک ڕۆمانێکی ئاسایی جاران نییە لە چەندان دەلاقەوە



دەتوانرێ خوێنەر بخزێتە ناو ئەم دەقەوە.. دەهالیزەکانی ناو ڕۆمانەکە ئەوەندە دوورو درێژ و قووڵن جاری وا هەیە ئەو خوێنەرە ناتوانێ وا بەئاسانی لە ناو دەقەکە بێتە دەرەوە.. هێماو دەلالەتەکان کەش و هەواو سرووتێکی ئەفسانەییان دەبەر ڕۆمانەکە کردووە.

پاڵەوانی ڕۆمانەکە ئەوەندە زۆرنین، بەڵام هەموویان بەشدارن لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە یان چیرۆکی ناو ڕۆمانەکە کە تەوەری سەرەکی کوشتنی ئەشرەف و جەستەکەیەتی لە کۆشکی داپیرەدا وەک لە ناوی ڕۆمانەکەشدا بەدیار دەکەوێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا شتەکانی تریش دێنە گفتوگۆ و دەبنە (ڕاوی) لە هەمووشی سەیرتر و ئەفسانەیی تر قسەکردنی ئەشرەفی مردووە یان جووڵانەوەی سیحر ئامێزی ناو ڕۆمانەکەیە فەزاو ڕەهەندی ڕۆمانەکەی فراوان کردووە و شێوازی گێڕانەوەشی بۆ جۆرێکی تر گۆڕیوە وەک گەڕانی دەستێک لەناو کۆشکەکەو دواییش لە گیرفانی (تاقانەی دووەم)دا دەگەڕێ بە دوای کاغەز و نووسراوە نهێنییەکاندا کە پاشان دەزانرێ ئەوە دەستی هاوڕێکەی (ئەشرەف) بووە، نایەوێ نهێنییەکان ئاشکرا بن، بۆیە بە شێوەیەکی سیحر ئامێز بەدوای بەڵگەنامەکاندا دەگەڕێ ئەم پیاوەش (خورشیدی جادوو باز)ە... ڕۆماننووس لە سەرەتای ڕۆمانەکەیدا بە هەڵکردنی ڕەشەبا و گەردەلوول بۆ ناو کۆشکەکەی داپیرە هەموو کون و کەلەبەرێکی ناو ماڵەکە بەم گەردەلوولە سیحراوییە دادەپۆشرێ و ئەشرەفیش لە ناو ئەم ڕەشەبا و گەردەلوولە بەهێزەدا کە ماڵەکەی داپیرە لە بن و بۆتکەوە دەهەژێنێ ئەوا مردووە و جەستەکەی جێگای مشتومڕی گێڕەرەوەکانە وەک چۆن جەستەکە لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا ڕاکشاوە لە کۆتاییەکەشی ئەو جەستە دەخرێتە سەر شان و بەرەو گۆڕستان بەڕێ دەخرێن بە هۆی خەڵکانێکی هەژار و دوور لە هەچ دەورێکی ناو کۆمەڵ کە هیچ پێوەندییان بە دنیای سیاسەتدا نییە.. لەوێدا دەسەڵاتداران پەلەی ناشتنیانە و داوا لە مەلا دەکەن زوو کۆتایی بە مەراسیمی شاردنەوەکە بێنێ، چونکە گوێیان لە قسەکانی بووە ئینجا داوا لە خەڵکەکەش دەکەن کە هیچ شتێک سەبارەت بە کەرنەڤاڵ و ڕووداوەکان نەدرکێنن و بێ دەنگی بپارێزن، ئینجا کە شەو دادێ و پەرتەی لێ دەکەن و دابەشیان دەکەن و بەیەکتر دەڵێن شەو باش.. لێرە هاتنی شەوەکە هێمایەکی تاریکییە وەک چۆن لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا بە گەردەلوول و ڕەشەبا سیحراوییەکە دەست پێ دەکاو ئاوەهاش لە سەرەتاوە ڕووکاری بە مێژوو بوونی ڕووداوەکان دەسەلمێنێ وەک ئەوەی لە دێڕی یەکەمی ڕۆمانەکەدا دوو سەدە پاش کوژرانی ئەمیر شەرەفەدین بەدەستی پیاوانی سوڵتان ئاشکرا دەکات ئەمەش لە سەرەتاوە ڕێچکەی ڕۆمانەکە بەرەو مێژووی کورد شۆڕ دەکاتەوە و کارەساتی

کوشتنی ئەشرەفیش دەستپێکردنی کارەساتە خوێناوییەکەی یان مێژووە خوێناوییەکەیەتی کە بەر لە دوو سەدە دەستی پێ کردووە و ئێستا بە هاتنی شەوەکە کۆتایی پێ دێت دوای ناشتنی ئەشرەف... واتە کاتی دیاریکراوی ڕۆمانەکە ماوەیێکی مێژوویی دوور و درێژی هەیەو تا ئێستاش بەردەوامە ئەمە وەک کاتی مێژوویی ڕۆمانەکە، بەڵام کاتی دیاریکراوی ڕۆمانەکە لە کوشتنی ئەشرەف دەست پێ دەکات تا شاردنەوەی و ئەم ماوەیەی کە لە کۆشکی داپیرەدا دەمێنێتەوە، بەڵام بە هۆی فلاش باک و شەپۆلی هۆش و مۆنتاژی کات و شوێن و هەموو بەکارهێنانە هونەری و فانتازیاکان ئەوا کاتی دەرەوەی ڕۆمانەکە بەرفراوان دەبێ و پلاستیکیەتی پێ دەبەخشرێ.. زمانە شیعرییەکەی ڕۆماننووسیش ئەوەندەی تر جوانکاری بە دەقەکە دەدات و هێماو دەلالەتەکان دەکەن بە ئەفسانە و گێڕانەوەی نا باوی چنراو لە ڕستەی وەسفی شیعری دیمەنە سەیر و سەمەرەکان سرووتێکی نوێ بە گێڕانەوەی سەمتی (نەسق) ڕۆمانەکە دەدەن.. وەک کەسایەتی ئەشرەفی مردوو کە جەستەکەی لە کۆشکی داپیرە دانراوە لەگەڵ داپیرە تەوەری سەرەکی ناو ڕۆمانەکەن و کەسایەتییەکانی تریش ئەگەرچی هەموویان وەک (ڕاوی) ڕۆڵی گێڕانەوەی چۆنیەتی کوشتنی ئەشرەف دەگێڕنەوە یان چیرۆکبێژی ناو ڕۆمانەکەن و هەموویان یارمەتیدەری گێڕانەوەن و پاڵپشتی گێڕەرەوەی سەرەکی دەکەن، ئەگەر چی یەکێک لە پاکیزەکانی ناو کۆشک ڕۆڵی لە هەموویان زیاترە لە گێڕانەوەدا کە ئەمەش دەبێتە شێوازی ڕاوی ئاگادار بە هەموو شتێک و وەک (فیرث) بەمە دەڵێ دەنگی دووەمی ڕۆماننووس ئەوا هەر یەکێک لە گێڕانەوەی کەسایەتییەکانی ترو ڕۆڵی لە ڕۆمانەکەدا شێوازی فرە دەنگی گێڕانەوە بە ڕۆمانەکە دەبەخشێ... لە ڕووی شوێنیشەوە کۆشکەکەی داپیرە بە هەموو ژوور و کەل و پەل و کون و کەلەبەرێکەوە تەوەری گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی لێ ئەنجام دەدرێ، ئەگەرچی ڕەنگبێ بە مانای شاراوەی دەق بە مەدلوولی دووەم من وای دەبینم نیشتمانی ئێمە بێت کە وەک گۆڕەپانێکی ململانێی سیاسی و شارستانی مێژووی ئێمەی تێدا کوژرا بێت و ئەشرەفیش هێمایەک بێت بۆ مرۆڤێکی کوردی ئەم نیشتمانە سەربڕاوە کە خۆی مرۆڤێکی مێژوویییە بە بەڵگەی ئەوەی ئەشرەف لە ناو ڕۆمانەکەدا دەڵێ (باوکم نییە، تەنیا دایکم هەیە) ئەمەش لای من هێمایەکە بۆ بوونی مێژوویەکی کوردی بێ کەس و نیشتمانێکی بێ سەرداو سەرروەری و نقوم بوونی ناو کارەساتی پڕ لە کوێرەوەری، ئەوجا بڕوا بەمە دێنێ کە دەڵێ (سەعیدی سوڵتان بەگ ئەو باوکی هەیە) ئەوەیان تاقانەی یەکەمە و ئەشرەفیش تاقانەی دووەم، بڕوا هێنانی ئەشرەف لەمەدا سەرچاوە هەڵدەگرێ کە سەعیدی زڕبرای بۆیە



باوکی هەیە، چونکە پیاوی بێگانەیە و سەرداری خۆی لەواندا دەدۆزێتەوە کەچی پێچەوانەکەشی لای ئەشرەفە... سەعید و ئەشرەف هەردووکیان تاقانەی یەکەمی داپیرەن ئەو داپیرەی کە دەستی خۆی لەگەڵ بێگانە تێکەڵ کردووە و بەهۆی ئەوانەوە کۆشکێک دروست دەکات تا خواستەکانی ئەوانیشی تێدا دابین بکات ئەم کۆشکەی دوایی پڕ دەبێ لە پاکیزە و پاشانیش بێ ئاگا لە داپیرە لەگەڵ پیاوانی (سەرهەنگ)دا چاوبازی دەکەن، کەچی سەرهەنگ خۆی سەرداری ئەو کۆشکەیە و ئارەزووەکانی خۆی تێدا دابین دەکات و وەک قەڵایەکیش بەکار دەبرێ بۆ کپکردنەوەی دەنگی ناحەز و شۆڕشگێڕانی دژی قەڵاکە کە ئەشرەف ڕابەریان بووە، پێچەوانەکەشی سەعیدی سوڵتان بەگ کە تاقانەی دووەمە پیاوی سەرهەنگەو کۆمەڵێک تاژی هەیەو هەمیشە دژی ئەشرەف و برادەرانیەتی ئەوانەی دەیانەوێ سەرهەنگ بکوژن و خۆیان لە زوڵم و ستەمی ڕزگار بکەن تەنانەت ئەشرەف خۆیشی لە قسەکانیدا کە بە زمانی پاکیزەیەکی ناو کۆشکەکە دەگێڕدرێتەوە هەواڵی کوشتنی سەرهەنگی داوە، لە ڕاستیشدا ئەشرەف کوڕی سەرهەنگە و ڕاستە باوکی نییە و دایکی خۆی دەزانێ کێیە کە ئەو داپیرەیە و بیژووە، بەڵام سەعید خۆی تەنیا بە تاقانەی دەزانێ وەک لە ڕۆمانەکەدا بە ئەشرەف دەڵێ: «تۆ بەرهەمی ئابڕوو چوونەکانی دایکمی و لەم ماڵەدا دەبێ یەک تاقانە هەبێ و ئەویش منم..»... هەر بۆیەش ئەو کێشمەکێشەی نێوان ئەشرەف و سەعید یان بە واتایەکی تر نێوان تاقانەی یەکەم و تاقانەی دووەم دەگاتە چلە پۆپە و چەند جارێک سەعید هەڕەشەی کوشتن لە ئەشرەف دەکات، تا لە دوا دەرەنجامدا بەدەستی سەعید دەکوژرێ، بەڵام لە ڕواڵەتدا سەعید خۆی وا پیشان نادات کە بکوژی براکەیەتی، بەڵام لە یەک بە دوای یەکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و دوای ئەوەی سەعید داوای تۆڵەی دەکاتەوە و خۆشی لەم کوشتنەی بێ ئاگا دەکرد، ئەوجا ڕۆماننووس زۆر زیرەکانە لەسەر زمانی گێڕانەوەی خورشیدی جادووباز کوشتنی ئەشرەف بە دەستی سەعید ئاشکرا دەبێ.. کێشەی جیاوازی بیرکردنەوە و هەڵوێستی نێوان ئەشرەف و سەعید زۆر قووڵن بەڵکو بنەڕەتی و مێژوویین تا وەک ئایدۆلۆژیا و جیهانبینی و ئینتماکردنەوە لێکتر جیان هەر بۆیەش کێشمەکێشمی نێوانیان گەیشتۆتە ڕادەی کوشتن و لەناوبردنی جەستەیی چونکە دیارە بە هزر ناگەن و لەناوبردنیش لای سەعید جۆرێکە لە سەرکەوتن، هەر بۆیەش ئەمیان جارێک ڕاودەنرێ و جارێکی تر ئەوی دیکەیان وەک دەبینین لە ڕۆمانەکەدا گرووپی ئەشرەف ڕاوەدووی سەعید دەنێن و ئەویش خۆی و تاژییەکانی کە ڕەمزی چەکدارەکانیەتی هەڵدێن و دەچنە ناو زێراب و قوژبن و پەناو

پەسیوان ئەوجا دوای ئەمە کەرنەڤالێک ڕوودەدات کە ئەو کەرنەڤاڵە وەک ڕاپەڕین وایە، ڕۆماننووس مەبەستی لێرەدا ئەوەیە کە هەڵسانەوەیەکی مێژوویی ئەم میللەتە نیشان بدات و بەرەنگاربوونەوەی میللەت لەگەڵ دەسەڵات نیشان دەدات و دیاری دەخات کە میللەت بەپشتگیری شۆڕشگێڕان دەتوانێ دەسەڵاتی دژ بە میللەت و بە کرێگیراوانی ڕابماڵێ، بەڵام هەمیشە مێژووی کورد ئەوەی سەلماندووە کە ئەم دەسەڵاتە خائینانە بۆ لەناوبردنی ئیرادەی میللەت، پشتیان بە بێگانە و داگیرکەران بەستووە بۆ یەکلایی کردنەوەی دەسەڵات ئەوەتانێ بۆ سەلماندنی ئەم ڕایەمان هەر لەم ڕۆمانەدا (بەختیار عەلی) ئەوەمان نیشان دەدات کە سەعید دوای شکانی بەدەست جەماوەر و دەستەی شۆڕشگێڕان و بۆ کپکردنەوەی دەنگی شۆڕش و ئیرادەی چاکەخوازی و بە سەرکەوتنی لایەنی شەڕخوازی پشت بە سوپایەکی زۆر زل دەبەستێ و خۆفرۆشی بۆ دەکات و لەگەڵ ئەم سوپا زلەی جەندرمەی دێتەوە و دەسەڵات دەگرێتەوە دەست و کەرنەڤاڵەکەی خامۆش دەکەنەوە، واتە ڕاپەڕینەکە خامۆش دەکەنەوە و ئەوجا دێن لەم خەڵکە بەردەبن و مەلایەکی بێ ددان و پیاوێکی بە بێجامەیەکی بێ ئوتو کە وەک شەق شەقە دەلەرزی لەگەڵ چەند کەسێکی لایەنگری خۆیان کە دەکا گرتنی خەڵکی بێ گوناه کە لە سیاسەت دوورن و ڕەشبگیری بێ بەڵگەی ئەم خەڵکە، ئەمەش باری ئەم میللەتە بووە کە دەنگی لێ کپ کراوەتەوە، بۆیەش ڕۆماننووس لە کۆتایی ڕۆمانەکەیدا دەمانخاتە ناو شەوێکی بێ کۆتایی و بە شەوباش، خوا حافیزی لە یەکتر دەکەن.

ئەوانەی لە ناشتنی ئەشرەف گەڕاونەتەوە ئەمەش کۆتایی و قفڵی ڕۆمانەکەیە ئەوجا کێشمەکێشمی ئەشرەف کە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیە و وەکی دیش لە سەرەتاوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە ئەوە مردووە و کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە هەموو دەبن بە ڕاوی و چۆنیەتی کوشتنەکەی دەگێڕنەوە و سەمتی ڕۆمانەکە دەچنن و گوتاری ڕۆمانەکە دادەمەزرێنن، بەڵام قسەکانی لەسەر زمانی گێڕانەوەی ئەم کەسایەتییانەوە دەگێڕدرێتەوە، جا ئەم کێشمەکێشمەی لەگەڵ دەوروبەری خۆشیدا هەیە تا لەگەڵ هاوڕێ ڕێبازەکانی برادەرانی خۆشی بینینی یان چۆنیەتی بیرکردنەوەی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە چارەنووس سازەکانیش جیاوازە، ئەو بە حوکمی ئەوەی مرۆڤێکی خوێندەوار و ڕۆشنبیرە دیدو بۆچوونی شۆڕشگێڕانەشی بۆ مەسەلە و ئایدیا و ڕێباز و ئامرازی ئەم شۆڕشە ڕزگاریخوازییە و بە دەست هێنانی ئازادی جیایە، ئەوەتانێ ئەو لەگەڵ خورشیدی جادوو باز دید و بۆچوونیان بە دژگە دەخرێتە ڕوو وەک بە دیار دەکەوێ کە خورشید بە ئەشرەف



دەڵێ واز لە زانست بێنە بە زانست ئازادی دەستەبەر ناکرێ، بەڵکو بەهۆی جادووەوە دێتەدی، کەچی ئەشرەف وەڵامی توندی دەداتەوە و ڕاکەی پێچەوانەی ئەوە، بەڵکو تا سەر ئێسقان لەگەڵ چارەسەری بەدەستهێنانی زانستە بۆ چارەسەری هەموو کێشەکانی میللەتەکەمان و بەڵکو هەژار و نەدار و چینی چەوساوەی میللەتیش بە پاڵپشت دادەنێ و زانست دەکاتە داینەمۆی دروستکردنی هزرو لەوێشەوە تەواوی کێشەکان بە ڕاستەڕێی سەرکەوتن زامن دەکات.. لەم ڕۆمانەدا تەنیا یەک (ڕاوی) یان چیرۆکبێژ نییە، ئەگەرچی زۆربەی چیرۆکی ناو ڕۆمانەکە لەسەر زمانی یەکێک لە پاکیزەکانی ناو کۆشکی داپیرە دەگێڕدرێتەوە، بەڵام کەسەکانی تریش ڕۆڵی چیرۆکبێژییان پێ دراوە وەک ئەشرەف خۆی و سەعید و ئەحمەد و ناڵچی و خورشیدی جادوو باز و داپیرە و منیرەی تورکی و چەند کەسێکی تری شارراوەی ناو ڕۆمانەکە کە هەموویان گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەچنن و گوتاری ڕۆمانەکە دروست دەکەن و بە شێوەی فرەدەنگی ڕۆماننووس دەنگی گێڕانەوەی خۆی دەخاتە ناو کەسایەتی ئەوان و لە ڕاستیشدا ئەو گێڕانەوانە هەموویان هی چیرۆکنووسن ئەگەرچی هەموویان چیرۆکبێژن، چونکە وەک (فیرث) وتەنی چیرۆکبێژی دەنگی دووەمی چیرۆکنووسە... ڕۆمانەکە زمانی نووسینی لەگەڵ ڕۆمانەکانی پێش خۆی جیایە وەسفەکان بە وێنەی ناباو چنراون کە زۆربەیان لەوانەن لە واقیعدا نەبن ئەمەش شێوازێکی تری نوێیە و زمانەکە بەشێوەیەکی شیعری نووسراوە وەک هی جاران هەر گێڕانەوەی چیرۆکەکە نییە، بەڵکو لەگەڵ شێوە گێڕانەوەی جاران جیا دەکرێتەوە لە ڕووی چڕ کردنەوەو چنینی ڕستەی وەسفی کورت و پڕ مانا کەوا لە خوێنەر دەکەن هەندێک جار بەدوای مانای ڕستەکان بکەون و گەلێک جاریش ئەو ڕستە وەسفییانە مەبەستێک دەردەبڕن کە ڕەنگە لە گێڕانەوەی ئاسایی ئەم مەبەستە شاردراوانە مەیسەر نەدەبوون، یان جاری وا هەیە گوزارەیەک دەردەبڕن و مەبەستێک دەشارنەوە کە بەگێڕانەوەی ئاسایی ئەم تام و چێژەیان لێ نەدەبینرا.

پاڵەوانەکانی ناو ئەم ڕۆمانە بە گوێرەی ڕۆڵیان لە سەرجەمی گوتاری ڕۆمانەکەدا ئەمانەن:

١- سەعیدی سوڵتان بەگ - تاقانەی یەکەم

٢- ئەشرەف - تاقانەی دووەم

٣- داپیرە - دایکی ئەشرەف و سەعید

٤- سەرهەنگ - پیاوی میری و سەرداری ناو کۆشکی داپیرە

٥- ئەحمەد نالّچی - برادەری ئەشرەف
٦- خورشید جادوو باز - برادەری سەنگەری ئەشرەف
٧- منیرەی تورکی - کاراکتەرێکی ناو کۆشکی داپیرە
٨- کیژ پاکیزەکان - چیرۆکبێژ و ئاگاداری ناو کۆشکی داپیرە
٩- چەند کاراکتەرێکی ناسەرەکی یان کۆمبارس لە ناو ڕۆمانەکەدا

ئەگەرچی تەوەری سەرەکی شوێنی ڕۆمانەکە لە ناو کۆشکی داپیرەوە بەرجەستە دەبێت و زۆربەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لەوێدا دروست دەبن و تەرمەکەی ئەشرەفیش لەناو ئەم کۆشکەدا تەوەری گێڕانەوەی زۆربەی کارەسات و چیرۆکەکان لەوێدا دەچنە دەرەوە و دێنە ناو کۆشکەکەو وەک شوێنێکی بەرجەستە و دیار، لێرەدا شوێنە دیارەکە ناو کۆشکەکەیە هەر بە سەرەتای نووسینی چیرۆکەکە و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە، بەڵام دوایی لەوێوە بۆ شوێنی تر کە کۆشکە شوێنی دیاریکراوی ناو ڕۆمانەکەیە ئەوجا پاشان بە شێوەی مۆنتاژی شوێنەوە چیرۆکبێژەکان لە گێڕانەوەکانیاندا دەچنە دەرەوەی کۆشکەکەو ڕەهەندی ڕۆمانەکە فراوانتر دەکەن و ئاسۆی دەرەوەی جوانتر دەکەن و لە شوێنێکی دیاریکراوی داخراوەوە دەگوازرێنەوە بۆ شوێنی ئاوەڵا و کراوە وەک لە دوایی ڕۆمانەکەشدا تەرمەکەی ئەشرەف دەگوازنەوە بۆ گۆڕستان و پاشان فەزای چیرۆکەکە دێتەوە ناو کۆڵانەکانی شار و خەڵکەکە شەوباش لە یەکتر دەکەن ئا لەو شوێنە کراوەیەدا تێکەڵی بێ کۆتایی دەبێ و پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەکەونە ناو ونگەیەکەوە کە کۆتایی جووڵەیە و لەوێوە سەرەتای گێڕانەوەیەکی تر دروست دەبێ، گێڕانەوەیەک کە تێکەڵی کاتی نادیار دەبێ و ئەم چیرۆکەیە کە هێشتا ڕۆماننووسەکە نەینووسیوە. نەخشەی کێشمەکێشمی سەرەکی لە ناو ڕۆمانەکەدا لە نێوان تاقانەی یەکەم و تاقانەی دووەم وەک بە دیار دەکەوێ بەم شێوەیە:

| <u>تاقانەی یەکەم</u> | <u>تاقانەی دووەم</u> |
|---|---|
| سەعیدی سولّتان بەگ | ئەشرەف |
| ↓ | ↓ |
| باوک و دایکی هەیە | باوکی نییە تەنیا دایکی هەیە |
| ↓ | ↓ |



| | |
|---|---|
| ↓ | ↓ |
| پیاوی بێگانە و دژ بە میللەت | شۆڕشگێڕ و سەر بە میللەت |
| ↓ | ↓ |
| نەخوێندەوار و پشت بەستوو بە تاژی و دەسەڵاتی سەرهەنگ | خوێندەوار و پشت بەستوو بە زانست |
| ↓ | ↓ |
| پاکیزەکانی ناو کۆشکی داپیرە ڕقیان لێیەتی | پاکیزەکانی ناو کۆشک خۆشیان دەوێ |
| ↓ | ↓ |
| بکوژی ئەشرەف و سەرکەووتو دەبێ بە ڕەمزی خیانەت | بەدەست سەعیدی زڕبرای واتە تاقانەی یەکەم دەکوژرێ و دەبێ بە ئەفسانە |

# ئامادەیی مێژوو لە ڕۆمانی گەڕیان ل بابی بەرزە

ئەم ڕۆمانەی مامۆستای چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی کورد (ئەنوەر محەمەد تاهیر) بە ڕۆمانێکی مێژوویی دادەندرێت و نووسەر زۆر سەرکەوتووانە توانیویەتی مێژووی پڕ لە تراژیدیای میللەتی کورد بکاتە کەرەستەی ئەم ڕۆمانەو کاتێ کە لە خوێندنەوەشی بوومەوە، چەندان ناونیشانی دیکە خۆیان ئاخنییە مێشکم کە شوێن و تەواوکەری ناونیشانی سەرەکی ڕۆمانەکەن وەک (گەڕیان ل بابی بەرزە یا گەڕیان لدیرۆکی کوردا)یا (گەشت و ماجەرای پاشای کورد بە دوای دەوڵەتی ونبوودا) ئیتر دەیان ناونیشان و پرسیار قیت دەبنەوە و هەمووشیان پێوەندییان بە مێژوو و دیرۆکی کوردانەوە هەیە، چونکە گەڕانی ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەدا گەڕانێکە لە سەرکردەیەکی ڕزگارکەری کورد تا ئەو میللەتە ستەمدیدەیە لە دەست زوڵم و زۆرداری و لە ژێر دەستی بێگانان ڕزگار بکات و ئەو گەڕانەش هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە دەست پێدەکا تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان کە هەمیشە مرۆڤی کورد بە دەست چەوساندنەوە ناڵاندوویەتی و بەدوای سەرکردەیەکی ڕزگارکەر گەڕاوە، شۆڕش لە دوای شۆڕش و بە هیچ شێوەیەکیش نە تواوەتەوە و نە کۆڵیشی داوە و نە بێ ئومێدیش بووە، بەڵکو وەک پاڵەوانی یا وەک پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانە هەمیشە بە دوای سەرکردە و باوکی بزربوومانداا گەڕاوە، هەگبەی ماندوو بوونی خۆشی هەر لە پشتە تا ئەو باوکە دەدۆزرێتەوە..

لەم ڕۆمانەدا ڕووداوە مێژووییەکان کراونەتە هونەری نووسینی ڕۆمان و ناوەکانیان گۆڕاون و پەردەیەکی ڕۆمانی پێدراوە، بەڵام ڕووداوەکان و کەسایەتییەکانیش ئەگەرچی بەناوی خۆیانەوە ناو نابردرێن وەلێ هێماو دەلالەت و سەربردەکان تەواو وەک خوێندنەوەی یەکە یەکە ڕووداوە مێژووییەکان دێنە پێش چاوان و لای خوێنەری زیرەک و ئاگادار دەناسرێنەوە کە تێکەڵ کێشمەکێشمی دوو نەوەی جیاواز دەبن، نەوەیەکیان وەک خۆی ماوەتەوە و دەستبەرداری کەلەپووری پێشە خۆی نابێت و لەسەر بنیادی ئەوەوە بەردەوامی بەخۆی دەدات و نەوەیەکیش بە تێڕوانینی جیاوە خۆی لە دوێنێی پڕ لە کوێرەوەری و سڕاوە (بە لای ئەوان) خۆی دەرباز دەکات و بڕوای پێ نامێنێ و بە شێوەیەکی زانستییانە..



ئەمانەو چەندان پرسیار و تەوەرەوە چوونە ناو ناخی چەندان سەرکردە و کەسایەتیی مێژوویی کوردو تا لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا ڕۆماننووس دەمانخاتە ناو دووڕیانێکی پڕ لە چاوەڕوانی کە دەبێ بابێ بەرزە بێت وگۆمە مەندو وەستاوەکەی میللەتی کورد بشڵەقێنێ و وەک لافاوی بەهاران هەمووی ڕامالێ و ئێمە لەم گێژاو و سێڕییانە قورتار بکات و بمانخاتە سەر ڕێگای ڕاست یانیش تا ڕۆژی قیامەت دەبێ پیشەمان هەر گەڕان بێت بەدوای باوکی ونکردوومان و بۆ ڕابردوو و داهاتووی تاڵی خۆمان بگرین!.

## چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە

لە ناو ڕۆمانەکەدا چەندان چیرۆک تێهەڵکێشی یەکتر کراون، بەڵام هەموو چیرۆکەکان لە تەوەری سەرەکی کە گەڕان بەدوای باوکی بزربووە دەخولێتەوە، کە سەرەتای ڕۆمانەکەو کۆتایی ڕۆمانەکەشی پێ دەبەسترێتەوە وەک لە سەرەتای ڕۆمانەکە، ڕۆماننووس دەستنیشانی کاتی گەڕان بەدوای ونبوونی باوکەکە دەکات و بە دوو شەو و ڕۆژ دیاری دەکات و دۆزینەوەی باوکەکەشی بەزەحمەت و مەحاڵ دەزانێ وەک لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بە چارەنووسی میللەتەکەی بەستۆتەوە و کردوویەتی بە بەشێک لە ویستی ئەو میللەتە بۆ ڕزگاربوون دەنا تا ڕۆژی قیامەت دەبی بۆ ئەو باوکە بگەڕێین، کە ئەگەر دۆزیمانەوە ڕزگارمان دەکات و ئەگەرناش هەر لەو چاوەڕوانییە دەبین وەک لە سەرەتای مێژووی میللەتەکەمانەوە چاوەڕێینە.. دیارە برای ڕۆماننووس هونەرمەندانە توانیویەتی کۆچڕەوی یا کاروانی گەڕان بەدوای باوکی ونبوومان تێکەڵ بە کۆڕەوە ملیۆنییەکەی میللەتەکەمان بکات و تراژیدیاکانی ئەم کۆڕەوەش بکاتە بەشێک لە بەسەرهاتی ناو ڕۆمانەکەو چۆن چارەنووسی ئەم کاروانە وێڵە بەدوای چارەنووسی نادیاردا لە دوژمنێکەوە بەرەو ڕووی دوژمنانی میللەتەکەمانەوە بوو لەوێش دووبەرەکیی کۆڕەو دەست پێدەکات و هەریەکە دەیەوێ لە ئاوارەییشدا جێگای خۆی لەژێر چادرێکی خۆشتردا بێت و دەبێتە لێدانیان و باوکیان لێرە دێتەوە ناو تەوەرەی ڕووداوەکان و ئامۆژگارییان دەکات، بەڵام کە ئەو دەگەڕێتەوە ژێر چادرەکەی خۆی دیسان جارێکی دیکە تێک بەردەبنەوە و بەم شێوەیە.. لەم ڕۆژەوە دنیا هەورێکی ڕەش دایپۆشی و بوو بەشەوی یەڵداو باوک بزر بوو..

لە گەڕان و سۆراغی باوک دەگەنە لای دەروێش حوسێنی برادەری باوکیان و لێی دەپرسن و ئەویش لەو کتێبەی پێش چاوی وای دەخوێنێتەوە کە شەڕی خۆکوژی ئەوان بووەتە هۆی بزربوونی باوکیان و خەتای ئەوانە و ئەنجامەکەشی ئەوە دەبێت کە ڕۆماننووس

دەبێژێ (هندەک ژ هەوە لناڤ چۆل و نەهالا دێ بەرزەبن هندەکێت دی ل دەولەتێت ڕۆژئاڤاو ئەڤیانووس و دەریا دێ بەرزە بن..ل١١).

بۆیە دەروێش حوسێن بەم شێوەیە بەر سڤیان دەداتەوەو دەریان دەکات و پێیان دەڵێ (هوین بی باب مان، بێ ناسنامە، بێ پاشەڕۆژ هوین شەڕن بۆ شەڕی دروست کرینە «ژمنەتی نەفوورن ژغیرەتێ غەیوورن» پێش چاڤێت من ڕابن.. هەوە نەبینم.. ل١١).

ئینجا ڕۆماننووس بە زمانی چیرۆکبێژی ڕۆمانەکە خەونێکی باوکی دەخاتە ناو ڕۆمانەکە لە خەونەکەیدا دەبینێ (مانگ لە ئاسمان بار دەکات و بەرەو ڕۆژئاوا دەچێت و هەموو خەڵکی گوند و گوندەکانی دەوروبەر و هەموو شارەکان دەکەنە هاوار و بانگی مانگ دەکەن کە نەڕوات و دنیایان لێ تار نەکات، بەڵام هەر چوو و پاشان مانگەکە تاریک دەبێت.. پاشان مانگەکە دوو کەرت و کەوتە خوارەوە و دنیا تاریک دەبێت، پاشان کە خەڵکەکە دەگەڕێنەوە گوند دەبینن گەلە گورگێک هێرش دەکەنە سەر گوندەکە و هەموو بێ دەسەڵات دەبن و گوند جێ دەهێڵن و دەڕۆن.. خەونەکەش چەندان تەفسیری جیاجیای بۆ دەکرێ و دەبن بە بەشێک لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەو باکگراوندی قسەکانی و کاتی باوکی چیرۆکبێژ.

ئینجا ڕۆماننووس چیرۆکی عەلی جانگیر و ماینەکەی کە بەناوی دندلی ئیمامی عەلی کردبوو دەگێڕێتەوە کە دزەکان شەوێک دەیدزن و پاشان دەگەڕێتەوە.. ئەو ماینە گوندی هەموو بە هی خۆیانی دەزانن.. سۆرەی چاوشین کە هێمای بێگانە و شەڕە. دەیەوێ دندل بکڕێ، خەڵکی گوند پێیان ناخۆشە، سەرەنجام عەلی جانگیر ماینەکەی بە زێڕ دەفرۆشێ، بەڵام جوانووەکەی دەهێڵێتەوە.. ماینەکە کە نیشانەی گوندەکەیە لە دەست خەڵکەکە دەچێ، بەڵام هیچیان پێ ناکرێ. ئینجا خەونەکە و ئەو بەسەرهاتە بە چیرۆکی باپیرە و گێڕانەوەی سەردەمی سەفەر بەرلک و غەدر و تاڵان و کوشتنی جەندرمەی تورک دەبەستێتەوە و دەبێتە بەشێک لە دراما و تراژیدیای ناو ڕۆمانەکە.

ئینجا ڕۆماننووس دەمانگوازێتەوە ناو چیرۆکێکی دیکە کە ئەویش پێوەندیی بە جەندەرمەی تورک و ئازاردانی خەڵک و کوشتن و داگیرکردن و چەرمەسەریی میللەتەکەوە هەیەو تەواوکەری تابلۆ تراژیدیاکانی پێشترەو ئەویش چیرۆکی (حەسۆیێ زەلیخێ)یەو ئەم تابلۆ تراژیدییانەش بە شێوەی فلاش باک بە زەمەنی ڕابردوو دەبەستێتەوە و گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی پێ خۆش دەکات.



ئینجا دێتە سەر چیرۆکی عەلی حوسێنی کە ڕۆماننووس بەهۆی کەسایەتیی ئەوەوە باسی سەردەمانێکی مێژوویی دەکات کە سیاسەتمەدارانمان لە سیاسەتی کۆنی میللەت بێزار دەبن و بە شێوەی تیۆریی زانستی تەماشای سیاسەت دەکەن و لەگەڵ ئایدیۆلۆژیا پێکەوەی دەبەستنەوە.

ئینجا خەڵکەکە دەبن بە دوو بیروڕا، هەندێکیان بەگەڵ بیردۆزە زانستییەکەی سیاسەت دەکەون و هەندێکی دیکەشیان هەر لەسەر بیروڕای جارانن.. هەندێک بڕوایان بە خەبات دەمێنێ و هەندێکی دیکەیش لە سیاسەت بێ ئومێد دەبن و نموونەی ئەو کەسانە دێننە پێش چاوی خۆیان کە دوای ئەوەی دەگەنە ئەوروپا و هەندەران شۆڕشیان لەبیر نامێنێ و خەریکی بەزم و ڕابواردنی خۆیانن. ئینجا ڕۆماننووس زۆر زیرەکانە لە ناو گێڕانەوەی ئەم دووبەرەکییەو ئەم بیروڕا جیاوازانەوە کارەساتە جەرگبڕەکانی میللەتەکەمان دێنێتەوە پێش چاوی خوێنەر وەک مەسەلەی جەیش ئەلشەعبی و بە زۆر ڕاپێچانی خەڵک و ئەزیەتدانی و نەفیکردنی خەڵک بۆ خوارووی عیراق و جەنگی دەروونی لەگەڵ میللەت و دەیان ڕووداو و سەربردەی پڕ کوێرەوەری میللەتەکەمان و جارجارەش لە ناو ئەم گێڕانەوانەدا، ڕۆماننووس خوێنەر دەگەڕێنێتەوە بۆ سەردەمەکانی زووتر و بەهۆی فلاش باک و مۆنتاژی کات و شوێن سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و سەفەر بەرلک و ڕووداوە مێژووییەکانی کورد دەخاتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شت.

هەروەهاش دەیان سەربردەو ماوە جۆربەجۆرەکانی داگیرکەرانی کوردستان دەخاتە بەر باس و تێکەڵ بە ڕووداوی سەرەکیی ڕۆمانەکەی دەکات کە گەڕانەوە بەدوای مێژووی ونبوونی کوردان کە خۆی لە گەڕان بەدوای باوکی ونبووی چیرۆکبێژی ڕۆمانەکەدا دەدۆزێتەوە کە گەڕانە بەدوای باوکی کوردو لە ناو بەردەوامی گێڕانەوەشدا ڕۆماننووس بەردەوام کێشمەکێشی دوو نەوەی جیاواز بەدەردەخات کە بیروڕاو بۆچوونیان لێکتر جیاوازە وەک نەوەی کۆن و نەوەی نوێ لەبارەی سیاسەت و غەدری مێژوو لە کوردو چۆنیەتی هەنگاونان و ڕزگاربوونی میللەتی کورد.

هەر لە ناو ئەو چیرۆکانەدا (هۆستا حوسێن) دەبێتە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکەو ئیتر لێرە بەدواوە چنینی درامایی ڕۆمانەکەی لێ دروست دەکات وەک چیرۆکی ئاوهێنانی بۆ گوند و زەحمەتکێشانی و هەست بە لێپرسینەوە کردن لەم بارەوە. هەروەهاش چیرۆکی پەیداکردنی باروت و تەفسیری جیاجیای خەڵکەکە کە هەندێک دەیانگوت پاشماوەی

عوسمانییەکانە کە لەبەردەم عەسکەری ئینگلیز جێی هێشتووە کاتی خۆی شاردوویانەتەوە، هەندێکی دیکەش دەیانگوت خۆی دروستی کردووە.

من پێم وایە کەسایەتیی (هۆستا حوسێن) هێمایە بۆ کەسایەتیی مێژوویی وەستا ڕەجەب کە کاتی خۆی بارووت و تۆپی دروست کردووە تا ئێستا لە مێژووی کورددا ناوێکی درەوشاوەی هەیە.

ئینجا ڕۆماننووس لە چیرۆکێکی دیکەیدا لە ناو تەوەرەی گەڕان بە دوای بابی بەرزەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خانووە کوردەوارییەی لەسەر ترازی کۆن لە گوند هەیانبووە، ئینجا دێتە سەر کانییە بەترسەکەی ماڵیان و چۆن ئەو کانییە مرۆڤ خۆری لێیە و بنە دار باویشی لێیە و هی ماڵی شێخە و ئەوەی بیخوات شێخ پێوەی دەدات.

ئینجا ڕۆماننووس لە ناو ئەو هەموو تەشقە ئەفسانەییە هەموو ئەو خورافات و میتۆلۆژیایەدا دەمانخاتە ناو چیرۆکێکی دیکە کە لەوێوە ئیتر چیرۆکەکە شێوازی گێڕانەوەی لە چیرۆکبێژی ئاگادارەوە دەگۆڕێ بۆ بەشداریکردنی کەسانی دیکە یا پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە کاتێ کە فام دەکات و وردە وردە ترسی منداڵی لێ دەڕەوێتەوە و ڕووناکییەک ئەو ناوە دادەپۆشێ و ئەو کاتە کە دیواری ترس دەشکێنێ و دەچێتە سەر کانییەکە و سندووقی سەر ستێرکەکە دەبینێ، ئەو سندووقەی کە درێژییەکەی (٢)م و پانییەکەشی لە مەترێک زیاترە و مەتر و نیوێکیش بڵندە.

دوایی کە دەرگای سندووقەکە دەکاتەوە و دەبینێ پڕیەتی لە کتێب و هەمووشی دەستنووسن و لەو ڕۆژەوە پێوەندییەکی خۆشەویستی لە نێوان چیرۆکبێژی پاڵەوانی ڕۆمانەکەو سندووقەکە پەیدا دەبێ.. ئەو کتێب و دەستنووسانە هێمای ڕۆشنبیری و سامانی بە جێماوی میللەتی کوردن و کە بوونەتە خۆراکی مشک و سیسرکە و بێ سوود بە جێماون و خەڵکەکەش نەیانتوانیوە سوودیان لێ ببینن و بۆیەش نەیان سووتاندوون، چونکە وایان زانیوە قورئان و کتێبی پیرۆزن.

ئیتر لێرەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە ئەم دەستنووسە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی پێ دەسپێردرێت و جارجارەش چیرۆکبێژ لەگەڵ گێڕانەوە و سەردەمی دەستنووسەکە دەمەتەقێ و کێشمەکێشێک لە نێوان نەوەی کۆن و نوێ دروست دەکات و هەریەک لە نووسراوی دەستنووسەکە کە هی باپیرەیەتی و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی هۆستا حوسێنیش کە لەگەڵ نووسراوی ناو دەستنووسەکە یەکتر دەگرنەوەو تەواوکەری یەکترن.



ئینجا گێڕانەوە و بەسەرهاتەکانی باوکی دەبن بە دوو بیروڕاو ڕوانینی جیاواز وەک چۆن خەڵکەکەش لە مەسەلەی دەستنووسەکان دەبن بە دوو بەش و هەندێک ڕەتی دەکەنەوە و دەڵێن نان ئەو نانە ئەمڕۆ لە خوانە و ئێمە نەوەی ئەمڕۆین و نوێخوازین و قسەی ئەمڕۆ دەخوێنینەوە لەگەڵ بەشەکەی دیکەش کە بەرهەمی پێشتر بە پیرۆز دەزانن و بە بناغەی دادەنێن بۆ ئەمڕۆو دەبێ دەرسی لێ وەربگیرێ، چونکە لای ئەوان ئەم سندووقە پاشماوەی باب و باپیرانە.

ئینجا لە ناو چیرۆکەکەدا، دەستنووسەکە تا کۆتایی ڕۆمانەکە پێکدێنێ، گێڕانەوەی چیرۆکبێژ تێکەڵ خوێندنەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ناو دەستنووسەکە دەبن و دەیان ڕووداو و بەسەرهاتی جۆراوجۆر تێکەڵ کردنی چەندان سەردەم و مێژووی کورد تێکەڵ دەبن، بە کورتی دەبێتە مێژووی کوردو دیالۆگ لەگەڵ ئێستادا دەکات.

## ناوەرۆک و چیرۆکەکانی ناو دەستنووسەکان

تەوەرەی سەرەکیی چیرۆکەکانی ناو دەستنووسەکان کە چیرۆکبێژ شان بە شانی گەڕان بەدوای باوکی بزربووی دەیانگێڕێتەوە هەموویان ڕووداو و کارەساتی مێژوویی کوردن کە ڕۆماننووس ئەو ڕووداو و کات و شوێنانە و ناوی کەسایەتییە مێژووییەکان بۆ ئەوەی لە بونیادی مێژووەوە بۆ بونیادی گێڕانەوەی ڕۆمان بیانگۆڕێ، بەڵام لەگەڵ ئەمەش کات و شوێن و پاڵەوان و کەسایەتییە مێژووییەکان دەناسرێنەوە، ئەگەرچی ڕۆماننووس هەموو سەرکردە مێژووییەکان تێکەڵ یەکتر دەکاو سەرکردەیەکی مێژوویی وەک (پاشای کوردی) لێ دروست دەکات و ئینجا بەدەم گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ناو دەستنووسەکە مێژووی کورد هەر لەو دەمەوە کە فێری کشتوکاڵ بووەو خۆی ژیاندووە کە نموونەی ئەمەش گوندێکی هێمادارە بە ناونیشانی (کولین) کە ئەم گوندە یەکەم گوندە تووتنی چاندووە وەک دەبێژێ: (ل بەر پەرەکێ ژوان بیرانییێدا وی دەستنڤیسێ کو چەندەها سالە ل وێ سندوقێ هاتیە ڤەشارتن و ب ڕێکەفت سەرهلبووم، چەند ئیشارەت و هندەجار ڕاستەوخۆ بەحسێ وی گوندی دکر، کو ئەم گوند ئێکەمین گوندێ کوردا بوو چاندنا توویتنێ لێ پەیدا بوو، ل وێرێ بە لاڤی دەڤەرێت دی بوو.. تاد. ل٣٥).

ئینجا گێڕانەوەی شەڕە مێژووییەکان و کارەساتی مێژوویی گوندەکەی لە شەڕەکاندا کە هێمایە بۆ هەموو کوردستان وەک باپیرەی لە دەستنووسەکەیدا باسی دەکات و بە تایبەت ئەو شەڕەی کە باپیری لە دەستنووسەکەدا ناوی لێناوە (شەڕی نەمەتێ و نەژێ).

چیرۆکەکانی ناو دەستنووسەکەش دەتوانم بەم شێوەیە دەستنیشانی بکەم کورتیان بکەمەوە:

– چیرۆکی مالّی موختار و ناو نووسینی ئەو کەسانەی کە لە شەڕ ون دەبوون و سڕینەوەیان لە کاتی گەڕانەوەدا.

– کارەساتی گوندی (کولین) کە دوورترین گوند بووە لە ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و ئەو گوندەی برسێتی نەیگەیشتبووێ و هەموو کاریان دەکرد و خۆیان دەژیاند و بە شارەزایی و زیرەکی ناسرابوو.

– بزربوون و بێ بەهایی مرۆڤی بێ ئاخ و مرۆڤی بێ وڵاتیش هەمیشە ون بووە و بێ بەهایە.

– بزربوونی باوک و بەستنەوەی بە کۆڕەوی ملیۆنییەکە.

– بزربوونی باوک پێوەندیی بە دوێنێ و ئەمڕۆوە هەیەو بۆ ئێمەی ئەمڕۆ ئالّۆزییە.

– بەستنەوەی گەڕان بە دوای باوکی بەرزە بە داستانی سیزیف و کورتانی دەجالّ واتە هەولّ و ماندووبوونی کورد و بە فیڕۆچوونی هەولّەکانی.

– بیری نەتەوەیی پاشایی کورد و پێکەوەنانی لەشکر و هەبوونی ئالّاو تۆپخانە.

– دادپەروەری و سیاسەتزانی و پێوەندیی پاشایی کورد دەگەلّ دەولّەتانی دراوسێ و دنیا و دەوروبەر.

– ناوبانگی پاشای کورد و کوردایەتی و خەونی هەموو کوردان بووە، کە لە ڕۆژهەلّات و ڕۆژئاوادا ناوبانگی هەبووە وەک لە دەستنووسەکەدا هاتووە.

– لە مەملەکەتی پاشای کورداندا مەڕ و گورگ پێکەوە ئاویان خواردۆتەوە.

– پیلانی دوژمنان بۆ لەناوبردنی دەولّەتی پاشای کورد.

– پاشای کورد، یا دەولّەتی پاشای کورد سکەی پارە و ئالّای هەبووە.

چارەنووسی کورد هەر لە ئەزەلەوە بەدەست نۆکەر و داگیرکەران و هەستکردنی بە مەترسی لە دەست ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و دەوروبەر.

– نزیکترین کەس لە پاشای کورد، سۆرەی چاوشین بوو کە پێیان دەگوت ئینگلیزەو لە هەموو شتێکی دەکۆلّێتەوە تەنانەت لەسەر نەخشە ناوی هەموو گوند و عەشیرەتەکانی لابوو.



ئەگەرچی ناوی سۆرەی چاوشین کەسایەتییەکی هەقایەتی فۆلکلۆری کوردییەو بە کەسی بەدفەڕ و نمەک حەرامیش گوتراوە کە من پێم وایە ئەو کەسایەتییە هێمایەکە بۆ (میجەرسۆن) یا تەوزیفکردنی ڕۆلّی کەسایەتیی ئەوە لە مێژووی کورد کە پێش جەنگی دووەمی جیهانی هاتۆتە سلێمانی و بووە بە خزمەتکاری مالّی وەسمان پاشای جاف و فێری زمانی کوردی بووەو ناوی خۆی کردووە بە (میرزا غولام حسێن شیرازی)و گوایە تاهیر بەگی جاف بەزیرەکیی خۆی ئاشکرای کردووە کە ئینگلیزە... ئینجا کە ئینگلیزەکان دێن سلێمانی داگیردەکەن دەبێتە حوکمڕانی سلێمانی و نامەوێ وەک مێژوو باسی تەواوی بکەم و بیگێڕمەوە، بەلّام دیارە ڕۆماننووس وەک کەسایەتییەکی مێژوویی کردوویەتی بە پالّەوانی ڕۆمانەکە و گێڕانەوەی لایەنێکی پێ سپاردووە لە قۆناغێکی کۆتایی حوکمی عوسمانی و هاتنی سەردەمی ئینگلیز و کاردانەوەی لەسەر مێژووی کوردو کارەساتە تراژیدییەکانی پاشای کورد کە هێمای هەموو سەرکردە کوردەکانە و ڕووداوەکانیش گێڕانەوەی دیرۆکی هەموو کوردانە لەسەرەتای مێژووەوە تا ئێستا.

– داخوازی سولّتانی عوسمانی لە پاشای کورد کە داوای باج و خەراج دەکات و پاشاش ڕازی نابێت و شەڕ دەکات.

– بەرژەوەندی ڕۆژئاوا بە لەناوبردنی پاشای کورد.

– نەمانی دەولّەتی پاشای کوردو هەلّبزڕکانی خەونی کوردان.

– بزربوونی هۆستا حوسێن.

– (ئاڤان شەهر) هێمای شارێکی مێژووییە، شوێنی دانیشتن و پایتەختی پاشای کوردە و شوێنێکی پیرۆزە.

– هۆی سەرنەکەوتنی پاشای کورد بە تێڕوانینی چیرۆکبێژی ڕۆمانەکە کە لە خوێندنەوەی دەستنووسەکاندا ڕۆلّی کەسێکی لێکۆلّەرەوەی مێژوو دەبینێ.

– پرسیارکردنی چیرۆکبێژ لە باوکی کە لەسەر زمانی هۆستا حوسێن ڕۆلّی گێڕانەوەی ڕووداوەکان دەبینێ کە بۆچی ئەوان و دەستنووسەکە ڕەخنەیان لە پاشای کورد نەگرتووە.

– تاکە ڕەخنە کە لە پاشای کورد گیرابێت لە دەستنووسەکە ئەوەیە کە پاشای کورد ئاگای لە دەوروبەری خۆی نەبوو، دەنا گێڕانەوەکانی دیکە تەنیا ستایشکردنی پاشای کوردن و سەلّاوات لێدانن لە ڕۆحی پیرۆزی ئەو.

– پاشای کوردان لە دوای ئەوەی هاوپەیمانان دەولّەتی پیاوە نەخۆشەکە لەناو دەبەن

ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی، بەتەمای فراوانکردنی سنووری دەوڵەتەکەی خۆیەتی، بەڵام سەرەنجام دەبێتە قوربانی بەرژەوەندیی دەوڵەتان.

– فەلسەفەی حوکمڕانی و سەربەخۆیی پاشای گەورە ئەوە بوو کە دەیگوت (بۆچی ما ئەم ژکێ کێمترین ببینە مالخوێ ئاغایێ مالاخۆ..ل٩٢).

– پاشا ئالآی دەوڵەتەکەی خۆی دەویست و شانازیی پێوە دەکرد، بەڵام خوا قەڵەمی لێنەدا.

– چیرۆک و بەسەرهاتەکانی برازای پاشا (حەمۆیی عەسکەری).

– هۆستا حوسێن دەمرێ و سەرهەڵدان نابینێ.

– گرێدانی بابی بەرزە ئەمڕۆ لە سەردەمی عەولەمەدا کە چۆن دەبێ بزر بێت... بەستنەوەی بە ئێستا.

– گەڕان بە دوای بابێ بەرزە ئێمە دەگەینێتە چ ئەنجام؟ ئاخۆ بابێ بەرزە مەسیحە، یا خدری زیندەیە؟ ئاخۆ دۆزینەوەی چی لە هاوکێشەکە دەگۆڕێت.

لێکدانەوەی لەبەر تیۆری شیکردنەوەی زانستی دەروونی و سۆسیۆلۆژی.

– عەزیزی مەلا عەلی و هۆستا حوسێن دەبن بە ئەفسانە.

– دۆزینەوەی بابێ بەرزە خەونێکە هەمیشە لە خەونەکانماندا هاواری گەڕانەوەمان بە گوێدا دەدات و خەونەکانمان خۆش دەکات.

– هەندێک لە ڕۆڵەی میللەتەکەمان نەک هەر گوێیان لە بزربوونی بابی بزربوومان نییە، بگرە هەستی نەتەوایەتیشیان بزربووە، ئەمەش بۆ میللەت زیانبەخشە وەک ڕۆماننووس دەبێژێ ئەم بیرکردنەوە (ئاگرەو بەردرایە پیشێ پاییزێ...ل١٠٨).

– لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس خوێنەر دەخاتە ناو چاوەڕوانییەکی بێ کۆتایی کە ئەنجامەکەی بابێ بەرزە دێتەوە یا نا وەک دەبێژێ (دبیت بابێ بەرزە بیت و ڤی کۆلا مەندو ڕاوەستیای بهن و کەفزێ گرتی، بشلقینیت وەک لمشتا بەهارێ بەردا بهێت و ڕامالێت و مە ژ گێژە ڤانگ و سێ ڕێیانا قورتال بکەت و بێختە ڕێیا ڕاست، یان تا ڕۆژا قیامەتێ دی هەرکارێ مەبیتە گەریان ل بابێ بەرزە..ل١٠٩).



## تەکنیک لەم ڕۆمانە

لەم ڕۆمانەدا چەندان ئاستی گێڕانەوە بەکارهاتووە.. سەرەتای ڕۆمانەکە چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە... کە بە ڕاناوی کەسی سێیەمی کۆیە و پاشان پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک بەشداری گێڕانەوە دەبێت و دواییش لە ناو گێڕانەوەکە بەهۆی خوێندنەوەی دەستنووسەکانەوە پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە کە چیرۆکبێژی ئاگادارەو کەسانی دیکە لەگەڵ خۆی بەشداری گێڕانەوە دەکات وەک قسەکانی باپیرەی کە دەستنووسەکان هی ئەون و گێڕانەوەی ڕووداوەکان لە لایەن باوکی کە لەسەر زمانی هۆستا حوسێن ڕووداوەکان و چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە.. ئەم گێڕانەوانەش هەموو تێکەڵ بە گێڕانەوەی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ دەبن. هەروەها تێکەڵکردنی خەون و خەیاڵ کە دەبن بە فلاش باک و بەهۆی مۆنتاجی کات و شوێنەوە لە گێڕانەوەدا جێگۆڕکێیان پێدەکرێ و کاتەکان و شوێنە جیاوازەکان لە نێوان زەمەنە جیاوازەکانەوە تێکەڵ یەکتر دەبن ودەبن بەبەشێک لە گێڕانەوەی ئێستای چیرۆکنووس و لەمەشدا سوود لە تەکنیکی مۆنتاجی سینەمایی وەرگیراوە و وێنەی زەینی خەیاڵی پاڵەوانەکان و بەکارهێنانی پەندو ئیدیۆم و سوود وەرگرتن لە شێوازی کورتکردنەوە و بە بەکارهێنانی شێوازی حیکایەتخوانی وەک (ڕۆژ هاتن و ڕۆژ چوون..تاد).

هەروەها بەکارهێنانی دیالۆگ و سوود وەرگرتن لە چەندان تەکنیکی دیکە وەک بەکارهێنانی نامەو پێشبینی و کورتکردنەوە لە گێڕانەوە و وێنەی وەسفی و هێما و ڕووداو و کەسایەتییە مێژووییەکان کە لە ناو کاتی دیاریکراوی دەقەکەوە بۆ کاتی دەرەوەی دەق کاتەکان بەرفراوانتر دەبن. ئەمەش بەهۆی فلاش باک و مۆنتاجی کاتەوە هەروەها شوێنەکانیش بەهۆی مۆنتاجی شوێنەوە فراوانتر دەبن و ڤالآیی ڕۆمانەکەش لە جێگای جۆر بە جۆردا ڕووداو و چیرۆکەکان دەگێڕدرێنەوە فراوانتر دەبێ و گێڕانەوەش لە ناو بونیادی زمانێکی شیعریی جوان و ئاسانەوە دارێژراون و جوانییەکی دیکە بە ڕۆمانەکە دەبەخشن و دەبێت بە بونیادێکی سەرکەوتووی دەقەکە.. لێرەدا مامۆستا ئەنوەر محەمەد تاهیر لەو ڕۆمانەدا ڕۆشنبیریی خۆی بەسەر ڕۆمانەکەدا دیارەو زۆر جاران هەست دەکەین پاڵەوانەکانی بە زمانی مرۆڤی ڕۆشنبیر دەدوێن، بەڵام لەگەڵ ئەمەش کە ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە حەز دەکەی بە دوای سەرە داوەکان بکەویت و تەشویقێک دروست کراوە

ناتوانی بە ئاسانی وازی لێ بێنیت بەتایبەتی خوێنەر حەز دەکات کەسایەتی و پاڵەوان و هێما مێژووییەکانی ناو ڕۆمانەکە بناسێتەوە و دەستنیشانی سەرچاوە مێژووییەکان بکات و پەردە لەسەر ناو و هێما شاراوەکان لابدات کە بەڕاستی ڕۆماننووس توانیویەتی زۆر بەجوانی سوود لە مێژوو وەرگرێت و ئەم هەموو مێژووە تاڵە و تاقیکردنەوە و خەبات و کوێرەوەری و دیرۆکی میللەتەکەمان بکات بە کەسایەتیی ناو ڕۆمانەکەی و تابلۆ تراژیدی و دراماییەکانی لێ دروست بکات و جاری وا هەیە چەندان کەسایەتیی مێژوویی لە ناو تاکە کەسایەتییەکدا تواوەتەوە و پاڵەوانێکی خۆی لێ دروست کردووە، ئەمەش کارێکی وا ئاسان نییە و ڕۆشنبیری و توان و پسپۆڕی گەرەکە و ئەمەش بۆ مامۆستا ئەنوەر سەرکەوتنێکی دیکەی تۆمارکردووە کە توانیویەتی دوای ئەوەندە ساڵە تاقیکردنەوە و نووسین لە بواری کورتە چیرۆک و لێدوان لە چیرۆک و ڕۆمان و خوێندنەوەیەکی بەردەوام توانیویەتی بە ڕۆمانێکی مێژوویی و هونەری توانای خۆی لە ڕۆمان تاقی بکاتەوە و خشتێکی دیکە بخاتە سەر تەلاری ڕۆمانی کوردی و کتێبخانەی هەژاری ڕۆمانی، پێ دەوڵەمەند بکات بە تایبەتیش بە شێوەزاری کرمانجی ژوورو و هەژاری بەم کتێبخانەیەوە دیارە، بەڵام من دڵنیـــــام هەنگاوی دیکەش لە دایک دەبن و لە ئایندەش باسی تاقیکردنەوەی برادەرانی چیرۆکنووس و ڕۆماننووسی دیکە دەکەین لەم بوارەدا. هیوادارم مامۆستا ئەنوەر محەمەد تاهیر-ی برامان هەر بەوەندە نەوەستێ و بە زمانە پاراو و جوانەکەی تەواو خۆی بۆ دنیای ڕۆمانی کوردی خەریک بکات و چاوەڕێین.

شایانی باسکردنە ئەم ڕۆمانەی مامۆستای ڕۆماننووس ئەنوەر محەمەد تاهیر لە چاپێکی جواندا بە قەوارەی (١١٢) لاپەڕەی مام ناوەندی لە لایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس بە زنجیرەی ڕۆشنبیری، ژمارە (٦٢)و لە ساڵی (٢٠٠١) لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە چاپ کراوە.

بەرگەکەشی بەوێنەو نەخشەسازی شکار عەفان نەقشبەندی و خۆشنووسی محەمەد زادە ڕازاوەتەوە..



## خوێندنەوەیەک بۆ
## پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان

پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان یا چەندان ناوی دیکە، دەتوانرێ بۆ ئەم ڕۆمانەی برای چیرۆکنووس و ڕۆماننووس شێرزاد حەسەن بدۆزیتەوە، وەک گەڕان بە دوای هەمین یا ئەوینی کپ بوو یا ڕاوە مرۆڤ یا یۆتۆپیای مرۆڤە ڕاونراوەکان یا دەرکراوەکان یا هەر ناوێکی دیکە کە دەکرێ لەم ڕۆمانەدا بدۆزرێتەوە، بەڵام دیارە ئەوەش بەشێکە لە ڕوانین و جیهانبینی دەقەکە، چونکە ڕۆماننووس بە بەلاش ئەم ناونیشانەی هەڵنەبژاردووە، بۆیەش لە ڕۆمانەکەدا کارەساتی عیشقی بایز و هەمین تێکەڵ بە کارەساتی لەناوبردن و سڕینەوەی جەستەی هەموو عاشقانی گوندی پاڵەوانی ڕۆمانەکەو دواییش دەنگی کپکراوی خۆشەویستی هەموو دڵدار و عاشقانی شارەکەی کراوە، ئەو کارمامزە کوژراوانە کە لەڕاوی باپیر ئاغای گوند و باوک و براکانی هەمین و خەڵکی بێ ویژدانی گوندەکەیان ڕاودەکران، هەر تەنیا هەمین و بایز نەبوون، بەڵکو هەموو ئافرەتانی نامرادی ڕێگای عەشقێکی پاک بوون و بە دەستی ئەو زۆردارانەوە ڕاوکرابوون «ئەوەتان هەر هەموو کارمامزەکانی دەشتی قەراجی، ئەوانەی کە بەبریندا‌ری لە دەست ڕاوچییەکانیان هەڵەتە بوون، کچە نازدارەکانی ناو حەیرانەکانت، کچانی غەمگین و دڵ ساردی گوندەکەی خۆتان، ژنان و کچانی نامرادی هەر هەموو گوندەکان، دوور لە چاوانی باوک و برا و مێرد و کوڕ، دوور لە چاوانی ئامۆزا و خاڵۆزا و پلکزا لەو دەشتە و دەنێو مێرگەکاندا. بێ ئاگا لە نیازی پیسی ڕاوچییان دەلەوەڕان، چ سەیرە.. سەریان، سەری کچەکان و ژنەکانە و لەشیش هی ڕەوە مامزێکی سۆرغەرە، یەکە یەکە لە تۆو لە هێمنی ڕادەمان، دەیانناسیتەوە، ئەوەتا ئەسمەرێ زراری، خەجیجێ ڕەحمانی، ڕەوشەن سۆری گەردیان، جەواهیری بادینان، ئامینەی کوڵەبن، زولەیخای زولف سۆر، زەینەبی کابایزی، بەسێ و فەهیم و ستی و ڕابی لە گۆلاوێکدا ئاویان دەخواردەوە، چ گوناهێکی گەورەیە کوشتنی کارمامزێک لە عانی ئاو خواردنەوەدا، مریەم و عەنبەر و موعتێ خۆیان دابووە بەر تاو و تینی هەتاوێ و لەسەر لا کەوتبوون و بۆرژابوون، ئەستێرە و هوما و بەڵقیس و مینا لەگەڵ

هەناسەبڕکێی هەمینێ هەستانە سەر پاشووان، هەر هەموویانن، ئەوانەی هەر لە ئەزەلەوە تا هەنووکە ڕەدووکەوتوون، چ زەحمەتە خۆشاردنەوە لەو ساکە دەشتە، چ بەترسەوە، هەترەش چوو.. زارەترەک زندەق چوو ئاوڕ لە پیاوە تووڕە داخدارانە دەدەنەوە، ئەو پیاوانەی لەوەتەی هەن لە ڕاوە مامز پتر هیچی دیکە نازانن، گۆشتی مامز نەبێ ناخۆن، کەوڵی مامز نەبێ لەسەری دانانیشن، سەد مامز بەیەکەوە دەکوژن تا تۆزێک مسکیان دەست دەکەوێ، مێشکی پرژاوی هەر بە خاوی دەخۆن تا شەهوەتیان پتربێ، گوێ لەو حەیرانانە دەگرن کە تیایدا هەر مامزە و دەکوژرێ..ل(١٨١)ی ڕۆمانەکە».

ئینجا ئێمەش بۆ خوێندنەوەیەکی تەواوی ڕۆمانەکە دێین لێرەوە فەلسەفە و جیهانبینی ڕۆمانەکە دەدۆزینەوە، چونکە وەک ناونیشانی ڕۆمانەکەش دەلالەت لە کوشتنی ئەو پۆلە کارمامزانە دەکات کە لە کۆمەڵگایەکی باوک سالاری دواکەوتووی وەک ئێمە ئافرەتی بەستەزمان و بەتایبەتیش لەسەردەمی سیستەمی دەرەبەگایەتیدا کە ڕۆمانەکە لێی دەدوێ، هەموو هەڵبژاردنێکی ئافرەت بۆ پیاو قەدەغە بووە، بەڵکو مافی ناڕەزایی و دەنگ هەڵبڕینیشی نەبووە، تەنیا وەک ئامرازێکی زایندەیی تەماشاکراوەو تەنانەت هەڵبژاردنی ژیانی هاوسەرێتیشی کە دەستنیشانی چارەنووس و کاری پاشەڕۆژی بووە، نەیتوانیوە دەنگی ڕاستەقینەی خۆی هەبێت، بەڵکو لەجیاتی ئەو بڕیاری لەسەر دراوە یا هەر لەسەر بێشکە مارەکراوە و هەر لە منداڵییەوە چارەنووسی دیاری کراوەو مافی هەڵبژاردنی بەشداری ژیانی لێ زەوت کراوە یا لە جیاتی خوێن بە کابرایە دراوە ڕەنگە دڵی لای کەسێکی دیکە بووبێت، کەواتە ئەو کپ کردنەوەو زەوتکردنی مافی مێیاتی خۆی بەشێک بووە لە زوڵمی کۆمەڵگە دواکەوتوو و باوک سالارییەکەی، هەمینیش یەکێکە لە قوربانییانی ئەم کۆمەڵگە دواکەوتووە کە بۆتە قوربانی ئەو ستەمەو لەگەڵ دەستە خوشکانی دیکەی گوند و ئەوانەی لە ڕۆمانەکەدا بە درێژایی سی ساڵان بوونەتە قوربانی دەستی ستەم و کپکردنەوە و مراندنی حەز و هەوەسەکانیان و دواییش کە ئەو مافە بەخۆیان دەدەن، دەبێ لەو کۆمەڵگەیە یاخی بن و ڕاکەن و خۆیان بشارنەوە، سەرەنجامیش نەیانتوانیوە لە دەست تۆڵەی کەسوکاریان ڕزگاریان بێت بە ناوی سڕینەوەی شەڕەف و ناموس کوژراون و نامراد بە ئامانجی خۆیان نەگەیشتوون، وەک ئەو کارمامزە کوژراوانەی ناو ئەو ڕۆمانە کە دەکەونە بەر سێرەی تفەنگی ڕاوی باپیر ئاغاو خەڵکی دیکەی زۆرداری گوندەکەو یەکە یەکە ڕاودەکرێن و هەردوو پاڵەوانە سەرەکییەکەی ئەم ڕۆمانەش قوربانی دەستی ئەو تۆڵەیەن، چونکە بێ پرسی ئەوان یەکتریان هەڵبژاردووەو لە یاسا باوەکانی



گوند و ئاغا و باوک لایان داوە و لای ئەوان ئەو مارەییە بەتاڵەو دەبێ نامووس چوونی خۆیان بە کوشتنی هەردووکیان بسڕنەوە. لەم ڕۆمانەدا هەموو بوونەوەرەکان دەکوژرێن و سەردەبڕێن و ڕاودەکرێن و خۆشەویستی لە هەموو بوونەوەرەکان قەدەغەکراوە و دەسەنرێتەوە، سروشتیش لەگەڵ مرۆڤدا تووڕەیە، ئەوەتانێ باش و خراپ، مرۆڤ و گیاندار و ئاژەڵ و باڵندە و ڕیشۆڵەکانی دەروێشیش وەبەر لافاو دەداو ڕایاندەماڵێ. ڕاوی ڕیشۆڵە و ڕاوی سەگ و ڕاوی شێت و ڕاوی هەژار و نەدارو ڕاوی کارمامزەکان و ڕاوی ئاسکەکان و ڕاوی پشیلە و مشک و مار و ڕاوی دەروێش بایز و هەمین و هەموو ئاشق و ماشوقەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، بەڵام بە هەڵوێستی جیاجیای مرۆڤەکان. ئەمانە تۆماری تراژیدیای شارێکن کە یەکێکە لە شارە کۆنەکانی مێژوو شارێک کە لە خوێناوی خۆردا نقووم بووە و تەمێکی ئەرخەوانی دایپۆشیوە «ئەو تاریکییەی دەتوت خودا و فریشتەکانی بەپەلە و خێرا چنگ لە دوای چنگ لە ئاسمانەوە هەڵیدەدەن و پەرتی دەکەن، هیچ پنچکە گیایەک و گاشە بەردێک نامێنێ کە پشکی خۆی لەو تاریکییە نەبات، دەیرژێننە سەر شارێک کە مەگەر تاریکی شەو بە میهری خۆی گوناهەکانی دابپۆشێ، شارێک لەو شارانەی کە لە خەونێکی هەڵبزڕکاویدا بیبینی، شارێک کە بەدرۆ دروست کرابێ، شارێک لە شارەکانی نێو حەکایەتە کۆنەکان کە پیرەژنێکی ددان کەوتوو وەسفی بکات، قەڵاکەی لەسەر ئێسک و پرووسکی هەژاران بێ و منارەکەشی کەللەی سەری عاشقەکانی.. ل(٢١٨)ی ڕۆمانەکە..».

ئەم ڕۆمانە باس لە گیروگرفتێکی کۆمەڵایەتی کوردەواری خۆمان دەکات کە ئەویش حەزلێکردنی بایزی حەیرانبێژ و شایەرە دەگەڵ هەمینی کچی پیاوی باپیر ئاغای گوندێکی بنار شاری هەولێر، بەڵام دیارە هەمین جوانی ئەو گوندە بووە و ئاغا و بەگزادە خۆیان لێ خۆش کردووە، بە پێی دابونەریتی ئەوساش چۆن ئافرەتێکی جوانی ئاوەها بێ پرسی ئاغا شوو دەکات و چۆنیش دەبێ بدرێتە حەیرانبێژ و شایەرێکی دیوەخانی ئاغا، بۆیە ئەو دووانە بایز و هەمین دڵیان بۆ یەکتر دەگۆڕنەوەو دەزانن بۆ یەکتر نابن و دابی کۆمەڵ و ئاغا بەخۆشەویستی و زەماوەندی ئەوان ڕازی نابێت، بۆیە هەڵی دەگرێ و ڕوودەکەنە شار و لە گەڕەکێکی شاری هەولێر دەگیرسێنەوە، بایز یا دەروێش بایز دەبێتە هەڵگری تەریقەتی دەروێشایەتی تەکیەی شێخ، بەڵام ڕازی نابێ نانی تەمبەڵی تەکیە بخوات، دەبێ بە ڕاوکەری ڕیشۆڵەو دەیانهێنێ بۆ سێوەو ئەویش دەیانکات بە مەزەی عەرەق خۆرانی شار و هەمینیش دەبێتە جل شۆر و کارەکەری ماڵی ئاغا و چەلەبی و

دەوڵەمەندانی شار و بەم شێوەیە ژیانی خۆیان دابین دەکەن و لە ڕۆمانەکەدا سی ساڵ ژیان بەم چەرمەسەری و ترس و دڵەڕاوکێیی و خەو هەڵبزڕکان بەسەر دەبەن، ئەگەرچی کاتی خۆی کچێک و کوڕێکیشیان بووە، بەڵام هەردووکیان مردوون و بە وەجاغ کوێری ماونەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ڕۆماننووس هەم بیانشارێتەوە و هەمیش پاڵەوانی دیکە لە ناو ماڵەکەی بایز و هەمین دروست نەکات تا ئەوانیش جێگای وەسفی سەرەکی بایز و هەمین نەگرنەوە. ئەگەرچی ئەم ڕۆمانە درێژکراوەی چیرۆکێکی درێژی شێرزاد حەسەنە کە کاتی خۆی بەناوی (ڕیشۆڵە) بڵاوی کردەوە و یەکێک بوو لەو چیرۆکە سەرکەوتووانەی کە شێرزاد ناوبانگی پێ دەرکردو دواییش لە کۆمەڵە چیرۆکی (تەنیایی)دا بڵاوی کردەوە، بۆیە بیرۆکەی چیرۆکەکە و ڕۆمانەکە لەدایک بووی گەڕەکی (کوران)ن کە گەڕەکی شێرزادەو چەند نووسەری دیکەی بە تواناشی لێ پەیدابووەو ڕۆمانەکەش درێژکردنەوەی هەر ئەم بیرۆکەیەو هیچ پێوەندییەکی بە ڕۆمان و چیرۆکی دیکەی بێگانەوە نییە، بەڵکو بەسەرهاتێکی ڕاستەقینەی ماڵەکانی ئەو گەڕەکەیە، بەڵام قەڵەمەکەی شێرزاد ناو و سیماکانی ڕاستەقینەی شاردۆتەوە و بەرگێکی هونەری لەبەرکردووە، خەیاڵ و ئەندێشە قووڵەکەیش زادەی خەیاڵی بەرزە فڕی چیرۆکنووسە، بەڵام لە واقیعدا ڕووداوەکە و سەدان ڕووداوی لەم شێوەیە، زادەی چیرۆک و سەربردەو هەقایەتخوانی شەوانی ساردی گوێ ئاگردانی کوردەوارین و ئەمەش سەرچاوەی لەدایکبوونی بەسەرهات و ڕووداوی ناو ڕۆمانەکەیە، ئەگەرچی بە ڕای من جیا لە چیرۆک و نۆڤلێتەکانی دیکەی شێرزاد حەسەن کە هەموویان درێژدادڕییان تێدا کراوە و دووبارە کردنەوەیان زۆر تێدایە، بەڵام پیاو بۆ هەق بڵێ زمانەکەی شێرزاد ئەوەندە شاعیری و ڕۆمانسییانەیە مرۆڤ لە خوێندنەوەیان بێزار نابێت و درێژدادڕییەکەشی بۆ تەئکید و گرنگی و زیاتر ئاگادارکردنەوەی خوێنەرە و ئەمەش شێوازێکی تایبەتی بۆ شێرزاد دروست کردووەو پێی جیا دەکرێتەوە و هەر بەمەشەوە بەرهەمەکانی جوانن، وەلێ ئەم ڕۆمانەی درێژدادڕییەکەی زیاد لە پێویست خوێنەر ماندوو دەکات، چونکە هیچ وەستانێک یا وێستگەیەکی پشووودانی تێدا نییەو درێژکردنەوەکەش هەمووی هەر وەسف و خەیاڵە و ڕووداو دروست ناکەن، بەڵام لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا هەست دەکەی ئەندێشەو خەیاڵی ڕۆماننووس زیاتر قووڵ دەبنەوەو ئەوسا لەوێ هەست دەکەیت تووشی سەرسوڕمان دەبیت، چونکە هەر بەتەنیا بە ڕاونانی ڕاوچییەکان بە دوای ئاسکەکانی یا مامزەکانی گوندەکە ڕووداوەکان کۆتایی نایەن، بەڵکو چارەنووسی هەمین بزر دەبێ و دەروێشیش شێت دەبێ و تێکەڵ بە فانتازیای شێتەکانی شار دەبێ و



یەکە یەکە ئازارەکانی ئەوانیش دەخرێنە ناو ڕۆمانەکەو تا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەروێش بۆ خۆی هەمین و بۆ شێتەکان و بۆ شارە بێ بەهارەکەی و بەدەست ڕاوەدوونانی زاڵم و زۆرداران دەگری و فرمێسکەکانی دەبن بە جۆگەلەو خەمی مرۆڤە کلۆڵەکانی ناو ڕۆمانەکە دەبارێنێ و تێکەڵی حەیرانە جەرگبڕەکانی دەبن تا وای لێدێ هەموو شتێکی لەبیر دەچێتەوە تەنانەت، سەروبەندی حەیرانەکانی خۆشی پێ ناگاتەوە یەکتر و دەکەوێتە دەست قەدەر و زەمەنێکی تاڵ، بەڵام ڕۆماننووس وەک هەمین لەسەر نەخشەی ڕۆمانەکەدا نایسڕێتەوە، نەوەکا خوێنەرێک بۆ خۆی کارەساتی دیکەی لێ دروست بکات و جارێکی دیکە بێتەوە ناو ڕووداوەکان و تۆڵەی مرۆڤە کلۆڵ و ستەمدیدەکان بکاتەوە، یانیش خۆی ڕۆژێک لە ڕۆژان بێت و لە بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکەدا ئەگەر نووسی زیندوو و چوست و چالاکی بکاتەوەو بە دەستی خدری زیندە ئاوی حەیاتی بداتێ و تۆڵەی هەمین و هەموو کارمامزە کوژراوەکانی پێ لە ئاغاو زۆرداران و خەڵکی گوند و شارەکەی بکاتەوە.

مەبەستی ڕۆماننووس لە نووسینی ئەم ڕۆمانەو هەڵبژاردنی ناونیشانەکەی ئەوەیە کە بڵێ مادام لە کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی باوک سالاری دەرەبەگایەتیدا مرۆڤەکان ئازادی سێکسی و خۆشەویستییان لێ زەوت کراوە و مافی هەڵبژاردن و پێکەوەنانی خێزان بەدەست دەسەڵاتدارانە کە بەگوێرەی سیستەمی ئەوسا خۆی لە ئاغا دەنواند، ئەوا هەموو کێشە کۆمەڵایەتییەکان بێ چارەسەری دەمێننەوەو مرۆڤیش ئەگەر لە هەموو بەشێکی ژیانیدا ئازاد نەبێت، ناتوانێ نە لە کۆمەڵگا چوارچێوەدارەکەیدا بژیێت و نە داهێنانیشی تێدا بکات وەک مرۆڤێک، بۆیەش کێشەی ئەو شارە هەموو کلۆڵ و نامرادەکانی وەک هەمین و بایز و دەیان و بگرە سەدان ئەو کارمامز و ئاسکانەن کە بەدەست زۆردار و ستەمکارانەوە بێ ڕەحمانە ڕاو دەکرێن و ئەوان لەزەت لەو ڕاوە وەردەگرن و ڕاوکراوەکانیش بێ چارە تەسلیمی قەدەرێکی تاڵ و ڕەش دەبن و شارەکەش دەکەوێتە ناو تەموتومان و تاریکی باڵی خۆی بەسەردا دەکێشێ و کۆمەڵی دواکەوتووی ئێمەش دیسان بەشدارو وەک تەماشاکەری سیرکێک ئەو کارەساتە تراژیدییانەی بە بەرچاودا ڕەت دەبن، بەڵکو بێ ئەوەی بتوانێ داکۆکی لە زوڵم لێکراوان بکات، بەڵکو وای دەخەنە ناو مێشکی کە ڕاستییەکان ئەوانەن کە زۆرداران لەژێر پەردەی جیاجیاوە ئەنجامی دەدەن.

ئەوەتانێ، ئەو ڕۆمانە تۆماری هەموو کێشمەکێشمێکی ئەزەلی و زۆردار و زۆرلێکراوان، حوکمدار و حوکم بەسەردا سەپێنراوان تۆمار دەکات، جووتیارو مسکێن و هەژار و نەدارو قەرەج و بەستەزمانیش لە دواییشدا شێتەکانی شاریش دەبن بە نموونەی

چەوسێنراوەکان و قوربانیـدەری دەست کۆمەڵێکی نەخوێندەوار و نەزان و دواکەوتوو کە چۆن هەر یەکەو بەهۆیەکەوە شێت بووەو دواییش نیشاندانی ئاسوودەیی و چەپڵەلێدانی خەڵکەکە بە دەسگیرکردن و لابردنی گەڕەکی هەژار و نەداران و ئەوانەی کە بە دۆم و قەرەج و گەواد لەلایەن خواپێداوانەوە ناویان نراوە و دواییش ڕاوکردنیان لەلایەن چینی دەوڵەمەند و خواپێداوەکانەوە بەهۆی دەسەڵاتەوە، چونکە بەقسەی ئەوان شارەکەیان پیس کردووە و نیشانەی دواکەوتوویی ئەم شارەن و خواپێداوان نارەحەتن کە گەڕەکەکەیان ئەوانی هەیە، بۆیەش شان بە شانی سەگەکانی شار ڕاودەکرێن و شاریان لێ پاک دەکرێتەوە، کەواتە ئەم ڕۆمانە بریتییە لە کێشمەکێشمی بەردەوامی نێوان زۆردارو زۆرلێکراوان، نێوان ڕاوچی و نێچیرەکان، نێوان دژگەییە ئەزەلییەکانی کۆمەڵی کوردەواری کە لە ڕوانینی ڕۆماننووسەوە بەشێکە لە مەسەلەی دواکەوتوویی شارو کۆمەڵگەی کوردەواری ئێمەو توانیویەتی لایەنگیرییەکی ئیستێتیکیانەی جوان لای خوێنەر دروست بکات، بەنیشاندانی ئەم کێشمەکێشمە لە ناو ڕۆمانێکی هونەری جواندا کە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکانیش پابەندن بە مەسەلە سیاسی و فەلسەفییەکانەوە و پێمان دەڵێ، مادام لە کۆمەڵگەیەکدا ئازادییەکان لە مرۆڤ داماڵراون و ناتوانن خاوەن ویست و ئیرادەو حەزی خۆیان بن، ئەوا ئەو کۆمەڵگەیە نموونەی ئەم شارەیە کە ڕۆماننووس وێنەی کێشاوەو وەک زیندانێک وایەو تەمێکی ڕەش داپۆشیوەو لەوێ لە کۆمەڵگەی بەم شێوەیە هەموو کارمامزو ئاسکە گوناهەکان، هەموو شێت و نەدارو هەژارو مرۆڤە بێ پشت و پەنا و بێ دەسەڵاتەکان وەک کارمامزەکانی ئەم پێدەشتە لەبەردەم دەسەڵاتە زاڵم و دڵڕەق و دڕندەکاندا ڕاودەکرێن و دەکوژرێن.

## تەکنیک لەم ڕۆمانەدا

ئەم ڕۆمانە بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک (تۆ) نووسراوە کە چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ، ڕۆماننووسەکەیە و قسە لەگەڵ پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەی دەرویش بایز دەکات و دەیدوێنێ و پاڵەوانەکانی دیکەش هەموویان لە ناو هزرو خەیاڵ و یادەوەرییەکانی بایز جووڵەیان پێدەکرێ، تەنانەت (هەمین)یش کە پێوەندییەکی پتەوی بە بایزەوە هەیە لە ناو گێڕانەوەی چیرۆکبێژدا کە ڕۆماننووسە بەهۆی فلاش باک و یادەوەری و بیرکردنەوەو داڵغەکانی بایزەوە، ڕۆماننووس جووڵەی پێدەکات و دەیهێنێتە ناو ڕووداوەکان، چونکە بە فیعلی و لە کاتی دیاریکراوی ڕۆمانەکەدا کە لەشەو و ڕۆژ و ئێوارەیەک زیاتر نییە، بەڵام



بە فلاش باک کاتەکان بەرفراوان دەبن و زەمەن دەگەڕێندرێتەوە دواوە بۆ گێڕانەوەی ڕابردووی پاڵەوانە سەرەکییەکانی چیرۆکەکە، چونکە ئەو ئێوارەیە کە بایز ڕاوە ڕیشۆڵەیەکی چاک دەکات، بە هەزار دوعا و دوای هەوڵێکی زۆر دەگاتەوە ماڵەکەی خۆی، چونکە بارانێکی زۆر دەبارێ و بەم سەرما و سۆڵەش ڕێگای قوڕو لیتە دەشێلێ و ئەزیەت دەکێشێ، بەڵام ئەو شەوە زۆر چاوەڕوانی گەڕانەوەی هەمین دەکات، کەچی نایەتەوە، ئینجا لێرەوە ئەم شەوە هەموو یادو یادەوەری و ڕۆژانی پێشتری سەردەمی گوند و حەزلێکردن و ڕەدووکەوتن و تا بەسەربردنی تاڵی و سوێری ئەم سی ساڵەی ڕۆیشتووە، بەدەم ترس و دڵەڕاوکێ و خەو هەڵبزڕکان و کێشمەکێشمی دوو مرۆڤی دەست زوڵم و زۆرداری و ڕاکردن لە دابونەریتە باوەکان و زیندانی ئاغا و زۆردارانی گوندەکەیان و دواییش ئێش و ئازار و موعاناتی دوای هاتنیان بۆ شار و ئەم ژانە کولەمەرگییەیان کە یەکێکیان دەرویش بە ڕاوی ڕیشۆڵە و هەمینیش بە خزمەتکاری ماڵی ئاغا و بەگزادە و چەلەبی و خواپێداوان دەژین کە ڕۆماننووس بۆ قوولکردنەوەی دیمەنە تراژیدیاکان و جوانکاری دەقی ڕۆمانەکە، دەقی لاوک دەخاتە ناو ڕۆمانەکە و وەک نموونەیەکیش لە بەرهەمە بەپێزەکانی بایزو تەوزیفکردنی هونەرییانەی ڕۆماننووس کە یەکەم جارە ئەو تەوزیف کردنە بخرێتە ناو ڕۆمانی کوردییەوە، ئەمەش وەک تەوزیفکردنی بەرهەمی فۆلکلۆری کوردی دەخرێتە ناو تۆماری تەکنیکی نوێی ڕۆمانی کوردییەوە و لە هەمان کاتیشدا دیمەنە تراژیدیاکان و جوانکاری دەقەکە بەسەنگتر دەکەن. کەواتە پاڵەوانی سەرەکی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێکە کە ڕۆماننووسەو پاڵەوانی سەرەکیشی دەرویش بایزە کە ڕۆماننووس بە ڕاناوی (تۆ) قسەی لەگەڵ دەکات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بە شێوازی فلاش باک بەبیر بایز دێنێتەوەو ئەوەی زۆریش بەکارهاتبێ لەلایەنی تەکنیکەوە لەم ڕۆمانەدا ئەوا تەکنیکی فلاش باک و تەداعی و بەکارهێنانی مۆنتاژی کات و شوێنە کە تێکەڵ بە فانتازیا و خەیاڵی قووڵی ڕۆماننووس دەبن و پێشتر و ئێستا و ئایندەی ڕۆمانەکە دەنەخشێنن و ماوەکەی دیاری کراوی لە ڕۆمانەکەدا ئێوارەیەک و شەوێک و ڕۆژێکەو، بەڵام بە فلاش باک و گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و تەکنیکی گەڕانەوە بۆ دواوە ماوەی سی ساڵ وێنەی ژیانی تراژیدی چیرۆکی بایز و هەمین و هەموو چەوساوەکانی (مامزە کوژراوەکانی) گوند و شارەکە دەکێشن و دواییش تێکەڵ بە چەوساندنەوەو موعاناتی شێت و سەگ و هەژار و دەرۆزەکەرو گەڕەکە نەدارەکان دەبێت و ڕۆمانەکە دەبێتە کێشمەکێشمی نێوان دەسەڵاتدار و دەسەڵات بەسەردا سەپێنراوەکان و

زاڵم و زوڵم لێکراوەکان و دەوڵەمەن و هەژارەکان و ڕاوچی و ڕاوکراوەکان و هەموو ئەم دژگەییە مرۆیی و سروشتییانە دەبینەوەو لە ناو گێڕانەوەی دیمەنە یەک لەدوای یەکەکانی شاریشدا کە دیمەنی وێنەکێشانی گەڕەکە نەدارەکان و دیمەنی لافاوە جەرگبڕەکەی شار و دیمەنی ڕاوی کارمامزەکان و گرتنی شێت و دەرۆزەکەر و سەگە بەرەڵڵاکانی شار، ڕۆماننووس چەندان دیمەنی کۆنی گوندەکانی ناوچەی قەراج و کەندێناوە و دەشتی هەولێر و چەندان گەڕەکی کۆنی هەولێرمان بۆ دەکێشێ و بەبیر دێنێتەوە وەک بەستی سەیداوە و گڵکەند و منارەی چۆلی و قەڵاو تەعجیل و کوران و شوێنی دیکەی ناو شار.

هەروەها وێنەی چەندان کەسایەتی مێژوویی دەخاتە ناو ڕۆمانەکە کە لەو شارەدا ڕۆڵی خۆیان هەبووە وەک چەلەبی و خدری پاشا، هەروەها چەندان شێتی ناوداری ئەو شارە کە هەندێکیان وەک پیرداود لە شەوێکدا دەنگ دەدرێ و دەکوژرێ و شارەوانی دەینێژێ، ئەمانەش هەموو گێڕانەوەی بەسەرهاتی ڕۆمانەکەیان بە دیوێکی گێڕانەوەی واقیعی ئەو شارە بردووە کە زۆر ئاساییە و هەموو چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێکی دنیاش وێنەو تۆمارو بیرۆکەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی خۆی لە دەوروپشتی خۆی و تۆمارکردنی یادەوەری منداڵی و مێردمنداڵیش ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لەلای چیرۆکنووس و ڕۆماننووساندا و ئەمەش بۆ شێرزاد کەرەستەو بەرهەمی چیرۆکەکانی دروست کردووەو سەرکەوتنیشی پێ بەخشیوە. لەم ڕۆمانەدا دیمەنەکان ئەوەندە خێراو هونەرییانە ئاوێتەی یەکتر کراون، خوێنەر هەست پێ ناکات کاتێ کە کامێرای نووسەر لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە دەگوازرێتەوە، بێ ئەوەی هەست بە پسانێک یا پچڕانێک بکرێت، ئەمانەش بەهۆی زمانی گێڕانەوەی ڕۆماننووسەوەیە.

## زمان لەم ڕۆمانەدا

ڕۆماننووس کە لە دیمەنێکەوە بۆ دیمەنێکی دیکە دەمانگوازێتەوە بەهۆی گەڕانەوە بۆ دواوە (فلاش باک)و تەداعی و شەپۆلی هۆش پشت بە دیمەنەکانی پێشترو وەسفکردنیان و ڕووداوەکانی ڕابردوو و باسکردنیان و خەیاڵی بەرزەفڕی دەبن، ئەمەش پێویستی بە ئاگاداری و بوونی زمانێکی شیعری پاراو و مۆسیقایی و ڕۆمانسییانە هەیە تا بتوانێ ئەم هەموو مەبەست و بیرۆکەو ڕووداوانەی کە ڕۆماننووس تێکەڵ یەکتریان دەکات لە ناو ئەو فەزا فراوانەی ڕۆمان و ئەو هەموو کاتە جیاوازانە و ئاگاداربوون لە هەڵسوکەوتی هەموو پاڵەوانەکانی ناو ڕۆمانەکەو باسکردنی هەڵسوکەوت و هەستی ناوەوەیان و وەسفی دیمەنە



خەیاڵییەکان و تێکەڵکردنی هزرو بۆچوونی ڕۆماننووس، تا بتوانێ خوێنەر لە گێڕانەوەی بەردەوام بێت و بێزار نەبێت و جۆرە بەدواداچوون یان تەشویقی لا پەیدا بێت و بزانێ ڕووداوەکان بە چ ئاقارێکدا دەڕۆن، ئەمەش دەوەستێتە سەر وەستانی بنیادنانی ڕۆماننووس کە بتوانێ خوێنەر لە ناو ئەو هەموو ڕووداو و کارەساتە یەک بەدوای یەکانەدا بخاتە ناو ڕووداوەکان و خۆی لەبیر بکات یانیش بچێتە ناو کەسایەتی یەکێک لە پاڵەوانەکانی ڕۆمانەکە یانیش ببێتە لایەنگری پاڵەوانەکانی و لە کێشمەکێشمی خێرو شەڕدا ببێتە لایەنگری خێرو هەست و نەستی تێکەڵ بە بەردەوامی ڕۆمانەکە بێت، ئەمەش لای ڕۆماننووسی زمان جوان و پاراو، بەهۆی دروستکردن و شێوازی گێڕانەوەی خۆی و تەکنیکی ڕۆمانەکە کە هەڵی دەبژێرێ، جیا دەکرێتەوە لە کەسێکی کە، ئەگەرچی ڕووداوەکانیش ڕێکوپێک و جوان بن و سەرنج ڕاکێش و پڕ بایەخیش بن، بەڵام زمانەکەی کرچ و کاڵ و سادە و پڕ گرێ بێت و هەر لە پەرەگرافی یەکەمەوە نەتوانێ خوێنەر بخاتە ناو دنیای ڕۆمانەکە، چونکە دیارە هەموو هونەرکاری ڕۆمان و بیرۆکە و چنینی وەستایانە و هونەرمەندانە لەژێر دەستی زمانزانێکی کارامە تێنەپەڕن، ئەوا چەشەی خوێندنەوە لاواز دەبێت و ئەو دەقەش مردنی خۆی ڕادەگەیەنێت، چونکە دیارە هەر زمانە دەتوانێ دەقێکی مردوو لە دەقێکی زیندوو جیابکاتەوەو تۆماری سەرکەوتن بکات، چونکە دەقی ئەدەبی ئەگەر زمانەکەی لێ دابڕێت، بەتایبەتیش ڕۆمان و چیرۆک ئەوا تەنیا هەقایەت و سەربردەو ڕووداوەکانی ڕۆژانە دەمێنێتەوە کە ئەوەش هەموو مرۆڤێک ڕۆژانە گوێیان لێی دەبێت و دەیانبیستێ. ئەم ڕۆمانەی شێرزاد حەسەن ڕەنگە زۆربەمان ڕووداوەکانیمان بیستبێ یا بەگوێی خەڵکی گەڕەکێکی وەک (کوران) نامۆ نەبن، ئەگەرچی کەسەکان و شێوەی ڕووداوەکانیش لای ڕۆماننووس گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە، وەلێ ئەوەی کە لەم ڕۆمانەدا منی خوێنەر ئاشنای ڕۆمانەکەم دەکات، چۆنیەتی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیە، چۆنیەتی دروستکردنی ئەو دنیا جیاوازەی ناو ڕۆمانەکەیە لەگەڵ ئەو دنیایەی کە من و یەکێکی دیکە دەیبینین یا دەیبیستین، بەڵام جیاوازییەکە لە چۆنیەتی نووسینەوەی ئەو دەقەیە کە ڕەنگە یەکێکی دیکە هەمان ئەو ڕووداوانە نەتوانێ بەم شێوەیە بگێڕێتەوە، کەواتە کرۆکی جوانکاری ڕۆمان، زمانەکەیەتی و لەم بنیادەشەوە دەقی ئەدەبی سەرکەوتنی یا سەرنەکەوتنی بەدیار دەکەوێت، هەر زمانیشە کە بەرهەمی ئەدەبی لە بابەتی ڕۆژانە جیادەکاتەوەو ئەم تۆمارەشە کە داهێننان دروست دەکات. لێرەوە بونیادی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەی شێرزاد حەسەن تێکەڵ بە چنینی خەیاڵئامێزی دەبێت و لە ناو

کەشوهەوا و تەشقێکی سیحر ئامێزدا وشەکان شوێنی خۆیان دەگرن و زمانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەش هەندێکیان بەشێوەی قسەکردنی ئاسایی ڕۆژانەدا لە ناو دیالۆگدا نەک لە ناو وەسفی ڕۆماننووس وەک خۆیان بێ تەکلیف دەنووسرێتەوە، لەگەڵ ئەم خەیاڵ و فانتازیا بەردەوامەو ئەم هەموو فلاش باکە زمانەکەی شێرزاد حەسەن شاعیرییانەو ڕۆمانسییانە توانیویەتی بەردەوامی خوێندنەوە بە خوێنەر بدات و بەلای خۆیدا ڕایکێشێت، دەنا لەم هەموو خەیاڵبازییەدا، ئەگەر زمانەکەی لێ دامالێین ئەوا هیچ شتێکی پڕ بەهای ناو دەقەکە ئەو خۆشییە، ئەو چەشەیە، ئەو حەزی خوێندنەوەیە بە خوێنەر نابەخشن وەک بەشدارێکی کاریگەری ناو دەق لە سێکوچکەی (دەق-نووسەر-خوێنەر)دا، بۆیە چنینی هونەری ڕۆمانەکە بێ ئەو زمانە شیعرییە ڕۆمانسییە مەحاڵە. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا هونەرمەندانە توانیویەتی وەک سیحربازێکی وشە، کاریگەری خۆی بخاتە ناو پانتایی دەقەکەو خوێنەر لەگەڵ خۆیدا بخاتە ناو خەیاڵە قووڵ و خۆشەکانی و سەفەرێکی ڕۆحیان پێ بکات..

تێبینی:

ئەم ڕۆمانە لە چاپ کراوەکانی کتێبخانەی (بەستە)یە لە سلێمانی و ساڵی (٢٠٠١) لە چاپخانەی ئۆفسیتی تیشک چاپ کراوەو بریتییە لە (٢٣٢) لاپەڕەی قەوارە مام ناوەندی و تابلۆی بەرگەکانی هی هونەرمەندی کوردی سوریا (بەشار ئال عیسا)یەو لەگەڵ ڕۆمانەکەدا گونجاوەو ڕۆمانەکەش بە چاپێکی جوان خراوەتە کتێبخانەی کوردییەوە.



# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی چناری شێر

## وەسفی کەسایەتییەکان لە دیدی ڕۆماننووسەوە

(١) پیری داموس: بەدەستی خۆی ئەو ئەنگوستیلەی دەقامکان کردبوو، دڵی بەوە خۆش بوو وەختێک شۆڕی دەکەنەوە نێو قەبرێکی تاریکی گۆڕی بۆ ڕووناک دەکاتەوە.

(٢) سەیدە غەریبە: هەرگیز هێندە پێنەکەنیبوو ددانی ببینرێن، بە نیازی ڕووباری شەڕاب و ژنی وەک هەڵم و نووری سەد ڕەنگ قومە ئاوێکی بە گران دەخواردەوە، ئەوە جۆگەلە شەڕابی هەنار، ئەوە ئاوازی ئەو تەیرەی لە دەریاوە هاتووە بەسەریدا دەڕژێن. ئەو لاشەی لە نوور بوو، لە نێو خۆڵدا لێی بەجێما، لە خوێن هەڵدەکێشێ، سەیدە غەریبە سێ مانگان لە ئەشکەوتی مامزان بە چ ژیا، سەیدە غەریبە لە نووری خوا ئاڵابوو.

(٣) پیرە شوان: بە حەز و لەزەتی گەنجێکی هەژدە ساڵەوە، بە نەفەس و هەناسێکی وەک ئاگرەوە، دەنگێکی دەڕشت، ڕووبارێک دەهاتە خوار، سێبەری هەزاران باڵ دەڕژانە نێو هەوا، ئەو شوانە جگە لە بزن دەستی بە مێیەکی دیکە نەکەوتبوو.

(٤) بێرییەکان: ئەو بێریانە بە مردن، بلوێریان لێ بە ئاوێدا دەچوو، جلکیان لێ بە ئاوێدا دەچوو، ئەو شیرە خەستەی تازەیان دۆشی بوو، ئەو شیرە چەور و چۆڵەی هەڵمی لێ هەڵدەستا، ئەو شیرەی گانی لێ دەباری، ئەو شیرەی هێندە نەبوو منداڵی لێ دەرپەڕن.

(٥) شوورێک: ئەم شوورەی کە لە سەیدە غەریبە بە ژووری ئەشکەوتێ دەکەوێ، شوورێک کە نێوێکی هێندە گەورەی لێنابوو دوایەی بەکەس نەگوت، سەیدە غەریبە بە زمانێک لەگەڵی دەدوێ وەک هەنگوین، قامکی باریکی سیسی لە گوانی دەدا، بەچ نوورو سیحر و پەڕچووەک ئەو گوانانە پڕ دەبن لە شیر، سەید لێو بە گوانییەوە دەنێ، ئەو شوورەی لە زاڵکی ئەشکەوتێ تێما بوو.

(٦) پیرە نێری: گوڵینگێک لە مووی ئەو شوورە دروست کرابێ، گوڵینگێک سەید بەدەستی موبارەک و زەینی بەرەکەتی دەملی پیرە نێری کردبی، ئەها پیرە نێری ڕەوە مرۆیەک وەدووی خۆی دەداو دەگاتە هاواری.

ئەو نێرییەی تێکەڵ شووران بوو، وەک پاشای کێوان، وەختێک تێکەڵ بەفر دەبێ و وەختێک دەنێو هەور دەنوێ، جارێک دەبێتە بەردێکی قوچ و وەختێک دەبێتە دارەبەنێکی نێوەندی چیایە. ئەو نێرییەی شاخەکانی وەک قۆچی شووران حەوت لقی دەرداون، ئەو خەمەی لەە دوای هەترە بوونی مێگەلەکەی بۆنی مێ سڕیبوویەوە.

## ئەم شتانەی یا دەستەواژانەی لە ڕۆمانەکەدا بەردەوامییان هەیە

زەنگۆڵەیەک وەک ئالا، وڵاتێکی بێ سێبەر، تەیری دەریا، شەڕابی هەنار، شیلەی هەنجیر، گوڵینکەیەک، گوڵێکی سێ پەڕ، هەناری قەڵشیو، مشکی دەریا، ئەو تەیرەی ناوی خۆی بە بارمتە لای هەنار دانا، مۆمێکی کەسک، دەریایەکی کەسک، شیرێکی کەسک، کوڵوک، مرواری، گڵکۆی گردی سەیدە غەریبە، زەکەری دەریا، قامکەکانی سەیدە، ڕەنگێک، بۆنێکی چەور و چۆڵ، بۆنی مێ، بۆنی خەنەی دەست و پەنجەی بێرییان، شۆقێک، گڕێکی شمشاڵ، بای شمشاڵ، شیرێکی پڕ مەمکی کچانی باڵق، ژنە پڕ شەهوەتەکان، گۆ مەمک، شیری هەنجیر، ژنێکی هاتووەدەر لە پەراسوو، ژنێک کە بە ژنی هاتە سەر دنیا، شیری شەمشەمەکوێرە، میزێکی وەک کەف، خوێنی هەنار، هەورێک پڕە لە ڕەنگی مێ، دار هەنارەکەی گردە غەریبە...تاد.

## کات و شوێنی ڕۆمانەکە

کات و شوێن لەم ڕۆمانەدا بەتەواوی بەرجەستە ناکرێ وەک لە ڕۆمانی ئاسایی دەبینرێ کە کاتی ڕووداوە و شوێنی ڕووداوە، بەڵام کات و شوێنەکان لە زەیندا دروست دەکرێن و لە وەسفی نووسەردا خوێنەر دروستیان دەکات، ئەگەر وەک دیار بوونیش ببینرێت لە ڕۆمانەکەدا ئەوا لە سیاقی وەسفی ڕۆماننووسەوە دەستنیشان دەکرێن نەک وەک کات و شوێنی دیار و بەرجەستە.

جوانترین وەسفی ڕۆماننووس لە وەسفی شاخدا دەڵێ: شاخ بەخۆی و سینگی دڕو لەشی مواوی و دەماغی بەردین و چاوی پڕ کەرامەتییەوە..تاد. وەسفکردنی وێنەکان ئەوەندە هەستین، بێگیان دەکاتە گیانلەبەرو پێچەوانەکەشی.



## سەیدە غەریبە لە پانتایی ئەم ڕۆمانەدا

پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە پیرە نێرییەکە بەڵام ئەوانی دیکەش وەک لەسەرەتاوە بەدیارمان خستن پاڵەوانی نا سەرەکین یا ئەو کەسایەتییانەن کە خزمەتی گێڕانەوەی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە دەکەن، وەلێ لە پاڵەوانە مرۆییەکاندا سەیدە غەریبە شوێنێکی بەرچاوی لە پانتایی ڕۆمانەکە تەنیوە با بزانین ئەو سەیدە غەریبە چ بۆشاییەک لەم ڕۆمانەدا پڕ دەکاتەوە؟

سەیدە غەریبە کێیە، سەرەتای ڕۆمانەکە وەسفی هەنارێک دەکات کە سەد ساڵە لە گردە غەریبەی ڕواوە، هێندەی پرچی سەد ژنی سی و سێ ساڵە لق و پۆپی دەرداوە، سی و سێ هێندەی ئەوانیش کوڵوکی لێچۆڕاوە، هەناری گردی غەریبان کەس دەستیان بۆ نابا، دەقەڵشن و با وەک مرۆ دەیان ئاخنێ، ئاوی ئەو دنکە هەنارانە، هەزار ساڵە دەوەرێتە سەر زەوی– سەیدە غەریبە موبارەکە، ئەو سەیدە نوورە، سەیدە غەریبە ئەو گوڵینگەی لە مووی ئەو شوورە چنیوە سێ مانگانی لەبەری ئاسۆسی دەگەڵ ژیا، کەس نییە نەزانێ سەیدە غەریبە سێ مانگان لە ئەشکەوتی مامزان، لەو ئاسۆسە ڕەق و تەقەی بە چ ژیا، سەیدە غەریبە لە نووری خوا ئالابوو، عومرێک لە گیایەک ڕادەما داخۆ بە نووری موبارەکی چۆنی ڕۆناوە، زستانێ وەختێک بەفر بەربینگی دەگرێ، چیدیکە بە نووری ڕووت ناتوانێ بژی، وەک سیپاڵ دەکەوێ، شوورەکی لێ بە ژووری ئەشکەوتێ دەکەوێ، شوورێک کە نێوێکی هێندە گەورەی لێ نابوو دوایەی بەکەس نەگوت، سەیدە غەریبە بە زمانێک لەگەڵی دەدوێ وەک هەنگوین، قامکی باریک و سیس لە گوانی دەدا، بەچ نوورو سیحر و پەڕچووەک ئەو گوانانە پڕ دەبن لە شیر، سەید لێو بە گوانییەوە دەنێ، سەید کە گەنجیی خۆی بە شوانی بەسەر بردووە، نەیزانیبوو شیرێک هەیە بەو تامە، دەیگوت عومرێک ئەگەر حەفتا ساڵ بێت و حەفتا ژنی تێدا بێت بۆ قومە شیرێکی ئاوای بە خەرج دەی.

خەسار نییە، گوڵینگێک لە مووی ئەو شوورە دروست کرابێ، گوڵینگێک سەید بەدەستی موبارەک و زەینی بەرەکەتی دەملی پیرەنێری کردبێ، هەموو دەست بەربوویەک، ئەو گوڵینگەی دەدی، گوتی لەو زەنگە دەبوو دەنێویدا دەنگی داوە، ئەها پیرە نێری ڕەوە مرۆیەک وەدووی خۆی دەدا و دەگاتە هاواری.

## هاوکێشەی چنار - شیر

باڵندەیەک خۆی دابۆ پەنا ئەو لەزەتانەی مرۆ لەبەریان هەڵدێ، ئەو گەوهەرە نەحلەتییە ، ئەو ژەهرە پیرۆزە بە لەشکرێک لە خەتاوە مل لە باڵندەیەک دەنێ هەناسەی منداڵێک وە هەوای دەخا. گرێکی تێبەردەدا گرێکی تووند و قورسی وەک ئاسن، باڵندە وەک بەردێک دکەوێتە دەریاوە، چنارێک ئاوێ لەجێ بلند دەبێ، چنارێکی کەسک لەسەر ئاوێ دەڕوێ، ئەگەر سەد ساڵی دیکە، سەد دەنگ ساز، سەد شمشاڵ ژەن، سەد دەف ژەن بە هەموو حیکمەتی دنیاو باس و تاریفی ئەو چنارە کەسکە بکەن، لاسکەکی، گەڵایەکی بێ دەماری هەرە چوکەڵەی تەواو نابێ. ئەو چنارە لەسەردا دادەڕژاوە نێو ئاوێ، دەڕژاوە و نەدەبڕا. چنارێک لەنێو ئاوێ هەستا بۆ پێ، چنارێک وەک دەماری هەرە قووڵی ژن دەلەرزێ، جا ئەو دەمارەی ژن چۆن وە لەرزە کەوت؟ جا قەتم بەو باریکییە لە چناری کەسک بدوێ یان لە لەرزینی دەماری ژم، ئەو دەمارەی دەبن ستریچ و جوبە و کۆڵە پۆشەوە، ئی باڵق و پیرێژنان وەک یەک دەلەرزن، هەموو گەشکەی لەرزینێک چنارێکی ئاوا، بلندتر و کەسک تر دەنێو دەماری ژنان قیت دەکاتەوە.

ئەو لەرزینەی لە چنارێک کەوتەوە لەسەر ئاو هەستا بۆ پێ، چنارێک گەڵاکانی وەک مێو و ڕۆن دەڕژانەوە دەریاو تەواو دەبوون.

## فەلسەفەی ژن یا مێ لەم ڕۆمانەدا

شیر لەم ڕۆمانەدا لە هەموو ڕەگەزێکی مێ دێتە دەرەوە وەک ئافرەت و هەنجیر و شەمشەمەکوێرە و چنار و شوورو ئەوەی لەم کەونەدا زاوزێ دەکا و بۆیەش هێمای بەردەوامی و ژیان و بۆنی مێیەتی دەبەخشێ. ئەم دنیایەی پڕە لە شیر بۆیەش زاوزێ دەکاو بەردەوام دەبێت. شیری ژن، شیری گەنم، شیری هەنجیر، شیری مار و شیری پیاو، هەنارەکانیش کە لەخۆڕا دەقەڵشن و شەڕاب دەردەدەن و ڕوودەچنە خوارەوە هێمای منداڵدانە کە هەزاران ساڵە لەسەر مەزارگەی سەیدە غەریبە کەس ناوێرێ دەستیان بۆ ببات ئەو تەیرەی بەقەد ناولەپی منداڵێکەوە دێ و هەنارەکە واتە منداڵدانەکە بە ئاوی باران دەپێکێ و نێر و مێ تێکەڵ دەکات و ژیانی لێ دروست دەبێ.


لەم ڕۆمانەدا باسی فەلسەفەی خوڵقانی ئادەم و حەوا دەکات لە بەهەشتدا کە چۆن حەوا لە پەراسووی ئادەم دێتە دەرەوە و بەهەشت ئاوەدان دەکەنەوەو بەڵام بە پێچەوانەوە بە




هاتنی ئەوان بۆ سەر دنیا دەریایەکی کەسک لە ڕەحمەت واتە ژیان و ژیانەوە و پاشانیش لە وەرزی بەردەوامی ژیاندا کە تەنیا ئەو زاوزێیە و پێکانی نێر و مێی تێدایە وەڕسییەک، فەنابوونێک لە خودی نووسەر دروست دەکەن و خۆزگە دەخوازێ کە هەموو پەراسووەکان هەریەکەو ژنێک بە لەزەت و شەنگییەکی دیکەوە تێدا لە خەو هەستابان ئەوجا ئەم دنیایە بە گاڕانێک ژن و لەزەتەوە پڕ بووبان دوای ئەوەی لە بەهەشت وەدەر دەنران و بەهەشت بەتەنێ مابایەوە، بەڵام دنیا وانییە بۆیەش هەر پێتانی نێر و مێ و بەردەوامی ژیانێکی نەوە لەدوای نەوەیەوە هیچ گۆڕانێکی تێدا نییە، دنیا بە شەهوەتەوە خۆشە بەڵام پەردەیەک لە حەیا دایپۆشیوە.

ئەم شەهوەتە ژیان دروست دەکات و لای بنیادەم و گیاندار و دار و درەخت هەستی پێ دەکرێ و دنیایەک بەو گەورەییە، دەسەڵاتێک بەو سیحرەی بێ سنوورە ژنێک لە پەراسوویەکی ڕەق و تەق بێنێتە دەرێ، تۆبیەکی لەسەر لاباو بە ئاستەم بە قامکی هەرە باریکی ژنێک بەتەنێ تای بەهەشت بێ و لێشی زیاد لەو پەراسووە بێنێتە دەر، ژنێک پرچی وەک گوریس دەبن بەهەشت ڕاخاو بەهەشت بەخۆی و خۆری هەزار ڕەنگ و ڕووباری شیریەوە بێنێتە ئێرە، کابراش بە خۆی و کیسەی گونیەوە وە دووی کەوێ، ژنێک کە بە ژنی هاتە سەر دنیا، بەڵێ بە ژنی، بە لینگێکی وەک کاریتەو سینگێک وەک ئاڵا، بۆ گەلێکی بێ ئاڵای وەک گەلی کورد، دەکرێ ئەو ئاڵایە وەک گۆڕەکانی بە ئەمانەت وەرگرێ و دەنێو بوخچ و تاق و سندووقە بوراقەکانیان بێنە دەرێ و بەرێو ڕەسمێکی شایان لەسەربانی هەموو ماڵێک هەڵدرێ.

ژەهری شەهوەت = ژەهری شیر = پێتان = لەزەت و بەردەوامی ژیان



له هەموو ڕۆمانێکدا ڕەگەزی تەشویق و بیر هێنانەوە هەیە، واتە چەند ڕستەیەک وەک نیدا یا بانگەواز یا ڕایەڵ دووبارە دەبێتەوە و هێڵی سەرەکی ڕۆمانەکە وەک هارمۆنیایەک بەیەکدی دەبەستێتەوە. لەم ڕۆمانەدا زەنگۆڵەیەک لەم هێڵەدایە کە دووبارە دەبێتەوە و هێڵی زەینی وێنە خەیاڵییەکانی ڕۆمانەکە کە لەمێشکی خوێنەردا درامایەک دروست دەکەن، بەیەکترەوە دەلکێنێت ئەم ڕستەیەی کە تەوەری دووبارە بوونەوەیە لە ڕۆمانەکە: زەنگۆڵەیەک بەنێو سەرمادا دێ، دەنگی زەنگۆڵەیەک دەکەوێتە سەر بەفر، زەنگێک دەنێو گوڵینکە وشک و برینگە دەنگ دەداتەوە، لەسەر کێوێک لە بەفر...تاد.

ئەوەی کە لە ڕۆمانی (چناری شیر)دا دڵخۆشکەرە ئەوەیە کە ڕۆمانەکە بەشێوەی ئاسایی جاران نە نووسراوە کە سەرەتاو گرێچن و کۆتایی و پاڵەوانی مرۆیی ئاسایی هەبن و هێڵی درامی دروست بکرێ و ڕووداوەکان یەک بە دوای یەک وەک هەقایەت بدرێنە خوێنەر، بەڵکو بە شێوازی ڕۆمانی نوێی جیهانی کە ئەمەش لە ڕۆمانی فەرەنسی نوێدا لای کلۆسیمۆن و ئالان ڕۆب گرێ و...تاد دەبینرێ کە ڕۆمانی شتگەرییە و پاڵەوانی سەرەکی و ڕووداو و گرێچن نییە بەڵکو لە ڕۆمان لێکگرێدانی وێنە زەینییەکانی نووسەرەکە بە شێوەیەکی هونەری و فانتازییانە دەیداتە دەست خوێنەر و ئەو لە مێشکی خۆیدا سەرەتا و گرێچن و کۆتایی بۆ دروست دەکات و لەم وێنە زەینییانەدا خوێنەر خۆی درامایەک یا هێڵێکی درامایی دروست دەکات و وێنەکانیش پشت بە خەیاڵ و بیرکردنەوەیەکی فراوانی چیرۆکنووس دەبەستن. ئەم ڕۆمانەی (جەبار جەمال غەریب)یش هەر دەچێتە ئەو هەوڵە نوێیانەی کە لە نووسینی ڕۆمانی کوردی دەبەخشرێن و دەتوانم لە قوتابخانەی ڕۆمانی نوێی دنیادا کە وێنەی هەیە، بەڵام بەهەوڵێکی نوێ و چاکیشی بزانم لە نوێخوازی ڕۆمانی کوردیدا کە چەند برادەرێکی دیکەش بە شێوازی دیکە لە نوێکردنەوەدان. (جەبار جەمال غەریب) داینەمۆی نووسینەکانی هەر تەنیا شێوازە نوێیەکەی نییە لە تەکنیک و بیرۆکەی نوێ بەڵکو نوێخوازی و هێزی دەربڕینی زمانەکەیەتی کە وەک چەکێکی کاریگەر و پڕ شیعریەتەکانی بەهرەی خۆی پێ دادەڕێژێت تا دەستەواژە و موفرەدە و پێکهاتەی ڕستە و وێنە وەسفییەکانیشی دەگەڵ خەڵکی دیکەدا جیاوازە، ئەم ڕۆمانە هێشتا پڕیەتی لە ڕاڤە و پرسیار و بۆ کەسانی دی جێدەهێڵم..



# کتێبێک حیکایەتەکانی بۆ دنیا دەگێڕێتەوە

## دەسپێک

ئەگەرچی جەبار جەمال غەریب پێش ڕاپەڕین بە چیرۆکی (شەوی یەلدا) وەک دەنگێکی بەهرەمەندی نوێ خۆی بە خوێنەران ناساند، کاتێ کە لە ژمارە (١٨٢) تایبەت بە چیرۆکی گۆڤاری (بەیان) ئەم چیرۆکەی بڵاوکردەوە من یەکێک بووم لەو کەسانەی ئەم ژمارەیەم هەڵسەنگاندو پێشبینی داهاتوویەکی چاکی برای چیرۆکنووسم کردبوو.. بەڵام لە ڕووی بڵاوکردنەوەو تەقینەوەی بەهرەو ناسینی تەواوەوە، جەبار جەمال غەریب بە دەنگێکی نوێ و دیار و جیاوازی قۆناغی دوای ڕاپەڕین دەژمێردرێت بەهۆی ئیشکردنی لە زمان و شیعرییەتی نووسینی چیرۆکەکانی و شێوازی نووسینی چیرۆکەکانی و هەڵبژاردنی بابەت و کەرەستە و تەنانەت ناونیشانەکانیشی دەمانخاتە ناو واقیعێکی سیحری و دنیای فانتازیا و قووڵی خەیاڵ و فراوانی فەزا..

جەبار جەمال غەریب سوودی لە چیرۆکی نوێی دنیا وەرگرتووەو لە نووسینەکانی خۆیدا تاقیکردۆتەوە بەتایبەتیش بە چیرۆککردنی شت و کەلوپەل و بەکارهێنانی سێبەر و تارمایی و فرەدەنگی و بەکارهێنانی زمانی شیعری و ڕووداوی ساکاری ڕۆژانە و ژیان بە دەلالەتکردنی کەرەستەو کائین و شتەکان و دوورکەوتنەوە لە سەرەتا و گرێچن و گێڕانەوەی ڕووداوی کۆمەڵایەتی، بەڵکو بە زمانە شیعرییە ڕۆمانسییەکەی و وێنە زەینییە جۆراوجۆرەکان و کەرەستە سادەکانی گێڕانەوە، لە گێڕانەوەی ئاسایی دوور دەکەوێتەوە و ئاستەکانی گێڕانەوەو ڕووداو لە مەئلووفەوە دەگوازێتەوە بۆ نا مەئلووف، ئەمەش لە چیرۆکی نوێی فەرەنسی و بەتایبەتیش لای (ئالان ڕۆب گرێ)و (کلۆدسیمۆن)و (میشیل بۆتۆر) دەبینرێت و ڕیالیزمی سیحریش لە (مارکیز)و (بۆرخیس)و (ئەلیخۆ کاربنتییە)و (ئەلفارو سیبیدا سامودیو)و (فارگاس یوسا)و (خولیو کوتاسار)و (ئەرنستۆ ساباتۆ)و (ئەرستۆریاس)و (رولفو)و (کارلۆس فویتس)و... زۆرانی دیکەش، وەردەگرێ و بۆ چیرۆکە سیحری و ئەفسانەییەکانی دەیانکاتە هەوێن.

بۆیە چیرۆکی نوێ لادانێکە لە بنچینەی باو و سەرنج ڕاکێشانی خوێنەرە بۆ لادان لە

شێوەی گێڕانەوەی جاران و تێکشکاندنی کلێشەی باو و لادانێکی تەواو لە بنچینەی گێڕانەوەو دەرچوون لە چوارچێوەی مەئلووف کە جۆرە گێڕانەوەیەکی نوێ دێنێتە بەرهەم لەگەڵ جاران جیاوازە و ئەمەش دەمێکە لە ئەدەبی دنیادا بڵاوبۆتەوەو ناسراوەو چیرۆکی کوردیش لەسەرەتای ساڵانی حەفتاکانەوە خۆی لە بەرگی کۆن ڕزگار کردووەو لەژێر کاریگەریی چیرۆکی ڕۆژئاوا و ئەمریکای لاتین بەردەوام لە نوێبوونەوەدایە.. دوای ڕاپەڕینیش نەوەیەکی نوێی سەر جیلێک و مەرگەساتەکانی جەنگ و مەرگەساتەکانی و ژیانی پڕ کوێرەوەریی کورد پێکەوەی گرێدان و بەتەرح و کەرەستەو تەکنیک و شێوازی نوێی دەربڕین بوون بەرێچکەی نوێ و دواییش ئەوانە هەندێکیان وازیان هێناو هەندێکی دیکە هاتنە مەیدان..بەهەر حاڵ نوێکاری چیرۆکی کوردی بەردەوامەو ئەو برادەرانە یان ئەم نوێخوازانە چەندان هۆکاری هاوبەش کۆیان دەکاتەوەو چەندان خاڵی دیکەش لێکیان جیا دەکاتەوەو لەوانەش هەریەکە دنیا و شێواز و ناوی تایبەتی خۆی هەیە و هەریەکەیان تەرحی خۆی و دید و بۆچوون و جیهانبینی خۆی هەیە، بەڵام ئەوانە هەموویان یەک کەپری نوێخوازی پێکەوەیان کۆدەکاتەوە.. جەبار جەمال غەریب یەکێکە لەو چیرۆکنووسە نوێخوازانەی دوای ڕاپەڕین شوێنێکی دیاری بۆ خۆی دروست کردووەو تایبەتمەندی خۆی هەیەو زمانێکی پاراو و شیعری هەیە.

جەبار لە ساڵی (١٩٧٧) بە چیرۆکی (هەتکی ڕۆح) بە شیعرییەتی نووسین و زمانە پاراوەکەی و فەزا فانتازیا ئامێزو خەیاڵی قووڵی بوونی خۆی وەک چیرۆکنووسێکی نوێی دوای ڕاپەڕین سەلماند.. دواییش لە (نامووسی تۆزوبا)دا مەبەست و ماناو پەیامی خۆی خستە ناو زمانە شیعرییەکەی و لە هەردوو نۆڤلێتی (ژنانی ئاو)و (یاقوتی ئەڵوەن)یش کە ساڵی (١٩٩٧)و (١٩٩٨) بڵاوی کردنەوە لە پەنای هەمان زمانی شیعریدا دەلالەتی شاردراوەو ماناو بە باکگراوندکردنی واقیع و ئیستاتیکای دەق و نامەئلووف کردنی هەموو مەئلووفەکان و ئامادەیی مێژوو و سوود وەرگرتن لە ئەفسانەو حیکایەت و دروستکردنی جیهانی ناوەوەی چیرۆک و دوورکەوتنەوە لە جیهانی دەرەوە دەبینرێ.. بەڵام لە چیرۆکی (شۆقێک لە خوێندا-١٩٩٩)و (پیاوانی مەرمەڕ یا ئەفسوونی شین-٢٠٠٠)و (نامەکانی ژاکۆن-٢٠٠١) جەبار ئەم زمانە شیعرییەی کردووە بە زمانێکی سادەی ڕەوانی هێمادار و لە غمووز و قورسی دوورکەوتۆتەوەو ڕووداوەکان بە شێوازێکی فانتازی و نا مەئلووف خوێنەر تووشی گەڕان و قووڵبوونەوە دەکەن و بە دوای دەلالەتی شاردراوەدا دەگەڕێ و مانای پشت پەیڤ و وشەو ڕستەو دەستەواژەکان دەخاتە ناو فەزا



فانتازیا ئامێز و خەیاڵە قووڵەکەی بەڵام لە پەنای ئەو سانایییە لە شێوازو زمانی دەربڕیندا، خوێنەر هەست بە شتی نوێ دەکات و لەگەڵ ئەوەی کە لەگەڵ خۆیدا بە دەقەکەدا دەیگێڕێ لە هەمان کاتیش چێژێکی خۆشی پێ دەبەخشێ.

بەڵام جەبار جەمال غەریب لە هەردوو ڕۆمانی (چناری شیر)و (شێخی داموس)دا لە پاڵ زمانە شیعرییەکەی چیرۆکنووس لەناو گوتاری مانادا مەبەستداری و دەلالەتی شاردراوە دەخاتە ناو بونیادی گێڕانەوەو واقیع دەکاتە باکگراوندی فەزا فانتازیئامێز و خەیاڵە قووڵەکەی و دەمانخاتە ناو دنیایەک لە ئەندێشە و بیرکردنەوە و ئاسایی و نائاسایی تێکەڵ یەکتر دەکات و وا لە خوێنەر دەکات لە هەوڵی بەردەوامدا بێت بۆ تێگەیشتن لە دەقەکان و دروستکردنی جیهانێک لەناو مانا و دەلالەتی شاردراوەی پشت پەیڤ و ڕستە و دەستەواژەکان، بەڵام بە زمانێکی شیعری گێڕانەوەکەی دەخاتە بەردەم خوێنەر کە لەگەڵ خۆیدا پەلکێشی دنیای ناو ڕۆمانەکانی دەکات و لە کۆتاییدا تووشی پرسیار و سەرسوڕمانی دەکات و چێژ لە دەقەکە وەردەگرێ و دەیان وێنە و تۆماری لە زەینیدا تۆمار دەبن. لەم ڕۆمانە نوێیەشدا ڕۆماننووس دنیایەک خەون و خۆزگە و خەیاڵ و جیهانبینی و تێڕامان و ڕوانینی خۆی دەخاتە ناو کتێبێک و بونیادی ڕۆمانێکی نوێی لێ دروست دەکات کە دەتوانرێ ناوی بنرێت ڕۆمانی هزر یان ڕۆمانی بیروڕا، چونکە دەقەکە فەلسەفە و تێڕامان و جیهانبینی خۆی دەخاتە بەردەم خوێنەری زیرەک و لەگەڵ خۆیدا بە ناو نهێنی و دەهالیز و پێچ و پەناو دەلالەت و هێما و ئاماژە شاردراوەکاندا دەیگێڕێت و گێڕانەوەیەکی نوێ لە دنیای ڕۆمانی کوردیدا تۆمار دەکات کە تایبەتمەندی و شێوازی خۆی لەناویدا دەدۆزرێتەوە و تۆمارێکی نوێش دەخاتە نێو کتێبخانەی ڕۆمانی کوردی.

## دەلالەت و هێمای کتێبی ناو ڕۆمانەکە

لە ناو بونیادی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانەدا کتێبێک قەوارەیەکی تەواوی داگیرکردووە و لە زۆربەی لاپەڕەکانی ڕۆمانەکەدا بە وەسف و باسکردن و دەلالەت و هێما و مەبەستداری جیاوازەوە بووەتە بەشێک لە تێڕامان و هزر و مەبەست و جیهانبینی دەقەکە.. لە سەرەتای لاپەڕەکانی بەراییدا قورسایی کتێبەکە و مەترسی لە کتێبەکە لە ناو دەنگی بەردەوامی مەلادا لە گێڕانەوەی چیرۆکبێژدا دەدرێنە خوێنەر و تووشی پرسیار و زانینی کتێبەکەی دەکات (ئەو کتێبە بەخەبەر مەهێنە!...تاد..ل٨).. ئەو کتێبە هێشتا لە وەسفکردن و پێناسەکردندایە (کتێبێک کە لەو بەردە قورسترە ئیمام عەلی تا ئەژنۆی خۆی

هێنا، کتێبێک کە سیحری دروست بوون و ڕمانی ئەو شارەی تێدا نووسراوە...تاد..ل٥٠). ئەو کتێبە هێمای بوونی ئەو شارەیە کە چیرۆکبێژ باسی دەکات و بەڕای منیش نیشتمانێکە یا بچووککراوەی نیشتمانێکە (من دڵنیابووم لە هەر شوێنێ ئەو کتێبە بکەمەوە شارەکەم بەبێ ئەوەی گەلایەک کەم کا دێتەوە وجوود...تاد.. ل٥٢).

لای چیرۆکبێژ کتێبەکە بارتەقای دنیایە کەچی هێڵی شەڕ دەیەوێ لەبیری بباتەوە (خوێنی ئەو گەنجانەی کای دیواری سوورکرد و تاوڵە حەرامەکان دەیانەوێ داگیرم کەن و کتێبێک کە بارتەقای دنیایە لەبیرکەم....تاد..ل٥٣).

ئەم کتێبە لە مێژووی شار و میللەتدا ئەوەندە کۆنە نیشانەی کۆنی میللەتە لە مێژوودا (وردە تۆزی سەر کتێبەکەم لادا، تۆزێکی ورد وا بەخەستی کەوتبووە سەریەک وەک کێوێک ڕامالێ، هێڵەکانی دەستم لەسەر کتێبەکە نەخش ببوون..ل٦٥). ئەم کتێبە زیان و مانی هەموو کەسێکی ئەم شارە -ئەم میللەتەی تێدا نووسراوە و ئاوێنەی هەمووانە بۆیە دەست لێدان و کردنەوەی وەک سیحرێک وای لە خەڵکەکەی کردووە (من خۆم بەوە ڕادەنا کە کتێبێکم بە دەستەوەیە زیان و مانی هەموویانی تێدا نووسراوە. من هەرگیز نەموێرا جارێک ئەو کتێبە لە کیفکەکەی دەربێنم و تەماشایەکی لاپەڕە و دێڕ و وشەکانی بکەم کەمێک لەو بۆنە سیحرییەی لەنێو بەندی هەڵدەستا هەڵمژم..ل٦٥). ئەم کتێبە هێشتا نهێنییەکەی بە چیرۆکبێژ ناگێڕدرێتەوە. ئەم کتێبە تاقانەیە و هەوێنی شار و دنیایە، ڕێکخەری شار و دنیایە و بێ ئەم کتێبە شار و دنیا لە گێرەشێوێنیدا دەناڵێنێ بۆیە پاڵەوانی ڕۆمانەکە کە چیرۆکبێژە دەڵێ (من دەبێ ئەو کتێبە بەرم و نهێنی ئەو کتێبە نابێ ببێتە تۆز، نهێنی ئەو کتێبە بەمن ناگێڕدرێتەوە، ئەو کتێبە تاقانەیە و هەوێنی شار و دنیایە، بێ ئەو کتێبە ئیشی شار پێکەوە نانووسێ و دنیا دوورەکانی بۆ ڕێک ناخرێتەوە...تاد..ل٨٩).

پاڵەوانی چیرۆکەکە یان ڕۆمانەکە هێشتاکە نەیتوانیوە کتێبەکە هەڵگرێ و بڕوات ئەمجارە خەتایەک بەسەر شاردا دێت و شار وێران دەبێت و ژوورەکانی دنیاش پڕ تۆز دەبن...ل٩٢).

پاڵەوان لە هەوڵی بێ وچاندایە تا کتێبەکە ببات، بەڵام بۆی ناچێتە سەر بۆیە دەڵێ (کتێبەکەم تاودایە و پەنجەکانم لە قوماشی سەر بەرگەکەیدا ون بوون، تاقەکەی لەسەری دانرابوو لەرزی و دەستی بە هەڵوەرین کرد، مێرووە زەردە سمێڵ باریکەکان لە ناو تۆز و



خۆڵدا بزر بوون، ئومێدێکیان نەما بۆ ئیمپراتۆریەتی بەسەر چوویان...تاد ل٩٥)، بەڵام چیرۆکبێژ کە خۆی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە خەمی گەورەی پەراوێزەکانی کتێبەکەیە کە لە پەنای ئەو پەراوێزانەدا ڕۆماننووس توانیویەتی ڕەخنە لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆی بگرێ و وەک شایەدێکی سەردەمی خۆی لە پەنای پەراوێزی کتێبەکە و بە ناوی مێژوو بیاندرکێنێ و لە هەمان کاتیش بۆ مێژوو تۆماریان بکات دەنا ئەو کارەسات و تێڕوانینە هی ئەم سەردەمەیە سەردەمی نووسینی ئەم ڕۆمانە (ئەو دەیزانی خەمی هەرە گەورەم پەراوێزەکانی کتێبەکەیە، ڕۆژگارەکانی شار بە پاڵەوان و سەرسەرییەکانییەوە، بە ڕووداو و کارەساتەکانییەوە لەو پەراوێزانە نووسراون. ئەو پەراوێزانە ژیانی ڕاستەقینەی شار بوون، ماڵەکان لێرە تالان دەکران و جەردەکان لێرە دارکاری دەکران، پیاوە گەورەکان لەنێو ئەو پەراوێزانەدا مێزیان دەڕازاندەوە و حاکم وەک قەرەقۆش هەڵدەپەڕی، ئەو پەراوێزانە لە کتێبەکە درێژتر بوون، من دیبووم مەلا بە قەڵەمێکی باریک ئەو حیکایەتانەی زۆر بەوردی دەنووسینەوە، لەگەڵ نووسینەوەیان ڕەنگی دەگۆڕا... دەمویست ئەو پەراوێزانە سەد جار نەک هەر بۆخۆم بۆ خەڵکی شارەکەم بخوێنمەوە، بە تایبەتی بمزانیبا داخۆ مەلا ئاگای لەو پیاوە سەر ئاسن و پێ مسانە هەبوو کە پێیان لە پێیەکانم دەنا، دەمزانی مەلا نهێنی هەموو ئاغا و خانمە مەعقوولەکانی شاری نووسیوەتەوە، دەمزانی ناوی هەموو ئەو کچانەی تێدایە کە لەسەر وشەیەکی عەشق کوژراون و ئەتک کراون..ل٩٦).

ئەو دەیەوێ پەراوێزی حیکایەتەکان بکات بە نووسراوی ناو کتێبەکەو بۆ میللەتەکەی بکات بە شاکاری میللەتی خۆی و ببێتە وێردی سەر زمانی هەموو میللەتانی دنیا وەک شانامەی فیردەوسی و دەیان شاکاری جیهانی دیکەی وەک ئەلیادە و ئۆدیسە و...تاد یان وەک حیکایەتەکانی هەزار و یەک شەوە بە دنیای بناسێنێ و شوێنی شانازی میللەتەکەی بێت، چونکە میللەتەکەی داستان و سەربردە و حیکایەتەکانی ئەوەندە زۆرن باسی دەیان شاکاری لەم شێوانەی تێدا دروست دەکرێ (دەمویست ئەو پەراوێزانە، ئەو هەموو ڕستانەی لەبن دێڕەکانی کتێبەکە نووسی بوونی کۆکەمەوە و سەرلەبەریان بنووسمەوە و پڕ بەهاترین کتێب لە دنیادا چاپ بکەم، بەو کتێبە دەبمە گەورەترین ساحیری کتێب، دەست بە دەست دەگەڕێت و دەبێتە ئەو کتێبەی سەدان حیکایەتخوان بیگێڕنەوە، هەزاران حیکایەتی تێدایەو هەر حیکایەتەی کەسێکی دەوێ تەواوی کات، دەبێ ئەو کتێبە هێندەی سەرژمێری دنیا چاپکرێ تا هەر کەسە حیکایەتی خۆی تەواو کات و پەراوێزەکانی پڕکاتەوە، من بەپەلە بووم زوو دەست دەمە کتێبەکە ببەم، چم لە شارێک

داوە کە هەر تۆپەڵە قوڕێکە، با کتێبێک بەرم کە شەوقی دنیایە...تاد.ل١٠٧).

نووسەر هاوکێشەیەک لە نێوان دنیاو بەهای کتێبەکە دروست دەکات، بەڵام دواتر لاسەنگییەکە بەلای کتێبەکەدا دەشکێتەوە، چونکە بەلای ئەو ئەگەر دنیا تێکبچێ بەو کتێبە ئاوەدان دەکرێتەوە، بەڵام ئەو کتێبە بچێ دنیا تازە کتێبێکی وای پێ نانووسرێتەوە...تاد ل١٠٩).

دنیا ——► کتێبەکە

کتێبەکە / دنیا =

ئەم کتێبە پێناسەی کوردە، چونکە بە زمانی کوردی نووسراوە و بۆ دنیاش دەبێتە سەرچاوە و شارستانیەتی کورد نیشانی دنیا دەدات و ئەوانیش سوودی لێ وەردەگرن و دەبێتە سەرچاوەیەکی جیهانی، چونکە ئەوەندە کاریگەرە دەتوانێ مەجرای ژیان بگۆڕێت و ببێتە کتێبی پیرۆزی هەموو میللەتانی دنیا ئەو زمانەش دەبێتە زمانێکی زیندووی دنیا (دەتوانم شتێک لە بابەت ڕستەکانی ئەو کتێبە بنووسمەوە، بەڵام دەترسم بەوشە و گێڕانەوەی من سیحرەکەیان بەتاڵ بێت و زمانەکەی تێکچێ. دەمەوێ ئەو کتێبە بکەم بە موعجیزەیەکی کوردی، لە هەموو دنیا خەڵک بێنە سەیری و ژیان و شارستانیەتی خۆیانی لەسەر ڕێکخەنەوە، دەمزانی ئەو کتێبە مەجرای ژیان دەگۆڕێت..ل١١٣).

ڕۆماننووس لە ڕێگای چیرۆکبێژەوە بەخەڵکی ئەو شارە کە هێمای وڵاتەکەیەتی، دەڵێ ئەو کتێبە نهێنی شاری ئێوەی تێدایە، تەنها لەو کتێبەدا شاری خۆتان دەست دەکەوێتەوە..ل١١٥).

لە لاپەڕە (١٢٩)دا کتێبەکە بە شێوەیەکی فانتازیایی دەبێتە سیمرخ و ئەو تەیرە ئەفسانەییەی تەنیا لە ناو ئەفسانەکاندا هەیە، پاشان لای کچانی بێ مراد ئەو شتەی کە شار لە نغرۆبوون و وێرانی ڕزگار دەکات تەنیا سیمرخە..

کتێب ——► سیمرخ ——► ڕزگاربوون

کەواتە ئەم کتێبە هێمای ئازادبوون و ڕزگاربوونی میللەتی کوردە کە ئەویش هێمای مەعریفە و عەقڵە و هەر بەوەش میللەتی کورد دەگاتە ڕێزی میللەتانی دنیا و ڕزگار دەبێت کەواتە:



کتێب = عەقڵ و مەعریفە ——► ڕزگاربوونی کورد

بەڵگەشمان ئەوەیە نووسەر لە لاپەڕە (١٢٧)دا دەڵێ (ئەو کتێبە ئەو سیمرخەیە شاری لەسەر پشتە).. لە ناو ئەو دیمەنە ئەفسانەییەدا سیمرخ دەکاتە هێمای ئازادی (تەنها ئەو سیمرخە دەتوانێ شاری ئێمە ئازادکا، ئەو سیمرخە بەناو ئاگردا تێپەڕی بوو، چ جادوویەک سیمرخی ڕزگاری مەی گرتبوو خۆی هاوێشتبووە نێو پەڕەی کتێبی مەلایەکەوە، ئەو پەڕانەی بە خوێندنەوە نەدەبڕان، سیمرخێک کە خوا بۆ ڕزگاریی ئێمەی خەڵق کردبوو...تاد.ل١٣٩).

## چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە

لە ناو بونیادی گێڕانەوەی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا چەندان چیرۆکی دیکە لە پەراوێزی ئەم گێڕانەوەیەدا چنراون و خراونەتە ناو ڕۆمانەکە ئەمەش وای کردووە فەزای گشتیی ڕۆمانەکە خوێنەر بۆ ڕووداوی لابەلا پەلکێش بکات و بڕێ بە بەشێک لە گێڕانەوەی سەرەکی و مەبەستداری و هێما و دەلالەت و ئاستەکانی گێڕانەوە فراوانتر بکەن و بەم هۆیەوە ڕۆماننووس توانیویەتی سوود لە چەندین تەکنیک و گۆشە نیگای جیاجیا و قسەکەرانی ناو ڕۆمانەکەی زیاتر بکات بەمەش زیاتر سەرنجی خوێنەرانی ڕابکێشێ و بیانخاتە ناو گێڕانەوە سیحر ئامێز و زمانە شیعرییەکەی.. بۆ نموونە چەند نموونەیەک لە چیرۆکە جیاجیاکان بەم شێوەیە دەخوێنینەوە:

١- چیرۆکی پێغەمبەر(د.خ) کاتێ کە بەسەر قەبرێکدا تێدەپەڕێ و دەبینێ ژنێک لە ژوور سەری ئەم قەبرە دەگری، کە لێی دەپرسێ و دەزانێ یەکێکی خۆشویستووە کە دەمرێ، داوای لێ دەکات یەکێکی خۆش بوێ کە نامرێ، ئەو خوایەی کە نامرێ..ل١٥.

٢- چیرۆکی ئەنفالکردنی کورد کاتێ مەلا پێیان دەڵێ سەردەمی فتووحات بەسەرچوو ئێمە موسڵمانین.. بەڵام کابرای سەرباز ڕەتی دەکاتەوەو پێی دەڵێ (ئێوە دەبێ هەموو ڕۆژێ موسڵمان بکرێنەوە).. ئەمەش تاوانێکە دراوەتە پاڵ کوردو بەم هۆیەوە قڕانیان کردووە.. ڕۆماننووس لەم ڕۆمانە ئەم چیرۆکە تێهەڵکێشی گێڕانەوەی دەکات بۆ ئاشکراکردنی هێما و جیهانبینی و فەلسەفەی دەقەکە کە بەدەستدان و بەرهەمهێنانی دەقێکی مانادارە...ل٤٧.

٣- چیرۆکی ئەو کونەی لە ئاسمانیش بووە تەنیا لە شارەکەی ئەوەوە دەست

پێدەکات..حیکایەتی ئەو شارە ئاوەدانانەی سنووریان نییە، سیحری ئەو شارانە لە ژوورەکانیدایە، ژوورەکانی یەکە یەکە، دەکەیەوە تەنیا ناتوانی تاقە یەکێکیان بکەیەوە...تاد ل١٥.

٤- چیرۆکی کچەکە یان ژنەی سەر تاوڵەکە بە مووی مەرەزەی سوور چنراوە و لەسەر هەردوو ڕان و سنگی وێنەی سێ مار کێشراوە و هەرسێکیان شۆڕکراونەتەوە لە ناوەندی لەشی هەر سێ سەر پێک دەگەن...تاد.ل٥٣.

٥- چیرۆکی ژنی ناو دووکەڵ کە دیار نەبوو لەگەڵ تەیرە تووکەکە پاڵەوانی ڕۆمانەکە هەڵی دەگرێ و لەسەر کۆشکی دادەنێ و ئەو کاتەی کە هەڵی گرتبوو هەوایەک لەسەری بووە پێی سەیر بووە نووح هەزار ساڵ ژیاوە و چیرۆکێکی ئاوای نییە...تا ل٦٦.

٦- چیرۆکی تەیرە ئەفسانەییەکە...ل ٧٦-٧٧.

٧- چیرۆکی چلەم ژووری نێو هەموو حیکایەتەکان و ڕەتکردنەوەی سی و نۆ ژووری پڕ لەزەتی دنیا و بۆیە ئەو ژوورە هەڵدەبژێرێ تا بە ئازادی لە ژووری چلەمدا ببێتە بەرد..ل٧٥-٧٦-٧٧.

٨- چیرۆکی هێنانەوەی یازدە تەرم و فڕێدانیان بە هەلیکۆپتەر بۆ ناو زبڵێک..ل٩٧.

٩- چیرۆکی کچە کامڵ و ئاغرەکەی شێخ وەیس کە لەگەڵ چیرۆکبێژ و پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە دەچێتە ماڵی مەلا و چوونە ناو پەنای مەلا...ل١٠١-١٠٣-١٠٤.

١٠- چیرۆکی گێڕانەوەی مەلا بۆ کاتی منداڵی خۆی کە شەیتانێک لەشێوەی ژنێکی تەڕ.. لە پەناوە بە دنکە شقارتەیەک قژی خۆی باریکی داگیرساند و مەلاش دەیکوژێنێتەوە..ل١٠٢.

١١- چیرۆکی ئەو گەنجانەی کە بە دیواری مزگەوت گوللە باران کرابوون و کەوتبوون، هەریەکەیان وێنەیەکی سریالی لەسەر دیوارەکەی دوای خۆی بە خوێنی دروست کردبوو..ل١٠٩.

١٢- چیرۆکی ئەو تەیرە زەردەی کە لە چاوەڕوانیی ژنێکدا پیر دەبوو و چۆنیش گەنج دەبۆوە..ل١٢١.

١٣- چیرۆکی ئەفسانەی سیمرخ...ل١٢٦-١٣٩.

ئەمانە و چەندان کورتە چیرۆکی دیکەش لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا بەشدارن بۆ نمایشکردن و گێڕانەوە و بەشداریکردنی خوێنەر لەنێو ئەم حیکایەتە جۆراوجۆرانەی ناو



بونیادی ڕۆمانەکە دەخرێنە ناو ئەو کتێبەی ڕۆماننووس دەیەوێ بۆ دنیای بگێڕێتەوە یا کارەساتە چیرۆک ئامێزەکانی دنیای لەنێو تۆمار بکات و ببێتە تۆمارێکی دنیاو مرۆڤایەتی.

## کێشمە کێشی دژەکان

ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا لەبەرئەوەی حیکایەتەکانی ژیان دەنووسێتەوە و ژیانیش بێ خۆشی و ناخۆشی نابێت، چونکە نووسینەوەی چیرۆکەکانی دنیاو ژیان بێ ئەو کێشمەکێشە هاوکێشەکە لاسەنگ نیشان دەدات، ئاخر ژیانیش لەئەنجامی ئەو هاودژییەدا دروست بووە لە ئەنجامی خەتایەک دروست بووەو ئەم ژیانەش هەر لە بوونییەوە چیرۆکی کێشمەکێشی ژیانی سەر ئەم دنیایە دەنووسێتەوە هەر لە قابیل و هابیلەوە تا ڕۆژگاری ئەمڕۆمان.. لەم دنیایەدا کە ڕۆماننووس دەیەوێ حیکایەتەکانی بگێڕێتەوە کێشمەکێشی بەردەوام نەپساوە وێناکراوە و خراونەتە ناو گێڕانەوەی چیرۆک حەکایەتەکانی کە دەتوانین بۆ نیشاندانی ئەم دژگەییانە هەندێکیان بەم شێوە بکەینە نموونە لەمانەش:

* کێشمەکێشی نێوان مەلا- ڕەحمان

سوشین- شەیتان

کە هەندێک جار لەم ڕۆمانەدا جێگۆڕکێیان پێدەکرێ.

* کێشمەکێشی نێوان دنیا- قیامەت.
* کێشمەکێشی بێتاوان - تاوانبار.
* کێشمەکێشی بەهەشت - جەهەننەم.
* هاوکێشەی هاودژی نێوان مردن - ژیان.

بەدەرخستن و نیشاندانی فەلسەفەی مردن و ژیان وەک لە ل(١٤)تا ل(١٨).

* هەنگاونان بۆ پێشەوەو کشانەوە بۆ دواوە.
* تاریکی - ڕووناکی.
* ڕەش - سپی.
* مار - تەیر.
* حەررام - حەلاڵ.
* پاکی - ناپاکی.

ئەمانەو سەدان هاوکێشەی دژگەیی دیکە کێشمەکێشی ئەزەلیی گێڕانەوەی دنیای ناو کتێبەکە خۆشتر دەکەن.

## سوود وەرگرتن لە ئەفسانەو میتۆلۆژیا

ڕۆماننووس بۆ بونیادنانی دەقێکی فانتازی و دوورکەوتنەوە لە مەئلووف و تەجاوزکردنی بیروڕاکانی واقیع لەناو ئاستەکانی گێڕانەوەدا، ڕووداوێکی پێشوەخت هەڵنابژێرێ کە وەک چیرۆکی جاران کەرەستەیەکی واقیعی بێت، بەڵکو کاری ڕۆماننووسین لای ئەو گەڕانە بەناو کەرەستەی ئاسایی و گۆڕینی بۆ نائاسایی و دواییش بۆ ئەندێشە یا بە تێکەڵکردنی واقیع بە ئەندێشە یانیش تێکەڵکردنی واقیع + خەون + حیکایەت، لەمەشدا چەندین بابەتی جیاواز دەخاتە ناو گۆشەنیگای جیاواز پێیەوە سەیری ژیان دەکات، بێ گومان بۆ ئەمەش لە دروستکردنی خەیاڵ و ئەندێشە و فانتازیادا سوود لە چەندان کەرەستەی حیکایەت و ئەفسانە دەکات چ وەک بابەتی حیکایەت و چیش وەک سوود وەرگرتن لەناو بونیادی دیمەنە ئەفسانە ئامێزەکاندا هەندێکیان لەم حیکایەتە ئەفسانەیی و خورافییانە لەنێو حیکایەتی کوردەواری و دنیا هەن، بەڵام وەرگیراون وەک خۆیان نەنووسراونەتەوە، هەندێکیشیان ڕۆماننووس لەسەر شێوەی ئەم حیکایەتانە خۆی دروستی کردوون یا مۆتیڤێکی لێ وەرگرتوون ئەمەش بۆ ئەوەیە تا ڕووداوەکانی پێ بکات بە شێوازێکی فانتازی نامەئلووف و لەهەمان کاتیشدا دوورکەوتنەوە لە زمانی وەسفی گێڕانەوەی باو و لە هەمان کاتیش چەندین دەلالەتی شاردراوەی دیکە دەخرێنە ناو ئەم چیرۆکە ئەفسانەییانەو سوود لێوەرگرتنیان وەک ڕەمزی بەرهەم هاتوو و دروستکردنی جیهانێک لەنێو مانادا.

هەندێک لەم حیکایەتە ئەفسانەییانەی ناو ڕۆمانەکە دەتوانین بەم شێوەیە بەدیاریان بخەین:

* ئەفسانەی مێروولە، پاشای ناسراوی مێروولە (زمسار تیمنداس) لە ڕۆژی زەماوەندی لەگەڵ (سوشین شمناس) کە هەموو دنیا لە هەنارێکدا جێ بکاتەوە..ل٢٧.
* ئەفسانەی ئەسپە ئاگرەکان بەسەر دەریادا دەفڕن و بە سەدانیان بەدوای ماینێکی شیئاڵ دەکەون.. تا ماینەکە دەبێتە بەرد..ل٢٩– ٣٠.
* مەلا لە شێوەی مارێک لەنێو جوبەو عەبای بن پێچی سەربازان وە جووڵە دەکەوێ..ل٤٨ جارێکی دیکەش لە شێوەی مارمێلکە دەبێ.



* هەموو پاڵەوانەکانی (٣٩) ژووریان کردەوە چلەمیان حەرام بوو.. ل٦٤.

ئەفسانەی چلەم ژووری دنیا (ل٧٧) ئەم ئەفسانەیە لە حیکایەتی کوردیدا هەیە و ڕۆماننووس بەشێوەیەکی هونەری سوودی لێ وەرگرتووەو مەزراندوویەتی.

* ئەفسانەی تەیرەکە.. ل٧٧.
* ئەفسانەی ئەو تەیرە زەردەی کە لە چاوەڕوانی ژنێکدا پیر دەبوو چۆنیش گەنج دەبۆوە...ل١٢١.
* ئەفسانەی ئەو سیمرخەی کە بەناو ئاگردا تێدەپەڕێ و شاری لەسەر پشتەو دەتوانێ شار ڕزگار بکات.. ل١٢٦–١٣٩.

هەروەها ڕۆماننووس سوود لە میتۆلۆژیا وەردەگرێ و دەیخاتە ناو دنیای ڕۆمانەکەی ئەمەش جوانکارییەک بە گێڕانەوە دەدات و لە هەمان کاتیشدا مەبەست و هێمای خۆی دەگەینێت بەتایبەتی هەندێک ژمارە هەیە لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا و بەتایبەتیش کۆمەڵگەی ئیسلامی لە بیرو باوەڕی خەڵک ماونەتەوەو لایان پیرۆزن وەک ژمارە (٣٠)و (٤٠)و (٣)و (٤)و (٧)و...تاد.

دەتوانین هەندێک نموونە بەم جۆرە دیار بکەین:

* ئەو ژنە سێ ڕۆژ لە تاوڵەکەی خۆی نایەتە دەر.. ل٥٥.
* هەموو پاڵەوانەکانم سی و نۆ ژووریان کردەوە، چلەمیان لێ حەرام بوو، ئەوە ژووری چلهەمە. ل٦٤.
* بەڵام دەیویست پیاوێکی چل ساڵ ببینێ، خاڵێکی ڕەشی لە گەردن بێت. ل٦٨.
* سی و نۆ ژووری دنیا یان ژووری چلەم. ل٧٣.
* بەڵام دەرگای ژووری چلەم وەک کانییەک لە یاقووت و مێرگێک و زمڕوود بانگی کردم.. ل٧٦.
* هەستم کرد لەو ژوورە چلەمە دەبێ چل ڕووح و چل چاو و چل دڵ و چل هەناسەت هەبێ... ل٧٨.
* هەستم کرد نەک چل چاو، چوارسەد چاوت دەوێ.. ل٧٩.
* لە ژووری چلەم، بەسەر چل خەنجەردا تێپەڕیم، چل خەنجەری لە موو باریکتر، چل خەنجەر بەچل فیێڵ و داو نرابوونەوە، من بەسەر هەر چلیاندا تێپەڕیم و تەلیسمی چل خەنجەرم شکاند و غەزەبی دێوەکان و... تاد ل٨٠.

* تەمەن ڕێگای دابام، یا ئەگەر بمتوانیبا لەو تاوڵەدا چەقۆ هەڵکێشم، سی و نۆ جارو بە سی و نۆ چەقۆی جیاواز و لەبەردەم هەر سی و نۆ ژووردا سی و نۆ جار سەرم دەبڕی.

* ئەوە بۆو کەسەی کە پێش تەمەنی سی و سێ ساڵی بیخوێنێتەوەو تەلیسمی سی و سێ ناشکێنرێ و گەنجی و کەماڵێک نییە لە دوای سی و سێ. ل١١٤.

* سی و نۆ ڕووباری سەهۆڵم بڕی و بەسەر سی و نۆ شاخی وەک هەساندا سەرکەوتم و سی و نۆ دێوم بەزاندن و دڕک و داڵی سی و نۆ بیابانم گێرەکردو سی و نۆ مەتەڵی سی و نۆ پیاوی سی و نۆ سەر و جادوو بازم زانی، سی و نۆ جار سەنگ باران کراوم و سی و نۆ قەڵام گرت..ل١٢١.

ئەمانەو چەندان نموونەی دیکەش کە ناکرێ هەموویان بنووسینەوە.. ئەم دووبارە کردنەوە لە ژمارەدا ئەگەرچی لە حیکایەت و ئەفسانە و مەتەڵی کوردیشدا هەیە، بەڵام برای ڕۆمانووس توانیویەتی بۆ تەئکیدو بایەخپێدان و بە ئیستاتیکا کردنی گێڕانەوە جوانکارییەک بە شیعرییەتی گێڕانەوەکە بدات.

## تەکنیک لەم ڕۆمانەدا

لەم ڕۆمانەدا نووسەر لە شێوازی ئاسایی جاران دووركەوتۆتەوە و بە شێوازی نوێ کە فەزاکەی فانتازی و خەیاڵە قووڵەکەی گێڕانەوە ئەنجام دەدات و لە ناو بونیادی زمانێکی شیعرییدا مەبەست و ماناداری دروست دەکات و دەلالەتەکانی دەخاتە ناو دیمەنە یەک بە دوای یەکە زەینی و نامەئلوفەکانی و واقیع دەکاتە باکگراوندی ڕووداوەکانی و جیهانێک لە ناوەوەی دەق دروست دەکات کە هزر و فەلسەفە و جیهانبینی دەقەکەی پێ دەداتە خوێنەر و دەقێکی هێمادار و دەلالەتبەخش دروست دەکات، ئەمەش خوێنەر بەدوای خۆیدا پەلکێش دەکات و بەشداربی چوونە ناو دەقەکەی و لێکدانەوەی دەلالەتە شاردراوەکانی پشت پەیڤ و ڕستە و دەستەواژە و حیکایەتەکانی دەکات.. دەتوانم لەم ڕۆمانەدا ئەم خەیاڵە دیاران وەک شێواز و تەکنیک بخوێنمەوە:

* تێکەڵکردنی چیرۆکبێژ و پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە کە لەهەموو ڕووداوەکاندا بەشدارە و هەموویان لەسەر زمانی ئەو یان بە ئاگاداری ئەو دەگێڕدرێتەوە ئەگەرچی هەندێک جاریش چیرۆکبێژ ماندوو دەبێ لە گێڕانەوە پەنا بۆ فرە دەنگی دەباو دەنگی دیکە گێڕانەوەکە درێژە پێ دەدەن وەک (دەنگێک لە دوامەوە هاواری کرد...ل٨) یان (دەنگێکی گڕ وەک ئاگر لەلای چەپم هاواری لێ کردم...ل١٣).



یان لە ناخی کتێبەکەوە دەنگێک دەست بە گێڕانەوە دەکات وەک (دەنگێک لە ناخی کتێبەکەوە گوتی:....ل١٠٧).

یا جاری وا هەیە دارو بەردێک یا هەر شتێک یا کائینێک گێڕانەوەی دەدرێتە دەم بۆ نموونە لەنێو ئەم دەنگانەدا کانییەک حیکایەتەکانی خۆی بۆ چیرۆکبێژ دەگێڕێتەوە وەک (من سەرەتا دەبوو ئەو دەنگانە شەق کەم و بەنێویاندا تێپەڕم، من بە حەوسەڵەی لقەدارێکەوە بەدیار کانییەکەوە دانیشتووم و حیکایەتی هەڵقوڵینی خۆی و سەفەرە سەیرو بێ پەساپۆرتەکەی بۆ گێڕامەوە...ل١٠٨).

یا گێڕانەوەی تەیرێک وەک (گوێم بۆ حیکایەتی تەیرێک گرتووە، کە پێڵووەکانی....تاد ل١٠٨). یا (من بەسەبری بەردێکەوە گوێم لە حیکایەتی پڕ شەوق و بە نرخی دنکە مرواری نێو دەریا گرتووە، ئەو حیکایەتانە زۆر لە حیکایەتەکانی مرۆ درێژتر بوون، زۆر جیاوازتر و پڕ حیکمەتتر بوون...تاد ل١٠٨).

یا کاتێ ڕۆمانووس لەسەر زمانی چیرۆکبێژ لەگەڵ هەوا دەدوێ و گفتوگۆی لەگەڵدا دەکات وەک دەڵێ:

(لە هەوام پرسی:

– بۆ دێیە ناخمەوە؟

ئەو زۆر منەتبارانە گوتی:

– بۆ ئەوەی بژی..ل١٠٨

کەسایەتییەکانی دیکەش کە دەدوێن لە ناو گێڕانەوەی چیرۆکبێژدا دەگێڕدرێنەوە وەک (جارێک مەلا پێی گوتم: ئەگەر چاوەکانت لێکەوت ئەو کتێبە بەرنەدەی و نەیخەتە خوار).ل١٠٨

* بەکارهێنانی دیالۆگ کە بۆ ئەمەش چیرۆکبێژ خۆی لەگەڵ پاڵەوانی نێو ڕۆمانەکە چ مرۆکان و چ کائین و شتەکانی دیکەش قسەیان لەگەڵ دەکات و دەیاندوێنێ، هەندێک جاریش پەنا بۆ خۆ دواندن دەبات.

* نا مەئلوفی گێڕانەوە کە هەموو ئاستەکانی چیرۆک دەگرێتەوە بە کات و شوێن و ڕووداو و گێڕانەوەشەوە کە جەبار لەم ڕۆمانەدا تەواو پەیڕەویی کردووە تەنانەت ڕستەو دیمەنەکانیشی نا مەئلوفن.

* دروستکردنی وێنەی زەینی کە لە خەیاڵی چیرۆکبێژ دروست دەبن و لە واقیعدا بوونیان نییە.

* کەسایەتیی ناو ڕۆمانەکە هەندێکیان کەسایەتیی واقیعیین وەک کەسایەتیی مەلا و فەقێ سوورە و کچی شێخ و-تاد. یا کەسایەتیی ئەفسانەیین و مرۆنین وەک سیمرخ و ئەسپ و مێروولە و مار و بۆق و...تاد. یا کەسایەتیی هێمدارن وەک سوشین، زمسار تیمنداس، ژنە قەرەج، پیاوە پێ مسەکان و پیاوە سەر ئاسنەکان، شەیتانی پەناکان یا ئبلیس پەناکان... تاد. بەڵام هەموویان لە ناو گێڕانەوەی چیرۆکبێژدا ئاوێتە دەبن.
* تێکەڵکردنی واقیع + خەون + حیکایەت بۆ دروستکردنی نامەئلووفی گێڕانەوە.
* ئامادەیی مێژوو و ئێستا خوێندنەوەی ئایندە.
* بابەتێکی دیاریکراو یا ڕووداوێکی دیاریکراو نییە ببێتە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە، بەڵکو چەندین دیمەنی خەیاڵی و زەینی دەخرێنە ناو فەزایەکی فانتازیایی و خەیاڵیش بە قووڵییەوە گێڕانەوە خۆش دەکات.
* بە چاپتەر کردنی ڕۆمانەکە یا دابەشکردنی بۆ بەشی جیاجیا و هەربەشە جیا لە ناونیشانەکەی وێنەیەکی گوزارشتیشی لەگەڵدایە و لەگەڵ دیارترین مانشێتی ناو بەشەکە کە دەتوانرێ وەک کلیلێک بێت بۆ چوونە ناو ئەم بەشە و ناونیشانە لقییەکانیش نوێ و سەرنج ڕاکێش و نامەئلووفن وەک (١- بچووکترین نوێژکەر ٢- شارێک لە شەڕابدا دەخنکێ ٣- شەیتانی زینا یان سوشین ٤- سەردەمی فتووحات ٥- شار لەبەر پێی ژنە قەرەجدا ٦- سی و نۆ ژووری دنیا یان ژووری چلەم ٧- پیاوە پێ مسەکان ٨- پەنای شەیتان ٩- شکانی شووشە چراکان ١٠- ئیبلیسی پەناکان ١١- ئەو کتێبەی بووە سیمرخ).
* فەزایەکی فانتازی ئامێز و قووڵبوونەوە لە خەیاڵی قووڵدا ئەمەش چەندین جۆری فانتازیا دروست کردووە وەک (فانتازیای ڕووداو، فانتازیای ڕستە، فانتازیای گێڕانەوە، فانتازیای وێنە یا دیمەن، فانتازیای سایکۆلۆژی).
* سوود وەرگرتن لە حیکایەت و شێوازی حیکایەتخوانی و بەکارهێنانی زاراوەی حیکایەت بۆ هێمای دیرۆک و مێژوو و سەربردەی کۆنی میللەت و نەریتی میللی.
* شیعرییەتی نووسین لە ڕۆمانەکە سەرنج ڕاکێشە واتە لەم ڕۆمانەدا وەک لە چیرۆک و ڕۆمانەکانی دیکەشیدا لای جەبار زمان هۆکارێکە بۆ سەبکی شێوازی نووسین کە لە پشت ئەو زمانە شیعرییەدا بۆ دەربڕین چەندان پرسیار و سەرنج لای خوێنەر دروست دەکەن بە جۆرێک شیکار و خوێندنەوە هەیە.



* کاریگەریی نووسەرانی ئەمریکای لاتین لە نووسینی چەشنێکی نوێی چیرۆک بە ئیش کردن لە ناو زمان و واقیعی سیحری و شێوازی دروستکردنی فانتازیا و تەکنیکی نوێ و دروستکردنی گومان لای خوێنەر بەتایبەتیش (بۆرخیس)، چونکە لای بۆرخیس لە پاڵ ئەم زمانەیەوە بۆ دەربڕین چەندان پرسیار و کێشەی دەروونی هەن پێویستیان بە جۆرێک شیکار و خوێندنەوە هەیە هەروەها سوود وەرگرتن لە چیرۆکنووسانی نوێی فەرەنسی وەک ئالان ڕۆب گرێ و کلۆد سیمۆن کە شتەکان و هەموو شتێکی لاوەکی بایەخیان هەیە و تێگەیشتنی خەڵک گرنگ نییە وەک کلۆد سیمۆن لای وایە کە هەوڵدان بۆ تێگەیاندنی هەموو خەڵک و لە ناوبردنی بەرهەمی هونەری و شێتی دەگەیەنێت!.

بەڵام لەگەڵ ئەمەش زمانە شیعرییەکەی جەبار تەواو کوردییەکی پاراو و ڕەسەن و بێ گرێ و جوانە، زمانێکە چێژێکی تایبەتی بە خوێنەر دەدات و لە هەمان کاتیشدا لە زیادەڕۆیی دووردەکەوێتەوە و دەلالەت و هێما و ئیحا بەخشە و خوێنەر دەخاتە ناو تەشویقی گێڕانەوەی و ناتوانێ نەیخوێنێتەوە و تووشی گەڕانی دەکات بەدوای مانادا.
* توانای ڕۆماننووس لە کردەی بە چیرۆککردندا دەبینرێ بەتایبەتی لە بەنامەئلووفکردنی بابەتە یا ڕووداوە مەئلووفەکان و دروستکردنی خەیاڵ و ئەندێشە و فانتازیا هەروەک مارکیز لای وایە کە ڕووداو یا بابەتە مەئلووفەکان دەبێت نامەئلووفییەتێکیان پێ ببەخشرێت تا خوێنەر بەسەرسامییەوە بیخوێنێتەوە و پێی وابێت ئەوەی دەیخوێنێتەوە شتێکی نوێیە.
* کارکردن بە ڕەمز و هێماداری بۆ بەرهەمهێنانی دەقێکی دەلالەت ئامێز کە لەم ڕۆمانەدا کتێب ڕەمز و هێما و دەلالەتی عەقڵ و مەعریفەی کوردییە و مەلا هێمای ئایین و پیاوە پێ مسەکان و پیاوە سەر ئاسنەکان و سەرباز هێمای داگیرکەر و ئەنفالکردنی کوردستانە بە ناوی ئایین وەک بۆ نموونە لە بەشی سەردەمی فتووحاتدا سەربازەکە بە مەلا دەڵێ ئێوە دەبێ هەموو ڕۆژێ موسڵمان بکرێنەوە ئەمەش دەلالەتی ئەنفالە کە نووسەر بەو مۆتیڤە ئاماژەی پێدەکات، بەڵام ئاماژەیەکی دەوڵەمەند و هونەرییانەیە.
* دوورکەوتنەوە لە بوونی سەرەتا و گرێچن و کۆتایی لەم ڕۆمانەدا. ئەمەش تەکنیکێکی نوێی ڕۆمانی دنیایە و لە ناو چیرۆک و ڕۆمانی نوێی کوردیشدا ئەم نموونەیە دەبینرێ و لە ڕۆمانیشدا ئەم ڕۆمانەی جەبار نموونەیەکی دوورکەوتنەوەیە لەم سێیانە مۆپاسانییەی چیرۆک و ڕۆمانی جاران.

* سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی چەندان تەکنیکی دیکەی نوێ وەک مەنەلۆژی ناوەوە، فلاش باک، بڕینی زەمەنی، مۆنتاژی کات و شوێن، فرەیی گۆشە نیگاو بەکارهێنانی یادەوەری و زۆر تەکنیکی دیکەش کە ڕۆماننووس وەک لادانێک لە شێوەی باو بەکارهێنانی تەکنیکی نوێ بەکاری هێناون. لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ڕۆماننووس لەم ڕۆمانەیدا هەموو یاسا کۆنەکانی گێڕانەوەی ئاسایی جارانی تێکشکاندووە و خۆی بە هیچ کلێشە و قالبی داندراو و جاهیز نەبەستۆتەوە، واتە نووسەر لە گێڕانەوەدا تەواو سەربەستیی بەخۆی داوە کە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەی بێ هیچ چوارچێوەیەک خۆیان بگەیەننە خوێنەر و دەربڕی هزر بێت و یا وێنەیەکی ویژدانی هزر بێت و بە زمانی شیعری چوارچێوەی گێڕاوە ببەزێنێ و لە واقیعی فۆتۆگرافی جاران دوور بکەوێتەوە و لە بابەتی تەکنیکیش سەربەستیی تەواو بەخۆی بدات و هەرسێ زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و ئایندەش بخاتە ناو یەک زەمەن و هەمیشە لە ئێستادا ئامادەبێت..

ئەم ڕۆمانەی جەبار جەمال غەریب هێشتا بەخۆیەوە هەڵدەگرێ لە چەندان دەلاقە و پەنجەرەی دیکەوە لێی بچنە ژوورەوە و لە چەندان لایەنی دیکەوە بیخوێنینەوە و ڕاڤەی بکەین و هێما و دەلالەتە شاردراوەکانی بەدیار بخەین، بەڵام با ئێمەش لەمەدا نوێخواز بین و دەرفەت بۆ خوێنەران بەجێ بهێڵین ئەوانیش خوێندنەوە و قسەی خۆیان و تێڕوانینی خۆیان هەبێت و ئەگەر ئەم ڕۆمانەیان خوێندەوە، بێ شک خوێندنەوەی جیاوازیش هەیەو ڕاڤەو لێکدانەوەی جیاوازیشی دەبێت. ئەمەش سەرکەوتنە بۆ ڕۆمانەکە و برای ڕۆماننووس، خوازیارین بە بەرهەمی دیکەی، کاروانی نوێخوازی ڕۆمانی کوردی دەوڵەمەندتر بکات.

**تێبینی:** ڕۆمانی (دنیا لە کتێبێکدا)ی برای ڕۆماننووس – جەبار جەمال غەریب – لە چاپ کراوەکانی (دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس)ە ژمارە (١٦٤)- لە چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ساڵی (٢٠٠٢) چاپ کراوە – بە قەوارەی مامناوەندی (١٤٣) لاپەڕە.
بەچاپێکی جوان و ڕازاوە کتێبخانەی ڕۆمانی کوردیی دەوڵەمەند کردووە..



## تارماییەکانی وڵاتێکی ئەفسانەیی

ئەگەر پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانی (تاریکستانی لم)ی سەلاح عومەر لە زیندان بەربووبا ئەو کاتەی کە دەگەڕێتەوە شارەکەی خۆی لە پاش چەندان ساڵ ئاوارەیی و دوورە پەرێزی. ئەوا دەمانتوانی ئەم ڕۆمانەی کە ئێستا لێیەوە دەدوێین بە ڕۆمانی پێش (تاریکستانی لم)ی دابنێین لە ڕووی بابەت و پاڵەوان و پێکهاتەی ڕۆمانەکەوە. بەڵام جیاوازییەکە لەوەدایە پاڵەوانی ڕۆمانی تاریکستانی لم لە بیابان و تاریکستانی لم پاش چەندان ساڵی ئاوارەیی و دەربەدەری و بەندییەوە دەگەڕێتەوە ئەو کاتەش کە ئێمە لە گۆڤاری (ڕامان) لەسەرمان نووسی بەگەڕانەوەی پاڵەوانمان دانا لە ئەنفالەکانی کوردستان، بەڵام پاڵەوانی ڕۆمانی (وڵاتی تارمایی) بەهۆی کارەساتی کوشتنێکەوە تاوانبار دەکرێ کە لە قەبرستانێکدا ڕووی داوەو ئەگەرچی ڕۆماننووس تاوانەکەش ناداتە پاڵ پاڵەوانەکەی بەڵام ئەو بەو تۆمەتەوە پەلبەست دەکرێ و لە زیندانی دەپەستن و لەوێش لە بێئاگاییدا دەست دەخاتە خنخنۆکی مرۆڤێک و ئەوەندەی تر سزاکەی قورس دەبێ و وەک چیرۆک نووس بەدیاری دەخات ئەوەندە لە زیندان ماوەتەوە هەتا لەبیریشی نەماوە کە چ ساڵێک و زەمانێک هاتۆتە ناو زیندانەکەو ئەوەندە هەیە ئەو تەمەنی مێرد منداڵی و گەنجایەتی هەتا دەگاتە پیرە مێردێکی ڕیش سپی نوورانی لە زیندان بەسەر بردووە.

هەر لە ناو ئەم زیندانەدا دەمێنێتەوە بۆیێ دەبێتە بەشێک لە ژیانی ئەو لەبەر ئەوەش کەسوکاری لەوەتەی گیراوە لێیان نەپێچاوەتەوە و هەتا سەردانێکیشیان نەکردووە بەڵکو بەنەبووشیان داناوە ئەویش لەم هەڵوێستەدا بەربوونی خۆی پێ ئاستەنگترە لەوەی بێتە دەرەوە لەگەڵ ژیانی بێ کەس و کارو هاوڕێ و دۆست ڕابێ هەتا کەسێکیش نامێنێ داڵدەی بدات بۆیە مانەوەکەی خۆی دەیخاتە ناو شاپەڕی خەیاڵ و بۆ ئەودیوی تەلبەند و شیشەکانی بەندیخانە هەڵدەفڕێ و دەبێتە دۆستی تەیر و تواڵی ئەم دونیا بەرینەو هەر بە خەیاڵیش زەمەنەکان دەبڕێ و یارییەکە بەم زەمەنە جیاجیایانە دەگات، تاوێک دەگەڕێتەوە بۆ زەمەنی ڕابردوو، پاشانیش بۆ زەمەنی ئێستا و دواییش بۆ زەمەنی داهاتوودا دەبێتە پیاوێکی نورانی و لەبەر قاپی خواوەند دەبێتە دەروێش و مورید و پیاوێکی نورانی و داوای پاڕانەوە و بەخشین لە خواوەند دەکا بەڵکو لە تاوانەکانی دەیبەخشێ چونکە

تاوانێکی بەلاوێتی خراوەتە ئەستۆ کە نەیکردووە و ئەم تاوانەشی کە لە ناو زیندان لە کاتی بێئاگاییدا بنیادەمێک بەدەستی ئەو گیانی لەدەست دەدات، بۆیە لەم کێشمەکێشەدا دەخولێتەوەو جارێک خۆی وەک پیاوێکی پاک و لە خوا ترس و نورانی دێتە پێش چاو کە لەگەڵ سروشت تێکەڵ دەبێ و دەبێتە هاوڕێی تەیر و تواڵ و چیا و دۆڵ و چۆلەوانی و جارێکی دیکەش بە ئاگادێتەوە و خۆی وەک تاوانبارێک دێتە بەرچاو بۆیە دیسانەوە ڕوو لە سروشت دەکات و عیبادەت و خەڵوەتگا هەڵدەبژێرێ بەڵکو خوداوەند لێی خۆش دەبێ.

پاڵەوانی چیرۆکەکە یان ڕۆمانەکە لە ناو زینداندا هیچ شتێک نادۆزێتەوە کە دڵدەی بدات بۆیە بەخەیاڵبازی خۆی گەنج دەبێتەوەو پاشان پیری خۆی وەبیر دێتەوە ئەوجا هەر بەو خەیاڵە لە شەقەی باڵ دەداو زەمەنە جیاجیاکان دەبڕێ و دەگەڵ سروشتدا تێکەڵ دەبێتەوەو وە دوای گیای نەمری یان وەک لە کوردەواریدا باوە ئاوی حەیاتدا دەگەڕێ و هەندێک جاریش گیانی دۆنای دۆن دەبێ و بەخەیاڵ دەبێتە خدری زیندە و تێکەڵ بەم سروشتە پاکە دەبێ و لە خەڵوەتگادا بەدوای پاکبوونەوەدا دەگەڕێ بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆماننووس بەشێوازی فرە دەنگی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی پاڵەوانەکەی تێکەڵ خەیاڵئامێزی دەکات و بەفرە دەنگی باسی پاڵەوانەکەی دەداتە دەست خوێنەر و دەیکات بە یاداشتنامەی کەسی یەکەم و یاداشتی کەسی دووەم و یاداشتی کەسی سێیەم و هەرسێکیشیان لە پاڵەوانی سەرەکییەکە دەدوێن و بونیادی ڕۆمانەکە دەچنن و زەمەنێک لە ڕۆمانەکە دروست دەکەن کە زەمەنی دەرەوەیە و بە خەیاڵئامێزی بەرفراوانی دەکەن و زەمەنی ناوەوەشی بنیاد دەنێن لەم کاتەوە کە پاڵەوانەکە لەسەر پیاوکوژییەک لە گەنجایەتی دەگیرێ و هەتا لەزینداندا پیر دەبێ و لەوێش مرۆڤێکی دیکە لە ناو دەبات کە ئەم کاتە دەستنیشان کراوە دیارەو کاتی ناوەوەی دیارە و ئەوی دیکەش بە خەیاڵئامێزی فراوان دەبێ و ماوەکەی دەگاتە چەندان ساڵی دوورو درێژ تەنانەت ڕەنگە بگاتە سەدەیەکیش ئەوەش (جان ڕیکاردۆ) لە دەستنیشانکردنی ئەو دوو کاتانەدا بە جوانی لە کتێبی (کێشەکانی ڕۆمانی نوێ)دا باسی کردووە کە نەوەی دەرەوەیان کاتی دەرەوەی پێ دەڵێن بەڵام ئەو بۆ ماندوو نەکردن و شێواز ئەم ڕوووداوانە لەسەر زمانی سێ کەسی جیاواز دەگێڕێتەوە کە ئەمەش شێوازی (فۆکنەر)ییەو بە شێوازی فرە دەنگی ناسراوە. ئەگەرچی (دیستۆڤسکی)یش لە ڕۆمانەکانیدا ئەم شێوازەی بەکارهێناوە، بۆیە (باختین) لە لێکۆڵینەوەکانیدا لەبارەی (دیستۆڤسکی) بەجوانی دەستنیشانی ئەم شێوازەی کردووە. (سەلاح عومەر)یش توانیویەتی سوود لەم شێوازە هونەرییانە ببینێ چونکە لە



ڕاستیشدا گێڕانەوەی هەرسێک چیرۆکبێژ (ڕاوی) بەناوی یاداشتی کەسی یەکەم و کەسی دووەم و یاداشتی کەسی سێیەم لە ڕاستیدا هەر گێڕانەوەی چیرۆکنووسە خۆی بەڵام دیارە دروستکردن و داڕشتنی ئەم شێوازە هونەرییانە قازانجی هونەری بەرهەمەکەی تێدایە.

سەلاح عومەر لەم ڕۆمانەدا بەشی زۆری لە چنینی هونەرییەکەیدا پشتی بە فانتازیا و خەیاڵبازی بەستووە. هەر بۆیەش ئەم خەیاڵە بەرفراوانانە زەمەنە جیاجیاکان دەبڕن و تێکەڵ بەباری سایکۆلۆژی و بیرکردنەوەی پاڵەوانەکەی دەبن ئەو پاڵەوانە سەرەکییەی کە لە ڕۆمانەکەدا بەشی زۆری وەبەر دەکەوێ و ئەوانی دیکەش ئەگەر پاڵەوانی ناسەرەکیش بن هەر بەدەورو بۆ ڕێگا خۆشکردن و لە خزمەتی گێڕانەوەو ڕووداوەکانی چنینی ئەم پاڵەوانە سەرەکییەیە، ئەویش بەم خەیاڵبازییەی خۆی شەڕی تارماییەکان دەکات چونکە کە بەخەیاڵی خۆی دەبێتە باڵندەو دەفڕێ و تەلبەند و شیشەکانی بەندیخانە دەبڕێ تارماییەکان لەبەردەمیدا دەبن بە بەربەست و دەیگەڕێننەوە ناو دونیاکەی ناو زیندان مەگەر بەو خەیاڵە خۆشانە تێکەڵ بە سروشت ببێتەوەو حەزبکات گیانی لەبەر باراندا بشواتەوەو لەبەر بێکەسی خۆی ببێتە هاوڕێی تەیرو تواڵ و چیا و دۆڵ و زنار و کێو و هەرد و قەبرستان و حەزی ئەوە بکات ببێت بەبەشێک لەوان و وەک سولەیمان پێغەمبەر لەگەڵ مێرووستانان بدوێ و ببنە کەس و کاری ئەو و دڵدەی بدەن و ژیانی دڕندان کە هی بنیادەمە بەجێ بهێڵێ بۆیەش ئەم وڵاتە هەمووی لەبەردەمی ئەودا هەمووی تارماییە و ڕووناکی تێدا نییە تەنیا ئەوەندەی کە بەخەیاڵ دەگەڕێتەوە ناو باوەشی سروشت و تێکەڵ ئەم دونیا پاکەی ئەوێ دەبێ دەنا تارماییەکان ئازادییان لێ زەوت کردووە، هەر بۆیەش دەگەڵیاندا دەجەنگێ وەک دۆن کیشۆت کاتێ بەگژ وەهمە هەواییەکاندا دەچووەوەو سواری ئەسپی خەیاڵ دەبوو بەڵام پاڵەوانی وڵاتی تارمایی بەرەنگاری تارمایی دەبێتەوە ئەم تارماییانەی سنووری بیر کردنەوەی لێ دەوەستێنن و ناهێڵن هەتا بە خەیاڵیش بێت ئەو سنوورانە ببڕێت. تا لە سیحر بەتاڵبوونەوەکە دەگات و دەگەڕێتەوە ناو زیندان و لەوێش باری دەروونی و دڕندایەتی دەنوێنێ و هەندێک جار کێشمە کێشەکە بەلای شەڕانگێزییەوە دەشکێتەوە و دەبێتە پیاو کوژ و زەلامێک دەکوژێ کە خۆشی نازانێ بۆچی ئەو تاوانە دەکات هەندێک جاریش بەلای خێرخوازی و دەبێتە پیرەمێردێکی نورانی و پاک، لەخواترس و خەڵکی ناو زیندانەکە دڵدەی دەدەن و خۆشیان دەوێ و بڕوای پێدەکەن بۆیەش خەیاڵبازییەکەی هەر لەم دوو جەمسەرەدا دەخولێتەوەو زەمەنەکان دەبڕێ و تێکەڵ سروشت و منداڵی و گەنجی دەبنەوە.

خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەو تێگەیشتنی زۆر زەحمەت نییە بەڵام خوێنەر بەدوای ئەم خەیاڵبازییە زۆرە و تێکەڵکردنی زەمەنەکاندا ماندوو دەکات و من بە ڕۆمانی خەیاڵبازی، ڕۆمانی گوزارشت و نەبینراوەکانیش ناوی دەبەم... ئەگەر کرۆکی یاخود بیری سەرەکیی ڕۆمانەکەی لێدەرکەی کە بریتییە لە گیرانی پاڵەوانی ڕۆمانەکە و پیر بوونی لە ناو زیندان چونکە لە دەرەوە بە پیاو کوشتنێک تاوانبار کراوە و لە ناو زیندانیش زەلامێکی دیکەی کوشتووە بۆیە ئەم هەموو تەمەنە لە ناو زیندان بەسەر دەبات ڕووداوەکان کەمن بەڵام خەیاڵبازی و زەمەنەکانی بەرفراوانن بۆیە دەرەوەی ئەو ڕووداوە سەرەکییە فانتازیاو خەیاڵبازییەکەی دەمێنێتەوە کە تێکەڵ کاتە جیاجیاکان بووەو لە ڕادەبەدەر بایەخی پێدراوە بۆیەش هەرسکردنی ئەم هەموو دیمەنە فانتازیا لە ناو یەکدیدا بۆ خوێنەر تۆزێک قورسە و گەلێک جار دووبارە کردنەوەی دیمەنە فانتازیاکان بەکار هاتووەو تێکەڵ یەکدی کراون و تێیدا هەیە زیادەیەو هەر بۆ مەبەستی درێژ کردنەوەی ڕۆمانەکە لە هەندێک جێگادا زیاد لە پێویست ئەم فانتازیانە بەکارهاتووە. بێ شک پێویستی بەزیاتر چڕبوونەوە هەبوو تا خوێنەریش لەم تێکەڵ کردنە و هێما شاردراوەکان بێزار نەبوونایە، بەهەر حاڵ ئەم ڕۆمانە گەلێک دیمەنی فانتازیا ئامێزی جوانیشی تێدا هەیە وەک ئەوەی کە پاڵەوانەکە هەر لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە دەمرێ و تەرمەکەی گەورە دەبێ و وەک دەبدەبە فوو دەدرێ و پاشان بە نووشتاوەییییەوە لە گۆڕی دەنێن و چەند جارێک لە گۆڕی دەنێن و پاشان زیندوو دەبێتەوە تا لە دوا جار دەبێتەوە تەمەنی حەوت ساڵی و پێش مردوو نێژەکان دەگاتەوە ماڵەوە.. هەروەها دیمەنی خەیاڵبازی بینین و جووتبوونی لەگەڵ فریشتەی ئاوی کە لەبەردەمی دەبێتە ئەو ئافرەتەی کاتی خۆی حەزی لێ دەکردو کاتێ لە ناو دارستانەکەش پیرەمێردەکە دوو سێوی دەداتێ دەڵێ یەکێکیان بخۆ و ئەوی دیکەشیان بدە بەو ئافرەتەی کە کاتی خۆی حەزت لێدەکرد ئەوجا مەرامەکانت دێتەدی بۆیە ئەو فریشتە ئاوییە گیانی ئەو ئافرەتەی دەکرێتە بەرو لەدوای بەیەک گەیشتنێکی کورت دیسانەوە لەدەست خەیاڵی پڕخۆشی دەپچڕێ و بایەک لوولی دەداو لەبەر چاوی بزر دەبێتەوە و جارێکی دیکە دەبێتەوە دۆستی سروشت و تارماییییەکان ڕایدەپێچنەوە ناو زیندان. دەشکرێ وا دابنێین کە ئەم مرۆڤە وێنەی چەوسانەوەی مرۆڤی کورد بێت کە بەدرێژایی مێژوو زوڵم و ستەمی لێ کرابێت و تا لەکۆتایی ڕۆمانەکە بەخەونی گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی خۆی هەر بەخەون و خەیاڵ ئازاد دەبێ و سەربەستییەکەی خۆی لەمەدا دەدۆزێتەوە لەڕاستیشدا هەر لە ناو زیندانەکەدا کۆت و بەندە بۆ دارشتنی فانتازیا و دیمەنە



خەیاڵییەکان سوود لە کەرەستەی ڕەسەن و ئەفسانەی کوردەواری خۆمان وەرگیراوە ئەمە ئەگەر وەک خۆشی نەگوازرابێتەوە لەسەر شێوەی ئەم ئەفسانەو داب و نەریتە کوردەوارییانەی خۆمان دارێژراوە.

شوێنی ڕۆمانەکە ئاواڵەو داخراوە. خۆی لە ناو زیندانەکەدا داخراوە بەڵام بەم خەیاڵبازییەی پاڵەوان بەرفراوان دەبێ و تێکەڵ بەکاتی جیاجیا دەبێ لەم ڕۆمانەدا پاڵەوان لە ناو زیندانەو بە خەیاڵبازی دەگاتە دەرەوەو تێکەڵ بە سروشت دەبێ، بەڵام لە (تاریکستانی لم)دا پاش چەندان ساڵ کوێرەوەری لە بیابانی لم بەرەو شارەکەی خۆی دەگەڕێتەوە، لە وڵاتی تارمایی هێشتا دیلە بەڵام لەوەی دیکە ئازاد بووە بۆیە ئەگەر (تاریکستانی لم) پاڵەوانەکەی لە زیندان بگەڕابوایەوە دەمانتوانی بە ڕۆمانی پێش (تاریکستانی لم)ی وابنێین و ڕووداوەکانی تەواوکەری یەکدی دەبوون و دەبوون بە دوو ڕۆمانی لێکنەپچڕاو ئەگەرچی لە ڕووی شێواز و بونیاد و چنینی هونەریشەوە لەیەک دونیا و جیهانبینی و لەیەک دیدەوە سەرچاوە هەڵدەگرن ئەویش ناسینەوەی بایەخ پێدانی نووسەرە بەلایەنی دەروونی پاڵەوانەکانی...

(وڵاتی تارمایی) لەوڵاتێکدا نووسراوە و دەدوێ کە پڕیەتی لە ڕووداوی سەیر و سەمەرە و ئەفسانەیی و خەیاڵی پاڵەوان تێدا سەربەستە تا دوا ڕادەی بیرکردنەوە بۆیە پێویستی بە خوێندنەوە و ڕاڤەکردن زیاتر هەیە.

## گەمە هونەرییەکانی ڕۆمانی تاریکستانی لم

ڕۆمان بەهۆی فراوانی پانتایی و ڕەهەندە لاستیکییەکەیەوە بواری زیاتر بە ڕۆماننووس دەدات وەک لە چیرۆکدا کەمترە کە تاقیکردنەوە و جیهانبینی و بیرکردنەوەکانی خۆی دەناو ئەم دەقەدا بتوێنێتەوەو هونەرکارییەکانیشی بکاتە زەخرەفەیەک و بتوانێ دەقەکە بەشێوەیەکی جوان و بەرگێکی ئەفسووناوییەوە بۆ خوێنەری زیرەک بگوازێتەوە، ئەو خوێنەرە زیرەکەی کە زۆر بە وردییەوە دیقەت دەداتە ڕۆمانەکە و وەک پشکدارێک هەموو جۆرە لێپرسینەوەیەک دەگەڵ نووسەرەکەدا دەکات. بەڵام بۆ خوێنەرێکی نابەڵەد و وێڵ و کلۆڵ ئەوا چاکی و خراپی ڕۆمانەکە لە گێڕانەوەی هەقایەتەکەدایە بە داماڵینی بەرگە هونەرییەکەی، واتە وەک هەقایەتێک دە ڕۆمانەکەدا دەڕوانێ.. لێرەوە ڕۆماننووسی بەتوانا و زیرەک و نوێخواز تخووبێکی هونەری لە نێوان بەرهەمەکەی خۆی و خوێنەران دروست دەکات و بۆ ئەو خوێنەرە بەشدارە کارەکەی خۆی دەسازێنێ و دەیهونەرێنێ و ئەفراندن دێنێتە بوون و هەر ئەوەندە کەسانەشی بەلاوە مەبەستە کە لە کارامەیی و توانا و بەخشینی هونەرییەکەی بگات و مەبەستی سەرەکی و هێڵکاری و شەونخوونی و وردەکاری هونەرییەکانی بۆ بدۆزێتەوە و پێچەوانەکەشی کارە جەماوەرییەکەی بەلاوە زۆر مەبەست نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی سەر مەشقی ڕۆشنبیر و هزرڤانانە بۆ دۆزینەوە و ڕوانینی هونەری.. لەم پێودانگەوە دەمەوێ ئەمەش هەڵنەبوێرم و بڵێم کە ڕۆماننووسی هونەرکار و خاوەن تاقیکردنەوە و نوێخواز بۆ کارە بەخشندەییەکانی خۆی و ئەفراندن و بردنەوەی گرەوی هونەری ڕۆمان دەکاتە پردێکی پتەو و خۆی پێ دەپەڕێنێتەوە لای خوێنەر و تاقیکردنەوە نوێکانی خۆی و شێوازی گێڕانەوەی نوێباوی خۆی لە ڕۆماندا بەرجەستە دەکات و سینگی خۆی پێ فراوانتر و پڕ خۆشتر دەبینێ، چونکە ئەم پانتایی و ڕەهەند و فەزا و بوارە بەرفراوانەی لە ڕۆماندا هەیە لە کورتە چیرۆکێکدا نابینرێ، ئەم ڕۆشنبیرییەی ڕۆمان گەرەکیەتی و بەدەستەوەی دەدات لە کورتە چیرۆکدا وەها ناتوانرێ بەرجەستە بکرێ، یان ناتوانێ لە تاقیکردنەوەیەکدا ئەگەر لە کورتە چیرۆکدا بێت هونەری نوێباوی خۆی بەتەواوی بگەیەنێ. هەرچی ڕۆمانە هزرو مەبەستەکانی تێر دەکەن و دەگمەنی و کەم



چاپی ڕۆمانی کوردیش ئەوەندەی تر بۆشاییەکانی بۆ پڕدەکەنەوە و بە خوێنەرانی تامەزرۆی ڕۆمان و ڕەخنەگرانی چیرۆکی ئاشنا دەکەن و گیانی نەمری دەرخوارد دەدەن. (سەلاح عومەر)ی چیرۆک و ڕۆماننووس لەم دەقە و ڕۆمانە نوێیەدا کە دووەم ڕۆمانیەتی دوای ڕۆمانی (وڵاتی تارمایی) کە بەچەند دانەیەکی کەم بڵاوکرایەوە، دەیەوێ گەمە هونەرییەکانی خۆی درێژە پێ بدات و ئەوەی لە ڕۆمانی یەکەمیدا نەیتوانیوە بیکات ئەوا لێرەدا بە گوڕ و توانایەکی گەنجانە ترەوە خشتێکی تر دەخاتە سەر بونیادی ڕۆمانی هونەری کوردی. دیارە من لێرەدا مەبەستم نییە کە جیاوازی لەنێوان ئەم ڕۆمانە و ڕۆمانە نۆبەرەکەیدا بدۆزینەوە و خۆ باوێمە ناو ئەم حوکمە نادروستەی کە بڵێم ئەم ڕۆمانە یان ئەوەی پێشووتر هونەری ترە، بەقەد ئەوەی دەمەوێ خۆم بخەمە ناو مەخلوقاتە سەیرەکانی، یاخود دەنێو قەدەری مرۆیە ئەفسووناوییەکانی ڕۆمانی (تاریکستانی لم)دا پێمەلە بکەم.. ئەم تاریکستانەی لە لای پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەدا لەم لمستانەدا دەست پێ دەکاو لە ناو تاریکستانی ناخی خۆیدا دۆنای دۆن دەبێ و دیمەنی مرۆیەکی پەڕوباڵ شکاو و خۆشەویست بەشار و زێدی خۆی و تیرانگاز بوونی بە ژەهری سپی و تیخە زمانی خەڵکی بێ بەزەیی شارو بەدەرهاوێشتنی و کەسێکی بەفام و ئەقڵەوە هێڵی ڕەشکردنەوەی بەسەردا دەهێنن و بە شتێکی نەفرەت لێکراو و تا دوا چارەنووسی بە داڵدەی مردووی گۆڕستان کێلەقەبر و نامۆ بەو هەموو خەڵکە، تەیرە خورافییەکان و مردووی گۆڕستانەکان دەیلاوێننەوە و پاشانیش سۆزی دڵپاکی هەمان چارەنووس و دەرهاویشتە و ئەنجامی هەمان مەملەکەتی بەرد... تا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەیمرێنن و ئەویشی لێ دادەماڵن و ئەو چاوەشی لێ کوێر دەکەنەوە کە بەهۆیەوە دنیای دەبینی و هەستی بە بوونەوەرایەتی خۆی دەکرد.. بۆ هەمیشە بەتەنیایی دۆنای دۆنی لەگەڵ دنیای پێلاواندا دەمێنێتەوە کە لەوێدا سەرەتای دوا بەش و کۆتایی ڕۆمانەکەیەو ڕەنگە سەرەتایەکی نوێش بێت بۆ ڕۆمانێکی تر.

### (١) ئاستەکانی گێڕانەوە:

ڕۆماننووس بۆ تەکانبەرایەتی هونەری و بردنەوەی گۆی هونەری پەنا بۆ هەموو جۆرەکانی شێوازی گێڕانەوە دەبات و بەڕاناوی جیاجیاو سوود وەرگرتن لە فرەدەنگی و شێوازی گۆشەنیگا فۆکنەری و وەسفی هونەری بە زمانی شیعری واتە شیعرییەتی گێڕانەوە و لەقتەی سینەمایی و تابلۆی هونەری و فلاش باک و شەپۆلی هۆش و تەداعی و خۆ

دواندن و سوود وەرگرتن لە داستانی میللی و تەوزیفکردنی ئەفسانە و خورافات و سەربردە و واریقات و داب و نەریتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و بایەخدان بە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە و چنینی دراما و گرێچنی ڕۆمانەکە و ئەو پاڵەوانە پڕ بایەخەی کە تەنیا لە بەشەکانی دواییدا کلۆڵێکی وەک خۆی بۆ پەیدا دەکات و بەهەمان چارەنووس و موعاناتەوە بایەخی پێ دەدات و بایەخی خۆشەویستی بۆ دەکاتەوەو لەیەکتری حاڵی دەبن و پاشانیش دەیمرێنێ و ئەو بەتەنیا دەهێڵێتەوە کە بەڕۆمانێکی تاک پاڵەوانی دەژمێردرێ و وەک ڕۆمانی کلاسیکی بایەخی زۆر بە پاڵەوانی سەرەکی دەدرێ و پاڵەوانەکانی تریش کە لە پەراوێزدا ناویان دێ و وەسفیان دەکا و لە دەوری ئەو پاڵەوانە سەرەکییەوە دەجووڵێنەوە ئەوا لە ڕاستیدا ڕاژەی بونیادی هونەری گێڕانەوەی قەدەری ئەو پاڵەوانە پڕ بایەخە دەکەن کە ئەمەشیان بە وردەکاری هونەری و کارامەییەوە وەسفی سایکۆلۆژی و باری دەروونی ئەو پاڵەوانە سەرەکییە و ئەوانی تریش کە لە ڕاژەی وەسفکردن و ڕۆنانی درامای ڕۆمانەکەدان زۆر لێهاتووانە تواناى سەڵاح عومەر لە بە دیارخستنی لایەنی سایکۆلۆژی و هەڵسوکەوتی پاڵەوانەکانی و ئاگایی لە زانستی دەروونی بەدیار دەخەن و هەر ئەمەش کە (سەڵاح عومەر) لە چیرۆکنووسانی تر جیا دەکەنەوە و لە چیرۆکەکانیشیدا بایەخ زیاتر بە پاڵەوانی سەرەکی یان بە پاڵەوانی سۆپەر دەداو حاڵەتەکانی منی باڵاو نوستالژیای پاڵەوانەکانی ئەم مەملەکەتەی یان ئەم فەزاو پانتاییەی کە تیایدا دەژیان و جوڵانەوەیان پێ دەکات و زیاتر بەرجەستەی مرۆڤی کلۆڵ و مت بوو دەکەن لە ناو جوغزێکی سایکۆلۆژی و بەرتەنگ و داخراو و زیندانێکی ئەبەدی، زیندانێک لە ناوەوە و دەرەوەی ئەو پاڵەوانەی کە قەدەریان بە ئەفسانە و دۆنای دۆن یان بەد گۆڕان دەسپێردرێ، یانیش بوونیان هەڕەشە لەم کۆمەڵگەیە دەکا و لە ئەنجامیشدا لە کێشمە کێشمیاندا لەگەڵ خەنجەرە ژەهراوییەکانی ناو ئەم کۆمەڵە، یان گیانیان لەدەست دەدەن یانیش دەبن بە بەشێک لە ئەفسانە و یانیش بێ ئەنجام دەستنیشان دەکرێن.

أ- بەکارهێنانی ڕاناو:

ڕۆمانەکە لە بەشی یەکەمەوە تا بەشی هەشتەمی بە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) دەگێڕدرێتەوە و بە زمانی چیرۆکنووسی ڕاوی ئاگادار بەهەموو شتێ وردە وردە دەمانخزێنێتە ناو سەرەتای دروستبوونی ئەم کەش و هەوایەی کە ڕێگە بە پاڵەوانی سەرەکی دەدەن بۆ ئەوەی بەهێزەوە بخزێتە ناو ڕووداوەکانی چیرۆکەکە و بەگرێدان لەگەڵ



کارەساتەکانی بەر لە هاتنی ئەو پاڵەوانە بۆ ناو گۆڕەپانی ڕووداوەکان و بەرجەستەکردنی خۆشەویستی شوێن و گەڕانەوە بۆ زێدو نوێکردنەوەی ئینتماکردن بۆ ئەم خاکە دەبنە چنینی ثیمەکانی ناو ڕۆمانەکە و پاڵەوانەکانی دەوروبەریشی ئەگەرچی بە شێوەیەکی ناسەرەکی باسیان لێوە دەکرێ کەچی هەر خزمەتی چنینی گرێچنی ڕۆمانەکە و جۆشدانی کارەساتە ئاگراوی و جەرگبڕەکانی پاڵەوانی سەرەکی دەکەن و زمانە شیعرییەکەی چیرۆکنووسیش زیاتر وەسف و شیعرییەتی نووسینی ڕۆمانەکە دەڕازێنێتەوە و فەزا و پانتایی چیرۆکەکە بەرفراوان دەکەن... ئینجا لەبەشی هەشتەمدا بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) درێژە بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی پاڵەوانی سەرەکی دەدرێ و لە بەشی نۆیەمدا لە سەرەتاوە دەگەڕێتەوە سەر ئسلوبی ڕاوی ئاگادار بە هەموو شتێ بە ڕاناوی (ئەو) دێتەوە ناو گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی ڕۆمانەکە، پاشان جارێکی تر هەر لە ناو ئەم ڕاناوەدا دەیکاتەوە شێوازی فرەدەنگی و بە ڕاناوی (من) بەسەرهاتەکە تەواو دەکات تا دوایی ئەم بەشە ئەم دوو ڕاناوە تێکەڵ بەیەکتر دەبن و گەلێک سوود و شێوازی تری هونەری لەگەڵ خۆیان دێننە ناو ڕۆمانەکە کە لەدواییدا یەکە یەکە باسیان لێوە دەکەین... لە بەشی دەیەمدا دەگەڕێتەوە سەر گێڕانەوەی ئاسایی و ڕاناوی (ئەو)و چیرۆکنووسی ئاگادار بە هەموو شتێ... لە بەشی یازدەمدا بە سوود وەرگرتن لە شێوازی فرەدەنگی ڕۆمانەکە درێژەی پێ دەدرێ ئەم شێوازەی کە بە زۆری ڕۆمانەکانی (دیستۆڤسکی)و (فۆکنەر)ی پێ بەناوبانگن و ئەوان زۆریان بەکارهێناوە، (باختین) لە کتێبی (شیعرییەتی دیستۆڤسکی)دا بەتەواوی باسی ئەم فرەدەنگییە لای دیستۆڤسکی دەکات و وەک شێوازی دیار و پڕ بایەخ گرنگی هونەری پێ داوە... لەم بەشەدا ڕۆماننووس دەبێتە کەسێکی خەڵکی گەڕەک و لەسەر زمانی ئەو کەسەی گەڕەک وەسفی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە و درێژە بە بابەتی ڕۆمانەکە دەدات و کەسانی تریش لە گێڕانەوەی وەسف و باسکردنی ئەو پاڵەوانە سەرەکییە بەشدارن و بەم جۆرە خوێنەر لە شێوازێکەوە دەگوازێتەوە شێوازێکی تری گێڕانەوە و پشووی هونەری پێ دەدرێ.. لە بەشی دوانزەم و سیانزەم و چوارەمدا دیسانەوە گێڕانەوەی چیرۆکنووس بە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) درێژە بە گێڕانەوەی ڕۆمانەکەی دەدات. لە بەشی پازدەهەمدا پاڵەوانی دووەم زیاد دەبێ کە ئەویش (دڵپاک)ەو ڕۆماننووس بۆ پشوودانی خوێنەر و ماندوو بوونی یەکەم لە گێڕانەوەدا هەر بە شێوازی ڕاوی ئاگادار بە هەموو شتێ و بە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاک (ئەو) درێژە بە سەرەتای چیرۆکێکی تری ناو ڕۆمانەکە دەدات ئەمیش بنیادنانی گێڕانەوە

و چنینی ژیانی پاڵەوانی دووەمی سەرەکی ڕۆمانەکە کە (دڵپاک)ەو پاشان دیسان دەگەڕێتەوە سەر پاڵەوانی سەرەکییەکەو هەر لە ناو ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکدا بە گێڕانەوەی (دڵپاک) بۆ بەسەرهاتی خۆی، چیرۆکنووس بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) درێژە بەم بەشەی ڕۆمانەکەی دەدات.. لە بەشی شانزەمدا دەبێتەوە شێوازی ڕاوی ئاگادار بە هەموو شتێ.. لە بەشی حەڤدەیەمیشدا لەگەڵ بەکارهێنانی شێوازی فرەدەنگی و مۆنتاژی سینەمایی و دیسانەوە بە شێوازی ڕاوی ئاگادار بە هەموو شتێ و بە هەردوو ڕاناوی (ئەو) کە کەسی سێیەمی تاکەو ڕاناوی (ئەوان) کە کەسی سێیەمی کۆیە گێڕانەوەی ڕۆماننووس بەردەوام دەبێ... لە بەشی هەژدەمیشدا هەر بە شێوازی ڕاوی ئاگادار و بە ڕاناوی (ئەو)و (ئەوان) و بە سوود وەرگرتن لە فانتازیا و فرەدەنگی و گێڕانەوەی بەسەرهاتی دڵپاک و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە درێژەی هەیە.. لە بەشی نۆزدەیەم و بیستەمی دوا بەشی ڕۆمانەکەشدا هەر بە شێوازی ڕاوی ئاگادار بە هەموو شتێ و بەڕاناوی (ئەو)و بە سوود وەرگرتن و دروستکردنی ئەفسانە و فانتازیا و دۆنای دۆن کۆتایی بە ڕۆمانەکە دێنێ و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە بە (من) و (ئەو)ی پێڵاو دۆنای دۆن دەبێ و ئیدی چارەنووسی نادیار دەبێ.

ب- هونەرەکانی تر لە یاری ڕاناودا:

ڕۆماننووس جگە لە ئاڵوگۆڕکردنی ڕاناوەکان و بەکارهێنانی هونەری گەلێک جاران پەنای بردۆتە بەر لەقتەی سینەمایی و دیمەنی تابلۆیی و بەکارهێنانی شەپۆلی هۆش و خۆدواندن و مۆنتاژی شوێن و کات و فرەدەنگی و سوود وەرگرتن لە هەقایەت و شێوازی گێڕانەوەی هەقایەتخوانی و هەر لە ناو ئەم ڕاناوەی کە بەکاردێنێ وەک لە شێوازی نووسینی ڕاوی ئاگادار بە هەموو شتێ کە بە ڕاناوی (ئەو) بەسەرهاتی پاڵەوانی سەرەکی دەگێڕێتەوە ئەوسا بە تێهەڵکێش کردنی ئەم لەقتە سینەمایییانە و ئەم دیمەنە شێوەکارییانە هەم زیادە وەسفکردنی پاڵەوانەکە نیشان دەدات و ئاستەکانی گێڕانەوە پڕ جۆشتر دەکەن و ڕاناوەکەش لەوێدا دەبێتە شێوەیەکی تر کە ئەگەر گێڕانەوەکە بە ڕاناوی (ئەو) بێت ئەوا لەقتە سینەمایی و دیمەنەکان لە ناو ئەم ڕاناوانەدا بە (من) دەبێ و هەندێک جاریش چەند کەسێکی جیا ئەو دەنگانە کە تابلۆیی و سینەماییِن بەرجەستە دەکەن و بەشی ڕۆمانەکە دەبێتە ئاستی گێڕانەوەی فرەدەنگی و پێچەوانەکەشی هەر ڕاستە کە ئەگەر ڕاناوەکەی کەسی یەکەمی تاک بێ (من) ئەوا لەقتە و دیمەنەکان بە (ئەو) یان (ئەوان) دەنووسرێن و



ئەمەش هەم بۆ ئاڵوگۆڕکردنی ڕاناوەکان و هەمیش بۆ توانای هونەری و سوود وەرگرتن لە هونەرەکانی تر لە ئاستەکانی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە بەرجەستە دەبن.. هەندێک جاریش زمانی شیعری تێهەڵکێشی ئاستەکانی گێڕانەوە دەبن و جوانکاری بە دەقەکە دەدەن و دیمەنە وەسفییە درێژەکان دەبنە پاڵپشتی گێڕانەوە تەنانەت ڕۆمانەکە دیالۆگی کەمتر تیا بەکارهاتووە لە وەسفی درێژ، ئەم وەسفەی واقیعی و خەیاڵئامێزە، ڕاستی پڕ ئەفسانەیە و پڕ خورافاتە، پڕ فانتازیایە.. تەژی هەقایەت و سەربردەی میللی و واریقاتە. تا لەقتە و دیمەنەکانیش بە ژمارە ناونراون و لە هەندێ بەشی ڕۆمانەکەدا هەن و لە هەندێ بەشی تەنیا ئاست و زمانی گێڕانەوەیان تیا وەسفییە و سەرجەم بە زمانێکی شیعر ئامێز داپۆشراون و دیمەن و لەقتەکانیش هەندێک جار لە کاتی ئێستەی ڕۆمانەکە و هەندێک جاری تریش لە کاتی ڕابردوو دەدوێن و هەندێک جاران سینەما ئامێز و جاری واش هەیە وەک تابلۆیەکی دیوار خۆ دەنوێنن بە شێواز و دەربڕین و مەبەستی جیا جیاوە کە پەیوەستن بە کرۆکی بەسەرهاتی ناو ڕۆمانەکە، یان پاڵپشتن بۆ وەسفکردنی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە و بە ڕاناوی جیاجیاش نووسراون وەک (من/ تۆ/ ئەو/ ئەوان) ئەمەشیان لە بەشەکانی جیاجیای ڕۆمانەکەدا بەرجەستە دەبن و وەک لە بەشی حەوتەمی ڕۆمانەکەدا «دیمەنی یەکەم/ دیمەنی دووەم» دەبینرێ و لە بەشی هەشتەمی ڕۆمانەکەشدا «دیمەنی سێیەم» کە ڕەنگڕێژە بە دۆنای دۆن و بەکارهێنانی ئەفسانە و خورافات و سوود وەرگرتن لە ڕووداوی ئایینی و کۆمەڵایەتی تێدا دەبینرێ، ئینجا لە بەشی دەیەمی ڕۆمانەکەدا دیمەنەکان ژمارەیان لەسەر نامێنێ، بەڵام هەر بە ناوی «دیمەنێ» لەقتەیەکی سینەمایی، یان مۆنتاژی سینەمایی خۆی دەخزێنێتەوە ناو ئەم بەشەوە هەمدیس لە بەشی یازدەمدا دوو دیمەنی تری بێ ژمارە دەبن بە لەقتەو یەکێکیان بە ناوی «دیمەنێ»و ئەوی تریان بە ناوی «دیمەنێکی تر» بەشداری گێڕانەوەی ڕۆماننووس دەبن و کاری گێڕانەوە ئاسان و پڕ هونەری تر دەکەن... ئەمەو دیمەنەکان تەواو بوون تەنیا لە بەشی هەڤدەمدا پەنا دەباتە بەر سوود وەرگرتن لە شێوازی دیالۆگی شانۆیی تا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دەبێتەوە گێڕانەوەی ڕاوی ئاگادار بە هەموو شتێ.

ج- فرە دەنگی و گۆشەنیگای ڕۆماننووس

هەروەک وتمان ڕۆمانەکە بەیەک ئاستی گێڕانەوە نە نووسراوە، بەڵکو گەلێک جاران بە وەسفی شیعری و گێڕانەوەی ئاسایی و خۆ دواندن و شەپۆلی هۆش و دەربڕینی ئەفسانە و

خورافات و سوود وەرگرتن لە هەقایەتخوانی و مۆنتاژی کات و شوێن و لەقتەی سینەمایی و تابلۆی و جاری وا هەیە چەند دەنگێک یان ڕۆمانووس خۆی دەخاتە ناو کەسایەتی ئەوانەوە و هەندێک جاری واش هەیە لە ناو دیمەنەکاندا دەنگی تر دروست دەبن و ئاستەکانی گێڕانەوە زیاتر دەکەن و دەنگێکی تر چیرۆکەکە، یان ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە بێ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی هەست بە گۆڕانی ئاستەکانی گێڕانەوە بکات و بە ڕاناوی جیاجیاش دەنووسرێنەوە تا لە بەشی پازدەدا ڕۆمانووس پاڵەوانی دووەم دەخولقێنێ بۆ ئەوەی یارمەتی پاڵەوانی یەکەم و سەرەکی بدات و لە گێڕانەوەشدا پشوویەکی وەبەر بکەوێ و هەمدیس (دڵپاک)یش ببێتە دەنگێکی تری گێڕانەوە واتە لەم ڕۆمانەدا هەر تەنێ ڕۆمانووس بەسەرهاتەکان ناگێڕێتەوە، بەڵکو ڕۆمانووس و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە و دڵپاک و خەڵکی گەڕەک و دەنگی تری جیاجیا هەم دەبن بە بۆ گێڕەوەو هەم بەگێڕدراوە (الراوي/ المروي لَهُ) و هەروەها هەقایەتخوانی ناو ڕۆمانەکە و ئەمەش ئاستەکانی گێڕانەوە فراوان دەکەن و جۆشی هونەری وەبەر ڕۆمانەکە دەدەن... ڕۆمانووس چەند جارێکی جیاجیاش سوود لە شێوازی گۆشەنیگا دەبینێ بۆ گێڕانەوەی خۆی ئەم شێوازەش وەک شێوازی فرە دەنگییەکەی هەمدیس لای (فۆکنەر) بایەخی هەبووە بەتایبەتیش لە ڕۆمانی (هەراو زەناو توند و تیژی/ الصخب و العنف) و (سەلاح عومەر)یش وەک لایەنگیر و سوودمەندێکی (فۆکنەر) سوود لەم شێوازە دەبینێ لەوێدا لە گۆشەنیگای ڕۆمانووسەوە دەڕوانێتە ئەم دیمەنە دروستکراوەی کە هەڵقووڵاوی بیر و هزری پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەیەو لە دیدی ڕۆمانووسەوە فانتازیا و جوانکاری گۆشە نیگاکە جۆشی پێ دەدرێ و لەگەڵ بیر و هزری پاڵەوانەکانی سەرەکیدا دەگونجێنرێ وەک لەم دیمەنەی کە پاڵەوانی سەرەکی لە تەنیشت قەبرستانەکەوە بەسەر بەردەکان دەکەوێ و تەماشای کەلاوەکە دەکات و ئافرەتێکی ڕووت و قووت و منداڵێکی دە دوانزە ساڵان دەبینێ، منداڵەکە بوتڵی لە دامەنی گیرابوو، ئافرەتەکەش لەسەر زگ ڕاکشابوو و جار جارەش پەلی دەکوتا...تاد.

یانیش ئەم دیمەنەی کە لە ناو گۆڕستانەکەدا مام هۆمەری چایچی پاڵەوانەکە بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەبینێ کە چۆن بەسەر بەرماڵێکەوە لەسەربانی مزگەوت فڕیوە و وەک وەلی و پیاو چاک خۆی نیشان داوە... بێ گومان نموونەی تریش زۆرن، بەڵام با خوێنەری زیرەک خۆی بیاندۆزێتەوە مادام بەشدارە لە ڕۆمان و ڕەخنەی نوێدا.



## ٢- کات و شوێن

أ- کات:

کاتی دیاریکراوی ڕۆمانەکە لەم ئێوارەیەوە دەست پێ دەکات کە پاڵەوانی سەرەکی دەگاتەوە ناو شار و وەک لە ڕستەی یەکەمدا بەدیار دەکەوێ کاتەکەی کەشی زستان بووە، تا کاتی دوایی ڕۆمانەکە ئەو ساتانەی کە پاڵەوانە سەرەکییەکە لەنێو پێڵاواندا دۆنای دۆن دەبێ خۆی دەنێو جیهانێکی ئەفسووناویدا دەدۆزێتەوە... هەرچەندە کاتی دیاریکراوی نێو ڕۆمانەکە بە تەواوی هەمووی دەستنیشان نەکراون، بەڵام بە ماوەیەکی کورت مەزندە دەکرێ، لە ناو ئەم کاتەشدا کەکاتی دیاریکراو و بەرچاوی ڕۆمانەکە بوو کاتی تر دێنە بەرچاو لە کاتی دیاریکراو جیا دەبێتەوەو بەرفراوان دەبێ، ئەمەش بە هونەرکارییەکانی ڕۆمانووسی دێتەدی بەهۆی فلاش باک یان مۆنتاژی کاتی کە کاتی دەرەوەی ڕۆمانی پێ دەوترێ و ڕووبەری شوێن و کات فراوانتر دەکا و کاتەکان زیاد دەبن وەک کاتی سەردەمی منداڵی و کاتی هەرزەکاری و ئەم کاتانەی بەر لە هاتنەوەی لە گەڕەکەکە بووەو ئێستە وەک شریتی سینەمایی دێنەوە بەرچاوی و بە فلاش باک وێنەیان دەکێشێتەوە و دەبنەوە بەشێکی تری گێڕانەوەی پاڵەوان ئەم دوو کاتە جیایەش دوای پەیدابوونی ڕۆمانی نوێ دەستنیشان کراوە هەروەک «جان ڕیکاردۆ» لە کتێبی «کێشەکانی ڕۆمانی نوێ»دا ناو لەم کاتە زیادەیەی ناوەوەی گێڕانەوە دەنێ کاتی دەرەوەی ڕۆمان وەک وتم ئەم کاتانەش بەهۆی تەکنیکی هونەرییەوە ئەنجام دەدرێ کە بریتین لە هەموو ئەم کاتانەی پێش کاتی دیاریکراو باس دەکرێن و دەبن بە کاتی زیادە و فراوانتر لە کاتی دیاریکراوی ناو ڕۆمانەکە و یاری تەکنیکیان پێ ئەنجام دەدرێ. ئەم کاتانەی کە دەستنیشان کراون بریتین لە «ڕۆژ/ شەو/ دەمەو ئێوارە/ دەمەو عەسر/ ڕۆژانی هەفتە/ کاتی زستان/ ئێوارەی باراناوی/ بەرەبەیان/ کاتەکانی ڕۆمانووس ناوی هێنان...تاد».

بەڵام هەندێک جاریش کاتەکان بزرن و دەستنیشان نەکراون، بەڵکو بۆ خۆلادان لەم دەستنیشانکردنە دیاریکراوە لە نێوان دوو کەوانەدا بە بۆشایی هێڵراونەتەوە ئەوەندە هەیە باس لە زەمانێک دەکا یان باس لە ساڵانێک دەکا کەچی ساڵ و مانگ و ڕۆژەکان دەستنیشان ناکات، ئەمەش لەبەر ئەوەیە تا ڕەهەندەکانی کات بە کراوەیی و بە بەرفراوانی بمێنێتەوەو خۆڕزگارکردنیشە لە کاتی پێوەندیدار (مقید)، وەک ئەوەی لە بەشی شەشەمی ڕۆمانەکەدا دەڵێ «خەڵکی ئێرە نیم. وەختی خۆی لێرە دەژیام. ئێستە هاتوومەتەوەو

نەشارەزام. لە زەمانی (.......)وە ئێرەم بەجێ هێشتووە. بێ ویستی خۆم، ئێوارەیەک هاتن ناوەڵلا بەیانییەکی زوو بوو قۆڵ بەستیان کردم و لێرەیان دوورخستمەوە. ئەوەتانێ دەبینی چۆن گەڕاومەتەوە، لە ماڵێ دەگەڕێم ساڵانی (.......) لێرە بوون. لە گەڕەکی (ک) دەژیان...تاد».

ب- شوێن:

شوێنیش هەروەک کات بەرفراوان و ڕەهەندەکانی زۆرن و هەموویان دەستنیشان نەکراون هەروەک گەڕەکی (ک)، ئەم گەڕەکەی کە پاڵەوانی سەرەکی هەمیشە پرسیاری بۆ دەکات و دەیەوێ بیدۆزێتەوە، هەر بۆیەش ئاسۆی ڕۆمانەکە فراوانە و گەلێک شوێنی جیاجیا دەگرێتەوە، دەتوانم بڵێم زۆربەی گەڕەکەکانی ناو شاری هەولێر و ناوچەکانی دەوروبەریشی دەگرێتەوە وەک/ قەڵا و دەوروپشتی قەڵا و منارەی چۆلی و ناو بازاڕ و قەیسەرییەکان و گەڕەکی تەعجیل و جادەی فلکەی زەعیم و گەڕەکی (ک)و ...تاد. شوێنی دیاریکراوی تەواوی ڕۆمانەکە ناو شارە لەم کاتەوە کە پاڵەوانی سەرەکی پێ دەنێتەوە ناوی و دەگەڕێتەوە و تێکەڵ خاکەکەی دەبێتەوە و بە عەشقەوە بۆی دەنووشتێتەوە و خۆشەویستییەکی لە ڕادەبەدەر تۆمار دەکا، هەڵبەت لە سەفەری غەریبی تاریکستان و مەملەکەتی لمدا واتە لە بیابانی خوارووە هاتۆتەوەو بە ڕوونیش ئەگەر ڕۆماننووس نیازیی بێ و نیازی نەبێ هەڵاتووی گیراوەکانی ئەنفالەکانە... ئینجا دروستکردنی تاریکستانی لم وەک ڕەمزێک بێ یاخود بە ڕاستی تەعبیر لە ئەنفالەکان بکات، ئەوا ڕەمزی ئەزیەتدان و چەوسانەوەی مرۆڤی کورد نیشان دەدات... کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە لەم ئێوارەیەوە دەست پێ دەکا کە دەگاتەوە ناو شار و خەڵکی بەشێت و نامۆ و دڕندە لە قەڵەمی دەدەن، کەچی ئەو عەشقێکی تری هەڵگرتووە، ئەو خۆشەویستی و گەڕانەوەی بۆ شارەکەی خۆی لە هەگبەدایە تا ئەم کاتەی بە غەریبی و دۆنای دۆنی ئەفسانەییەوە لەنێو پێلاواندا ون دەبێ و لەگەڵ دەوروپشتی خۆیدا بەشێوەیەکی ئەفسانەیی لێک گرێ دەدرێن و چارەنووسی نادیار دەمێنێتەوە کە دەبێ بە پێلاو و پێلاویش بەخۆی دادەداو بە پێلاویش ئارەق دەخواتەوە لە ناو ئەم کولێخانەیەی کە جاری وا هەبوو کۆڵان بە کۆڵان بەدوایدا دەگەڕاو نەیدەدۆزییەوە... کەچی لە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکەدا گەلێک جاران بەهۆی مۆنتاژی شوێن و لەقتەی سینەمایی و بە فلاش باک دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کات و شوێنی جیاجیاو ئەمەش وەک لە کاتی دەرەوەی ڕۆماندا باسم



لێوە کرد وەک شوێنی سەردەمی منداڵی و ئەم کۆڵانەی کە بەدوایدا دەگەڕێ و گەڕانەوە بۆ بنچینەی لادێ و باسکردنی کات و شوێنەکانی ئەم سەردەم و سۆراغکردن و بیر هاتنەوەی شوێنی ماڵەکەی خۆیان و لەم سۆراغەشدا گەلێک گەڕەکی جیاجیا بەسەر دەکاتەوە کە ئەگەر لە سەرەتاوە گەڕەکی خۆیانی دۆزیبایەوە ئەم گەڕان و فراوانی و ڕۆیشتن و گەڕان بە گەڕەکەکانی تر ڕوویان نەدەداو ڕووداوەکان لە شوێنێکی بەرتەسک دا گیریان دەخوارد و پاڵەوانەکە لەم سەفەرەیدا لە شوێنی ماڵی جیاجیا دەمێنێتەوەو پاشانیش نایگرنە خۆو شوێنی حەوانەوەی دەبێتە پێش چایخانەکەی مام هۆمەر و بن دیواری دوکان و ماڵەکانی گەڕەک و مزگەوت و کەلاوەو گۆڕستان و دەگەڵ مردوو و زێوان و تارمایی و خێو و دێو و درنج و فریشتەکان دەبێتە دۆست و داڵدەی دەدەن و دەگەڵ مردووان یەک دەگرێتەوە و تێکەڵ بە ژیانیان دەبێ و لە شوێنی ئەواندا جەستەی هیلاک و ماندووی پشوو دەدا.. هەر بە گەڕانەوە بۆ سەردەمی ڕابردوو بە فلاش باک هەردوو پاڵەوانەکەی پیرەمێردو دڵپاک دەگەڕێنێتەوە سەرچاوەی لادێ و لەوێ باسی پاکی و بێگەردیان و مرۆڤی ئەوسا دەکات و بە پێچەوانەش شار بە ئاژاوەو پیسی دەبینێ وەک ئەم خشتەیەی خوارەوە:

| پاڵەوان | سەردەمی منداڵی | سەردەمی دوا منداڵی | سەردەمی پیری | دوا شوێن |
|---|---|---|---|---|
| سەرەکی (پیرەمێرد) | لادێ | شار | زیندانی بیابانی لە زیندانی خەڵکی شار | شار (پێلاو) |
| دووەم (دڵپاک) | لادێ | شار | زیندانی خەڵکی شار وەک بیابانی لم | شار (گۆڕستان) |

هەروەک لە نێوان دوو دیمەنی پێچەوانەدا هاوکێشەکان دیاری دەکرێن.. بەرانبەر لەبارچوون و تێکچوون و ناشیرینی دیمەنەکانی شار لە ناوەوەو جوانی دیمەنەکەی لە دەرەوەدا کە ئەمەش دڕندەیی ناوەوەی شار دەردەخات لە فڕێدان و لەخۆوە نەگرتنی هەردوو پاڵەوانی ڕۆمانەکەو بەم چارەنووسانەی کە بۆیان دیاری کرابوو..

دیمەنی دەرەوەی شار ———— جوانە مرۆڤ و سروشت تێکەڵ و بەهاکان جوانن
دیمەنی ناوەوەی شار ———— ناشرین مرۆڤ و سروشت دادەبڕێ و بێ بەهایی مرۆڤە

شوێنی حەوانەوەی هەردوو پاڵەوانەکە لە ناو شاردا لە پانتاییەکی تەسکدا بەرجەستە دەبێ کە ڕەنگە چایخانەکەی مام ئۆمەر بێ جیا لە گۆڕستان و مزگەوت و کەلاوەکان کە

شوێنی حەوانەوەی هەمیشەییبیانە، ئەم چایخانەیەی کە سەنتەری ئەم کۆڵانەیە کە هەردوو پاڵەوانەکەی هەم لەوێ بەیەکتر دەگەن و هەمیش شوێنی ماڵەکەی پاڵەوانی یەکەم و پێ دەچێ شوێنی حەوانەوەی (دڵپاک)یش بێ..

کارەساتە تراژیدییەکان لەوێدا چڵەپۆپەو جێگەی حەوانەوەی پاڵەوانی سەرەکیش چایخانەکە و مام هۆمەرە کە لە کێشمەکێشی خەڵکی گەڕەک دەگەڵ ئەو پاڵەوانە بەدبەختە مام هۆمەر لایەنگیر و نورانیەتی دەبینێ و بەرگری لێ دەکا کەچی لەبەر هوروژم و زۆری نەیارانی گرووپی نێگەتیڤ کە خەڵکی گەڕەکن ئەمیش لە دواییدا کۆڵ دەدا.. لەم گەشتەی سۆراغ و گەڕانە بەردەوامەدا ڕۆماننووس شوێن و فەزای ڕۆمانەکەی بەرفراوان دەکاو زۆربەی گەڕەکەکانی شاری هەولێرمان نیشان دەدات و ناویان دەهێنێ ئەمەش نواندن و بەرجەستەکردنی شوێنی هەمیشەکراوەی ڕۆمانە وەک لە بەشی هەشتەمدا دەڵێ «بەسەر بۆشایی و چۆڵەوانی و کەلاوەی ڕووخاودا بڕۆ، کوێت دەوێ بڕۆ، بەنێو گەڕەکەکانەوە تێپەڕەو بڕۆ، لە ڕۆژهەڵاتەوە بەستەپیازە و لە ڕۆژئاواش بە منارەی چۆلی دا بڕۆ، بە کورانیش دابڕۆ کە کۆڵانەکانی چەند کۆڵانێکی قووڕای و چەند خانوییەکی لە قوڕ دروست کراو پێیاندا ڕەت بەو بڕۆ...تاد» . هەر بە هۆی بەکارهێنانی هونەرییەوە خەیاڵی ڕۆماننووس فەزای ڕۆمانەکە بەرفراوان دەکاو لە شوێنێکی دیاریکراو نایهێڵێتەوە، ئەوەتانێ ئەم کاتانەی بیری پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە بە فلاش باک بۆ دوور دەفڕن و کات و شوێنە دیاریکراوەکان ڕەت دەکەن و ڕەهەندەکانی شوێن دەکرێنەوەو پانتاییەکەی بەرفراوان دەبێ ئەوا فەزای ڕۆمانەکەش کراوەو لەبەرچاو دەبێ وەک بە نموونە لەبەشی دەیەمی ڕۆمانەکەدا دەڵێ «بیرو بۆچوونەکانی هەر جارێ بەلایەکدا دەچن، بەسەر ڕابردوو و ئێستەو داهاتووی باز دەدات. جارێ لێرەیەو جارێ لە ژوورەوەی خانووەکە، جارێکی تریش لە ناو کووخێکی دوو ژووری حەوشە بە چیلکەدار دروستکراوی سەر چیایەکی سەرکەشە. جارێ لە کۆشکی لمدا لەنێو لمدا چەقیوە. جارێ لە کۆشکێکی لە مەڕمەڕ دروستکراوی فەزا بەرفراواندا، لەسەر بانێژەی ژوورێکدا بەرانبەر دیمەنێکی سەرنج ڕاکێش ڕاوەستاوە» .

پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە لەبەر ئەوەی ژیانی تاریکستانی لمی دیوە هەر کۆسپێک لە ژیانیدا بەسەری بێت یەکسەر ئەو تاریکستانەی وەبیر دێتەوە، ئەم کارەساتەی کە چ مرۆڤێک و ببڕای ببڕ لە بیری ناکات. بۆیە کە دڵپاک نامێنێ دەگەڕێتەوە دنیایەکی ترو ئەم دنیایەی کە پێش ئەو لە دۆزەخێکدا دەژیاو خەڵکی شاریش ئەم دۆزەخەیان بۆ دروست



کردبوو، دەگەڕێتەوە ئەم دنیایەی کە لە خەیاڵ و هزریدا وەک تاریکستانی لم وایە ڕەنگە تاریکتریش بێت لە خەیاڵی خۆیدا هەردوو تاریکستانەکە لەیەک سەرچاوەوە هەڵدەقوڵێن و وەک یەک وان و تێکەڵ بە ژیانی سەختی دەبن.

| |
|---|
| پاش نەمانی دڵپاک ———— تاریکستانی لم<br>تاریکستانی ژیان ———— تاریکستانی لم |

پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە هەموو هزرو ئەندێشەی دەگەڵ کارەساتە تراژیدییەکانی تاریکستانی لمدا تێکەڵ بووەو بۆتە هەویرێکی ئاسان و شێلدراوی بەردەست ڕۆماننووس، بۆیە لە ناو ڕۆمانەکەشدا لە هەموو بارو کەشێکی ناوخۆشدا وەک شریتی سینەما دینەوە پێش چاوی، بەڵام وەک لە ڕۆمانەکەدا لە بەشی شەشەمیدا ئەو بەشەی کە من بە (نواة)ی ڕۆمانەکەی دادەنێم چونکە لەوێ لە هەموو گرفتەکان دەگەیی و وەک چڕکردنەوەی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە وایە و گرێچنی ڕۆمانەکەش لەم بەشەدا زیاتر هەڵدەکشێ.. لەم بەشەدا ڕۆماننووس وەک ئاماژەمان بۆ دەکات بەتەواوی باسی ئەم کارەساتەی پاڵەوانەکەمان بۆ دەکات کە چۆن لە کاتی بردنیان بۆ ناو بیابانی لم ژن و پیاو و منداڵیشیان نەبواردووەو بیریشی نایەتەوە کە چ ساڵێک بووەو ناشزانێ بۆ کوێی دەبەن تا نیوەشەوێک —— لە شوێنێ دایان بەزاندین، سەرتاپا دەوروبەرمان لم بوو —— کەوتینە ناو بیابانی لم لە کۆشکی باشوور لە تاریکستانی لم. —— چواردەورمان بە زەلامی لە لم دروستکراو گیرابوو —— تارمایی لە (لم) یان تێ بەردایین —— بە لم دایانپۆشین ——- ئەوانەی باسیان دەکردین مرۆڤی لە لم بوون —— دڕندەی لم تێمان وەرهاتن. گورگ خواردمانی، لە ژووری تاک و تەرادا دوو گورگی دوو پێیان تێ بەردایین... تاد. ئەمەو پانتایی لم وەک لە ناونیشانی ڕۆمانەکەشدا دیارە شوێنێکی بەرفراوان لە ڕۆمانەکەدا داگیر دەکات هەموو کاتەکانی دەرەوەی پاڵەوان و ڕۆمانەکە کارەساتەکانی تاریکستانی لمن ئەگەر ئەوانەی سەردەمی منداڵییان لێ دەرکەین و گەڕانەوە بۆ (لادێ)یشی لێ دەرهاوێژرێن ئەوا زۆرینەی شوێن و کاتی ڕۆمانەکە داگیر دەکەن ئەگەرچی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە لە ناو شار و لە کاتی گەڕانەوەی پاڵەوانەکەوە دەست پێ دەکەن.

### ٣- فانتازیا و دۆنای دۆن و خەیاڵی ڕۆماننووس لە یاری هونەری تەکنیکدان

ئەم ڕۆمانەی (سەلاح عومەر)بە ڕۆمانێکی فانتازیا ئامێز دادەنرێت چونکە ئەگەر چەند بەشێکی کەمی ڕۆمانەکەی لێ دەرکەین، دەنا بەشەکانی تری ڕۆمانەکە سەرتاپای خەیاڵ ئامێز و بە دیمەنی ئەفسانەیی تەنراون و تەنانەت جاری وا هەیە گێڕانەوەی ڕۆماننووسین تێکەڵ جیهانی لە ڕادەبەدەری فانتازیایی دەبێ و وەک شاشەیەکی سینەمایی دیمەنە خەیاڵی و ئەفسانەییەکان هێما و مەدلولاتی زۆر داوێنە ناو هزر و مێشکی خوێنەر و وێنەکان لە پێش چاویا دووبارە دەبنەوە.. تاریکستانی لم تەژییە لە ئەفسانە و خورافات و داستانی میللی و واریقات و ڕووداو و هەڵسوکەوتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و ئەفسانە و خورافاتەکانیش بە خوێنەری کورد زمان نامۆ نین چونکە زۆربەیان لە گوێ ئاگردانی کوردەوارییەوە سەرچاوە هەڵدەگرن.. تا شێوەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەش سوودمەند بووە هەقایەتخوانی و چەندان هەقایەتی وەک هی ورچەکە و دێوی سپی و دێوی ڕەش و ئاوی زیندووبوونەوە و گیای نەمری و هەقایەتی (فەرخ و ئەستی) کە منداڵەکە لە ناو لانکدا بەیەک ڕۆژ گەورە دەبێ (سەلاح عومەریش) سوودی لەم داستانە بینیوە وەک چۆن (سەلیم بەرەکات)یش لە ڕۆمانی (فقهاء الظلام)دا پاڵەوانەکەی (بێکەس) بەیەک ڕۆژ لەسەر بێشکە گەورە دەبێ و دەمرێ.. تا دەبینین ئەم ژمارانەی کە لە کوردەواریدا بەکاردێن و ژمارەی پیرۆزن لەم ڕۆمانەدا بەکارهاتووە و بە ئەنقەستیش و بۆ جوانکاری هونەریش ژمارەکان وا دەبینرێن کە وەک هەرەمێکی ئەندازەییش هەر دووبارە بوونەوەیان جوانە هەروەک ژمارە (٤٠) وەک دەڵێ: «ماوەی چل ڕۆژ و چل شەو لە ناو پێستەکەدا دەتهێلێتەوە، سبەینەی ڕۆژی چلەمین کە تۆ لەخەو هەستای بەڵات لێ نامێنێ و پیاوە نورانییەکەش نەماوە.. تاد». ل(٦٤).. یان وەک سوودوەرگرتنی لە هەقایەتخوانی ورچەکەدا ژمارە (٧) زۆر بەکاردێنێ و دووبارەی دەکاتەوە ئەمەش لە هەڵسوکەوتی کوردەواری خۆماندا کە لە کەلەپووری ئایینی و کۆمەڵایەتین و پیرۆزن وەک دەڵێ: «ورچێکیش هات و منی برد، لە ئاوەدانی دووری خستمەوە بردمیە ناو ئەشکەوتێ، ئەشکەوتێکی تاریک و نووتەکە. حەوت قۆناغ لە ئاوەدانی دوورکەوتمەوە، حەوت ساڵیش لە ناو مێرووله و زیندەوەر و مار و دووپشکدا لە ژوورەوە مامەوە. لەگەڵ بەچکە ورچدا ژیام.. حەوت ساڵان کەسێ نەهاتە دوام..تاد».ل(١٣٥) ئەمانە و ژمارە (٧٠) و ڕۆژانی پیرۆزی چوارشەممە و پیرۆزی مەزار و پیاو چاکان و هەڵفڕینی پاڵەوانی سەرەکی لەسەر



بەرماڵێ و دیتنیان بەسەر مزگەوتەوە و گەلێک دیمەنی تریش بوونە ئەفسانە و خورافاتی میللی لەگەڵ هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتیماندا تێکەڵاو بووینە و هەمدیس بەکارهێنانی ئەفسانە و خورافاتی فڕین و (تناسخ الارواح)و دۆنای دۆن بوون بە زۆری لەم ڕۆمانەدا بەرجەستە دەبن کە ئەگەر باسەکەم تایبەت بووایە بە هەڵسوکەوتی پاڵەوان یان ئەفسانە و خورافات و دۆنای دۆن ئەوا گەلێک بە دوور و درێژیتری لێوەی دەدوام ئەوەندە هەیە گەلێک دیمەنی ئەفسانەیی و خورافی لەم ڕۆمانەدا دیارو لەبەرچاون و ڕۆماننووسیش بەدەستی ئەنقەست و بۆ جوانکاری هونەری وەک زەخرەفەی ڕۆمانەکە ئەم بەرگەی لەبەرکردوون و ڕەهەندەکانی ڕۆمانەکەش زیاتر دەدرەوشێنەوە کە هەرە دیارترین دیمەنی ئەفسانەیی، یووسف و ئیسماعیل و فانتازیای جەستە ڕوان و زیندووبوونەوەو شینی جەستە و ئەندامەکانی دڵپاک و هەروەها بزربوون و مردن و نەمانی دڵپاک بەم شێوە ئەفسانەییە و چۆنیەتی چوونە ناو گۆڕەکە و شەقبوونی عاردەکە و هەروەها ئەفسانەی کوندەبەبۆ و تەرمەکان کە چۆن دەفڕن و پاشان خۆیان دەنیێژن کە وەک دیمەنی خۆپیشاندانێکی سەربازی گەورە دێنە بەرچاوان.. ئەمانە و گەلێک نموونەی ئەفسانەیی تر کە لە چوارچێوەی خەون و خەیاڵی هەردوو پاڵەوانی ڕۆمانەکەدا دەڕازێننەوە و هەر لە بۆتەی ئەم دوو پاڵەوانەشەوە ڕۆماننووس گەلێک جار فەلسەفەی ڕۆمانەکە، یان فەلسەفەی خۆی بە خوێنەر دەبەخشێ وەک نموونە یەکێک لە فەلسەفەکانی ڕۆمانەکە ئەوەیە کە لەلاپەڕە (١١٣)دا دەڵێ: «بۆیە ئەوەی بیەوێ لێرە بژی، یا دەبێ ببێ بە گورگ یا دەبێ هەڵبێ. ئەگەر نا وەک مەڕێکی بەستەزمان قەپی لێ دەگرن و گورگی هاری تێ بەردەدەن. یا بە تەنەکە لێدان بەناو شاردا دەیسووڕێنن...تاد». یان وەک لە لاپەڕە (١٤١)ی ڕۆمانەکەدا دەبێژێ: «شێت لە کۆمەڵگەی تاوان و ڕووڕەش و چڵێسی و شەهوانی و قۆڵ بڕ و دز و جەردە و پیاوکوژاندا، هۆشمەندترە لەوانەی بە پیاوی عاقڵ ناویان دەرکردووە. ئەو عاقڵانەی لە ڕاستیدا ترسنۆک و ئابڕووبەر و دووڕوو و چڵێسن. خراپەکارن، بە ڕواڵەت شتێکن و لە ناوەوەش شتێکی ترن...تاد». ئەمانە و ڕۆمانەکە تەژییە لە ئەفسانە و هەقایەتی گوێ ئاگردان و سەربردە و خورافات و واریقات و دۆنای دۆن و (تناسخ الارواح)و بەشێوەی هونەری و بۆ مەبەستی جوانکاری و بە هۆشمەندییەوە خراونەتە نێو ڕۆمانەکە، ئەمانەش پێویستییان بەوەستان و لێکۆڵینەوەی تایبەتی هەیەو من هەر تەنیا بایی سوود وەرگرتنی ڕۆماننووس لە لایەنی هونەرییەوە نوێشکێکم لێی باس کردو ئەگەر نا نموونە و دیمەنی گەلێک جۆرن و ئەگەر چەند بەشێکی ڕۆمانەکە نەبێ

دەنا لە هەموو بەشەکاندا بەشێوەی هونەری و بەمەبەستەوە چنراون و دراما و گرێچنی ڕۆمانەکە زیاتر جۆش و خرۆش دەدەن و دەیگەیەننە چلەپۆپە و فەزای ڕۆمانەکە دەکەنەوە تا وەک لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا پاڵەوانی سەرەکی دوای مردنی دڵپاک چیتر ئۆقرەی نامێنێ و ژیانی خۆی پێ وەک ئەو تاریکستانی لمە وایە کە لێوەی گەڕاوەتەوە و لە خەیاڵ و هزری خۆیدا وەها نامۆ دەبن و ڕەشبینی دەگاتە ڕادەی ئەوە کە بەتەواوی دۆنای دۆن ببێ لەگەڵ پێڵاوان و وەک دەڵێ: «لە ناو نوێنی پێڵاو و کۆگای پێڵاو دەنوێ، تا ئارەقیشی لە ناو تاکە پێڵاودا دەخواردەوە، بەسەر پێڵاویشەوە دەخەوت، پێڵاویشی بەخۆدا دەدا. ئەوسا ئەو شووشە ئارەقە و پێڵاو پێکەوە دەچوونە ئامێزی یەکتر و خەونی خۆش خۆشیان دەبینی...». گەلێک لایەنی تری هونەری لە ڕۆمانەکەدا ماوەو دەتوانرێ قسەی لێوە بکرێ وەک بەکارهێنانی شێوازی چیرۆک و لە نێو چیرۆک، بەکارهێنانی دیمەنی لە شێوەی ئەفلام کارتۆن و هونەری تەشکیلی و باسکردنی ڕستەی وەسفی کورت و درێژ و بەکارهێنانی ئیدیۆم و زاراوە و لایەنی زمانەوانی و ئاستی زمانی نووسینی ڕۆمانەکە کە دەکرێ لە بواری تەکنیکدا باسیان لێوە بکرێ. بەڵام هەر هێندەم لێوە باس کردووە کە باسەکەم لەمە زیاتر درێژ نەبێتەوە و بە کورتی بیخەمە بەردەستان و بتوانم خشتێکی تر بخەمە کتێبخانەی هەژاری هەم لە ڕۆمان و هەمیش لە لێکۆڵینەوەی ڕۆمان.

بۆ زیاتر تێگەیشتنیش لەسەرجەم گەمە هونەرییەکانی ناو ڕۆمانی تاریکستانی لم. خشتەیەک دەکەینە پاشبەند کە سوود بە تێگەیشتنی هونەری ڕۆمانەکە بگەیەنێت:



| بەشی ڕۆمانەکە | شێوەی گێڕانەوە | راناوەکە | بەکارهێنانی هونەری |
| --- | --- | --- | --- |
| یەکەم | راوی ئاگادار بەهەموو شتێ | ئەو / من | گێڕانەوە/ فلاش باک |
| دووەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ فانتازیا |
| سێیەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ خۆدواندن/فلاش باک |
| چوارەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ مۆنتاژی سینەمایی |
| پێنجەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ ئاسایی |
| شەشەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ دیالۆگ/ فانتازیا/ فلاش باک |
| حەوتەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ هەقایەتخوانی/مۆنتاژی سینەمایی |
| هەشتەم | گێڕانەوەی چیرۆکنووس | ئەو | گێڕانەوە/ لەقتەی سینەمایی/ فانتازیا |
| نۆیەم | فرە دەنگی | ئەو / من | گێڕانەوە/ گۆشەنیگا شێوەکاری/ فلاش باک |
| دەیەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/چیرۆک لەناو چیرۆک/فانتازیا/لەقتەی سینەمایی |
| یازدەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ ئاسایی/مۆنتاژی سینەمایی |
| دوازدەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوەی ئاسایی |
| سێزدەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوەی ئاسایی |
| چواردەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوەی ئاسایی/ لەقتەی سینەمایی |
| پازدەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوەی ئاسایی/ فلاش باک |
| شازدەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ فانتازیا |
| حەڤدەم | راوی ئاگادار | ئەو / من | فرەدەنگی/ مۆنتاژی سینەمایی/ دیالۆگی شانۆ |
| هەژدەم | راوی ئاگادار | ئەو / من | فرەدەنگی / فانتازیا |
| نۆزدەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوەی ئاسایی |
| بیستەم | راوی ئاگادار | ئەو | گێڕانەوە/ فانتازیا |

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی میتا مۆرفۆس

میتامۆرفۆس واتا (بەد گۆڕان - مەسخ) سێیەمین ڕۆمانی (سەلاح عومەر)ی ڕۆماننووسە، دوای ڕۆمانی (تاریکستانی لم -١٩٩٧)و ڕۆمانی (وڵاتی تارمایی - ١٩٩٨)، ئەم ڕۆمانە ئەمساڵ لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لە هەولێر چاپ بووە، سەلاح لە دوای (لێک ترازان) کە کۆمەڵە چیرۆک بوو و ساڵی (١٩٨٦) بڵاوی کردەوە، لەو دەمەوە، خەریکی نووسینی ڕۆمانەو جارجارەش چیرۆک و نۆڤلێتی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام بە هەقیقەت لە نووسینی ڕۆماندا، هونەرمەندە و پێ بە پێ هەنگاوی بەرەو پێش هەڵێناوە، ئەوەتانێ ئەم ڕۆمانەی شایەدی بەرەو پێشەوەچوونی بۆ دەدەن چ لە ڕووی زمان و شێوازی نووسینەوە، دیارە ئەم ڕۆمانەشی لەوانی دیکەی فانتازیترە و خوێنەر زیاتر ماندوو دەکات، بەڵام لە دواییدا ماندووبوونەکەی بەهەدەر ناچێ و تاموچێژ و سەلیقە و دەقێکی هونەری پێ دەبەخشێ و لەو جێگایە کە خوێنەر بەجێ دەهێڵێت، سەرەتایەکی دیکەی ڕووداوی دیکەی دوای ئەم گێڕانەوە دەخاتە بەردەم خوێنەری هۆشیار و دەقێکی کراوەی دەداتێ کە خوێنەر- وەرگر، تەفسیری جیاجیا بدۆزێتەوەو بیربکاتەوە و بپرسێ؟ بۆچی ڕۆمانەکە لێرە کۆتایی هات! من پێموایە ئەمەش بەشێکی دیکەیە لە چنینی هونەریی ڕۆمانەکە، ڕۆمانەکە لە چەندان بەشی جیاجیا کە هەریەکەیان ناونیشانی خۆی هەیە پێکدێت و لە هەریەکەیاندا وەک چیرۆکێکی سەربەخۆ دەخوێندرێتەوە و وردە وردەش شتەکان بەخوێنەر دەدات و زوو پەلەی لێ ناکات و تووشی مەراقێکی دەکات تا بزانێ ئەم هەموو کەش و دیمەنە پڕ لە سیحر و فانتازیا ئامێزییەو ئەم جۆرە گێڕانەوەیە تێکەڵە لە نێو هەموو پاڵەوانی ڕۆمانەکەو یەکێک شوێنی ئەوی دیکە و لەناکاوێکدا لە پەڕەگرافێکدا دەبێتە پاڵەوانێکی دیکە و بەشێوەی گێڕانەوەی فرەدەنگی تێکەڵ یەکتر دەکرێن و هەمووشی لە ناو گێڕانەوەی چیرۆکبێژی ئاگادار بەهەموو شتێ ئەم نەسقە هونەرییە دەچنرێت و چیرۆکبێژیش لەسەر چوارپایەکەیەوە ژوورە تەنیاکەی دوای لافاوی خوێن کە بەتەنیا ماوەتەوەو لە ئاسمانەوە لەم بڵندایییەدا کە خوێنەر نازانێ ئەم چوار پایە شکاوە چۆن وا لە ئاسمانەوە ڕاوەستاوە، کەچی ڕاوی- چیرۆکبێژ بۆ ئەوەی دروست کردووە تا لە



بڵندایییەوە هەموو شتەکان ببینێ و بیگێڕێتەوەو هەموو پاڵەوانە مرۆ و گیاندار و مەخلووقاتە سەیر و سەمەرەکان و تەنانەت چوار کەناری دنیا و کەلاوە و زوورگ و کۆشک و دێوی ڕەش و یەک بەیەکەی پاڵەوانە دیار و نادیارەکانیشی دەباتە سەر چوارپاکەو لەوێوە ڕاوی- چیرۆکبێژ، شتەکان دەبینێ یان هەستی پێ دەکاتو چیرۆکە یەک بەدوای یەکەکانی ڕۆمانەکە دەگێڕدرێتەوە. لە (تەلیسمی مانگ)دا وەک خەونێکی خوێنەر دەباتە ناو مانگ و تووشی سەرسوڕمانی دەکات و لەنێوان مانگ و ئاسمان و سەرپردەکە، خوێنەر دێنێ و دەباو تووشی گومان و واهیمەو پرسینی دەکات و وەک پێشەکیی ڕۆمانەکە وایە، بەڵام لە بەشی دووەمدا کە بەناوی (خەونی کەنار دەریا)یە دەمانباتە ناو ڕەشیی ژوورەکە و بایە شێدارەکەش چوارپایە پا شکاوەکە کەژاوە ئاسا بەهەوادا دێنێ و دەبات، ئەم چوارپایەی لە ڕۆمانەکە چیرۆکبێژ بۆ خۆی دەیکاتە شانۆیەک و لەوێوە نمایشی دیمەنەکانی دەکات و لەم بەشەدا دەمانباتە ناو خەون و گومان و ترس و دیمەنەکەش دێنێتە پێش وەک شاشەی سینەما، دەبینین قەلەڕەشێ بەسەر شوورەی کۆشکە داڕماوەکەی ئەودیو هەڵترووشکاوە و گۆرانی بۆ پەڵە خوێنە ڕژاوەکانی جەستەی ئافرەتی ژێر دار بەڕووەکە دەڵێ و بێدەنگیی ناو ژوورەکە دەکا بە دوو کەرتی نایەکسان، بێ ئاگا لەوەی کەچی بەسەر هاتووە، چی ڕووی داوە، شەوە یان ڕۆژ.. ئیتر لە ناو گێڕانەوەکەدا، پاڵەوانەکان تێکەڵ یەکتر دەبن دوای پەڕەگرافێک کە کچە فریشتەکە دەبێتە چیرۆکبێژ. ئەم جارە ئومێدی برای باسی فریشتەی خوشکی کە قوربانیی چیرۆکەکەیە و ڕووداوەکانی واقیعی و خەیاڵیش لەوەوە دروست دەبن و دواییش باسی شەونمی خوشکی و باوکی و نازێی خوشکەزای و بەناو خۆشەویستەکەی فریشتە و ئەو پێنج کەسەی کە لەگەڵیدا فریشتەیان لە پاکیزەیی خست، کە دوایی دەبێ بە پیاوە ڕەشپۆشەکە دەمامکدارەکەو خۆی دەخزێنێتە ناو ژوورەکەی ماڵیان و جارێکیش ناو کەلاوە دوورە دەستەکەو هەر ئەو ڕەشپۆشە دەمامکدارە دەبێتە دێوی ڕەش و گورگ و سەگ و پشیلە و دواییش بە لەقلەقی گوناهبار و مەخلووقێکی تێکەڵ لە گورگ و سەگ و پشیلە کە سەرکی گورگە و ناوقەدی پشیلە و پێیەکانیشی هی سەگ و ئەمانەش چیرۆکنووس بەشێوەیەک دەیانخاتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ و لەسەر شانۆی سەر چوارپایەکە ئەگەر خوێنەرێکی زیرەک و هۆشیار نەبێ و بە وردی ڕۆمانەکە نەخوێنێتەوە، سەرەداوەکانی لێ ئاڵۆز دەبێ و پاڵەوانی ڕۆمانەکە تێکەڵ یەکتر دەبن کە هەموویان لە ناو فرە دەنگیدا شێوازی گێڕانەوەیەک لە شێوەی ڕۆمانی (جن)ی (ئالان ڕۆب گرێ) دەبێتە گێڕانەوەی

چیرۆکبێژی... بەڵام کە خوێنەر دەگاتە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکە (گوناهی پەنا بەرد) هەر پاڵەوانەو بەشێوەیەک سەربردەی تاوان و گوناهی فریشتە دەگێڕێتەوە و لەم بەشەوە، باسی گورگ و ڕێوی و شەرمەزاری و مەرگی ناو حەوشە و گومان و ئازار و مەرگ و گەوزان و شێواندنی باکیزەکان و بڕینی قەپی گورگ و لایەنی دەروونیی ئافرەتەکە و چوونە ناو تاریکستان و لای پیاوچاک و بەهەشت و دۆزەخ و تەنیایی و هەڵبژاردنی شوێنی سەگەکەو ئەو کاتەی سەگەکە برینەکانی فریشتە بە زمانی دەلێسێتەوەو دای دەپۆشێ و لە باوەشی سەگەکە خەوی ئارامی لێ دەکەوێ و سەگەکە شوێنی مرۆڤێک دەگرێتەوە لەو کاتەدا کە هاوکێشەکان وا دەبینرێت کە سەگەکە بە وەفایەو لە بەرانبەردا مرۆڤی دڕندە هەیە، ئەو تاوانی دەرهەق دەکاو بەجێی دەهێڵێ، کەچی سەگەکە داڵدەی دەدا و برینەکانی دەسڕێتەوەو دایدەپۆشێ، تاریکستان بە هاو واتای دۆزەخ و بەهەشتیش لە وێنەی جوانی و خۆر و ڕووناکی و لە دواییشدا مردن دەبێتە هاو واتای ڕزگاری لای ئافرەتە ئازاردراوەکە، بەڵام لە بەشی مەخلووقاتی سەر ئەستێرەدا، چیرۆکنووس دیمەنە فانتازیاکانی دەباتە ناو قووڵایی ئاسمان و کۆمەڵێ کورتە باڵای شێوەو ڕوخسار سەمەرە لە دیدی ئومێدەوە دەبینرێن و لە ماوەیەکی کەمدا، سەرتاپا دەوروبەری پەیکەرەکە بوو بەگەڵای زەردو شان و مل و سەروچاوی و قژی پێ داپۆشران و گەڵاکان لە ئاسمانەوە هەڵدەوەرێن، تەنیا دوو گەڵا سەوز بوون... ئەم پەیکەرەش جارێ دەبێتە ئومێد، جارێ باوکی، جارێ فریشتە، جارێکی دیکەش خوشکەکەی دی و خوشکەزای و دەمامکدارەکەو هەرجارە دەوری پاڵەوانێکی دەبینێ کە بە ئەسڵیش خۆی چیرۆکبێژی ئاگادارەکەیە لە ناو ڕۆمانەکە، ئەمەش چیرۆکنووس بۆ تێکەڵکردنی پاڵەوانەکانی و لە گێڕانەوەیدا، ئەم ڕۆڵە بە چیرۆکبێژ دەسپێرێ تا ئەم هەموو ئاڵوگۆڕکارییەی پێ بکات، دەبێتە مێروولەو بەسەر پردەکە قاچی دادەکوتێ و مێروولەکانی ناو نیفۆی شەرواڵەکەی دەکوژێ... خۆی و هاوڕێکەی لەسەر پردەکە کورتە باڵاکان هێرشیان دەکەنەسەر.. دێتەوە سەر دنیا و دەبێتەوە مرۆڤ... سەرپردەکەی هەموو بوو بوو بە گەڵای مەسخ بوو و مەخلووقاتی سەیر سەیر دەوری دابوون... هاوڕێکەی بۆتە بەرد کە وەئاگادێتەوە، بڕیار دەدا ڕابکات و سەرپردە لە سیحر هەڵاتووەکە جێ دێڵێ... ئەو شوێنەی کە لەم بەشە چیرۆکنووس دەمانباتە ناو قووڵایی ئاسمان و پڕیەتی لە پەیکەری دۆنای دۆن بوو... ئەو مەخلووقاتانەی کە لەسەر ڕووی مانگ و ئەستێرەی مرۆڤ ئاسا بەتەکیانەوە ڕەت دەبوون... گەڵای هەڵوەریو، زیاتر پەرشوبڵاو دەبوونەوە، پتر بە مۆمیا دەکران و چاکتر بەسەر ڕووی پردەکەوە



دەنووسان، کەون غەرقی گەڵا دەبوو... ئالێرەدا چیرۆکنووس نەک هەر شوێنی چیرۆکەکە والا دەکا بەڵکو فەزای چیرۆکەکەش فراوانە و جوانکاری بە شوێنەکە دەبەخشێ. لەبەشی (دۆنای دۆن)دا چیرۆکنووس بە ڕاناوی (ئەو) باسی ئەو هاوڕێیەی دەکات کە سەری بۆ سەرەوە هەڵدەبڕێ، جەستەی گیانەوەرێکی خورافیی گەورەی شێوە سەیر و تۆقێنەر بەرچاوی داگیر کرد، ئینجا دێتە سەر یادگاری منداڵی کە داپیرەی هەقایەتی دێوی ڕەش و سپی بۆ دەگێڕایەوە... ئینجا ئەم و ئەو لەسەر پردەکە ڕادەکەن... پیرەمێرد و ئەژدیهاکە کە پیرەمێردەکە باوکی ئومێد و فریشتەیە... ئینجا وەسفی پردێک دەکات لە شیر تیژترە و لە مووش باریکترە و هاوشێوەی پردی سیراتە، بەڵام لە ڕاستیدا چیرۆکنووس هەر مەبەستی تەوزیفکردنی پردی سیراتە کە چەند مانگ و ساڵە بەسەریەوە هەنگاو دەنێ... پەیکەرەکە باسی بە پەیکەربوون و دۆنای دۆن بوونی خۆی دەکا... شوێنی پردەکە ڕاستەقینە بێ یان خەیاڵ پڕە لە ئەجندە و سەگ و دێوی ڕەش، وێنەی سەیر و سەمەرەی تێدا دەبینرێ، بۆیە هاوڕێکەی لە ترسان ڕادەکا... مەخلووقاتی سەیرتر کە نیوە ئادەمیزاد و نیوە ئاژەڵە، ئەمەش لە خورافەی کوردیدا هەیە... لە ئاسمان دەمامکدارەکان دەناسێتەوە و دەمامکەکانیان فڕێ دەدات... پیرەمێردەکە دەرگای لەسەر خۆ داخستووە و فریشتە لە جیاتی نازێ یەکەم جارە دەچێتە لای و تەنیایی دەڕەوێنێتەوە، چونکە ماوەیەکی درێژە سەردانی نەکردووە... پیرەمێرد و ئومێدی کوڕی... لە دوا ڕستەی ئەم بەشەدا بەدیاردەکەوێ کە چیرۆکنووس کەسایەتییەکانی تێکەڵ کردووە و دەچنە ناو دیدی یەکدیشەوە وەک دەڵێ: (هێشتاکەش هەر لەخۆما غەرق بووبووم نەکەوتبوومە ناو دیدی کوڕەکەم).

لە بەشی شەشەمی ڕۆمانەکەدا کە بەناوی (باندۆرا)ی ناوناوە، چیرۆکنووس گێڕانەوەی خۆی هێور دەکاتەوە و لە تێکەڵکردنی گێڕانەوە پەردەکان لادەداو لەم بەشەدا سەرەداوی چیرۆکەکەمان بۆ بەدیار دەکەوێ... لەسەرەتای ئەم بەشەدا، بە ڕاناوی (من) باوکەکە لە کوڕەکەی دەدوێ کە (ئومێد)ەو باسی بە سیحر بوونی کوڕەکەی دەکات کە لەسەر پردەکە دەبێ بە بەرد و چارەنووسی بەدەست شەهوەتبازەکانەوە دەبەستێتەوە و ئەوەی سەر قەرەوێڵەکەش کوڕەکەیەتی کە لەسەرەمەرگدایە و دەیگەڕێنێتەوە ناو ژوورەکە و گومان و ترس و تارمایی نارەحەتی دەکەن و بەشێوەی جیاواز ئەزیەتی دەدەن و لای ئەو چوارپایە هەڵواسراوەکەی ڕاوی- چیرۆکبێژ ئەمینترین شوێنە... کەچی لەشی لەسەر چوارپایەکە دەگۆڕێ و بە دوعاو پیاو چاکانیش چاک نابێتەوە، پیاوە دەمامکدارەکە هێرشی بۆ دێنێ و ئەو لەزەت وەردەگرێ و ژەهر خواردنیش بە ئومێد... تەنیا چارەی ئەوەیە بە گژ وێنەکاندا

دێتەوە دەمامکەکانیان دادەماڵێ... بەڵام چیرۆکنووس بۆ ئەوەی تەبریرێک بۆ ناونانی باندۆرا بدۆزێتەوە، ئەفسانەکە دەخاتە ناو دیمەنە فانتازیا ئامێز و ئەفسانەییییەکانی وای دەگێڕێتەوە کە (باندۆرا) کاتێ سەری سەندووقەکەی زیۆسی خواوەندی هەڵدایەوە لە فەرمایشتی ئەو لای دا، گەورەی خواوەندەکان نەفرەتی هەمیشەیی لێ کرد، شتێ نەبوو زیۆس پەشیمان کاتەوە، سزاکەشی ئەوە بوو کە سندووقێکی پڕ دڕک و سووژن و ژەهری مار و هەرچی خراپەکاری هەیە پێ بەخشی، بەو مەرجەی سندووقەکە نەکاتەوەو توخنی نەکەوێ، دەنا خراپی بەسەر دێ، بەڵام باندۆرا خۆی پێ نەگیراو نەیتوانی نهێنییەکانی ناو سندووقەکە بپارێزێ، لە ئاکامدا ئەوەی لە ناویدا هەبوو بەهەر چوار کەناری دنیادا پەرشوبڵاو بوونەوە، چڵێسی و شەهوەت و سۆزانی و خراپەکاران فرتەیان بۆ دەرەوە کرد و وەک سێبەر کەوتنە دوای، بۆ هەر کوێ بچووایە بە دواوەی بوون، لەسەر پردەکە...تاد.

خۆی و باوکی حەزیان دەکرد بچووک ببنەوە بچنە ناو جانتاکە، چونکە لە دنیا بێزار بوون... جانتاکە دەبێتە کۆشک و تەلارێکی جوان... قبووڵ ناکا پیسەکان بچنە ناو جانتا، تەنیا خۆی و باوکی نەبێت!... باسکردنی تەنیایی باوکی مەگەر نازێ کە خوشکەزایەتی بەدزی بچێتە لای... گەڕاندنەوە بۆ ناو کەلاوەکەو لەسەر پشت کەوتن و گەوزانی فریشتە لە ناو دەریای خوێندا... گێڕانەوەی بە زمانی شیعر یان سوود وەرگرتن لە چوونە ناو یەکدی دەق (تناص)، بەڵام زمانی گێڕانەوەی شیعرەکان هەموو ئەم بەسەرهاتانە دەگێڕێتەوە کە لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بەخۆیانەوە دەگرێ... وەسفی نەمانی پاکیزەیی فریشتە و تا ئێوارەی ڕۆژی هەشتەم بیری دێتەوە کە لافاوێک ئەوی ڕاپێچاوە و چۆن گەیاندوویەتییە ناو کەلاوەکە... ئەوان کاری خۆیان کردو وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچوون (کە شووشەیەک شکا پارچەکانی کۆناکرێتەوە کە ئاو ڕژا دڵۆپەکانی دەبن بە هەڵم)... دەبێ ئەوان کێ بن... چیرۆکی فریشتە چییە! کە کرۆکی ڕۆمانەکەیە و چیرۆکنووس وا مەراقی کردووین ئیتر ئالێرەوە چیرۆکی فریشتە وا دەگێڕێتەوە: کوڕێک حەز لە فریشتە دەکاو خۆی دەکا بەدەسگیرانی و وای لێ دەکا، فریشتەش خۆشی دەوێ و ناتوانێ نەیبینێ و هەموو جاران لەسەر بان ئاودیوی ماڵەکەیان دەبێ و خۆی دەکا بە ژوورەکـــــەیدا و بە دەگـــــمـــــەن نەبێ شــــەوێکی نەبواردووە، دیارە ئەویش لەبەر خۆشەویستییەکەی متووی بووە، ماوەیەک خۆی لێ دەشارێتەوە، بەڵام دوایی بەزمی جاران دەست پێدەکاتەوە... ئەم جارە جێگای ژوانی بە فریشتە گۆڕی و کەلاوەیەکی دوورە شار هەڵدەبژێرێ بۆ جێی ژوان. کەلاوەکە ناو زوورگ و پەنا گردۆڵکەکانی ڕۆژئاوای شار



بوو... بە ساڵ و بە مانگ کەسێک بەوێدا نەدەهات، بەڵام پیلانی بۆ دانابووەوەو ئەو هاوڕێیانەی خۆی کە پێنج کەس بوون و بە فریشتەی ناساندبوون، لەوێ جێگای خواردنەوەو ڕابواردنیان دامەزراندبوو، بە ناوی یاریی خەواندن، فریشتە دەخەوێنن و ڕووتی دەکەنەوە و کاری خۆیانی لەگەڵدا دەکەن و کە تەواویش بوون، قاچیان شەتەک داو بە کەلاوەکەیان سپارد... ئیتر ڕووباری خوێن دەڕژێ و بن پردەکە پڕ دەبێ لە ڕێوی و گورگ و پشیلە و سەگ و دێوی ڕەش و کورتەباڵا و مەخلووقاتی سەیر سەیر و عەنتیکە و دیمەنی فانتازیایی، بەڵام فریشتەکە دەگەڕێتەوە شار، هێشتا بڕوا ناکا خۆشەویستەکەی خیانەتی لەگەڵدا کردبێ پێش ئەوەی بچێتە ماڵی خۆیان کە چارەنووسی ئەم کارانە دەزانێ چییە بە دوای کوڕەدا دەگەڕێ، بەڵکو لە نیگای چاوەکانییەوە بزانێ خیانەتی دەگەڵدا کردووە یان پێنج کەسەکە فێڵیان لێی کردووە، ئەوەندە ساویلکەیەو خۆشەویستییەکەی بە پاکی کردووە، هێشتا بڕوای نەکردووە، بەڵام نایدۆزێتەوە، بۆیە خۆزگەی دەخواست لە کەلاوەکە نەگەڕابووایەوە، بەڵکو ئەوێ دوا مەنزڵگای بووایە. ئینجا سوجدەی بۆ خوا دەبرد و دەپاڕایەوە نەک لە شار و لە ناو خزم و کەسوکاری بە چارەنووسێکی نادیار خۆی بسپێرێت!. ئیتر لە دوا بەشی ڕۆمانەکەدا ئومێد خۆی و تەنیایی و شەرمەزاری و ترس و بەرەنگاربوونەوەی ئەم قەدەر و ئەم چارەنووسە شوومە وەک مرۆڤێکی سەرشێت دەڕوانێتە شوێن چوارپایەکەی ژوور سەری کە دێوێکی ڕەش لەوێ چاوەڕوانی دەکا، زەلامێکی ڕەشپۆشی دەمامکدار کە لە دێوی ڕەش دەچێ کە هەروەک هەر هێمایەک بۆ ئەو کەسەی کە غەدری لە خێزانەکەی کردووە و ئابڕووی بردوون و لە پێشی دەبێ بە چیایەکی سەخت و دەنیشێتە سەر سینگی بەو دێوە ڕەشە کە پیاوە دەمامکدارەکەیە و خۆی لێ دەبێ بەو ئەحمەدەی کە لە هەقایەتی کوردیدا زۆرانبازی لەگەڵ دێوی ڕەشدا دەکا، چونکە دێوی ڕەش ئازاری ئەحمەد و پیاو چاکان دەدات و دێوەکە بە تێڕوانینێکی دوژمنکارانە سەیری دەکاو دەیکا بە پەیکەرێکی بێ گیان و بەسەر پردەکەدا بزمار ڕێژی دەکا... ئینجا حەوت شەو و حەوت ڕۆژ، دوعا لە دەمامکدارەکە دەکات تا خوا بیکات بە مەخلووقێکی قێزەون، شەوی هەشتەم فریشتەیەکی لێ دێتە ژوورەوە، نقومی ناو ڕەنگی پەلکەزێڕینەی دەکات و فریشتەیەک دێتە سەر شانی و فوو لە کفنی ڕەش دەکات و دەمامکدارەکە دەکات بە حاجی لەقلەق ئەو حاجی لەقلەقەی کە لە منداڵییەوە داپیرەی بۆی گێڕاوەتەوە کە حاجییەکی خراپەکار بووە و بەدخوویی لە دنیا دەنگی داوەتەوە، هەر لە قۆڵبڕین و جەردەیی و درۆ و بێ بنکردنی ئافرەتان و جووت بوون لەگەڵ مردووان، بۆیە خواوەند

کردوویەتی بەو لەقلەقەی وا لە ئاسمانەوە، کەواتە لەقلەق مرۆڤێکی نەفرەت لێکراوە و خوا نەفرەتی هەمیشەیی لێ کردووە و کردوویەتی بەو تەیرە قاچ درێژەی بەهاران ڕوو لە وڵاتانی فێنک دەکاو گومبەتی مزگەوتێ هەڵدەبژێرێ بۆ شوێنی حەوانەوە تا لە وێوە لە خوا بپاڕێتەوە تا لێی خۆش بێ... بۆیە ئەویش حەزی دەکرد، خوا نەفرەت لە دەمامکدارەکە بکاو بیکات بە حاجی لەقلەق و تۆڵەی پاکیزەیی فریشتە و خێزانەکەی لێ بکاتەوە کە بە خێزانەکەی کردوون، دوایی کە بە پاڕانەوە چارەی نابێ، ڕوودەکاتە سیحر و دەیەوێ بەم ڕێگایە تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بەڵام بەدوای نهێنیدا دەگەڕێ و یەکەیەکە شەونمی خوشکی و نازەی خوشکەزای دەدوێنێ کە نهێنی دەمامکدارەکەی تەواو بۆ ئاشکراکەن و گومانەکەی لەلا نەمێنێ، بۆیەش کە لای ئەوان دەستی ناکەوێ ڕوو دەکاتە باوکی، دوایی ڕوو دەکاتە سندووقی باندۆرا، دوایی کە لێیان توورە دەبێ، دەیەوێ هەموو سندووقەکان بە تەورداس بشکێنێ وەک ئەو دێوە ڕەشەی لە ترسان بۆتە سندووق، ئەو سندووقانەی کە پێشتر لە خراپەکاران دەیانپاراست، بەڵام ئەمڕۆ خۆیان خراپەی لەگەڵدا دەکەن.

لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا، چیرۆکنووس دەمانباتە ناو دنیای پڕ لە فانتازیای حەوت شەو و حەوت ڕۆژی ڕاکردنی بەناو دارستان و تەقسی سەمای مەیموونەکان و بازنە ئاگرینەکەو دوابیش مەیموونێک ڕزگاری دەکات و بەرەو دەریای دەبات و دوابیش بە چۆڵەوانی و سامی دەریاکەی دەسپێرێ.. دەڕواو شەویشی بەسەردادێ... بەیانی خۆی لە ناو دۆڵێکی قووڵی عاسێدا دۆزییەوە کە خانووی بچووک بچووکی بازنەیی بوون و لەسەر ڕووی هەر خانوویەکیش تەیرێکی ڕەنگ خۆڵەمێشی باڵ سپی دەسووڕایەوە... تەیرەکان سێبەریان بۆ کانییەک دەکردو بینی ئافرەتێک ناو قەد باریک و قژ زەرد، لە تەنیشت کانیاوەکە پاڵ کەوتووە، ئەو ئافرەتەی هەستی دەکرد لەمەو پێش دیتوویەتی و دەیناسێ، بەڵام بیری نەدەهاتەوە ئەو ئافرەتەی لە کوێ دیوە... ویستی سەیری بکات و خۆی وەرگێڕاو چارشێوەکەی دەخاتەوە سەروچاوی و تەنیا چاوەکانی بەدەرەوە دەمێنێ... ئیتر تا ئێستاکەشی لەگەڵدا بێت نازانێ چ نهێنییەک لە دوای ئەمە دایدەگیرسێنێ.

ئەمە کۆتایی ڕۆمانەکە بوو، کەچی ئەگەر بۆ سەرەتای ڕۆمانەکە بگەڕێینەوە، ئەوسا بیرمان دێتەوە کە ئەوە فریشتەیەو بووە بە فریشتەی بەڕاستی و ئەمەش سەرەتایی دامەزراندنی ڕۆمانێکی دیکە دەست پێدەکاو چیرۆکەکە هێشتا کۆتایی نەهاتووە یان چیرۆکنووس خۆی بەکراوەیی هێشتوویەتییەوە تا خوێنەریش لە دانانی کۆتاییەکەی یان ڕاڤەی جیاواز بە خوێنەر بدات و لەوێوە خوێنەر جڵەوەکە لەدەست چیرۆکبێژی ئاگادار



بەهەموو شتێ یان چیرۆکنووسەکە خۆی وەربگرێتەوە و لە مێشکی خۆیدا نەک لەسەر کاغەز، دوا قسەو ئەنجام بۆ ئەو بێت وابزانم هەقی خۆشیەتی لەم هەموو هێنان، بردنە و ماندووکردنەی دنیای پڕ مەسخ و دۆنای دۆن و پڕ لەگیاندار و مەخلووقاتی عەنتیکەو ڕووداوی نامەئلووفە، ئەوجا ئەویش هەقی ئەم ماندووبونە وەربگرێتەوە، ئینجا میتامۆرفۆسیانە بێ یان ڕیالیزمی یان مەئلووف و نامەئلووف، ئەوا ئەگەر کاک سەلاح-یش ڕازی نەبێت، من لە جیاتی ئەو بە خوێنەری زیرەک و هەستیاری دەبەخشم و دەستخۆشیش لە ڕۆماننووس دەکەم..

## سەعید زەبۆکی لای خۆمان و نموونەی ڕۆمانی تەنز

ئەدەبی تەنزئامێز لایەنێکی گرینگی ژیانی مرۆڤەو لەپشت پەردەی ئەو تەنزەوە مفارقەیەک لای خوێنەری هۆشیار بەجێ دێلێ و تووشی سەرسوڕمانی دەکا و کاریگەری خۆی بەسەر وەرگرەکە دروست دەکات... هەمووومان بەتاسەوە تەماشای نمایشەکانی (شارلی شاپلن) دەکەین و دەمانخاتە دنیای پێکەنین و سەرسوڕمان، کەچی خۆی لە یاداشتەکانیدا باسی ئەوە دەکا کە لەپشت پەردەی پێکەنینەکانیدا مەبەستی بە دیارخستنی گریان و ئازارەکانی مرۆڤ و چەوسانەوە و نسکۆکانی مرۆڤی جەنجاڵی ئەم جیهانە سەیر و سەمەرەیە..«چەکی ئەدەبی لاقرتێ و گاڵتە ئامێز زۆر بەئێشترو کاریگەرترە، لە لۆمەیەکی ڕاستەوخۆ کە بەتەنگەی کەسێکدا بدرێ، یان گرینگترە لە سەرزەنشتکردن و جنێودان و داشۆرینی هەڵسوکەوتی دژ بە داوونەریت و بنەمای مرۆڤانەی باو، بۆیە وتوویانە ئەگەر ویستت کەسێک وا لێ بکەیت واز لە خوویەکی پووچ و ناشیرین و دزێو بهێنێ، کارێکی وابکە خەڵکی پێی پێ بکەنن، کە ئەمەش لە ڕستەیەکی پڕ لە داشۆرین و تەنانەت لە لێدانیش کاریگەرترە..»[١]. نووسینی تەنز و گاڵتە جاڕی ئەدەبە و پێویستییەکانی هونەری بوونی خۆی هەیە و پێویستە لەم تێکەڵاوییەی کە لەگەڵ (تەهریج)و (نوکتە)و (داشۆرین) جیا بکرێتەوە و وەک چەمک و دەربڕینیش مەدلولاتی تایبەتی خۆیان دیاری بکرێن.. بەداخەوە ئەوەی تا ئێستە لە ئەدەبی کوردیدا بەدی دەکرێت، لەشیعردا تەنیا شیعرەکانی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی)و لە چیرۆکیشدا هەوڵەکانی چیرۆکنووسی جوانە مەرگ (ڕەفیق فایەق)و (کەمال سەعدی) زیاتر نابینرێن. ئەگەرچی هەوڵەکانیان لێواو لێو ناچنە خانەی نووسینی تەنزەوە، بەڵام وەک هەوڵی نووسینی ئەم بابەتە پیرۆزن... جارجارەش لە گۆڤاری (سروە)ی کوردەکانی ئێران دا بەناوی (تەنزی کۆمەڵایەتی) بابەتی کۆمەڵایەتی لەم تەرزە نووسینانە دەبینرێن.. ئەدەبی تەنز ئامێز نووسەرانی زۆر کەمن، وای لێهاتووە کە باسی تەنز دەکرێ یەکسەر (عەزیز نەسین) دێتە سەر زاران و گەلێک جاریش نووسەری تری جیهانی وەک (مارک توین مان) بیردەکەوێتەوە، ڕەنگە هەوڵی تریش لە ئەدەبیاتی جیهان و دەوروبەرمان هەبن، کەچی وا بەئاسانی هەستیان پی ناکرێ یان هێشتا برا وەرگێڕەکانمان



بە ئێمەیان نەناساندوون- گرنگ ئەوەیە لە ئەدەبیات و نووسینەکانی کوردیدا هێشتا لە خانەی نەبوونی دایەو دەگمەنە «بۆیە ئەدەبی گاڵتە ئامێز (ساخر) و هونەری کۆمیدیای ڕەش بەشێکە لەو هەوڵ و کۆششەی پێویستە هەبێ، تا دەسگیرۆیی ئینسانی ئەم وڵاتە زاخاو چەشتووە بکەن لەپێناوی زاخدانی مێشک و ئارامیی دەروون و داهێنان و بەردەوام بوون..!»[٢]. لەم بوارەدا ئەم ڕۆمانەی (کەمال سەعدی) هەوڵێکی پیرۆز و ئاواتبەخشە، چونکە یەکەم جارە لەبواری ڕۆمانی کوردیدا بابەتێکی تەنز ئامێز دەخاتە کتێبخانەی هەژاری کوردییەوە، هەم لە ڕۆمان و هەمیش لە ڕووی تەنز ئامێزییەوە.. ئەگەرچی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) وەک لەناوەکەشیدا دیارە کاریگەری ڕۆمانەکەی (عەزیز نەسین) کە بەناوی (برایم زەبۆک)ەو مامۆستا (سەعید یەحیا) کردوویە بە کوردی پێوە دیارە، ڕەنگە کاریگەرییەکەش بەکارهێنانی لەقەبی زەبۆک و کارتێکردنی کەڵەکچیاتی پاڵەوانەکەی نەسین بێ و بووبێتە هۆی نووسینی ئەم ڕۆمانەو دەیەوێ پێمان بڵێ لەم مەملەکەتەی ئێمەشدا شێوەی برایم زەبۆکی (نەسین) زۆرن و دەکرێ بکرێن بەکەرەستەی نووسینی چیرۆک و ڕۆمانی تەنز ئامێز.. جیاوازییەکەش دەگەڵ برایم زەبۆکی (نەسین) ئەوەیە کە (عەزیز نەسین) یەکبین درامای ڕۆمانەکە بە پاڵەوانێکی سەرەکی کە (برایم زەبۆک)ە دەبەستێتەوەو پاڵەوانەکانی تریش لە دەورەی ئەم پاڵەوانە سەرەکییەدا دەخولێنەوە و ڕۆڵی تایبەتی خۆیان لە پانتایی دەقەکەدا کردۆتەوە، کەچی لای کەمال سەعدی ڕۆڵی سەرەکی چیرۆکنووس بە ڕاناوی یەکەمی تاک (من)و (سەعید زەبۆک) پێکەوە هاوبەشن لە بنیادنانی تەوەری گشتی چیرۆکەکە و پاڵەوانە ناسەرەکییەکان بۆ ڕاژەی باسکردنی سەعید زەبۆک دروست کراون و چنینی درامای ڕۆمانەکە وەک (عەزیز نەسین) یەکبین نییە.. ئەمەش بۆ کەمال سەعدی بەخەوش ناژمێردرێ، چونکە تاقیکردنەوەی دوورودرێژی عەزیز نەسین لەم بوارەدا جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تاقیکردنەوەی (کەمال سەعدی)دا هەیە، بەڵام وەک یەکەم هەوڵدان توانیویەتی لە کاتی خوێندنەوەدا خوێنەر بۆ جیهانی سەیر و سەمەرەی چیرۆکەکەی کێش بکاو وەرگر عەودالی ئەنجامەکەی بێت و دەستی لێ هەڵنەگرێ. ئەمەش سەرکەوتنێکی چاکە وەک یەکەم هەوڵی ڕۆمانی تەنز ئامێز لە ئەدەبی کوردیدا. ڕۆمانی (سەعید زەبۆکی لای خۆمان) لە (١٩) بەش یان (١٩) چیرۆک و بەسەرهاتی جیاجیا پێکهاتووە و لەهەر بەشێکیاندا بەشێکی پێکهاتەی (سەعید زەبۆک) دەچنرێ تا ئەنجامەکەی دەبێ بەبەشێک لە ژیان و قاڵبوون لە کەسایەتی سەعید و دەشکرێ هەر بەشێک لەم بەشانە بە چیرۆکێکی جیا بخوێنرێنەوەو

سەرجەم بەسەرهاتی سەعید زەبۆک و منی پاڵەوانی یەکەمی چیرۆکەکە چیرۆکنووس خۆیەتی و پێکهاتەی گوتاری چیرۆکەکە، یان ڕۆمانەکە ڕەنگڕێژ بکەن... ئەم جیاوازییە بنەڕەتییانەش لە بنەمای ڕۆمانەکەدا بەتەواوی لە بنەمای هونەری برایم زەبۆکی جیادەکاتەوە و بە ئسلووبێکی تایبەت بەخۆی دەچنرێ. ناشمەوێ زیاتر باسی تەکنیک و شێوازی هونەری ڕۆمانەکە بکەم، چونکە خۆشم لەبەرگی دواوەی ڕۆمانەکەدا هەندێ سەرنج و تێبینیم لەبارەی ئەم ڕۆمانە بۆ خوێنەران خستۆتە ڕوو، ئەممەیان بۆ ڕەخنەگرێکی تر جێ دەهێڵم.

* ئەم ڕۆمانە بەچاپێکی ڕێکوپێک و بەقەوارەی ١٦،٥× ٢٤ سم و بە (٩٢) لاپەڕە و ساڵێ چاپکردنی ١٩٩٧ و چاپی هەولێر کەوتە کتێبخانەی ڕۆمانی کوردی.
* ڕۆمانەکە پێشکەش عەرەبی شەمۆو هەژاری موکریانی کراوە، یەکێکیان ڕێزلێنانە لە زمان و فەرهەنگی کوردی ئەوەی تریش ڕێزلێنانە لە یەکەم ڕۆماننووسی کورد.
* وەک لەپشتی ڕۆمانەکەدا ئاماژە بە ڕۆمانێکی تری کەمال سەعدی کراوە بەناوی (ئاو) کە ساڵی ١٩٩١ نووسیویەتی و دەستنووسە، نوخشەبێ لە چاپکردنی ئەم بەرهەمە تەنزئامێزەش.
* بەم هیوایەی کەمال سەعدی بتوانێ بەشی دووەمی سەعید زەبۆکمان پێشکەش بکات و درزێک لە کتێبخانەی هەژاری ڕۆمانی کوردی و ئەدەبی تەنزئامێز پڕ بکاتەوە.

پەراوێز:

(١) و (٢) ئازاد عەبدولواحید – نووسینی تەنزو کۆمیدیای ڕەش- گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (١) گۆشەی پشکۆو خۆڵەمێش – دوا لاپەڕە.



# ڕۆمانێک سەفەری مردووان دەنووسێتەوە

بێ گومان ڕۆماننووس ژیان دەنووسێتەوە، بۆیە ڕۆمان ناتوانێت لەژیان دابڕێت، بەڵام مەرج نییە ئەو ژیانە وەک خۆی بنووسرێتەوە و فۆتۆکۆپی واقیع بێت، بەڵکو نووسەر لە گۆشەنیگا و ڕوانینی خۆیەوە بەجۆرێکی دیکەی دەنووسێتەوە و بەشێوەیەکی دیکە دەیخاتە بەردەم خوێنەر وەک بیرسی لوبوک لە کتێبی (پیشەی ڕۆمان)دا دەڵێ: (ئەرکی ڕۆماننووس داهێنانی ژیانە)[1].

کاروان عەبدوڵڵا لەم ڕۆمانەیدا (سەفەری مردووەکان)* بەشێک لە ژیانی میللەتی ئێمە دەنووسێتەوە کە ئەویش سەفەری بەکۆمەڵی خەڵکی کوردستانە بۆ هەندەران و گەڕانەوە بەرەو خەونە نادیارەکان و کڕینی مردنە بۆ ژیانی داهاتوو و ڕاکردنیانە لەم واقیعە تاڵەی کە تێیدا دەژین، لەمەشدا قوربانی بە هەموو بەها و سامان و ڕابردووی خۆیان دەدەن بۆ چارەنووسێکی نادیار و سەرەنجامیش زۆربەیان دەبن بە خۆراکی نەهەنگەکانی دەریای ئیجە، ئەوانەی دەربازیش دەبن لەپێناوی مانەوەدا تووشی سەرکێشی و کارەسات دەبن تا خەونە ڕەنگاو ڕەنگەکانیان لە وڵاتانی ئەورووپادا دەگیرسێتەوە.

لەم ڕۆمانەی کاروان عەبدوڵڵا مەسەلەی کۆچ لە پاڵ چەندان کارەساتی کۆمەڵایەتی و گەڕانەوە بۆ یادگارییە تاڵ و سوێر و خۆشەکانی منداڵی شوێنێکی زۆری ئەم ڕۆمانەی پێکهێناوە. باویل کە پاڵەوانی سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە وەک مرۆڤێکی کۆچکردوو بۆ هەندەران لە ڕێگای یۆنان لە ناو بەلەمێکی شڕوپڕ شەپۆلەکان هێرش بۆ بەلەمەکە دێن و سەرەنجام زۆربەی هەرە زۆری سەرنشینەکانی دەبن بە خۆراکی نەهەنگەکان تەنیا ئەوان قەمیسی ڕزگاربوونیان لەبەر بووە دەرباز بووینە ئەوانیش تەنیا پێنج کەسن، کاپتنی بەلەمەکەش یەکێک بوو لەو کەسانە، بەڵام باویل مەرگی خۆی بەمەرگی کاپتن دەگۆڕێتەوە و خۆشەویستی ژیان تووشی خنکاندنی کاپتنی دەکات و بەمەیش بە ئازارێکی زۆرەوە ڕزگاری دەبێت، کە چاویش دەکاتەوە خۆی لە نەخۆشخانەیەکدا دەدۆزێتەوە کە لە نێوان مەرگ و ژیاندایە و حاڵەتی دەروونیشی تەواو تێکچووە و ڕووخاوە، هەم لەبەر ئەوەی کە ویژدانی بە کوشتنی کاپتنەکە و مردنی سەرنشینەکانی دیکە ئازاری دەدات بەتایبەتی ئەو

ئافرەتە مهابادییەی کە لە ناو بەلەمەکە سۆزێکی پێ بەخشیبوو، هەمیس بەهۆی ئێش و ئازاری جەستەی ئەم بیر و لێکدانەوانەش وەک شریتی سینەمایی بە فلاش باک یەکەیەکە یادگارییەکانی ڕابردووی بەبیر دێننەوە، هەر لە منداڵییەوە تا ئەو دەمەی خۆی لە نەخۆشخانەدا دەدۆزێتەوە بەمەش کاتی دەستنیشانکراوی ڕۆمانەکە فراوانتر دەکات و دەبێتە زەمەنی دەستنیشانکراو و زەمەنی دەرەوە، (جان ڕیکاردۆ) ئەم زەمەنە بە دوو ئاستی جیاواز دەستنیشان دەکات وەک لە کتێبی (کێشەکانی ڕۆمانی نوێ)دا دەڵێ: «پێویستە تێبینی ئەم زەمەنە بە دوو ئاستی جیاواز بکەین کە هەردووکیان دەستنیشانی هەریەک لە زەمەنی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و زەمەنی چیرۆکە بیر لێکراوەکە دەکەن..»[٢].

لەم ڕۆمانەشدا کاتی دیارکراو یا دەستنیشان کراو کە کاتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکەیە ئەو چەند ساتانەیە کە باویل لە نەخۆشخانەیە، بەڵام زەمەنی چیرۆکە بیر لێکراوەکە بە داڵغە و شەپۆلی هۆش واتە بە مۆنتاژی کات دەمانگوازێتەوە ساتەکانی سەردەمی منداڵی باویل. شوێنیش بەهەمان شێوەی کات ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا یا لە گێڕانەوە دەستنیشان کراوە نەخۆشخانەکە کە باویل بەدەم نەخۆشییەوە و بەهۆی مۆنتاژی شوێنەوە دەگوازرێتەوە دەرەوە و شوێنی دیکە لەسەردەمی منداڵی باویل تۆمار دەکرێن.

لە گێڕانەوەدا زیاتر پشت بەتەکنیکی شەپۆلی هۆش دەبەستێ کە چیرۆکبێژ بەزمانی باویل بەفلاش باک بۆ ڕابردووی بەر لە خەستەخانەکە و بەر لە کارەکانی ناو بەلەمەکە دەیانگێڕێتەوە و بەمەش لە گێڕانەوەدا هاوکێشەیەک لە گێڕانەوەی کارەساتەکان لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا دروست دەکات و کارەساتەکان وردە وردە بۆ تەواو کردنی ڕۆمانەکە خوێنەر وا لێ دەکەن بزانن لە کۆتاییدا چی ڕوودەدات. زمانی نووسینی ڕۆمانەکە زمانێکی ئاسایی گێڕانەوە و مەئلووفە و هیچ گرێ و ئاڵۆزییەک بۆ خوێنەر دروست ناکەن. لایەنێکی دیکەی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە سوود وەرگرتنە لە ئەدەبی نامە کە باویل بەهۆی ئەم نامەیەی بۆ مەحمودی برای دەنێری بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.

## چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە

لەم ڕۆمانەدا لەپاڵ چیرۆکی سەرەکی ڕۆمانەکە کە بەسەرهاتەکەی (باویل)ە هەر لەسەفەری ناو بەلەمەکەوە تا خەستەخانەکە چیرۆکی سەرەکییە، بەڵام لەپاڵ ئەم چیرۆکەدا ڕۆماننووس چەندان چیرۆکی دیکەی لابەلای دروست کردووە، ئەمەش بەهۆی فلاش باکەکانی باویلە کە یادگارو بەسەرهاتەکانی ڕابردووی دەخاتە ڕوو و بۆ خوێنەری



دەگێڕێتەوە بەتایبەتیش ڕووداوەکانی سەردەمی منداڵی خۆی و بەسەرهاتەکانی ناو خێزانەکەی خۆی کە هەندێکیان بەهۆی نامە بۆ مەحمودی برای دەیگێڕێتەوە و هەندێکیشیان بەهۆی تەداعییەوە چیرۆکی دیکەی بەبیردێتەوە و دەیگێڕێتەوە.. زۆربەی زۆری ئەم چیرۆکانەش دەتوانین بەم شێوەیە دەستنیشانیان بکەین

١- چیرۆکی ناو خەستەخانەکە لە پەنجەرەی ژوورێکی نهۆمی حەوتەمی ئەپارتمانی نەخۆشخانەکە دەستە گوڵەکان فڕێ دەدا ئەوسا خۆی بیر دەکەوێتەوە و دەزانێ کە چی لێ قەوماوە و بەسەرهاتەکانی ناو بەلەمەکەی بیردێتەوە.

٢- چیرۆکی باویل نەخۆشخانە لەگەڵ سیستەرەکە کە بەهۆی ئەویشەوە ئافرەتەکانی دیکەی پێش ئەوی بیر دەکەوێتەوە.

٣- چیرۆکی کۆچی باویل بۆ یۆنان و لەوێش بۆ وڵاتێکی دیکەو لە ناو کەشتییەکەش چیرۆکێکی دیکە دروست دەبێ لەنێوان باویلی هەولێری و کچێکی مهابادی، کە کچەکە ماریای بیردێنێتەوە ئەو ئافرەتەی کە باویل حەزی لێ دەکرد و لەبەر منداڵ نەبوون خۆی دەسووتێنێ. دواییش سیستەرەکە کە لای ئەو هەریەکێکیان وێنەی ئەوەی دیکەی بیر دێنێتەوە و هەریەکێکیان دەبینێ وادەزانێ وێنەی ئەوەی پێش ئەوە، بۆ نموونە وای دەزانی سیستەرەکە کچە مهابادییەکەیە هەمووشیان یادگاری عەشقێکی تەواو نەکراون لای باویل و هیچیشیان لەسۆز زیاتر نەبووین کەچی لای ئەو بووەتە وەهمێک.

٤- چیرۆکی ڕووداوی پڕ ترس و کارەسات ئامێزی ناو کەشتییەکە لەگەڵ شەپۆلە ترسناکەکانداو وێنەکێشانی دەروونی سەرشینەکانی بەتایبەتی حاڵەتی دەروونی باویل.

٥- چیرۆکی بوونی باویل بە بەزاز کاتێ کە قسەی باوکی بیر دەکەوێتەوە کە هەموو جاران پێی دەگوت بەزاز.

٦- چیرۆکی بەهرام و جەمیلە، کاتێ کە پیاوانی ڕژێم دەوریان دەدەن و دەزانن دەرباز بوونیان نییەو ماوەیەکە چاودێرییان دەکەن و خۆیان فڕێدەدەنە ناو ڕووباری دیجلە و نایانەوێ بکەونە دەست پیاوانی ڕژێم.

٧- چیرۆکی ماریا کاتێ کە لەگەڵ مێردەکەی لێیان دەبێتە شەڕ و خۆی دەسووتێنێ، شەڕەکەش لەسەر منداڵ نەبوونە.

٨- چیرۆکی باوکی باویل کە چۆن کاتی خۆی حەزی لە کچێکی دراوسێیان کردووە، کچەش کچە جوولەکە بووە.

٩- چیرۆکی ڕاوە ماسی باویل بە منداڵی لە ڕووباری (بێرۆیێ).

١٠- چیرۆکی کوشتنی خانزادی خوشکی باویل بەدەستی باویل کە بەهۆی ئەم کارەساتەی دەریاوە بەردەوام دێتەوە بەر چاوی و چۆنیەتی کوشتنەکەی و یادەوەرییەکانی منداڵی لەگەڵیدا لە ناو خێزانەکەیان دەگێڕێتەوە.

١١- چیرۆکی مارەکان کە چۆن باویل لەگەڵ خەلیلی برای لەدەستیان هەڵاتووە و بەهۆی ئەم یادگارییەشەوە چیرۆکی عەولا یەکدەست دەگێڕێتەوە کە دەهاتە ماڵیان و ئەو پیاوە مار پێوەی دەداو بەم هۆیەوە دەستی دەبڕێتەوە.

١٢- چیرۆکی باویل لەگەڵ حەلیمە کە منداڵی جیرانیان بووە و ماڵیان هاوسێ بووە و حەمامەکەیان لەتەنیشت ماڵیانەوە بووەو لە درزی حەمامەوە سەیری جەستەی کردووە.

١٣- چیرۆکی دەروێشی باوکی حەلیمە لەگەڵ چەندان ڕووداوی سەربڕین و زەرگ لەخۆدان و دواییش چیرۆکی کابرایەک دەگێڕێتەوە کە سەریان بڕیوە و چاک نەبۆتەوە، چونکە لەشی پیس بووە.

١٤- چیرۆکی سەردەمی منداڵی کە تەمەنی حەوت ساڵان بووە و حەزی لە (کاڵێ)ی جیرانیان کردووە، دوایی ون دەبێ و دواتر دەزانێ کە نێرە ورچێک ڕفاندوویەتی و ئەویش بەدوایدا دەگەڕێ، ئینجا بۆ دۆزینەوە و ڕزگارکردنی دەچێتە دەرەوەی گوند و لەوێ تووشی دوو سەگی دڕ دەبێ، سەگەکەی خۆی کە ناوی (شینە)یە یارمەتی دەداو یەکێکیان دەکوژێ، ئەویش خەنجەرێک لە ملی سەگەکە دەدا، دوای یەک دوو ڕۆژ منداڵانی ئاوایی هەواڵی بۆ دێنن کە سەگەکەیان کوشتوەو تۆڵەی خۆیان لە سەگە و باویل کردۆتەوە.

١٥- چیرۆکی دڵڕەقی باوکی باویل کە چۆن لە ناو خێزانەکەیاندا سامی خۆی خستبووە سەر یەکەیەکەی خێزانەکەیان، پاشان چیرۆکی تووڕە بوونی جارێکیان دەگێڕێتەوە کە چۆن مەلۆتکەیەک لە باوەشی دایکی دەرێنێ و لە تووڕەییان فڕێی دەداتە ناو باخچەو بەرێکەوتیش نامرێ و دواییش پەشیمان دەبێتەوە.

١٦- چیرۆکی خەیاڵبازی و گەڕانەوە بۆ ڕۆژانی ڕابردوو لەگەڵ ئافرەتە سواڵکەرە فاڵچییەکە.



١٧- چیرۆکی قاچاغچیاتی جارانی باویل لەسەر سنوور و ترسی دایکی لە کوژرانی بەدەست پۆلیس.

١٨- چیرۆکی برینداربوونی خەلیلی برای باویل کە پۆلیسی لایەنێکی دوو زلهێزەکەی کوردستانەو لەکاتی گرتنی لایەنەکەی دیکە بۆ شارەکە، ئەو بەبرینداری لە دەستیان ڕادەکات و خۆی دەشارێتەوە.

١٩- دیسانەوە چیرۆکی خانزاد کە کاتی خۆی کوڕێک هاتۆتە داخوازی و نایدەنێ و پاشان ڕەدووی دەکەوێ.

٢٠- چیرۆکی شووتی دزینی باویل بە منداڵی لەگەڵ خەلیلی برای.

٢١- چیرۆکی حەز لێکردنی مەحموودی برای باویل لە بەدیعە کە کچێکی کۆڵانەکەیان بووە و باویل نامەیان لە نێواندا دەهێنێ و دەبا.

٢٢- چیرۆکی مردنی باپیرەی باویل و تۆڵە لێبوونەوەی لە ئەزیەتدانی (زولێ).

ئەمانەو چەندان چیرۆکی دیکەی لابەلا کە ڕۆماننووس خزاندوونیەتە ناو چیرۆکی سەرەکی ڕۆمانەکە کە کۆچکردنی باویلەو کارەساتی ناو بەلەمەکەیە لە ڕێگای تورکیاوە بۆ یۆنان و لەئەنجامیشدا تەنیا پێنج کەس لە سەرنشینانی بەلەمەکە ڕزگاریان دەبێت کە باویل یەکێکیانە، بەڵام کە چاو دەکاتەوە کەوتۆتە نەخۆشخانەیەک و کارەساتی ڕۆمانەکەش لەوێوە دەست پێدەکات و هەر لەوێش بە مردنی باویل کۆتایی دێت.

## تەکنیک لەم ڕۆمانەدا

* ئەم ڕۆمانە بە تەکنیکی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ نووسراوە کە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە، جار جارەش چیرۆکبێژ و پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە کە باویلە تێکەڵ یەکتر دەبن و بە ڕاناوی ئەو + من چیرۆکەکان دەگێڕدرێنەوە، باویلیش یادەوەرییەکانی خۆی بەهۆی تەکنیکی شەپۆلی هۆش و فلاش باک دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمی منداڵی و مێرد منداڵی و دەمانباتە ناو بەسەرهاتەکانی ناو بەلەمەکە، چیرۆکبێژیش کارەساتەکان دەگەڕێنێتەوە ناو خەستەخانەکە و لەم سەردەمەی کەوتنی خەستەخانەی باویل دەدوێ.

تێکەڵکردنی ڕاناوی ئەو + من کە کەسی سێیەمی تاک و کەسی یەکەمی تاکن ئەمەش بۆ گۆڕینی ئاستی گێڕانەوەیە لە چیرۆکبێژەوە بۆ پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە.

* بەکارهێنانی تەکنیکی خۆ دواندن، بۆ نموونە وەک لە لاپەڕە (٤)دا باسی بەرزبوونەوەی خۆی دەکا.
* ئەم ڕۆمانە زیاتر پشت بە تەکنیکی فلاش باک یا شەپۆلی هۆش دەبەستێ، چونکە باویل زیاتر باسی سەردەمی منداڵی خۆی دەگێڕێتەوە، بۆ ئەمەش سوود لە مۆنتاژی کات و شوێن وەردەگرێ بۆ گەڕانەوەی ڕۆماننووس بۆ کات و شوێنی دەرەوەی دەستنیشانکراوی ناو ڕۆمانەکە.
* سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی حیکایەتی فۆلکلۆری، بۆ نموونە وەک لە لاپەڕە (٦٧)دا مام ڕەحمانی حیکایەتبێژ، حیکایەت دەگێڕێتەوە. هەروەها چەندان دیمەنی دیکەی هاوشێوە.
* بەکارهێنانی تەکنیکی نامە، کە ڕۆماننووس بەهۆی ئەم نامەیەی باویل بۆ مەحموودی برای دەنێرێ، هەندێک لە بەسەرهاتی ژیانی باویل دەگێڕدرێتەوە و هەروەهاش باویل بەهۆی ئەم نامەوە یادەوەرییەکانی منداڵی خێزانەکەیان و بەتایبەتیش هی خۆی و مەحموود بۆ ئەو دەگێڕێتەوە، بەمەش کاری گێڕانەوە ئاسان دەکات و هەمیش وەک تەکنیک بەکارهێنراوە.
* بەکارهێنانی دیالۆگ کە هەندێکیان دیالۆگی ناوەوەن و لە ناو گێڕانەوە، خراونەتە ناو کەوانە، هەندێکیشیان دیالۆگی ئاسایین بەهۆی (–) داشێکەوە گفتوگۆی دوو کەس دەگێڕدرێتەوە، ئەمەش بە زمانێکی سادە و ئاسایی وەک خۆی نووسراوەتەوە وەک چۆن پاڵەوانەکانی ناو ڕۆمانەکە قسەی پێدەکەن.
* بەکارهێنانی چاپتەر کە لەم ڕۆمانەدا (٦) چاپتەرە و ژمارەشی بۆ دانراوە، کەچی هەندێک ڕۆمان هەیە بێ چاپتەر دەنووسرێ یا هەیە هەر چاپتەری ناونیشانی سەربەخۆی بۆ دادەندرێ کەچی لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننووس تەنها ژمارەی بۆ داناوە.
* بەکارهێنانی گێڕانەوەی بازنەیی، کە ڕۆمانەکە لە خەستەخانەوە دەست پێدەکات و هەر لەوێش کۆتایی دێت.

## ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە

لەم ڕۆمانەدا ڕووداوەکان وەک ڕووداوی سەرەکی لە ناو بەلەمەکە ڕوو دەدەن کە لە دەریای ئیجەوە بەرەو یۆنان دەچێ ئەویش بەهۆی بیرهاتنەوەی باویل کە لە خەستەخانەیە ڕووداوەکان بەبیر دێنەوە، بەڵام ڕووداوەکانی دیکە ڕووداوی زەینین و لە تۆمارگای



یادەوەرییەکانی باویل تۆمار بوونەو لە خەستەخانەکەوە بەدەم نەخۆشییەوە وردە وردە بە بیری دێنەوە.. ئەگەر ڕۆمانەکەش دابەش کەین بۆ ڕووداوە سەرەکییەکان دەبینین بەم شێوەیە تۆمارکراوە!

بەشی یەکەم – باویل لە خەستەخانە + ناو بەلەمەکە.

بەشی دووەم – باویل لە خەستەخانەدا.

بەشی سێیەم – باویل لە خەستەخانە – هێشتا نامەکەی نەنووسوە.

بەشی چوارەم – باویل لە خەستەخانە نامە بۆ مەحموودی برای دەنێرێ و لەم نامەدا ڕووداو و بەسەرهاتەکانی ئێستا و ڕابردووی دەگێڕێتەوە و بەبیر مەحموودی دێنێتەوە.

بەشی پێنجەم – باویل لە خەستەخانەدا.

بەشی شەشەم – باویل لە خەستەخانەدا.

لەگەڵ ئەمەش لە هەموو بەشەکاندا بەهۆی فلاش باک لە شوێنی دەستنیشانکراوی ڕۆمانەکە دەچێتە دەرەوە و بەناو دیمەنە زەینییەکانی منداڵی و مێرد منداڵی خۆیماندا دەگێڕێ و بەمەش کات و شوێنی ڕۆمانەکە فراوانتر دەکات.

## کەسایەتی ناو ڕۆمانەکە

کەسایەتی سەرەکی ناو ڕۆمانەکە (باویل)ە کە لە ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس وەک پێمان دەناسێنێ کەسایەتییەکی خۆپەرست و شەڕانگێزە، چونکە هەر لە منداڵییەوە لە ناو خێزانێکی باوکسالاریدا ژیاوە هەر لە منداڵییەوە ڕۆماننووس کردوویە بە کەسێکی بکوژ و بێ بەزەیی کە بنیادەم و ئاژەڵیشی کوشتووە و لەهەموو تاوانەکانیشی قورستر تاوانی کوشتنی (خانزاد)ی خوشکیەتی، هەمدیس دزی کردووە و بە چاوێکی دوور لە سۆز سەیری ئافرەتەکانی دەوروبەری خۆی کردووە، ئەگەر خۆشەویستی کردبێت ئەوا خۆشەویستییەکە تا سەر نەبووە، چونکە لە منداڵییەوە چەندان کەسی جیاجیای خۆشویستووە وەک کاڵێ کە سەردەمی منداڵی خۆشی ویستووە، ئینجا ماریا ئەو ئافرەتەی منداڵی نەدەبوو خۆی سووتاند و دوایی مهاباد کە لە ناو بەلەمەکە دەیبینێ و دواییش سیستەرەکە. باویل لە ناو ڕۆمانەکەدا ناوی (باویل زۆر ڕەو)ە و کەسایەتی خێزانەکەشی بە ناڕاستەوخۆ لە ڕۆمانەکەدا بەشدارن وەک: کەسایەتی باوک – دایک/ دایک و باوکی باویل. کەسایەتی خەلیل

مەحموود / براکانی باویل

هەروەها کەسایەتی سەرنشینەکانی ناو بەلەمەکە ئەوانەی کە دەستنیشان کراون و ناویان هاتووە و باس کراون وەک:

کچە مهابادییەکە، پیاوە زلەکە، ژن و منداڵێکی ساوا، پیرەمێردەکە، مێرد منداڵەکە، کاپتنەکە.

ئەمەو چەندان کەسایەتی دیکە لە ناو ڕۆمانەکەدا ناویان هاتووە و لە ناو یادگاری و یادەوەرییەکانی گێڕانەوەی سەردەمی منداڵی (باویل)دا ناویان هاتووە وەک کەسایەتی: بەهرام و جەمیلە، عەولا یەک دەست، حەلیمە، دەروێشی باوکی حەلیمە، کالێ، باپیرەی باویل، زولێ..تاد.

## • چەند وردە سەرنجێکی زمانەوانی

ڕۆمانەکە بە زمانێکی سادە و ڕەوان و بێ گرێ نووسراوە و هەموو خوێنەرێک بە ئاسانی تێی دەگات، بەڵام لە پاڵ ئەم زمانە پوختەدا ڕۆمانەکە لە هەندێک هەڵەی زمانەوانی بەدەر نییە.. سەرەتا من دەمەوێ لە ناونیشانەوە دەست پێ بکەم کە ناونیشانی ڕۆمانەکە (سەفەری مردووەکان)ە ئەگەرچی دەشتوانرێ بگوترێ (سەفەری مردووان)و وابزانم ئەمەش لەسەر زمان خۆشتر و سووکترە ئەگەرچی (ەکان)ی کۆ بۆ - ناسراو بەکاردێت و لە ڕووی زمانەوانیشەوە ڕاستە، بەڵام کورد دەڵێ (مردووان)و ئەگەر (سەفەری مردووان)یش بێت خۆشتر دێت لەسەر زمان.

لە لاپەڕە (٩٣)دا ڕۆماننووس دەڵێ «مەحموود ئێستا دڵت خۆشە، چاوەڕێی ئەوەی، لەهەر شوێنێک بم، هەواڵێکی خۆمت پێ بگەینێم، ئێستا بیر لە من دەکەیتەوە و لە دڵەوە سەد جار دەڵێیت (خۆزگە منیش لەگەڵ باویل ڕۆیشتبام) خەم مەخۆ... تاد».

ڕاستییەکەی دەبێ بڵێ لە دڵەوە سەد جار دەڵێیت، چونکە بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک قسە دەکات، هەروەها بگەیەنم ڕاستترە لە بگەینێم. ڕەنگە ئەمانە هەڵەی چاپ بن. هەر لە هەمان لاپەڕە ڕۆماننووس دەڵێ «بۆ دوایەمین جار خواحافیزیم لێ کردی، لە چاوەکانتەوە، ئەو حەزم بەدی کرد، کە تۆش لەو ڕۆژەوە..تاد».

ئەو حەزەم ڕاستترە، لەوانەشە هەڵەی چاپ بێت. هەر لە لاپەڕە (٩٣)دا دەڵێ «لە نیوە شەوێکی تاریک و تنۆکدا».. کە ڕاستەکەی (تاریک نوتەک)ە لە لاپەڕە (٩٤)دا دەڵێ «من لەززەتێکی زۆرم لەو پارەیە دەبرد».. ڕاستییەکەی لەو پارەیە وەردەگرت.



ئەمانە و چەندان وردە هەڵەی دیکە کە ڕەنگە هەندێکیان هەڵەی چاپ بن.. ئەمەش مانای وانییە ڕۆمانەکە لە ڕووی زمانەوە لاواز بێت نەخێر، بەڵکو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە خۆیان پێویستییان بەم زمانە ئاسانە هەیە، چونکە ڕۆماننووس پێش لە زماندا ئیش بکات لەم ڕۆمانەدا ئیشی لە بابەتی ڕۆمان کردووە کە هەڵگری جیهانبینی و پەیامی نووسەرەکەیە ئەویش مەسەلەی کۆچ و کۆچبەری میللەتی کوردە بۆ هەندەران و بەجێ هێشتنی وڵاتێکە کە لە ئەزەلەوە وێران کراوە و سووتێنراوە و خەڵکەکەی دەربەدەر کراوەو وای لێکراوە خاکەکەی ببێتە دۆزەخ لەبەردەم کەسانی یا خەڵکی ئەم مەملەکەتە. لێرەش کاک کاروان ئەم بابەتەی زۆر بە جوانی خستۆتە نێو کارەساتی گێڕانەوەی ڕۆمانێکەوە کە نەک هەر ئەو ڕۆمانە بگرە بەدەیان ڕۆمانی دیکەیش کارەساتەکان و گێڕانەوەکانی تەواو نابن، هیوای سەرکەوتن و بەردەوامی زیاتریش بۆ برای ڕۆماننووس دەخوازین.

پەڕاوێزەکان

١- بیرسی لوبوک: صنعة الروایة.ت: عبدالستار جواد، ص٤٦.

٢- جان ریکاردو: قضایا الروایة الحدیثة.ت: صیاح الجهیم، ص٢٤٩.

سەرچاوەکان

١- بیرسی لوبوک، صنعة الروایة.ت: عبدالستار جواد، دار الرشید للنشر تسلسل (١٠١)، المرکز العربي للطباعة و النشر/ بیروت- ط١- (١٩٨١).

٢- جان ریکارد: قضایا الروایة الحدیثة، ترجمها و علق علیها: صیاح الجهیم، منشورات وزارة الثقافة و الارشاد القومي- دمشق، مطبعة وزارة الثقافة دمشق- ط١، (١٩٧٧).

* کاروان عەبدوڵڵا، سەفەری مردووەکان، ڕۆمان، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری- هەولێر-٢٠٠٢، قەوارە مامناوەندی، ل١٢٨.

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی کەوتنە خوارەوەی گورگێک

ڕۆمانی کوردی لە دوای ڕاپەڕینەوە لە ڕووی چەندایەتی و چۆتایەتییەوە گۆڕانێکی باشی بەخۆوە دیوە و ئەم هەوڵانەش کە لەم بوارەدا تۆماری خۆیان کردووە مزگێنی پێشکەوتنی ئەم ژانرە دەدەن لە ئەدەبی کوردیماندا.. گەلێک هەوڵی نوێ و بەرچاو لە بواری ڕۆماننووسیندا، بەتایبەتیش لە دوای ڕاپەڕینەوە دەبینرێن، هەندێکیان توانیویانە لە چوارچێوەی شێواز و قاڵبی ئاسایی جاران خۆیان ڕزگار بکەن و تۆماری نوێ بخەنە ناو کتێبخانەی ڕۆمانی کوردی، هەندێک لەم هەوڵە چاکانە لەبەرچاون وەک ئەم ڕۆمانانەی خوارەوە:

(کاولاش)ی عەبدوڵڵا سەڕاج، (درز)ی کاکە مەم بۆتانی، (ئەژدیها)ی محەمەد موکری، (تەونی جاڵجاڵۆکە)ی حەکیم کاکە وەیس، (گەڕیان ل بابێ بەرزە)ی ئەنوەر محەمەد تاهیر، (خۆری تار)ی ڕەئوف حەسەن، (ئاوێنە سەرابییەکان)ی هیوا قادر، (پەڕەسێلکەکانی کۆچ)ی فەڕوخ نیعمەتپوور، (مەرگی تاقانەی دووەم) و (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی، (چناری شیر) و (شێخی داموس)ی جەبار جەمال غەریب، (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)ی شێرزاد حەسەن، (مۆسیقای مەرگی ناوەختە) و (نەفخ و وێنەکانی با)ی سەلاح جەلال، (وڵاتی تارمایی) و (میتامۆرفۆس)ی سەلاح عومەر، (ئای لە ڤیلیا لە ڤیلیا)ی کاروان عومەر کاکە سوور، (ڕێبەندان)ی تەها ئەحمەد ڕەسووڵ.. جگە لە دەیان ڕۆمانی دیکەی نوێ، بەڵام من ناوی ئەم ڕۆمانانەم هێناوە کە خۆم دیومەو خوێندووم نەتەوەو بەدەستم گەیشتووە، جیا لە ڕۆمان لە دوای ڕاپەڕینەوە ژمارەیەکی زۆری کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێتی جوان و سەرکەوتووش بەرچاو دەکەون، بەڵام من دیسان نامەوێ ناوی ئەم نۆڤلێتانە بێنم بەتەمام لە نووسینێکی دیکەدا بەتەواوی لێی بدوێم و لای لێ بکەمەوە. مەرجیش نییە ئەو ڕۆمانانەی کە من ناوم نەهێناون نموونەی بەرچاون لەم ڕۆمانە نوێیانەی مژدەی دوا ڕۆژی ڕۆمانی کوردی جوانتر دەنەخشێنن.. ئەم ڕۆمانەی (ئیسماعیل حەمە ئەمین)یش یەکێکە لەم ڕۆمانە هونەرییە نوێیانەی ئەمساڵ کە سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشێ و هەروا بە ئاسانی خۆی نادا بەدەستەوە، هەروەک چۆن



ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە خوێنەر بەناو گەشتێکی ڕۆحی و بە لەزەت بەنێو چیرۆکەکاندا دەگێڕن و پیاسەی پێ دەکەن و مێژووی ڕووداو و کەسایەتییەکانی وەبیر دێننەوە کە ڕۆماننووس لەم گەشتە ئەفسووناوییەدا لە تەشقی پڕ سیحر ئامێزی چیرۆکەکاندا مێشکی ختووکە دەدەن و مەدلوولاتی هێما و جووڵەی پاڵەوانەکانی مەرام و ڕوانین و فەلسەفەی دەقەکەیان پێ دەگەیەنێت و خەیاڵ و فانتازیای دەقەکەش ئەوەندەی دیکە یاری بە مێشکی دەکەن و جوانکاری دەبەخشن و ڤالایی ڕۆمانەکە بەرجەستە دەکەن و فراوانتری دەکەن و تێکەڵ بە بەردەوامیی نمایشکردنی ڕۆحەکان دەبنەوە و جەستەش فەلسەفەی خۆی دەگەیەنێت و چێژ و جوانی بەدەقەکە دەدەن و خوێنەر زیاتر پەلکێشی ئەفسوونی دیمەنە سەیر و سەمەرەکان دەکەن، دیمەنەکانی دنیای خەیاڵ و واقیع.. مەئلووف و نامەئلووف مەخلووقاتی زیندوو و مردوو و ڕۆحە مردووەکان و زیندووەکان مرۆڤ و ئاژەڵ و ئەجندە، بەکورتی ئەوەی لەم کەونەدا مرۆڤ بیری لێ دەکاتەوە و هەستی پێ دەکات و دەیبینێ بوونەتە بەشێک لە گێڕانەوەی ڕۆماننووس.

### چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە

لە ڕۆمانی نوێدا نووسەر لە یاساکانی گێڕانەوەی ئاسایی دوور دەکەوێتەوە و وەک جاران پەنا بۆ گێڕانەوەی یەک بەدوای یەکی چیرۆکی سەرەکیی گێڕدراوە نابات، بەڵکو لە ڕۆمانی نوێدا ئەم یەک بەدوای یەکە ئەقڵی و ئەدەبییە ڕەت دەکاتەوە ئەوەی کە لە ڕۆمانی ئاساییدا پێی دەگوترا (ڕوانینی بەلزاکی) بۆ ڕۆمان.

لە ڕۆمانی نوێدا شێوە لە بابەتی نێو ڕۆمانەکە دانابڕێت، وەک چۆن (میشیل بوتور) تەئکید لەسەر بایەخی (داهێنراوی شێوەیی) دەکات، چونکە شێوەی نوێ لە ڕۆماندا بەلای ئەوەوە دەتوانێ شتی نوێی واقیع بدۆزێتەوە.[١] بۆیەشە ئەم شێوە نوێیە شێوە گێڕانەوەشی لەگەڵ ڕۆمانی بەلزاکی جاراندا جیا جیایە وەک چۆن ئەم شێوە نوێیە ناوەڕۆکی نوێی بە دوادا دێت لەبەر ئەوەشە کە گێڕانەوەش لە ڕۆمانی نوێدا وەک شێوەی جاران تەنیا گێڕانەوەی چیرۆکێکی دیاریکراو وەسفی پاڵەوانە دیاریکراوەکانی نییە، بەڵکو تێکەڵکردنی چەندان ڕووداو و چیرۆکی جیاجیایە کە (میشیل بوتور) لە باسکردنیدا ناوی ناوە (تاقیگەی گێڕانەوە)[٢]. بۆیە ڕۆماننووسی نوێ خوێنەری خۆی ماندوو دەکات و جار جارە لە چیرۆکێکەوە دەیگوازێتەوە بۆ چیرۆکێکی دیکەو وا لە خوێنەرەکەی دەکات بوەستێ و هەڵوەستەیەک بکات و بپرسێ: ئاخۆ مەبەستی ڕۆماننووس

لە دروستکردنی ئەم دیمەن و چیرۆکە یەک بەدوای یەکانە چییە؟ چونکە دیارە لە ڕۆمانی نوێدا هیچ وشەیەک و ڕستەیەک و دیمەنێک و چیرۆکێک و دەستەواژەیەک و هێمایەک بێ ماناو لە خۆوە دروست نەکراوە، بەڵکو مانای شاراوەی نووسەر مەبەستدارە، بەڵکو ڕۆماننووس لە نووسینی دەقی ڕۆمانەکەیدا پەیامێکە کە نووسەرەکە دایدەهێنێ وەک (ئالان ڕۆی گریێ) لە کتێبی (بەرەو ڕۆمانی نوێ)دا دەڵێ: «هێزی ڕۆماننووس لە دروستکردنیەتی (اختراع)، هەروەها بەسەربەستیی خۆیەوە بێ پابەندبوون بە نموونەیەک، ئەمەشە کە ڕۆمانی نوێ جیا دەکاتەوە، ئەمەش تەئکید لە ئیرادە دەکات، تا ئەو ڕادەیەی کە دروستکردن یان داهێنان و خەیاڵ بۆتە بابەتی نووسەران». (٣)

لەم ڕۆمانەدا برای ڕۆماننووس چەندان چیرۆکی بە درێژایی کاتی ڕۆمانەکە خستۆتە ناو چیرۆکی کەسایەتییە سەرەکییەکانی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکەی کە یەکەیەکەی چیرۆکی تایەفەی سەربڕاوانە لە کێشمەکێشی بەردەوامی ئەو تایەفەیە لەگەڵ تایەفەی کەوادروویان بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندییەکانی لە ناو کێشمەکێشی دەسەڵاتی حکوومەت و شۆڕش کە هەردوو تایەفەکە بۆ بەرژەوەندی و مانەوە و سەپاندنی دەسەڵات و سەرکەوتن بەسەر ئەوی دیکەدا خۆیان لەگەڵ هەردوو دەسەڵاتەکەو حکوومەتە یەک بەدوای یەکەکاندا ڕێکخستبوو لە ناو چەندان چیرۆکی مێژوویی و کەسایەتی مێژوویی و ڕاستەقینە و خەیاڵیدا کە هەندێکیان ڕۆحە مردووەکانیان تێکەڵ بەزەمەنی ئێستا دەبن و چەندان چیرۆکی مەبەستداریان لێ دروست دەکرێت کە خۆشیی گێڕانەوەی چیرۆکی وڵاتێکە لەوەتەی دروست بووە هەر کێشە، چەرمەسەری و ناخۆشی و مردنی بۆ ڕۆڵەکانی خۆی و خەڵکی ئەو وڵاتە دروستکردووە بە جیاوازی نەتەوەو ڕەگەز و مەزهەب و تایەفە و جیاوازیی ئایدۆلۆژیا و هەموو جیاوازییەکان کە ئەو ڕووداوە مێژووییانە هەندێک جار پەردەیەکی فانتازیا ئامێزیان بەبەردا کراوەو بوونەتە بەشێک لە گێڕانەوەی ڕۆماننووس، ئەگەرچی چەندان کەسایەتیی مێژوویی هەر لەسەرەتای دروستبوونی ئەم وڵاتەدا کە بە سلیبۆ دروست کراوە و بە ئاشکراش ناویان هاتووە زۆربەشیان ڕووداو و بەسەرهاتی واقیعین، بەڵام لە گێڕانەوەی ڕۆماننووسدا بوونەتە بەشێک لە گێڕانەوەی کەسایەتییەکانی چیرۆکە زۆرەکانی ڕۆمانەکە کە لەڕاستیدا گێڕانەوەی بەرەی شەڕخوازی ڕۆمانەکەن یا بەرەی شەیتانی، بەڵام کەسانی چاک و خێرخواز لە ناو ڕۆمانەکەدا ئەگەر هەشبن یا دەکوژرێن یا شوونبزر دەکرێن یا دەگیرێن و ون دەبن یا لەژێر ئەشکەنجەدا گیان دەدەن یا گوللەباران دەکرێن یا دەبن بە شێت و ئەجندەو لەبەر چاوان دەسڕێنەوە، خەڵکی سادەی دیکەش یا



ئەو بەستەزمانانەی ناویان نەهاتووە یا لەژێر پەردەی گێڕانەوەدا لەم مەملەکەتە شەیتانییەدا دەژین ئەوا بێدەنگ ڕۆژە ڕەشەکانی خۆیان بەڕێ دەکەن و تەمەن دەیانپێچێتەوە. ئەم ڕۆمانە پڕیەتی لە چیرۆکی سەیر و سەمەرە و لە پاڵ چیرۆکی سەرەکیی ڕۆمانەکە کە چیرۆکی خێزانی سەربڕاوی گەورەیە بە یەکە یەکەیانەوە هەر لەسەربڕاوی گەورەو دوو ژنەکەی پوور لیمۆ و پوور عاس و کوڕەکانی عەزیز و شێرزاد و دڵکەسیرە و مورادی  برای سەربڕاوی گەورە و پەخشانی ئامۆزای عەزیز و شێرزاد کە کۆنە ژنی عەزیزە و دوایی کە عەزیز لە موحەممەرە دەبێتە قوربانیی جەنگی عیراق و ئێران، شوو بە شێرزادی برا گچکە دەکات و لەدواییشدا هەموو خێزانی سەربڕاوی گەورە لە ناو دەچن تەنیا شێرزاد دەمێنێتەوە، ئەمیش بە پانکەی ژوورەکەی خۆی دەخنکێنێ و لە جەهەننەمێکەوە بەرەو جەهەننەمێکی دیکە جەستەو ڕۆحی ڕادەپێچرێ.

ڕۆماننووس لە ناو ئەم زەمەنە فراوانەی ڕۆمانەکەدا کە هەر لە دروستبوونی ئەم مەم لەکەتەی عیراقەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ڕاپەڕین و لە نێو ئەم کاتە دوورو درێژەی ئەوەندە ساڵە کە چارەنووسی کورد و عەرەب و ئاشووری و تورکمان و هەموو مەزهەب و ئایینە جیاوازەکانیش لەنێو ئەم کەشتییە جەهەنەمییەدا سەدان چیرۆک و داستانی پڕ لە کوێرەوەری تێکەڵ بە گێڕانەوەی ڕۆماننووس دەبن کە هەندێکیان هێما ئامێزن و ڕوانینی ڕۆماننووس دەردەبڕن بە نیشاندانی کەسایەتیی ڕاستەقینە و خەیاڵی ئەم زەمەنە و لەنێو شوێنی جیاجیای ئەم نیشتمانەی کە چیرۆکەکانی پڕ لە تراژیدی و پڕ لە کارەساتی لێ دروست بووە، بەتایبەتیش بەغدا و سلێمانی وەک دوو شوێنی هەڵبژاردە لە چارەنووسی ئەم میللەتانەی لە نێو جەنگ و وەیشوومەی ئەم کارەساتانەدا بوونەتە چیرۆکی پڕ مەترسی و ڕۆحەکان و تارماییەکان و ئەجندە و گیاندار و خەونەکانی هەموو ئەم مرۆڤانە تێکەڵ بە شتەکان دەبن و ئەو تارماییانە و ڕۆحانە بەنێو خەوندا دێن و ڕەنگی جیاواز لە ئازاری مرۆڤە بەستەزمانەکانی ناو ڕۆمانەکە ڕەش و مۆر دەبن و خەونەکانیش لە حەزە پەمبەییەکانەوە دەگۆڕێن و مۆر و ڕەش دەبن و ڕۆحەکانیش زیندوو دەبنەوەو چیرۆکی خۆیان دەگێڕنەوە و لەگەڵ کەلوپەل و شتەکانی دیکەو هەموو هەستەوەرییەکانی دیکەدا تێکەڵ گێڕانەوەی ڕۆماننووس دەبن و پەیامێک دەبەخشن و چیرۆکەکانیش ئەگەرچی هەندێکیان پێوەندییان بە چیرۆکی سەرەکیی ڕۆمانەکەشەوە نییە، بەڵام پاڵەوانی سەرەکیی ڕۆمانەکە شێرزادە لە ناو دۆسیەی زەرد هەڵگەڕاوی شارەوانیدا بە ناچاری هەموو ئەم چیرۆکانە دەخوێنێتەوە کە هەر لە دروستبوونی ئەم دەوڵەتەی عیراقەوە وەک

ڕاپۆرت لە شارەوانیدا هەڵگیراون، ئەمەش دەرخستنی سیاسی و نیشاندانی ژیانی پڕ کوێرەوەری ئەم دەوڵەتەیە کە لە شێوەی چیرۆکی جیاجیای کەسان و ڕووداوە دیارەکانییەوە نیشانی خوێنەر دەدرێت یا مێژوویە پڕ تراژیدیاکەی دەگێڕدرێتەوە، ئەگەرچی لە ڕاستیدا ناکرێ پشت بە دۆسیە و ڕاپۆرتەکانی شارەوانی ببەسترێت بۆ دروستکردنی چیرۆکی مرۆڤی ئەو وڵاتە و نیشاندانی پڕ لە تراژیدیای چیرۆکئامێزی مەخلووقاتی ئەم مەملەکەتە پڕ لە عاجباتییە دەبوایە پشت بە دۆسیە و ڕاپۆرتی ئاسایش و سیخوڕی وەربگیرایە وەک چۆن شێرزاد خۆی ئیشی لەگەڵدا کردوون و کوژراوی دەست ئەوانی لەبن خۆڵ ناون و شوێنەکان و نهێنی یەکەیەکەی ئەو کەسانەی کە کوژراون دەزانێ، بەڵام دیارە ئەمەش جۆرێکی دیکە لە نامەئلووفی ئەمرۆ کە هەموو شتێک لە دەقدا مەرج نییە شێوەی لە ڕاستی و واقیعدا هەبێت لەنێو ئەم ڕۆمانەدا بەدرێژایی کاتی ڕۆمانەکە جیا لە چیرۆکی سەرەکیی ڕۆمانەکە کە چیرۆکی تایەفەی سەربڕاوانە لە کێشمەکێشی بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا کە خۆی لە دەسەڵاتی ڕۆحی و سیاسیدا دەنوێنێ و لە کێشمەکێشی دەگەڵ تایەفەی کەوادروویان وەک ڕۆماننووس زۆرانبازی و بەرژەوەندییەکانیان بەم شێوەیە دیاری دەکات (تایەفە لەنێوان زۆرانبازی و بەرژەوەندییەکاندا کەوادروویان خۆیان لەنێوان حکوومەت و شۆڕشدا ڕێکخستبوو..) کە دواییش لە دوای دەرخستنی ئەم هەموو بەرژەوەندی و ئینتیهازییەتە و کێشمەکێشمی بەردەوامیان لە ڕۆمانەکەدا و لە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ناو ڕووداوەکانی ڕۆمانەکە بەم شێوەیە بیرکردنەوەی لایەنەکانی کێشمەکێشە بەردەوامەکە دەردەبڕێ کە دەڵێ (سەربڕاوان پێیان وابوو زەمەنی کوشتن و شەڕە چەقۆو بڕنەو کۆتایی هاتووە، ئێستا زەمەنی پێدزەکردنە بەنێو حزبەکانی نێو حکوومەت و حزبەکانی موعارەزە..

دەبێت تایەفە لەنێو کەلێنی ئەم زۆرانبازییانەدا گەشە بکات، بەرگی کۆنی خۆی فڕێ بدات و ...تاد)(٤). ئینجا تایەفەش دەبن بە دوو بەش.. بەشێک کە خۆی لە عەزیزدا دەنوێنێ و ڕای وایە کە دەبێ تایەفە خۆی گەورەتر بکات و پەرە بەخۆی بدات، بەشەکەی دیکەشیان پێیان وابوو کە دەبێ بە حورمەتەوە بمێننەوە و تەکیە ئاوەدان بکەنەوە و دەسەڵاتی دین و سیاسەت لەدەست نەدەن.. ئەمەش دەبێتە هۆی ڕەگی پەرشبوونی تایەفە لەنێو حزبدا کە دەبنە دوو بەرەی حزبی جیاواز وەک بەشێکیان موحافزکارەکانن و دەبن بە حزبی ئیسلامی و بەشەکەی دیکەشیان کە دەستەی پاراستنی تایەفەن دەبن بەحزبی مارکسی و لینینی و نەتەوەیی.



ئەمەش وێنەکێشانی کۆمەڵی کوردەوارییە لەنیو چیرۆک و نموونەی تایەفەداو لەهەمان کاتیشدا نیشاندانی کێشمەکێش و ململانێی کۆمەڵگەی کوردەوارییە و ئەمەش هۆیەکە بۆ دروستبوونی تۆوی دووبەرەکی و ناحەزی و برا کوژی و لێکترازان و دوژمنکاریی ئەم میللەتە کە ئەمەش ناحەزان و هێزی ئاسایش و پۆلیسی حکوومەتە یەک بەدوای یەکەکان دروستیان کردووە، وەک ڕۆماننووس ئەم وێنەیەی بەجوانی لە لاپەڕە (٣٧٤)ی ڕۆمانەکەدا نیشان داوە.

ئێمەش لەنێو ئەم هەموو چیرۆکە یەک بەدوای یەکانەی نێو ڕۆمانەکەدا سەرەداوی هەندێک چیرۆک دەخوێنینەوە بۆ ئەوەی هێڵی گشتی ڕۆمانەکە بەدیار بخەین کە بەڕای من هەندێک چیرۆک تەنیا بۆ پڕ کردنەوە و درێژ کردنەوەی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بەزۆری تێهەڵکێشی ناو چیرۆکەکانی دیکە کراون و هەندێکیشیان زیاد لە پێویست درێژ کراونەتەوە و هەندێکیشیان بۆ نیشاندانی کەسایەتییە مێژووییە ڕاستییەکانی سەردەمە جیاوازەکانی ئەم دەوڵەتە کە عیراقە و لەو سەردەمانەدا ڕوویان داوە ڕۆماننووس وەک بەڵگە نامەیەکی مێژوویی و وەسفکردنی ئەم سەردەمە و بۆ پاڵپشتی کردنی گێڕانەوەکەی و دەرخستنی پەیامی مێژوویی سیاسی دەقەکە خراونەتە ناو ڕۆمانەکە و بوونەتە بەشێک لە گێڕانەوەی ڕۆماننووس و بوونەتە بەڵگەیەک بۆ گەیاندن و ڕازیکردنی خوێنەر و بۆ ئەوەی هەندێک لەم چیرۆکانە بۆ خوێنەر بگوازمەوە بەم شێوەیەی کورت دەکەمەوەو هەندێکیشیان دەبوێرم، چونکە ئەگەر ئەم هەموو چیرۆکانە بگێڕمەوە واتە من تەنیا ڕۆمانەکەم خستەڕوو، هەندێک لە چیرۆکە یەک بەدوای یەکەکانی ڕۆمانەکە ئەمانەن کە دەکرێ وەک هێما دەلالەتیش لەم ڕۆمانەدا بخوێنرێتەوە:

- کەوتنە خوارەوەی بەچکە گورگی سەربڕاوان بەنێو خەونی پەخشاندا و دواییش ڕاونانی بە گەسکی دەستی لەکاتی هەڵسانی لەخەو.

- دڵکەسیرەی پوور لیمۆ کە چارەنووسی ئەجندەیی ئێسکهاڕینی دەبێت بەدەست پۆلیسەکانی حکوومەتی تازەی عیراق لە خانێکی کەراندا.

- خەونەکانی خەلیفە حەمەی ئاشنا بە ئەجندان و هەڵاتووی شەماعییەی بەغدا بەرەو سلێمانی کە دەبێ بە مێژووی ڕۆحەکان و دوای مردنی و شەوانە لە خەونەکانی پوور لیمۆ باسی چارەنووسی خۆی دەکات.

- چیرۆکی حەسەنی هاوەڵی خەلیفە حەمە کە کاتی خۆی ئەفسەری سەردەمی

عەبدولکەریم قاسم بوو، دوای ڕووخانی زەعیم، بەعسییەکان لە سلێمانی دەیگرن و لەژێر ئەشکەنجەدا شێت دەبێ.

- چیرۆکی مێژوویی دروستبوونی عیراق و یەکەیەکە کەسایەتییە مێژووییەکانی وەک عەبدولکەریم قاسم، عەبدولڕەحمان عارف، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەدام حسێن، زەعیم سدیق- ئینجاش شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان و کەسایەتی و سەرۆکی کوردان کە ڕۆماننووس ناوی ئاشکرا نەکردووە جگە لە گێڕانەوەی چیرۆکی چەندان کەسایەتیی مێژوویی دیکە.

(سەلیم بەرەکات)یش لە ڕۆمانی (الریش)دا وێنەی کەسایەتی سەرۆکی کوردان دەکێشێ و نێوی دەنێ (الرجل الکبیر) لەنێو تێهەڵکێش کردنی ڕووداوە مێژووییەکانی میللەتی کورددا بێ ئەوەی ناوی بهێنێ کە خوێنەر کەسایەتی زۆربەی سەرکردە کوردەکانی لەنێودا دەدۆزێتەوە، کەچی ئەو کردوویە بە هێمایەک لە کێشمەکێشی ڕۆمانەکەو بە هونەرکردنی کەسایەتییەکی مێژوویی و لە هەمان کاتیشدا شێوەیەکی فانتازیایی بەو کەسایەتییە بەخشیوە، بەڵام چیرۆکەکانی لەمەڕ سەرۆک لە ڕۆمانەکەی (ئیسماعیل حەمەئەمین)دا کە خوێنەر دەیخوێنێتەوە کەسایەتیی سەرۆک لەنێو ئەم ڕووداوانەدا دەدۆزرێتەوە.

- چیرۆکەکانی ناو بەغدای پایتەخت کە لە هەموویان بەناوبانگتر چیرۆکی ئەبوتەور بوو کە بەخۆی و قاتە سپییەکەیەوە لەزەت لە کوشتنەکانی دەبینێ و بەچێژترین چیرۆکیش لەم کەسە بێتاوانانەدا کوشتنی (شەزا)ی (قەنبەر عەلی)یەو دواییش باسکردنی کەسایەتییەکانی ڕۆمانی (ڕۆژە درێژەکان) وێنەی ئەم سەردەمەی پایتەخت نیشان دەدات.

- چیرۆکی مارەکردنەوەی پەخشان لە شێرزادی برا بچووکی عەزیز لەگەڵ تێکەڵکردنی هەستی پوور عاس لەم مارەکردنەوەو ئاشکراکردنی نهێنییەکانی سەربڕاوی گەورە لە نێوان دوو ژندا پوور لیمۆو پوور عاس.

- چیرۆکی ئەو بوخچانەی کە پڕن لەو سەربڕاوانەی کاتی خۆی سەربڕاوی گەورە لە جەنگی عیراق ئێراندا بەهەردوو حکوومەتی دەفرۆشت، گوایە سەری دژە کارەکانی هەردوو ڕژێمن. پێدەچێ ناونانی تایەفە و کەسایەتیی سەربڕاوی گەورەش هەر لەوەوە هاتبێ کە بۆ پارەو دۆستایەتی دوژمنان سەری کوردی عیراقی و کودری ئێرانی و پاسداریان فرۆشتووە.



- چیرۆکی دۆسیەکانی شار لە شارەوانی هی حکوومەتە یەک بەدای یەکەکانی عیراق.

چیرۆکی شارەوانی و ڕاونانی مانگاکانی گەڕەکە هەژارەکان، ئەو مانگایانەی عەلاگەی ڕەشیان لەنێوەندی جادەکان دەجوو.

- چیرۆکی مانگرتنی ساڵی ١٩٨٢ وەک لە ڕاپۆرتێکی شارەوانیدا نووسراوە و شێرزاد دیخوێنێتەوە.

- چیرۆکی ئەو بووکەی کە خەزووری دەچێتە سەر جێگای.

- چیرۆکی فانتازیا ئامێزی مامۆستایەکی زمانی کوردی و ئاوس بوونی بە خەونی کوردایەتی و دواییش کوشتنی لەلایەن دەسەڵاتەوە بە هەنجەتی تێکدانی مێشکی منداڵان.

- چیرۆکی ئەو مێرد منداڵەی کە باسی موجاهیدی گەورەی عرووبە دەگێڕێتەوە و دەست بەسەر منداڵەکەدا دێنێ و وێنەی لەگەڵدا دەگرێ، بەیانیش هەموو ڕۆژنامەکان بڵاوی دەکەنەوە و لەگەڵ چیرۆکی ئەو ژنەی کە کێردێکی گەورەی بەدەستەوە بووە و ویستبووی سەرۆک بکوژێ، بەڵام دوایی کە دەیگرن ئاشکرای دەکات کە ویستبووی کوڕەکەی سەرببڕێ و بیکاتە قوربانی سەرۆک.

- چیرۆکی ئەو مریشک فرۆشەی کە پەڕوباڵی مریشکی لێ دەڕوێ.

- چیرۆکی مورادی برای سەربڕاوی گەورە کە لەسەر ڕیزە دوکانێک تایەفەی کەوادروویان دەیکوژن.

- چیرۆکی فەقێ ڕەیحانەو کوشتنی.

- چیرۆکی دانیال پێغەمبەر و کوشتنی.

- چیرۆکی زەعیم سدیقی حاکمی سلێمانی و زوڵم و زۆرداریییەکانی.

- چیرۆکی سۆزداری (حەبێ)ی سۆزانی لەگەڵ (ڕەفیق)ی حەماڵی مێردی کە بە بەرچاوی ئەوەوە هەوەسداران هاتوچۆی ماڵەکەی دەکەن و ئەویش لە ئوتێلێکدا دەبێتە کەرگێ و هەتیوباز و دواییش لەنێو ئاشەکەدا دەکەوێتە بن فەردەو دەیکوژن. دەگەڵ چیرۆکی ئەو شاعیرەی کە ژنەکەی خۆی جێدێڵێ و شیعر لە سۆز و عەشقی (حەبێ)دا دەهۆنێتەوەو بۆ سەرۆک شیعر دەنووسێ و دواییش ڕۆحی دەچێتە ناو ژێرزەمینەکانی ئەمن و ئیستیخبارات و هەموو تەعزیبێک دەبینێ و نیشانی دەدەن تەنانەت بەهۆی بینینی داهاتووشیەوە ڕۆماننووس داهاتووی ئەنفال دەبینێ و باسی دەکات و دەگێڕێتەوە کە لەنێو

زەمـەنی ڕۆمـانەکـەدا باسکردنە لە ئاینده و داهاتوو. ئەگـەرچی ڕەفـیق و شـاعـیـرەکـە و وێنەکێشانی هەردووکیان بۆ عـەشقی حەبێ و قبوولکردنی هەوەسبازەکان لای حەبێ و بە بەرچاوی خۆیانەوە دیمەنی چەندان ڕۆمان و چیـرۆکی دیکەی هاوشـێوەی ئەم چیرۆکـەمان بەبیـر دێننەوە وەک ڕۆمـانی (دۆسـتی لیـدی چاترلی)ی ڕۆمـاننووسی بەناوبانگ (د.ه.لۆرانس) و چیـرۆکی (مـیم)ی شـێـرزاد حـەسـەن کـە پاڵەوانەکـەی لای لۆرانس مێردێکی دەوڵەمەندی ئیفلیجە و لای شێرزادیش چیرۆکنووسێکە، بەڵام لای ئیسماعیل حـەمـەئەمین (ڕەفـیق)ی حـەمـاڵ و (شـاعـیـر)ەکـەیە و دوایـیش پەرەی بە هەڵوێـسـتی کەسایەتییەکان داوە و چیرۆکێکی دیکەی هاوشێوەی دروست کردووە لە عیشقی شێرزاد و پرشنگی کچی حەبێی سۆزانی کە شێرزاد دەیهێنێ و ماڵی بۆ دادەنێ و دوایـیش لەکاتی سکبوونیدا بەدەست عەزیزو دوو کەسی دیکە دەکوژرێ.

لێرەدا ڕۆمـاننووس هەڵوێـسـتێکی جوامـێرانەی پاڵەوانەکـەی نیـشـان داوە بەهێنانی سۆزانییەک و دوایـیش لە ناو لۆمەی کۆمەڵ و کەس و کاری دەکوژرێ و دەبێتە قوربانی قبـوولنەکردنی کـۆمەڵ. لە ڕاسـتـیـشدا من ناڵێم ڕۆماننووس ئەم دیمەنانەو بیرۆکـانەی لە لۆرانس یا شێـرزاد حەسەن یا کەسێکی دیکە وەرگرتووە، نەخێر بەڵکو ئەم ڕووداوانە لە واقـیـعی کـوردەواریدا زۆرن، بڕواش ناکـەم هیچ چیـرۆکنووسێکی کـورد هەبێ چیـرۆکی هاوشـێـوەی ئەم چیـرۆکـانەی نەنووسـیـبێ یان هەر هیچ نەبێ گـوێی لێ نەبووبێت، بەڵام بەراورد کـردنەکـەم تەنیـا بۆ ئەوە بوو کـە ئەم چیـرۆکـانە ئەوەندە زۆر باس کـراون دووبارە کردنەوەیان خۆشی بە خوێنەر نابەخشن.

– چیـرۆکی گـەڕانەوە بۆ سـەرەتای سـەربڕاوی گـەورە کـە دژی ئاغـاکـان بووەو لایەنگری هەژاران بووەو دەغڵ و دانی لە ئاغاکان سووتاندووە و بەرەنگاریان بۆتەوە.

– چیرۆکی سورخاب کە تەوزیفکردنی مێژووە لە ناو ڕۆمانەکەدا.

– چیـرۆکی کـوژرانی سـیـاگـۆڵ کـە کـوڕی شـاعـیـرەکـەیەو چیـرۆکنووسـە دوایـیش لە دەفتەرەکانی ئەودا شێرزاد چیرۆکەکان دەخوێنێتەوە.

– چیرۆکی مزگەوتی ئیمام کازم و لەشفرۆشان.

– چیرۆکی (سەرگوڵ)ی برادەری پەخشان کە بۆ شێرزادی دەگێڕێتەوە.

– چیرۆکی دکتۆر ئومێ و بەدەسـتەوەدانی سێ پێـشـمـەرگە کـە برینداریێکیـان هێنابووە عـیـادەکـەی و زمـانیـان لێ دەدا و دەگـیـرێن، دوایـیش سـەرگـوڵ بە نارنجـۆک عـیـادەکـەی



دەتەقێنێتەوە، کەچی دکتۆر بریندار دەبێ و سەرگوڵیش دەمرێ و دوایـیش دەچێتە بەغداو پلەی بەرزتر دەبێتەوە.

– چیـرۆکی سـەرەتای پێـوەندیی پەخـشـان لەگـەڵ عـەزیز کـە پەخـشـان بۆ شـێـرزادی دەگێڕێتەوە.

– چیرۆکی دڵکەسیرە و سەرگوڵ لە ناو خەونەکانی پەخشاندا.

– چیرۆکی ئافرەتە فاڵگرەکە کە دڵکەسیرە دوای دەکەوێ و ئەو ئافرەتە مێردەکەی دوای کـوژانەوەی شۆڕشی شێخ مـەحـموود چەک دادەنێت و لە نیـوەشـەوێکی پایزدا بە خەنجـەر لەنێو جێگای خۆیدا سەری دەبڕن.

– چیرۆکی پێشبینی سیحربازەکە کە چارەنووسی عەزیزی خوێندبووەوە، ڕاست دەرچوو، عەزیز ون دەبێت، بەڵام هەمیشە خەون بە گەڕانەوە دەبینێت.

– چیـرۆکی ژیانی عەزیز کـاتێ کە کۆلێژی ئاداب بەشی زمـانی ئینگلیزی تەواو دەکات، بەڵام بە مـامـۆستـایی دانامـەزرێ، بەڵکو کـارەکـانی باوکی ڕادەپەڕێنێ، ئاشە برنجەکە نوێ دەکـاتەوە، کـارگـەی بلۆکی کـارەباییەکـە پەرە پێـدەدا، کـاری کـڕین و فرۆشـتنی سـیـکـڕاب دەکـات و بەرتیل دەداو بەڵـێندەرانی خـانوو و زەوی دەکـات، قاچاغـچـیـاتی سنوورەکـانی ئێرانیش دەکات و لەشەڕی عێراق ئێرانیشدا بازرگانی بە هەمـوو شتێک دەکرد، تەنانەت بازرگانی کردن بە مرۆڤیش.

ئەمانەو چەندان چیرۆکی دیکەیش کە هەندێکیـان درێژەیان پێ دراوەو هەندێکیشـیان لە پەراوێزی چیرۆکی دیکەدا بەبیر کەسایەتییەکانی یا چیرۆکبێژی ڕۆمانەکە هاتوونەتەوە یا ئەو چیـرۆکـانەن کـە شێـرزاد لە دۆسـیـەی ڕاپۆرتە کـۆن و تۆز لێنیـشـتـووەکـانی شـارەوانی دەیانخوێنێتەوە و هەموویان گێڕانەوەی ڕۆمانەکەو بونیادی ڕۆمانەکە پێکدەهێنن. ئەمەش یەکێکە لە خاسیەتەکانی ڕۆمـانی نوێ لە گێڕانەوەدا پشت بە تەنیا چیـرۆکێک و پاڵەوانی سـەرەکی نابەسـتێ، چیـرۆکەکـان لق و پۆپیـان زۆر لێـدەبێـتـەوە و گـێـڕانەوە چڕەو هەمـوو بەسەرهات و کارەساتێکی ڕۆژانەش دەکرێتە چیرۆک و دەخرێنە ناو گێڕانەوە.

## کەسایەتی یان پاڵەوان لەم ڕۆمانەدا

لەم ڕۆمـانەدا ئەوەی زیاتـر مـاوەی بەشداریکردنی پێ دراوە تەنیـا پەخشـان و شێـرزادن کە هەردووکـیـان چیـرۆکـەکـانی ناو ڕۆمـانەکـە بۆ یەکـتـر دەگـێـڕنەوەو لەسـەرەتاوە تا کـۆتایی ڕۆمـانەکـە بەشـدارن.. بەتایبـەتی شـێـرزاد کـە بـۆتە بەشـێک لە بونیـادی گـێـڕانەوەی ناو

ڕۆمانەکە، جارێکیان بە خوێندنەوەی دۆسیەو فایلە تۆز لێنیشتووەکانی شارەوانی وەک ڕۆماننووس ئاوا وەسفی ئەم ئەرک و وەزیفەی لە ڕۆمانەکەدا لەسەر زمانی شێرزاد دەڵێ: «کلیلی دۆلابە کۆنەکانی دۆسیە زەردەکانی شارەوانیم لە گیرفان بوو ئاگاداری ئەم هەموو چیرۆکە کەڵەکەبووانە بووم کە لەژێر زەمینەکاندا سنوورەکانیان تێکەڵ بە یەکتر بوو بوو». (٥)

جارێکی دیکەشیان لە کۆتایی ڕۆمانەکە کە دەفتەرە بەجێهێشتراوەکانی شاعیرەکەو سیاگوڵی کوڕی کە ئەویش چیرۆکنووس بوو، دەخوێنێتەوە و ئەمانەش دەبن بە بەشێک لە بونیادی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و بەم هۆیەوە ڕۆماننووس درێژە بە گێڕانەوەی خۆی دەدات.

جارێکی دیش ڕۆماننووس خۆی دەبێ بە چیرۆکبێژ و باسی کەسایەتیی چیرۆکەکانی شێرزاد و پەخشان و کەسانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە دەگێڕێتەوە.. پەخشان و شێرزادیش هەردووکیان چیرۆکبێژی سەرەکین و چیرۆکەکان بۆ یەکتر دەگێڕنەوە.. جاری واش هەیە پاڵەوانەکانی دیکەیش بەشداری گێڕانەوەی چیرۆکەکان دەبن وەک گێڕانەوەی (حەبێ)بۆ (سیاگوڵ)یا گێڕانەوەی (سیاگوڵ) بۆ شێرزاد...تاد. هەندێک جاریش ڕۆحی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکە گەشتیان پێ دەکرێ شان بە شانی یا بەهۆی مەخلووقاتی دیکە کە لەم ڕۆمانەدا دنیای سیحر و ئەجندە و ڕۆحە فریوەکان و خەونە بەردەوامەکانی پاڵەوانەکانە، بۆ نموونە کەسایەتیی دڵکەسیرە کە زوو لە ڕۆمانەکە لەنێو یۆتۆپیاو فەوزای شاردا دەکوژرێ و ڕۆحی دەبێتە بەشدارێکی دیکەی گێڕانەوەو نادیارەکان دەدرکێنێ یا ئەو شتانەی ڕۆماننووس دەیەوێ لەودیو دنیا شاردراوەو پشت پەردەکانەوە بیانبینێ و بیاندرکێنێ و مەرامی گێڕانەوەش بە دەقەکەی بدات و ڕوانینی خۆی لەسەر زمانی یەکێکی دیکە بداتە خوێنەر ئەوا ئەم ڕۆڵە بە دڵکەسیرە بەخشراوە کە برای عەزیز و شێرزاد و کوڕی سەربڕاوی گەورەیە لە پوور لیمۆی دایکی سیحربازی کە ڕۆماننووس دەیکات بە چاودێرێک لەم ڕۆمانەدا، چونکە چاوەکانی لەنێو جامە ئاوەکانی سیحربازیدا هەموو شت و کارەساتەکان دەبینێ، بەڵکو داهاتووش لە چاوەکانی ئەودا دەخوێنرێتەوە هەروەک لە لاپەڕە (٣٨٤)دا داهاتووی کارەساتەکانی ئەنفالی گەرمیان لە دەرەوەی زەمەنی دیاریکراوی ئەم ڕۆمانەدا دەخوێنێتەوە. کەسایەتییە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە کەسانی تایەفەو خێزانی سەربڕاوی گەورەن و وەک (سەربڕاوی گەورە کە لەسەرەتای ڕۆمانەکە تا کۆتایی پانتاییەکی تەواوی ڕۆمانەکەی داگیرکردووە و ئەگەرچی دوای مردنیشی ڕۆحی دەبێتە جێگرەوەی خۆی و هەموو کارەساتەکانی ڕۆمانەکەش بگرە



تاوانەکانیش و زۆربەی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەش، ئەو بەشدارێکی تەواوی هەیە و دەستی تێدایە بگرە ئاگای لە ورد و درشتی هەموو ڕووداوەکانی تایفەی خۆی و خەڵکی دیکەدا هەیە بەهۆی دەسەڵاتی ئایینی و سیاسی و ڕۆڵی ئینتیهازییانەی لە مانەوەو بەدەستهێنانی دەسەڵاتدا لە ململانێی بەردەوامی لەم ڕۆمانەدا لەگەڵ تایەفەی کەوادروویان کە لەم ڕۆمانەدا تەنیا وەک تایەفە بەشداری کارەسات و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەن لە کێشمەکێشیان لەسەر دەسەڵات لەگەڵ تایەفەی سەربڕاواندا کە بەردەوام لە شەڕی دەسەڵات فراوانیدان و بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆیانن و دواییش دەست لە تایەفەی سەربڕاوان دەستێنن و متمانەی زیاتر لای دەسەڵاتی هەردوو حکوومەت و شۆڕش بەدەست دێنن، بەڵام هیچ کەسایەتییەکیان وەک کەسایەتی و ناو بەشدارنین لە گێڕانەوەدا، ئینجا کەسایەتیی مورادی برای سەربڕاوی گەورە کە لەم ململانێیەدا لەگەڵ کەوادروویان لەسەر ڕێزە دوکانێک دەکوژرێ.. ئینجا کەسایەتیی عەزیز کە کوڕی گەورەی سەربڕاوی گەورەیە و جێگای دەگرێتەوە و ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە گێڕانەوەی ڕابردوو و کەسایەتیی شەڕانگێزی و سۆزداری لەگەڵ پەخشان و ژیانی ڕابردوو و ئێستاو هاتنەوەی ناو خەونەکانی پەخشان و کێشمەکێشی لەگەڵ شێرزاد کە دوایی لە شەڕی موحەمەڕەدا دەکوژرێ و دواییش دەبێتە بەچکە گورگی خەونەکانی پەخشان و شێرزاد و وازیان لێ ناهێنێ، هەروەها کەسایەتیی شێرزاد و دڵکەسیرەی کوڕەکانی دیکەی سەربڕاوی گەورە و پەخشانی ئامۆزایان و پوور لیمۆ و پوور عاسی خێزانەکانی سەربڕاوی گەورە.. بەڵام کەسایەتییەکانی دیکەیش لەم ڕۆمانە لەنێو چیرۆک و گێڕانەوەکانی ڕۆماننووسدا تەواوکەرو بەشدارن لەم ڕۆمانەدا و کەم تا زۆر تیشکیان خراوەتە سەر وەک کەسایەتیی فەقێ ڕەیحانە و دانیال پێغەمبەر و مەلا موهتەدی کە نوێنەرایەتی دەسەڵاتی ئایین دەکەن لە ناو ئەم ڕۆمانەداو بەدەستی پیاوانی دەسەڵاتەوە دەکوژرێن. هەروەها چەندان کەسایەتیی مێژوویی دیکە کە لە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکاندا بەشدارن و ڕوانینی ڕۆماننووس دەردەخەن و هەندێکیان بوونەتە نوێنەری سەردەمی خۆیان لە تراژیدیای چیرۆکەکانی ئەم کاتانەدا وەک عەبدولکەریم قاسم، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکرو سەدام حوسێن، عەبدولڕەحمان عارف، زەعیم سدیق، شێخ مەحموودی حەفید، هەروەها کەسایەتیی سەرۆکی شۆڕشی ئازادیخوازی کوردیش کە ناوی نەهاتووە، بەڵکو تەنیا بە سەرۆک ناوزەد کراوەو بەشدارێکی گرنگی ناو ڕووداوەکانە، بەتایبەتی لە ڕۆڵی مێژوویی و سیاسیداو لە کێشمەکێشی هەردوو دەسەڵاتی شۆڕش و حکوومەت و نیشاندانی

کارەساتەکانی و وەک نیشاندانی دەسەڵاتی نەتەوەیی لەنێو ڕۆمانەکەدا. هەروەها بەشداریکردنی چەندان کەسایەتیی دیکە لەنێو پانتایی ڕۆمانەکەدا کە چیرۆکەکانیان دەگێڕێتەوەو نوێنەرایەتی زەمەنێکن لە مێژووی شاری سلێمانی و بەغدا وەک ئەبو تەبر، شەزا، فایەقە شێت، حەبیبە (حەبێ)ی سۆزانی، (ڕەفیق)ی حەماڵ مێردی حەبێ، شاعیرەکە، (پڕشنگ)ی کچی حەبێ، (سیاگوڵ) چیرۆکنووس و کوڕی شاعیرەکە، مەلا موهتەدی، کۆتربازەکان، مریشک فرۆشەکان، عەلافەکان، حەماڵەکان، هەموو ئەو کەسایەتییانەی دیکە کە لەم ڕۆمانەدا بەخێرایی وەک کۆمبارسێک دێت و تێدەپەڕێ. جگە لە کەسانی ناو ڕۆمانەکە ئاژەڵ و گیانداریش لەنێو پانتایی ڕۆمانەکەدا ڕۆڵی خۆیان دەبینن و شان بەشانی کەسەکان بایەخیان پێ دراوەو جووڵانەوەو نمایشی خۆیان دەکەن، وەک گورگ و بەچکە گورگ و سەگ و ئەژدیها و کەرو مانگاو وڵاغ و کۆتر و مریشک و... تاد. وەک کۆترەکانی سەر مزگەوتی کاک ئەحمەدی شێخ و ئەو مانگایانەی بەناو شەقامەکاندا عەلاگەی ڕەشیان دەجوی و دواییش بۆ کەشفکردنی کەمین سوودی لێ دەبینرا. هەروەها کەلوپەلی دیکەش لەنێو ئەم ڕۆمانەدا وەک فەلسەفەی کەلوپەل و هێماو بەخشینی دەلالەت سوودی لێ بینراوە، بۆ نموونە ئەو تارماییيانەی بەناو پەردەکاندا دێن و دەچن و ئەو کەسانەی ڕۆحەکانیان بەناو پەردەکاندا دێت و دەچێ و دواندنی وێنەکانە وەک ڕۆماننووس ئەم دێڕەی کردووە بە کلیلی کردنەوەی ڕۆمانەکەی کە دەڵێ: (بەنێو پەردەکاندا دەهاتن و دەچوون.. دەیانەویست بگەڕێنەوە بۆ نێو خۆیان) کە ئەو پەردانە نهێنییەکان هەڵدەدەنەوە و تارماییيەکان بەناویدا دێن و دەچن وەک شاشەیەکی سینەما وایە دەتوانرێ نامەئلووف و نەبینراوەکان لە ناویدا ببینرێت و جوانکاریش بە گێڕانەوە بدات و ئەوەی ڕۆماننووسیش دەیەوێت بەناو ئەو پەردانەدا بیانجووڵێنێتەوەو فەلسەفەو جیهانبینی و ڕوانینی دەق بەدیار بخات، ئەمەش (ئالان ڕۆب گرێ) زۆر بە جوانی لە ڕۆمانی (الغيره)دا بەکاری هێناوە، کاتێ تارماییيەکان دەکات بە بەشدارێکی یا کەسایەتیی ڕۆمانەکەی و بەنێو پەردەکاندا دەیانهێنێ و دەیانبات و بەشدارێکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەکەن، کاتی خۆشی ئەم ڕۆمانە کە بە ناونیشانی (ستائر النوافذ الخارجية) لە گۆڤاری (الاقلام)دا بڵاوکرایەوە زیاتر بەرجەستەی ئەم دەربڕینە و ڕوانینەی ڕۆماننووسی نیشان دەدا، بەڵام دوایی کە بە چاپێکی دیکە لەشێوەی کتێب بڵاوکرایەوە ناونیشانەکەی کرا بە (الغيرة). هەروەها بەکارهێنانی دەرگاو پەنجەرە و ژوورو سەربازگەو گوڵدان و مێز و کورسی و چەرچەف و چەقۆ و کێرد و قەرەوێڵە و هەموو کەلوپەل و شتەکانی دیکەش



بەشدارن یان لەگەڵ کەسایەتیی و پاڵەوانەکانەوە گرێدراون، بۆ نموونە ئەم دار هەنجیرە لەم ڕۆمانەدا ئامادەیی هەیە و هەموو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لە ژێریدا ڕوودەدەن و وەک چاودێرێک و دارێکی پیرۆز هەموو شتەکان دەبینێ و ڕووداوەکان تۆمار دەکات. ئەمەو دەیان کەلوپەل و شتی دیکە کە تێکەڵی کەسایەتیەکان دەبن و پێی دەناسرێنەوە، بۆ نموونە گرێدانی فەقێ ڕەیحانە بە گوڵە ڕەیحانەکانی ناو تەنەکەو گرێدانی کەسێکی دیکە بەتەنەکەی زبڵ و خەونی پاڵەوانێکی دیکە بە گورگێک خۆی لەخۆیدا بایەخدانی ڕۆمانی نوێیە بە کەلوپەل و کەرەستە و شتومەک و بەشداریکردنی لە گێڕانەوەو پابەندبوونی بە دەربڕینی نووسەرەوە وەک میشیل بوتور لە کتێبی (بحوث في الرواية الجديدة)دا دەڵێ (لە ڕووی مێژووییيەوە شتومەک بەمێژووی کەسانەوە گرێدراوە، چونکە مرۆڤ بۆخۆی یەکەیەک پێکهێنانی بەتەنیا، کەسەکەو کەسی ڕۆمان و ئێمەش خۆمان بەتەنیا تاکێک نین تەنیا جەستەیەک بین، بەڵکو جەستەیەکین بە جلوبەرگ داپۆشراوین، مرۆڤی ڕاستەقینە لە جەستە و شتەکان پێکهاتووە..).

## پانتایی مێژوو لەم ڕۆمانەدا

ڕۆماننووس لە پانتایی ڕۆمانەکەیدا کات و شوێنی فراوان داگیر دەکات و ڤالآیی ڕۆمانەکە بەرفرراوان دەکات و هەموو شوێن و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتە دەگرێتەوە کە عیراق و مێژووی کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و ئایین و مەزهەبە جیاوازەکانی تێدا لە ناو ئەم کەشتییەدا ژیانی پڕ لە کوێرەوەری بەسەر دەبەن، هەر لە زەمەنی پێش دروست بوونی ئەم وڵاتە تا ڕاپەڕینی کوردان کە چارەنووسی میللەتی ئێمەش پابەند بووینەو مرۆڤی کورد نەیتوانیوە لم مێژووە ڕزگاری بێت، بۆیەش ئەم گورگانەی ناخی پاڵەوانی ڕۆمانەکە مرۆڤی ئەم وڵاتە هەمیشە لە ترس و دڵەڕاوکێ و دوودڵی و ئازار و کوشتن و چەرمەسەریدان و بەدەست ئەم مێژووە پڕ ستەمەوە کارەساتەکان هەموو جەرگبڕن و چارەنووسی مرۆڤە پاک و بەستەزمانەکانیش هەمیشە کوشتن و فەوتان بووە و شەیتانەکانیش لە کێشمەکێشی دەسەڵاتدا هەمیشە بردراوەو ئەوانی دیکەش بەهێواشی تەمەنی خۆیان لەژێر ئەم مێژووە پڕ ستەمە بەڕێ دەکەن و هەمیشە مێژووی ئەم وڵاتە بەدەست ئەم گورگانەوە خەونی پاڵەوانی کەسانی ناو ڕۆمانەکە هەڵدەبزڕکێنن و کەسانی وڵاتەکەمان هەراسان دەکەن و ناهێڵن لەبەر دەستی کێشمەکێشی تایەفەدا ئاسوودە دەبن کە هەموو کارەساتە شوومەکانیش لە دایکبووی ئەم کێشمەکێشەن کە شەڕی دەسەڵات و

بەرژەوەندییەکانە، بۆیە براکان خەنجەری ژەهراوی لێکتر هەڵدەکێشن و هەرکەسە زیاتر خزمەتی بێگانە دەکات بۆ بردنەوەو مل پانکردنەوە و لەناوبردنی ئەوی دیکەو لەناوبردنی جەستەیی. ئەم مێژووە لەنێو پانتایی ئەم ڕۆمانەدا ئامادەیی بەردەوامی هەیەو تێکەڵی هەموو ڕووداوەکان دەبن، بەڵکو ڕووداو و کارەساتە تراژیدیاکان بەشێکن لەم مێژووە کە هەموو دەبن بەم چیرۆکانەی (ئیسماعیل حەمە ئەمین) کردوونی بە چنینی ڕووداوە یەک بەدوای یەکەکانی عیراق کە وێنەی لە پایتەختەکەیدا دەکێشی و کوردستانیش لە کێشمەکێشی حکوومەت و شۆڕشدا کە لە حکوومەتە یەک بەدوای یەکەکانەوە دەستی پێ کردووە و ڕۆماننووس وێنەی لە شاری سلێمانیدا دەبینێ. هەندێک لەم ڕووداوە یا لەم چیرۆکە یا لەم کەسایەتییە مێژووییانە لەم ڕۆمانەدا بەم شێوەیە دەخوێنرێنەوە:

– «زۆر جاران ڕێکدەکەوت ڕۆحێکی بەد بەهەڵە دەهاتە نوێیان و لەنێو باخچەکەدا تەراتێنی دەکرد، ئەوانی دیکەی هەڵدەخەڵەتاند بەوەی عیراق لە بیستەکاندا دروست نەبووەو بەزۆرەملێ کوردو عەرەبیان نەتواندۆتەوە لەنێویدا وەکو بەڵگەنامەکانی سیڤەر جەختی لەسەر دەکەن، نەخێر، ئەوانە دەیانگوت هەر لە کۆنەوە، پێش پەیدابوونی ئینس و زیندووی بەجەستە لەسەر ئەم زەوییە، کاتێک نە کورد هەبووە نە عەرەب تەنیا ئەجندەی پاک هەبووە لەنێو سنووری وڵاتێکدا کە نێوی وڵاتی ئاشوورییەکان بووە، زەوییەکی ڕۆحەکانی خواوەند بووە، زەوی شارستانییەکانی بووە، زەوییەک بووە، لە میهرەکانی خواوەند لە پاش بیرکردنەوەیەکی خودایی ڕۆحەکان جەستەیان لەلایەن فریشتەکانی ڕەحمانەوە بۆ نێردرا بۆ ئەوەی ئەم زەوییە بکەن بە زەوی ئینس و بەختەوەرییەکان درێژە پێی بدەن. لەم زەوییە و لە کاتێکدا ڕۆحەکان خراونەتە نێو جەستەکانەوە و لەسەر پانتایی جوگرافی عیراقی خواوەند بەش کراون، نە ڕۆحێک هەبووە ناوی کوردی لێنرابێ، نە جەستەیەک هەبووە لەنێو ئینسدا کوردی ناو بێت، ئەوانە لە دواییشدا شەیتان بەهێزە شێردراوەکانی وەک فریشتەیەکی خودایی ئەو ڕۆحە شەڕانگێز و خائینانەی خەڵق کردو ناوی لێنان کورد...»(٧).

– «مێژووی حکوومەت و مێژووی شۆڕش جیاوازییان نییە مادامەکی هەردووکیان مێژووی خێڵن»(٨).

– «هەڵەکانی دەسەڵاتی فیوداڵ کە بۆگەن دەبێ، سەرۆکیش نازانێ کێ کێ دەکوژێ، کێ کێ ئازاد دەکات، هەموو شتێک دەسووتێنێ..»(٩).



– «عیراق بۆگەن بوو لە ناو خێڵ و مەزهەبەکاندا دەسووتێ..»(١٠).

– «زەمەنی سەربڕاوی گەورە بەسەردەچێ، حەبێ بەسەربڕاوی گەورە دەڵێ زەمەنی ئێمە بەسەرچوو.. زەمەنی سەربڕاوی گەورە وردە وردە لەنێو لەبیرچوونەوەدا پووکایەوە.. جەنگی عیراق ئێران ئەو زۆرانبازییەی یەکلا کردەوە...»(١١).

– «من زۆر شتم لەنێو ئاوێنەکاندا بینیبوو، زۆر مێژووی ئەم سلێمانییە نەعلەتییەم لەنیو جامە ئاوەکاندا بینی بە مووڕووی شینی قەدەرەکانی ئاوریشمی نادیاری ڕۆژەکانی داهاتووی نێو خوێنی براکان هەڵواسیبوو..»(١٢).

ئەم نموونانەم بۆ ئەوە هێنایەوە دەنا کەسایەتییە سیاسی و مێژووییەکانی دیکەش چیرۆکی خۆیان هەیەو وەک هەڵوێستی سیاسی ڕۆماننووسیش باس کراون و دەربڕی ڕوانینی ڕۆماننووسە لەبەرامبەر مێژوو و مرۆڤی کورددا، چونکە ئەرکی ڕۆمانی نوێ وەک (ئالان ڕۆب گریێ) دەڵێ: «ڕۆمانی نوێ تەنیا بایەخ بە مرۆڤ و هەڵوێستی دەدات لە دنیادا.. تا ئەگەر بابەتی وەسفکراویشی زۆر تێدا بوو و بە وردیش چنرابوون، ئەوا هەمیشە ئەو ڕوانینە هەیە کە دەبینێ و ئەم هزرە هەیە کە تێڕامان دەکات و ئەم خۆشەویستییەش کە بۆی دەچێت. بابەتی ڕۆمانەکانمان لە دەرەوەی درکپێکردنە هەستییە مرۆڤایەتییەکانەوە هیچ ئامادەییەکی نییە جا ئەگەر واقیعی یا خەیاڵی بێت»(١٣). بۆیە ڕۆمان بەلای (ئالان ڕۆب گریێ)وە وەک (دکتۆر لویس عوض) دەڵێ: «تەنیا (جەستە) و (دیاریکراوەکان)نین، بەڵکو لە گۆشە نیگای ڕوانینەوە بیر لە چیرۆکبێژ و داهاتوو دەکرێتەوە بۆ سەرنجدان لە جیهانی دەرەوە کە ئەمەش مرۆڤە»(١٤).

ئەم ڕۆمانەش (کەوتنە خوارەوەی گورکێک)ی برای نوێخواز ئیسماعیل حەمە ئەمین من بە ڕۆمانی ڕوانینی (الرؤية) دادەنێم کە بەم دواییە بایەخی زۆری پێی دراوە و چەندان ڕۆماننووسی وەک (ئالان ڕۆب گریێ، کلۆد سیمۆن، میشیل بوتور، ناتالی ساروت، ڕۆبێر بانجیە، مارگرێت دۆرا، هی دیکەش).. کۆت و بەندی گێڕانەوەی ئاساییان پچڕاندو شۆڕشیان بەسەر دوو قوتابخانەدا کرد، قوتابخانەی دەروونی – شەپۆلی هۆش و قوتابخانەی ئاسایی جاران یان کە هەندێک ڕەخنەگر پێی دەڵێن قوتابخانەی بەلزاکی. ئەم شۆڕشە لە ڕۆماندا داوای ئەوە دەکەن کە بابەتی هونەر لە خودەوە نییە، بەڵکو لە بابەتەکەیدایە، هیوادارین ڕۆمانی کوردیش زیاتر هەنگاوی نوێبوونەوە بنێ و پەیڕەوی قوتابخانە نوێکان بکات و لەشێوەی ئاسایی جارانەوە بەرەو شێوازی نوێ هەنگاو بنێ و خوێنەری زیرەک ماندوو بکات و بەشداری دەقەکەی بکات.

## ناونیشان له گوتاری مانادا

هەر لە ناونیشـانی ڕۆمانەکـەوە خوێنەر سـەرنجی بۆ ئەم گـورگـە ڕادەکـێشرێ کـە دەبێ مەبەستی ڕۆماننووس چی بێت؟.. ئاخۆ ئەم گیانداره دڕندەیە هێمایە بۆ کەسێکی ناو ڕۆمانەکە یانیش گورگێک وەک کەسایەتیی پاڵەوانی ڕۆمانەکە وەک بنیادەم ڕۆڵی پێ بەخشراوه؟.. ڕۆماننووس هەر لە یەکەم دێڕو لە دەستپێکی ڕۆمانەکەدا بەچکە گورگێک دەکاتە سێوێکی هەناسە سواری سەرما وەرز و دەیخاتە ناو خەونی پەخشانی حاجی کەریمی ئەحە سەربڕاوی خانە خوێ و بەهەناسەیەکی دڕندەوە دەکەوێتە لستنەوەی بنەپێی ئەو بێوەژنە! ئەو دڕندەیە بە پەخشان ئاشنایەو نامۆ نییە بۆیە لەگەڵ بەئاگا هاتنەوەی بەچکە گورگەکە بە گەسک ڕاودەنێ و دەیگەڕێنێتەوە بۆ لانەکانی خەون بینین.. کەواتە لێرە بۆمان دەردەکەوێ ئەم بەچکە گورگە شێوەی یا تارمایی کەسێکی دڕندەیە بەگیانی پەخشان و لە خەونەکانیدا وازی لێ ناهێنێ.. بەڵام دوایی لە ناو گێڕانەوەی ڕووداو و چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە و لە گێڕانەوەی چیرۆک و بەسەرهاتەکانی شێرزاددا کاتێ باسی کێشمەکێشی خۆی و عەزیزی برای دەکات و هەر لەو کاتەوە کە کەسایەتییەکانی دیکەش وەک ڕەفیق و حەبێ و فەقێ ڕەیحانە و سیاگوڵ دێنە ناو گێڕانەوەکانی زیاتر ڕاستییەکانی تایەفەی نەعلەتی خۆیانی بۆ دەردەکەوێ لەنێو ئەو شکۆیەی کە لەحەوشەی ماڵەکەیاندا کە ماڵی سەربڕاوی گەورەیە کە کوژراوەتەوە و لەنێو ئەم ڕق وکینەی ئەم خێزان و تایەفە شەیتانییەدا درێژە بەوێنەی خۆی دەدا، لەوێ ئەم ڕاستییانە لە بیرکردنەوە و خەونی شێرزاددا دەبن بە «ئەو گورگەی بەردەوام لە کەوتنە خوارەوەیدایە بۆ نێومان، ئەو گورگەی لە کەوتنە خوارەوەیدا هیچ گۆشتێکی نەرم نادۆزێتەوە قەپاڵی لێبگرێت جگە لە گۆشتی خەونەکانمان نەبێت، هیچ بیرەوەرییەک نادۆزێتەوە بۆ ئەوەی میزی ژەهراوی خۆی پێدا بکات جگە لە بیرەوەرییە شەرمنەکانمان نەبێت کە لەنێو زایەندەو ئەشقێکی پڕ چەپاندن و ترسدا، لەنێو بوخچە فڕیوەکاندا شێردوومانەتەوە، هیچ شەوێک نادۆزێتەوە تێیدا بلوورێنێ ئەو شەوانە نەبێت من دەمەوێت لەنێو ئەم سەرپۆشانەدا، بەنێو ژێر کراسە تەنک و مەمکە ئەسمەر و بۆن ئارەقەی بنەباڵیدا گەشت بکەم...»[١٥].

ئینجا لە نێو گەرمەی گێڕانەوەو فانتازیای ڕۆمانەکەدا ڕۆماننووس خۆی ئاشکرای دەکات کە مەبەست لەو گورگە عەزیزی برا گەورەیەتی، چونکە دیارە وەک خێزانی ئەوی مارەکردۆتەوەو لە دوای ئەو بۆنی پەخشانی ئەوی کردووە ئەوا لە منداڵییەوە وەک



گورکێکی دڕندە سامی خۆی بەسەریدا هێناوەو پەلاماری داوە وەک دەڵێ: «شێرزاد باسی عەزیزی بۆ کرد، باسی ئەوەی بۆ کردووە کە هەر لە منداڵییەوە عەزیز فێرە ئەوە بوو شێرزاد بەر لەقە و شەق بدات، ئەو گورگێک بوو پەلاماری هەموو شتێکی دەدا نێوی ژیانە، ملی چۆلەکەی هەڵدەکێشا، کۆتری کوکوختی کە هیچ منداڵێکی گەڕەک لەبەر پیرۆزیی زاتیان نەدەکرد بیکوژن، ئەو بە دار لاستیک لەسەر دار چنارە بەرزەکان هەڵیدەداتە خوارەوەو......»[١٦].

ئەم گورگەی تایەفەی سەربڕاوان تێکەڵ دڕندەیی و کارەساتی ڕۆمانەکە دەبن و نیشتیمان بە بۆنی دڕندەیی خۆیان دەنەخشێنن، ئەوەتا لە ناو تەماشاکانی دڵکەسیرەدا ڕۆماننووس دڕندەییان بەم شێوەیە باس دەکات «دڵکەسیرە ئەو دەموچاوانەی کە لە سەرانسەری نیشتماندا خۆیان دووبارە دەکەنەوە، ئەوانە ئەو جاشانە بوون ژنەکەیان لە بەرچاوی منداڵەکانیدا سووتان، ئەوانە ئەو پیاوانە بوون لە کۆڵانەکانی چەمچەماڵ تەقەیان لەو بێباکە کردو لەسەر شۆستەکە بە دەستی ڕاستیان کەللەیان هەڵگرت، ئەوانە پیاوەکانی تایەفەی سەربڕاوان بوون لە سەرانسەری نیشتیماندا لە بەهاری کۆنەقین و خوێن و خیانەتدا، لەژێر نەرمەبارانی گورگە زێدا، بێشومار وەک گورگ دەزان و نیشتیمانیان بە بۆنی دڕندەیی بەچکە گورگەکانی خۆیان دەنەخشاند»[١٧].

کەواتە تایەفەی سەربڕاوان لەم ڕۆمانەدا هەموویان بەچکە گورگی نەوەی گورگی گەورەی سەربڕاوی گەورەن کە لەم ڕۆمانەدا دەکوژن و دەبڕن و خیانەت دەکەن و بە بۆن و قەپاڵ و زمان و هەموو شێوازێک کارەساتە ژەهراوییەکانی ناو ڕۆمانەکە دروست دەکەن و هەموو ڕووداوە تراژیدیاکانی ئەم میللەتە بە بۆنی پیسی خۆیان دەخەنە ناو بەرژەوەندی و مانەوەی دەسەڵاتی دڕندەیی خۆیان کە هەم دەسەڵاتی ئایینەو هەمیش دەسەڵاتی سیاسییەو هەموو ڕووداو و دیمەنە ترسناک و کارەساتەکانی ناو ئەم ڕۆمانە لەم تایەفەوە دروست دەبێت کە هێمای شەڕخوازی و شەڕانی و شەیتانین و کۆمەڵی کوردەواریمان دەخەنە ناو ترس و شەڕ و ئاژاوە و ئازاردان و ناهێڵن تەنانەت لە خەونەکانی کەسانی ئەم کۆمەڵەشدا پشوو بدەن، بەڵکو شار و مەملەکەت دەکەن بەمەملەکەتی مردووان، ئەوانەی زیندووشن شەوانە دێنە ناخیانەوە و دەلوورێنن و ناهێڵن بە ئارامی بنوون وەک لە دەفتەری بەرباخەڵی شاعیر لە دەفتەری بەرباخەتی نووسیوە «شاری گورگە کەوتنە خوارەوەکان.. گورگی ناخمان.. شاری کوشتن و تاڵان و تەعەداکردن.. وڵاتی تراژیدیا لەسەر جادەکانی کەوتووە.. شار و مەملەکەتی مردووان»[١٨].

یان وەک شاعیر لەم ڕۆمانەدا لە دەفتەری بەرباخەڵی نووسیوە کۆتایی کۆتایی نایەت. کەواتە ئەو بەچکە گورگانە نەک هەردێنە نێو خەونی پەخشان و شێرزاد کە گورگەکە هەر خۆیانن، بەڵکو بەربوونەتە گیانی شارێک و بەڵکو مەملەکەتێک بەتەواوی لەژێر دەستی ڕەشی ئەواندا خەونە خۆشەکانی لێ تێکچووە، بۆیە دەبێ بیر لە لەناوبردنی ئەو گورگە بکەنەوە کە خەونە خۆشەکانی لێ هەڵبزڕکاندوون.

ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی ڕوانینە، بۆیە نەک هەر هێمای گورگ و بەچکە گورگەکان، بەڵکو دەیان هێما و دەستەواژە و هزر و فەلسەفە و دەربڕین و تێڕوانین و جیهانبینی نووسەر لەنێو ئەم ڕۆمانە کراون و خوێنەر بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشنە ناو ئەم جیهانە پڕ لە سیحر و ئەفسووناوییەی ناو کەوتنە خوارەوەی گورگەکان، بەڵکو ئەم ڕۆمانە وەک دەقێکی نوێ و زیندوو هێشتاکە پێویستی بە تێڕامان و لێبووردنەوە و شیکردنەوە و پشکنین و لێکدانەوەی هێما و دەلالەتەکان هەیەو منیش هەر ئەوەندەم دەرفەت هەبوو، داوای دەستخۆشی و بەردەوامی لە برای ڕۆماننووس دەکەم.. هیوادارم ڕۆمانی کوردی بەردەوام لە پەرەسەندن و نوێبوونەوەدا بێت..

پەراوێزەکان:

(١) نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة/ ج١، ص٥٤.

(٢) هەمان سەرچاوە و هەمان لاپەڕە.

(٣) الآن روب جريية، نحو رواية جديدة، ص٣٩.

(٤) ئیسماعیل حەمە ئەمین، کەوتنە خوارەوەی گورگێک، ل٣٧٣.

(٥) ئیسماعیل حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠١.

(٦) میشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ص٥٥.

(٧) ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٦٧.

(٨) ئیسماعیل حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٤.

(٩) ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٢٣٦.

(١٠) ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٣٣٩.

(١١) ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٣٧٥.

(١٢) ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٣٦١.

(١٣) نهاد التكرلي، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨.

(١٤) میشال بوتور، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.



(١٥) ئیسماعیل حەمە ئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣.

(١٦) ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٢٧٢.

(١٧) ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٣٨٥.

(١٨) ئیسماعیل حەمە ئەمین، هەمان سەرچاوە، ل٢٤٧.

سەرچاوەکان

(١) نهاد التكرلي، الرواية الفرنسية الجديدة، الجزء الاول، سلسلة الموسوعة الصغيرة (١٦٦)، مطبعة دار الحرية للطباعة بغداد، ١٩٨٥.

(٢) ميشال بوتور، بحوث في الرواية الجديدة، ترجمة فريد انطونيوس، منشورات دار عويدات بيروت – الطبعة الثالثة ١٩٨٦.

(٣) الآن روب جريية، نحو رواية جديدة، ترجمة مصطفى ابراهيم مصطفى، دار المعارف بمصر، سنة الطبع بلا.

# خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی ڕێبەندان

ڕێبەندان، یەکەم ڕۆمانی چاپکراوی برای چیرۆکنووسم کاک (تەها ئەحمەد ڕەسووڵ)ە کە ئەمساڵ لە سلێمانی چاپ کراوە. ڕۆمانەکە لە (٣٠٢) لاپەڕەی قەوارە گەورەدایە و نەخشەی بەرگەکەشی لەلایەن برای ڕۆماننووسەوە کێشراوە. پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە ئەمانەن:

* مەحموود.. کە باوکی گوڵەیە و برای حەمە سەعیدە، بایەقووشەکان لە گوندەکەی هەڵی دەقەنن و دواییش لە شار نەخۆش دەکەوێ و بەهۆی دەربەدەری و سەرماو سۆڵەی ئەوانەوەو دوور لە ئاوایییەکەی سەردەنێتەوە.

* حەمە سەعید.. برای مەحموودە و کاتی خۆی گوندەکەی بەجێ هێشتووەو هاتووەتە شارو بەهۆی قومارچیاتییەوە و فڕوفێڵەوە، دەوڵەمەند بووەو کاتی خۆشی لە ڕقی بابی، گوندی بەجێ هێشتووە، چونکە ئەو وەختی خۆی حەزی لە ژنی مەحموود دەکرد، بەڵام باوکی ژنەکە بۆ مەحموود دێنێ.. ئیتر کە مەحموود و دایکی و گوڵە لە گوندەوە لە ترسی بایەقووشەکان کۆچڕەو دەکەن، دێنە ماڵی ئەو، پێی ناخۆش دەبێ و خۆی و ژنەکەی ڕوویان نادەنێ تا ماڵەکەی بەجێ دەهێڵن و دەچنە ماڵی عەولای کۆنە دراوسێی گوندەکەیان.

* گوڵە کچی مەحموودە و ناوی خۆی گوڵزارە، بەڵام پێی دەڵێین گوڵە.. لەم ڕۆمانەدا لە جێگای بابی کووزەڵە دەفرۆشێ و لە کوڕەوەکەدا خۆڕاگر بووە، شانازی بەوە دەکا کە باوکی لێی ڕازی بێت، هەموو خۆزگەو ئاواتەکانیشی لەم ڕۆمانەدا ئەمانەن:

١- چووزەڵەکانی بفرۆشرێن و بگەڕێتەوە لای باوکی نەخۆشی و پارەکەی لە دەست نێ و بابی شانازی پێوە بکات.

٢- باوکی نەخۆشی چاک بێتەوە، چونکە لە دنیادا تەنیا ڕۆشناییەکی ئەوی شک دەبرد. ئامادەش بوو، پارەی کووزەڵەکانی بداتێ و لە دختۆریان بدات، تەنیا ئەو چاک بێتەوە، هەمیشە دەیگوت: خوایە باوکمان بۆ چاکەیتەوە..

٣- مام فەرەجی برادەری باوکی، سەرێکی لە باوکی بدابووایە و کووزەڵە و پونگەی بۆ هێنابا، یان باوکی چاک بایەوە و دەگەڵ خۆی بردبای بۆ چۆمەکە و جارێکی دیکە،



ژیانیان بە چاکی بسووڕابایەوە.

٤- باوکی قەرزەکانی بدابایەوە و کرێی خانووەکەی وەگیر کەوتبا.

٥- جارێکی دیکە بگەڕابووانەوە گوندەکەیان و بایەقووشەکانیش لە ناو چوونایە، چونکە ئەوان بوون بەهۆی دەربەدەرییان.

* داپیرە: دایکی مەحموود و حەمە سەعید-ە پیرەژنێکی کۆڵنەدەر و لە خوا ترس و دنیادیدە و دڵ پڕ لە هیوا و قایم، هەموو هیواو ئاواتەکانی ئەوەبوون، لە دەست بایەقووشەکان ڕزگارییان بێت و بگەڕێنەوە گوندەکەیان.

* مام فەرەج: برادەری مەحموودە، حەمە سەعید بەیەکتریان دەناسێنێ تا کووزەڵەی بۆ بێنێ و بیفرۆشێ، پێکەوە کووزەڵە دەفرۆشن و نموونەی مرۆڤی کۆڵنەدەر و خۆڕاگر و پشت بەخۆ بەستووە.

* عەولا: جیرانی گوندی ماڵی مەحموود و دواییش لە شار جێگایان بۆ دەدۆزێتەوە و لای حەمە سەعید ڕزگاریان دەکات و منداڵەکانیشی دەبن بە برادەری گوڵە و یارمەتی مەحموودیش دەدات و قەرزی دەداتێ.

* سۆرە: ناوی ئەسڵەکەی (سۆران)و کوڕی عەولایە و دوایی لەگەڵ گوڵەدا لە شار پێکەوە کاسبی دەکەن و سۆرە گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشێ.

* شادان: خوشکی سۆرەیە و برادەری گوڵەیە و لەگەڵ سۆرەدا گوڵەبەڕۆژە فرۆشن لە شار.

هەموو هیواو ئاواتی سۆرە و شادان ئەوەیە گوڵەبەڕۆژەکەیان بفرۆشن و خێزانەکەی خۆیانی پێ بژێنن و حەزیش دەکەن بایەقووشەکان گوندەکەیان بەجێ بهێڵن و بگەڕێنەوە.

ئەم ڕۆمانە وەک برای نووسەر ئاماژەی کردووە ساڵی ١٩٩٠ نووسراوە لە (١٢) بەش پێکهاتووە، بەڵام توانیویەتی بە شێوازی هونەری، هەموو بەشەکان پێکەوە ببەستێتەوە و نەهاتووە ڕاستەوخۆ باسی ئەنفال و کوڕەو و بەسەرهاتە تراژیدیاکانی مێژووی کورد بگێڕێتەوە، بەڵکو بایەقووشەکان دەکاتە هێمای شەڕخوازی و خەڵکی گوندیش وەک مرۆڤی کڵۆڵ و چەوساوە و بەستەزمان خۆیان لەبەر قیژە و وێرانکاریی بایەقووشەکان ڕاناگرن و بەسەر هەموو ماڵێکدا دەدەن و وێرانی دەکەن، ناچار ئەو مرۆیانەی هەواری خۆشەویستیی خۆیان بەجێ دەهێڵن و بەشێکیان بەم سەرما و سۆڵەی زستانە، مل لە بەفرە ئەستوورەکە دەنێن و تا دوایی ڕۆمانەکەش، چارەنووسیان نازانرێ کە لەوانەش کوڕێکی مەحموود بەگەڵ ئەوان دەکەوێ و ماڵی مەحموودیش ڕوودەکەنە شار و بە

ئازارێکی زۆرەوە، گوند و دۆڵ و چیاکان دەبڕن و بە کولەمەرگی دەگەنە شار و ئەنجامیش مەحموودی پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکە، دەبێتە قۆچی قوربانیی ئەم کۆڕەوە سەختە، ئەمەش هێمایەکە بۆ هەموو مرۆڤێکی کورد، خێزانی مەحموود نموونەی هەزاران خێزانی دیکەی چەوساوەیە، بەڵام ئی ئەوەیە سەدان ڕۆمانی پڕ تراژیدیایان وەک (ڕێبەندان) یان لەسەر بنووسرێ.

ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی هونەری چنراوە بە زمانێکی شیعریی جوان و پڕ لە گرێ و کوردانە، چیرۆکنووس ڕووداوەکان ئەوەندە بە لەززەت دەگێڕێتەوە، خوێنەر وا دەزانێ خۆی لەگەڵ کارەساتەکاندایە یا لەبەردەم شاشەیەکی سینەمایە و پێ بەپێ ئەم گەشتە پڕ لە کارەساتە دەبینێ کە نەک مرۆڤ، بەڵکو ئاژەڵ و تەیر و تواڵیش بەدەست بایەقووشەکان ڕادەکەن و لە پێستی خۆیان داماڵراون، وەلێ هیچ کام لە مرۆڤ و گیانلەبەر و تەیر و تواڵ و سروشتیش، دەسەڵاتی بەسەریانەوە نییەو تەنیا خۆزگە و ئاوات و هیوای بەردەوامی داپیرە و مەحموود کە هەمیشە لەگەڵ ئەوەشدا بە ئازارەوە ملی ئەو ڕێگا سەختە دەگرن، بەڵام هەردەم بڕوایان هەبووە کە شەو ڕۆژی بەدوادا دێت و هەر دەبێ ڕووناکییەک گوندەکەیان ڕۆشن بکاتەوەو جارێکی دیکە بگەڕێنەوە و وەک بنیادەمان بژین.

چیرۆکنووس ڕۆمانەکەی بە شێوە زاری موکریانی نووسیوە کە شێوە زارێکی شیعریی جوان و پاراوەو پڕ لە سیحری مۆسیقایە و توانیویەتی بە موفرەدەی سلێمانی و هەولێر و قەڵادزە و شوێنەکانی دیکەش، جوانتریان بکات، ئەم شێوەزارە نووسینەش (مام هەژار) و (هێمن) هێنایانە ناو نووسینی کوردستانی عیراق و پاشانیش بەهۆی وەرگێڕانەکانی مامۆستا (شوکر موستەفا )و نووسەرانی دیکەشەوە، زیاتر بڵاو بووەوەو لەسەر زاران خۆشە و ماڵی ئەوەیە ڕۆمانی پێ بنووسرێ، لە دواییشدا گەلێ نووسەری دیکە، پەیڕەویان کردووە وەک (محەمەد موکری) و (جەبار جەمال غەریب) و هەندێک چیرۆکنووسی دیکە، تا لە شیعر و نووسینیشدا پەیڕەو کراوە، بۆیە من پێموایە، لە دواڕۆژدا، ئەم شێوەزارە، بەتێکەڵاو کردنی لەگەڵ شێوەزاری سلێمانی و هەولێر و کەرکووک-دا ببێتە شێوەی نووسینی سۆرانی کە شیعرییەتێک بە زمان و دەربڕین دەبەخشێ، کاک (تەها )ش هەروای کردووە، ئەگەرچی لە ڕۆمانەکەدا وەسف و دیمەنەکان هەندێک دووبارە کردنەوەی پێوە دیارە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خوێنەر هەست بە بێزاری ناکات، چونکە دووبارە کردنەوەکە لە ڕۆماندا پێویستە و بۆ جەختسکردنە و زمانی دەربڕینیشی ئەوەندە جوان و پاراو و کوردییەکەی بێ گرێ و جوان و ڕێکوپێکە، لەگەڵ دیمەن و وەسفەکاندا زۆر بە وردی



(یەشار کەمال)یکەو حەزدەکەی ئەم دیمەنە دڵفرێنانە ئەگەرچی تاڵ و پڕ کوێرەوەرین، بەڵام بەتۆ بیت یەکبین بەدوایاندا بچیت و ناوە ناوەش کە دیمەنەکان دەگوێزرێنەوە واتە لە نمرەیەکەوە بۆ نمرەیەکی دیکە، چاوەکانت بۆ لەقتەیەکی سینەمایی دیکە دەگوێزنەوە، بەڵام ئەوەندە زیرەکانە دەیگوێزێتەوە، هەست بە دابڕانێک ناکەیت، چونکە لە ناو دیمەنەکاندا، وێنەی دیمەنەکانی دیکەت دێنێتەوە بیر، ئەوەش بەهۆی داڵغە و گەڕانەوەی پاڵەوانە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکەوە.

لەم ڕۆمانەدا چەندان چیرۆکی جیاجیا دەخوێنیتەوە کە لەگەڵ چیرۆکی سەرەکیی ڕۆمانەکەدا پێکەوە گرێدراون، وەک چیرۆکی حەمە سەعید و ڕاکردنی لە گوند و قومارچییەتی و حەزکردنی لە ژنەکەی مەحموود و پاشانیش باوکی ژنەکە بۆ مەحموود دێنێ و ئەویش لە باوکی زویر دەبێ و دواییش چۆن حەز لەو ژنەی خۆی دەکا کە حەز لێکتر دەکەن و کار لە کار دەترازێن و پاشانیش بەهۆی (شێخ)ەوە کارەکە چاک دەکەنەوەو شێخ ژنەکەی بۆ دەخوازێ. یا چیرۆکی مام فەرەج و گەیشتنی بە کووزەڵە فرۆشتن یان چیرۆکی عەولا و دەیان وردە چیرۆکی دیکە کە بەهۆی بینینی (گوڵە و سۆرە و شادان)ەوە، لە ناو جەرگەی شارەوە دەگێڕدرێنەوەو هەمووشیان جیاوازیی نێوان مرۆڤی چەوساوە و چەوسێنەر و مرۆڤی کۆڵنەدەر و زگەستوور و مرۆڤی چاک و خراپ و مرۆڤی چینی زەحمەتکێش و هەرە خوارەوەی کۆمەڵ نیشان دەدەن. لەم ڕۆمانەدا مرۆڤی ڕەشووڕووت و کلۆڵی کورد، مرۆڤی ڕاوەدوونراو، مرۆڤی چەوساوە، مرۆڤی شان بە قوڕ، مرۆڤی چارەنووس بزر، مرۆڤی هەڵکەندراو لەسەر زێدی باب و باپیرانی خۆی، مرۆڤی ماڵ لە کۆڵ و کۆچەر و مێژوو لەسەر پشت، زۆر بەوردی و هونەری وێنەیان کێشراوە.. لەم ڕۆمانەدا مرۆڤ تێکدەشکێنرێ، بەڵام ناڕووخێ. مەحموود بۆ هەتا هەتایە چاو لێک دەنێ و داپیرە و گوڵە بەجێ دەهێڵێ، وەلێ ڕۆحەکەی بەناو هەور و قووڵایی ئاسماندا ڕوودەچێ و داپیرە و گوڵە دەمێنن.. ئەگەر داپیرەش مرد.. ئەو کاروانە هەر دەمێنێ و بەردەوامە و دەبێ بایەقووشەکان ئەو گوندەی جێ بێڵن و ئەگەر ئەوانیش نەگەڕێنەوە، گوڵە بگەڕێتەوە، گوڵەش بڕواو نەیبینێ، ئەوا نەوەکەی ئەو دەگەڕێنەوەو گوندە جوانەکەیان ئاوەدان دەکەنەوەو خەونەکەی مەحموود دێننە دی و قسەکەشی دێتە دی کە دەیگوت: لە دوای هەموو ناخۆشییەک خۆشییەک دێت و لە دوای هەموو تاریکییەکدا، ڕووناکییەک بەڕێوەیە و هەر دەبێ بێت.

ئەم ڕۆمانە، ئەگەرچی بە زمانێکی ساکار و بێ گرێ نووسراوە و لە ناو تەمومژ بزر

نەکراوە، وەلێ دارِشتنەکەی جوانە، ڕستە و وشە و دەستەواژەکانی لەجێی خۆیدا بەکارهاتوون و زمانەکەی پاراوەو دایەلۆگ و شێوازی هونەریشی سەرکەوتنێکی دیکەیان پێ بەخشیوە، لە هەمان کاتدا تۆمارێکی مێژووییە، بەڵام بە شێواز و دەربڕینێکی هونەری..

شیعرییەتی نووسینی ڕۆمانی (ڕێبەندان)و چنینی هونەرییەکەی مزگێنی بەرهەمی چاکتر و بە بڕشترمان پێ ڕادەگەیەنن. دڵنیام ئەوەی ئینسافی هەبێ و ئەم ڕۆمانە بە شێوەیەکی بێ لایەنە و زانستییانە و هونەرییانە شی بکاتەوەو لەگەڵ خۆیدا ڕاستگۆبێت، دەستخۆشی لە برای نووسەرمان دەکات و چیدیکە باسی قەیرانی ڕۆمان ناکرێت لە ئەدەبی کوردیماندا.

ئەم ڕۆمانە شایانی لێدوانی زیاترە و دەکرێ لە دەلاقەی جیاجیاوە بخوێنرێتەوە.



# فەلسەفەی مردن
# لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا

ڕۆمان بەهۆی فراوانی زەمینە و ڕەهەند و بوار مەودای دەربڕین و بەرفراوانی نووسینەوە دەرفەتی زیاتر دەداتە نووسەر تا یادگاری و خەون و خەیاڵ و جیهانبینی و شێواز و فەلسەفەی نووسینەکەی ڕابگەیەنێت و ئەمەش نووسەرێک دەگەڵ یەکێکی دیکە جیاوازی هەیەو سەرکەوتنەکەش لەوەدایە تا چەند دەتوانێ جێگای خۆی لای خوێنەر - ڕەخنەگر - وەرگر بکاتەوەو بەچێژ و سەلیقەیەکی بێ هاوتاوە خۆی بخاتە ناو دڵی وەرگری دەقەکە، واتە هەموو نووسینێک مەبەست و جیهانبینی و فەلسەفەی خۆی هەیە، بەڵام گەیاندن و دەربڕینی پێویستی بەدەست ڕەنگینی و چنینی هونەری و کارامەیی نووسەری ڕۆمانەکەوە هەیە.. جاران ڕۆمانی کوردی ئەگەر هەشبووبێت شێوە هەقایەتخوانییەکەی بەسەردا زاڵ بوو بوو و بەئاسانی وەردەگیراو دەخوێندرایەوە لە بیریش دەکرا، بەڵام ئێستاکە بەتایبەتی دوای ڕاپەڕین نووسینی ڕۆمانی کوردی توانیویەتی خۆی لە سەرەتاکانی نووسینی ڕۆمانی کوردی و شێوە هەقایەتخوانییەکەی جیا بکاتەوە بەڵگەشم ئەم چەند ڕۆمانە هونەرییە کە لەم ساڵانەی دوایی نووسراون وەک ڕۆمانەکانی عەبدوڵڵا سەراج و محەمەد موکری و کاکە مەم بۆتانی و بەختیار عەلی و شێرزاد حەسەن و سەلاح عومەر و جەبار جەمال غەریب و حەکیم عەبدوڵڵا کاکە وەیس و کاروان عەبدوڵڵا و کاروان عومەر کاکە سوور و هیوا قادر و حەمە کەریم عارف و دەیان ڕۆمانی دیکە کە ڕەنگە هەموویانم لەبیر نەبێت..
ئەم ڕۆمانەش یەکێکە لەم ڕۆمانە نوێیانەی کە (سەلاح جەلال) لە ساڵی ١٩٩٧ چاپی کردووە، ڕۆماننووس هەوڵی داوە بەهۆی دوو کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکەیەوە کە ئەوانیش (شاڵ سپی و شاڵ سەوز)ن ئەوانی دیکەش پاڵەوانی ناسەرەکی ڕۆمانەکەن و کەم تا زۆر بەشدارن لە دەرخستنی فەلسەفەی مردن و کە ڕۆماننووس مەبەستیەتی لەم ڕۆمانەدا دەری بخات یانیش بۆ یەکەم جار بیخاتە ناو کلێشەی ڕۆمانەوە... پاڵەوانەکانی دیکەش لە دەوری ئەم دوو پاڵەوانە سەرەکییە دەخولێنەوەو زەمینەی گێڕانەوەی چیرۆکبێژ بۆ گێڕانەوەی ڕووداوە مەرگ ئامێزەکان زیاتر خۆش دەکەن کە چیرۆکبێژەکە لەم ڕۆمانەدا

ڕۆماننووس خۆیەتی و تێکەڵی کەسایەتییەکان دەبێ و بە زمانی ئەوانیش ڕووداوەکان دەچنێ و دەگێڕێتەوە و چەندان چیرۆکی جیاجیاش بەهۆی ئەو دوو پاڵەوانە سەرەکییە و پاڵەوانە ناسەرەکییەکانی دیکەش کە بەهۆی ئەوانەوە دەجووڵێنەوە دروست دەبن بێجگە لە شاڵ سەوز و شاڵ سپی پاڵەوانەکانی دیکە بریتین لە: خەلیفە خدر یا خەلیفە کە لە کۆتایی لاپەڕە (٢٥) بە دیار دەکەوێ کە هەر شاڵ سەوز خۆیەتی، ئاراس، نیاز، شەونم، میمکە مریەم، ناسکۆڵ، مامە قالەو، شێرزادی بازرگان، مام مەحموود، فەرهاد، عەولی جەراح، خاتە شێت، حەمەی بێ گۆڕ، ئەمەو چەندان کاراکتەری دیکە لە بونیادی گێڕانەوەدا ئامادەن بێ ئەوەی ناویان بێت.. ئەو کەسایەتییانەش چەندان چیرۆکی جیاواز دەخەنە ناو بونیادی سەرەکی گێڕانەوەکە و بەشدارن لە گێڕانەوەی چیرۆکبێژ کە لە بنەڕەتدا گێڕانەوەی ژیانی مەرگاوی گۆڕستانێکە یا دەربڕینی فەلسەفەی مردنە و بەهۆی هەردوو کەسایەتی سەرەکی ڕۆمانەکە کە شاڵ سەوز و شاڵ سپین بنیاد نراوە، چیرۆکەکانیش ئەگەرچی هەندێکیان بە زۆر و زۆردارییەوە خراونەتە ناو ناواخنی گێڕانەوەی چیرۆکبێژەوە و ئەگەرچی ئەوانیش هەمان ئەم مۆسیقای مەرگە نۆش دەکەن و هەمان ئاوازی مەرگ دەنۆشن و تام دەکەن و دەربڕی چیرۆکی جیاجیای مردن، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا توانیویانە یەکێتییەکی گێڕانەوە یا یەکێتی بابەت ڕابگەیەنن و لەگەڵ ئەمەش ڕۆمانەکە ئەوەندە خەماوییە و ئەوەندە بارگاوی مەرگ کراوە خوێنەر تا تەواوی دەکات تێکەڵ بە ژانی مردن دەبێت و دەبێتە کاراکتەرێکی دیکە لە ناو ئەم گۆڕستانە و ئەم چیرۆکە مردن ئامێزانەی نووسەر یان هیچ نەبێت کارەساتی دیکەی هاوشێوەی وەبیر دێنەوە.. ئەم چیرۆکانەی لەم ڕۆمانەدا دەخوێنرێنەوە ئەمانەن: چیرۆکی شاڵ سەوز و شاڵ سپی و ئەم ڕووداوانەی کە شاڵ سپی بەدەم خەلیفە شاڵ سەوز و ئەوانیش کە خۆی دیتبوونی دەیانگێڕێتەوە لە ناو یەکەیەکی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کە لەبنەڕەتدا گێڕانەوەیە بەهۆی دوو کاراکتەری سەرەکی ئەو دوو شاڵ لەبەرانە بە زمانی گێڕانەوەی چیرۆکبێژ کە ئاگادارە بە هەموو شتێک بەڵام وردە وردە بەهۆی پاڵەوانە نا سەرەکییەکانی دیکەشی دەیانگێڕێتەوە بە تێکەڵکردنی خەون و ڕاستی یا خەیاڵ و واقیعی شاڵ سەوز یانیش دایەلۆگی بەردەوامی نێوان شاڵ سەوز و شاڵ سپی.

کە هەموو جاران بە خەیاڵ دەفڕی و دەگەڕێتەوە سەر تەختە بەندەکە یا پیاسەیەک بە ناو گۆڕستاندا دەکات یا لە دنیای فەساد ڕادەمێنێ، ئەمە خەیاڵی ئەوەو پاشان دەگەڕێتەوە دۆخی مردن، هەر بۆ نموونە بڕوانە لاپەڕە (١٠)ی ڕۆمانەکە.



زۆربەی چیرۆکەکانی دیکەیش لەسەر زمانی شاڵ سەوز یا بەهۆی ئەوەوە دەگێڕدرێتەوە بۆ نموونە چیرۆکی لە سێدارەدانی لاوێکی هەژدە ساڵان کە خەلیفە واتە شاڵ سەوز باسی دەکا و ڕووداوەکە بەدەم ئەو دەگێڕدرێتەوە و بۆ پرسەکەی دەچێ -ل١٥.

چیرۆکی شەش مانگ پێش مەرگی ئاراس لە کاتێکدا کە بۆ خوێندن دەچوو بۆ پایتەخت چیرۆکەکەش بریتییە لە چیرۆکی خۆشەویستی ئاراس و نیاز لەگەڵ پێکەوە بەستانەوەی بە چیرۆکی نیاز و شەونم کە پێکەوە لە بەغدا دەیانخوێند تا چیرۆکی شەهید بوونی ئاراس تەواو دەبێ..ل٢٢-٢٣. چیرۆکی گەڕانەوە بۆ مێژوو و گێڕانەوەی شەڕی بەردەرکی سەرای سلێمانی ل٢٦.

چیرۆکی ئەنفالی کوردستان و گێڕانەوەی مەرگی تراژیدی و چنینی لەگەڵ گێڕانەوەی ڕووداوە مەرگ ئامێز و جەرگبڕەکانی دیکە، بەڵام ئەم زامە ئەوەندە بە سۆیە بۆ فەلسەفەی مردنی ناو ڕۆمانەکە و دیمەنی تراژیدی مرۆڤی کورد پڕ بەپێستی خۆیەتی و دیمەنەکان وەک شاشەیەکی سینەمایی دەخرێنە پێش چاوان:

(شاڵ سەوز لەژێر پەردە خوێناوییەکەوە سەیری ئەو زەماوەندەی دەکرد لە چەقۆی شۆفلەکانەوە تەرمی هەزار لاوی بەرچاو کەوت سەیری دەکرد چۆن زەوییەکەیان دەدڕی و لێژنەیەک تەرمیان تێ دەخست ئەوسا دایان دەپۆشییەوە چوار جێگەیان هەڵکەند هەریەکە کەندەڵانێکی گەورە و فراوان زیندوو و مردوویان تێ دەکرد و ژن و پیاو بە چاوی بەستراوەوە لەگەڵ تەپ و تۆزی سەرگرتنیاندا هاوار و قریشکەیان بەرز دەبۆوە هەناسەی ئاگراوی بەجەستەی شارەکەدا دەهات کفن پۆش چاوی قوچاند قریشکاندی ڕووی کردە ئاسمان: خوایە چاو بکەرەوە بڕواناکەم خەوت لێ کەوتبێت هەستە سەیری دڕندەکانی سەر زەوی بکە فریشتەکانی تۆش دەخەنە چاڵەوە خوایە خوایە.. تاد.ل٢٦-٢٧.

چیرۆکی میمکە مریەم کە سێ کاتژمێر لە خۆدەچێ و کە بە ئاگادێتەوە لەنێو کارەساتی شارەکەدا خۆی دەدۆزێتەوە ل٣٦، چیرۆکی ئەم سێ تەرمەی کە لەگۆڕ دەنرێن کە لەسەر زمانی گۆڕ هەڵکەنێکەوە دەگێڕدرێتەوە دەڵێ (ئەمە مەسەلەیەکی دوورە ئەم ماڵە سێ مانگ بوو هاتبوونە ئەم شارە ناوی خۆیان گۆڕی بوو ژنەکە بە سوعاد و کچەکە بە شەهلا مێردەکەشی بە سەعید، سێ ساڵ بوو ئەم شارەیان جێ هێشتبوو ئیتر پێیان زانین و کوژران... ژنەکەیان کچی قالە ئاوس بوو مێردەکەشی ئەحە چەقۆ لە گەڕەکی ئێمە بوون خانوویەکی سەربەخۆیان گرتبوو قەمەرەیەکیان هەبوو ئێواران ئەفسەری ڕژێمیان بە بەرگی

کوردییەوە دەخستە ناوی بە دەرگای گەراجیدا بۆ ژوورەوە لەم دواییەدا دەرکیان پێ کرد.. بیری ئەو شەوەی هاتەوە کە لەسەربانی خۆیانەوە لە پەنجەرەکەیدا دەڕوانین ئەمە لەسەر قەرەوێڵەیەک ڕاکشا بوو لەپڕ کچەکەی هاتە ژوورەوەو لەبەر شەوقی گڵۆپەکەدا دەبریسکایەوە قژە جوانەکانی بەسەر شانیدا پەرش ببوونەوە باڵا بەرزەکەیان نیشانە دەکرد باوکە لێی ڕوانی و بانگی کرد کچە چووە لای لەپ لێیەوە قاچی ڕاکێشا..تاد. ل٤٢-٤٣.

شێروان کە شۆڕشگێڕێکی ئازایە نهێنی ئەم ماڵە غەوارە دەزانێ و دەکەونە ژێر چاودێرییەوە. گۆڕ هەڵکەن بە چاوی خۆی لەبەر پەنجەرە کراوەکەوە بەد ڕەوشتی ئەو خێزانە دەبینێ... ل٤٤.

چیرۆکی نیاز و ئاراس کە لە پێشتردا ڕۆماننووس باسی خۆشەویستی کردوون ئەمجارە چیرۆکەکە تەواو دەکات کە نیاز فێڵ لە ئاراس دەکات و دەستی لەگەڵ شێرزادی بازرگان تێکەڵ دەکات و لەگەڵ نیازیدا دەگاتە مەرامی تایبەتی خۆی.. ل٤٥.

دوای ئەوەش دەگاتە گێڕانەوەی دوای سێ مانگ کوژرانی ئاراس کە شێرزاد دەدرێتە بەر گوللە و نیازیش پاش هەفتەیەک ون دەبێ.. ل٤٧.

چیرۆکی بەندیخانە یا زیندانی مام مەحموود و فەرهاد کە فەرهاد خۆی مردن هەڵدەبژێرێ و مام مەحموود گوێی لە ڕێژنەیەک گوللە بوو دوایی بۆی دەردەکەوێ کە فەرهاد کوژراوە، بە تێکەڵکردن لەگەڵ چیرۆکی دوو لاوە کوژراوەکە کە فەرهاد دەچێتەوە جێی یەکێکیان لە زیندان ئینجاش بەستنەوەی بە چیرۆکی عەلەوی جەراح.. ل٥٦-٥٥٧-٥٨.

قسەکردنی شاڵ سەوز لەگەڵ گۆڕێک ئینجا چیرۆکی مردووەکە دەگێڕدرێتەوە کە چۆن مردووە.. ل٦٢-٦٣. چیرۆکی میمکە مریەم کە شاڵ سەوز لێی دەپرسێ بۆچی ماڵەکەیان مۆرکراوە ئەویش چیرۆکەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، چیرۆکەکەش ئەمەیە کە سێ جاسوس و ئەفسەرێک دەکوژرێن و بەسەر شێرواندا ساغ دەبێتەوە چیرۆکی دووەمیش کە هەر تەواوکەری ئەم چیرۆکەیە ئەویش گێڕانەوەی میمکە مریەم بۆ چیرۆکی خولە عارەبانچی.. ل٦٤،٦٥،٦٦.

چیرۆکی حەمەی بێ گۆڕی بە تیزاب سووتاو کە (س) ئەفسەر ناو دەکوژرێ و لە حەمە دەدەن و ئەویش ئیعتیراف ناکاو دەیخەنە ناو تیزابەوە، لەگەڵ گێڕانەوەی شێت بوونی



دایکی حەمە کە ناوی (خانە شێت)ەو ئەویش باس لە بێ گۆڕی و کوژرانی حەمەی کوڕی دەکا.. ل٧٦.

دیارە ئەم چیرۆکانەش کە لە ڕۆمانەکەدا چنراون هیچیان لە فەلسەفەی مردن بە دوورنین کە ڕۆماننووس ویستوویەتی بەهۆی ئەم چیرۆکبێژییەوە مۆسیقای مەرگی ناوەختە بژەنێ یا سیمفۆنیاکانی مردن عەزف بکات کە هەموو چیرۆکەکان بارگاوی کراوی مەرگن و تراژیدیایەکی پڕ لە حەسرەتی مرۆڤایەتییان لەگەڵ خۆدا هەڵگرتووە ئەگەرچی زەمەنی ڕۆمانەکە لە دوو شەو و ڕۆژێک تێپەڕ ناکات بەڵام لەگەڵ ئەمەش زەمەنی دەرەوەی ڕۆمانەکە لەوەش تێپەڕ دەکات کە هەندێ جار دەگاتە (٣٠) ساڵ و تا (٧٠) ساڵیش کە دەگەڕێتەوە بۆ دەرەوەی زەمەنی سەرەکی و دەستنیشانکراوی ڕۆمانەکە کە (٢٤) کاتژمێرە کە ئەو بیست و چوار کاتژمێرەی شاڵ سپی لاسایی خەونە ڕاستییەکانی شاڵ سەوز دەکاتەوە.. فەلسەفەی شاڵ سەوز بۆ جیهان ئەوەیە کە جیهان لەژێر قاچی زۆرداردایە.

خاک و خۆڵ سووربووی خوێناوە، پانتایی مردن و ژیان زۆر بوون و چارەسەر ناکرێن... تا جەنگی خەیاڵی شاڵ سەوز لەگەڵ جیهاندا تا چەند ساڵ بوو شاڵ سپی ئارامی لێ برابوو مرۆڤایەتی لێ دەبێ بە دێوێکی ڕەش تا جیهان لەلای ئەو دەبێتە گۆماوێکی خوێناوی پیس و پاک نابێتەوە تا لە گۆڕ دێتە دەرەوە و تف دەکاتە جیهان و بێدەنگ دەبێ ئینجا کە لە ژیانیشدا دەژیا بۆ دنیای دیکە دەژیاو هەمیشە لە خەڵوەتدا دەبێت وەک لە گەلێک شوێنی پەرەگرافی ئەم ڕۆمانە ئاماژەی پێکراوە بەتایبەتیش وەک لە لاپەڕە (٧٤)دا لە ئەشکەوتدا خەڵوەت نشینە بێ نووستن و (٢٧) ساڵان لەو گەشتەدا دەبێ...

بەڵام شاڵ سەوز یانی چی و ڕۆماننووس مەبەستی چییە ئەوەشیان وەک لە لاپەڕە (٧٩)دا لە لێکدانەوەکانیدا بەمجۆرەی دەخوێنینەوە شاڵ سەوز = کفن پۆش = خوا پەرستی کە بەلای ڕۆماننووسەوە مانای شاڵ سەوزییەکەی بە خواپەرستی لێکدراوەتەوە وەک دەشبینین شاڵ سپی بەپیاوێکی نوورانی و فریشتەی حیساب دەکات و ئەگەرچی مردووش بوو، کەچی ئاڵای مردنی لەسەر نەدەبینی هەتا لە سێ ساڵی گۆڕستانیشدا فێری هونەری مردن نەبوو هەتا شاڵ سپی لەگەڵ گردبوونەوەی تیشکی خۆردا بە خدری زیندەی دەچوێنێ... بە لای پاڵەوانی ئەم ڕۆمانەوە کە شاڵ سەوزە ژیان و مردن و خەو و خەیاڵ تێکەڵی یەکترین و لێکتر دانابڕێن و بەم جۆرەی دەخوێنێتەوە:

زیندووبوونەوە ـــــ مردن ـــــ مەرگ و ژیان ـــــ هەیکەلی زیندووی شاڵ سەوز

ئینجا مردن فەلسەفەکەی لە سووڕی ئەم بەردەوامییەدایە کە لە بێشکەوە دەگاتە گۆڕ و هیچ مرۆڤێکیش لەم بازنەی دەربازی نابێتەوە دەڵێ (تیشکی مەرگاوی چاوەکانیت دەگرتەوە لە گۆڕەوە بۆ بێشکە و لەوەوە بۆ مردن لە نیگایدا دەپرینگایەوە لەم ساتەشدا جەستەی لەبەردەمیدا کەوتبوو مۆسیقای مەرگی ناوەختەی لە گۆڕستانەکەوە لێدرا ئەویش بێ دەنگ و خامۆش و کپ لە شێی تاریکی و تەمومژە نادیارەکانی سەر تەرمەکەیەوە هەناسەی مردن دەبینراو تۆوی ڕاست بوونەوەی گەشکەی دەکرد... تاد. ل٨٨. شاڵ سپی گیانی دەچێتە ناو گیانی شاڵ سەوزەوە و دوو شەو و ڕۆژ لە ناو گۆڕەکەیدا دەمێنێتەوە ئینجا لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا دان بەوەدا دەنێ کە شاڵ سەوز = خەلیفە = پیاوی نوورانی و فریشتەکە مردووەو شتێکی حەتمییە و دەبێ هەموو مرۆڤێک بیگاتێ ئەگەرچی لەسەرەتادا لەو بڕوایە نەبوو کە مردووە، بەڵام کە ڕۆمانەکە دەگاتە کۆتایی پاڵەوانەکەشی بڕوا بە مردن دێنێ ئەو کاتەی کە دان بە مردنی شاڵ سەوز دەنێ و بیست و چوار جار دەلەرزێ و خۆی لێ دەبێ بە بیست و چوار پارچەی گەردوون و کەسێتی جیهان و خەونی بە هەموویانەوە دەبینێ و لەگەڵ دەنگە خنکاوەکەی سروشتدا مۆسیقای مەرگی ناوەختەی شاڵ سەوزیان دەژەند.

ئەم ڕۆمانە دەکرێ لە چەندان دەلاقەی دیکەوە باسی لێوە بکرێ و تێی بڕوانرێ، وەلێ ئێمە مەبەستمان بەدیارخستنی فەلسەفەی مردنە لەم ڕۆمانەدا کە نووسەر ویستوویەتی لەم ڕۆمانەیدا بەرجەستەی بکات بەمەش چ وەک تەکنیک و چ وەک فەلسەفەی نووسەر خۆی لە بابەتێکی نوێ داوە لە نووسینی ڕۆمانی کوردیدا.



## تەکنیک لە پایزە خەون دا

### • سەرەتایەکی پێویست:

ئەگەر بە چاوێکی وردبینەوە بڕوانینە قۆناغەکانی گۆڕانی چیرۆکی کوردی هەر لە سەرەتای نووسینی یەکەم چیرۆکی کوردیەوە، تا ئەمڕۆشمان دەبینین ئەم هونەرە بە چەندان گۆڕان و بارودۆخی جیاجیا ڕۆیشتووەو لەهەر قۆناغێکدا سیما و تایبەتییەتی خۆی نواندووەو بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتندا بووە، جا هەر لە دوای قۆناغی دووەمدا کە قۆناغی نەشونماکردنی چیرۆکی کوردیەو ڕۆڵی هەرە دیاری گۆڤاری گەلاوێژ لە بەرەو پێشبردنی چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەداو پەیدا بوونی چەندان چیرۆکنووسی بە توانا و لێهاتوو، دوای ئەم قۆناغەش قۆناغێکی پێگەیشتووتر دێتە ئاراوە کە قۆناغی سێیەمی چیرۆکی کوردییەو بە قۆناغی بەرەو پێگەیشتن (١٩٥٠-١٩٦٠)(١) دادەنرێت.

هەرچەندە دوای ئەم قۆناغەش چیرۆکی کوردی زیاتر تەکانی داوەو خۆی ناوەتە پلەیەکی پێشکەوتووترەوەو بەرگێکی هونەری کردووەتە بەر تا ئێستامان.. بەڵام لێرەدا وای بە پێویست دەزانم هەر لەبارەی قۆناغی سێیەمەوە بدوێم کە چەندان چیرۆکنووسی لێهاتووی هێنایە مەیدانی چیرۆکی کوردی و توانییان ڕۆڵی دیاری خۆیان ببینن، هەیانە تا ئێستا لە نووسین بەردەوامە و هەشیانە هەر لەگەڵ تەواو بوونی قۆناغی خۆی تەواو بووە. (مەم)ی نەمریش یەکێکە لە کەڵە نووسەرانی هەرە دیاری ئەم قۆناغە.

چیرۆکنووسانی ئەم قۆناغە توانییان هونەری لەبەر چیرۆکی کوردیدا بکەن و لە شێوەی هەقایەتخوانییەکەی قۆناغەکانی پێشووتر دەربازی بکەن، چەندان کێشەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و مرۆڤایەتی بگرنە ئەستۆی خۆیان و زیاتر لە ناخی ئادەمیزاددا قووڵ ببنەوە و لە قۆناغەکانی دواتریش بتوانن لە شێوەو ناوەرۆکدا نوێ ببنەوەو لەگەڵ کێشەی سەردەم و ئاڵۆزی باری ژیانی کۆمەڵایەتیدا بڕۆن، جا چیرۆکیش وەک گشت هونەرێکی تر پێویستی بە گۆڕانی بەردەوام هەبووەو هەیە کە شێوە هەرە دیارەکانی تەکنیکە. ئەوەی چیرۆکی (برسێتی بەهێزترە)ی مەم کە یەکەم چیرۆکیەتی بەراورد بکات لە دوا بەرهەمی بڵاوکراوەی کە (پایزە خەون)ەکەیەتی دەگاتە ئەم بڕوایەی کە (مەم)

هەمیشە وەک زۆربەی چیرۆکنووسانی هاوڕێی هەوڵی گەشەسەندن و نوێبوونەوەی داوە لە شێوەو ناوەڕۆکدا، لەم باسەدا ئێمە زیاتر بە لای کاری هونەری (پایزە خەون)دا دەڕۆین و بەهای تەکنیک لە دوا بەرهەمی مەم بەدیار دەخەین.

## • هونەرکاری تەکنیک:

* لە (پایزە خەون)دا، کە چیرۆکێکی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتییە چەند جۆرێک تەکنیک بەکارهێنراوە، کە هەر یەکێکیان ئەوەی تر تەواو دەکات و خواست و مەرامەکانی نووسەرمان بۆ بەدیار دەخەن و زیاتر بە ناو ناخی پاڵەوانی چیرۆکەکەمان شۆڕ دەکاتەوە و ئێستا و ڕابوردووی پاڵەوان بەیەکەوە دەبەستێتەوە تا دەبێ بە شێوە گێڕانەوەی نووسەر بۆ ڕووداوەکان کە سەرەتاکەی بە مەنەلۆژی ناوەوە دەست پێ دەکا و لەسەر زمانی چیرۆکنووسەوە بە هۆی کەسی یەکەمی قسەکردن دەست بە گێڕانەوە دەکات کە دەڵێت: «لەبەر ڕێگاوە لەبەر خۆی دەدوا.. دەیگوت: خوا حەمە چاوەش بگرێ دەنا بۆچی ئەوەندە گیر دەبووم».

دواییش چیرۆکنووسی دەیکاتەوە شێوە گێڕانەوەی ئاسایی و لەسەر زمانی خۆیەوە بە زمانی کەسی سێیەمی قسەکردن دەڵێت: «کە هێوارەش داهات و ئیش پایدۆزی لێ کرا، کرێکاران بڵاوەیان لێ کرد و بەرەو گوندەکانیان گەڕانەوە، تەنیا ئەو چاوەڕوانی حەمە چاوەشی دەکرد...تاد» (٨).

چیرۆکنووس گەلێک جار دیالۆگ بەکاردێنێ بۆ نموونە وەک دەڵێ: «نزیک ڕۆژئاواش کە چاوەشەکە بانگی کاک ڕەشیدی کرد: ها جەردە. دەڵێی بەتەما نی ئەم هەینییە بگەڕێیتەوە ماڵ..» (٨).

هەر دوای ئەم دیالۆگە نووسەر دەگەڕێتەوە سەر شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی لەسەر زمانی خۆی، دوایی دیسان دەبێتەوە مۆنۆلۆژی ناوەوەی ڕاستەوخۆ، ئینجا بە ڕستەیەک مۆنۆلۆژی ناوەوە دەپچڕێ و دیسان دەبێتەوە گێڕانەوەی نووسەر و دوای ئەمیش بەمەنەلۆژێکی تری ناوەوە دەست پێ دەکاتەوە. دەبینین چیرۆکنووس بە هۆی هەڵفڕینی بیری بۆ لای تاقە کەوێک شەپۆلی هۆش بەکاردێنێ و بۆ کاتێکی زۆر کەم بیری بۆ لای کەوە هەڵدەفڕێ و ئینجا بە مۆنتاج بەراوردی سەردەمی ئاوارەیی خۆی لەگەڵ کەوەکە دەهێنێتەوە یاد. ئینجا بە هۆی تەداعییەوە دەگەڕێتەوە سەردەمی منالی خۆی وەک دەڵێ «بیری بۆ لای تاقە کەوەکە فڕی.. لە خۆی پرسی.. تاد.. ل١٠» ئینجا بە هۆی قەبۆ قەبۆی تاقە نێرە کەوەکە



کە بڵاوەیان بە بیرکردنەوەی هێنا کۆتایی پێ دێت و دەگەڕێتەوە سەر گێڕانەوەی نووسەر. لێرەدا بە دیار دەکەوێت کە چیرۆکنووس لە ناو تەداعییەکەدا شێوەی گێڕانەوە بە زمانی چیرۆکنووس و شێوەی مۆنۆلۆژی ناوەوە بە زمانی کەسی یەکەم بەکاردێنێ. بێ گومان ئەمەش شارەزاییەکی چاکی دەوێ لە تەکنیکدا. چیرۆکنووس لە چەند شوێنێکی تردا بە شێوەی خۆ دواندن پاڵەوانی چیرۆکەکەی لەگەڵ خۆی دەدوێ وەک دەڵێ: «لەگەڵ خۆی لێکی دایەوە! بەڵام کەنگێ ئەو جەردەیە؟» وە دیسان لە خۆی پرسییەوە... تاد. ل١٥

لەمانەش گرنگتر لە چیرۆکەکەدا بەکارهێنانی ئەفسانەیە شان بەشانی هەموو جۆرە تەکنیکەکانی تر لە چوار چێوەی خەونی کرێکارێک. مەم زۆر زیرەکانە توانیویەتی ئەم بەرگە لەبەر چیرۆکەکە بکات و چەندین دیاردەو کاریتەی کۆمەڵەکەی خۆی بەدیار بخات کە کاری لێ دەکەن. هەرە گرنگترینیشیان کۆڵەگەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئابوورین و لە سەرکەوتن و دابەزینی مرۆڤی کۆمەڵەکەیدا ڕۆڵی خۆیان دەنوێنن و دەبنە هۆی ڕەنگدانەوەی ئەم خەونە مەزنانەی مرۆڤی هەژاری وڵاتەکەی و ئاواتخوازە کە لە واقیعدا بێنەدی، هەر بۆیەشە مەم سەرتاپای چیرۆکەکەی کە چیرۆکێکی ڕیالیزمی کۆمەڵایەتی ڕەخنەگرانەیە لە چوارچێوەی ئەم خەونەی ڕەشید جەردەی کرێکاری یەکالا دەکاتەوەو بە هۆی پیشاندانی کەشێکی پڕ لە ترس و سامناکی و دەنگ و دەنگدانەوە و تارماییەکان، سام و نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و بێ ئارامی دەخاتە دڵی پاڵەوانەکەی و وا لە خوێنەریش دەکات بەرەو ناخی ململانێیەکەی ڕابکێشێ کە بێ گومان گرێ و ململانێی چیرۆکەکە لە گیسکە ئەفسانەییەکەوە دەست پێدەکاو لە درەختە گەورەکەی مزگەوتدا زیاتر دەبێ و تارمایی و قورسایی سەرشانی جەردەش ئەوەندەی تر کێشەکە ئاڵۆز دەکەن، چونکە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە تەقسێکی ئەفسانەیی ترسناکدا دەژی و ئەوە نیشان دەدا لەم ترسەو بارە ئاڵۆزەدا ژیاون جا هەمیشە هاوار بۆ پیاوچاکان دەبا، جارێک بۆ خدری زیندە کە وەک مامۆستا کامەران موکری دەڵێ: «لە ئەفسانەی کوردیدا وێنەیەکی خێرخوا ئەبینین کە خدری زیندەیە، ئەفسانەی کوردی ئەم پیاوە لە وێنەی ئادەمیزاددا پیشان ئەدات کە تا ئاسمان و زەوی مابێت ئەو هەر ئەمێنێ و فریای ئەو سەر لێشێواو و لێقەوماوانە ئەکەوێت کە هاواری بۆ ئەبەن و یارمەتییان ئەدات و ڕێگای ڕزگاری و چاکەیان پیشان ئەدات...» (٢)

جارێکی تریش هانا بۆ قەشە (ئیستیڤان) ئەبات کە نیشانەی ئایینی مەسیحییە: «کە دەرگا فراوانەکەی دێرە دێرینەکەی لێ دەرکەوت مام قەشە ئیستیڤان چوار قامە لە ناو

کەوانەی دەرگا گەورەکە وەستابوو، هەردوو باڵی بە ڕاست و چەپی بڵاو کردبوونەوە، وێنەی خاچێکی دەنواند»ل٥٠. دواییش نیشاندانی ڕیز بە ڕیزی خەڵکی کە لە ڕیزی پێشەوە شەماشە دمخەو شەماشەکانی دیکە بە جلکی کەهنووتی لە دوای ئەمانەشەوە ڕەبەنی ژن و پیاو.. جوانە کیژ.. پیرە ژن.. منداڵ.. هەرزەکار.. پیر و پەککەوتە.. لاو.. شەل و کوێر.. سەر گردەکەیان داپۆشیبوو..

بە ڕای من جوانکاری هونەری چیرۆکەکەی مەم لەم جوانانەدا بەدیار دەکەوێت، هەروەها پیشاندانی جوانکاری کوردەواری گیسکەکە کە لە هەمان کاتیشدا ڕەمزێکە بۆ بارگرانی ژیانی کرێکاران و سەختی گوزەرانیان و ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییەکە لە ناو خەوندا خەونیش خۆی تەعبیر لە واقیعەکە دەکا بەبێ ئاگاداری هۆش (لاوعي)و نەهاتنە دی خەونەکانی کاتێ وە ئاگا دێت و کوندەیە بۆ کە لەسەر دار گوێزی ماڵەکەی دەردەکات کە ڕەمزی شەڕ و ماڵ وێرانی و کاوڵ بوون و قات و قڕییە. توانیویە هاوکێشەیەک دروست بکات، یەکەم بە هاتنەوە ناو واقیع و پچڕان لە خەونەکەو بەگژ هاتنی شەڕ و وەیشوومەو دواییش لوولدانەوەی پاڵەوانەکە لە ناو شەپۆلەکانی خەوندا بۆ جارێکی تر. لە ئەنجامی تێکەڵبوونی خەون و واقیعیشدا نووسەر هاوکێشەیەک بەدەستەوە دەدات، وا دەرانم مەبەستی مەم جگە لەم هاوکێشەیەی وتمان بۆ داهێنانی ئەفسانە و خەونەکەی پاڵەوان و پەرەپێدانی ئەم بەرگە میسالیەیە چونکە ئەم واقیعەی دەیەوێت باسی لێوە دەکات و بە ئەفسانەو کەشێکی ترسناک تەعبیری لێ دەکاتەوە لە ناو چوارچێوەی خەونی کرێکارێکدا. بێ گومان هەموو نووسەرێکیش سەربەستە لە کوێوە دەست بە چیرۆکەکەی بکاو لە کوێش و چۆن کۆتایی بە چیرۆکەکەش بهێنێ، بە چ جۆرە تەکنیکێک بنووسێ و لە هەموویشی گرنگتر ئەوەیە کە چیرۆکنووس چی دەنووسێ و بۆ کێی دەنووسێ هەڵوێستی تەواوی خۆی لە بەرهەمەکەی یەکالا بکاتەوە.

**• کات:**

چیرۆکەکە لەسەرەتادا بەدەم گەڕانەوەی «جەردە» دەست پێ دەکاو چەند ڕۆژێک پێش سەری مانگەو نزیک جەژنی قوربانە «بەیانی هەینییە و دەبێ سەر لە منالەکان بدەم..ل٢٩» چیرۆکنووس زۆر شارەزایانە بەهۆی فلاش باکەوە لە کاتی گێڕانەوەی ئاسایی دەمانگوازێتەوە بۆ بەشێک لە کاتی ڕابردوو کە کاتی منداڵی پاڵەوانەکەیە کە وادەزانم هێمایەکە بۆ خودی چیرۆکنووس چونکە کات بەگشتی لە چەند بەشێکی گێڕانەوەیی یەک



لە دوای یەک دێت و لە گەلێک ڕۆماندا بەدی دەکرێت وەک أ.ب.ج کە لە بەشەکانی چیرۆکەکە بیر لێکراوەکە دروست دەبێت.

«ئەو سەردەمە منداڵێکی فەراژی بوو کە لەشکری دوژمن هێرشی هێنایە سەر گوندە جوانەکەیان و وێرانیان کرد...ل١٠» تا ئەو کاتەی جەردە دەیەوێ چۆنیەتی ئەو کات و ساتەی بە دواوەیدا جێ بێڵێ و دەست دەکا بە ژماردنی هەنگاوەکانی تا یادگارە تاڵەکانی منداڵی لەبیر بکات.

لە چیرۆکەکەدا هەست بەوە دەکەین کە مەم کاتی دەست نیشانکراوی چیرۆکەکەمان بۆ بەدیار دەخات کە لە ڕۆژئاوای پێنج شەممە دەست پێ دەکات و بەرەبەیانی هەینی کۆتایی دێت واتە کاتەکە تەنیا شەوێکی مانگەشەوە.

«هەر سەعاتێکی دیکەیەو دەگەمەوە ماڵ... ل٢٦» چیرۆکنووس توانیویە بە گواستنەوەی کات لە شوێن و سەردەمی گێڕانەوەی چیرۆکەکەوە کاتی جیاجیای چیرۆکەکە بیر لێکراوەکە فراوانتر بکات.

**• شوێن:**

«ڕەشید»ی کرێکار کە شوێنی کارکردنەکەی نزیک هاوینەهەواری «پیرمەم»ە، لە کاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە «بێ ئامانج سەری خۆی بۆ لای سەفین هەڵبڕی و ڕووی گواستەوە لای پیرمەم... ل٩».

نووسەر هەموو شوێنەکانی بەردەم «جەردەمان» وەک شاشەیەکی سینەما دێنێتە پێش چاو.

* سەری بۆ لای سەفین هەڵبڕی
* ڕووی گواستەوە بەرەو لای پیرمەم
* لە پێچەکەی دەرماناوا سووڕاوە
* گەیشتە بەرامبەری شێرەسوار
* لە گردە چاڵ لای دا

نا دەچێتە ناو مزگەوت و بەتەنیشت «کاوانیان» ڕەت دەبێت و بەسەر گردی باویان بەرەو دەنگاوە شۆڕ دەبێتەوە ئینجا دەچێتە سەر چاکی خەزو لاس و لەوێشەوە بە بەر «گردی دێریدا بۆ گەلی زەیتان و بەرەو تەم تەمان شۆڕ دەبێتەوەو بناوان بناوان خۆی دەگەیەنێتە زێوەر.

نووسەر بە هۆی گواستنەوەی شوێنەوە لە شوێنی دەستنیشانکراوی ناو چیرۆکەکەوە بە هۆی مەنەلۆژی ناوەوە بە فلاش باک دەمانگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تری دەرەوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە. کاتێ لەشکرەکەی دوژمن بە سەرشۆڕی و بەزیوی لە گوند کشایەوە... باوکی دۆزییەوە.. دونیا قات و قڕی بوو.. لەگەڵ باوکی بەرەو کوێستان سەرکەوتن. لەو دیو.. لە ماڵی مامی لەگەڵ ئایشە گوڵی ئامۆزای پێکەوە گەورە بوون. بەهاران لەگەڵ کوڕە و کیژانی گوند دەچوونە ڕێواسان و نووسەر خۆشەویستی مرۆڤ بۆ شوێن پیشان دەدات بۆیە سەرجەم کێشەی پاڵەوانی چیرۆکەکە سنوور بەزاندنە.

«کە دونیاکەش دامەزرایەوە.. شەڕ و شۆڕ و قاتی دواییبیان پێ هات.. گەڕانەوە گوندە جوانەکەی خۆیان...ل٢٥». مامۆستا مەمی ڕەحمەتی دەتوانی زیاتر درێژەی لە «نۆڤڵەوە» بیکردبا بە ڕۆمان بەڵام بەو چڕ و پڕییە گرەوەکەی بردۆتەوە.

سەرچاوە و پەڕاوێز:

١- بۆ دەستنیشانکردنی قۆناغەکانی چیرۆکی کوردی سوود لەم کتێبەی حوسێن عارف «چیرۆکی هونەری کوردی ١٩٢٥-١٩٦٠» وەر گرتووە.

٢- ئەو بڕگانەی خراونەتە ناو کەوانە لە «پایزە خەون» وەرگیراون.

٣- کامەران موکری - ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی - بەشی یەکەم ل٤٨.

٤- جان ریکاردو- قضایا الروایة الحدیثة - ص٢٥.

٥- روبرت همفری - ترجمە د. محمود الربیعي - تیار الوعي في الروایة الحدیثة.

٦ - بیمار- لەعنەتی سنوور و چیرۆکەکانی مەم - نووسەری کورد ژ ١٢ ساڵی ١٩٧١.



# خوێندنەوەیەک بۆ کورتە ڕۆمانی عەلەبەستێ

(عەلەبەستێ) کورتە ڕۆمانێکی مامۆستای چیرۆکنووس و ڕەخنەگری چیرۆک و ڕۆمان (حەسەن جاف)ە کە ساڵی ١٩٩٩ لە سلێمانی چاپ کراوە و بریتییە لە ٧ بەش و هەر بەشێکیش بەمۆتیڤێکی هونەرمەند محەمەد فەتاح ڕازاوەتەوە.

کتێبەکە لە قەوارەی مامناوەندی بە (١١٤) لاپەڕە پێکهاتووە ئەم کورتە ڕۆمانە مێژووی چەوساندنەوەی کوردی کەرکووک دەگێڕێتەوە یان تراژیدیایەکی مێژوویی شاری کەرکووک -ە، لەسەر زاری پاڵەوانێکی سەرەکی کورتە ڕۆمانەکە کە (عەلی بەستێ)یە.. چیرۆنووس لەم کورتە ڕۆمانەدا، سوود لە هەردوو بواری مێژوو و یاداشت وەردەگرێ بۆ گێڕانەوە و چنینی بەسەرهاتەکانی ناو ڕۆمانەکەی و پاڵەوانەکەی دەکاتە نموونەی قارەمانی زۆر لێکراوی کەرکووکی دڵی کوردستان، بۆیەش بەمجۆرە ڕۆمانەکەی پێشکەش دەکات و دەڵێ: (پێشکەشە بە شارە شیرینەکەم کەرکووکی زێڕی ڕەش و خوێنی گەش و لانەی سەدان پاڵەوانی وەک عەلەبەستێ..) لە بەشی یەکەمی ڕۆمانەکەدا، وەک پانۆرامایەک و تێڕوانینێک، گەشتێکی نوستالژیا ئامێز بە شارەکەدا دەکات و باسی خۆشەویستی و نامۆ بوونی مرۆڤی کورد دەکات لەو شارەی کە لەوەتەی هەیە بۆ کورد بووەتە دۆزەخ، کەچی شارەکەش خەڵک و دانیشتووانی کوردی خۆی خۆش دەوێ و ئەوانیش دەستبەرداری نابن، ئەگەرچی غەوارە و بێگانە دەستی بەسەردا گرتووەو بۆ کوردەکەی کردووە بە دۆزەخ، بۆیەش بەمەبەستی داگیرکردن و گۆڕینی سیمای ئەو شارە، هەر کوردەکە بووەتە پەراوێز و هەر لە دێر زەمانەوە لەگەڵ ڕژێمە یەک بەدوای یەکەکان و دەسەڵاتە جیاوازەکاندا بوونەتە دوو قوتبی جیاواز و کەوتۆتە بەر ئەو شاڵاوانەو بەدەیان ڕۆڵەی بوونەتە قوربانی و تاڵی و سوێری چەشتووە بۆیەش ڕۆڵەکانی ڕاوەدوو نراون و گیراون و دەربەدەر کراون و بوونەتە پێشمەرگەو لە سێدارە دراون وەک لە دەستپێکی ڕۆمانەکەشدا چیرۆکنووس دەڵێ: «ئەم شارەی ئێمە هەمیشە دۆزەخێکی بێ ئامانی بۆمان داگیرساندووە، دەمان چەوسێنێتەوە، بێ کار، بێ شادی، هەردەم وەک نامۆیەک تەماشامان دەکات، هەر خۆشیشمان دەوێ، ئێمە دەزانین ئەو هەندە بێ ئەمەک و نمەک حەرام نییە، ئێمەی خۆش دەوێ و حەز دەکا لە

سایەیدا بحەوێینەوە، بەڵام دەسەڵاتیشی نییە، غەریبە و غەوار دەسەڵاتیان بەدەستە، کار و فەرمان و بازاڕیان لەبن چنگدایە، ئەمیش هەمیشە بۆمان تەعزیەبار و ڕەشپۆشە، وەک گوڵە گەنم وایە، ئاوس بە خێر و فەڕ، بەڵام بێگانە لێی دەخواو خۆی پێ پۆشتەو پەرداخ و بەهێز دەکاو لە دواییشدا چاکەکەی بە تۆڵە و ڕق و ڕاونانی جگەرگۆشەکانی دەداتەوە. ئێمە ئەوەندەمان خۆش دەوێ ناومان لێ ناوە بووکی زێڕینی کوردستان، بەڵام ئەم بووکە لە بری تارای سپی بێگەردی بووکێنی، مەرگ و ترس و تۆقاندن بووەتە دیاری دەستی بێگانان بۆی، نەیانهێشتووە قەت ڕۆژێ شادی ببینێ و بە دیداری دڵخوازەکە چاوە ڕەشەکانی بگەشێتەوە... تاد». لەم بەشەدا کە کوردەکە زۆر بێزارە دەنگۆی ئەوە بڵاودەبێتەوە کە لە بەغدا قەوماوەو مەلیک و وەسی کوژراون، کوردەکە ئەوەندە ترسێندراوە ناوێرێ وەک هەواڵیش باسی بکات تا ڕاست دەبێ و شۆڕشی چواردەی تەمموز بەرپا دەبێ و کوردەکە هەست دەکات کە تازە لە دایک بووە چونکە دەبێتە برا بەشی عەرەب، ئینجا هەر لەم بەشەدا خەڵکی شارەکە لە پێشوازیی جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری ناوخۆ (عەبدولسەلام عارف)دان و کە دەگات خەڵکەکە ئەوەندە هوتاف دەکێشن ناهێڵن هیچ بڵێ.. ناحەزی شۆڕشیش بە پیاوی بێگانە و کۆنەپەرست و پیاوی کۆمپانیای نەوتیان دادەنا.. خەڵکەکە ئەو ڕۆژە ئەوەندە هوتافیان کێشا تۆڵەی چەندان ساڵی دەمکوتکردنی خۆیان کردەوە.. لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا شایی و شادی شار هێندە ناخایەنێ، بەرە بەرە خەڵکەکە بەسەر چەندین حزب و نەقابە دابەش دەبن، چەکدار زۆر دەبن لە شار بەدلە خاکییەکان گوریسێکیان بە نیتاقەکانیان شۆڕدەکردەوە بۆ کوشتن و ڕاکێشانی ئەو پیلانگێڕانەی دەیانەویست بە پارەی کۆمپانیای نەوت (کۆمارە ساواکە) لە ناو بەرن، هەریەکەو کۆترێکی ئاشتی لە مس دروستکراوی دەخستە سەر سینگی خۆی، بەڵام چەک بەهەموو کەس نەدرا، ئەوەی ڕایان لێی نەبا بە نۆکەر تاوانبار دەکرا: (دیسانەوە کورد لە شارەکەی خۆیدا نامۆ بووەوە، جلی کوردی لەبەر کردن مانای ئەوە بوو، ئەو کابرایە ڕاسترەوە و کۆنەپەرستە، ڕێکخراوە کوردستانییەکان تەنگیان پێ هەڵچنراو تا ڕادەیەکی زۆر ئەو چالاکی و جموجۆڵەی سەرەتای شۆڕشیان نەما، تەنانەت ڕۆژ باشیش بووە عەیبە... تاد) ل١٨، بەڵام تورکمانەکان دژی ئاشتیخوازەکان و کورد بوون: (بەرانبەر گوریس و کۆتری ئاشتی، تورکمانەکان یا وەک پێیان دەگوتن تۆرانییەکان، هەریەکەو سەلکە پشیلەیەک یا دار لاستیکێکی لە مس دروستکراویان کردبوو بە سنگیانەوە، گوایە بەو دار لاستیکە کۆترەکە دەکوژن و دەرخواردی پشیلەی دەدەن.



ئەگەرچی فەرماندەی سەربازی نوێی شار پشتگیری گوریس بەدەستەکانی دەکرد، بەڵام هێشتا دەسەڵاتی تورکمان لە ناو دام و دەزگاکانی دەوڵەتدا بەهێز بوو بەتایبەتی لە ئاسایش و پۆلیس...تاد).ل١٨.

(بەیانی ڕۆژی چواردەی تەمموز شار خرۆشا، خەڵک ڕژانە سەر جادەکان، کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن، کوردەکان بەجلی کوردییەوە تەزبیح و جامانەیان باداوەو هاواریان دەکرد (پێشڕەوی کورد پارتییە..) لە شۆڕیجە و ئازادییەوە وەک لافاو بەسەر هەردوو پردەکەی خاسەدا پەڕینەوە بۆ جادەی ئەتڵەس، خەڵکی تەپەی مەلا عەبدوڵڵاو ڕەحیماواش بە جادەکەی (ام الربیعین)داو بە سروودی.. شۆڕبوونەوە ناو شار.

تورکمانیش لە بەری موسەڵڵاو لە چایخانەی (قەپلان یواسی) بەرەو جادەی ئەتڵەس دەهاتن.. کۆمەڵێکی دیکە تێکەڵ لە کورد و عەرەب و تورکمان و ئاشووری و ژمارەیەکی زۆریش ئەفەندییان تێدا بوو، بەخۆو بە دروشم و پەتی دەستیان و کۆتری سەرسنگیانەوە دەهاتن و بەهەر سێ زمانەکە هوتافیان دەکێشا. ئەم کۆمەڵە کە دەگەیشتە لای تورکمانەکان دەنگیان بەرز دەکردەوە و پەتیان ڕادەوەشاند (ماکو مؤامرة تصیر والحبال موجودة).. دەوروبەری سەعات (١٠)ی بەیانی، لای چایخانەکەی (یلدز)و لەو کاتەدا کە ڕێپێوانی تورکمانەکان گەیشتە ئەوێ، یەک دوو تەقە کرا، ئیتر خەڵکەکە بەتەواوی خرۆشان و ڕیزەکان تێکچوون..

(مؤامرەکە) دەستی پێکرد.. کورد و تورکمان لە یەکیان دا و قەوما... تاد.ل٢١. ئەمانە تا ئێرە هەمووی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی مێژووی شاری کەرکووکن کە چیرۆکنووس وەک گێڕانەوەی یادداشتێکی تەواو واقیعی دەیانگێڕێتەوەو هێشتا ڕووداوەکانی ناو کورتە ڕۆمانەکە دەستیان پێنەکردووە کە بەسەرهاتی گیرانی عەلی بەستێ و دووەمی ڕۆمانەکە، چیرۆکنووس عەلە بەستێ دێنێتە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکەی و لەم تەقەو هەراو قەومان و ڕاوەدوونان و کوشتن و بڕینەدا، مەحموودی کوڕی کە کرێکاری کۆمپانیای نەوتە نەهاتووەتەوەو (خەجێ)ی خێزانی بۆی پەرۆشەو لەم کاتەدا کوشتن و تاڵانکردنی خەڵکەکە دەبینێ و تورکمانەکان لە تاو مەرگی خۆیان ڕوودەکەنەماڵەکەی حاجی عەلی بەستێ و ئەویش دەیانپارێزێ ئەگەرچی تۆمەتباریشی دەکەن کە گوایە (مؤامرەچی) پاراستووە.. تورکمانەکان دەیانەوێ تۆڵەی خۆیان بکەنەوە، ئەوە بوو وەفدێکیان ناردە بەغداو فەرماندەی شار گۆڕاو شارەکەیان کردە دۆزەخێک بۆ کوردو هەرچی تاوانێک هەبوو خستیانە ئەستۆی کوردەوە... ئەوەبوو لە بەشی سێیەمی ڕۆمانەکەدا کە ئەم کوشت و

کوشتاره و گرتنی کورد باس دەکات ئینجا شەوێک بەسەر ماڵی حاجی عەلی بەستێ دادەدەن و لەسەربان لە خەو بە قۆنداغە تفەنگ هەڵیان دەستێنن و دوو تورکمانی دراوسێی حاجی - شیان لەگەڵدا دەبێ کە لە ئاسایش کاریان دەکردو لەوانە بوون کە کاتی خۆی حاجی شاردبوونیەوە ئینجا حاجی عەلی بەستێ کە ڕۆمانەکەی بەناوە لەگەڵ مەحموودی کوڕیدا دەگیرێن و خێزانەکەیان بەتەمای مام حەمەدەمین و دەروێش فەتاح دەمێننەوەو جارجارە هەواڵی حاجی و مەحموود دێنن و سەردانیان دەکەن.. ئینجا لەوێوە گرێچنی ڕۆمانەکە دەست پێدەکات، باس لە ژیانی بەندیخانە و کەسایەتی دەروێش فەتاح و کوڕە ئەفسەرەکەی دەکات و کە حاشا لە باوکی دەکات و شەرمی پێیەتی و هەمدیس ناو ماڵی دۆزەخی مام عەلی دیمەن دەبنە تراژیدیای چەند بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکە و پاشانیش حاجی عەلی و مەحموود مەترسی لە سێدارەدانیان لێ دەکرێ، چونکە قین لە دڵەکان ئاوایان بۆ تێکوشیون کە زەحمەتە بێنە دەرەوە ئەگەرچی ئەم ڕژێمەش دەڕووخێ و سەردەم دەبێتە سەردەمی حەرەس قەومییان، بەڵام حاجی عەلی و مەحموود هەر لە زیندان دەمێننەوە تا لە کۆتایی ڕۆمانەکە حاجی عەلی بەبەر لێبووردن دەکەوێ و بەردەبێ، بەڵام مەحموود لە زیندان دەمێنێتەوەو لە دواییشدا لە سێدارە دەدرێ و کوردەکان لە ڕێورەسمێکی پڕ لە شکۆدا دەینێژن و حاجی عەلی لە هۆش خۆی دەچێ، بەڵام تا دەیگەیەننە نەخۆشخانە ئەویش دەمرێ و گیان دەدا و دەیبەن لای شەهیدەکان و لە تەنیشت مەحموود کوڕی دەینێژن.

ئەوە بوو بەسەرهاتی واقیعییانەی ناو کورتە ڕۆمانی عەلەبەستێ کە خوێنەر وەک ناوێکی سەرنجڕاکێش حەز بە خوێندنەوەی دەکات، بەڵام چیرۆکنووس بەهۆی ئەوەوە بەسەرهاتی شارێکی تەواو دەگێڕێتەوە تەنانەت پاڵەوانە سەرەکییەکەی کە عادەت وایە ئەو ناوەی ڕۆمان یان چیرۆکی بە ناو دەکرێ، دەبێ ڕۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ و سەرنجڕاکێش و پڕ لەسەر کێشی بێت بۆ ئەوەی ڕۆمانەکەی بە ناو بکرێت، بەڵام عەلەبەستێ نەیتوانی هیچ پاڵەوانییەک لە دژی زوڵم و ستەمی زۆردارەکانی شار نیشان بدات و ڕوو بە ڕوویان ببێتەوە تەنیا لە وەختی کورداندا تورکمانەکان دەشارێتەوەو بەرگرییان لێ دەکاو لەوەدا سەرکەوتووە، دەنا بەدەست تۆڵە ستێنەوەو دەسەلاتی پڕ لە ستەمی دژ بە کورد ئەو بەسەر ماڵەکەیدا دەدرێ و لە پاشان بەردەبێ و کوڕەکەی لە سێدارە دەدرێ و خۆشی لە خەفەتان دەمرێ و تا کۆتایی ڕۆمانەکە هیچ بەرەنگارییەکی نییە، ئەگەر هەشیبێ لە ناو چوارچێوەی زینداندا دەمێنێتەوە بۆیە بە ڕای من مامۆستا حەسەن



جاف نەدەبوو ڕۆمانەکەی بە ناوی ئەو پاڵەوانەیەوە ناودێر بکات، بەڵکو ناوی تراژیدیای شارێکی پڕ لە ستەمی لە ڕۆمانەکەی بنایە کە دەلالەتی لە چەوسانەوە و کوێرەوەری کوردی دڵی کوردستان بکردایە. ئەمەو ڕۆمانەکەشی ئەوەندە ڕیالیزمییە کە سەدا سەد گێڕانەوەی یاداشت و ڕووداوی مێژوویی پێوە دیارە کە دەکرا بە شێوەیەکی خەیاڵئامێزو گێڕانەوەیەکی نوێی پڕ لە سیحر و ئەندێشە و ئەفسانەی هەڵبکێشێ و ڕووداوەکانی تێهەڵکێش بکردبووایە...

ئینجاش زمانی گێڕانەوە لەم کورتە ڕۆمانەدا زۆر سادەو ئاساییە وەک هەر بۆ ئەوە بێت ڕووداوە مێژووییەکان هەر لە قاڵبێکی یادداشت ئامێزدا بگێڕدرێنەوە. یان پڕۆژەیەکی سەرەتایی بێت و بۆ نووسینی ڕۆمانێک.. بەهەر حاڵ تۆمارکردنی ئەم هەموو ڕووداوە مێژووییانە و بەم هەموو وردبینی و گێڕانەوەی مێژوویی چەندان ساڵی شارێکی برینداری وەک کەرکووک، خۆی لە خۆیدا جێگای ڕێز و ستایشە و دەستخۆشی ڕۆماننووس دەکەم و ڕووداوەکانی وا چنیوە مرۆ حەزدەکات لە نهێنی ئەم شارە بگات و بزانێ عەلە بەستێ کێیە و بۆچی بووە بە پاڵەوانی ڕۆمانێک؟ کە چیرۆکنووس توانیویەتی قەڵەمکێشی تەواوی هەڵسوکەوتی ژیانی بکات و بەهۆی ئەویشەوە کێشەی پڕ لە ستەمی شارە زێڕینەکەی کە دڵی کوردستانە بکێشێ. شایانی ئەوەشە زیاتری لەسەر بنووسرێ و لە هەموو لایەنێکەوە بخوێنرێتەوە، بە هیوای ڕۆمانی باشتر..

# کرمانج لە کێشمەکێشی کۆمەڵایەتیدا

لە بڵاوکراوەکانی ژمارە (٢)ی ڕۆژنامەی میدیا نۆڤڵێتێکی مامۆستای ڕۆماننووس (عەزیزی مەلای ڕەش) جێگای خۆی لە کتێبخانەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا کردەوە ئەگەرچی مامۆستا عەزیز بە وتارە چیرۆک ناودێری دەقەکەی خۆی کردووە، ئەمەش ڕەنگبێ لەبەر تۆمارکردنی بابەتێکی نوێی چیرۆک بێت یانیش مامۆستا نەیوێراوە یاخود بۆی یەکلا نەبۆتەوە کە ئاخۆ دەچێتە خانەی نۆڤڵێت یان نا.. بەهەر حاڵ ئەگەر مەبەستی هەرچییێک بێت نە وتار دەبێتە چیرۆک و نە چیرۆکیش دەچێتە خانەی وتارەوە بۆیێ من لای خۆمەوە بە نۆڤڵێتێکی سەرکەوتووی دادەنێم و هەموو مەرجەکانی بوونی بە نۆڤڵێتیشی تێدا دەبینم بۆیێ ناشمەوێ لێرەدا کات لە خوێنەر بدۆڕێنم و مەرجەکانی چیرۆک و نۆڤڵێت باس بکەم هێندە هەیە ئەم بەرهەمەی عەزیزی مەلاش ڕەش ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤی کوردی تێدا بەرجەستە کراوە ئەم ژیانەی پاڵەوانەکانی بەهەموو خۆشی و ناخۆشییەوە لە کاتی ئێستا و ڕابردووەوە باس لە ژیانی دواکەوتوویی و پاشەکشەی کۆمەڵایەتی میللەتەکەمان دەکات دیارە هەڵبژاردنی شوێنکات و پاڵەوانەکانیشی لە پانتاییێکی ئەم مەملەکەتەی ئێمەدا نیشاندنی نموونە یێکی ئەم کۆمەڵگە مرۆڤایەتییەی ئێمەیە.

نۆڤڵێتەکە بە شێوازی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ نووسیوە و هەر لە ناو ئەم گێڕانەوەی چیرۆکبێژیشدا ڕاناوەکان بە شێوەی جیاجیا وەک من، تۆ، ئەوان دەبینرێن... ئیتر کاتی دیاریکراوی ناو چیرۆکەکە ئەم کاتانەیە کە پاڵەوانەکەی پیر و کەنەفت بووەو بە گالۆکە دێتەوە سەر پێخەفەکەی و بە دانیشتنی چوار چمکی تەماشای دەرەوە دەکات ئەمیش لە پەنجەرە ئاسنە ژەنگاوییەکەی تەنیشت جێگاکەیەوە سێرە لەم گردە دەگرێت و بە فلاش باک یادگارەکانی دێنەوە بیرو لەوێوەش یێک بەدوای یێکی چیرۆکبێژ دروست دەبێ کە پاڵەوانەکە خۆی دەبێتە چیرۆکبێژ و سەربردەی ڕابردووی خۆی دەگێڕێتەوە وا دیارە



کاتی گێڕانەوەکەش زستانە، چونکە بەم سەحەرە شەختە زۆرەکەی لای ژوورەوەی پەنجەرەکە دەشکێنێ و خوناوەکەش بەرپەرچی ویستی سێرەی دەدات، ئەوجا شنە باییێکی ساردی زستانی و مرۆڤ تەزێن سەر بەسەر هەموو کون و کەلەبەرێکی جەستەی دادەگرێ، پاڵەوانەکە خۆشەویستی خۆی بۆ گوندەکەیان پیشان دەدات وەک ئەوەی ساڵانێکی زۆر بزری کردبێ و پاشان ئاوەدان کرابێتەوەو، لە بۆنکردنی تێر نابێ (ئۆخەی چ بۆنێکی خۆشە! دەڵێین بۆن و بەرامەی گوندە بەهەشتەکەمانە!) ئەوجا چیرۆکنووس بە شێوەی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ گێڕانەوەکە بەخۆی دەسپێرێ و سۆزی غوربەتی دەبزوێنێ خۆزگەکانی ناهێنێتە دی چونکە (ئەو دێیەی لە کۆنەوە لانکی باب و باپیرانی بووە. دوو سێ ساڵ بەر لە ساڵی کورد قڕان و کوردستان وێرانی کاول کرابوو. دووبەش مردەی ئەوە بوو: لە سەر و بەری دیدەنی عزرائیلە و تەرمەکەی لە گۆڕستانی باب و باپیرانی دادەبڕێت، پاش پاککردنەوەی خاکی نیشتمان لە زەبر و زەنگی بکوژ و کاولکەران، پشووی بەهەندێ خۆش بوو... ئاواتی هەرە گەورەی کە بەدیدار شادبوونی بوو، دێتە دی: (ئەگەر ئەوە ببایە، عەمرم بەجارێک نوو... دەبووەوە). کەچی ( UN ) لە بریتی دەستی باربووی گەڕانەوەی بۆ خەڵکی ناوچەکە درێژ بکردبووایە، پەلامیزی (٣٦)ی پێداکرد و بە یێکجاری نیشتەجێی باب و باپیرانی لێ قەدەغەکرا). مامۆستا عەزیز لێرە ڕەخنە لە (UN) دەگرێ کە گوندەکەیان ئاوەدان نەکردۆتەوە و خەڵکەکەش ئەو تەلبەندەیان لەنێواندا هەڵنەگیراوە و لەلایەن ئەمانەوە هێڵی (٣٦) دابڕی کردووە بەبەر ئەم هێڵە نەکەوتووە. دیارە کەوتۆتەوە بەردەست بێگانان بۆیێ پاڵەوانەکەی نا ئومێدە و لەم خانووەی بەرامبەر گردەکە دوور لە ئاوەدان بوونەوە بەدەم تەماشاکردنی گردەکەوە کە ناوی دەنێ گردەبۆر، یادگارییەکانی ناخی هەڵدەڕێژێ ئەمەش چیرۆکنووس خۆی چیرۆکبێژەکەیە بەڵام جار جارە قسەکانی پاڵەوانەکەی دەخاتە ناو کەوانە و لە ڕاناوی کەسی سێیەمی تاکەوە دەبێ بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک، کەواتە ئەو گردە لای پاڵەوانەکەی پیرۆزەو هۆکارێکی بیرکردنەوەیەتی و بۆ چیرۆکنووسیش تەوەری سەرەکی نۆڤڵێتەکەیەو پاشانیش شێوەییێکی ئەفسانەیی بەخۆوە دەگرێ و کێشمەکێشەکان و هەڵڕشتە کۆمەڵایەتییەکان و ناکۆکییان لە ناو ئەم کۆمەڵگەیەی مامۆستا عەزیز ئاشکرا دەبن و دەبنە گۆڕەپانی ڕووداوەکان و کێشمەکێشەکان لەوێدا هەڵاوێر دەبن و ڕەخنە کۆمەڵایەتییەکانی چیرۆکنووسیش بەهۆی ئەم گردەوە کێشەی کرمانج و دەرەبەگ و دواکەوتوویی ئەم کۆمەڵگەیە دەخرێت ڕوو، کرمانج لەم نۆڤڵێتەی مامۆستا عەزیز وێنەی

مرۆڤی هەژار و ساویلکەی کوردەوارییە و هەژاری تەنگی پێ هەڵچنیوە هەر بۆیێش لە ڕووی زانستییەوە دواکەوتوو و کۆڵەوارە و هەمیشە لەژێر چەپۆکی کەسانی دی نالاندویێتی وەک دەڵێ (ئای فەقیری کرمانج، کرمانجی فەقیر کوو هەتا ئەورۆی حازری زانستیانە فێرە ژیان و گوزەرانی خۆت نەبووی؟ ساڵ دوانزە مانگ ماندوو و شەقی و بێ بەرهەم و خێر لە خۆ نەدیو. پێشتر نەزانین و نەفامیان لە ڕادەبەدەر بوو... و کۆڵەواری ڕێی ژیان، وەرزی بەهاران جۆمان لە ناو چاڵان دەڕزێ و فرێمان دەدا، کەچی زستانیش مەڕ و ماڵاتمان لە برسان دەمردن...تاد). چیرۆکنووس لەسەر زمانی پاڵەوانی سەرەکی نۆڤلێتەکەی هەژاری و نەزانینی مرۆڤی جارانی کوردەواری دەردەخات و بۆیێ کەوتبووە ژێر چەپۆک و، ئەو عەقڵ و بیرکردنەوەی کە ئێستا بیری لێ دەکاتەوە نەیبوو چونکە نەزانین و نەخوێندەواری باڵی بەسەر مرۆڤی ئەوکاتەدا گرتبوو و بۆیێ هەمیشە کەوتبوونە نێوان هەردوو بەرداشی چەپۆکی دەسەڵاتدار و دینداران و نەیاندەتوانی هەڵگەڕێنەوە و خۆیانی لێ لادەن.

دووانەی زۆرداری ناو کۆمەڵی کوردەواری و کاریگەری بەسەر کرمانجی بەستەزمان، لە یادەوەری و بیرکردنەوەشدا لە لاپەڕەکانی بیرەوەری پاڵەوانی سەرەکی ناو نۆڤلێتەکە دەرباز نابێ، وەک لە فلاشباکی ئەو پاڵەوانە دەڵێ (ئەوەی ڕاستی بێ چەپۆکی دەسەڵاتدار و دینداران، لە هەوەڵەوە... وای سەروەشێن کردبووین ڕێی چاکە و خراپەی خۆمان لێ بزر بوو، لە ژیاندا تەنیا ئەوەندەمان دەزانی و فێرکرابووین.. لە ڕاست خواست و فەرمانیان مل لارکەینەوە و بەس. قەتیش غیرەتی هەڵگەڕانەوەو تەکانی دەرباز بوونمان بەخەیاڵدا نەدەهات، داوی دوو سەرە بوو (شاڵ لە کۆڵ و برا گەورە) ئەمە لاپەڕە کۆن و زەرد بووەکانی بیرەوەری ییێکە ییێکەی پێ هەڵداوە...تاد). ئەم دواکەوتوویی و هەژاری و نەزانینە بەرنامەییێک بووە کە تێکەڵ کردنەوەو فێرکردنی عەقڵیەتی کۆمەڵگەی کوردەواری کراوە و دووالیزمی دەسەڵاتدار و دیندارەکان بەهەموو دار و دەستە و ئامرازەکانیانەوە دەنگ هەڵبڕینیان کپ کردۆتەوە هەتا کرمانج عاقڵ نەبن و کۆمەڵگەی مەدەنی دروست نەبێ و بتوانن بەردەوام بەسەر بیرکردنەوەو هەڵسوکەوتی میللەتێکی دواکەوتوو و هەژار و کۆیلە بە هەژموون بن و نەتوانن شتە باش و خراپەکان لێکتر هەڵوێرن، بەم جۆرەش کرمانج ئامرازێکی مەرامەکانی ئەوانەو ئەوان بە باڵادەستی و کرمانجیش کۆیلە و ژێر دەستەو ئەنجامدەری هەموو ئەرک و فەرمان و بەدیهێنەری بیرکردنەوە و خەون و خەیاڵە بەرزە فڕەکانی ئەوان بێ و نەتوانن لەم بازنە داخراوەدا



دەربازبن و ئەوان برا گەورەو کرمانجیش برا بچووک و ئەوان خاوەن زەوی و کرمانجیش بەرهەمهێنی ئەوان.

کە مامۆستا عەزیز لەسەر زمانی پاڵەوانەکەیدا بە قسە و پەندی کۆمەڵایەتی و ئاینی پاساوی بوونی ئەم جیاوازییانە دێنێتەوە چونکە بە ڕوانینی ئەوان گەورەو بچووکی لە دین و دنیادا هەر هەبووە و باو بووە، لە لاپەڕە (٧)ی نۆڤلێتەکەدا تەواوی ئەم پاساوانە دەداتە دەست خوێنەر. ئەم نۆڤلێتە لە زۆر شوێندا شێوەی وتار پەیڕەو دەکات بەڵام بە گێڕانەوەی چیرۆک چنراوە، ڕەنگە مامۆستا عەزیز هەر لەبەر ئەمەش بێت ناوی ناوە (وتارە چیرۆک) ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە باسم کرد، من لەگەڵ ئەوە بووم ناوی بنێت نۆڤلێت چونکە شێوازێکی وتار ئامێزی بە خۆوە گرتووە بەڵام ناتوانرێ پێی بگوترێ چیرۆک نییە و، لەم دەرفەتەشدا کێشمەکێشە کۆمەڵایەتییەکان یێکلا دەکاتەوەو دەیخاتە ناو بۆتەی خۆیەوە ئەمەش سەرەتاکانی چیرۆکی کوردی ئەم ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەی دیوەو چیرۆکنووسمان وەک ڕیفۆرمیستێکی کۆمەڵایەتی لەگەڵ پاڵەوانەکانیاندا ڕەفتاریان کردووە، بەڵام مامۆستا عەزیز هەم بە شێوازێکی نوێ هاتۆتە پێش کە لە ناو گەڕانەوە بۆ ڕابردوو و بەشێوەی فلاش باک و هەمیش خۆی دانی بەمەدا ناوەو ناوی نۆڤلێتەکەی ناوە وتارە چیرۆک ئەگەرچی نموونەی ناو نۆڤلێتەکە گەلێک زۆرن وەک هەندێک نموونەی وتار ئامێزی لەم کێشمەکێشەدا دەخەینە ڕوو ئەمەشیان مشتێکە نموونەی خەرواریێک.

چیرۆکنووس لە گێڕانەوەکەیدا بە شێوەی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێ دەڵێ (زەوی باب و باپیرانیان، خڕیان بەو پەڕی حەز و تەوازووەوە پێشکەش بەو دوو دەستە غەوارەیە کردو بۆ یەکەم جار لە ژیاندا، خۆیان خستە دوو سالان، لە دیوەخان و تەکییان، بەتایبەتی زەوییان زۆر لەبەر دەستدا بوو. لە سێبەری ڕەحمەتدا دەژیان و لەسەرەوەی مەجلیس بە باڵایان هەڵدەدراو قاوەی دووەم فنجانیان نۆش دەکرد و گفتوگۆیان بە ڕوو خۆشیوە لەگەڵ دەکراو بەس، یەک لە ئەوانە پیرۆت بوو کەچی پاش ئەوەی لە سەر ورگیان پێ گەیشتن و هەنگڕان، غرووری بەر چاوی گرتن، خۆیان بە گوێرەی دەستووری وڵات لە چاو کرمانجە نیشتەجێیەکان غەریب و نامۆ بوون، ئەوجا بە نەجیبزادە و شەریف و ئایین پەروەر لە قەڵەم دەداو ئەوانیش دەست و پێوەند و خزمەتکار، هەر کە دەیان گوت (کرمانج) بە مەزەبیان (دز و حیز و پیاوکوژ و درۆزن و هیچ و پووچ) بێزیان نەدەهات پیرێژنێکی سەقەتیشیان دەقەبەڵ بکەن، کەچی بێ شەرمانە، لە ئاست ئافرەتی جوانیان پشتیان لە بۆچوونە هەڵبەستراوەکەی خۆیان دەکردو دەیان کردنە دایکی کوڕ و کچیان).

کەواتە کرمانجەکان خۆیان خەتابارن لە دروستکردنی ئەم غەوارە دەسەڵاتدار و پیاوانی ئایینی و هەموو شتێکی خۆیان دەقەبەڵ کردن و بۆ ئافەرینێک هەر کەسە پشتی براکەی خۆی لە عاردی دەداو کەچی لای ئەوان کرمانج هەر دز و حیز و جەردە و نەزانە، بەڵام کاتێ بەرژەوەندییان بخواستبایە ئەوا لە چینی خۆیان دادەبەزین و ژنیان لێ دەخواستن کەچی ئەوانیش پیرێژنێکیان لێ مارە نەدەکردن و بگرە بە پیس و ئاوەگڵی ناو کۆمەڵیان دادەنان.

پاڵەوانی نۆڤلێتەکە کە پیرۆتە لەگەڵ مەلا خدری دار بەڕوو، کە مەلایەکی دوانزە عیلم بوو و تازە هاتبووە مزگەوتی گوند ڕێک دەکەوت کە ئەمیان مەلای ئاگاداری تەلەسمەو، بۆ بەتاڵکردنەوەی تەلەسمی ئەو گردەی بەرامبەر ماڵی پیرۆت تا هەرەکەتی لێ بکەن... پیرۆت دەڵێ (ئەو گردەی بەرامبەر ماڵمان خەزێنەییێکی تەلەسماوی گەورەی لە بندایە، ئەوجا ئەگەر دەزانی و لە خۆت ڕادەبینی، لە تۆ بەتاڵکردنەوەو لە منیش هەرەکەت...تاد).

ئیتر مەلا تەلیسمە دەشکێنێ و پیرۆتیش بە خاکەناس و کوڵینگ و بێڵ ئەو گردە هەڵدەکەنێ هەتا دەگەنە خەزینە گەورەکە و واقیان وڕ دەمێنێ.. پیرۆت وا بیردەکاتەوە کە دەڵێ (خەنی بووم بەسایەی دەبمە یەکەم پیاوی ناوچەکە، مام پیرۆتی ڕزی، لەسەر زاران نامێنێ و پیرۆت بەگ، پیرۆت ئاغا، پیرۆت خان، میرانی پیرۆت بەگ جێی دەگرتەوە، دەچمە کن دکتۆران، نەک دکتۆرێک، سەدان بە حوکمی پارە لەسەر خۆمیان خڕ دەکەمەوە، هەرچی داو و دەرمانێ بەکەڵک ئەو بێهێزییەم بێ لەبنی دنیاش بێ، ئیللا، بیللا، دەبێ پەیدای بکەن...).

مامۆستا عەزیز بۆ دروستکردنی شێوە ئەفسانەیی ئەم گردە و دۆزینەوەی خەزینە لەلای پیرۆت مەلاوە، دیمەنێکی تەلیسماوی بۆ دروست دەکات.. (بە هەست ڕاگرتنەکە، چرتە چرتی لە دەرگای ژوورەکەوە، بەرامبەر کونەکە، دوو شیری سپی، سپی لەملاو لەولا دەجمان لە کوێوە هات و سەرنجی دیدەی بکێش کرد و دەمێک بە چاوێکی سەیرەوە بۆیانی ڕوانی، کەوا چ هێزێکە، بەبێ مەکینە و ئالەت ئەوەندە ساڵە دەیان جووڵێنێت، ئەو پرسیارەی کاتی خۆی لە داپیرەی کردبوو (ڕۆڵە هەر کە گۆتت تەلەسم دەبڕێتەوە)... ئەوجا تەماع لە مەلا گیر دەبێ و دەبێژێ (ئەمن تەلەسمەکەم بەتاڵ کردیتەوە، دەبێ بەشی من پتر بێ). پاڵەوانی چیرۆکەکەی (پیرۆت) کە لەگەڵ مەلادا دەبێتە گفتوگۆ باسی



دڵپاکی کرمانجان دەکات کە هەمیشە لەژێر چەرمەسەری و زۆرداری خەڵکی بووە، بەڵام ئەو زوڵم و زۆرداری خەڵکی بووە، بەڵام ئەو زوڵم و زۆرداری لە کەس نەکردووە وەک دەڵێ (مەلا ئەمن کرمانجم، کرمانجیش بەخۆت دەزانی هەر لێی قاچایتەوە. بەعەمری خۆشی لە کەسی نە قاچاندیتەوە). ئینجا دێتە سەر لێک جیاکردنەوەی ڕەگەزی ئاغا و کرمانج و بنەچەی نیشتەجێ بوونیان و ئەم جیاوازییە کۆمەڵایەتییەی نێوانیان وەک لە لاپەڕە (١٧)دا دەڵێ: «مامۆستا ڕەگەزی ئاغا و کرمانج فەرقیان هەیە؟ نەخێر هیچ فەرقیان نییەو ئاغاش لە ڕاستیدا کرمانجن. کرمانجیش بەو کوردانە دەگوترێ کە نیشتەجێی باکووری کوردستانن. کەچی تەعەسوبییەت مانای ئەسڵییەکەی لە ناوچەکەمان بە دوو مانای دیکە گۆڕیوە: یەکەم ئاغا و کرمانج - بە مانا ڕەعیەت دێ.. کاتی خۆی هەندە کەس لە ئێرانەوە ڕوو لە ناوچەکە دەکەن، وشەی (ئاغا) لەگەڵ خۆیان دێنن، کە تا ئەو ڕۆژە، لە ناوچەکە باو نەبووە و لەو دیویش تا ئەو ڕۆی حازریش بە ئاغا ناوی یەکتر دەبەن، ئەوانە لەبەر هەر شتێک بێ کە دێن خۆیان لە خەڵکەکە لاگر دەگرن، خەڵکەکەش لەسەر زاریانەوە، بە ئاغایان ناو دەبەن. دووەم: هەندە بنەماڵەی شاری هەولێر، بەهەمان شێوە خۆیان لە کرمانجان دوورە پەرێز و نامۆ دەگرن. (کرمانج و هەولێری)ش بە مانا (دەشتەکی و شارستانییەت) سەر هەڵدەدات»

ئیتر کێشەی کرمانج و ئاغا، یان بە واتاییێکی تر کێشەی نێوان دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات هەر لە دێر زەمانەوە کێشەییێکی کورد بووە کە مەلا عەزیز لەم نۆڤلێتەدا ڕەگی بۆ سەردەمی عوسمانلییێکان درێژ دەکاتەوە.. ئەو کاتانەی بە ناوی دینەوە و لەژێر ناوی ئیسلامەتی بە ڕم و شیر و تفەنگ ئەم داگیرکەرانە وەک لاوازێک بۆ مەرامی خۆیان نەقیزەیان لە کرمانج داوە و ماڵیان تاڵان کردووە و بە ناوی زەخیرە پەیدا کردن بۆ سوپای ئیسلامی تاڵانیان کردوون.. تا بەم ناوەوە کوردیان قڕ کردووە و کوشتوویانە و بەم بیانووەوە زۆر کەسیش لایەنگریان کردوون چونکە ئەم باوەڕەیان بڵاو کردبۆوە کە لاساری کردنی عوسمانییان و بە گژدا چوونەوەی سوپای ئیسلامی عوسمانلی کفر و لێسەندنەوەی هەقی ژیان.. ئیتر کۆڵداری ئەم دەسەڵاتدارە زۆردارانە لە کوردان مایەی ناڕەحەتی کرمانجان بووینە. ئیتر ئەمە سەربردەی مێژوویی کرمانج - کوردە کە مەلا عەزیز لەم سەردەمەوە وێنەی زەبر و زەنگی ئەم هاوکێشەی دەسەڵات و ژێر دەستەی کێشاوە تا دەگاتە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان کە لەگەڵ بیرەوەری و یادەوەرییەکانی (پیرۆت) تێکەڵ دەبن و وەک شریتی سینەما لە کاتی سێرە گرتنی لەم گردەی بەرامبەری دێنەوە پێش چاوانی

ئەوەتانێ لە لاپەڕەکانی (١٩تا ٢٢) وەک ئەم کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییە وێنەیان دەکێشێ و دەبێتە هاوکێشەیێکی مێژووی چەوساندنەوەی بەردەوامی کرمانج – کورد. ئەم کارەساتانەش وەک مەلا عەزیز گوتەنی (هەموو لەمەڕ دەردە... دواکەوتوویی و نەزانین و خۆش بڕواییـیە ل٢٣)ەوە دێن و دەلالەت لە ساویلکەیی و دواکەوتوویی کورد دەکەن بۆیێش کرمانج لەم کێشمەکێشەدا تەرازووەکەی لاسەنگە ئیتر ئەو میللەتە لە چاو میللەتانی دونیا دوور لە عیلم و زانست، گۆشەگیر و ساویلکە و نەخوێندەوارە، لە ئەنجامیشدا کۆیلە و ژێر دەستەو نوقمی ناو خورافات و داب و نەریتی دواکەوتووانە کە ژیانی پێداوە وەک دەڵێ: (فەرموو: نێزیکەی نۆهەد ساڵ تەمەن لە ناو گێژەنی هەڵبەز و دابەز و کێشمەکێشی ژیانی ناوچەکە بەسەربردن گۆترە نییە. وا لەبەر چاوانیشە عالەم هیچ عیلمێک نەماوە، سەرە دیقانێی لەگەڵدا نەکەن. ئەوجا جەنابت، بەناو سەرەدەرەش لە خوێندنەوە دەردەکا، تازە بە تازە دوای کلاوی هیچ و پووچ و خورافیاتی زەمانی... ئەوە لە ژیانی سەردەمدا بیرو باوەڕ و لۆچوونمانە، لۆیێ حاڵمان ئەو حاڵەیە...) . ل٣٢.

ئیتر کێشی کرمانج لەگەڵ شاریش پەیدا دەبێ و لە شاردا نامۆ دەبن و کە دێنە ناو شار ئەوا شارنشینەکان گاڵتەیان پێ دەکەن و سەراودویان دەنێن و ئەمەش کێشەیێکی تری کۆمەڵایەتی ناو نۆڤلێتەکەیە... لە لاییکی تریشەوە مامۆستا عەزیز پیاو ماقوڵ و دەسەڵاتدارانی هەموو پێ بەدین وەک خۆیان بە پارێزی ئەم دینە دادەنێن و ئەمان کرمانج بە فسق و فەساد و غەیرە دین لەقەڵەم دەدەن لە ڕاستیشدا وەک مەلا عەزیز لە لاپەڕە (٤٥)ی کتێبەکەدا باسی دەکات ئەگەر دینداری هەبێ لای کرمانجانە دەنا دەبوایێ ئاغاکانیش مەلاییکیان لێ هەڵبکەوتبایە... ئیتر ئەمانە و دەیەها گرێ کوێرەی کۆمەڵایەتی تر لە ناو نۆڤلێتەکەدا یەکلا دەبنەوە وەک ئەوەی لەسەر ژن هەڵگرتنێک لەم کۆمەڵگەیەی مەلا عەزیزدا ئەو کابرایەی ژنە بەمێردەکەی هەڵگرتووە ئەوا ئیتر کافر دەبێ و دەبێ لە ناو ببردرێ ئیتر ئەمە کێشمەکێشی زۆر و زەوەندی ناو نۆڤلێتەکەیە کە بەڕای من نەدەبووایە ئەم هەموو کێشانە لە نۆڤلێتێکدا کۆ بکرێنەوەو، بەتایبەتیش ئەم ماوە دوورودرێژە مێژووییەی کە لە سەردەمی عوسمانیەکانەوە کە کێشەی کرمانج و دەسەڵاتدار لێیەوە پێچەوانە و دەستەو یێخەی یێکتری دەبن و تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەر بەردەوامە، چونکە کێشەکە لای مەلا عەزیز کێشەیێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییە و لە هەقیقەتیشدا نیشانەی دواکەوتوویی و نە خوێندەواری و ساویلکەیی و خۆخۆری ئەم میللەتەی ئێمە نیشان دەدات.. کرمانج خۆی میللەتێکی ستەمدیدەیە و



هەمیشە لە ژێر باری دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتیدا چەوسێنراوەتەوە، ئەم دەسەڵاتانەی هەمیشە بۆ بەردەوام بوونی خۆیان، کردوویانن بە پرد و، کرمانجیش لەبەر جۆرەها کێشە و پابەند بوونی بە عەقڵیەتی دواکەوتووانە و داب و نەریتی نە گۆڕاوی تەسکبین و نەزانی خۆی، هەمیشە کەوتۆتە بەرپێیان ئیتر لەم نۆڤلێتەدا کرمانج لە هەموو بوارەکانی ژیاندا دەنگی هەیەو هەموو کێشەکانی لەپێشدا یێکلا دەبنەوە و لە ئەنجامیشدا توانیویێتی ببێ بە ڕەمزی چەوسانەوە و مرۆڤی ژێر دەستەو، هەمیشە مرۆڤی ساویلکەی وابەستە بە داب و نەریت و بەرامبەر ئەم سەنگەرانەی هەنگاوەکانیان بەستۆتەوە. ئیتر دەستخۆشی ئەم هەوڵەش لە مامۆستا عەزیز دەکەین.

## تەکنیک لە نۆڤلێتی (کەمتیار)دا

ڕووداوی سەرەکی نۆڤلێتی (کەمتیار) هەمووی لە شەوێکدا ڕوودەدات کە پاڵەوانەکە (مامەند) دەرگاکە دەکاتەوە و چەخماخەی برووسکە تاسەیەکی پڕ لە شەوق ڕوخسارێکی نیمچە سووتاو بە دیار دەخات و بەر جەستەی نێو گلێنەی دەکات و گومانێکی ئەفسووناوی بە تینوتاو دنیای لەبەرچاو دەگۆڕێ و لە زەمەنی دادەبڕێ.. کۆتایی نۆڤلێتەکەش لە هەمان کات و شوێندا تەواو دەبێت کە دەرگاکە دادەخرێ، منداڵەکانی هێشتا لە خەودان وەک دەڵێ «لەگەڵ پێوەدانی دەرگادا هیور بوومەوە، دەنگی برووسک و هەورە تریشقە کۆتایی هات، خاتوون و منداڵەکان کەوتبوونە خەوێکی قووڵ، ئەو بارە قورسەی سیساڵ ویژدانمی دەسمی نەماو لەتەک خاتوونی مەل دا کەوتمە خەوێکی قووڵ و شیرین». ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات کە بیرۆکەی نۆڤلێتەکە بە ئاگا هاتنەوەی بیر و خەیاڵ و ویژدانی سی ساڵ نووستووی مامەندە کە لەگەڵ چەخماخەی بروسکەدا چیرۆکەکانی پڕ لە تاوان و شەهوەتی سی ساڵی وەک شریتی سینەما بۆ دەگەڕێننەوە و دواییش لەگەڵ داخستنی دەرگادا لەگەڵ منداڵەکانیدا دەکەوێتە خەوێکی قووڵەوە، کەچی لە ناو ئەو شەوەدا بەهۆی فلاش باک و مۆنتاژی کات و شوێنەوە کاتەکە بەر فراوان دەبێ و ئەم چیرۆک و ڕووداوانەی خۆی و دایکی و باپیرەی کە هەندێکیان وەک هەقایەت و گێڕانەوە لە بیری ماون دەگەڵ بەسەرهاتە سەیر و سەمەرە و پڕ لە سەرکێشییەکانی خۆیدا تێکەڵیان دەکاو بۆ ماوەی سی ساڵان درێژی دەکاتەوە. کەواتە دوو کات لەم نۆڤلێتەدا بەرجەستە دەبێ یەکەمیان کاتی دیاریکراوە ئەوی دیکەشیان کاتی شاردراوەیەو لە ناو گێڕانەوەدا بەدیار دەکەوێ ئەمەش (جان ڕیکاردۆ) لە کتێبی (کێشەکانی ڕۆمانی نوێ)دا بە دوو کات ناوی دەبات یەکەمیان کاتی ناوەوەو ئەوی دیەکەشیان کاتی دەرەوەی ڕۆمانە، لەم نۆڤلێتەی (کەریم دەشتی)یشدا ئەم دوو کاتە بەرچاو دەکەون.. ئەم نۆڤلێتە بە ڕاناوی جیاجیا نووسراوە هەندێک جار چیرۆکنووس خۆی دەبێ بە هەقایەتخوان و وەک بگێڕەوەیەک چیرۆکەکانی باڵە فرەی خەیاڵی پاڵەوانەکەی و پاڵەوانە ناسەرەکییەکان دەگێڕێتەوە و هەندێک جاریش بە ڕاناوی (من)ی کەسی یەکەمی تاک گێڕانەوەی خۆی



درێژە پێ دەدات، جاری واش هەیە بە شێوازی فرە دەنگی و بە زمانی پاڵەوانەکانی نا سەرەکی لەسەر زاری خاتوونی ژنی یا مەحموودی کوڕی یا پاڵەوانە نا سەرەکییەکانی دیکەی چنراوی ناو چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە.. هەر هەمووشیان لەنێو هەر دە بەشەکەی نۆڤلێتەکەدا بە یەک هەناسە و زمان وەک ئەوەی بزانرێ هەموو هەر داڕشتنی شاعیریانەی چیرۆکنووسە یا ئەو زمانەی گێڕانەوەیە کە شیعرییەتی لێ دەتکێ.. داخوا پاڵەوانەکانی ئەم نۆڤلێتە ئەم ڕۆشنبیرییەیان تێدا دەبینرێ بە زمانێک بدوێن کە لەگەڵ دوانی خەڵکی ئاساییدا جیا بێت، یا کارەسات و کەرەستەی ڕۆشنبیری وایان هەبێت بیزانن؟! داخوا مامەندێک کە هیچ سیمایەکی خوێندەواری پیشان نەدراوەو ئەم هەموو تاوانەی ئەنجام دابێت چۆن دەزانێ بەسەرهاتی (سیزیف) چییە؟! کە لە لاپەڕە (٢٤)دا لەسەر زمانی مامەند باسی بەردەکەی سیزیف دەکرێ؟! ئینجا ئاگر دزینی (برۆمیتۆس) کە لە لاپەڕە (٢٥) هەر بە ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک (من) مامەند باس دەکات!؟.. بەڵام چیرۆکە سەیر و سەمەرە و ئەفسانەییەکانی ناو نۆڤلێتەکە یا سەرکێشییەکانی مامەند تەشویقێک بە نۆڤلێتەکە دەدەن و خوێنەر پەلکێشی ناو ڕووداوەکان دەکەن و بێزاری ناکەن، زمانی دەربڕینەکەش ئەوەندە جوان گێڕانەوەکە دەداتە خوێنەر و تێهەڵکێشکردن و تەوزیفکردنی چیرۆکەکانیش زۆر زیرەکانە سەمتی گێڕانەوەکە لەسەر زاران خۆش دەکات و هەست بە پارچە پارچەیی چیرۆکەکان ناکرێ، بەڵکو وەک زنجیرەیەکی بە جوانی پێکەوە بەستراو ئەم کاتە درێژەی دەرەوەی ڕۆمانەکە کە یادگاری دەرەوەی ڕۆمانەکە کە یادگاری سی ساڵی پاڵەوانی سەرەکییە لەگەڵ دیمەنەکانی دیکەی ناو نۆڤلێتەکە و شوێن و بەسەرهاتی پاڵەوانە نا سەرەکییەکانیش وەک چنینێکی هونەری زەوقێک، چەشەیەک بە خوێنەری زیرەک دەبەخشن و وای لێ دەکەن بە شەوقەوە بە دوای سەرە داوەکاندا بگەڕێن و ڕاڤەی خۆیان هەبێت.

پاڵەوانی سەرەکی نۆڤلێتەکە (مامەند)ە، کە هەندێک جار بە ڕاناوی (من) چیرۆکنووس دەری دەخات و هەندێک جاریش چیرۆکنووس باسی دەکات و بە ڕاناوی (ئەو) بەسەرهاتەکانی دەگێڕێتەوە و هەندێک جاریش بە شێوەی فرە دەنگی و لەسەر زاری خاتوونی ژنی یا مەحموودی کوڕی یەکەی بەسەرهاتەکان دەگێڕدرێتەوە.. هەندێک جاریش کەسایەتی دیکە کە لە ویژدانی پاڵەواندا زیندوون، دەبن بە پاڵەوانێکی سەرەکی دیکەو شان بەشانی مامەند ڕووداوەکان دەگێڕنەوە یا یادگارییە تفت و تاڵەکان بەبیر مامەند دێننەوە لە ڕاستیشدا ئەم پاڵەوانانە چنراوی هزری مامەندن، واتە ویژدانی ئازاردراوی

ئەون وەک کەسایەتیی تەبەشی سووتاو کە وەک چیرۆکنووس لە لاپەڕە (٩)دا دەڵێ «ئەو تەبەش سووتاوە چۆن توانیویەتی ئەو هەموو نهێنییە ڕەشانەی من تۆمار بکات.. باسی ڕووداوی ئاوهای دەکرد، من خۆم زەمانێکە لە بیرم نەماون... تاد».

«ئەو تەبەش سووتاوەی کە ڕوخساری نیمچە سووتاوی لە هەموو شوێنێک دایە، لە پەنجەرەوە ڕادێت لە دەرگاوە ڕادێت، لە کڵاوڕۆژنەی ژوورەکەمەوە دێت دەورم دەدات...تاد/ ل١٣». بەڵام هەر دڵنیام کە تەبەش سووتاو مامەند خۆیەتی، ئازاریەتی، ویژدانیەتی، کارە دڕندانەکانییەتی، ئەوەتا هەندێک جار کە لەسەر شێوەی گورگ یا دڕندەی دیکە دۆنای دۆن دەبێت جێی ددانەکانی لە گەردنی خاتووندا بەدیار دەکەون، ئەمەش هەندێک جار بە ناوی مامەندەوە دەگێڕدرێتەوە هەندێک جاریش بە ناوی تەبەش سووتاوەوە. ئینجا لە شوێنێکی دیکەدا و لە لاپەڕە (٣٢)دا مامەند تەواو ئاشکرای دەکا کە ئەو تەبەش سووتاوەی ڕۆڵێکی سەرەکی ناو گێڕانەوەی نۆڤڵێتەکە دەگێڕێ خۆیەتی، ئەوەتا دەڵێ «ئێوارەیەک بوو، شەو ئاگری تای ئەبەدی بۆ خۆش دەکردم، سەیری تەبەشی خۆم کرد! سەری ڕووتەوە بووم بە بای باڵی باران بڕەی نێو خەرەند لە پەنجەرەی سینەی ئەو کە مێر منداڵە دەچوو کە دەفەی سینەمی شەق کردبوو». هەندێک جار هەست پێدەکرێ کە تەبەشی سووتاو و پاڵەوانی سەرەکی نۆڤڵێتەکەو (مامەند) هەر یەک کەسن و چیرۆکنووس بۆ خۆشکردنی سەمتی گێڕانەوەکانی خۆی هەندێک جار لێکیان دادەبڕێ و هەندێک جاریش دەبنەوە یەک کەس. لە زۆر کاتیشدا ئەو تەبەش سووتاوە لێپرسینەوە لەگەڵ مامەندا دەکات و دێتە ناو دنیای گێڕانەوەی گوناهەکانی و تەنانەت لە دۆزەخیشدا ددەبێتە پاسەوانێک و لێپرسینەوەی تاوانەکانی مامەندە و بەبیری دێنێتەوە. ئینجا خاتوونی ژنی مامەند و مەحموودی کوڕی ئەوانیش دوو پاڵەوانی سەرەکی نۆڤڵێتەکەن لە دوای کەسایەتی مامەند بەڵام جار جارە نەبێ کە بە زمانی ئەوان بەتایبەتیش خاتوون وەک گێڕەوەیەک یادگارییەکانی یا چیرۆکەکانی مامەند یا بەشێک لە بەسەرهاتی نۆڤڵێتەکە دەگێڕێتەوە، کەچی مەحموود هەر تەنیا لەگەڵ خاتوون لە هزر و خەیاڵی مامەند لە نۆڤڵێتەکەدا دەجووڵێتەوە و تێکەڵ کارەساتەکان دەبێت، بە واتایەکی دیکە دەکرێ بڵێین خاتوون و مەحموود دوو کارەکتەرن لە ماڵەکەی مامەند کە چنراوی هزری مامەند لە ڕابردووەوە بە ئێستاوە دەلکێن و هاوبەندی ئەم پێوەندییەن یا یارمەتیدەرن بۆ پێکەوە گرێدانی ئێستای نۆڤڵێتەکە لەگەڵ ڕابردووی پڕ لە کارەسات و سەرکێشییەکانی پاڵەوانی سەرەکی نۆڤڵێتەکەدا کە مامەندە.. بەڵام سەرجەم پاڵەوانە نا



سەرەکییەکانی دیکەی ناو نۆڤڵێتەکە کە لە هزر و خەیاڵی پاڵەوانی سەرەکی کە مامەندە لە ناو چیرۆکی چنراوی یادگارییە کۆنەکان و وروژانی ویژدانی ئەوەوە بە بیر خوێنەر دەهێنرێنەوە یا مامەند بۆ خوێنەریان دەدرکێنێ یا جاری واش هەیە بەهۆی پاڵەوانەکانی دیکەیەوە بیریان لێ دەکرێتەوە و خوێنەر ئاگادار دەکرێتەوە و جاری واش هەیە ئەو چیرۆکانە یا بەسەرهاتی ئەو کەسایەتییانە لە ویژدان و یادگاری پڕ تۆماری مامەند بۆ خۆیان چەند چیرۆکێکی خۆشن و خوێنەران بەشەوقەوە بە دوای ئەم چیرۆکە نوێیەدا دەگەڕێن و دواییش پێکەوە دەلکێنرێنەوە.. وەک کەسایەتی و بەسەرهاتی : (حەلیمەی کوێخا نەزۆک، خەتمۆی ژنی مام عەلی، حاجی حەمە شێن و حەمدیەی کچی، ئەو کچە جحێڵەی لە نێو بەفر لە بووکە شووشە دەچوو، مجێورە پیرەکە کە دوو ددانی لەدەم مابوو، سەید عەلی و خوشکەکەی، ئەو حەکیمەی کە بۆ چارەسەری مامەند دەیهێنن...تاد) کە ئەمانەش هەموو لەگەڵ سروشت و باڵداری دیکەی ناو ویژدان و بەسەرهاتە یەک بە دوای یەکەکانی پاڵەوانی نۆڤڵێتەکە شێوازی بەکارهێنانی چیرۆک لە ناو چیرۆک بە خوێنەر دەبەخشن لە یەکەی سەرەکی گێڕانەوەی سەرکێشییەکانی پاڵەوانی سەرەکی کە مامەندە و ویژدان و چیرۆکەکانی سیساڵی پڕ لەززەت و شەهوەتبازی و سەرکێشی و تاوانە چیرۆک ئامێزەکانی بن زمانی خوێنەر لە یەکەیەکی جوان بەیەکتر بەستراوەوە خۆش دەکەن.

تەوزیفکردنی چیرۆک، مەزراندن ئەوەیە کە چیرۆک یا هەقایەتێک بێنێ و بیرۆکەکەی بەشێوەو ڕوانینێکی دیکەوە بدەیتە دەست خوێنەر و لەوێدا جیهانبینی و هزر و خەیاڵی چیرۆکنووس لەم مەزراندنەدا بوونی هەیە بە پێچەوانەی زۆران کەس کەوا دەزانن مەزراندنی هەقایەت و چیرۆکی میللی هەر تەنیا گواستنەوەی ڕووداوەکەیە بە شێوازێکی دیکە. بەڵام مەزراندنی چیرۆک و هەقایەت لە ڕۆمان و کورتە ڕۆمان (نۆڤڵێت)دا جیاوازە، چونکە ڕۆمان خۆی ڕەهەندەکانی فراوانن ئینجا تەوزیفکردن یا مەزراندنی چەند چیرۆکێک ئەوەندە دیار نین، بەڵام لەوێشدا چۆنیەتی مەزراندنەکە پێویستی بە کارامەیی و پێکەوە گونجان و فۆتۆ نەکردنی چیرۆک و هەقایەتەکانەوە هەیە. لە نۆڤڵێتی (کەمتیار)دا چەندان هەقایەت و چیرۆکی میللی تێکەڵ گێڕانەوەی سەرەکی کراون، ئەو هەقایەت و چیرۆکانە ئەگەر هەندێکیان دانراویش بن مۆرک و تامێکی کوردەوارییان پێوە دیارە و گونجانیشە لەگەڵ گەڕانەوەی کاتی ڕابردووی نۆڤڵێتەکە کە لە سەر زمانی پاڵەوانەکەیدا دەیگێڕێتەوە، بەڵام ئەوەندە هەیە (کەریم دەشتی توانیویەتی لەگەڵ یەکەی بەسەرهاتەکانی پاڵەوانی سەرەکیدا بە شێوە هونەری و زمانە شیعرییەکەی خۆیەوە

بیانگونجێنێ کە لەسەر زمانی یا بیر هاتنەوەی باپیرەی یا دایکی یا باوکی دێنەوە ناو زەینی پاڵەوانە سەرەکییەکەی ئەمەش لەوەدا سەرکەوتنی زیاتر وەدەست هێناوە چونکە نۆڤلێتەکە زیاتر پشت بە فلاش باک دەبەستێ و بیرهاتنەوە و خەیاڵ و گەڕانەوەیە بۆ کاتی دەستنیشانکراوی ڕۆمانەکە. گەڕانەوەی یادەوەرییە تاڵەکانی ورووژاندنی ویژدانی سی ساڵ بەر لەم بیرکردنەوەیە کە لەگەڵ دەرگا کردنەوەکەو چەخماخەی بروسکەکاندا دێنەوە یادی و جۆری چیرۆکەکانیش لەگەڵ دیمەنە لەیاد نەکراوەکانی زەینی مامەند دا، هاودژنین ئەو چیرۆکانەی کە لەکارەساتە پڕ سەیر و سەمەرەو سەرکێشییەکانی مامەند دا ئامادەییان هەیە بەشێکیشن لە گێڕانەوەی ئەو سەرکێشییانەو تێکەڵ یەکتر کراون لەوانە: ١- چیرۆکی حاجی حەمەشین و حەمدیەی کچی (لەسەر زمانی خاتوونی ژنی مامەند دەگێڕدرێتەوە و بە بیری دێنێتەوە و بە ڕاناوی کەسی دووەمی تاک دەگێڕدرێتەوە) کە حەمدیە دەڕفێنێ و کاری سێکسی لەگەڵدا دەکات و پاشان شونبزری دەکات/ ل١٥ / -٢- چیرۆکی گێڕانەوەی باپیرە گەورەی یا دایکی کە ساڵانی گرانی ئاژەڵێکی سەیریان لێ پەیدا دەبێ و چۆن لێی دەڕەونەوە/ ل٢١ / -٣- گێڕانەوەی چیرۆکی ساڵانی ئەشقیا بوون/ ل٢٥ /-٤- گێڕانەوەی چیرۆکی باپیرەی هی ساڵانی گرانی و لە ناو گێڕانەوەی ئەم چیرۆکەشدا باسی کوشتنی ئەو زەلامە دەکات کە بەتەور کوشتوویەتی/ ل٢٦ /-٥- چیرۆکی باپیرەی یا دایکی سەردەمی بەفرانبارێکی ئەستوور کە کۆمەڵە کاروانچییەک لە ژێر بەفردا مابوونەوە و کەس ناتوانێ ڕزگاریان بکات / ل٢٩ / -٦- ئەو کچە جحێڵەی لە کاتی خنکانی کاروانچییەکان لە ناو بەفردا کە لە بووکە شووشە دەچوو و مامەند دەری دێنێ و دەیباتە ژوورەکەی خۆی و گەمەی لەگەڵدا دەکا/ ل٣٠ / -٧- گێڕانەوەی چیرۆکێکی باپیرەی کە کابرایەک شەوانە دەچووە گۆڕستان و ئەگەر نێر بایە گۆڕەکانی بە واڵایی بەجێ دەهێشت، ئەگەر مێینەش بووایە کفن و دفنی لێ دەکردنەوەو خەریکیان دەبوو، کەچی خەڵکەکە دەیانگوت، ئازاری ڕۆژی قیامەتە ئەو ئافرەتانە لە گۆڕ ناگرێ / ل٣١ /-٨- چیرۆکی سەید عەلی و خوشکەکەی کە مامەند بە بیورێک گۆڕەکەی هەڵدەداتەوە و بە زیندوویی هیچی لەگەڵ نەکراوە و ئەوجا لەو گۆڕە دەری دێنێ و کەف و کوڵی خۆ پێ دادەچۆڕێنێتە جەستەی کەچی مجێور مامەند دەبینێ و دەناسێتەوە و بە ڕووتی بیورێک لەسەری مجێورەکە دەداو لەگەڵ لاشەی خوشکی سەید عەلی دا دەیاننێژێت/ ل٤٤ / -٩- چیرۆکی بینینی ژن و مێردی بن ڕەشماڵەکە کە بالیف دەخاتە سەر دەمی پیاوەکە و دەیکوژێ و ئینجا وەک ئەوەی مێردی ژنە بێ کاری خۆی لەگەڵدا



دەکات و بێ ئەوەی ژنەکە لەخەو ڕابێ مێردەکەی دەباتەوە لای ژنەکە و دەچێتە دەرەوە ل٥٢ /-١٠- چیرۆکی بۆنی هەتوانی حەکیم کە دەیهێننە لای مامەند سەفەری وڵاتی سندوسێی وەبیر دێننەوە کە جەمیلە کوێر سەر قافڵەیان بووە/ ل٥٥ / -١١- ئەفسانەی باپیرەی لە گێڕانەوەی باسی وڵاتی قەفقاسی ئینجا تێهەڵکێشکردنی لەگەڵ هاتنی ئەوان بۆ ڕەشماڵنشینی ئەوان بەهۆی نەهامەتی جەنگ و چۆنیەتی دەستەمۆ کردنی ئەسپێکی سووری خاڵ خاڵی فڕندە و بەرەڵڵا بوونی ئەسپی قەفقاسەکان و چوونەوەیان بێ ئەسپ و ئینجا مامەند هەقایەتەکە لە باپیرەی وەردەگرێتەوە و دەچێتە شوێنی ئەو و ئەسپێک کەمەر بەند دەکات لەم ئەسپە سەر کێشانە/ ل٥٦ تا ٥٩ / -١٢- چیرۆکی جەمیلە کوێر کە دەیەویست ئەسپە ئەفسانەییەکە لە مامەند بدزێ ئەویش دەزانێ و چاودێری دەکات تا گوریس لە کەمەری جەمیلە کوێر دەبێ بە گرێ و ئەسپەکەش تێی دەتەقێنێ و لەو ساوە نە ئەسپ دیار دەمێنێ و نە جەمیلە کوێر/ ل٦٠ / -١٣- چیرۆکی هاتنە ژوورەوەی تەبەشی سووتاو لە ساپیتەی ژوورەکەیەوە و لە کلاو ڕۆژنەکەدا زیاتر و بەردەوام درێژ دەبێتەوە و ژوورەکە لە بەژن و باڵای پڕ دەبێت ل٦٤ / -١٤- ئینجا چیرۆکی ئەو مارەی کە بەسەری کچێکەوە دەداو خاوەنەکەی ڕاوی دەنێت ناچار دەگاتەوە لای پاڵەوانی نۆڤلێتەکە و داوای یارمەتی لێ دەکا کە لەم پاداشتە گەنجینەیەکی بۆ دەبێ مار دەچێتە ناو دەمی کابرا و خۆی دەشارێتەوە کە داوای لێ دەکا بێتە دەرەوە مەرجی ئەوەیە تا بەسەری زمانییەوە نەدات نایەتە دەرەوە، بۆیە ئەویش ناچار دەبێ ئەو مەرجەی لێ قبووڵ بکات و کابرا دەمرێ ئەم هەقایەتەش مامەند لەبیر هاتنەوەیدا بەخۆی دەچوێنێ کە ئەو بووە / ل٦٥. ئەمەو چەندان چیرۆک و هەقایەتی کورتی دیکە هەموویان لە یەکەی گێڕانەوەی نۆڤلێتەکەدا بەشدارن و تەشویقێکیان بۆ خوێنەر دروست کردووە کە بێ گومان ئەگەر نۆڤلێتەکە ئەم چیرۆک و هەقایەتانەی لێ داماڵین تەنیا ئەو یادگارییانە دەمێنێتەوە کە بۆ ماوەی سی ساڵ لە ویژدانی مامەند دا بەردەوام ئازاری پێ دەبەخشین و بیرکردنەوەی بەردەوامی هزر و خەیاڵی ئەون...

# خوێندنەوەیەک بۆ کورتە ڕۆمانی گۆلستان و شەڤ

## پێشەکی

کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت وەک زاراوە هێندە لە مێژنییە هاتۆتە ناو ئەدەبی کوردی و بەتایبەتیش بۆ جیاکردنەوەی ئەم چیرۆکەی کە وەک قەبارە لە ڕۆمان کورتترەو لە کورتە چیرۆکی ئاساییش درێژترە، ئەگەرچی هێشتاکە پسپۆڕانی تایبەت بەم بوارە یا لێکۆڵەرەوە و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کوردی وەک قەبارە دیاریان نەکردووە تا قەبارەی چەند چیرۆکە دواییش قەبارەی چەند کورتە ڕۆمان و ڕۆمانە، بەڵام لەگەڵ ئەوەش بابەتەکە خۆی دەستنیشانی خانە بەندییەکە دەکات ئەگەرچی ئەمە ئێستاکە ئەو کێشەیە نەماوە چونکە نووسەرەکە خۆی لەسەر بەرگی چیرۆکەکەی دەستنیشانی بابەتەکەی دەکات ئینجا لەسەری دەنووسێ (ڕۆمان، کورتە ڕۆمان، نۆڤلێت، نۆڤلڵ، چیرۆکی درێژ، داستانی کوردەواری، داستان،...تاد)، ئەمە ئەم دەستنیشانکردنە تا ساڵانی نەوەدەکان هەر نووسەرە بۆ خۆی دایدەنا، بەڵام لەدوای ساڵانی نەوەدەکان چیرۆکی کوردی بۆ سێ جۆر پۆلێن کرا، ڕۆمان، کورتە ڕۆمان یا نۆڤلێت، چیرۆک.. بەڵام پێش ئەم مێژووە دەیان ڕۆمان و کورتە ڕۆمان و چیرۆک بڵاوکراونەتەوە بەڵام وەک زاراوە هیچیان لەسەر نەنووسراوە یانیش تەنها نووسراوە چیرۆک.

## تەکنیک لە (گوڵستان و شەڤ)دا

کورتە ڕۆمانی (گوڵستان و شەڤ)ی (حەسەن سلێڤانی)یش کە چاپی یەکەمی لە ساڵی (١٩٩٦)دا بە پیتی لاتینی بڵاوکردۆتەوە و ساڵی (٢٠٠٠) یش بە پیتی عەرەبی لە چاپخانەی - هاوار - دهۆک بەچاپ و بەرگێکی جوانەوە چاپ کراوە و لەسەر بەرگی کتێبەکەش نووسراوە (کورتە ڕۆمان) ئەوا بەرهەمێکی دیکەی ئەم جۆرە هونەرەیە لە چیرۆکی کوردیدا کە چیرۆکنووس بە شێوازێکی نوێ بە تێکەڵکردنی یا سوود وەرگرتن لە یادداشت و نامەو لە شێوەی گێڕانەوەی ئاسایی دەربازی کردووە. چیرۆکبێژ لەم ڕۆمانەدا گوڵستانە کە لە شەوێکدا تا بەیانی ناخەوێ و یادی پێنج ساڵی خۆی لەگەڵ دڵشادی



مێردی دەکاتەوە، لە شەوێکدا ئەم یادە دەکاتەوە کە بەم شەوە پێنجەم ساڵی ئەم یادە تەواو دەبێت..

بەڵام بەهۆی مەنەلۆگ و شەپۆلی هۆش و تەداعییەوە جارجارەش دڵشاد دێتە ناو یادەوەری گوڵستان و دەبێتە چیرۆکبێژێکی دیکە، بەڵام بێ ئامادەیی بۆ ئێمەی خوێنەر دەگێڕدرێتەوە.. کەسانی دیکەی نا سەرەکیش هەن لە یادەوەری گوڵستاندا هەروەک دڵشاد دەبنە چیرۆکبێژ و شێوەی گێڕانەوەی ناڕاستەوخۆ وەردەگرن.

* گێڕانەوەکە دەبێتە سێ کاتی ئێستا و ڕابردوو و ئایندە کە هەرسێ کاتەکەش لە یادەوەری گوڵستاندا تێکەڵ دەکرێن و دەبن بە بەشێک لە گێڕانەوەی ڕووداوی ناو ڕۆمانەکە.

**ئێستا:** ئەو شەوەی گوڵستان لەگەڵ خۆی دەدوێ و یادی پێنج ساڵەی ژیانی دەکاتەوە و لە جێگای خۆی وەستاوە و خۆی و دوو منداڵەکەی بەتەنیان و دڵشادیش ئامادە نییە.

**ڕابردوو:** هەموو ئەو یادەوەرییانەی بەهۆی فلاش باک یادی ئەم دوانزە ساڵە و پیش هاتنیان بۆ ئەم شارە کە شاری (موسڵ)ە و لەگەڵ ماڵی باوکی دڵشاد دەژین و کاتی ڕۆمانەکە بە هۆی فلاش باک و تەداعی و شەپۆلی هۆشەوە لە کاتی دیاریکراوی خۆی کە ئەم شەوەیە.

**ئایندە:** پێشبینی کردنی گوڵستان کە دڵشاد لە سەربازی ڕادەکات و دەبێتە پێشمەرگە.

گوڵستان، یادی پێنج ساڵەی ژیانی لەگەڵ دڵشاد دەکاتەوە و هەموو بیرەوەرییەکانی دەبن بە بەشێک لە گێڕانەوەی ناو ڕۆمانەکە و کاتەکە فراوانتر دەبێت لە کاتی دیاریکراوی ڕۆمانەکە کە (جان ریکاردو) لە کتێبی (کێشەکانی ڕۆمانی نوێ)دا ناوی ناوە کاتی دەرەوەی ڕۆمان و کاتی ناوەوەش ئەم کاتەیە کە شەوی یادکردنەوەکەیە و دیاری کراوە بەڵام بەهۆی فلاش باکەوە فراوانتر دەبێت.

بەڵام لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا نووسەر لە گێڕانەوەی ئاسایی دوور دەکەوێتەوە کە گێڕانەوەیە لەسەر زاری گوڵستان، بەڵام ئەمجارە پشت بە یاداشتنامە و ئەو نامانەی ناو دەفتەری یاداشتنامەکە دەبەستێ کە دڵشاد لە ماڵ جێی هێشتووە و گوڵستانیش دەیانخوێنێتەوە و دەبێتە گێڕانەوەی دڵشاد بەڵام بەهۆی خوێندنەوەی گوڵستانەوە. ئەنجام دەدرێت کە ئەمەش ڕێڕەوی گێڕانەوەکە دەگۆڕێ و چەندان دیمەن و یادگاری دیکەی دڵشاد

دەخرێنە ناو گێڕانەوەی ڕۆمانەکە و ڕووداوەکان زیاتر دەبن و هونەرییانە دەخرێنە ناو ڕووداوەکانی سەرەکی ڕۆمانەکە کە کێشەی دوورکەوتنەوەی دڵشادە لە خێزانەکەی بەهۆی سەربازییەوە و بەم هۆیەش کارەساتەکانی ژیانی سەربازی و جەنگ دەخرێتە ناو ڕووداوی ڕۆمانەکە کە کێشەی لێکترازانی خێزانێکە و ئەمەش کارەساتەکانی جەنگ نیشان دەدات کە لە دەفتەرەکەدا (١٤) ڕۆژی ژیانی پڕ کوێرەوەری یادگاری دڵشاد دەبن بە تابلۆی تراژیدی ناو ڕۆمانەکە و سێ نامەکەش هەر دەبن بە تەواوکەری ئەم یاداشت نامەیە و بەشداری بەشێکی دیکە یا ژیانێکی دیکەی شاردراوەی دڵشاد دەکەن و لە هەمان کاتیشدا وەک کێشەیەکی سیاسی و مرۆڤایەتی کارەساتی جەنگ نیشان دەدەن، بۆیەش ڕۆمانەکە وەک ئەدەبی جەنگ لە قەڵەم دەدرێ چونکە ڕووی دزێوی شەڕ نیشان دەدات و چۆن ژیانی چەندان خێزانی لە شێوەی دڵشاد هەڵدەوەشێتەوە و مرۆڤی کوردیش لەم جەنگەدا بە ئاگرەکەی سووتاوە و نەیتوانیوە خۆی دەرباز بکات ئەگەرچی خۆی بە بەشێک لەم جەنگەش نەزانیوە و پێشی ڕەوا نەبووە و ئەنجامەکەشی ڕاکردنە لە ماکینەی ئەم جەنگە مرۆڤ کوژە و دوا پشت و پەنا و مەئواو شوێنی داڵدەش ڕووکردنە شاخە و هەڵگرتنی چەکی پێشمەرگایەتییە و تێکەڵ بوونە لەگەڵ شۆڕش کە نیشانەی ڕزگاربوونی مرۆڤی کورد بووە.. پێم وایە ئەدەبی جەنگیش لە دنیادا نموونەی بەرزی هونەری لە شێوەی ڕۆمان و چیرۆکی مرۆڤایەتی زیندوو تۆمار کردووە هەر لە (جەنگ و ئاشتییەکەی) (لیوتۆلستۆی) تا دەگاتە (هەموو شتێک لەبەرەی ڕۆژئاوا ئارامە) کە (ماریا ریمارک) دیمەنی جوانی ئەم ئەدەبەی کە بە ئەدەبی جەنگ ناسراوە نیشان داوە.. لە ناو ئەدەبی ئێمەش زۆر ئاساییە مرۆڤی کورد ئەم دیمەنە تراژیدیانە لە شێوەی چەندان ڕۆمان تۆمار بکات چونکە ئەم دیمەنانە ئەوەندە لە ناو زەینیا تۆمار بوونە زەحمەتە لە یاد و هەست و زەینیدا بسڕێنەوە، کەواتە مرۆڤی کوردیش وەک هەموو مرۆڤێکی دیکەی ئەم دنیایە ئازارەکانی خۆی دەنووسێ و دەتخۆێنێتەوە و تۆماریان دەکات چ بەشێوەی ڕۆمان یا هەر ژانرێکی دیکە. ئەم ڕۆمانەش باسی خێزانێکی سادە و ساکار و ئاسایی شێوەی دڵشاد و گوڵستان دەکات کە هەردووکیان لە شاری (موسڵ) لەماڵی باوکی دڵشاد دەژین و فەرمانبەرن و هیچ شتێکیش نێوانیان تێک نادات و ژیانیان تاڵ ناکات و لێکتر دوور ناکەونەوە، بەڵام نێوانیان دەکات و لێکتر دەترازێن و لێکتر دادەبڕێن و خۆشەویستی و خەندەی سەر لێوانیان لێ دەسڕێتەوە و ڕۆژیان لێ دەکات بەشەو.

* شوێنی گشتی ڕۆمانەکە ماڵی باوکی دڵشادە لە موسڵ کە خێزانی دڵشادیش لە



ناویدا گیرساونەتەوە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەش کە چیرۆکبێژی سەرەکی چیرۆکەکەیە لە شەوی یادی پێنج ساڵەی ژیانیان لە ژوورەکەی خۆی بێدارە و ئەم شەوە یادەوەرییەکانی دەبن بە گێڕانەوە و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە، بەڵام بە فلاش باک و داڵغە و تەداعی و بیرهاتنەوە شوێنەکانی دیکەش تێکەڵ تۆمارکە دەبن و لە شوێنە داخراوەکە کە ژوورەکەی دڵشاد و گوڵستانە دێتە دەرەوە و ڤالایی فراوانتر دەبێت و چەندان شوێنی دیکەش لە گێڕانەوەی ناو ڕۆمانەکەدا دەبن بە شوێنی کراوە و لە شوێنی چەسپاو ڕەهەندەکانی شوێن و جوانکاری دەگوازنەوە بۆ ئەوسەری وڵات کە زاخۆیە کاتێ ڕۆماننووس باسی پەیکەری خانی دەکات کە بەدەستی سەربازەکانی میری شکاوە، تا ئەودیوی بەرەکانی جەنگ و نیشاندانی شوێن و وەسفی دیمەنی ئەو جێگایانەی کە بە ئامێری جەنگ وێران کراون و لە ناو ئەم جێگایانەشدا جارجارە شوێنەکان دەگۆڕێ و لە سەربازگەی کەرکووک و دیمەنەکانی ئەم شارە دەمانگوازێتەوە بۆ شاری موسڵ و وێنەی باخچەی شەهیدانی بازێڕی موسڵ و پردی دیجلە و بازێڕەکانی دەکێشێ و دواییش دەگەڕێتەوە ناو ژوورەکەی گوڵستان و جارێکی دیکەش لە یادەوەرییەکانی دڵشاددا دەمانباتە ناو دیمەنە جوانەکانی هاوینە هەواری مەسیف و پیرمام و چیای سەفین و بەم ڕێگایەدا سەفەرمان پێ دەکات تا دەمانباتەوە زاخۆ و موسڵ و کەرکووک، ئەم شوێنانەش لە ناو یادەوەری دڵشاددا لە دەفتەری یادەوەری و لە زەینی گوڵستاندا وێنەیان دەکێشرێت و پیاسەی بەردەوامان پێدەکەن لە شوێنی داخراو و شوێنە کراوەکانی دەرەوەی گێڕانەوە کە ئەمەش ڤالایی (فەزا)ی ڕۆمانەکە فراوان دەکەن.

* ڕۆماننووس بۆ بە هونەریکردنی ڕۆمانەکەی سوودی لە کەرەستە و بابەتی جۆراوجۆر وەرگرتووە و خستووتیە ناو چیرۆکی ڕۆمانەکە وەک بەکارهێنانی بەیتی فۆلکلۆری دڵداری.. ل(٤٢) هەروەها سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی شیعر ل (٥٢) یا شێوە گێڕانەوە و پێدا هەڵگوتن لە چەشنی لاوک بەتایبەتی پێداهەڵگوتنی گوڵستان بە دڵشاد (ل٥٣). هەمدیس بەکارهێنانی هەواڵ کە پچڕ پچڕ دەیخاتە ناو چیرۆکی ڕۆمانەکە (ل٥١) ئینجا سوود وەرگرتن و بەکارهێنانی ئەدەبی نامەو یادداشت وەک پێشتر باسمان کرد و هەروەهاش بەکارهێنانی دیمەنی جۆراوجۆر و مۆنتاژکردنی و خستنە ناو چیرۆکی یا گێڕانەوەی ڕۆمانەکە کە ئەمانەش بەهۆی بەکارهێنانی تەکنیکی فلاش باک و تەداعی و سوود وەرگرتن لە مۆنتاژی سینەمایی بە مۆنتاژی کات و شوێن بەکارهاتوون و گێڕانەوەی چیرۆکی ناو ڕۆمانەکەیان لە کات و شوێن و گێڕانەوەی دیاریکراوەوە کە ژوورەکەی

گوڵستانە و گێڕانەوەی یادگارییەکان و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ڕۆژانی ڕابردوو و ئێستا و پێشبینی ئایندەیە و بەمەش ڕەهەندەکانی ڕۆمانەکە فراوانتر دەکەن و جیهانبینی ڕۆماننووس بەدیار دەخەن و ناونیشانی ڕۆمانەکەش گوزارشت لە شەوی گێڕانەوەی گۆڵستان و تاریکی ژیانی دەکات ئەمەش لەگەڵ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەدا گونجاوە و گوزارشت لە ئێش و ئازاری ئافرەتێک دەکات کە لەئەنجامی لێکدابڕانی لەگەڵ مێردەکەی شیرازەی خێزانەکەی تێکدەچێت و کۆمەڵیش پڕیەتی لە ژیانی تاریکی چەندان خێزانی لە شێوەی گوڵستان و دڵشاد و ئەمەش تاریکی و ناخۆش و ژیانی ئەم کۆمەڵە نیشان دەدات کە جەنگ هەموو شتێکی خۆشی لێ ستاندوون و لاپەڕەکان ڕەش دەبن وەک تاریکی و شەوی گوڵستان، بۆیەش گوڵستان لەم ڕۆمانەدا دژی تاریکی دەجەنگێ کە نموونەی شەوە. بۆیەش ڕقی بەردەوامی لەشەڕە چونکە شەڕ تاریکییە، ماڵوێرانییە، تاڵی و چەرمەسەرییە، دژی ژیانە و مردنێکی لەسەرخۆیە، کۆکوژییە و لە ناوبردنی مرۆڤە.. لەم ڕۆمانەدا ژیان لای گوڵستان بۆتە شەوی یەڵدا و کۆتایی نایەت و ڕۆژ بە ڕۆژ تەمەنی بەرەو نەمان دەبات و ئەو ژیانەی کە بەسەریشی دەبات ڕەشە وەک تاریکی و ڕەشایی شەو.

## چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە

لەم ڕۆمانەدا جگە لە چیرۆکی گێڕانەوەی پێنج ساڵەی ژیانی ڕابردووی ژیانی دڵشاد و گوڵستان کە لە شەوێکدا بەبیر گوڵستان دێتەوە، چەندان چیرۆکی دیکەش تێکەڵ چیرۆکی سەرەکی ڕۆمانەکە بووینە و بووینەتە بەشێک لە چیرۆکەکە ئەمەش بەهۆی یادگاری و فلاش باکەکانی گێڕانەوەی گوڵستان و دڵشاد یانیش ئەو چیرۆکانەی کە گوڵستان لە ناو نامەو یادداشتەکانی ناو دەفتەری دڵشاد دەیانخوێنێتەوەو لەسەر زمانی دڵشاد دەیانگێڕێتەوە و چیرۆکەکانیش دوور و نزیک پەیوەندییان بە ژیانی دڵشاد و گوڵستانەوە هەیە و بوونەتە بەشێک لە گێڕانەوەی ڕۆمانەکە وەک:

چیرۆکی دڵشاد و باوکی هاتنی بۆ موسڵ و چیرۆکی حامد حمود و چیرۆکی ئاهەنگی برای ویژدان کە لە دایەرە برادەری گوڵستانە و چیرۆکی ڕۆژانی سەربازی دڵشاد و ژیانی لە ماڵی باوکی و سەربردەی کتێبەکانی و چیرۆکی حەسەنی مهەمەدێ ئۆسمان کە برادەری سەربازیی دڵشادە و چیرۆکی نەجدەت کە بەدەستی هەڤاڵێکی خۆی دەکوژرێت، لەگەڵ چەندان چیرۆکی دیکەی ژیانی سەربازی دڵشاد و ئەو کەسانە و گێڕانەوەی ڕۆژانی ژیانی



لەگەڵ سەربازەکانی دەوروبەری خێزانەکەی و چیرۆکی منداڵەکانی شینوار و ئەردەڵان کە هەست بە تەنیایی و دووری باوکیان دەکەن و چەندان چیرۆکی دیکەیش کە هەموویان لە ناو گێڕانەوەی گوڵستاندا ئامادە دەبن و ژیانی غەریبی و کوێرەوەری ئافرەتێک تۆمار دەکەن کە ڕۆژەکانیشی لێ دەبن بە شەو و بێ دڵشادیش باری سەرشانی قورستر دەبێ و ئەمەش ئێش و ئازاری میللەتێکە دووچاری جەنگ بووە و بۆتە قوربانی چەندان نموونەی ڕاستەقینەی ئەم ژیانەی تۆمار کردووە لە وێوە دروست دەبن کە دەبن بە کۆتی کۆمەڵ و هەموو گروپ و کۆمەڵەو خێزانێکیش دەگرێتەوە، کارەساتی مرۆیی گەورە دەنێتەوە کە جەنگێکە بەرژەوەندی و دامرکاندنەوەی بەدەست تاکە کەسەکان و خێزانی شێوەی گوڵستان و دڵشاد نییە. بەڵکو لە بەرژەوەندی دەسەڵاتەو باجەکەشی ڕەش و ڕووت و چەوساوە و بێ دەسەڵاتانی میللەت دەیدات و بێ ئەوەی هیچ توانا و ئیرادەکیان هەبێت بە ئاگرەکەی دەسووتێن و دەبن بە قوربانی ئەم جەنگە، کارەساتەکانیش ئەوەندە زۆرن بەهیچ کەسێک تۆمار ناکرێن، کاک حەسەن سلێڤانی لەم کورتە ڕۆمانەدا توانیویەتی سەرکەووتوانە هەندێک دیمەنی تراژیدی جەنگ تۆمار بکات و تراژیدیای مرۆڤایەتی بەدیاربخات کە مرۆڤی کورد پێکهێنەر و بەشدارێکی گرنگی جەنگ و قوربانی دەستی جەنگە.

ئێمەش دەستخۆشی لە برای نووسەرمان دەکەین هیواداریـن چیرۆک و ڕۆمانی کوردی زیاتر بچنە ناو کێشە مرۆییەکان و ڕۆماننووسەکانیشمان زیاتر کێشەی مرۆڤی چەوساوە و کارەساتەکانی میللەتەکەمان تۆمار بکەن، هێشتاکە کارەساتی هەڵەبجە و کۆڕەو و ڕاپەڕین و دەیان ڕووداو و بەسەرهاتی دوور و درێژی پڕ تراژیدیای کوردیش پێویستییان بە وەستان و باسکردن و تەوزیفکردن هەیە... ئێمە میللەتێکین هەموو ژیان و مێژوومان پڕ لە ڕووداوی تراژیدی و ئێش و ئازارە بۆیە هەر تۆمارێک مایەی پێشکەوتنی زیاتری ئەدەبەکەمانە بەتایبەتیش ڕۆمان و کورتە ڕۆمان و چیرۆک کە هێشتاکە پێویستی بە قەڵەم و داهێنانی بەردەوامی نووسەرانمانە.. هەر هەوڵێکیش بۆ ئەدەبی کوردی بە گشتی و ڕۆمانیش بەتایبەتی بەشداری کردنە لە بنیادنانی شارستانیەتی و تۆماری میللەتەکەمان، ئەم هەوڵەی حەسەن سلێڤانیش پیرۆزە و نەخشە لە بەرهەمی زیاتر و باشتر بێت لە تۆماری ڕۆمانی کوردیدا.

# خوێندنەوەیەک بۆ کورتە ڕۆمانی بەردەژن

ئەم کورتە ڕۆمانەی برای ڕۆماننووس (مەولوود ئیبراهیم حەسەن) دوو ناونیشانی بەخۆوە گرتووە، لەسەر بەرگەکەی (بەردەژن !!) نووسراوە، بەڵام لە ناوەوە ناونیشانێکی دیکەشی هەیە ئەویش (وەرن بابچینە عاڵلای!)، لەگەڵ پێشەکییەک بۆ ڕۆمانەکە کە لەژێر سەرناوی (بەندە و تاقەت!!) کە تێیدا چۆنیەتی نووسینی ئەم کورتە ڕۆمانەی ڕوون کردۆتەوە و هەوڵەکەشی پێشکەش بە عاڵلاییەکان کردووە، چونکە لە کاتی سەردانی گوندەکەیان عاڵلا، یەکێک لە جووتیارەکان کە باسی نووسینی لێ دەپرسێ داوا لە نووسەر دەکات هەرچییەکی نووسی ناوی عاڵلا لەبیر نەکات.

ڕۆماننووس ئەم دەقە ئەدەبییە جوانەی خۆی بە خەیاڵ و ڕووداو و تێهەڵکێش کردنی دەیان ئەفسانەی کوردی و جیهانی و چەندین میتۆلۆژیای دنیاو کوردی و جیهانی و سوود وەرگرتن لە چەندان ڕووداو و بەسەرهاتی ناوچەکە، توانیویەتی چیرۆکی بەردەژن بۆ خۆی وەک ئەفسانەیەک دروست بکات لە ناو چەندان ئەفسانەی کوردی و جیهانیدا. هەروەهاش ڕووداو و بەسەرهاتی ئایینی کۆن هەموویان لە ناو دروستکردنی ئەفسانەی (بەردەژن)دا بکاتە کوردی و سەردەمەکەشی هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە کە باوکە ئادەم و دایکە حەوا لە بەهەشت دەردەکرێن، ئەمانە و دەیان ئەفسانە و ڕووداوی دیکەی کۆن بکات بە کوردی و لەسەر خاکی عاڵلا یۆتۆپیای خۆی دروست دەکات و جیهانێکی بەرفراوان دروست دەکات کە پایتەختەکەی عاڵلایە کە جوانترین گوندی پایتەختی هەموو دنیایە و هەموو ئەفسانە و میتۆلۆژیاکانیش چ ئەوانەی خۆماڵین و چ ئەوانەی جیهانین و هی میللەتانی دیکەن، بەڵام چیرۆکنووس هەموویانی کورداندووە و عاڵلاندووە، بەڵام با بزانین ئەفسانە و چیرۆکی بەردەژن لەم کورتە ڕۆمانەدا چییەو ئەفسانەکانی دیکەش چۆن لە دەوری ئەم ئەفسانە دروستکراوەی چیرۆکنووس دەخولێنەوە و سەرتاپا نووسینم کە لە قاڵبی گێڕانەوەی واقیعی ئەفسانە ئامێز دەکات، ئەگەرچی زۆربەی ڕووداوەکانیش گێڕانەوەی ڕووداوی واقیعی و ڕاستەقینەن.



## ئەفسانەی بەردەژن

دەڵێن: هیچ کۆنێکی ئەو دنیایە لە کۆنی ئەو ناوچەیە، ناوچەی کەندێناوە و قەراجی لە چیای بڵباسان کۆنتر نییە!

دەگێڕنەوە: لە ساڵی گرانییەکەی، ئەو ساڵەی پیرەکان چاک بە بیریان دێ لەگەڵ جووتی بەهاران، لە ئاقاری کاریتان، گاسنی جووتی کون لە زەوی دەکا، جووتیار بەدوای کونەیدا دەچێ و هەڵیدەدڕێ، کون دەبێتە ژوور – ژوورێکی گەورە و گران، لەو ژوورەوە (ژنێک) زیندوو، زیندووی جوان، جوان بە ڕووتی، هە ڕووتی ڕووت لەنێو ژوورەکەدا دەبێ، کە ژنەکە دەردێن، ژنە هەر هێندە بای سەر دنیایی بەردەکەوێ، یەکسەر و یەکسەر و دەسبەجێ، ژنەی ڕووت – ژنەی ڕووت و جوان، جوان و ناسک دەبێ بە بەرد، بەردی ڕەق، ڕەق و لووس، لووس و سارد، سارد و گران، ئەو ژنە ئەو ژنەی کە ئێستا بوویتە بەرد، بوویتە بەرد و لە ئاقاری بای لێدەدا، بای لێدەدا و ڕووت و جوان سپی دەچێتەوە...... تاد (بەردەژن – ل٣٨).

ئەو ئەفسانەیە کە ڕۆماننووس خۆی دروستی کردووە و مۆرکی کەسی دیکەی پێوە نییە و وەک ناونیشانی کورتە ڕۆمانەکەشی هەر بەم ناوە ناودێر کردووە و توانیویەتی زۆر بەجوانیش دەگەڵ بەسەرهات و ڕووداوەکانی دیکەی زەینی نووسەر تێکەڵ بکات، چونکە لەم کورتە ڕۆمانەدا چ پێش چیرۆکی بەردەژن و چ پاش باسکردنی چیرۆکی بەردەژن دیمەنەکان لە زەینی ڕۆماننووسدا دروست دەبن و دەبن بە دیمەنی وەسفی و لە هەمان کاتیشدا مێژوو و جوگرافیا و ئەنترۆپۆلۆژی و باسکردنی وڵاتێکە کە چیرۆکنووس لە دیمەنەکانی عاڵلا و گێڕانەوەی مێژوو و جوگرافیا و زمان و هەڵسوکەوت و میتۆلۆژیا و ئەفسانە و بیروباوەڕی میللەتی کوردە کە وەک میللەتێکی ئەم دنیایە تایبەتمەندی خۆی هەیە و عاڵلاش وەک پایتەختی هەموو گوندەکانی دنیا و وەک پایتەختی هەموو گوندەکانی کوردستان، چیرۆکنووس هەموو ڕووداو و بەسەرهاتەکانی دنیاو هەموو ئەفسانەکانی خەڵق و کەون و بوون و یەکەم دەستپێکردنی ژیان و یەکەم گەرا دانانی مرۆڤ لە دنیادا کە باوکە ئادەم و دایکە حەوا لە بەهەشت دەردەکرێن کە لێرە لای ڕۆماننووس نەک سێو، بەڵکو بە گوناهی گەنم خواردنێ دەخرێنە سەر زەوی و لە خەیاڵی فانتازیا ئامێزی ڕۆماننووسدا لەم ڕۆمانە لە گوندی عاڵلا یەکەم ژیانی مرۆڤ دەست پێدەکات، ئەمەش پیرۆزییەک کە بەخۆشەویستی خاک دەبەخشێ لای ڕۆماننووس و

توانیویەتی هەموو پیرۆزییەکانی ئەم کەونە و هەرچی ئەفسانە و میتۆلۆژیای دنیاش هەیە هەموویان لەم کورتە ڕۆمانەدا تێکەڵ دیمەنە ئەفسانەیییەکانی دروستکردنی خۆی بکات و عالڵلا وەک نموونەیەکی یۆتۆپیایی چ وەک پایتەختی هەموو دنیاو چ وەک پایتەختی کوردستان، هەموو خەیاڵ و ئەندێشە و فانتازیا و میتۆلۆژیا و بەسەرهاتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان و هەموو ئەفسانە و خورافە و نامەئلووفەکان تێکەڵ ئەفسانەی دروستکراوی بەردەژن دەبن و ڕووداوەکان بە شێوەی ئەفسانەیی و واقیعی تێکەڵی یەکتر دەکرێن و وەک پەخشانێکی ئەدەبی، بەڵام زمانی شیعر دەخرێنە پێش چاو و زەینی خوێنەر و دیمەن و ئیدیۆم و گوزارشت بەردەوام دووبارە دەبنەوە و لە داڕشتنی زمانیشدا ڕۆماننووس بەشێوەی گێڕانەوەی ئاسایی نایانگێڕێتەوە، بەڵکو داڕشتنی بە شێوەی تەداعی لەفزی ڕستە، ڕستەی دیکەو دیمەن دیمەنی دیکەو شەش وشەی دیکە ڕادەکێشێ و چێژێکی خوێندنەوە بە خوێنەر دەبەخشێ و لە هەمان کاتیشدا لە دایەلۆگەکاندا زمانی ئاخاوتنی ئاسایی خەڵک تێکەڵ بە گێڕانەوە کراوە.

## مەزراندنی ئەفسانە و میتۆلۆژیا

ڕۆماننووس لەم کورتە ڕۆمانەدا هەر تەنیا بە دروستکردنی ئەفسانەی بەردەژن نەوەستاوە، بەڵکو ئەفسانە و میتۆلۆژیا و بەسەرهاتی ئایینی و ئەفسانەی خەڵق و بیروباوەڕ و فەلەکناسی و کەشناسی و مێژوو جوگرافیا و بیۆگرافیا و هەموو دیاردە و ئەفسانەکانی دنیای لە ناو هزرنامەی دنیای خۆیدا تواندۆتەوە و لە ناو ئەم کورتە ڕۆمانەدا تەوزیفی کردووە و کردوویەتی بە بەشێک لە ئەفسانە و بیروباوەڕ و میتۆلۆژیای کوردی و لە ناو ئاوێنەی عالڵلادا دەیانبینێ، ئەم عالڵلایەی پایتەختی هەموو گوندانە و ڕێک و ڕاست کەوتۆتە ناوەڕاستی هەموو (دنیا )یێ و تەنانەت ڕۆماننووس خۆشەویستی عالڵلای ئەوەندە لە دڵدا گەورە و فراوانە یەکەم گەرای مرۆڤایەتی و یەکەم ژیانی دوای دەرکردنی باوکە ئادەم و دایکە حەوا لەسەر خاکی عالڵلادا دروست دەکات و مرۆڤایەتی لەوێوە پەرت بووە، کەچی لە کۆتایی کورتە ڕۆمانەکە ئەم عالڵلای وا جوان و یەکەم گەرای مرۆڤایەتی بە بەرچاوی هەموو خەڵکی دنیادا وێران و خاپوور دەکرێ، کەچی کەسێک ناتوانێ دەنگی ناڕەزایی دەربڕێ. ئەوەتا لەم یۆتۆپیایەدا ڕۆماننووس بەم شێوەیە ئەم سۆزە دەردەبڕێ و هەر لەبەر ئەم خۆشەویستییەشە ئەفسانەو میتۆلۆژیای هەموو دنیا لە چاوی عالڵلادا دەبینێ و هەر لەوێشەوە دروست دەبێ و دەگاتە دنیا و ئەوەتانێ لەسەر زمانی باوکە ئادەم



لەسەر چیای بلّباسان دەگیرسێنەوە و مرۆڤایەتی لەوێوە لە قەراج و کەندێناوە لەسەر دنیا دروست دەبێ و یەکەمین دەنگیش کە دەیبیستین دەنگی سەگ بووە، ئەم سەگە بەوەفایەی لەم ڕۆمانەدا چاودێری هەموو ڕووداوەکانە «خەڵکی ئاوا دەگێڕنەوە ئەوانیش لە باپیرانیان بیستووە، باپیرانیشیان لە باپیرەی باپیرانیان بیستووە، بیستوویانە و بیستراوەتەوە، تا دەگاتە باوە ئادەم، کە باوە ئادەم فەرموویەتی: «لە پاش ئەوەی بە گوناهی (گەنم خواردنێ) کەوتینە بەر غەزەبی خودای تەعالا و لە بەهەشت وەدەرنراین، لەم شوێنە، لەسەر ئەم چیایە.. (چیای بلّباسان) خۆمان بینییەوە، ئەو چیایە ڕوون و بەردییە، ئەو بەردە ڕەق و زوورگییە، کە بەلای دەشتی قەراجی هەتا چاوبڕ دەکا دارستان بوو، بەلای کەندی کەندێناوەی هەتا چاو بڕ دەکا دارستان بوو، لەسەر ئەو چیایە ڕەقە، لەنێو ئەو دارستانە چڕە، هەوەڵین دەنگ، ئەو دەنگەی بیستمان دەنگی سەگ بوو» (بەردەژن – ل٩).

ئینجا لە دوای دروستکردن و تەوزیفکردنی چیرۆکی باوکە ئادەم و دایکە حەوا کە ڕۆماننووس دەیانخاتە سەر خاکی عالڵلا، چیرۆکی (هابیل و قابیل) دەکاتە بەشێکی دیکەی بەڵگەکانی خۆی بۆ سەلماندنی کۆنی و شارستانیەتی عالڵلا و دوای ئەویش چیرۆکی (یارانی ئەشکەوت) دەخاتە ناو خاکی عالڵلا و سەگەکەی باوکە ئادەم سەگی بەوەفا و دڵسۆز ئەم هەموو ساڵە ڕۆژ و شەو، زستان و هاوین ئاگاداریان بووە و پاراستوونیەتی.

ئینجا چیرۆکی حەزرەتی موسا کە دەریای پان و بەرینی شەق کردووە، دوای ئەوەش چیرۆکی کەشتییەکەی (حەزرەتی نووح) کە پاش چل شەو و چل ڕۆژان، لافاوەکە هێمن دەبێتەوە، کەشتییەکە لە زۆر چیایان نزیک دەبێتەوە، بەڵام لە خۆیان ڕانەدی ئەم بارە گران و پیرۆزە بخەنە سەر پشتی خۆیان، بەڵام چیای بلّباسان خۆی بۆ کەشتییەکەی حەزرەت نەوی دەکات و کەشتییە پڕ لە ژیانەکە لەسەر ئەو چیایە دەنیشێتەوە و ژیان لەوێ دەست پێدەکاتەوە. هەر لەسەر ئەو چیایەش بوو کە حەزرەت قەلی هەڵدا بۆ ئەوەی وشکانی بدۆزێتەوە، قەل هات و لەو کەندی (کەندالّە قەل)ی نیشتەوە، جاری دووەم حەزرەت کۆتری پیرۆز هەڵدەدا و یەکەم زیندەوەر کە لە کەشتییەکە دادەبەزێ، ئەم سەگە بوو، سەگی باوکە ئادەم بوو کە پێش حەزرەتی نووحیش لە کەشتییەکە دادەبەزێ و ژیان دەخەنە سەر خاکی عالڵلای، ئینجا ئەفسانەی گلگامێش و دزینی گیای نەمری مار لە گلگامێش دەخاتە ناو ئەفسانەی بەردەژن و پێکەوەیان دەبەستێتەوە کە ئەو کاتەی مارەکە ئەو مارەی

گیای نەمری لە گلگامێش دزیوە سەما دەکا، ئەوا بەردەژنەکە زیندوو دەبێتەوە و مارەکەش دەبێتە کوڕە لاو... ئینجا بەرەکەتی سەمای مار و بەردەژن تێکەڵ یەکتر دەبن و وەک ئاشق و ماشوقە بەرەکەت دەخەنە گوندی عالّلای، ئینجا پێکەوە گرێدانی گیای نەمری و ئاوی حەیاتێ و خدری زیندە کە ئەفسانە و بیر و باوەڕی کوردین، تێکەڵ بە ئەفسانەی گەلانی دیکە کراون، بەڵام هەموویان دەبن بە موڵکی عالّلاو لەوێوە ڕۆماننووس بە خوێنەرانی دەناسێنێ و دەیانحاتە ناو گێڕانەوەی ئەفسانە ئامێزی خۆیەوە.

دەکرێ بڵێین ئەم چیرۆک و بەسەرهاتە ئایینییانە و ئەفسانە و میتۆلۆژیای دیکەیش لەبەرئەوەی بڵاوبوونەتەوە و لە ناو هەموو میللەتاندا ناسراون و دەبن بە موڵکی مرۆڤایەتی، بۆیەش ڕۆماننووس ڕێگای بەخۆی داوە بیانکات بە موڵکی کورد و ڕەنگە زۆربەشیان لە بنەڕەتدا کوردی بووبن، بەڵام ئەو بە زمانی عالّلاییەکان دەیانکات بە موڵکی عالّلا و ناوچەی قەراج و کەندێناوە و ئەم بیر و باوەڕە لە لای عالّلاییەکان چەسپاوەو بابەلباب بۆیان ماوەتەوە و وەک ڕۆماننوسیش ئەم گومانە ناهێڵێتەوە و بە زمانی عالّلاییەکان دەری دەبڕێ کە لە کەسیشیان قبووڵ نییە گومان بخاتە سەر بیر و باوەڕیان و ئەم گوزارشتە لە هەموو تێکەڵکردنی میتۆلۆژیا و ئەفسانەکاندا و لەکاتی گێڕانەوە بە زمانی ئەوان هەموو جار دووبارەی دەکاتەوە کە «خەڵکی کەندێناوە و قەراجی، بەتایبەت خەڵکی گوندی عالّلای، لەسەر ئەو باوەڕەن – لە کەسیشیان قبووڵ نییە! گومان بخاتە سەر باوەڕیان – لەسەر ئەو باوەڕەن کە ......».

ئینجا ڕۆماننوس بێجگە لە تەوزیفکردنی ئەم چیرۆک و سەرگوزشتە و هەقایەت و ئەفسانە و میتۆلۆژیانە، سوود لە میتۆلۆژیای ئایینیش دەبینێ، بەتایبەتی میتۆلۆژیای ئیسلامی و ئێزیدی و زەردەشتی.. لە چیرۆکی هەقایەتئامێزی کوردیدا زۆربەی هەقایەتەکان ئەفسانەی مار و زیندەوەری دیکەیان زۆر تێدا بەکارهاتووە، ئەو لە ئەفسانەی ماردا جوانییەکی دیکەی پڕ فانتازیای خستۆتە ناو ئەفسانەی بەردەژن، بەتایبەتی تەوزیفکردنی ماری عاشقە ژن، هەروەها کەسایەتی کچی شای پەرییان و ئەجندە کە لە کوردەواری خۆمان (لەمەچێتر)یشی پێدەڵێن ئەمەش لە ترسانە، هەروەها کەسایەتی شای ئەجندان و شاژنی ئەجندان، شمشاڵی ئەفسووناوی نۆ کونە، خدری زیندە و ئاوی حەیاتێ، ئەمانە و سوود وەرگرتن لە پیرۆزی و بەکارهێنانی ژمارەکانی سێ و چل کە ئەمانەش میتۆلۆژیای ئیسلامین و میللەتی کورد زۆر بەم ژمارانەوە پابەندن و لایان پیرۆزە وەک ئەم بەکارهێنانانە:



– سێ شەو و سێ ڕۆژ بەخۆنابیێنەوە. (بەردەژن– ل١٣)

– پاش **چل** شەو و **چل** ڕۆژان، ئاو لە تووڕەیی خۆی کەوت. (بەردەژن– ل١٨).

– حەزرەت پاش **چل** شەو و **چل** ڕۆژان، **چل** شەو و **چل** ڕۆژەی **چل** ساڵەیی.. (بەردەژن– ل١٩).

– ئەو هەورە یەکگرتووانەی سێ شەو و سێ ڕۆژ یەک بێن دەبارن. (بەردەژن– ل٨٧).

– کە باران سێ شەو سێ ڕۆژە بەردەوام دەبارێ. (بەردەژن– ل١٠٦).

ئەمانەو چەندان ئەفسانە و هەقایەتی دیکە و گێڕانەوە و نیشاندانی بیروباوەڕی خەڵکی ئەم ناوچەیە کە پشتاوپشت دەیگێڕنەوە و لایان بۆتە ڕاستییەکی بەڵگە نەویست، ئەگەرچی هەندێکیان ئەفسانە و خورافاتیش بن.

## چیرۆکەکانی ناو ئەم کورتە ڕۆمانە

بێ گومان ڕۆمان دنیایەکی فراوانە و هەر ئەم فراوانییەشە کە دەتوانرێ جێگای ڕووداو و چیرۆک و سەرگوزشتە و بەسەرهاتی زۆری دیکەی ئەفسانەیی و واقیعی ببێتەوە و بۆیەشە جگە لە دروستی چەندان چیرۆکە ئەفسانە و چیرۆکی واقیعی ناوچەکە، ڕۆماننووس هەندێکیان لە خەیاڵی خۆیدا دروست دەکات و هەندێکی دیکەش ڕووداوی واقیعین و ڕەنگە کەسەکانیش واقیعی بن و بوونیان هەبێت، بەڵام ئەو تێکەڵ دنیای خەیاڵی بەرفراونی ناو ڕۆمانەکەی کردوون و هەندێکیشیان چیرۆک و ڕووداوی ئایینی و میتۆلۆژیا و ئەفسانەی میللەتانی دیکەن، بەڵام ئەو تێکەڵ بەردەوامی گێڕانەوەی دنیای پڕ لە سیحر و ئەندێشە و خۆشی گێڕانەوەی عالّلایان دەکات و دەیانکات بە بەشێک لە گێڕانەوەی چیرۆکبێژی ئاگادار بە هەموو شتێک کە بە جێناوی (من – ئەو – ئەوان) دنیایەک ئەندێشە و ڕاستی تێکەڵ یەکتر دەکات و دەیانکات بە وەسفی شیعر ئامێزی شوێن و ئەم چیرۆکانەش چ ئەوانەی کە ڕووداوی مێژوویی و ئایینی کۆنن و چیش ئەوانەی ئەفسانە و خورافە و میتۆلۆژیا و بیروباوەڕن و هەموویان پێکەوە دەچنە ناو قاڵبی ئەفسانەیەک کە چیرۆکەکەی لەگەڵ چیرۆکەکانی دیکەی ناو ڕۆمانەکە هەموویان دەبن بە چیرۆکە ئەفسانەیەکی دروستکراو، ئەگەرچی تایبەتن بە عالّلا و قەراج و کەندێناوە، بەڵام قەیدی چییە، نووسەر پێمان دەڵێ (عالّلا) پایتەختی هەموو گوندانی دنیایە و بۆیەش بێ گومان پایتەختی هەموو گوندانی کوردستانە و ئەوەی کە لە ناو یۆتۆپیای عالّلاش باسی کراوە بێ شک نووسەر مەبەستی هەموو کوردستانە و لای ئەویش کە لەسەر زمانی

عالّلایەکان تەئکیدی لێ دەکات و لە کەسیشیان قبووڵ نییە گومان بخاتە سەر باوەڕیان و ئەوان دەڵێن «عالّلا هەوەڵین گوندە لە گوندە زۆرەکانی کەندێناوە و قەراجی لەنێو هەموو گوندەکانی دنیایێ، کە بۆ یەکەمین جار لەسەر ئەم زەوییە ئادەمیزاد ئاوەدانی کردۆتەوە» (بەردەژن– ل٦١)

ئینجا لە ناو یەک بەدوای یەکی چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکەدا بەم شێوەیە دەیانخوێنێتەوە:

– چیرۆکی باوکە ئادەم و دایکە حەوا کە بە گوناهی گەنم خواردنێ لە بەهەشت دەردەکرێن و یەکەم ماڵ و ئاوەدانی و ژیان لە عالّلا پێکەوە دەنێن.

– چیرۆکی قابیل و هابیل کە باوکە ئادەم لە حەژمەتیان گەرم دادێ و ئەو بەردەی پشتی تێدەکا پڕ بە پشتی قووڵ دەبێ و وەک شەمێ دەتوێتەوە و بۆ پشت ئێشان دەچنە سەری و ئەگەر دەردی مردنێشی لێ بێت چاک دەبێتەوە.

– چیرۆکی سەگی بەهەشتێ، سەگەکەی سەرگردی بێمرادان.

– چیرۆکی حەزرەتی مووسا کە دەریای شەق کرد.

– چیرۆکی کەشتی نووح پێغەمبەر کە لەسەر چیای بلّباسان دەنیشێتەوە و یەکەم ئاوەدانی لەم ناوچەیە لێ دروست دەبێت.

– چیرۆکی حاجی حەسەن کە بە (حەسەن کەر گەورە) ناسراوە و چوونی بۆ حەج لەگەڵ سەگی حەجێ و ئەم سەرکێشانەی سەگەکە لە ڕێگادا ئەنجامی داون کە چەندان چیرۆکی لێ دروست کردووە و ئەم سەگە لە مردن پاراستوویەتی. لەم چیرۆکانەش (چیرۆکی سێ گورگەکە کە سەگەکە حاجی حەسەن ڕزگار دەکات و ئینجا چیرۆکی گورگی ئادەمیزاد کە سەگەکە حاجی حەسەن لەم چەتەو ڕێگرانە ڕزگار دەکات. هەروەهاش چیرۆکی ئەستێرەناسی سەگەکە کە بە بۆنکرن و سەیر کردنی ئەستێران ڕێگای چوون و هاتنەوەی حەج بە حاجی حەسەن نیشان دەدات و دەبێتە ڕێنیشاندەری.

– چیرۆکی پوورە گوڵچینی مامان کە شاو شاژنی ئەجندان بۆ مامانی شاژن بەدوایدا دەنێرن و لێرەش لە گێڕانەوەی چوون و هاتنەوەی پوورە گوڵچین دەیان چیرۆکی دنیای ئەجندان و پێوەندییان بە مرۆڤەوە دەگێڕێتەوە کە هەموویان چیرۆکی ئەفسانەیی و سیحرین و دنیای ئەجندان نیشان دەدەن و بەتایبەتیش پێوەندییان بە مرۆڤ و ئەو وشەیەش کە پێوەندی نێوان مرۆڤ و ئەجندان ناپچڕێنێ تەنیا وشەی (بسمیللا)یە و هەروەهاش وەسفکردنی گوندی ئەجندان و نیشاندانی هەڵسوکەوتیان و دنیای



شاردراوەیانی و بەتایبەتیش خەڵکی عالّلای کە پێوەندی و جیرانەتیان لەگەڵ گوندی (ئەجندان)دا هەبووە و زۆر کەس لە خەڵکی عالّلای لە شایی ئەجندان هەڵپەڕیون و تێکەڵ نهێنی و دنیای شاردراوەیان بوون و چیرۆکی سەیر و سەمەرەشیان لێ گێڕدراونەتەوە.

– چیرۆکی بەرەکەت پێبەخشینی خودای تەعالا بە ناوچەی عالّلا و کەندێناوە و قەراج.

– چیرۆکی ساڵی گرانییەکەی ناوچەی عالّلا و گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتانەی کە چەندان چیرۆکی دیکەی تراژیدین و ڕۆماننووس دەیانگێڕێتەوە.

– چیرۆکی ئەفسانەیی بەردەژن.

– چیرۆکی بەردەژن و تێکەڵکردنی لەگەڵ چیرۆکی ئەفسانەیی گلگامێش ئەو ژنەی کە لەسەر داخوازی گلگامێشی پاڵەوان (ئەندیکۆ)ی کێوی هەڵخەڵەتاند و ڕامی کرد و ئەندیکۆی لە ژیانی ئاوەدانی هێنایە دەرەوە.

– ئینجا چیرۆکی دۆزینەوەی (گیای نەمری) کە گلگامێش دەیدۆزێتەوە و ماری هەمیشە زیندووش لێی دەدزێت. ئینجا ئەم مارە دەبێتە عاشقی بەردەژن و پێکەوە سەما دەکەن و ژنەکەش زیندوو دەبێتەوە و مارەکەش لە کاتی سەما کردندا دەبێتە کوڕە لاو.

– چیرۆکی بەرەکەت بەرکەوتنی حاجی حەسەن و بارینی ئەم بەرەکەتە بەسەر سامانی سروشتی ناوچەکە.

– چیرۆکی حاجی حەمەدەمینی کوڕە گەورەی حاجی حەسەن و دنیایەک چیرۆک و ڕووداوی وەستایەتی لە شکستدا کە هەر کەسێک بچووبایە لای چاکی دەکردەوە.

– چیرۆکی پلکە مۆتێ، کچە ناوەنجی حاجی حەسەن – ئەو ژنەی کە ماندوو بوونی نەدەزانی و ئاو ڕاوەستابا ئەو ڕانەدەوەستا.

پلکە مۆتێ دەستی بگەیشتبایە هەر مەڕێک و بیدۆشیبا زەکاتی بە مێگەڵ لێ دەکەوت، لەگەڵ چەندان چیرۆکی پڕ لە بەرەکەتی ئەو پلکە (مۆتێ)یە.

– چیرۆکی برایمی کوڕە ناوەنجی حاجی حەسەن – ئەو برایمەی خودا لەو بەرەکەتە بەشی دابوو. ئەو برایمەی لەهەر کوێ کێشەیەک هەبوایە ئەگەر بە چ کەس و حکوومەتێک چارە نەکرابووایە ئەوا ئەو چارەسەری دەکرد.

لەگەڵ چەندان چیرۆکی پڕ بەرەکەتی لەم لایەنەوە.

– چیرۆکی خەلیفە ئەحمەدی کوڕی گچکەی حاجی حەسەن کە بەرەکەتی لە دەست و

شمشێری دابوو لەگەڵ چەندان چیرۆکی لەم بارەیەوە.

– چیرۆکی پڕ بەرەکەتی یەکەیەکەی ناوچە و گوند و شوێنەکانی قەراج و کەندێناوە.

– چیرۆکەکانی تایبەت بە هونەری و وەستایی عالّلاییان لە جوێندان و گێڕانەوەی چەندان چیرۆکی خۆش و نوکتە ئامێز و نیشاندانی زیرەکی عالّلایان لەم بارەوە، بەتایبەتیش چیرۆکی (عەریف سەلیم) و (محەمەد عارەب) و (مام محەمەد فەڕاش) و چەندان چیرۆکی تایبەت بە جوێن و هەمووشیان چەندان چیرۆکی دیکەیان خستۆتە ناو کورتە ڕۆمانەکەوە.

– چیرۆکی (ئەحمەدی ئاوێ) و بەسەرهاتەکانی لەگەڵ ئینگلیزەکاندا لە کاتی گەڕانیان بەدوای بیرە نەوتەکانی ناوچەی عالّلا و کەندێناوە و قەراجی، بەتایبەتی چیرۆکی ماری عاشقە ژنەکە کە چۆن (ڤێری) ئینگلیز دەبێت و کاتی دەشڕۆن ڤێری بانگی مارەکە دەکات و بەنەرمی دەخشێتە سەر جێبەکە و پێیان وایە دەڕوات، بەڵام کە شەو ڕادەکشێ دەبینن دووبارە خۆی خزاندۆتە باوەشی کچە جوانێکی عالّلایی.

– چیرۆکی خدری زیندە و ئاوی حەیاتێ کە ئەمە میتۆلۆژیایەکی کوردییە.

– چیرۆکی شەڕ و هەڕەشەی پاشاکان لە عالّلای کە نیشاندانی دیمەنە ترسناکەکانی ئەنفالە و سڕینەوەی پێناسەی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردە و لەم بارەشەوە خەڵکی ئەم ناوچانەی کوردستان قوربانی زۆریان داوە و ڕۆماننووس لەم تراژیدیانەدا چەندان چیرۆکی کاولکاری و بەرگریمان نیشان دەدات بەتایبەتی کە تێکەڵ ئەفسانەیان دەکات و هەردوو پاڵەوانی سەرەکی کورتە ڕۆمانەکە کە مارە نەمرەکە و سەگەکەی بەهەشتن داکۆکی دەکەن، کەچی بێ سوود پەستەکە بە نەفەری پڕەوە پشت لە عالّلا دەکات و بەرەو هەولێر کۆچ دەکەن و سەگەکەش تا هەنووکە لەسەر گردی بێمرادان چەقیوەو نابزوێ و چاوی بڕیوەتە ئەو پەستەی کە لەسەر هەورازی دۆمبەلانان چەقیوە.

لە نیشاندانی ئەم دیمەنە تراژیدی ئامێزانە کاولکاری و ئەنفالی گوند و خەڵکی ناوچەکانی کەندێناوە و قەراج و عالّلا کە خەڵکەکەی لەبەر دەوڵەمەندی ناوچەکە و نزیکییان لە هێڵی نزیکی هێڵە ئاگرینەکانی شان بەشانی خەڵکی گەرمیان و خۆشناوەتی بادینان و ناوچەکانی قەرەداخ و شوێنەکانی دیکەی کوردستان قوربانی زۆریان داوە. ڕۆماننووسیش لەم کورتە ڕۆمانەدا ئەم دیمەنانە وەک خۆی دەگێڕێتەوە و دەیانکات بە تابلۆی تراژیدی و دیمەنەکان واقیعی و ئەفسانەیی وەک وێنەی سینەمایی سەرنجڕاکێش



دەخاتە ناو ئەفسانەی بەردەژن و زیاتر سەرنجی خوێنەر ڕادەکێشن و خەڵکەکەشی بە ناچاری ئەم بەهەشتە بەجێدێڵن و کۆچ دەکەن، ئەو خاکەی پێغەمبەران ئاوەدانیان کردۆتەوە و یەکەم ئاوەدانی و یەکەم ئاگری لێ کراوەتەوە و یەکەم جار باوکە ئادەم و دایکە حەوا گەرای مرۆڤایەتییان لێ داناوە، کەچی لە بەرامبەر چەکە کۆکوژەکان و جەبەڕووتی داگیرکەران بەسووتاوی و تێکدراوی بەجێ دەهێڵرێن.

ئەمانە و چەندان چیرۆکی دیکەی ناو ئەم کورتە ڕۆمانە، بەڵام ئێمە ئەوانەی زۆر دیار و لەبەر چاون باسمان کردن ئەگینا سەرتاپای ئەم کورتە ڕۆمانە ئەفسووناوییە تەژییە لە هەقایەت و چیرۆک و ئەفسانە و سەربردە و ڕووداو و دیمەنی چیرۆکئامێز و وەسفی مێژوو و جوگرافیای ناوچەی عالّلا و تەواوی ناوچەکانی کەندێناوە و قەراج، بەتایبەتی ئەم ناوچەیە بە چیرۆک و ڕووداو و ئەفسانە و خورافات و هەقایەت و سەربردە و فۆلکلۆری حەیران و مەتەڵ و پەند و داستانی زۆری قارەمانێتی و دڵداری و کۆمەڵایەتی لێ تۆمار کراوە و دەگێڕدرێتەوە، وەک چۆن خاکەکەی لە بەرهەمی سروشت دەوڵەمەندە و ڕۆماننووس ناوی ناوە وڵاتی زێڕ لە چیرۆک و داستان و هەقایەتیشدا دەوڵەمەندە، بۆیە ڕۆماننووس و نووسەری ناوداریشی لێ هەڵکەوتووە و توانیویانە سامانی ئەدەبی ئەم ناوچەیە بخەنە ناو داڕشتنی ڕۆمان و چیرۆکەکانیان، بەتایبەتی ڕۆماننووس (عەزیزی مەلای ڕەش) کە سەرجەم ڕۆمانەکانی تۆماری ئەم ناوچەیەن و توانیویەتی بەهۆی ئەم ڕۆمانانەوە خۆشەویستی و دەوڵەمەندی و خەباتی ئەم ناوچەیە بخاتە ناو بەرهەمی ئەدەبی و تۆماری خۆی بکات و دەیان ڕۆمانی بەناوبانگ بخاتە ناو کتێبخانەی کوردی.

هەروەها (خالید جووتیار)ی نووسەریش دوای ئەوەی فۆلکلۆری ئەم ناوچەیەی کۆکردۆتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردووە و لە جوگرافیای حەیران دواوە، بەتایبەتی چەندان دەقی هەقایەتی کۆکردۆتەوە و لێکۆڵینەوەی لەسەر کردوون و لە ڕۆمانی (سەمای ئەجندان)یشدا توانیویەتی بەشێوەیەکی ئەفسانەیی و سیحر ئامێز لە چیرۆکەکانی ئەم ناوچەیەدا ڕۆمانێکی سەرنجڕاکێش بنووسێ.

مەولوود ئیبراهیم حەسەن – یش بەم کورتە ڕۆمانەی هەوڵێکی دیکەی جوان و جیاوازی خستە سەر خەرمانی ئەو دوو زاتە لە بواری ڕۆمان و چیرۆکدا، هیوادارین کەسانی دیکەیش پەیدابن و تۆماری خۆیان بکەن و چیرۆک و ئەفسانەکانی ئەم ناوچە دەوڵەمەندە نەفەوتێ و خشتی دیکەیش بخرێتە سەر ڕۆمان و چیرۆکی کوردی.

## کات و شوێن لە بەردەژن-دا

کات و شوێن لەم ڕۆمانەدا پانتایەکی زۆر و بەرفراوان داگیر دەکەن و فەزای ڕۆمانەکە بەرفراوانتر دەکەن، بەتایبەتیش بایەخدانی ڕۆماننووس بە شوێن کە گوندی عالّلا و ناوچەی کەندێناوە و قەراجە و سەرجەم دەوروبەر و ناوەندی ئەم ناوچەیەش یەکەیەکە گوند و جێگاکانی دیکە بوونەتە بەشێک لە شوێنە دەستنیشانکراو و وەسفکردنی ناو ڕۆمانەکە.

بێ گومان شوێنیش پیرۆزی خۆی هەیە و بەشێکە لە پێناسەی نەتەوەیی و نیشتمانی و تایبەتمەندی خۆی نیشان دەدات، پیرۆزی ئەم خاکە بە ڕوونی لەم ڕۆمانەدا دیاری کراوە وەک ڕۆماننووس دەڵێ «ئەو خەڵکە، ئەو خەڵکەی کە پیرۆزی خۆیان... پیرۆزی وڵاتی خۆیان لەکن پیرۆزی هەموو وڵاتان پیرۆزترە! ئەو خەڵکەی کە جوانی وڵاتی خۆیان، لەکن لە جوانی هەموو جوانان جوانترە! ئەو خەڵکەی کە کۆنی وڵاتی خۆیان، لەکن لە هەموو کۆنان کۆنترە! ئەو خەڵکەی کە وڵاتی خۆیان لەکن یەک پارچە بەهەشتە... تاد» (بەردە ژن- ل٣٤).

دیارە لای عالّلایەکان ئەو خاکە ئەوەندە پیرۆزە، بۆیە ڕۆماننووس لەسەر زاری ئەوان دەڵێ «ئەوان دەڵێن: ئەو خاکە هێندە پیرۆزە خودا بەشێکی زۆری بەرەکەتی خۆی لەو شوێنە داناوە...تاد» (بەردە ژن- ل٣٥).

ئینجا ڕۆماننووس وەک جوگرافیاناس و شارەزای ناوچەکە یەکەیەکە ئەم شوێنانە کە گوند و چیا و کانی و دارو درەخت و ئەشکەوت و ڕووبار و زێ و دارستان و زوورگ و کێڵگە و ئاقار و سەر زەوی و ژێر زەوی ئەم ناوچەیەن، وەک ئەم شوێنانە! کەندێناوە و قەراج و عالّلا، چیای بلّباسان، ئەشکەوتی پەرییان، گوندی چەڵتوک، گردی بێمرادان، ڕێگای هەولێر، چیای بێخێر، گەرووی ئەجندان،ماڵی شای ئەجندان، گوندی ئەجندان، هەورازی دۆمبەلّانان، گردی دۆمبەلّانان، کانی دەرماناوە، لووتکەی چیای بلّباس کە خەڵکی کەندێناوە و قەراج پێی دەڵێن (بێژینگ بەسەر)، (کلکەی دارە بزماران) کە شوێنی پیاو چاکێکی ئایینییە بۆ مراز دەچنە سەری و بزمار و ناڵی لێ دەکوتن لەسەر بێژینگ بەسەرەوە تەماشای بکەی دیارە، گوندی (گڕاو)ێ، گوندی (کەلەشخان)ی، زوورگی (زوورگە زراو)،گۆمی ڕەز، گردی حەمەد هەولێری، (بیری حاجی ڕەحمان)، جۆخینی گەردیان، کەنداڵ قەل مەرکەزی ناحیەی دیبەگە، گوندی چەغەمیرە، سەکۆی



مزگەوتی گوندی عالّلا، لەنێو گوند، لەنێو حەوش و ماڵەکان، لەنێو کۆڵان، گەڕەکی گەردییان، ماڵی پەڕگەی، ماڵی تەنیشت گردی، ماڵی حاجی حەسەنی، گوندی دارە خورما، گۆمی ڕەزی ماڵی حوسێنە گەورە، نزیک باخچەی حەمە بۆر، گوندی بازاڕگە، گوندی (قەپلان)ی ...تاد.

لەگەڵ چەندان شوێنی دیکە کە بە زۆری شوێنەکان کراوەو بەرفراوانن و داخراونین، لەم ڕۆمانەشدا بایەخی شوێن و وەسفکردنی و ناسینەوەی و باسکردنی و گێڕانەوەی چیرۆکەکان لەسەر تەواوی خاک و شوێنە جیاجیاکانی ناوچەکانی قەراج و کەندێناوە و دەوروبەری و بەتایبەتیش شوێنی گوندی (عالّلا) تەواو سەنتەر و بایەخی تەواوی بەرکەوتووە سەربردە و ئەفسانە و چیرۆکەکانی هەر لە دروستکردنی دنیاوە بە بایەخەوە لە ناو گێڕانەوەی چیرۆک و ڕووداوە یەک بە دوای یەکەکانی ڕۆماننووسدا خوێنەر دەخەنە بەردەم شاشەیەکی سینەما و پێیانەوە ئاشنا دەکرێن و تا دەگاتە سەردەمی کاولکردن و سووتان و دەربەدەری و سەرجەم شوێن و ناوچەکانی دیکەش تەواوکەری ئەم پانۆرامانەن کە ڕۆماننووس پێ بە پێ تەواوی ئەم ناوچە سیحر ئامێزەمان بۆ وێنە دەکێشێ و لە ناو سیحری زمان و ئەفسانەدا ئەوەندەی تر دیمەنەکانمان لەبەرچاو جوانتر دەکات، ئەفسانەی بەردەژن دەکاتە کورتترین ماوە بۆ گەڕانی بەردەوامان بەناو کون و کەلەبەرەکانی ئەم ڕۆمانە بە سواری شەمەندەفەری ئەم زەمانە شیعرییە پڕ لە تەداعی لەفزی جوانە و وازیشمان لێ ناهێنێ تا ئیقناعمان دەکات دان بە چیرۆک و ئەفسانە و دەوڵەمەندی خاک و ئەدەبی عالّلا بێنین و وەک ئەو کە لە پێشەکی و ناونیشانی دووەمی ڕۆمانەکەدا داوامان لێ دەکات، ئێمەش بەخۆشییەوە وەک سەردانێکی بەچێژ و خۆش سواری ئەو پەستە دەکات و کە لەسەر هەورازی دۆمبەلّانان چەقیوە، بەڵام ئەمجارە بە هەولّی هەموو لایەک ڕووی لە عالّلا دەکەینەوە و پشتی لە هەولێر و هەموومان دەڵێین «وەرن با بچینەوە عالّلای!» لەم ڕۆمانەدا زۆر دوور و درێژە و هەر لە دروستبوونی دنیاوە دەست پێدەکات کە باوکە ئادەم و دایکە حەوا لە بەهەشت دەردەکرێن و لەسەر چیای بلّباسان خۆیان دەبیننەوە و یەکەم گەرای مرۆڤایەتی لێ دادەنێن، وەک ڕۆماننووس دەڵێ «کۆنی ئەو چیای بلّباسان، کۆنی ئەو هەوەڵێن ماڵە، هەر بەتەنیا لەنێو خەیاڵ و چیرۆکی کۆنی ئەو چیای بلّباسان، کۆنی ئەو هەوەڵێن ماڵە، هەر بەتەنیا لەنێو خەیاڵ و چیرۆکی کۆنی خەڵکی کەندێناوە و قەراجیدایە، بەتایبەت خەڵکی گوندی عالّلای، ئەوان کۆنی چیای خۆیان لە هەموو کۆنێکی ئەو دنیایە بە کۆنتر دەزانن..» (بەردە ژن- ل١٤).

یان کە دەڵێ «یەکەمین ئاگر کە مرۆڤ دۆزیبێتیەوە، لەم چیای بلّباسانەوە دۆزراوەتەوە». (بەردە ژن- ل١٤) چیرۆکەکە لە دروستکردنی دنیاوە دەست پێدەکات و لەسەردەمی کاولکردن و سووتاندنی گوندی عالّلا و ناوچەی کەندێناوە و قەراج کۆتایی پێ دێت، کە دەکاتە کاتێکی زۆر بەرفراوان، بەڵام لە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکانی ڕۆمانەکەدا کاتی دیکە دەستنیشان کراون وەک:

- (پاش سالّێک و چوار مانگ، پاش سەفەری دوور و درێژی حەج کە حاجی حەسەن دەگەڕێتەوە).

- (هەر سەد سالّ جارێک بەشەو، شەوی مانگەشەو ماری عاشق دێت لەبەردەمی پەیکەری بەردە ژن دەست دەکات بەسەما).

- (بەهار و زستانی کەندێناوە و قەراجی).

یان دەستنیشان نەکردنی کاتێک کە ماوەکەی دیاری نەکراوە، ئەمەش لە هەقایەتی کوردیدا هەیە وەک دەڵێ «ئێستا لەوێ ڕۆژێوە، سەگی بەوەفا لەسەر گردی بێمرادان، گەورە وەک گردی بێمرادان، چەقیوە.. چەقیوە و نابزوێ..تاد». (بەردە ژن- ل١٣).

لە ناو ڕۆمانەکەدا لە زۆر جێگادا لەکاتی گێڕانەوەی یەک بە دوای یەکی چیرۆکەکانی ناو ڕۆمانەکە کە کاتی دیکەی وەک شەو و ڕۆژ بە ڕوونی لەم ڕۆمانەدا دەستنیشان کراون، بەڵام ئەوەی کە لەم ڕۆمانەدا گرنگە باسی بکرێ کاتی درێژ و بەرفراوانی هەر لە دروستبوونی دنیایە کە لە چیای بلّباسان ئادەم و حەوا دروستی دەکەن دەست پێ دەکات تا سەردەمی کاولکردن و سووتانی عالّلا و ناوچەی کەندێناوە و قەراج و گوند و شوێنەکانی دەوروبەریەتی کە ئەمەش کاتێکی بەرفراوانە و ئازایەتی دەوێ کە ڕۆماننووس توانیویەتی لەم کورتە ڕۆمانەدا چڕی بکاتەوە و هەردووکیشیان، شوێن و کات پێکەوە لەم ڕۆمانەدا بایەخی خۆیان پێدراوە و وەک ناسنامەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانی تۆماری ئەفسانەیی شوێنی عالّلا و چیرۆکی بەردە ژن دەخەنە بەردەم نووسینی دەقی ئەم کورتە ڕۆمانە کە لای من لە ڕۆمانی ئاسایی ناچێ، بەڵکو ڕۆمانێکە تایبەت بە شوێن و دیمەنەکانیش زیاتر دیمەنی وەسفی و زەینین بەتایبەتیش دیمەنەکانی بەرایی ڕۆمانەکە، ئەگەرچی ڕۆماننووس لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا تێکەڵ بە دنیای واقیعمان دەکات، بەڵام دەتوانم بڵێم ئەمە ئەفسانە ڕۆمانێکە کە مەولوود ئیبراهیم حەسەن خۆی دروستی کردووە، ئەگەرچی هەندێک ئەفسانەو میتۆلۆژیاشی لە ئەدەبی میللەتاندا وەرگرتووە و تێکەڵ بە



کەرەستە کوردییەکانی خۆمانی کردووە، بەڵام ئەوانیش بەرگێکی کوردی بەبەردا کردوون و دەستی خۆشبێ.. تاقیکردنەوەیەکی نوێ و جوانی خستۆتە ناو ڕۆمان و چیرۆکی کوردی و پێمان دەڵێ ڕۆماننووسین هەر ڕووداو و گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانی شاکەس نییە وەک ڕۆمانی ئاسایی جاران، بەڵکو ڕۆمانی ئێستا هەموو شتێکە و تێکەڵ دەکرێت و دەکرێ بە دەقێکی دیکەی نوێ و سوودیش لە هەموو ژانرەکانی دیکە دەبینرێ. گرنگ ئەوەیە بۆ خۆی ئەفسانەیەکی دروست کردووە و ناوی ناوە (بەردە ژن!!).

تێبینی: ئەم کورتە ڕۆمانە بە قەوارەی مامناوەندی (١١٦) لاپەڕە و بە چاپێکی جوان لەسەر ئەرکی ڕۆماننووس چاپ کراوە، لەسەر بەرگەکەشی نووسراوە کورتە ڕۆمان، کە لە هەولێر چاپی یەکەمی ساڵی (٢٠٠١) چاپ کراوە، بەبێ ناوی چاپخانە، لەگەڵ پێشەکی و پەراوێز و پێشکەشکردنی ڕۆمانەکە لە بەرگی دواییدا.

# پێرست


چەند سەرنجێک دەربارەی ڕۆمانی کوردی ..... 5

ڕۆمانی کوردی و پرسیاری دامەزراندن ..... 7

ڕۆمانی کوردی و تایبەتمەندییەکانی ..... 15

ڕۆمانی کوردی و ڕەوتەکانی ڕۆمانی دنیا ..... 19

ڕۆمانی کوردی و یەکەم تۆمارەکان ..... 22

نۆڤلێت لە ئەدەبی کوردیدا ..... 26

ڕۆمانی کوردی ... زمان ... شوناس ..... 41

ڕۆمان و ژیاننامە.. چەند نموونەیەک لە ئەدەبی کوردیدا ..... 48

مەسەلەی ویژدان و پرسیارێک لەبارەی ڕۆمانی کوردییەوە ..... 66

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی ئاگری بن کا ..... 72

تەکنیک لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی محەمەد مەولوود مەم دا ..... 77

مەزراندنی فۆلکلۆر لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی مەم دا ..... 87

ڕۆمانی شار لە شاری ڕەخنەدا ..... 103

میتا ڕۆمان لە ئەدەبی کوردیدا (کاولاش)ی عەبدوڵڵا سەڕاج وەک نموونە ..... 121

باڵندەکانی دەم با و هونەری میتا ڕۆمان ..... 139

مێژوو وەک هونەر لە مەرگی تاقانەی دووەمدا ..... 156

ئامادەیی مێژوو لە ڕۆمانی گەڕیان ل بابێ بەرزە ..... 165

خوێندنەوەیەک بۆ پێدەشتی کارامزە کوژراوەکان ..... 176

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی چناری شیر ..... 186

کتێبێک حیکایەتەکانی بۆ دنیا دەگێڕێتەوە ..... 162

تارمایەکانی وڵاتێکی ئەفسانەیی ..... 208

گەمە هونەرییەکانی ڕۆمانی تاریکستانی لم ..... 213

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی میتامۆرفۆس ..... 229

سەعید زەبۆکی لای خۆمان و نموونەی ڕۆمانی تەنز ..... 237

ڕۆمانێک سەفەری مردووان دەنووسێتەوە ..... 240





خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی کەوتنە خوارەوەی گورگێک ..... 249

خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی ڕێبەندان ..... 269

فەلسەفەی مردن لە ڕۆمانی مۆسیقای مەرگی ناوەختەدا ..... 274

تەکنیک لە پایزە خەون دا ..... 280

خوێندنەوەیەک بۆ کورتە ڕۆمانی عەلەبەستێ ..... 286

کرمانج لە کێشمەکێشی کۆمەڵایەتیدا ..... 291

تەکنیک لە نۆڤلێتی کەمتیار دا ..... 299

خوێندنەوەیەک بۆ کورتە ڕۆمانی گوڵستان و شەڤ ..... 305

خوێندنەوەیەک بۆ کورتە ڕۆمانی بەردە ژن ..... 311